نوسینی: پەرویز

# کازیوەی خومار



رۆمان

وەرگێرانی: سەیرانی رەحیمی



ئەم کتێبە لەچاپی (سی و چوارەم)ی دەقەفارسییەکەوە وەرگێردراوە

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

فەتانە حاجی سەسد جەواد، ١٣٢٤-
کازیوەی خومار، رۆمان/ فەتانە حاجی سەسد جەواد( پەروین)، وەرگێڕانی: سەیرانی رەحیمی،
کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٧
ناوی کتێب: کازیوەی خومار
زنجیرە (٩٧)ی بلاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی رێنما.
ژمارەی سپاردن:(          )ی ساڵی ٢٠٠٧ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

**پرۆژەی ١٠٠ رۆمان**

**زنجیرە ١٢**

**کازیوەی خومار**

**لەبڵاوکـــراوەکـــانی خـــانەی چاپ و پـــەخشی رێنـــما**

چاپی یەکەم، وەرگێڕانی کوردی، سەرپەرشتیاری چاپ: سەلاحەدین بایەزیدی،
دیزاین و بەرگ: فوئاد کەولۆسی.
شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج، بەهاری٢٠٠٧
تیراژ: ١٠٠٠دانە
ژ. مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣ ـ ٠٧٧٠١١٩١٨٤٧

Scanned by CamScanner

## پێشکەشە :-

بە هاوسەرەکەم، لەبەر هاندانەکان، ڕێنموونییەکان و پشتیوانیە دڵسۆزەکانی و بەیادی باوکی تێگەیشتوو بلیمەتم.

فەتانەی حاجی سەید جەوادی

(پەروین)

Scanned by CamScanner

## ((مەگەر لەسەر مەیتەکەم تیپەڕبی))

((ئاوا قسە مەکە دایە، زۆر ئاساییە، لەئێوە ئاوەشێتەوە شتی وا بڵێن، ئێوە کە دەزانن من بڕیاری خۆمم داوەو دەبمە هاوسەری)).

((باوکت ئاڕازییە"سودابە". زۆریش لەدەستت تووڕەیە)).

((ئاخر بۆچی؟ من تێناگەم، زۆر سەیرە! کچێکی خوێندەواری وەك منو بەو تەمەنەوە هێشتا ناتوانێ بۆ ژیانی خۆی بڕیاردەر بێ؟ نابێ خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێ؟)).

((بۆچی، دەتوانی، کچێکی خوێندەواری ئەمڕۆیی دەتوانێ خۆی هاوسەری هەڵبژێرێ. دەبێ خۆی هەڵیبژێرێ، بەڵام نابێ لەگەڵ کوڕێك زەماوەند بکات کە زۆر بەسانایی دەستی لەزانکۆ کێشاوەتەوەو شوێن کاری باوکی دەکەوێ، ناکرێت ببیتە خێزانی کوڕی پیاوێك کە بەو هەموو سەروەتو سامانەوەیەوە دەتوانێ کوڕەکەی بنێرێتە باشترین زانکۆکان، بەکوڕەکەی دەڵێ وەرە لەگەڵ خۆم کاربکە، پولو پارە لە گەچ و چیمەنتۆدایە، نابێ ببیتە خێزانی پیاوێك کە باوکی تەنانەت نازانێ ناوی خۆیشی بنوسێ، لەژیاندا تەنیا چاوو برۆ مەرج نییە، باوکی تۆ شەوانە هەتا یەك دوو کاتژمێر کتێب نەخوێنێتەوە خەوی لێناکەوێت، تۆ چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا بژیت؟ لەگەڵ کوڕێك کە تەنیا هونەری دایکی ئەوەیە باسی ئەمو ئەو بکات، گەورەترین خۆشی ژیانی ئەوەیە کە خۆی لەکاروباری ئەمو ئەو هەڵقورتێنێو دەست لەکاری خەڵکی وەربدات،، تۆ ناتوانی لەگەڵ ئەوانەدا بژیت، تۆ وەکو کوڕەکەی ئەوان گەورە نەبووی، تۆ......)).

سودابە لەجێگەکەی خۆی هەستا..

Scanned by CamScanner

((دایکە من کارم بە دایك و باوکییەوە چییە؟)).

((لەمەڵەدای، دەبێ کارت پێی بێ، ئەم کوڕە ئەو دایکە پەروەردەی کردووە.

لەسەر سفرەی ئەو پیاوە نانی خواردووە، بەقەد دووری ئەرزوو ئاسمان کلتوریان لەگەڵ کلتوری ئێمەدا جیاوازە.

سودابە دەستەکانی بەپشتی کورسیەکەوە گرت و بۆ پێشەوە نوشتایەوە.

واتە تەنیا هەر ئێمە باشین؟ ئێمە ڕەسەنایەتیمان هەیە؟ کلتورمان هەیە، ئەوان نیانە؟ ئێمە لەگەڵ ئەوان زۆر جیاوازین؟)).

((نا بەمەڵەدامەچۆ، ئەوان لەجێی خۆیاندا زۆر باشن. نە ئەوان خراپن و نە ئێمە باشین، بەڵام بابەتەکە ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ یەك جیاوازیمان زۆرە. بیرو بۆچوونی ئێمە، شێوەی ژیانی ئێمە، جۆری بارهێنانی ئێمە، زەوقەکان و دابونەریتی ئێمە زۆر جیاوازیان پێکەوە هەیە. من ناڵێم کێ باشەو کێ خراپ، تەنیا دەڵێم ئەو دوو بنەماڵەیە جیاوازیان لەگەڵ یەك زۆرە)).

((کەوایە من نابێ ئەویندار بم. نابێت هەڵبژێرم. بەڵێ، من مافی هەڵبژاردنم نییە. دەبێ دانیشم هەتا کوڕی فلان پادشاو نەوەی قیسار پادشا بێتە خوازبێنیم؟ دەبێ...)).

((نا، سودابە. وا مەڵێ. ئێمە ناڵێین هەڵمەبژێرە. تەنیا دەڵێین چاوت بکەرەوە. فریوی ڕواڵەت و جل و بەرگ مەخۆ، هەڵبژێرە بەڵام بە چاوی کراوەوە. بەچاوی بەستراوەوە بڕیارمەدە، تەنیا ئێستات لەبەرچاو نەبێت. لەکەری شەیتان وەرە خوارەوە. خۆت چارەڕەش مەکە. لەگەڵ خۆتدا درۆمەکە، ئێمە لەخودامان دەوێت تۆ شووبکەیت، چی لەوە باشترە کە خۆت هەڵیبژێری و خۆشتبوێ، بەڵام نامانەوێت چارەڕەشیت ببینین. هەر بەم هۆیەوە هیچ کات بەو شووکردنەت ڕازی نین و ڕازیش نابین)).

سودابە چاوی لەبنمیچەکە هەڵگرت و ڕووی لەدایکی کرد، گوێ شلکە دایە، ئەم قسانە فڕێدە، ئەم بیرانە بخەرە لاوە، من وتم کە کچێکی خوێندەواری سەردەمم، ئێوەش تەواوی جیهان گەڕاون، دەبێ بزانن ئیتر ناکرێ کچەکان بە

Scanned by CamScanner

هەرەشەو گورەشەو مشتو پێلاقە بە شوو بدەن. من لەو کچانەی سەدەیەك لەوەپێش نیم، کە بە چرنوق گرتن بەڵێیان دەوت، ئەو دەورانە بەسەرچوو، باشییەکەی لەوەدایە کە باوکیشم ئیدیعای رۆشنبیری دەکات. دایکی بەشێوەیەکی ئازاراوی وتی: ((نا، سودابەخانم، ئەو دەورانە هیچ کات تێناپەڕێت، تا کاتێك کە کچانو کوڕان ئەویندارى مرۆڤە نەگوجاوەکان بن، ئەم بابەتە بەردەوام لەنێوان دایکانو باوکانو کوڕو کچەکاندا هەبووەو، هەیەو، دەشبێ. هەتا کاتێ کە باوکانو دایکان چاڵێ لەسەر رێگای منداڵەکانیان دەبینن‌و ناتوانن چاوی منداڵەکانیان بکەنەوەو وەکو برێشکە سەروخواردەکەن...)).

سودابە قسەکانی دایکی دەبڕێت..

((وە دەیانەوێ بەزۆرەملێ بیاندەن بە مرۆڤە لارو گێرەکانو ناودارەکان یان قەیرە کچی فلان کەسی ناوداریان لەمل توندکەن. بەڵام نا، دایە، من ناچمە ژێر باری قسەی زۆر. ئاخر بۆچی تێناگەن، ئەمە ژیانی منە، دەمەوێت بە ئارەزووی خۆم دروستی بکەم، خۆ زەمانی زوو نییە؟))

رووناکییەك لەزەینی کچە جوانەکە درەوشایەوەو بەچاوانی پێکەنین‌و بەڕووالەتێکی سەربەرزانە زیادی کرد: تازە لەزەمانی زوودا زۆرێك لەکچەکان بوێری خۆیان نیشاندەدا، نەدەچوونە ژێر قسەی زۆرەوە، خۆیان ژیانی خۆیان دروست دەکرد.

هەر چاو لەپورێ گیان بکەن، مەگەر لەبەرچاوتان نییە؟

مەگەر لەگەڵ ئەو پیاوەی خۆشی دەویست زەماوەندی نەکرد؟ ها؟ نەکرا؟

چاوانی دایکی بۆ ساتێك لەتووڕەییو ناڕەحەتی گەورەبوونەوە، سەیرێکی کچەی کرد، کچە جوانەکە بە چاوانی رەش‌و قژی پڕو لوتی یۆنانی‌و لێوی جوان‌و پێستی زەیتوونی، سەرسەختانەو بوێرانە چاوی لەچاوی دایکی بڕیبوو. جوانییەکەی زۆرتر دڵی دایکی دەهەژاند. کچەکەی، کچە جوان‌و خوێندەوارەکەی کە رۆشنبیرو هونەرمەندیش بوو، کە ئەسڵ‌و نەسەبێکی باشی

Scanned by CamScanner

هەبوو، ئەویندارى تاقە كوڕى بنەماڵەیەك بوو كە لەناكاو سامانێكیان پێكەوە نابوو. دایكو باوكى داماوى سودابە تەنانەت نەیاندەوێرا سەبارەت بە ڕابردووى ئەم بنەماڵەیە زانیارییەك بەدەست بهێنن، زۆر باش دەیانزانى داهاتوویەكى باشو ئابڕوودار لەچاوەڕوانیاندا نییەو باشتروایە كە بێدەنگى لێبكەن. دایكى ئاواتى ئەوەبوو كە ئەم كوڕە لەبنەماڵەیەكى دەست كورت بووایە بەڵام بۆچوونێكى باشى هەبووایە. بنەماڵەیەكى بچكۆلەو بەڕێزو خۆش ناو، بەو جۆرە هەلومەرجەكە جیاواز دەبوو، بەڵام بە داخەوە وا نەبوو، بەداخەوە ئەم قسانە نەدەچووە مێشكى ئەم كچە جوانەوە، نەدەچووە مێشكى ئەم بەرهەمە جوانەی ژیانەوە، ئەم بەنازپەروەردەیە پەشێویى نەدیوە، بەراستى ئەم كچە چەندە لەپوورى دەچوو، نەك تەنیا شكڵو شێوەی، بەڵكو تەواوى تایبەتمەندیو هەڵسوكەوتیشى. هەر دەڵێی پوورى گەنج بۆتەوە.

دایكى بێدەنگییەكەی شكاندو كەوتەوە قسەكردن، دەنگى حەزینو هێمن بوو، دامابوو، هیچى پێنەدەكرا، بە ئارامییەكەوە پرسى: هەر پوورێ گیانى خۆمانت مەبەستە؟))

كچە بە فیزێكەوە لاسایى كردەوەو وتى:

((بەڵێ، هەر پوورێ گیانى خۆمانم مەبەستە)).

((ئێستا ئەو بەختەوەرە؟ زۆر عاقیبەت خێرە؟))

كچە بە تووڕەیىو گڕوتینێكەوە وەڵامى داوە:

بەڵێ، بەڵێ، بەختەوەرە. بەختەوەرتریش دەبوو، هەڵبەت ئەگەر بابەگەورە، باوكى ناودارو بەڕێزى ژیانى لێ تاڵنەدەكردن، ئەگەر پشتى تێنەدەكردنو دوورى لێ نەدەگرتن.

دایكى كەمێك وەستاو پێكەنینێكى تاڵى كرد.

((سەیركە سودابە وەرە با پێكەوە قەرارێك دابنێین.

باوكت داوای لێكردم كە پێت بڵێم بیر لەو كوڕە نەكەیتەوەو لەمێشكى خۆتا بیسڕیتەوە، لەبیرى بكەی، ئیتر هەر قسەی لێوە نەكەی، بەڵام من قەرارێكى ترت

Scanned by CamScanner

لەگەڵ دادەنێم، مەگەر تۆ ناڵێی کە پوورت لەزەمانی زوودا ئەویندار بووە؟ مەگەر ناڵێی هەموو سنوورەکانی شکاندووە؟ مەگەر ناڵێی پووریّ وایکردو وایکرد؟ پێشت وایە ئەو کارەی بایەخی هەبوو؟ مەگەر لەسەر ئەو بڕوایە نیت کە کارێکی باشی کردووەو پێداگری کردووەو ئەو شتەی کە ویستوویەتی پێی گەیشتووە؟)).

((بۆچی؟ هەر ئەوە دەڵێمو باوەڕیشم پێی هەیە)).

((زۆرباشە با پێکەوە مەرجێك دابنێین، هەرچی پووریّ گیان وتی با هەر ئەوەبێ، ئەگەر وتی ببە بەخێزانی ئەو کوڕە ببە، ئەگەر نەشی وت تۆش مەیکە، بەو جۆرە رازی دەبی؟)).

((سودابە کەمێك وەستاو کەوتە فکرەوە بۆ ساتێك سەری بەرزکردەوەو بە دوودڵییەکەوە سەیری دایکی کرد، دیسانەوە بیری کردەوەو وتی: بەو مەرجەی کە تۆ قسەی بۆ نەکەی)).

((مەبەستت چییە؟ تێناگەم؟))

((واتە فێری نەکەی کە بەپێچەوانەی حەزی خۆی قسە بکاتو بڵێ کە شوی پیّ نەکەم)).

دایکی پێکەنی ((باشییەکەی لەوەدایە کە پوریّ گیانت دەناسی. وەکو خۆت وایە. منیش قسەی بۆ بکەم دیسانەوە کاری خۆی دەکا. هەر کارێك کە پێی خۆشبێو بەباشی بزانێ دەیکا، بەڵام منیش بەڵێن دەدەم، بەو شەرتەی کە تۆش قەزاوەتی ئەوت قەبوڵبێو گوێ بە قسەکانی بدەی، دواتر ئازادی. بە قسەی خۆت ئەوە ژیانی تۆیە، ئەگەر حەزدەکەی خۆت بخەیتە ئاگرەوە فەرموو)).

دایکی هەستا تا لەژوورەکە بچێتە دەرەوە، کچەکە بە جۆرێکی حەزینو تووڕەوە وەك کچێك کە ئازیزی بنەماڵەکەیبێ پرسی: ((دایکە، دیسانەوە زیزبوویت؟! هەر جارێك کە ویستمان وەکو دوو کەسی خوێندەوارو تێگەیشتوو لەم بارەیەوە قسە بکەین تۆ دەبێ بتۆرێی؟))

((نەتۆراوم سودابە، دەچم پوریّ گیان دێنم)).

Scanned by CamScanner

خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ
سودابە لیوەکانی دەگەست، لەسەر کورسییەکە دانیشت و
پووری گیان ئامادەکرد. هەتاوی دەمەو ئێوارەی زستان، لەپشت پەردە
تۆڕەکەوە کەوتبووە سەر فەرشە رەنگاڵەی ژوورەکەیان.
کتێبی "حافز"ی باوکی لەسەر مێزەکە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو. تابلۆی
وێنەکان کە بەدیواری ژوورەکەوە هەڵواسرا بوون هەموویان رەسەن بوون،
کتێبخانەکەی باوکی کە لەژووری دانیشتن بوو لایەکی دیوارەکەی لەخۆگرتبوو
وە ئەمە جگە لەکتێبخانەکەی تری کە لەژووری نوستندا بوو، باخەوان لەبەیانی
زووەوە هاتبوو بۆ دەرمانڕێژکردنی دارەکان، حەوزی بەردەم بیناکە بە
پێچەوانەی هاوینان بێدەنگ و ئامۆ بوو.

گوڵەکانی نێو باخچە تاقە گوڵێکیشیان پێوە نەبوو، هەموویان لەچاوەڕوانی
شنەی بەهاردابوون، ئەم ساڵ بە خۆشحاڵییەوە کەش و هەواکە زۆر سارد نەبوو.
چواردەوری حەوشەکە بە داری چنار رازابووەوە، گۆشەی دەرگایەک کە
دەکەوێتە سەر حەوشەکە کرابووەوەو شنەیەکی سارد دەهاتە ئەو ژوورەوە کە
سودابە لێی دانیشتبوو، کچە گەنجەکە بەحەزو ئاواتەوە ئەو شنە ساردەی
هەڵدەلووشی، چونکە دڵی لەنێو سنگیدا دەسووتا، ڕاڕاوەکە بە کومبار
داپۆشرابوو، لەشوێنە گونجاوەکاندا فەرشی رەنگین و ئاورێشمیان لێ
راخستبوو، بێشک دایکی نەک تەنیا جوان بوو، بەڵکو زەوقی باشیشی هەبوو،
ئەم ژنە سیماجوانە، کە بەردەوام جلی ڕازاوەی لەبەردەکردو بۆ هاوسەرەکەی
ئەوەندە ئازیز بوو، ژنێک کە هیچ کات تۆزی غەم و پەژارە لەسەر سیمای
نەنیشتبوو، تەنیا جارێک نەبێ کە بەئوتۆمبێل دەعمی کردبوو، ئەویش دەتگوت
مردووەو زیندوبۆتەوە،

چونکە لەڕووداوەکە ئەوەندە زەرەرمەند ببوو ئێستاش کە بەرێگادا دەڕوات
دەڵێی ناتوانێ کێشی جەستەی لەسەر لاقە جوانەکانی راگرێ، دایکی کراسێکی
سپی قۆڵ درێژو دامەنێکی رەشی لەبەردابوو، قژەکانی زەیتوونی و کورت
کراوەو رێک و پێک بوو، باوکی حەزی نەدەکرد دایکی قژی رەنگ بکات، دایکیشی

ڕێزی بۆ قسەکەی دادەنا، دایکی بە ئارامی لەژوورەکە چووە دەرەوە، دەنگی سۆڵەکانی کە بەرەو ژوورەکەی پورێگیان دەچوو کەمترو کەمتر دەبووەوە. بۆنی عەترێکی سوك لەژوورەکەدا بەجێما، لەنهۆمی خوارەوە جگە لەژوورێکی میوان و نانخواردن و دانیشتن، تەنیا ژوورێکی دیکە هەبوو، ئەویش ژووری پوورێ گیان بوو، باقی ژوورەکانی تر لەنهۆمی سەرەوە بوون، ژووری خەوەکان. ژووری نیشی باوکە، ئەو ژوورەی کە منداڵەکان لەوێدا دەرسیان دەخوێند یان یارییان دەکرد. ماڵەکە حەکایەتی لەزەوقی سەلیم و ڕۆحی پاکی خاوەن ماڵ دەکرد. باوکی هونەرمەندبوو و شعری دەنووسی، زۆری دەخوێندەوە. دایکی وێنەی دەکێشا، هەڵبەت وێنەکێشێکی چیرە دەست نەبوو، بەڵام ئەهلی زەوق بوو هەر ئەمە ئەوی لەبەرامبەر چاوانی سودابەدا تاوانبارتر دەکرد، چۆن ئەم مرۆڤە زەوق جوانانە کە هێندە ئیدیعای هونەر دەکەن، لەجادووی عەشق بێ ئاگان و هەستەکانی ئەو لەبەرچاو ناگرن؟ چۆن دەیانتوانی لەگەڵ زەماوەندی ئەو لەگەڵ پیاوێك کە خۆشی دەویست ڕێگری بکەن؟

ماوەیەکی پێچوو، سودابە سات دوای سات تووڕەتر دەبوو، دایکی خەریکبوو لۆمەی دەکرد، وابیر دەکاتەوە کە منداڵم، با هەرچی حەزیان لێبوو بیڵێن، من... من....

•

دەنگی تەقەتەقی گۆچان بەرزبووەوە، پورێ گیان لەگەڵ دایکە دەهاتن، دایکە ژێر باڵی ئەوی گرتبوو، پووری گیان بلوزو تەنورەیەکی پەشمینی قاوەیی و گۆرەوی ئەستووری پۆشیبوو، سەرپۆشێکی چکۆلەی کرێمی قاوەیی لەسەر کردبوو و لەقامکە سپییە چرچەکانیدا ئەنگوستیلەیەکی عەقیقی تێدابوو، چاوەڕەشەکانی کە ئەمو ئەویان دەوت ڕۆژگارێك گەورە گەورە بوون، لەژێر چاویلکەکەیەوە بەدڵسۆزییەوە پێدەکەنی، جووتێ پێڵاوی پەڕزی لەپێدابوو هەنگاونان و ڕۆیشتن بۆ پێشەوەی لا دژوار بوو، قەدو باڵای نوشتابووەوە و پشتی کۆمبوبوو، تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ دەبوو و کەس نازانێ بە وردی چەند ساڵ تەمەنیەتی، بەهەموو ئەمانەوە گوێیەکانی بە باشی دەیبیست و

عەقڵ و هۆشی لەجێی خۆیدا بوو، وەکو هەموو مرۆڤە بە تەمەنەکان بیرەوەرییەکانی رابردووی زۆر روونتر لەو رووداوانەی کە دوێنێ یان کاتژمێرێک لەوەپێش روویدابوو وەبیر دەهاتەوەو رەنگی دەگۆڕا.

چۆن بووە؟ زەمانی لاوێتی چۆن بووە؟ جوان؟ بالا بەرز و رێکوپێک؟ لەرواڵەتی ئێستای..... هیچ تێناگەم. هەموو دەیانگوت سودابە شێوەی لەزەمانی لاوێتی پووریێ گیان دەچێ، کە هەڵبەت سوودابە پێی ناخۆشبوو، بەڵام هیچ کات بەرووی خۆی دا نەدەهێنا. چونکە پووریێ گیانی زۆر خۆشدەویست. ئەم مشتە ئێسکو پروسکە بێ ئازارە تەنیا کاتێک پەیدا دەبوو و دەهاتە بەرچاو کە هاتنی پێویست بووایە، ئەو کاتەی کە سودابە بچکۆلەتر بوو هەر کات دایەو بابە میوانیان دەبوو یان دەچوونە میوانی، سودابەو خوشکو براکەی، جگە لەکونفەتو پەرستار، جگە لەتەلەفزیۆنو ئەو کتێبانەی کە لەماڵدا بوون، دەچوونە ژووری پووریێ گیانو لەخوار جێگەکەیو لەلای لاقە باریکەکانی دادەنیشتن هەتا چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە، یان دەستیان لەشت و مەکەکانی ناو ماڵەکەی وەردەدا، دایە ئەگەر چاوی پێدەکەوتن شەڕی لەگەڵ دەکردن، دەیگوت منالەکان نابێ دەست لەشتومەکەکانی پووریێ گیان بدەن.

((پووریێ گیان پێدەکەنیو دەیوت: لێیان گەڕێ ناهید گیان، خۆم ئیزنم پێداون)).

تەنیا یەغدانێکی بچکۆلە لەگەنجینەی ژوورەکەی پووریێ گیان بوو کە لەدەست تێوەردانی منداڵان بەدوور مابوو، نە ئەوەی کە لێی غافڵ بوبێتنو چوارپایەیان دانەنابێ بۆئەوەی کە دەستیان پێبگات، بەڵکو بەو هۆیەی کە دەرگاکەی بەردەوام داخرابوو و هیچ کات بە عەقڵی بچکۆلەیان نەدەگەیشت کە لەپووریێ بپرسن کە لەنێو یەغدانەکە چی تێدایە. جگە لەم یەغدانە تارێکیش هەبوو لەژوورەکەی پووریێ گیان بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، سودابە ئەوەندەی لەبیربێ ئەو تارە هەر بەرێوەبووە، تارێکی کۆنەی عەتیقە، ئەم تارە دەتگوت رێزێکی هەیە کە تەنانەت منداڵەکانیش دەست درێژی ناکەنە سەری، جگە

Scanned by CamScanner

لەتەنیا جارێك كە پەیمان برا بچكۆلەكەی سودابە سنووری خۆی تێپەڕاند، لەو كاتەدا سودابە ١٥ ساڵان بوو پەیمانیش ٨ ساڵان.

پەیمان بێ پێشەكیو وردە وردە بۆ لای تارەكە ڕۆیشت دەستی درێژكرد هەتا هەڵیگرێ وتی: ((پووریێ گیان دەمەوێ تارتان بۆ لێبدەم)). هەتا دەستی لەدەستەی تارەكە كەوت لەناكاو تارەكە لەدیوارەكە بەربووەوە.

سودابە بۆ یەكەمینو دواپینجار لەتەمەنیدا دەنگی قیژەی پووریێ گیانی بیست: ((دیتت شكا!)).

ئەم قسەیە سودابەی لەجێگەكەی خۆی هەڵبەزاندەوە ودروست لەناو زەوی و ئاسماندا تارەكەی گرتەوە، چاوەكانی پووریێ گیان دەرپەڕیبوو، سەرو سینگی دابووە بەرەوەو دەستەكانی درێژكردبوو هەتا تارەكە بگرێتەوە، هەر دەتگوت تارەكە لەكاتی كەوتنەخوارەوەدا مەسیرەكەی گۆڕیبوو و بڕیاری دابوو كە بەرەو لای جێگەكەی پووریێ گیان هەڵفڕێو لەلای ئەو بنیشێتەوە، پەیمانیش دەترسا، ڕەنگی پێوە نەمابوو، نا، لەپووریێ گیان نەدەترسا، لەشكانی شتێك دەترسا كە ئێستا هەموو زانیبوویان كە بەدیلێكی تری نییە، دەتگووت شیشەی تەمەنی پووریێ گیانە، سودابە تارەكەی بە جوانێی لەسەر جێگەكەی خۆی دانایەوەو بەرەو لای پەیمان هەڵگەڕایەوەو ئەو هەڕەشەیەی كە چەندین جار لێكردبوو بەكردەوە دەریهێنا، وا لەپشت ملیدا كە نووزەی وەك سەگ لێوەهات، دوای ئەو ڕووداوە ئێستا تارەكە لەدەستی منداڵان پارێزراو بوو، پووریێ گیان كاتێك دەهات لەگەڵ خۆی بۆنی گەنمو شادانەی دەهێنا، قەت هەڵنەدەكەوت كە بچێتە سەر یەغدانەكەی پووریێ گیانو كیسەی گەنمو شادانكە پڕنەبێو ئامادەی پەزیرایی نەبێ، نە ئەوەی كە نوقڵو كێكو شتی تری نەبێ، پووریێ گیان ژوورەكەی دەتگوت دوكانی بنێشتو نوقڵو نەباتە، بەردەوامیش لەباشترین جۆرەكانی هەبوو، بەردەوام دەیگوت: ئەو نوقڵە بگرە پەیمان گیان، بەڵام دوای شێو بیخۆ، ئەگینا دایكت توڕە دەبێت، وەیان دەیگوت سودابە نوقڵت دەوێ یان بنێشت؟

Scanned by CamScanner

وەیان رووبەکردە خوشکە بچووکەکەی سودابەو دەیپرسی: سپێدە گیان، تۆ تۆ بنێشتت دەوێ یان نوقڵ؟

((من گەنمو شادانەم دەوێ پووریێ گیان)). هەرسێکمان بە جارێك دەمانخواردو بۆ بەیانی دیسانەوە هەمان ئاش و هەمان کاسە، منداڵەکان بیریان لەوەدەکردەوە کە لەناو سندوقەکەی پووریێ گیان چی تێدایە؟ ئێستا چ خواردەمەنییەکی تری تێدا پەیدا دەبێ؟ بەلام چونکە عەقڵیان بە هیچ کوێیەك نەدەگەیشت بە ناچاری لێ ی گەڕان.

ئێستا کە دایە لەحاڵێکدا کە بە دەستێك ژێر باڵی پووریێ گیانی گرتبوو وە بە دەستەکەی تری سندوقەکەی هەڵگرتبوو دڵی سودابە داخورپا. دەتگوت ئەو سندوقە دارینەیە کە پڕ لەنەقش و نگار بوو زۆرتر لەهەموو شتێك مەحکومی دەکرد.

پووریێ گیان دانیشت و سندووقەکەی لەسەر مێزەکەی رووبەڕووی دانا، دایکە بانگی جەمیلەی کرد هەتا چا بۆ پووریێ گیان بێنێ، دەورییەکی کریستاڵی جوان پڕبوو لەبسکیت و لەسەر مێزەکە بوو، پووریێ گیان رووبکردە براژنی و وتی: کاکم لەماڵەوە نییە؟

ج پرسیارێکی بێ مانا، جێگەی ئۆتۆمبیلەکەی براکەی لەگەراجەکەدا لەلای ئوتۆمبیلەکەی ناهید خاڵی بوو.

((رۆیشتووەتە دەرێ)).

((بۆ کوێ چووە؟))

((رۆیشتووە بۆ یاری ئیسکی، پەیمان و سپێدەشی لەگەڵ خۆی بردووە)).

بەلام سودابە باش دەیزانی کە باوکی بۆیە چووەتە دەرەوە هەتا دایك و کچ بەسەر یەکدا بقیژێنن و ئەو ناچار نەبێ دەخالەت بکاو هێزی خۆی بنوێنێ، جەمیلە چاییەکەی هێناو رۆیشت، دایکەش بەدوایدا رۆیشت و لەحاڵێکدا کە دەرگاکەی دەبەست وتی: ئامۆژگاری بکەن.

Scanned by CamScanner

بێدەنگی بەسەر ژوورەکەدا زاڵبوو، سودابە لەوەی کە پووریێ گیان خۆی لەنەزانین دەداو دەتگوت هیچ لەبابەتەکە نازانێ ماندوو بوو وتی: زۆر باشە پووریێ گیان ئامۆژگاریمبکەن ئیدی.

دیسانەوە پووریێ گیان بێدەنگ بوو.

((دایکە دەیگوت ئەگەر تۆ ئیزنت لەسەر بێ ئەوانیش قسەیەکیان نییەو ئەگەر رازیشنەبی ئەوانیش ناڕازین)).

چاوی لەپووریێ گیان دەکرد، قسەیەك بکەو رزگارمکە، رازیت یان نا؟ بەڵام پووریێ گیان بێدەنگ‌و پەرێشان بوو، لەپەنجەرەکەوە چاوی لەدەرێ دەکرد، ئاخرەکەی بەدەنگێکی گرەوە کە دەتگوت لەگەڵ خۆی قسەدەکات، بە ئارامی وتی: ئاخرەکەی کاتی گەیشت)).

((چی؟))

پووریێ گیان ئاوڕیدایەوەو سەیری کرد: من کێم کە بەڵێ‌و نات پێ بڵێم کچەکەم؟ من تەنیا دەتوانم قسەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. دواتر ئەوە خۆتی کە دەبێ بڕیار بدەی)).

سودابە بە بێ تاقەتییەکەوە وتی: ((پووریێ گیان سەد جار ئەم قسانەت بۆ کردووم. قسەی هارو هاجییەکانی خۆت‌و ئەو کاتەی کە منداڵبووی بۆت گێڕاومەتەوە بەڵام...)).

((نە گیانەکەم ئەوەی کە زۆر گرنگە نەم گێڕاوەتەوە، ئەوەم هەڵگرتبوو بۆ ئەمڕۆ، ئەگەر جارێکم باس بکردایە، ئیتر نەمدەتوانی بەربە خۆم بگرم‌و ساڵی سەد جار دوبارەم دەکردەوە، ئیتر پیرییەو بێ هاودەمی! ئیتر ئەو کەڵکەی کە دەبوایە بیبوایە نەی دەما، پووریێ گیان دیسانەوە بێدەنگبووەوە، دواتر بێ پێشەکی پرسی: زۆرت خۆشدەوێ؟))

((ئاخ، بەڵێ پووریێ گیان، بەڵام هیچ کەس تێناگا...))

چاوەکانی پووریێ گیان تروسکایەوە، بۆ ساتێك دەتگوت چاوەکانی گەنج بووەتەوە، لاو، گەورەو گەش‌و رووناك، ئایا ئەمە بەراستی نیگای پووریێ گیان

Scanned by CamScanner

بوو یان سودابە وێنای خۆی لەچاوی ئەو دیبوو؟ ئێستا دەیزانی کە بۆچی دەڵێن سودابە لەپووریَ گیان دەچێ.

((من تێدەگەم)) دیسانەوە بێدەنگبوو.

سودابە ئاخێکی هەڵکێشا کە لەهەناسە هەڵکێشان دەچوو، یان هەناسەیەك کە وەکو ئاخ بێتە دەرەوە، پوریَ گیان زەردەیەکی گرت.

((سودابە گیان، هۆشت ببێ، زۆر هۆشت ببێ، کارێك مەکە کە دواڕۆژت وەك دوارۆژی منی لێبێت، تەنیا بێ منداڵ، لەماڵی ئەمو ئەودا موزاحمو سەرباربی، نا، من ناقانیع نیم، سەبارەت بە باوکت بێ سفەت نیم، من لەماڵەکەی ئەودام، هۆشی بە ماڵەکەوەیە، ناڵێم کە بۆ من باش نەبووە، ئەزیەتی پێوە کێشاروم، تەواوی داراییەکانی من هی ئێوەیە، هی منداڵەکانی براکەمو خوشکەکەم، نۆشی گیانتانبێ من کە میراتگرم جگە لەئێوە نییە، هێشا بە هەموو ئەمانەوە شەرمەزارم، دەزانم کە سەرباری دایکتم)).

((ئاخ پووریَ گیان...)).

((نە، ئازیزی دڵەکەم، گویَ شلبکە. دایکت لەگەڵ من زۆر باشە هەروەکو کچی خۆم وایە. بەڵام هەر ژنێك خوازیاری ژیانێکی ژنو مێردایەتی سەربەخۆو تەنیایە. بێ ڕێگرو موزاحیم. من زۆر باش دەزانم دەڵێم چی. زۆر دژوارە کە بەهۆی چەند شتێکەوە مرۆڤ تەحەمول بکەن. ئاخ گیانەکەم، هەرچی دەوروبەرەت لەگەڵت باش بن، دیسان نابنەوە منداڵی خۆت. منداڵی مرۆڤ ئەگەر هی خۆی بێتو باشیش نەبێ هەر باشە. ئەگەر بە چەپۆکیش بەسەرتدا بدا هێشتا جوانە...)).

((پووریَ گیان ئەی ئێمە چی؟ مەگەر ئێمە لەجێی منداڵەکانی تۆ نین؟))

((بۆچی نا ئازیزم. بە تایبەت تۆ. تۆ کە هەر وەکو خۆم وای. ڕۆژی هەزارجار شوکرانە بژێرم کە تۆ لەم ماڵەدای. هەرکاتێك کە لەدەرەوە دێیتەوەو لەئۆتۆمبێلەکەی دایکت دادەبەزی، دە جار دەبمە قوربانی قەدو باڵات، دوعات بۆ

Scanned by CamScanner

دەکەم کە بە خەتت سپی بێت، هەرسێکتان بەختەوەربن. هەرگیز حەزم نەدەکرد کە دەرگای ئەم سندوقە لەلای تۆ بکەمەوە. تۆ ئەوەت دەزانی؟))

سودابە هیچ شتێکی نەدەزانی.

پووریێ گیان ڕوو بە پێشەوە نوشتایەوەو کلیلێکی کۆنی کە لەزنجیرە زێڕەکەی ملیدا بوو هێنایە دەرێو دەرگای سندوقەکەی کردەوە. سودابە بەسەرسوڕمانەوە وتی: ((ئاە... پووریێ گیان کەوایە ئەم کلیلە لێرە بوو؟))

پووریێ پێکەنی: ((ئەرێ هاروهاجانە! هەرسێکتان لەمنداڵییەوە بەدوای ئەم کلیلەوە بوون، وانییە؟))

لەسندوقەکەدا جگە لەبڕێك شتومەكو چەند کاغەزی زەرد هەڵگەڕاو، یەك دوو عەکسو تەڵاقنامەیەك هیچی تری تێدانەبوو، ئەمە بوو سندووقە کۆنەکەی پووریێ گیان، ناوەکەی نە بووکە شووشەی تێدابوو، نە نوقڵ، نە نەباتو نە پەڕۆو نە پولەکەو متومووروو، لەو شتانەی کە لەکاتی منداڵیدا بۆ سودابەو خوشكو براکەی حوکمی زێڕی بوو هیچ هەواڵێك نەبوو. تەنانەت قەیسییە وشکەو هەڵوژە وشکەو قەرەقروتیشی تێدانەبوو، کەوایە ئەی ئەم سندووقەکە تا ئەو ڕادەیە بێ بایەخ بوو ئەی بۆچی دای دەخست؟

پووریێ گیان چایەکەی خواردەوە، پاڵیداوە بە موبلەکەو دەسکی گۆچانەی لەدەست گرت, هەردوو قاچی درێژکردو، قاچی چەپی لەسەر قاچی ڕاستی دانا، یەکەمجار بوو کە لەئێشی قاچی هاواری نەدەکرد. چاوی لەچاوی سودابە کردو بەمیهرەبانییەکەوە وتی: ((ئەگەر لەسەرەتاوە بۆتی بگێڕمەوە ماندوو نابی؟))

سودابە بە مەیلو ڕەغبەتەوە وتی: ((نە پووریێ، نە، ماندوونابم)).

Scanned by CamScanner

# بەشی یەکەم

بەهار بوو سودابە گیان، بەهار. ئەی ئەفرەت لەو بەهارەی کە من هێشتا ئەوێندارێم، سەرەتاکانی دەسەڵاتی رەزاشابوو، هەر ئەوەندە دەزانم کە چەند ساڵێك لەتاج دانانەکەی تێدەپەڕی، چەند ساڵ، چوار ساڵ؟ پێنج ساڵ؟سێ ساڵ؟ نازانم. لەمن مەپرسە کەی قاجار رۆیشتوو کەی رەزاشا هات، دەنگەدەنگ و تەقوتۆق بوو، باس، باسی رۆیشتنی قاجار بوو، باسی سەردار سێپە بوو، باسی تاج لەسەرکردنی رەزاشا بوو، بەڵام من نازانم، دەتگوت لەم جیهانەدا نیم، لەجیهانێکی تردا بووم، ئەوەی کە دڵم دەیهەویست هەر ئەوەم لەبیر ماوە.

پووریێ گیان بێدەنگ بوو، چەناگەی لەسەر گۆچانەکەی داناو چاوی لەباخە سەهۆڵێ بەستووەکە کرد.

هەر دەڵێی دوێنێ بوو... ئاخ سودابە گیان تەمەن چەندە زوو تێدەپەڕێ...

ئێمە تەمنێکی زۆر کورتمان هەیەو تازە زۆرتری ئەم دەورانە کورتەی ژیان یان بە منداڵی تەواو دەبێ یان بە پیری. قۆناغی خۆشی چەندە کورتە. پێشینان زۆر راستیان کردووە: وەکو تەمەنی گوڵ. تۆیش تا وەکو من پیر نەبی مانای ئەم قسەیە نازانی. نازانی کە تەمەن وەکو بەفرەو خۆری گوێ بان، واتە چی؟ رەبی پیربی کچەکەم...

پووریێ گیان بێدەنگ بوو چاوی لەباخەکەکرد. لەبیری چووبووەوە؟ یان دیسان خەوی لێکەوتبووەوە؟

((پووریێ گیان؟))

Scanned by CamScanner

بێدەنگی.

((پووریێ گیان؟))

پووریێ دەگریا.

نازانم. لەقاجار هیچ نازانم. لەرەزاشا هیچ نازان. لەدنیا بێ ئاگابووم سودابە گیان. چونکە نەویندار بووم. هەر کەس کە دەیەوێت بێت و هەر کەس کە دەیەوێ بڕوا. جیهان دەیهەوێ ژێرەوژووربێ.

دەیهەوێ ژێرەو ژوور نەبێ. چ گرنگیەکی هەیە؟ تەنیا ئەو بمێنێ. وانییە؟ پووریێ گیان بە چاوی ئەسرینا وییەوە چاوی لەنێوچاوی سودابە بڕی و بزەیەکی ئەویندارانەی خەمناکی لێدا، وەکو بزەی کچێکی گەنج. چاوەکانی سودابەش پڕبوو لەفرمێسک.

پووریێ گیان دیسانەوە پرسی: ((کەوتت زۆرت خۆش دەوێ؟))

سودابە شێتانە وەلامی دایەوە: ((بەڵێ پووریێ گیان)).

((خوا بەفریات کەوێ کچەکەم، خوا بەفریات کەوێ)).

بەڵێ، بەهار بوو ماڵەکەی ئێمەش پڕ بوو لەگوڵ و گیا، لەژوورەوەو ناوەوە پڕ بوو لەگوڵدانەکانی گوڵ، حەوشی ماڵەکەی باوکم، حەوشە نا، باخی بەهەشت. نیوەڕوان بۆنی چێشتی خۆش لەچێشتخانەکەو پشتی دارەکان بەرزدەبووەوەو لەگەڵ بوونی گوڵەکان تێکەڵ دەبوو، ئاوی حەوزەکە خاوێن و جوان بوو، چونکە لەحەوشەی ماڵەکەمان جۆگەیەك ئاو تێدەپەڕی و جگە لەمانە ئاوی هەمارو ئاوی تریشیان هەبوو، لەئاخری حەوشەکەدا، مەودایەکی کورت هەبوو لەگەڵ چێشتخانەکە. ئەو ژنەی کە ئاگای لێمان بوو نەیدەوێرا لەلای حەوزەکەوە بڕوات چونکە دەترسا دامێنی تەڕببێ و پیس ببێ، فەیروز خان کە داشقەچی باوکم بوو خەڵکی باشوور بوو ر عاشقی ئاو، هەر کاتێك کە بە بۆنەی کارێکەوە دەهاتە حەوشەکەمان، دەیپرسی: ((دایە خانم، پرژەی ئاو پیسە یان میزی منداڵان؟))

دەیە خانم دەیگوت: ((تەرسەقولی چارەوا، قوربەسەر)).

Scanned by CamScanner

هەروو خان ئەوەندە پێدەکەنی لەسەر خۆی دەچوو، ئێستا بەخۆم دەڵێم کە ئەمەش جۆرێك لەچاك و خۆشیکردن بووە.

ئەوەندە لەماڵەکەماندا، لەناوەوەو دەرەوە، کلفەت و نۆکەرو باخەوان دەهاتن و دەچوون کە هەموویانم لەبیر نەماوە، ڕۆژ نەبوو کە حەوت هەشت کەس لەسەر خوانی باوکم نان نەخۆن، نازناوی باوکم بەسیرولمولك بوو و سێ چوار دێ و ئاوایی هەبوو، پیاوێکی خوێندەوار بوو، یەك دوو ساڵ لەڕوسیە دەرسی خوێندبوو شیعری دەهۆنییەوە، ڕۆشنبیر بوو، ئەویندارى ئۆپێرا بوو کە لەرووسیە سەیری کردبوو، زۆر پیاوی چاك بوو لەگەڵ منداڵەکانی هەڵس وکەوتی باش بوو، ئێستا وابیر ئەکەیتەوە کە وەکو کاکم وا بوو لەگەڵ منداڵەکانی دادەنیشێ و قسەوباسی سیاسی و عیلمی و هونەری دەکات، بەڵام بۆ ئەو دەورانە باش بوو.

بە هەموو ئەمانەوە ئێمە هەموو ڕێزمان لێدەگرت. دایکم، سودابە گیان، بەراستی ئازیز بوو وەکو ناوەکەی. باوکم ئەویندارى ئەو بوو. هەڵبەت دیسانەوە هەر وەکو داب و نەریتی ئەو کات پازدە ساڵ لەباوکم بچکۆلەتر بوو، کچی یەکێك لەتاجرە ناودارەکان بوو سێ کچی لەباوکم ببوو کە من ناوەندییەکەیان بووم، کاتێك باوکمی بانگدەکرد ئەوەندە بەسۆزەوە بانگی دەکرد کە مرۆڤ هەستی پێدەکرد، خوشکە گەورەکەم شووی کردبوو کوڕێکی ببوو، محمود، چاوی پوورم بەدوای خوشکە بچکۆلەکەم (خوجەستە)وە بوو، بەڵام جاری نۆبەی من بوو کە لەو گەورەتر بووم.

دایکم حەزیدەکرد کوڕێکی ببێ، لەوکاتەدا سی و دوو ساڵ زۆرتر تەمەنی نەبوو، یەك دوو هەفتە دەبوو کە لەبۆنی چێشت تێك دەچوو، بەڵێ، دایکم دیسانەوە زگی پڕببوو بێزی دەکرد. باوکم دەیگوت: ((نازەنین خۆت ماندومەکە)) یان ((نازەنین چێشتی باش بخۆ))، ((نازەنین ئەم کارە مەکەو ئەو کارە بکە)). ئێستا لەم کاتەدا بڕیاربوو کە خوازبێنیم بۆ بێ. ئێمە مامۆستایەکمان لەماڵدا هەبوو کە وانەی پێ دەوتینەوەو خانم باجیشی ژنشیی

Scanned by CamScanner

نیشی درومانی بۆ دەکردین، ئەو ژنە چارە رەشە لەناکاو ژانە دڵێکی گرت و شەوێك مرد، دایکم بەو حاڵەیەوە هەر دەیگوت مەحبوبە جلی نییە، دایە گیانم بەردەوام دەیگوت: خانم گیان، مەحبووبە یەغدانێکی جل هەیە، بۆچی وا لەخۆتان دەکەن؟ دایکم دەیناڵاند: ((دایە خانم، دەست لەدڵم مەدە، هەر کام لەجلەکانی سەدجار لەبەری کردوون)). ئاخرەکەی دایە خانم بیرێك بە مێشکی گەیشت، چارشێوەکەی بەسەردادا و وورنە ووردە چووە ماڵی پوورم. ئەوان خەیاتێکی باش و دەست نەخشینیان لەلا بوو کە چەندین ساڵ بوو کاری بۆ دەکردن تەنانەت دایکیشم ناوەکەی نەدەزانی، ئاخر ژنان چاولێکەریان زۆرە.

ئاخرەکەی نازانم دایە چی وت کە پوورم توورە بوو وتی: ((ئەگەر چی دەزانم کە نازەنین خانم هەر لەسەرەتاوە چاوی بەدوای خەیاتەکەمانەوە بووە و ئەم قسانەی کردووە بە بیانوو بەڵام قەیدی ناکا بەخاتری برازاکەم بەیانی خەیاتەکە دەنێرمە ماڵەکەتان، بەڵام لەزمانی منەوە بە نازەنین خانم بڵێ، ئێمە هەر نیشێکمان لەدەستبێ درێغی ناکەین. ئێوەش لەگەڵ ئێمە ئەوەندە مرومۆچ مەبن)).

باوکم لەژوورەکەدا بوو کە دایە بە قەسدی لەلای ئەو قسەکانی بۆ دایکم گێڕایەوە، دایکم کە خۆشحاڵی لەسەروچاوی دەباری و پێی خۆش بوو کە خەیاتێکی باش پەیدابووە ، لەراسپاردەکەی پووری گیانم بەرواڵەت سەری سوڕما بوو و لەدەرونیشەوە توورە بوو رووی لەباوکم کردو وتی: ئەو قسانە چییە؟ سەیرکەن ئاغا؟ هەڵبەت تەمەنیان درێژبێ. خانمییان کردووە کە خەیاتەکەیان ناردووە، بەڵام نازانم من نازانم کە چ خراپەیەکم بۆ کیشوەر خانم بووە کە هەر جارێك بە بیانوویەك نارەحەتی دێنێتە پێش، هەر دەڵێی حەزیان لەوەیە ئازارم بدەن.

باوکم بە ئارامییەکەوە رووی لەدایکم کردو وتی: ((کەوایە خانم، ئێوە دیسانەوە خانمی بکەن تکایە، باسی لێوە مەکەن، با نارەحەتیی پێش نەیەت، هەتا لەسەری بچی خراپتر دەبێ)).

Scanned by CamScanner

((بەلام ئاغا...))
((بەلام، ئاغای نییە، هەرکەسێ گوێی دەوێ گوارەشی دەوێ، من کە ئێوە
لەسەر چاوم دادەنێم. گوناهی خوشکەکەشم بە من ببەخشن)).
دایکم بە شەرمەزارییەکەوە وتی: ((خودا بمکوژێ ئاغا، ئەو قسانە چییە،
ئێوە تاجی سەری ئێمەن، بەسەر چاو، دیسان بەخاتری گوڵی رووتان بەسەر
چاو)).
باوکم رووی لەدایە کردو وتی: ((دایە خانم ئینسان هەموو قسەیەک
ناگێڕێتەوە)).
دایە خانم کە دیار بوو رەنجا بوو وتی: ((چی بڵێین ئاغا وایان ئەمر
پێکردبووین منیش گووتم)).
((دوای ئەم رووداوە ئەمرەکان بەهێڵەکدا بکەو باشەکانی بڵێ و خراپەکانی
مەڵێ)).
بەخێرایی تێگەیشتم کە بەندی دڵی دایکم پسا، ئەگەر دایە دەتۆراو دەڕۆیشت
ئەویش ئێستا کە دایکم دوگیان بوو، دۆزینەوەی دایەیەکی پاکوخاوێنی وەک
ئەو کە چەندین ساڵ بوو لەگەڵ ماڵی ئێمە دەژیا زۆر دژوار بوو. هەر بۆیە دایکم
زوو ناوبژی کردو وتی: ((هەڵبەت منیش بێ هەڵە نەبووم، هەر لەخۆوە تووڕە
بووم، ئاخر مرۆڤی دووگیان لاوازو کەم تاقەتە)). ئێستا مەسەلەکە کۆتایی
پێهات.
شەڕەکانی دایکم و باوکم لەوە زیاتر درێژەی نەدەکێشا، دەتگوت کە
قسەدەکەن، هەردووکیان بەباشی دەیانزانی کە لە چ شوێنێکدا کۆتایی بە
قسەکەیان بێنن، لەگوڵ ناسکتریان بە یەکتر نەدەوت، هەڵەکانی یەکتریان بەڕووی
یەکتردا نەدەهێنایەوە، هەر ئەم لەخۆبوردویانە تا جێگایە بوو کە ئێمە هەموومان
دەمانزانی کاتێک باوکم دوو هەفتە جارێک شەوانی سێ شەممە دەچووە دەرێ و
نەدەهاتەوە بۆ ماڵەوە، لەماڵی هاوسەرەکەی تری عیسمەت خانم دەنوست، بەلام
نەماندەزانی کە ئایا دایکیشم دەزانێ و سەرخۆی ناهێنێ یان بەراستی نازانێ.

پێنج ساڵ بەرلەوە، کاتێک من دەساڵان بووم‌و دایکم تازە خوجەستەی بوو بوو، باوکم نیشانی نەدا کە پێی ناخۆشە، تەنانەت وەکو جاران تەوقێکی زێڕی بۆ دایکیشم کڕیبوو، بەڵام زۆر جار دەماندیت کە لەحەوشە یان ژوورەکەیدا داڵغە لێدەداو چۆتە فکرەوە، تا ئەوەی شەوێک بە دایکمی وت کە دەچێتە میوانی ماڵی میرزا حەسەن خان، میرزا حەسەن خان پیاوێکی بەڕێز بوو، لەو بنەماڵانە بوو کە دەستیان زۆر بەدەمیان ڕانەدەگەیشت، لەدایەمدەبیست کە دەیگوت: هەرچی باوکم لەماڵی ئەوان دێتەوە زاری بۆنی مەشروبی لێدێ، پێم وابێ ئەو شەوە باوکم زۆر دەخواتەوەو سەری گەرم دەکات‌و سفرەی دڵی بۆ میرزا حەسەن خان دەکاتەوە کە چەندە حەزی لەمنداڵی کوڕەو ژنەکەی بەردەوام کچی دەبێ، میرزا حەسەن خانیش نایکا بە ناپیاوی‌و خوشکەکەی خۆی کە بێوەژنێکی ناحەزو کزە بەو شەوە بۆ باوکم سیغە دەکات‌و دەڵێ ئەو لەشوە یەکەمەکەی کوڕێکی دوو سێ ساڵانەی هەیە، لەوانەیە لەتۆش کوڕێکی ببێ، ئێوە تەنیا سەرپەرشتی بکەن‌و چاوتان لێبێ هەر ئەوەندە بەسە، بەیانی کە باوکم لەخەو هەڵدەستێ وەکو سەگ پەشیمان دەبێتەوە بەڵام تازە کارلەکار ترازاوەو ناتوانێ بەژێر بەڵێنەکەیدا بدا، هەر ئەو شەوە عیسمەت خانم سکی پڕ دەبێت‌و دوای نۆ مانگ دوانەیەکی دەبێت کە هەردووکیان کچ دەبن کە هەر دوو کچەکە لەکاتی لەکاتی لەدایکبوونیاندا دەمرن، باوکیشم بەدوای ئەوەدا پشتی دەستی خۆی داخ دەکا کە هەتا ماوە لێو بە هیچ مەشروبێکەوە نەدا، نەکا عەقڵی لەدەستبدا، هەڵبەت بەپێی ئەو بەڵێنەی کە بە حەسەن خانی دابوو هەر پازدە ڕۆژ جارێک دەچێتە لای عیسمەت خانم بەڵام ئەو ئێستە سکی پڕ نەدەبوو.

وتم کە باوکم ئەوینداری دایکم بوو، دایکم لەکاتی خۆیدا زۆر جوان بوو، ژنێک بوو کە بڕێک قەڵەو بوو، سووروسپی بوو، قژەکانی زەردو چاوەکانی ڕەش‌و قەدو باڵای ناوەندی بوو، بیستبووم کە باوکم وتبووی هاوسەرەکەی شێوەی ژنە جوانەکان‌و ڕێزدارەکانی رووسیایە.

Scanned by CamScanner

دایکم هەر کاتێك کە بۆ ژنەکانی خزم یان دۆستو ئاشنایەك ئەم رستەیەی باوکمی دووپات دەکردەوەو دەیگێڕایەوە، لەخۆشیان ئەوەندە پێدەکەنی هەر نەبێتەوە

دوور کەوتمەوە. نزیکی دەمەو بەهار بوو و قەرارمان وابوو عەسر خەیاتەکەی مالی پوورم بێ بۆ مالمان، سێ هەفتە دواتر شەوی لەدایکبوونی ئیمامی رەزا بوو و قەرار وا بوو کە شازادە خانم هاوسەری عەتا دەولە بۆ خوازبێنی من بێتە مالمان.

دەیویست خوازبێنی من بکا بۆ کوڕەکەی.

سودابە بەسەر سوڕمانەوە پرسی: ((بەراستە پووریٚ گیان؟ هەر ئەو کەسەی چەندین سال لەپیاوە ناودارەکانی ئێران بوو، بەراست ئەو داواکارت بووە؟))

((بڕوا بکە گیانەکەم، بڕوابکە، بەلام من وەلامی "نا"م پێدایەوە)).

((ئاە پووریٚ گیان، چ بێ...))

سودابە قسەکەی تەواونەکرد.

((چیی؟))

پووریٚ گیان بزەیەکی کرد.

ئەریٚ قسەم دەکرد، قسەکانم پێ مەبڕە، لەبیرم دەچێتەوە. ئەو نزیکەی دە تا پازدە سالٚ لەمن گەورەتربوو و دەیانوت تازە لەئەوروپا گەڕاوەتەوە. کچی بنەمالە ناودارەکان خەریکبوون دلیان بۆی دەردەهات، ژنی یەکەمی بەسەر مندالەوە رۆیشتبوو، ئەو کات ژنان زۆربەیان بەو جۆرە دەمردن، وەکو ئێستا نەبوو کە دکتۆرو دەرمان لەهەر کوچەو کۆلانێکدا دەستبکەوێت، بەکورتی ئەو کات من پازدە سالانە بووم، هیچ شتێك نەدەچووە مێشکمەوە، زۆر کەیف خۆشبووم، مانای شووکردنم هەر نەدەزانی، تەنیا دەمزانی کە ئەگەر یەك دوو سالێتری بەسەردا بڕوات دەبمە قەیرە کچ...

سودابە قاقایەکی لێداو، پووریٚ گیانیش پێکەنی..

Scanned by CamScanner

بەڵێ هەر دەورانێك شتێك مۆدە، ئەو كاتە هەژدە ساڵ‌و بیست ساڵ دەبوونە قەیرە كچ.

دایكم ئەمری بە فەیروز خان كرد كە كەژاوەكە ئامادە بكات. ڕۆیشت كە قوماشم بۆ بكڕێ‌و دایەشی لەگەڵ خۆی برد. كاتێك گەڕایەوە، وەكو هەمیشە چووە سندوقخانە هەتا چارشێوەكەی لەوێ دابنێ، منیش بەدوای دایەوە كە قوماشەكانی پێبوو، دەڕۆیشتم هەتا بزانم چییان بۆ كڕیوم، دایكم لەحاڵێكدا كە چارشێوەكەی لەسەری هەڵدەگرت وتی بە دایە: ((هەموو كەس ڕۆژ بە ڕۆژ پیر تر دەبن دایەخانم، بەڵام ئەم پیرە پیاوە دارتاشەی سەر كۆڵانەكە چەندە گەنج بۆتەوە!))و دەستی كرد بە پێكەنین. دەیویست دایە ئەزیەت بدا.

دایە وتی: ((ئەو قسانە چییە؟ ئەوە خۆ ئەو پیرە پیاوە نەبوو، داماوە خۆ ناتوانێ ڕێش بكات، دەستی بەدەمی ڕاناگات بەڵام پارەی نانی شەوی دەكا بە دوكەڵ، ئێستاش ڕۆشتووە خەوتووەو دوكانەكەی سپاردۆتە دەستی ئەو منداڵە. بەقسە شاگردی گرتووە)).

دایكم وتی: ((كوڕێكی خوێن شیرین بوو)). هەر ئەوەندە، هەموومان لەبیرمان چووەوە، جاری وا هەیە بە خۆم دەڵێم لەوانەیە هەر ئەم ڕستەیەی دایكم ئاگرەكەی كردبێتەوە. لەوانەیە هەر ئەم قسەیە منی وریاكردبێتەوە، لەوانەشە نەسیب هەر ئەوە بووبێ.

خەیات هات، ژنێكی قەڵەوو جوان‌و خۆش مەشرەب بوو، هەتا توانی تەعریفی دایكمی كردو بە قوربان‌و سەدەقەی من بوو، من تازە لەخەو هەستا بووم، كەشەفەی بەرچاییەكە پڕ بوو لەنانە قەنی‌و كەرەیەك كە لەدێوە بۆیان دەهێنایین‌و پەنیرو مورەبا، دایە بەدوای یەكدا چای بۆ من‌و دایكم‌و خوشكە بچكۆلەكەم تێدەكرد، من‌و خوشكەكەم دەمانخواردو دایكیشم هەر هێڵنجی لێدەدا، دایەو خەیات یەك دەنگ بە قوربانی دەبوون كە شتێك بخوا هەتا گیانی تێبێتەوە، ئاخرەكەی دایكم ماندوو بوو ئێمەش تێر بووین، سینییەكەی تریان

بۆ ئەنیس خانمی خەیات هینا، ئیمە چوویینە دەرەوە هەتا بەدڵی خۆی بەرچاییەکەی بخوا.

دەمانزانی کە لەماڵی خۆیان بەرچایی خواردووە بەڵام ئەم بەرچاییە لەکوێ‌و ئەو بەرچاییە لەکوێ، بەراستی ئیشتیای دووبارە خواردنەوەی بوو.

دایکم بۆ ئەمار میوانی بوو، پوورەکانم، مامۆژنم، پووریێ گیان‌و خاڵۆژنم دەهاتن بۆ ماڵمان، لەچێشتخانەکەی ئەو بەری حەوشەوە بۆنی مریشك‌و برنجی دەرەجە یەکی رەشتی‌و رۆنی کرماشان دەهات‌و هەرکەسێکی مەست دەکرد.

دایکم لەسەر چوار پایەیەك دانیشت لەبیرمە کە چواردەوری ژووری میوانەکەمان کە پێیان دەوت پێنجدەری، پڕ بوون لەموبلی مەخمەڵی سوور، لەبەرامبەر هەر دوو موبلێکدا مێزێکی دارینی گوێزی لێبوو، بەهاویندا لەژووری دانیشتن کۆدەبووینەوە.

پشتییەکان تەواوی بە مرواری دورابوون، بە زستانانندا کورسیمان دانا بوو، لەوەرزی زستاندا باوکم پێی خۆشبوو کە لەلای کورەکە دانیشێ‌و گوێ بدا بەدەنگی قرچەقرچی دارەکان کە دەسوتان‌و منیش کتێبی حافز یان لەیلاو مەجنون‌و یان نیزامی بۆ بخوێنمەوە، زۆر خۆش بوو.

ژنەکەی فیروزی داشقەچی کە لەبەر پێستی رەشی پێیان دەوت دادە خانم سندوقەکەی دایکمی هێناو خۆشی کە باوەشێنێکی بەدەستەوە بوو بەسەر سەرییەوە راوەستا. بەردەوام دایکمی باوەشێن دەکرد نەکا ئارەق بکاو سوراوو سپیاوەکەی دەم‌وچاوی بسڕێتەوە، من هەر سەیرم دەکرد، دایکم توانجێکی تێگرتم‌و وتی: ((مەگەر تۆ کارو ژیانت نییە کچێ؟ بۆ چی واقت وڕماوە؟ ئەم شتانە باش نییە کچان چاوی لێ بکەن)). لەحاڵێکدا کە چاوی دەڕشت وتی: ((برۆ بۆ لای ئەنیس خانم. بەشکم هەتا شەو جلەکانت تەواوبێ)).

جلەکانم هەتا شەو تەواو نەبوو. بەقسەی ئەنیس خانم خۆ خومی رەنگرێژی نییە هەروا تێی هەڵکێشێ، تازە قەرار بوو جگە لەدوو دەست جل چارشێوێکی واڵی سپی گوڵداریشم بۆ بدورێ‌و تەواوی ئەمانە دوو سێ‌رۆژی کات دەویست،

Scanned by CamScanner

دایکم داوای لەئەنیس خانم کرد کە ئەم دوو سێ شەوە لەماڵی ئێمە بمێنێتەوە، هەڵبەت ئەنیس خانم زۆری حەز دەکرد، لەماڵی ئێمەدا زۆر باش قەدری لێدەگیرا. بەڵام دەبوو کەسێک بچوایە بە کوڕو بووکەکەی بوتایە، بەڵام ڕێگەکەی هەندێک دوور بوو. شەو دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، پوورە بچکۆلەکەم بەتکایەکی زۆر دەیویست کە لەگەڵی بچمەوە بۆ ماڵی خۆیان.

دایکم بەو مەرجەی کە دەبێ بەیانی زوو بێمەوە بۆ ماڵ‌و جلەکانم تاقی بکەمەوە بزانم باشن یان خراپ ئیزنی دام.

دەمانویست سواری کەژاوەکەی ماڵی پوورم بین کە ئەنیس خانمی خەیات بیری کردەوەو وتی: ((ئەگەر زەحمەت نەبێ لەسەر سووچی کۆڵانی ماڵەکەتان نزیکی سەقاخانە دووکانێکی دارتاشی لێیە. شاگردی دووکانەکە ماڵەکەی ئێمە دەزانێ. ماڵەکەی دوو سێ کۆڵان سەرووترە لەماڵەکەی ئێمە. لەبەر دووکانەکەدا دەقیقەیەک ڕاوەستن‌و پێی بڵێن کە بە کوڕەکەم بڵێ ئەم شەو من لێرە دەمێنمەوە. ئیتر پێویست ناکات فەیروز خان بچێت بۆ ماڵی ئێمە. پووریّ‌و من‌و کچە پوورم کە تاڕادەیەک هاو تەمەن بووین بەدەم پێکەنینەوە لەپشتی کەژاوەکەوە دانیشتین. من دواین کەس بووم کە سواربوومو لەلای ڕاستەوە دانیشتبووم. قسەکانی ئەنیسمان لەبیر چووبووەوە بەڵام کابرای داشقەچی لەبیری مابوو. کەژاوەکە لەنزیک دووکانێکی بچکۆلانەی دووکەڵاوی ڕاوەستا. دەمەو ئێوارە بوو. ناو دووکانەکە پڕ بو لەدارو تەختەو وردە دار. لەناوەڕاستی دووکانەکە کەسێک لەسەر مێزێکی دارینی کۆن نوشتابووەوەو خەریک بوو تەختەی دەڕنی، پانتۆڵێکی ڕەشی دەلنگ فشی لەبەردابوو کراسێکی سپی درێژ کە تا سەر ئەژنۆی دەگەیشت، قۆڵەکانی هەڵماڵی بوو قژە درێژەکانی لەسەر ناوچەوانی بڵاو بووبووەو لەگەڵ هەر جوڵانێکیدا قژەکانی بەملاو ئەولادا دەکەوتن. زۆر تر لەدەرویش دەچوو تا دارتاش. ئەو کاتە قژی پیاوان کورت بوون‌و ڕۆنیان لێدەدان‌و بەسەریانەوە نووسابوو وەکو قژی تەواوی ئەو پیاوانەی کە من لەبنەماڵەی خۆمان دیبووم، وەکو تەواوی گەورەکان. بەڵام قژی ئەم یاخی‌و

Scanned by CamScanner

بڵاوبوو. بە بیستنی دەنگی کەژاوەکە سەری هەڵبڕی‌و سەیری سەرەوەی کرد. چاوی لەسەر کابرای کەژاوەچی لابردو چاوی لەهەر سێکمان بڕی، دووبارە بەرەو لای کابرای کەژاوەچی ئاوڕی دایەوە، سەری سووڕما بوو، ئەم ژنانە بەم کەژاوە رەنگینەوە بڵێی چ کارێکیان پێی بێ، کەژاوەچی بانگی کرد:

((هۆ کوڕە گەنجەکە))

بێ ئەوەی سەرنجێکبدا بە پشتی دەستی ئارەقی ناوچەوانی سڕی‌و وتی: ((بەڵێ!)) جوڵانی دەستی کە ئارەقی پاك دەکردەوە بەلامەوە جوان بوو. زۆر خوێن گەرم بوو، هەر ئەوەندە، راسپاردەکەی بیست وتی: ((بەسەر چاو)).

نە ئەو قسەی لەگەڵ کردین‌و نە ئێمە لەگەڵ ئەو، ئیتر لەبیرم چووەوە.

((ئەمە چییە کڕیویەتی دایە گیان؟ مەگەر من کچە قەرەجم)).

دایەخانم بە ئاڕەزاییەوە وتی: ((مەحبوبە گیان، من چووزانم کچم. وتت پەمەیی بێ، نەبوو، منیش سوورم کڕیوە)).

دایکم بە ئاڕەحەتییەوە شریتەکەی بەدەستەوە گرت‌و بردیە سەرێ: ((ئای دایە خانم، من نموونەکەیم پێدابووی)).

((دەیی نەیبوو خانم گیان)).

بە رقێکەوە وتم: ((خۆم دەچم دەیکڕم، لەکوێ کڕیوتە؟))

((هەر لەو بازاڕەی ئێوە)).

دایکم بە بێ تاقەتییەکەوە وتی: ((بە کەژاوە بڕۆ با زوو بگەڕێیتەوە)).

دایە خانم وتی: ((ئەیەڕۆ خانم گیان، خۆ دوو هەنگاو زۆرتر نییە، خۆم لەگەڵی دەچم‌و دەگەڕێمەوە)).

قسەکەی دایەم زۆر پێ سەیر بوو. ئەو ژنە تەمەڵە چۆن ئەوەندە زیرەك بووە؟ تۆ مەڵێ لەبەر ئەوە کە ئەزریکردبوو بۆ چاك بوونەوەی سەری مۆم داگیرسێنێ، فەقیرە میگرێنی بوو. ئەو کاتە کەس نەیدەزانی میگرێن چییە؟

ئەنیس خانم لەدایە پاڕایەوەو وتی: ((دایە گیان بە قوربانتبم بزانە دارتاشەکە راسپاردەکەی منی گەیاندووە بە کوڕو بووکەکەم یان نا؟ دڵم هەر لایانە، ئەم

کوڕە بڕێک سەرسەرییە، پێشی بڵێ کە بچێتە ماڵی ئێمەو بڵێ دڵ نیگەران مەبن ئەگەر درەنگ هاتمەوە لەوانەیە ئیشەکەم ڕۆژێکی تریش بخایەنێ)).

نزیک نیوەڕۆ بوو، دووکانی دارتاشەکە هێشتا داخرابوو، چووین قوماشەکەیان لەبازاڕ کڕی، کاتێک گەڕاینەوە دەنگی خڕەخڕی مشار دەهات.

دایە خانم وتی: ((شوکر دووکانەکەی کردۆتەوە، ئەم گێژۆکەیە، مەحبوبە گیان تۆ رادەوەستی تا من دوو مۆم دادەگیرسێنم؟))

بە بێ تاقەتییەکەوە قاچم زەوی کوتا.

دایە پاڕایەوە وتی: ((بە قوربانی قەدو باڵات بم، ئێستا دەگەڕێمەوە، کەمێک راوەستە)).

((کەوایە زووکە، زۆرت پێ نەچێ)).

((ئەگەر دەتەوێ زۆرمان پێ نەچێ تۆ راسپاردەکەی ئەنیس خانم بدە بە شاگرد دارتاشەکە هەتا من مۆمەکان دادەگیرسێنم، بەڵام بە دایکت نەڵێی کە من مۆمم داگیرساندووە، پێی بڵێ کە دایە خانم خۆی لەگەڵ دارتاشەکە قسەی کردووە. باشە؟ ئەگینا قسەم پێدەڵێ)).

بە بێ تاقەتییەکەوە وتم: ((زۆر باشە، زوو مۆمەکانت داگیرسێنەو بەدوامدا وەرە، من وردەوردە دەڕۆم با پێم بگەیتەوە)).

هەواکەی خۆرەتاو بوو بەڵام شەوی پێشتر بارانێکی زۆر باریبوو و زەویەکە هەر قوڕ بوو، کاتێک گەیشتمە بەر دووکانەکە کوڕە لاوەکە وەکو ئەو ڕۆژە سەری قاڵبوو و خەریکی رەندەکردن بوو، لەبەر دووکانەکە راوەستام چاوم بە سووچی چارشێوەکەم کەوت کە قوڕی تێوە چووبوو، بڕێک چارشێوەکەم بەرزکردەوەو وتم: ((ئای..))

دەنگی رەندەکە راوەستاو کەسێک بەدەنگێکی خۆش وتی: ((ئای بۆ من کچە جوانەکە؟))

سەرم هەڵبڕی‌و چاوم بە چاوی کەوت، ملی بەرزو ئەستوور بوو لەژێر ملیدا دەمارێک بەرزبوو بووەوە، قۆڵەکانی هەڵماڵیبوو، دەستەکانی ئەستوورو قایم

Scanned by CamScanner

بوون، قژەکانی لەسەر ناوچەوانی بوو، لوتی قۆرتێکی تیدابوو و بزەیەکی لەسەر لێو بوو جوان بوو؟ نازانم، ناحەز بوو؟ نازانم؟ بەلام پیاو بوو.

پیاوانە هەلکەوتبوو، ئەو شان و پیلانە دەیانتوانی پالپشتێکی باش بن. لەحالەتی ئاساییدا وەلامی سلاوەکەشیم نەدەدایەوە، پێم عەیب بوو کە لەگەل ئەو جۆرە کەسانە قسە بکەم. بەلام ئێستا وەرزی بەهاربوو. چیم لێهاتبوو، نازانم.

وتم: ((بۆچی نای بۆ ئێوە؟ من لەگەل تۆم نەبوو))

((پێم وابو لەگەل منتە)).

((بۆنی داری رەندەکراو مێشکی پڕکردم. چ بۆنێکی خۆشبوو. بۆنی ئیش و تەقەلا. هەر دەلێی بۆنێکی تازە بە بۆنەکانی بەهار زیادکرا. بەرهەمی رەنج و کارو شان و مل. بەبێ هیچ قسەیەك سەیرم دەکرد. لەپشت ئەم پەچەیەوە چۆن زانی گەنجم؟)) لەوانەیە بەهۆی دەنگمەوە زانیبێتی. وتم: ((راسپاردەیەکم هەیە بۆتان)).

بە سەیرێکەوە سەیریکردم. سەیری ژنێکی جوانیکرد، کە ئاوا بە ماقولانەوە قسەی لەگەل دەکردو راسپاردەی بۆی هەبوو. پرسی: ((بۆ من؟))

((بەلێ))

((من رەحیمی دارتاشم))

((چەندە ناوەکەی جوان بوو. چووە دلمەوە))، ((دەزانم)).

((ئێوە کێن؟))

((کچی بەسەیرولمولکم))

بە ئارامییەکەوە رەندەکەی داناو بەڕێزەوە راوەستا. ((سلاو خانم، ببوورن ئەمناسی، حەتمەن دەبێ راسپاردەکەم بە کوڕەکەی ئەنیس خانم بگەیەنم)).

((بەلێ. زەحمەتە بەلام پێی بلێن کە لەوانەیە لەمالی ئێمە کارەکەی درێژە بخایەنێ. نیگەران مەبن)).

((بەسەرچاو)).

Scanned by CamScanner

((خۆ لەبیرتان ناچێ؟))

((ئەگەر زیندوو بم نا!))

زمانم لاڵبێ کە وتم ((خوا بکات هەر زیندوو بی))

بۆ ساتێک ماتبوو راوەستاو سەیری کردمو دیسان بزەکەی کەوتەوە سەر لێوو

وتی: ((تەنیا بۆ ئەوەی کە راسپاردەکەی ئێوە بگەیەنم؟))

بەپەلە وتم: ((خوا حافیز))

ئیتر زۆر روودار ببوو، گەڕامەوەو کەوتمە ڕێ، تازە دایە لرخە لرخ خەریکبوو ڕیدەکەوت، زۆر لێی تووڕەبووم ژنی گەمژەی، تەوەزەل، هەر دەڵێی گیانی بەردەچێ ڕیدەکات لەخۆشم تووڕەبووم، گەمژەی نەفام، لەژێر پەچەکەوە لاسایی خۆمم دەکردەوە: خوا بکات هەر زیندووبی، ئەی نەفامی، بێ عەقڵی، کەر لەویش تووڕە بووم، شاگرد دارتاشی بێ عەقڵ، هەتا بەم زبلانە، رووبدەی ڕوودارتر دەبێ. دیسانەوە دەنگی رەندەکە بەرزبووەوەو دڵم داخورپا، یانی چی؟

* * *

هەموو شتێک ئامادە بوو، شیرینییان دروست دەکرد، من کە حەزم لەپاقلاوە بوو ئێستا رقم لێیەتی، لەنان نخودچی قیزم دەشێواوە. رقم لەگوڵ بوو. حەزمدەکرد جلە تازەکانم بدڕێنم، نازانم بۆ وابووم، نازانم تەنیا حەزم دەکرد بمرم، یان من بمرم یان کێ؟... یان... کێ؟ نازانم

لەماوەی هەفتەیەکدا سێ جار بە کەژاوەکە لەبەردەم دووکانی دارتاشەکەوە تێپەڕبووبووم، هەر رەندەو رەندەو رەندە. سەیرکردنێک و دیسانەوە رەندەو رەندەو رەندە. کابرای روودار کەژاوەکەی ئێمەی دەناسییەوە. هەفتەیەکە بنیادەم ناوێرێ لەماڵەکەی خۆی بێتە دەرێ، دەبێ بە دایە بڵێم، نا، بە فەیروز خان دەڵێم. نا کوڕە لێی گەڕێ، لێی دەدەن دەیکوژن، خوێنی سەگیش دێتە ملمان. بە باوکم دەڵێم، نا ئیتر ئەوە خراپترە. کەوایە بە دایکم... نازانم بڵێم چی. بڵێم هەر کاتێک لەبەردەم دووکانی دارتاشییەکەوە تێدەپەڕین سەیری کەژاوەکەمان دەکات. بۆ قەدەغەیە، دەی کەوایە من بۆ سەیری دەکەم. من دەبێ

Scanned by CamScanner

نیهمالی بکەم. لەوانەیە پێشتریش هەروابووبێ، لەوانەیە قەساب و نانەوار ئەوانی تریش هەموو سەیری خەڵك بکەن. هەر بێ هیچ مەبەستێکیش. ئاخر نیمە لەم کۆڵانەدا زۆر ناودارین خەڵك دەماننناسن، تەنیا جیاوازییەکەی لەوەدایە کە من سەرنجیان نادەمێ، گرنگ نییە ئەوەندە سەیر بکەن هەتا گیانیان دەردەچێ. بەڵام کرم لەخودی دارەکەوەیە، نازانم بۆچی حەزمدەکرد پەردەی کەژاوەکە لابدەم هەتا ئەو سەیرمان بکا.

هەوالگەیشت کە مێردی خوشکەکەم دەیەوێ بۆ سەردان بچێتەوە بۆ دنیەکەی خۆیان، ((مەحبووبە خانم دوو شەو بێن بۆ میوانی بۆ ماڵی خوشکیان بابەتەنیا نەبێ)). تەنیا؟ بەو هەموو کارەکەرو نۆکەرەوە؟ رۆیشتم.

خوشکم بێ بەردەوام تەعریفی خوازبێنی داهاتوومی دەکرد. ئەمە ئاشێك بوو کە مێردەکەی ئەو بۆی لێنابووم. لەگەڵ زاوا دۆست بوون. ئەو منی بە کوڕی عەتالدەولە ناساندبوو. خوشکەکەم تەعریفی دایکی زاوای دەداو دەیگوت کەسانێکی ئاوا ناودارن. دەیگوت دایکی لەشازادە بەناوبانگەکانە.

من وتم: ((بەڵام نیزهەت گیان، دەڵێن خوشکەکەی، پووری زاوا.....))

((خوشکی چی؟))

((ژنێکی باش نییە)).

نیزهەت خۆی رنی و وتی: ((ئەیەڕۆ، خودا بمکوژێ، کام خوشکی؟!))

((نازانم هەر ئەوەی کە ناوی تاهیرەیە)).

((کێ قسەی وای کردووە؟))

((پووریێ گیان کیشوەر))

نیزهەت بە تووڕەییەکەوە دەستی راوەشاند: ((تۆ تا ئێستا بینیوتە پووریێ گیان کەسێکی پێ باشبێ؟ ئەمانە شازادەن، کەسی باشن. هەر کەسێ هەڵدەستێ لەپشت سەریان قسەدەکات. هەمو رقیان لێیانە بەغیلییان پێدەبەن. تۆ هەتا ئێستا دیوتە پاشەملەی کلفەت و نۆکەر قسەبکەن؟ چونکە ئەمانە دەستیان بەدەمیان رادەگات هەموو کەوتوونەتە قەسەکردن)).

((کەوایە ئەی بۆچی پاشملەی ئێمە قسەناکەن)).

((تۆ چووزانیت؟ لەوانەیە قسەش بکەن‌و ئێمە نەزانین)).

نیزهەت ئامۆژگاریکردم چۆن شیرینی بگێڕم‌و تەعارفی کلییان بکەم. چۆن ابنیشم... بۆچی ماندوو بووم؟ من خۆ هیچ کات لەماڵی خوشکم ماندوو نەدەبووم. بۆچی بێ تاقەت بووم؟ بۆچی دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان؟ حەزم نەدەکرد ئەوەندە زۆر بڵەیی بکات؟ کاتێ گەڕانەوەم بۆ ماڵی خۆمان هات ئەوەندەم پێخۆش بوو کە خەریک بوو لەخۆشیان پەل‌وپۆ دەربێنم.

خوشکم پرسی: ((دەتەوێ کەسێکت لەگەڵ بنێرم؟))

((نا. خەریکم بە کەژاوە دەڕۆمەوە، خۆ تەنیا نیم!))

چونکە کابرای کەژاوەچی پیر بوو ئیتر گرفتێک نەبوو کە بەتەنیا بڕۆمەوە. پەردەی کەژاوەکەی کێشاو سواربووم، حەزم دەکرد ماینەکان باڵیان بووایە. کاتێک گەیشتینە سەر کۆڵانەکە هاوارمکرد: ((من هەر لێرەدا دابەزێنە)).

((خانمە چکۆل، هێشتا یەک دوو کۆڵان ماوە)).

((قەیدی ناکا من هەر لێرە دادەبەزم، دەمەوێت شت بکڕم)).

((کەوایە بە خانمی گەورە بڵێن کە من هەتا بەردەرگای...))

((زۆر باشە. مەترسە. بڕۆ))

خۆشم نەمدەزانی چ کارێکم هەبوو، چیم دەکڕی. کەوایە بۆ هیچ ناکڕم؟ ئەی بۆچی دەترسام. حەزم دەکرد سەرێک لەدووکانی دارتاشییەکە بدەم. هیچ مەبەستێکش لەئارادا نەبوو. ئەی بۆچی لەدڵمدا هەر دەڵێم یاخوا بمرێ؟ کێ دەبێ بمرێ؟ ئاه، ئێستا نازانم. خەریکم دوعا دەکەم خوازبێنییەکەم بمرێ!

کاتژمێرێکی مابوو بۆ نیوەڕۆو دووکان‌و بازاڕ قەرەباڵغ بوو. ئەو خەریک بوو دارەکانی جێبەجێدەکرد. دەتگوت تەواوی ئەو خەڵکانە ڕاوەستاون‌و سەیرمدەکەن. نەکا خەریکن بە پەنجە بە یەکترم نیشانم دەدەم؟ نا، کوڕە تووشی خەیاڵات بووم، لاڵبم. وتم: ((ماندوو نەبی)).

Scanned by CamScanner

ئاوڕی دایەوەو لەجێگەی خۆی وشك بوو. بەدەنگما ناسیمییەوە؟ یان بە چارشێوە ڕەشەکەمدا لەگەڵ پەچە گرانەکەم کە بە دەست چنیبوویان. هەڵبووم بە دەنگێکی بەرزەوە کە قسەکانیشم پچڕ پچڕ بۆ دەهاتو بۆنەوەی کەسێك بە گومانەبێت وتم: ((ئێوە قاپی دارینیش دروست دەکەن؟))

دیسانەوە بێدەنگ ڕاوەستابوو. دارێکی بەدەستەوە بوو کە لەبالای خۆی بەرزتر بوو، قژەکانی لەسەر ناوچەوانی بڵاوبووبووەوە، دیسانەوە زەردەخەنەکەی کەوتەوە سەر لێو.

((هەتا چ قاپێك بێ، خانم؟))

((قاپێکی وێنە)).

((چەندەبێ؟))

((قاپێکی بچکۆلە. دروستی دەکەن؟))

((بۆ ئێوە بەڵێ)).

بۆنی دار دەهاتە لووتم، بۆنی عەتری دار، لەناکاو هەڵهاتم بەرەو ماڵی خۆمان. دڵم خێرا خێرا لێی دەداو، جنێوم بە خۆم دەدا، ئاخر کچێ تۆ مەگەر شێتبووی؟ ئەم کارانە چییە؟ ئەم هەڵهاتنەت لەچییە؟ بۆچی ئابڕووی خۆت دەبەی؟ خوا بتکوژێ.

ئەو کارە چیبوو کە کردم. ئیتر لەوێوە ناڕۆم. چ بە پێیان و چ بە کەژاوە. لەلای چەپەوە دادەنیشم، ڕێگەکەم دوور دەکەمەوە... بەڵام دیسانەوە هەر لەوێوە دەڕۆیشتم. ئیتر هەموو جارێك کە بە کەژاوە لەبەردەم دووکانەکەیەوە دەڕۆیشتین ڕادەوەستاو چاوی لێدەکردین، کابرای ڕوودار.

وردە وردە ڕۆژی خوازبێنێ نزیك دەبووەوە، هەموو شوێنێك گوڵ و مێلاق و شیرینی بوو، دەرو ژووریان ئارپرژێن کردبوو و هەموویان گەسکدا بوو، دایکم بە حەوت ڕەنگ خۆی ئارایشتکردبوو، تەواوی جەستەی پڕ بوو لەزێڕو زیو، عەتری لەخۆی دابوو ئامادە بوو، چ بێنەو بەرەیەك بوو، هەموو پێم ڕادەگەیشتن، پێدەکەنین، بە قوربانم دەبوون، پێیان دەوتم خانمە بچکۆل، خانمە بچکۆلیان

Scanned by CamScanner

لەزار نەدەکەوت. کاتێك باوکم دوای نانخواردن لەتنیشت دایکمەوە دانیشتو داوای چاییکرد پێی وتم: ((مەحبوب گیان، دانەیەك لەو پاقلاوانەتم پێدەدەی بیخۆم؟))و زەردەخەنەیەکی کرد.

هەموو جارێك باوکم بە مەحبوبە یان مەحبوب بانگی دەکردم، کەمتر گیانی بەکاردەهێنا، قاپی پاقلاواکە بڕێك دورتر لەسەر زەویەکە بوو، باقلاوەکەت واتە پاقلاوەی زەماوەندەکەت، ئەمە نیشانیدەدا کە باوکم لەزاواکەی رازییە. بە هەردوو دەستم قاپەکەم لەبەردەمی راگرت، پاقلاواکەی هەڵگرتو بە ئارامی چەند جارێك بەسەر شانمیدادا. باوکم پیاوێکی ئارامو هێمن بوو.

کاتژمێرێکی مابوو بۆ رۆژ ئاوا کە لەدەرگایانداو هاتن، بە کەڕاوەکەی زاوا هاتن کە دەیانویست خۆیانی پێوە هەڵکێشن، کەڕاوەی رووسی بە دوو چرای کریستاڵی ئاوێنەداری جوان، رەنگی کەڕاوەکەی رەش بوو، تەگەرەکانی سوور بوو، دۆشەکی نەرم و دوو ئەسپی بەقەد یەکو یەك رەنگو یەك قەبارە، هەر دووکیان لاو بوون. کابرای کەڕاوەچی سمێلەکانی بادابوو، گەرچی وەرزی بەهاربوو و هەوا رووبەگەرمی دەڕۆیشت هێشتا کڵاوێکی پێستی لەسەردا بوو و بەرادەی کەڕاوەکەیش جوانو رازاوە بوو، وشك لەسەر سەندەڵییەکەی دانیشتبوو چاوی لەبەردەم خۆی بڕیبوو، گوایا دەیویست عەزەمەتی ئەو دیمەنە زۆرتر ئاشکرا بکات.

منو خوشکەکەم خۆمان لەژوورەکەدا شاردبووەوە، خوجەستە پێدەکەنیو منیش جنێوم پێدەدا، هەر دەموت دەمت ببەستە، حەیامان مەبە، بەڵام دەرەقەتی نەدەهاتم، ئەوان لەژوورەکەی تر چارشێوەکانیان لەسەر لادەبردو دەچوونە ژووری میوانەکانەوە، من لەکونی شووشەکە کە شکابوو سەیرم دەکردن. دایکی زاوا قەڵەو پیرو لەخۆڕازیبوو ئازای ئەندامی زێڕو زیو بوو بەڵام دیار بوو لەو شازادانە بوو کە هەڵسوکەوتی باش بوو، بەدوای کچەکەی واتە خوشکی زاواو بووکەکەی کە ژنی برا گەورەکەی زاوا بوو وەك بەچکە مراوی کەوتبوونە دوای دایکم. دواتریش دایەی رەشپێستی زاوا هات بە باڵای بەرزو رەشید، لەو

Scanned by CamScanner

ڕەشپێستە جوانانەبوو، لەدایکی زاوا لەخۆڕازیتر بوو، دەتگوت بەڕاستی زاوا کوڕی ئەوە، بەردەوام دەیگوت کوڕم، کوڕم. دەست بەندی زێڕی لەدەستدا بوو سەرپۆشەکەی بە دەرزی زێڕ قایمکردبوو، لەگەڵ دایکم چۆنیو چاکی کردو دانیشتن. ئەو خولقانەی وا باو بوون دەستیپێکرد، زۆر بەخێرهاتن، بە قوربانتان بم، سەفاتان هێنا، بۆمان شانازییە کە ئیزنتان داوە بێینە خزمەتتان، نۆکەری ئێوەم، قەرەواشتانەو بچکۆلەتانەو ئا لەم قسانە.

دواتر دایکی زاوا گووتی: ((ئیختیارتان هەیە خانم، ئیزنی ئێمەش لەدەستی ئێوەدایە، ئێستا دێتە خزمەتتان)).

دایکم لەژوورەکە هاتە دەرەوەو بەدەنگێکی بەرزو تەشریفاتی بەجۆرێك کە ئەوانیش بیبیستن وتی: ((مەحبوب گیان، وەرە بۆ خزمەت شازادە خانم سڵاوی عەرز بکە)). دواتر وردە وردەو بە ئارامی هاتە ئەو ژوورەی کە ئێمەی تێدابووینو وتی: ((شانست هێنا مەحبوب، خێراکە بڕۆ چا بێنە، ئەی ڕێژێتە ناو سینییەکەوە! با داخ بێ)).

دایکم چووەوە لای میوانەکان. منیش دوو دەقە دوای ئەو سینییە زیووەکە کە پیاڵە چاکانی لەسەر بوو و دایە خانم ئامادەی کردبوو بە لەرزە لەرز هەڵمگرتو چوومە ژوورەوە، هەر کە چوومە ژووری میوان بەو هەمووە جەلاو عەزەمەتەوە، خێرا تێگەیشتم کە خەیاڵی پیاوی دارتاش کە لەسەرمدا بوو چ خەیاڵێکی پڕوپووچ بووە، دەتگوت مەودای نێوان خۆمو ئەوم بەچاودەدی، من لەکوێو ئەو لەکوێ؟ هەر دەتگوت شەپۆلێکی گەورە منی لەخەونو خەیاڵەکانم جیاکردەوەو گەیاندمییە دنیای ڕاستییەکان. وتم: ((سەلام)).

شازادە خانم وتی: ((بەه، بەه، سڵاو لەسیمای جوانت، چ کچێکی پەسەندت هەیە خانم، ماشاءالله، هەزار ماشاءالله)).

دایکم وەڵامی دایەوە: ((دەستت ماچ دەکا)). من قەد حەزمنەدەکرد دەستی ماچ بکەم.

چایەکانم بەجوانی لەبەردەم میوانەکان گێڕا، لەگەورە بۆ بچکۆلە. یەکەمجار بۆ دایکی زاوام دانا کە غەبغەبەی شۆڕببووەوەو لەسەرووی هەمووان دانیشتبوو، دواتر بۆ خوشکی زاواکەیان کە لەبووکەکەیان گەورەتربوو وەیان ئەوەندە ناشرین بوو کەبەهۆی ناشرینییەکەیەوە بەتەمەنتر دیار بوو، دواتر چوومە لای بووکە گەورەکەیان کە زۆر جوان‌و ئارام بوو، دواتر چایەکەم بردە لای دایە رەشەکە کە هەر لەچاوپێکەوتنی یەکەمدا هەستمدەکرد خۆشم دەوێ. ئەویش لەحاڵێکدا کە بە زەردەخەنەیەکەوە چایەکەی هەڵدەگرت وتی: ((ما شاءالله، رووت سپی کچەکەم، ئەم چایە خۆت لێتناوە؟)).

دەبوایە بە سوعبەتەکەی ئەو زەردەخەنەیەکم بکردایە هەتا سەیری ددانەکانم بکات بزانێ لاروگێڕنین.

((بە بە، چەندە ددانت جوانن وەکو مرواریی وان)).

دایەی خۆم لەبەردەرگای ژوورەکەدا دەست بە سینە راوەستابوو. گەڕامەوە هەتا سینییەکە بەرمەوە دەرەوە، دایکی زاوا بەدەنگی بەرز وتی: ((بۆ کوێ مەحبووبە خانم؟ تەشریفتانبێ چەند دەقەیەك لەخزمەتتدابین)).

سینییەکەم دا بە دایە گیان هەتا بیباتە دەرەوە، زۆر ئارام گەڕامەوە، دایەی رەشپێست باوەشی گرتەوەو وتی: ((وەرە کچە جوانەکەم با ماچت کەم، من ئاواتی رۆژێکی وام دەخواست بۆ کوڕەکەم)).

ژێر باڵمی گرت‌و هەردوو کوڵمی توند ماچ کردم‌و تەڕایی لێوی بەسەر گۆنامەوە جێما، دەمزانی دەیەوێ بزانێ ژێر باڵم ئارەقی نەکردووە، یان دەمم بۆنی نایە، ئاکامی تەواوی تاقیکردنەوەکان باش بوون، ئاخر دایکم ئەوەندەی عەتر لێدابووم کە ئەو هەژارەش بەدڵنیاییەوە هەتا شەو وەك من ژانە سەری بوو، دانیشتم. دەستم لەسەر دامێنم دانابوو سەرم داخست. بە دەنگێکی ئارام بە بەڵێ و نەخێر وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە، چ کچێکی شەرمنە؟!

دایکم وتی: ((فەرموون پاقلاوا بخۆن، مەحبوب گیان خۆی دروستی کردووە)).

تەواوی هونەری من لەپاقلاوا دروستکردن بردنیەتی بۆ عەمبارو کردنەوەی قوفلی دەرگای شوێنی قەندو شەکرو پستەو بادام لەکۆتاییشدا برینی پاقلاوای لەسینیداو پڕاندنی شیلەی شکرەکە بە سەریدا بوو.

خوشکی شووەکەم سەرتاپا سەیرێکی کردم: ((بە بە، چ پاقلاوایەی دەیخەیتە دەمەوە خێرا دەتوێتەوە)).

هێومر ژنی داهاتووم بۆنەوەی کە نەڵێن پێی ناخۆشە وتی: ((دیارە کە لەسەر پەنجەیەکی مەحبووبە خانم هونەرێکی لێهەڵدەقوڵێ هەم جوانن و هەم هونەرمەند)).

سەرم بەرز کردەوە چاوم تێبڕی، بەڕاستی جوان بوو، چاوەکانی خومارو رەش، برۆکانی پان و پەیوەست، لوتی باریک، لێوەکانی گۆشتن و پێستێکی ناسک و سپی بوو، نێزهەت کە لەلای دایکم دانیشتبوو وتی: ((دەی دیارە، خانم گەورە سەلیقەیان جوانە، بووکەکانی گوڵبژێر دەکا))و بووکە جوانەکە بە نازێکەوە زەردەخەنەیەکی کردو سوور بووەوە.

لەژێرەوە سەیری خوازبێنی کەرەکانم دەکرد، بە خۆمم دەگوت ئایا ئەم خانە بەرێزانە، بەو هەموو هات و هاوارەیانەوە، هەر بیر لەوە دەکەنەوە کە من پێمخۆشەو ئاواتمە ببمە ژنی شاگرد دارتاشی کۆڵانەکەمان؟ کە پێمخۆشە پشت لەتەواوی ئەم ژیانە بەو هەموو کڵفەت و نۆکەرەوە بکەم؟ حەزدەکەم کە ئەم خانە بەرێزانە کە سەرتاپایان نوقمی زێڕو گەوهەرە بەجێبێڵم و بەهەڵاتن بچمە دووکانە بچکۆلەی دارتاشەکە کە بە دووکەڵی چرا هەمووی رەش بۆتەوەو وەکو سەگی پاسەوان لەبەر دەرگاکەی بخەوم؟ تەنیا بخەوم و سەیری بکەم کە خەریکە دارەکان دەبڕێتەوەو قژە خاوەکانی بەناوچەوانیدا هاتۆتە خوارێ، کە تەنیا بۆنی دار بێت بە لووتمدا؟ خودا دەزانێ ئەو دووکانە بچکۆلەیە وەکو کۆشکێک وابوو بۆم، بۆنی دار چ عەترێکی بوو ئەو دووکانەش وەکو غورفەی بەهەشت وابوو.

خانم گەورە – شازادە خانم- کەوتە پێداهەڵگوتنی کوڕەکەی، دایکم وتی:

Scanned by CamScanner

مەحبووبە گیان، دیسانەوە چا بێنە)). واتە ئیتر بەسە، بچۆ دەرەوە بانەڵێن
((مەحبووبە گیان، حەزیدەکرد، لەسەردتاوە هەتا ئاخر دانیشێت.
کچەکە سووک بوو، لەلای کورسییەکەی دایکی زاواوە تێدەپەڕیم کە دەستمی گرت:
خەریک بوو لەلای خۆم دانیشە، حەیف نییە ئەم دەستە ناسکانە
((ئەگیانەکەم، بۆ کوێ؟ هەر لەلای خۆم دانیشە، حەیف نییە ئەم دەستە ناسکانە
((ئەگیانەکەم، بۆ کوێ؟ هەر لەسەر ئەو کورسییە دانیشە، ئافەرم، دایە خانمت
کاری پێبکەی؟ ها... وەرە لەسەر ئەو کورسییە دانیشە، ئافەرم، دایە خانمت
ئەزیەتی چا هێنان دەکێشێ)). نە، وا دیار بوو زۆر پیس پەسەندیان کردبووم.
دایکم لەحاڵێکدا ئەوەندە حەزی دەکردو خۆشحاڵ بوو وتی: ((ئەیەڕۆ خانم
گیان، چا هێنانیش بوو بەکار؟ دەستوپل بە چا هێنان ناشرین نابێ! ئەم
قسانەی لەلامەکەن با نازنازی نەبێ دەنا دواتر دەبێ بیخەنە سەر تاقو سەیری
بکەن)). دواتریش پێکەنی.
دایکم هەڵسو کەوتێکی جوانو پەسەندی بوو، لەگەڵ هەر کەسێک قسەی
دەکرد دەچووە دڵیەوە، نەک بڵێی بەرواڵەتیش وابێ، نە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە
لەدەروونیدا بوو، خۆی هەموو جارێک دەیگوت: ((من لەگەڵ هەر کەسێک قسەم
کردووە دڵیم نەرمکردووە جگە لەکیشوەر خانم)). مەبەستی پوورم بوو.
شازادەخانم وتی: ((دەبێ بخرێتە سەر تاقێکی بەرز، جێگەی بووکەکانی من
ئەو سەرانەیە)).
نێزهەت پێکەنیو روو بە ژنە گەنجو لاوەکە وتی: ((کە وایە خۆزگەم بە
ئێوە)).
بووکە جوانەکە کەمێک ملی هەڵسوڕاندو بزەیەکی تاڵی لەسەر لێو نیشت، هیچ
قسەیەکی نەکرد. واتە شازادە خانم لەو خەسووانەیە!
شاهزادە خانم وەکو کەسێک کە شتێکی لەبیر نەچووبێ وتی: ((بەڵێ خانم،
ئەو بووکەی تریشم کە مرد زۆر بە لامەوە ئازیز بوو، ئێستاکەش بەخوا کچەکەی
خۆشەویستی منە، بووە بەیارو هاودەمی من، مەحبووبە گیان دڵگران نەبێ! من
خۆم رەعنا گیان گەورە دەکەم، لەلای خۆمەوە لەسەر چاومی دادەنێم)).

دەمزانی کە زاوا ژنی بووەو منداڵێکی هەیە، هەر لەمنداڵییەوە ئامۆزاکەی خزیان بۆ مارەکردبوو، یەک دوو ساڵ لەوە پێش لەسەر منداڵ چوو بوو، منداڵەکەشی زیندوو بوو، هەڵبەت ئەو کات ئەم قسانە زۆر گرنگ نەبوون، بە تایبەت خوازبێنی بنیادەمیش گەنجێک بێ بەو هەمووە دەبدەبەو کەبکەبەوە، تەنیا ئەنگوستیلەی پەنجە بچکۆلەی دایکی بە قەد هێلکەی کۆترێک بێ، زاوایەک کە شازادە بوو، چووبووە ئەوروپا، هەموو شتێکی تەواو بوو.

دایکی زاوا وتی: ((خانم، ئەم منداڵە ئەوەندە جوانە هەر باسی مەکە، من ی تەنانەت ناتوانم توڕەییەکەشی ببینم هەتا ئەگات بە گریانی)).

خەریکبوو بە گوێی منیدا دەدا.

دادە خانم قلیانی هێنا، شیرینیو شەربەتی گێڕا، خانم گەورەش هەر باسی خۆیو کوڕەکەی دەکرد. کە چەندە خۆش قسەیە – ئەگەر لەدایکی دەچوو زۆر سەیر نەبوو– باسی قەدو باڵاو شکڵو شێوەی دەکرد– کە هیوام ئەوە بوو لەخوشکی نەچووایە، کاتی ئەوە هات کە بڕۆن. منیش هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا، هەموومان بەو پەڕی ڕێزەوە هەتا بەردەرگا ڕەوانەمان کردن، خۆیو کچەکەیو بووکەکەی هەر دەیانگوت: ((خۆمان ڕێگەکە پێ دەزانین، زەحمەت مەکێشن، بەقوربانتان بم، خەجاڵەتین)).

لەدوایین ساتەکاندا خانم گەورە گەڕایەوەو ماچیکردمو روو بەدایکم وتی: ((کچەکەتان زۆر پەسەندە، چاوەکانی جوانە، بەراستی گەوهەرت دەبێ)).

دایکم پێکەنی: ((چاوتان جوانە خانم، سایەتان کەم نەبێ. سەفاتان هێنا، زۆر بەخێرهاتن)).

نێزهەت لەپشتەوە جلەکانمی کێشا، واتە من دەبوایە بگەڕامایەتەوە بۆ ژوورەوە.

لەژوورەوە جەژنین گرتبوو، دایکم زەوقی کردبوو، دایە گیانم تەقلەی لێدەدا، نیزهەت هەر دەیگوت: ((مستیلەکانیت دی خانم گیان؟ چاوت بە ملوانکەی بووکەکەی کەوت؟))

دایە گیانم دەیگوت: ((گیانەکەم، ئاخر ئەمانە ئەسڵ و نەسەبدارن بنەماڵەیەکی ناودارن. دایەی زاوا خۆی خانمێک بوو)).

دایکیشم بۆئەوەی کە دڵی ئەو بەدەستبهێنێ و خۆشحاڵی بکات وتی: ((دایەی بووکیش هیچی لەو کەمتر نەبوو)). دایە خانم پێکەنی وتی: ((خانم گیان، تۆ بەم زمانەت مار لەکون دێنیتە دەر. تازە کەژاوەکەیان بۆ نموونە تۆزیشی پێوە نەبوو. ئەیەرۆ مەحبوبە گیان ئەوە بۆچی مات دانیشتووی؟))

((بۆئەوەی کە من نامەوێ ببمە ژنی کەژاوەکەی شازادە)).

دایکم وتی: ((زۆر باشە، ئەوە خۆ خەفەتی نییە رۆڵە گیان. ئێستا نابی بەژنی کەژاوەکەی، ببە بە ژنی کوڕەکەی)).

دایکم و، نێزهەت و دایە هەرسێکیان لەپێکەنیندا پرۆکان، بە تووڕەییەکەوە لەسەر جێگەکەم هەستام، چوومە پشت پەنجەرەکەو دەستم لەسەر سینگم داناو سەیری حەوشەکەم دەکرد کە باران شۆڕدبوویەوە دایکم پێکەنینەکەی تەواوکردو پرسی: ((ئەوە بۆ وادەکەی کچێ؟ مەگەر چی بووە؟ قسەیەکی ناشرینیان کردووە؟))

بە توورەییەکەوە وتم: نەخێر، قسەی ناشرینیان نەکردووە، تەنیا خانم گەورە باسی بووکە مردووەکەی دەکات وەیان باسی ئەوە قژ خاوەکەی)). دەستی راستم راوەشاندو بەسەر شان و ملمدا دا: ((ئەوەم واو، بووکەکەم ئاوا، بەلای ناخێریانەوە هاتبوون بۆ خوازبێنی، بەڵام هەر باسی بووکە مردووەکەی دەکرد)).

نێزهەت وتی: ((ئەوەندە بێ ئینساف مەبە! ئەی ئەو هەمووە نەبوو بە قوربان و سەدەقەی تۆ؟))

دایکم کە بڕێک سست ببوو وتی: ((وا باشە لەحەق لانەدەین، مەحبوبە راست دەکا، منیش زۆرم پێ خۆش نەبوو، گوایا دەیویست چاوترسێنی بکات و جێگای منداڵەکە قایم بکاتەوە، دروستە کە منداڵەکە لەلای دایە گەورەیەتی بەڵام خۆ منداڵی ئەو باوکەیە)).

Scanned by CamScanner

بەرقێکەوە پرسیم: ((ئێستا ئێوە زەوقتان کردووە کە کوڕی کوێرو کەچەڵی شازادە خانم هاتۆتە داخوازیم؟ ئەویش بە دەستاوتنگێک...))

دایە خانم قسەکانی پێ بڕیم: ((بەه، بەه، مەحبوبە خانم...))

ئێستا ئیتر بەکوڕەکەی عەتاءولدەولە دەڵێی کوێرو کەچەڵ!..

ئەگەر چاوت پێ دەکەوت وات نەدەوت، ئێستا لێرەدا ئەو قسەیەت کردووە لەشوێنێکی تردا شتی وا بڵێی پێت پێدەکەنن...))

لەرووم نەدەهات لەگەڵ دایکم چەلەحانێ بکەم، هەر بۆیە رووم لەخوشکە گەورەکەم کردو وتم: ((دادە، هەر لەخۆتانەوە قسەم بۆ مەکەن! من نابمە ژنی ئەو کابرایە)). وا پتەوو قایم ئەو قەسەیەم کرد کە خۆشم لام سەیر بوو.

خوشکم لێوەکانی کردەوەو وتی: ((بە من چی؟ دەبێ بەژنی یان نابێ خۆ گوڵ لەسەری من نادەن)).

دایە بە پرتەو بۆڵە لەژوورەکە چووە دەرەوە هەتا بچێتە یارمەتی دادە خانم ژووری میوان خاوێن بکەنەوە. دایکم بە ئارامی پرسی: ((بۆچی مەحبوب گیان؟ نەکا خەریکی نازدەکەی؟))

((نا، دایە گیان چ نازێکم هەیە بیکەم، من خۆ ئەوم نەدیوە، هەر نازانم شکڵی چۆنە. نەدیو و نەناسیاو ببمە ژنی؟ ئەویش بە منداڵێکەوە؟)).

((ناسینی کە پەیوەندی بە تۆوە نییە، باوکت دەبێ بیناسێ کە دەیناسێ، منداڵیشی هەیە با ببێ، خۆ کاری بە تۆوە نییە، لەماڵی دایە گەورەی دایە. شازادە خانمیش بێ چارە هەر دەیگوت، خۆ دەستکورتیش نین کە سەرباری تۆ بێ، یان بیانەوێ شتێک لەتۆ کەموکورت بکەنەوە، دەمێنێتەوە دیتنی ئەو)).

دایکم بڕێک بیری کردەوەو وتی: ((دیتنیشی ناوێ پیاوە ئیتر، پیاویش هەموویان وەک یەک وان)).

نێزهەت بەدەنگی بەرز پێکەنی: ((خانم گیان تۆش قسەی چۆن دەکەی، هەموو پیاوێک وەک یەک وان؟ واتە ئەگەر مەحبوبە حاجی عەلی ببینێت شاهزادەی دیتووە؟)).

ئەم جارە منیش پێکەنیم، حاجی عەلی ئاشپەز، بەپشتی کۆم و چاوەکانی کە ئەوەندە فووی لەئاگر کردبوو سوورهەڵگەڕابوو، بەو ئەختە ریشە سپییەی و لێوە ئەستوورەکانی و گوێچکە گەورەکانی و قژە زبرەکانی کە دەتگوت بزماریان لەسەری چەقاندووە. راست ببوونەوە، لەراستیدا نموونەیەکی باش بوو بۆ پیاوێکی تەواو.

نێزهەت پرسی: ((خانم دەیانەوێ تاوێک چاوبان پێی بکەوێ؟)) ((بەڵێ، ئەی چۆن؟ نابێ بزانم دەبم بەژنی کێ؟))

نێزهەت پرسی: ((ئەگەر چاوت پێکەوت ئیدی تەواوە؟))

دایکم سەروچاوی خۆی رنی: ((ئەیەڕۆ نێزهەت، ئەوە دەڵێی چی؟))

نێزهەت بێ ئەوەی سەرنجبداتە دایکم درێژەی بە قسەکانی داو وتی: ((وتم ئەگەر ئەوت دی ئیتر کار تەواوە؟ ئیتر بڕوبیانویەک نامێنێ؟))

((ئەخێر ئەگەر پەسەندم کرد کار تەواوە؟ ئەگەر پەسەندیشم نەکرد تازە سەرەتای قیڕوقاڕو هەڵاو هەنگامەی منە لەگەڵ ئێوە و بابە گیان)).

نێزهەت بە زیزییەکەوە وتی: ((ناتەوێ نەتەوێ، چ هەڵاو هەنگامەیەک؟ خۆ ئەیان بەستوویەتەوە. دەبێ تۆ ژیان بکەی. ئێستا من بیرێکی لێ دەکەمەوەو دوایی ئاگادارت دەکەمەوە)).

دوو رۆژ دواتر دەمەو نیوەڕۆ لەخەو هەستام، بەرچاییم خوارد، هەر بیرم لەدارتاشەکەی سەر کۆڵانیش نەدەکردەوە. دەتگوت لەخێری گۆزەرابووم. دایکم قاوی کردم: ((وەرە مەحبوبە گیان مێزەکە بچنین)).

ئەو شەوە باوکم میوانیی بوو. مێز چنین و دانانی گوڵ و رازاندنەوەی ژووری میوان لەو کارانە بوو کە دەبوایە من بیکەم و ئەم ئیشەشم بەباشی لەدایکمەوە فێر بووبووم. دایکم خۆی لەژێر چاودێری خانمێکی ئەوروپایی ئەم کارانە فێر بووبوو. ماڵی ئێمە لەو ماڵانە بوو کە ئەم ئوسوڵە بەو پەڕی دیقەت و جوانییەوە لەبەرچاو دەگیرا. دایکم کە بە زەوق جوانی و ماڵداری مەشهوور بوو ، لەحاڵێکدا کە دەیویست دەورییە

Scanned by CamScanner

گوڵ گوڵاریەکان لەسەر مێزەکە هەڵچنی و چەقۆو کەوچك و چنگاڵە زیوەکانیش لەدەستی مندا بوو بێ پێشەکی وتی: ((شەوی پێنج شەممە دەبێ بچی بۆ ماڵی نیزهەت))

((بۆچی؟))

((حای. سەعاتی خەو! بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە نەسیر خانی دامار میوانییەکی پیاوانەی هەیەو کوڕی ئاغای عەتابەلدەولەی بانگ کردووە هەتا جەنابت بیبینی!))

نەسیر خان مێردی خوشکەکەم نیزهەت بوو، ماقی دایکم بووم و وتم: ((سەرەتا بزانن دایکی و خوشکەکەی منیان بەدڵە. دواتر قەول و قەرار دابنێن. ماڵی بووك هەراو هەڵایەو لەماڵی باوك هیچ هەواڵێك نییە)).

((بۆ پەسەندکردن پەسەندیان کردووی، وتوویانە وەڵامەکەمان پێ بدەنەوە باوکیشت وتوویەتی نیزنبدەن بڕێك بیری لێبکەینەوە. دەبێ لەگەڵ کچەی قسەبکەین. ئەو هەژارانەش قەبووڵیان کردووە، زۆریش خۆشیان لەڕۆشنبیری باوکت دێت)).

بەسەر سوڕماوی پرسیم: ((منیش پێنج شەممە دەبێ بچمە ژوورەکەوە؟))

((ئەگیانەکەم، مەگەر منداڵی؟ تۆو نیزهەت لەپشت دەرگاکەوە سەیری دەکەن. نیتر نابێ بڕۆی، خۆ میوانی ژنانە نییە)).

بێ ئەوەی کە هیچ بڵێم خۆم بە چنینی مێزەکەوە خەریك کرد، چەند خولەکێکی پێچوو، دایکم وتی: ((مەحبووبە گیان، ناتەوێ سەردانێکی ماڵی دادە نیزهەتت بکەی؟))

((بۆچی؟ دیسانەوە کاری پێمە؟))

((نە گیانەکەم کاری پێت نییە، بەڵام پێم وابێ دڵی لێت نیشابێ، بڕۆ ئاشتی کەرەوە)).

((لەمن؟ بۆچی؟))

Scanned by CamScanner

((ڕۆژی خوازبێنییەکە زۆر پیس لێی تووڕە بووی، کاتێک دەڕۆیشت وتی مەحبووبە گەورەو بچووکی هەر نازانێ))

خەجاڵەت بووم‌و بە پێکەنینەوە وتم: ((وەی، چەندە دڵی ناسکە! زۆر باشە خانم گیان ئەگەر پێنج شەممە چووم بۆماڵیان لەدڵی دەردێنم))

((نا، دەبێ هەر ئەمڕۆ بڕۆی، ئەگەر پێنج شەممە بڕۆی دەڵێ بۆ لای خوازبێنی کەرەکەی هاتووە نەک بۆ لای من)).

بەبێ تاقەتییەکەوە وتم: ((زۆر باشە، ئەمڕۆ دەڕۆم، دوای نانخواردن)).

یەک دوو سەعات لەنیوەڕۆ تێپەڕبوو، چارشێوو پەچەکەم بەسەرداداو چوومە ژوورەکەی دایکم‌و وتم: ((خانم گیان من بڕۆم؟))

((ئێستا؟ ئێستا هەموویان خەوتوون. هەندێک بخەوە جا بڕۆ)).

((نا، خانم گیان زوو دەچم با شەو بگەڕێمەوە، ئەگینا نامێڵن بێمەوە، هەزار ئیشم هەیە)).

((بەڵام ئاخر باوکت چۆتە دەرەوە، بە کەژاوەکەش چووە، هەتا یەک دوو سەعاتی تر ناگەڕێتەوە)).

((کەژاوەم بۆ چییە؟ هەوا بەو خۆشییە! خۆ زۆر دوور نییە بەپێ دەچم)).

((کەوایە بەتەنیا مەڕۆ، دایەش لەگەڵ خۆت بەرە)).

((وەی نە خانم گیان، دایە گیان زۆر فسەفس دەکا، هەتا ئێوارەی پێ دەچێ کە بگەین، ئێستا خۆ کەس لەکۆڵاندا نییە، بە تەنیا دەڕۆم)).

دایکم کە ماندوو بوو لەسکپڕی، گێژی خەو بوو بێ خەیاڵ وتی: ((کاتی گەڕانەوە چی دەکەی؟ ئەی ئەگەر کەوتیتە تاریکی؟)).

((دەی بە کەژاوەکەی دادەم دەگەڕێمەوە، ئەگەریش نەبوو لەگەڵ یەکێک لەپیاوەکانی دێمەوە)).

دایکم بە وەڕزییەکەوە وتی: ((نازانم وەڵا، هەرچی پێت خۆشە بیکە، تەنیا خوا بکات باوکت نەزانێ)). ڕاکشاو خەوی لێکەوت.

Scanned by CamScanner

لەماڵ هاتمەدەرەوە، هەتاوی بەهار گەرم‌و خۆش بوو، کۆڵان چۆڵ بوو، باڵندەی تێدا هەڵنەدەفڕی، دەمزانی لەژێر بازاڕەکەدا تەواوی دووکانەکانیان داخستووە. هەتا یەک دوو سەعاتی دیکەش نایکەنەوە، دە هەنگاوم مابوو بۆ دووکانی دارتاشەکە. هەر ئەوەندەم ئاستەم بوو لا بکەمەوەو دووکانەکە ببینم. لەسەرەتای بازاڕچەکەدا، بەڵام دەنگی ڕەندە نەدەهات، لەناکاو هەموو ئەو نیشتیایەی کە بۆ دیتنی خوشکم هەمبوو نەمما، حەزمدەکرد بمدیایە کە لەسەر دارەکان نوشتاوەتەوەو سەرقاڵی کارە، بەڵام هەموو شوێنێک بێ دەنگ بوو، دوو هەنگاو کە چوومە پێش شتێکی سەیرم دی.

((سەلام خانمە بچکۆڵ)).

لەسەر بڕێک دار کە لەپشت دووکانەکە دانرابوون بازی دایە خوارەوە، هەر بە پانتۆڵە رەش‌و کراسە سپییە درێژەکەی کە تاسەر چۆکی دەهات، قۆڵەکانی هەڵماڵیبووو دوگمەی ملیوانەکەی کرابووەوە، لەناکاو کەوتمە بیری ئەو شیعرە: کەس کراسی نەدووری کە ئاخرەکەی نەیکردە عەبا.

سێ هەنگاوی بەرزی هەڵگرت‌و گەیشتە ناوەڕاستی دووکانەکە، لەوێدا پاڵی بەمێزە دارینەکەوەدا کە کەرەستەی ئیشەکەی لەسەر بوو. هەر لەو شوێنەدا وا تەختەکانی رەندە دەکرد، دارەکانی دەبڕییەوە، هەر لەو شوێنەدا وا ئیشەکانی تێدا بەڕێوە دەبردو من نەمدەزانی چییە، تەنیا دەمزانی ناوی دارتاشییە.

قژەکانی کە لەپێشەوە ئەڵقە ئەڵقە بەناوچەوانیدا هاتبووە خوارەوە، لەدواشەوە تا ژێر گوێکانی دەهات، دەتگوت دەروێشە، هەتا ئەنیشکی دەستی بەدەرەوە بوو، دەمارە شینەکانی لەژێر پێستە بۆرەکەی هەتا ئاخری دەستی دیار بوو، دووبارە وتی: ((سڵاومان کرد ها؟)).

بێ ئەوەی کە بەدەستی خۆم بێ سەیری ئەم لاولای خۆمکرد، کەس دیار نەبوو. ((عەلەیکە سەلام، ئێوە نیوەڕوان دایناخەن؟))

((کاتێک چاوەڕێی بم نا)).

((چی؟! چاوەڕێی بوون؟))

Scanned by CamScanner

((بەڵێ)).

((چاوەڕێی کێ بوون؟))

((چاوەڕێی ئێوە)).

دیسانەوە دڵم داخورپا، دیسانەوە دڵم لەناو سنگمدا کەوتە پاڕانەوە. شوکور بۆ خوا کە پەچەم پێوە بوو ئەو دەموچاوی منی کە سپیاوم لێ دابوو نەدەبینی. بە خۆمم وت هەر ئەوەت دەویست؟ هەر لەسەرەتاوە وەڵامی پرسیارەکەت دەزانیو بەڵام دیسان پرسیارت کردەوە. تۆ تێناگەی کە چەندە لەسنووری خۆی تێپەڕیووە؟ کەوایە ئەگەر بە ناو دەمیدا دەدەی؟ بە هەموو ئەمانەوە بەدەنگێکی ئارامەوە پرسیم: ((کارتان بە من بوو؟))

((مەگەر ئێوە قاپتان نەدەویست؟ دەی بۆم دروستکردوون)).

لەسەر مێزەکە قاپێکی بچکۆلەی هەڵگرتو بۆی ڕاگرتم، زۆر باشە کەوایە مەبەستێکی خراپی نەبووە، بێ نیەت سڵاوی کردووە، بەدوای ئیشو کاری خۆیەوە بووە، دڵم ئارامتر بووەوە، بەهەموو ئەمانەوە دەبێ لەبەیانییەوە چارشێوەکەم بگۆڕم، هەر دەڵێی چارشێوەکەمی دەستنیشان کردووە، پێم وایە بەچارشێوەکەمدا دەمناسێتەوە، لەڕووی چارشێوە حاشییە چندراوەکەم. وتم: ((بەڵام خۆمن قەبارەیەکم پێت نەدابوو)).

((دەی باشە ئێوە شتێکتان دەویستو منیش شتێکم دروستکردووە ئیتر. ئەگەر بەدڵتان نییە بیخەنە ژێر پێتانو وردی بکەن، دانەیەکی ترتان بۆ دروست دەکەم، هەفتەیەك زیاترە کە بەنیوەڕوان لێرە چاوەڕێیی دادەنیشم)).

دوو هەنگاوی تری هەڵگرتو قاپەکەی بەردەوام درێژ کرد، وەرم گرت نەمدەویست کە دەستی لەدەستم بکەوێ، بەڵام لێی کەوت، پەنجە گەورەیو پەنجەی شایەتومانی لەکاتی پێدانی قاپەکە بەدەستم، بە پشتی دەستمدا کێشرا، زۆر زبرو ئەستوورو بەبڕوای من پیاوانە بوو، بە جوڵانەوەی ئەو بۆنی دار لەچوار دەوردا بڵاو دەبووەوەو من تا ئەو کاتە نەمدەزانی کە دار بۆنی چەندە خۆشە، وردە دارەکان لەژێر قاچیدا قرچەقرچی دەهات، وەکو گەڵای دارە

لەگەڵ خۆی بهێنێ؟! کەس پاییزییەکان. وەی تۆ بڵێی بۆنی بۆنی دار ئەوەندە مەستی لەکۆڵانەکەدا نەبوو تازە ئەگەر بشبوایە گرنگ نەبوو، خەریکبووم قاپم بۆ خوشکەکەم دەکڕی، بۆ ئاشت بوونەوەی خوشکەکەم، قاپەکەم ئەخستە ژێر چارشێوەکەم، بۆنەوەی ئەو کەسانەی بەلامدا تێدەپەڕین بیبینن. گەورەتر لە سەنت و لەبیست سەنت نەبوو، ئیختیاری زمانم لەدەستمدا نەبوو، وتم: ((ئێوە کە ئێوەڕوان ئاڕۆنەوە ژنەکەتان توڕە نابێ؟))

((من ژنم نییە)).

((کەسیشت دیاری نەکردووە؟))

((ئەی چۆن))

دیسانەوە دڵم داکەوت، ئێستا ڕازی بووی کچێ؟ ئەم پیاوە ژنی هەیەو ئەو کاتە تۆ، کچی بەسیرولمولک، ئاوا خۆت سووک کردووە، دیسانەوە وەک ئەوەی ئیختیاری خۆمم پێنەبێ پرسیم: ((دەی بە سەلامەتی کێ یە؟))

لەدڵمدا بە خۆمم وت ئاخر بە تۆ چی کچێ. کچی فلان لدولە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە دەزگیرانی شاگرد دارتاشی کۆڵانەکە کێیە؟

وتی: ((ئەوەی پووری دایکم)).

لەناکاو دڵم بۆی سووتا، چونکە ئەم ڕستەیەی بە ئاوازێکی ستەملێکراوی و هەژارانە وت، دەتگوت تەسلیمی ئەوە بووە کە هاتۆتە ڕێی، وتم: ((موبارەکە إن شاءالله، کەوایە لەم ڕۆژانەدا شیرینیش دەخۆین)).

سەری داخست، قژە یاخییەکانی بەسەر ناوچەوانیدا هاتنە خوارەوە، دیسانەوە سەری بەرزکردەوە: ((بۆ دایکم موبارەکە، من کە نامەوێ. بەشکەم حەڵوای مردنەکەم بخۆن)).

پێکەنیم: ((خودا نەکا)).

بێدەنگبوو، بەسە ئیتر، چەندە خاوە خاوەکەی، پرسیم: ((چەندەت پێشکەش بکەم؟))

((بۆچی؟))

((بۆ قاپەکە)).

بە هەستێکی بریندارەوە بەجۆرێك کە جێگەی هیچ شتێکی نەدەهێشتەوە وتی: ((ئێمە ئەوەندەش ناپیاو نین)).

((ئاخر...))

((ئاخری ناوێ، بەلای ئاخێرمانەوە کاسبی کۆڵانەکەین)).

دوو کوت تەختەی لەسەر مێزەکەی هەڵگرت و وتی: ((دوو تەختەی ئەوەندە، بایەخی ئەوەی هەیە تۆ باسی پارەکەی دەکەیت؟)) یادگاری ئێمەیە بالاتبێ قەبووڵی بکەن.

وتم: ((ئیختیارتان هەیە، ساحێبی قابیلی هەیە، دەستت خۆشبێ)).

بێ ئیرادە دەستم چووە سەرەوەو پەچەکەم لاداو سەیری چاویم کرد، بێدەنگ و واق ورماو، راوەستاو هەتا بناگوێی سوور بووەوەو لەژێر لێوەوە وتی: ((بە قوربانی قەڵەمی وێنەکێشی سورشت)). نەك ئەوەی کە بیەوێ بە سووك قسە بکات، نا، زۆرتر لەوە دەنگی دەرنەدەهات، گەڕامەوە، بێ خودا حافیزی و ئەم جارە هەڵنەهاتم.

بەڵکو ئارام ئارام و بەهەنگاوی سووك و هێمن دوورکەوتمەوە، هەوای بەهار بێدادی دەکرد، دەمزانی سەیرم دەکا، تیری نیگایم هەستپێدەکردو دەڕۆیشتم، ئارام دەڕۆیشتم، دەڕۆیشتم و لەدڵدا جنێوم بە خۆم دەدا، وڕێنەم دەکرد، خودا بتکوژێ یاخوا کچێ، ئەی قوڕ بەو سەرە گەوج و نەفامەت... ئاخ چەندە بۆنی داری ڕەندەکراو خۆش بوو نەمدەزانی...

بەشکەم زووبەزوو بمری وداخت لەسەر دڵی هەموو کەس بمێنێ، دەبینی چۆن حەیامان دەبەی!!... ئاخر چ شتێکی ئەم شاگرد دارتاشە باشە وا ئەوەندە خوازیاریت؟ قەدو باڵای جوانی؟ یان باسکە ئەستوورەکانی کە قۆڵی کراسەکەی هەڵکردبوو؟ ئاخ خۆزگە دەمردی. خۆزگە دەمردم و رزگارم دەبوو، خۆزگە دەمردو دەحەسامەوە، کێ بمرێ؟ کێ دەمرد هەتا من راحەت دەبووم؟ هەتا

رزگارم ببێ؟ ئەگەر هەتا دوێنێ شەو نەمدەزانی ئێستا باش دەیزانم، خوا بکات کوڕەکەی "عەتابلدەولە" بمرێ هەتا من ئاسوودە بم.

بەڵێ، ئەوەندە خاو بووم، ئەوەندە منداڵ بووم، وە ئەوەندە بەخت هەڵگەڕاوبووم باسی مەکە. ئەوەی دەیبینی هەر ئەو قاپەیە.

پووری گیان قاپەکەی لەناو وردە شتەکانی ناو سندوقەکە دەرهێناو دایە دەستی سودابە، کۆنو ناشرین ببوو، لەماچەکانی پووری گیان، لەفرمێسکەکانی پووری گیان، لەتێپەڕبوونی کات، بەڵام دەتگوت ئەو جادوی عەشقەی کە تێیدابوو هێشتا دەیتوانی پەنجەکانی سودابە بسوتێنێ، یان سەیرکردنی بە تەواوی گۆشەو سوچەکانی سیمای ئەو لاوە ئەویندارە دارتاشەی بە قژە پەرێشانەکانی بیر دەهێنایەوە.

پێنج شەممە ماڵی نیزهەت قەرەباڵغ بوو. ئێوارەی ئەو رۆژە نەسیر خان چەند کەسی لەناسیاوەکانی خۆی بانگهێشت کردبوو، میوانییەکە پیاوانەبوو و نیزهەت دەیویست هەموو شتێك بەباشی بەڕێوەبچێ، دەتگوت دەیویست شکۆو گەورەیی زاواکەی ئێستا بەرووی زاوای داهاتوودا بداتەوە. دەبوایە خزمان لەپشتەوە بشاردایەتەوەو لەدرزی دەرگاکەوە چاومان پێدەکەوت، ئامادەبووم هەتا ئیرادێکی لێبگرم.

زۆر کات رێدەکەوت کە خوازبێنی کچێك بەتەمەن دەبوو، لەشانسی خراپی من ئەم دانەیە پیر نەبوو، دەمزانی ئەگەریش تەمەنی زۆر بێ یان بیستو هەشت ساڵیەتی یان بیستو نۆ ساڵ، کە وایە یان قەڵەوە یان کەچەڵ، بەشکم کەچەڵ بێ، یان بەگڕوو بیانوو، هەر لەخۆوە لەبەرچاو ئازیزیان کردبوو لەوانەیە بەگڕوو بە بیانووبێ، لەوانەشە هەڵسوکەوتی باش نەبێو بێ ئەدەب بێ، لەوانەیە بەهۆی ئەوەی کە کوڕی شازادەیە نەخوێندەوارییەکی هەبێو نەهونەرێکش، بەشکەم لەنێو قسە کە دەیکات دە دانەیان خراپ بێ، دەمزانی یەکێك لەم بیانوانە بێنمەوە بارکم بێ بێنەو بەرە قەبووڵی دەکات. بەتایبەتیش کە ژنی دیکەشی

Scanned by CamScanner

مێناوەو منداڵیکیشی هەیە، چونکە باوکم پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، خۆ کچ بۆ ئەو کاڵایەک نەبوو کە لەسەر دەستی بمێنێتەوە بیەوێ زوو لەملی خۆی بکاتەوە گیانم وەکو بی دەلەرزی. نێزهەت بە پێکەنینەوە وتی: ((ئەوە چیتە کچێ؟ تۆ خۆ ناتەوێ بچیتە ژوورێ، ئەگەر ئاوا بلەرزی لەناکاو دەکەویە ناوە راستی وەتاغەکە!))

((وەی، تووخوا دادە مەمترسێنە)).

ئارامو قەرارم نەبوو، پێم وانەبوو هەتا ئێستا بووکێک پەیدا بووبێ کە بەرادەی من ئاواتی بووایە زاوا ئەوەندە خراپ بێ، لەوانەیە خودی خواش پێی سەیر بوایە کە ئەم بەندە پازدە ساڵانە نازپەروەرە دەوڵەمەندە نازکەرەی سات بەسات هەر کاتێک دەوری خۆی چۆڵ دەبینێ دەکەوێتە پارانەوە لێی.

((ئاخ خودایە بەشکەم دەمو پلی گیڕ بێ))، ((خوایە بەشکەم کەچەڵ بێ)). ((خوایە گیان کارێک بکە کە توربێو نەتوانێ قسەبکا))، ((دە دانە مۆم دادەگیرسێنم کە لاقێکی شەلبێ)).

بەڵام کاتێک کە دەمەوئێوارە میوانەکان گەیشتنو چوونە ژووری میوانەوە تەواوی نەزرو نیازەکانم هەموو بەفیڕۆ چوون. نەک تەنیا من هیچم بۆ نەماوە بیڵێم، بەڵکو نێزهەتیش کەوتە پیاهەڵدانی، لەبەختی شەڕی من خوازبێنییەکەم لاوێکی رێکوپێکو پەروەردەکراوو جلوبەرگ جوان بوو. لەناو ئەو جلە ڕازاوانەدا کە بە مۆدێلی ئەورووپایی دوورابوون زۆر رێکوپێکو ئەندام جوان دەهاتە بەرچاو، رامکردە حەوشەکەی پشتەوەو ڕووبە بە ئاسمان گلەییم کردو وتم:

((خوایە گیان، دەستت خۆشبێ)).

ئەگەر هەرکچێکی تر لەجیاتی من دەبوو، یان ئەگەر ئەو کچەی مانگێک لەوەپێش دەبووم و بڕێک عەقڵ لەمێشکمدا دەبوو، چاوەڕێم نەدەکرد، خێرا دەمگوت بەڵێو خوا خوام بوو کە ئەو پەشیمان نەبێتەوە، بەڵام چی بکەم ئەو مانگێک درەنگ هاتبوو، دەمزانی کە خەریکم بەردەبمەوە، خەریکم تێدادەچم. تێدا چوبووم بەڵام چارە چیبوو؟ ئیتر نەمدەتوانی بەر بەخۆم بگرم

نیزهەت بە سوکی بانگی کردم: ((بۆ کوێ ڕۆیشتی؟ دەی وەرە سەیری بکە))
ئەسیر خان بۆنەوەی کەئێمە بتوانین باشتر چاومان پێبکەوێ، کورسیەکی
بەرانبەر ئەو دەرگایەی کە ئێمە لەپشتییەوە ڕاوەستابووین دانابوو هەر بە
زاواکەی دەگوت: ((لێرە دانیشن سەرو خواری خۆ نییە، لێرە خۆشترە...))
نیزهەت خۆی ڕنی و وتی: ((قوڕ بەسەرم، ئەو کورسیە قاچێکی شکاوە، ئێستا
زاوا دەکەوێ))و هەیکەڵ قورسی کە لەزۆری ئەو پێکەنینەی کە دەیشاردەوە
دەلەرزی.

منیش بەسووک پێدەکەنیم و دەمگوت: ((تو خوا نیزهەت پێمەکەنە، دەنا
دەزانن)). نیزهەت بچڕ بچڕ لەناو پێکەنینەکەیدا بەسوکێك وتی: ((تۆ هەر
سەیری بکە.. کارت بەمن نەبێ)).

لەنوکی پێڵاوە ئەوروپییەکانییەوە کە بریقەی دەهات سەیرمکرد هەتا
گەیشتمە ئەژنۆکانی.

لەسەر کورسییەکەدا کەوتبووە سەر شان، ئەنیشکی دەستی چەپی لەسەر
کورسییەکە دانابوو و قاچی چەپی لەسەر قاچی ڕاستی دانابوو، دەستی ڕاستی
لەسەر قاچی چەپی دانابوو، بێشك شتێکی لەمیوانییەکەی ئەم شەو دەزانی،
بەڵام بەهیچ جۆرێك پێ عەیببوون بەروخسارییەوە دیارنەبوو، ئایا ئەویش
ئەویندار بوو؟ ئەویشیان بەزۆر هێنابووە ئێرە؟ نیگاکانم هەتا سەرسنگی،
جلیسقەو کراسی سپی و زنجیرە ئاڵتونەکەی سێتەکەی هاتە سەری و بەبێ
ئیختیارییەوە چاوم بەدەستەکانی کەوت، پێمخۆش بوو دەستەکانی ببینم،
دەستەکانی چۆن بوون؟ وەکو دەستەکانی ڕەحیمی دارتاشی سەر کۆڵانەکانن
بوو یان نا؟ هەڵبەت کەوا نەبوون ئەم دەستانە خاوێن و نەرم بوون. کاریان
پێنەکرابوو، هەڵبەت لەدەستەکانی ئەو سپی تر نەبوون، لەپشت دەست و
قۆلەکانییەوە هەندێك مووی ڕەش ڕوابوو. بەڕای من هەر پیاوانە نەبوون.
دەستی لاوێکی ناز پەروەرو لەخۆڕازی بوون، دەستی ئەو مرۆڤانەی کە بەردەوام
حەز دەکەن براوەبن، ئەو دەستانەی کە پێیان دەگوتم: سەیرم کەن، سەیری

خاوەنەکەم کەن، ئاغا گیان، ببینە، دایکم و خوشکەکەشمت خۆ دیووە، بەو کەڕاوەو کلفەتو نۆکەرەوە، ئاواتت ئەوە نییە کە پەسەندت بکەن؟ ئاترسی کە بۆت نەبم؟

بەڵام منیش خۆم بە کەمتر نەدەزانی، نەدەچوومە ژێر قسەی زۆر، من ئەوەی کە حەزم لێکردبوو بەدیم کردبوو، دەی کەوایە بۆ بترسم؟ بۆچی سەیری چاوی نەکەم؟ چاوەکانم بردە سەرێو تا ئەوەندەی درزی دەرگاکە لێوەی دیاربوو سەیری ڕوخساریم کرد، بەڕاستی جوان بوو، چاوو برۆی کە قسەی تێدا نەبوو، چوو بووەوە سەر خێزانی ماڵی دایکی، لێوەکانی گۆشتنو سوور، لووتی قەڵەمی، سمێڵی ئاسک، قسەکردنی بەهێزو ئارام... بەڵام، بەڵام. بەخۆم دەوت دەی بڵێ ئیتر چییتە؟ لەمە باشترت دەوێ؟ نا، ئاخر بۆنی عەتری لێدێ، هەر دڵمی نەگرت، زۆر بێ تامە، هەر بەکاری ئامۆزا گیان گیانییەکەی دێ...

جەستەی نێزهەت بەردەرگاکە کەوتو دەرگاکە کەمێك لەرییەوە خێرا چاوە ڕەشەکانی بەرەو لای دەرگاکە راکێشران، دەتگوت ڕێك چاو لەچاوم دەبڕێ. دواتر بزەیەکی کردو بە مێردی خوشکەکەمی وت: ((لەدەرەوە بای دێ؟))

((نەخێر، چۆن؟))

((هیچ، چاوم بەدەرگاکە کەوت دیم دەلەرێتەوە...))

مێردی خوشکەکەم رووی لەدەرگاکەکرد وا بە مۆڕەوە سەیری دەکردین کە منو نێزهەت بێ ئەوەی ئیختیارمان بەخۆمان بێ هەنگاوێك چوینە دواوە. هەر لەو کاتەدا وتی: ((نەخێر، لەوانەیە پشیلە بێ)).

کوڕەکەی شاهزادە خانم وتی: ((لەوانەیە پشیلەیەکی شلوغیش بێ)).

نێزهەت وتی: ((وەی، چەندە خوێن شیرینە؟))

هەرچی زۆرتر باشییەکانی دەردەکەوت، من زۆرتر تووڕە دەبووم، بەخۆم وت خەریکە بولبول زمانی دەکات. وا بیر دەکاتەرە لەپشت دەرگاکەوە پەسەندم کردووە، نەك دڵێك بەڵکو سەد دڵ ئەوینداری بووم، لەدڵی خۆمدا گاڵتەم پێدەکرد. لەلای دەرگاکە هاتمە ئەم لاوە. نێزهەتیش هاتە ئەم لاوە، نێزهەت

دووباره وتییه‌وه: ((زۆر قسه خۆشه نا؟ له‌و که‌سانه‌یه که مرۆڤ زۆر مه‌ست به نزیکایه‌تیی ده‌کات)).

به‌رقینکه‌وه وتم: ((زۆر چار پییسه، ئه‌وه‌نده بێ چاوورووه که له‌پشت ده‌رگاکه‌شه‌وه بێ چاوپروویی ده‌کا، زۆریش له‌خۆ ڕازییه!))

نێزهه‌ت وتی: ((وه‌لا تۆش خه‌ریکی به‌دوای بیانوودا ده‌گه‌ڕێی. بۆ خراپییه‌که‌ی چییه؟ مرۆڤ هه‌ر حه‌زده‌کا هه‌ر سه‌یریکا)).

باشتر وابوو له‌و کاته‌دا هیچ نه‌ڵێم.

ئه‌وان ڕۆیشتن‌و سه‌ره‌تای قسه‌و باسه‌کان بوو، له‌ماڵی خۆمان دایکم دایه گیانی نارده لام. ((ده‌ی محبوبه گیان، سه‌یرتانکرد تێگه‌یشتی که باوکی پارووی خراپت ده‌رخواردنایا، ئێستا پێیان بڵێم چی؟ بڵێم په‌سه‌ندتکردووه؟))

((نا))

له‌وه زیاتر نه‌متوانی به‌دایه گیان شتێکی تر بڵێم، دایه‌م به پێکه‌نینێکه‌وه وتی: ((زۆر باشه ئێستا ئه‌مه‌ش به نازکردن حساب ده‌که‌ین، ئێستا ئیتر خۆت لووس مه‌که. پێم بڵێ چی به‌دایکت بڵێم؟))

((وه‌ی دایه گیان، مه‌گه‌ر قسه‌یه‌ك چه‌ند جار دووباره ده‌کرێته‌وه؟ وتم پێی بڵێ نا)).

دایه دای به‌سه‌ری خۆیداو وتی: ((ئه‌یه‌ڕۆ قوڕ به سه‌رم، چی بڵێم نا! مه‌گه‌ر شێت بووی؟ دایکت دیق ده‌کا)).

((مه‌گه‌ر دایکم به ته‌مایه شووبکا)).

دایه زۆری له‌لا سه‌یر بوو، هه‌ر به خێسه‌وه چاوی لێده‌کردم‌و وتی: ((زۆر بێ چاووڕوو بووی کچێ؟ من ناوێرم. خۆت بڕۆ پێی بڵێ. ئاخر مه‌گه‌ر ئه‌م لاوه خراپییه‌که‌ی چییه؟))

((هیچ، هیچ خراپییه‌کی نییه، خوا بۆ دایکی بیهێڵێ)).

دیسانه‌وه دایه وتی: ((گه‌نج نییه؟ گه‌نجه.. سه‌رنجڕاکێش نیه، هه‌یه، ماشاءالله وه‌کو زێڕ وایه... ده‌وڵه‌مه‌ند نییه، هه‌یه...))

Scanned by CamScanner

((ئەوە چییە چیتە دایە خانم، هەر دەڵێی موعجیزە باس ئەکەی؟ بزانم چییە ئەوەندە خۆشەویستە)).

دایکم بێ خەیاڵو سەرو رووخۆش هاتە ژوورەوە.

((هیچ)).

دایکم رووی لەدایە گیانم کرد: ((دەی دەڵێ چی؟ چ وەڵامێکیان پێبدەینەوە؟))

لەجیاتی دایە من بە ئاوازێکی زۆر جدییەوە وتم: ((پێیان بڵێن مەحبوبە وتی نا)). چاوەکانی دایکم مۆڵەق وەستاو بەهێمنییەکەوە رووی تێکردمو وتی:

((چی؟... بڵێم... تۆ وتت چی.....؟))

((بڵێن من وتم نا)).

((ئەوە شێت بووی کچێ؟))

((نا شێت نەبووم. بەڵام من ئەم پیاوەم ناوێ)).

دایکم بە ئاهەنگێکی دایکانەو بە ئامۆژگارییەوە وتی: ((پشت لەبەختی خۆت مەکە مەحبوبە. بۆچی وادەکەی؟))

((من نابمە ژنی پیاوی منداڵدار)).

دەتگوت کەسێکی دیکە لەجیاتی من ئەو قسەیەی کرد، خۆشم لەبیستنی ئەو قسەیە لەدەمی خۆم سەرم سوڕما، لەو کاتەدا بوون و نەبوونی منداڵێکی بچووک بە قسەی خودی شازادەخانم منداڵێکی بچکۆلە لەماڵی دایە گەورەیەکی وەکو شازادە خانم باوە گەورەیەکی وەکو عەتالدەوەلە گرنگییەکی وای نەبوو کە بتوانێ ببێتە ڕێگر لەبەردەم زەماوەندی کچێك بەو خوازبێنییە جوانە. بەڵام من هەر وتم ناو ناو هەردوو قاچم لەپێڵاوێك کردبوو، هەرچی هاتوهاوار زۆرتر دەبوو و هەرچی پەندو ئامۆژگارییەکان زۆرتر دەبوون من بۆ وەڵامی نایەکەم زۆرتر پێداگریم دەکرد. دەستی ئاخر باوکم بەو هەمووە هێمنییەی خۆیەوە ئاوبژیوانیکرد: ((بە مەحبوبە بڵێن لەکیسی خۆی نەدا، باش بیربکاتەوە. بەڵام ئەگەریش نایەوێ زۆری لێ مەکەن، بەو هەمووە منداڵییەوە خراپیش نالێ، ژیان

Scanned by CamScanner

ئێستا چ لەماڵێکدا بن چ نەبن، خۆی دەزانێ لەگەڵ منداڵی هەوێ ساکار نییە. دواتر ئەڵێت ئێوە واتان لێکردم)).

بێڵێ با خۆی بڕیار بدا، هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا.

خەلاسیم هات رزگاربووم.

بەهار بوو، شنەیەکی بەهاری دەهات، شەوبۆکان لەگوڵداندا بوون، گوڵە وەنەوشەکان چاوە جوانەکانیان کردبووەوە، دەنگی پێکدادانی گەڵاکانی چنارەکان بەهۆی بای بەهارییەوە بەرگوێ دەکەوت و قەمەر دەیخوێند. گۆرانییەکانی قەمەر. هەر شەوێک کە ئاغا گیان خۆشحاڵ بووایە گوێی بە گۆرانییەکانی قەمەر دەداو، شکور بۆ خوا کە لەم بەهارەدا بە هۆی سکپڕبوونی دایکم کە لەوانەیە منداڵەکەی کوڕبێ لەماڵی ئێمەدا زۆر کات گۆرانییەکانی قەمەریان دەخستە سەر. بەردەوام کتێبی حافزم پێبوو. هەر کات باوکم خۆشحاڵ بووایە منی بانگ دەکرد: ((مەحبووبە حافزم بۆ بخوێنەوە، مەحبوب لەیلی و مەجنونم بۆ بخوێنە))و هەر کات دڵی تەنگ بوایەو خەمۆک بووایە، هەرکات توڕەو عەسەبی بوایە، دایکم دەیگوت: ((مەحبوب گیان، راکە بڕۆ بۆ ئاغا گیانت حافز بخوێنەرەوە، زۆر تووڕەیە، جوان بیخوێنەوە! زۆر تووڕەیە)).

ئەو کاتە کە باوکم هێشتا لەخواردنەوەی ژەهری مارەکەی تۆبەی نەکردبوو تەنیا دایکم سینییەکەی بۆ دەگرت، بەدەستەکانی خۆی، سینییەکە دەبێ نوقرەبێ، پەرداخەکەی دەبێ کریستاڵ بێ، هەر دەبێ کریستاڵ بێ، ماست و خەیارو نانە وشکە، خوێ و بیبەر لەقاپی جواندا، تەواوی رێکوپێک. ئێمە دەبوایە لەژوورەکە بچوینایەتە دەرەوە، تەنیا دایکم بوو کە دەبوایە لەلای باوکم دانیشتایە.

((جێم نەمێڵی نازەنین گیان، بۆ هیچ شوێنێک مەڕۆ هەر لێرەدا لەلای دەستم دابنیشە، لانی کەم لەساڵدا شەوێک بە لای منەوەبە)).

دایکم پێدەکەنی: ((فەرموو ئاغا، دانیشتم. من خۆ سێ سەدو پەنجا رۆژەکەی ساڵ هی تۆم)).

Scanned by CamScanner

دواتر کاتێك باوکم حاڵی باشتردەبوو ئەو کاتەی دایکم قاپ و قاچاخەکانی کۆدەکردەوەو دەیبردنە دەرێ، ئێمە ئێزنمان بوو بچینە ژوورێ. ئەو کاتە باوکم یان ڕۆژنامەی دەخوێندەوە وەیان داوای لەمن دەکرد کە شیعری نیزامی یان حافزی بۆ بخوێنمەوە.

((مەحبوب گیان، شیعرم بۆ دەخوێنیتەوە؟))

هەتا مانگێك لەمەوبەر هەر نەمدەزانی کام لاپەڕە دەکەمەوەو چی دەخوێنمەوە، بەڵام ئێستا تێدەگەم دەمزانی چی بخوێنمەوە. ئەو لاپەڕەیەی کە دەمویست هەڵمدەدایەوەو پارچەیەك کاغەم تیا دانا بوو، دەمخوێندەوە. باوکم دەیگوت: ((بەه بەه، بەه بەه، گوێت لێیە نازەنین؟ بەه بەه)).

دایکم چاوەکانی پێدەکەنی.

ئەی دڵ بۆ ساتێکیش بووە خاڵی مەبەوە لەشۆرو مەستی

ئەو دەم بڕۆ کە ڕزگارت بوە لەهەستی و ویستی

گەر گیان بە جەستەوە ببینی سەرقاڵی کاریبە

هەر قیبلەیەك کە ببینی باشترە لەخۆپەرستی

دواتر دەیگوت: ((ئێستا شاهیدەکەی بخوێنەوە، ئەسڵی کار شاهیدەکەیەتی)).

بە مودەعی مەڵێن نهێنییەکانی عەشق و مەستی

هەتا بێ هەواڵ بمرێ، لەئێش و ئازاری خۆ بەزلزانی

ئەویندار بە..

نەخوێندراو لەئامانجی کارخانەی گەردوون تێدەگەی

دوێ شەو ئەو سەنەمە چ خۆش وتی لەمەجلیسی موغانم

کارت بە کافران چییە ئەگەر بت ناپەرستی.

چ شتێکیان بۆ منداڵەکە ئامادە کردبوو، چ جل و بەرگ گەلێك، گشتمان چاوەڕێی بووین، باوکم دەیگوت ((نازەنین گیان زۆر لەو پێ پلیکانانەوە هاتووچۆ مەکە)).

پوورم دەیگوت - ئەو پوورەم خوجەستەی خوشکمی بۆ کورەکەی دەویست

((نازەنین گیان شتی قورس بەرز نەکەیتەوە))

دایە گیانم دەیگوت: ((خانم گیان ئەوەندە پشتت دامەنەوێنەرەوەو بەرزی مەکەوە))

نێزهەت بەهۆی ئەوەی کە منداڵی گەورەی ماڵبوو وە لەلای دایکم و باوکم زۆر ڕێزی هەبوو، دەیگوت: ((خانم گیان هەرکات ژانت بۆ هات دەنێرن بەدوامدا؟))

((ئەی ئەوە ماتور نیوە شەوبوو)).

((دەی باشە هەر کات بوو بانگم کەن)).

دایکم دەیگوت: ((ئەیەڕۆ خوا بمکوژێ، لەلای ئەسیر خان تەریق دەبمەوە. بەسەری پیری...))

کاتێك کە خوشکم پێداگری دەکرد دایکم دەیگوت: ((زۆر باشە، پێت دەڵێم))و نێزهەتیش دەیزانی کە دایکم نانێرێ بەدوایدا. چونکە لەبەر زاواکەی پێی عەیب بوو.

یەك دوو سەعاتێك لەنیوەڕۆ تێپەڕبووبوو کە دایکم ژان گرتی، خێرا کەژاوەیان نارد بەدوای ماماندا، من و خوشکە بچکۆلەکەم خوجەستە لەحاڵێکدا کە نەماندەزانی چی دەکەین بەرەو حەوش رامانکرد هەتا مامانەکە ببینین، ژنێکی وردیلانەو جوانکیلە بوو. چووە ژوورەکەی دایکمەوە، خوجەستە هەر پێنج خولەك جارێك لەپشت دەرگاکەوە هاواری دەکرد: ((خانم گیان منداڵی بوو؟))

دوای ماوەیەك مامانەکە سەری لەدەرگاکە دەهێنایە دەرێ: ((هەر لەخۆتانەوە لێرە وەستاون، جارێ بەم زووانە نایبێ)).

ناوی کولاتوریان دەهێنا، پەڕۆی ناسکیان دەهێنا، کەژاوەیان نارد بە دوای پوورێ گیاندا، حاجی عەلی بەشەلەشەل رۆیشت هەتا پوورەکەی ترم واتە بە خوشکی باوکم بڵێ، دایکم حەزی نەدەکرد کە پوورم واتە خوشکی باوکم بێ بۆ لای، چونکە نەیدەویست کە ئەگەر منداڵیچوارەمیشی کچ بێ ئەو لەوێ بێ، بەڵام ئاغاگیان ئەمری کردبوو. ئاغا گیان کە بەبێ تاقەتییەوە هەنگاوی دەنا،

Scanned by CamScanner

لەژوورێک دادەنیشت، لەوێ هەڵدەستا دەچووە ژوورێکی دیکەوە، هاتوچۆی دەکرد، قلیانی دەویست و کاتێک بۆیان دەهێنا نەی دەکێشا، هات و هاوارێکی غەریب بوو کە بەهاوارەکانی دایکم ڕێبەری دەکرا. هیچ کەس لەبیری مندا نەبوو لەبیری خوجەستەدا نەبوو، کەس بە کەسێک بوو، بە هەر حاڵ ئازاد بووین. پەرۆشی دەردو ئازاری دایکم بووم و پەرێشانی دڵی خۆم. لەنێوان دوو عەشقدا بێ تاقەت بووم. چی بکەم، گوناهبارم، دایکم ژانی هەبوو منیش بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕام کە لەماڵ بچمە دەرەوە، هەتا چاوم پێی کەوێ... بۆ ساتێک، بۆ چرکەیەک، تەنیا سڵاوێک.

ورده ورده چوومە ئاخری باخەکە لەنزیکی چێشتخانەکەوە، لەوێدا پڕ بوو لەگوڵ. لقێک گوڵم لێکردەوە، گەڕامەوە بۆ ژوورەکە، چارشێوەکەم هەڵگرت و بانگم کرد: ((دایە گیان، دایە گیان)).

دایە نەبوو، بەدوایدا رامکرد: ((دایە گیان، دایە گیان)).

لەسندوقخانەکەوە هاتە دەرەوەو وتی: ((مەترسە ڕۆڵە هێشتا زووە)).

((دەزانم زووە. خەریکم دەچم بۆ سەقاخانە)).

تازە زانی چارشێوم بەسەرەوەیە.

((بۆ کوێ دەڕۆی ڕۆڵە گیان، بەتاقی تەنیا؟!))

ئاڵۆزتر لەوە بوو کە زۆر پرسیارم لێبکات یان لێم بە گومانبێ.

((زوو دەگەڕێمەوە، دەڕۆم مۆم بۆ دایکم دادەگیرسێنم)).

((ئەرێ ڕۆڵە، خێرا بگەڕێوە، دەمەو ئێوارەیە باش نیە کچ بەتەنیا لەکۆڵاندا بمێنێتەوە)).

((ئێستا دەگەڕێمەوە)).

ڕاوەستام هەتا خوجەستە پشتم تێبکا، ئەگەر چاوی پێم بکەوتایە دەهات بە دوامدا، لەسندوقخانەکەوە بەهێواشی هاتەوە دەرەوە. ڕامکرد بۆ ژوورەکە گوڵەکەم هەڵگرت و خستمە ژێر چارشێوەکەمەوە، هەر خودا خودام بوو کە بە بۆنی گوڵەکەدا پێم نەزانن، خێرا گەیشتمە کۆڵانەکە، لەوێدا هێواشم کردەوە

Scanned by CamScanner

هەرچی هەنگاوەکانم هێمن دەکردەوە دڵم خێراتر لێیدەدا، هەتا ئەوەی کە گەیشتمە پێچی کۆڵانەکە ئیتر هەوا نەما بوو بۆ هەناسە هەڵکێشان، یان ئەوەندە قوورس بوو کە لەگەرووی منەوە نەدەچووە خوارەوە، دەتگوت تەواوی خەڵکی تاران بەبوونی گوڵی ژێر چارشێوەکەم دەزانن، دەتگوت تەواوی خەڵکی دووکان و بازارەکان چاویان لەمن بڕیبوو، کۆڵانێک، دوو کۆڵان، لەکۆڵانی سێیهەم لامدا. خشەخشی دەنگی مشار ئەمجارە خەریکی بڕینەوەی شتێک بوو، هەر ئەمزانی لەوێ وەستاوە. لەلای دەرگای دووکانەکە وەستام، قاچی چەپم لەپشتەوە کەمێک بەرزکردەوەو خۆم دانەواند، یانی خەریکم پێڵاوەکانم چاک دەکەم، گوڵەکەم بەدەستی ڕاستمەوە گرتبوو و دەستی چەپیشم لەسەر چوارچێوەی دووکانەکە دانابوو، واتە دەستم بە چوارچێوەکەوە گرتووە کە نەکەوم، گوڵ لەدەرەوە نەدەبینرا، تەنیا ئەو دەیتوانی گوڵەکە لەچوارچێوەی دووکانەکەیدا ببینێ: ئاخرەکەی سەری بەرزکردەوە هەتا بزانێ ئەوە کێیە کە بەردەرگاکەی گرتووە، یان لەوانەیە خۆی باش دەیزانی.

وتی: ((سەلام)).

هەر بەو جۆرەی کە خۆم بەپشتی پێڵاوەکانم خەریک کردبوو ڕوومتێکردو وتم: ((سەلام)).

نەمدەزانی چۆن هەناسە هەڵدەکێشم: گوڵەکەی بەدەستمەوە دی، ڕاوەستام هەتا پیاوێک کە لەوێوە تێدەپەڕی بڕوات و دوور کەوێتەوە، گوڵەکەم داناو کەوتمە ڕێ، دوو خولەک بێ دەنگی و دیسانەوە دەنگی مشار، گەیشتمە سەقاخانە، پەچەکەم هەڵدایەوەو بە پەلە مۆمەکانم داگیرساند.

((خوا بکات بە حەقی پێنج ئیمام دایکم ڕزگاری بێ)). دەتگوت لەخۆشی تەریق دەبمەوە، دیسانەوە بە ئارامی وتم: ((منیش لەم عەزابە ڕزگارم ببێ)).

دەمویست بگەڕێمەوە، چەند کەس لەژێر بازارچەکەدا بوون، سەبرم کرد. ئەم دەست و ئەو دەستم دەکرد، دەمویست هەموویان بڕۆن. بەڵام کەسێک هەر

دەمات‌و دەچوو، ئاخرەکەی گەیشتمە دەرگای دووکانەکە، دەمویست بڕۆم.
چونکە بازاڕچەکە قەرەباڵغ بوو.

((خانمە چکۆل))

لەجێگەی خۆم وشک بووم، لقە گوڵەکە لەسەر مێزی دارتاشەکە بوو، چاوەکانم لەترسانا گەورە بووبوونەوە. وەی ئەگەر ئاغا گیانم چاوی پێبکەوێ! بەراستی هێشتا منداڵبووم. دەتگوت لەتەواوی دنیادا تەنیا لەماڵی ئێمە لەو گوڵەی تێدایە. دەتگوت نازانم کە ئاغا گیان‌و تەواوی ماڵەوە نیگەرانی ئێشی منداڵبوونی دایکم بوون، تازە ئەگەر ئاغا گیانم کاریشی نەبووایە زەحمەتی بەخۆی نەدەدا سەیری ئەو دووکانە بکات. چ بگات بەوەی کە ئەو لقە گوڵە بناسێتەوەو بڵێ هی کچە ماقوڵ‌و پەروەردە کراوەکەی خۆیەتی.

ئەو گوڵەکەی هەڵگرت: ((ئەمە هی ئێوەیە؟))

((نا، هی ئێوەیە))

((بۆچی؟))

((بۆ حەقدەستی قاپە نەخشدارەکە)).

پێکەنی‌و منیش خۆشحاڵبووم. ددانەکانی ڕێکوپێک‌و سپی‌و قایم بوون. دەتگوت گرفت تەنیا ددانەکانی ئەو بوو کە کەمتر لەددانەکانی کوڕەکەی عەتالدەولە نەبوون، بەقوربانی هێزی خودابم، ئەم شاگرد دارتاشە لەم دووکانە چکۆلەیەدا چەندە جوانترو ڕێزدارتربوو لەکوڕەکەی شازادە خانم، یان لەوانەیە لەچاوی مندا وا بووبێ، جێگەی ئەو لەکۆشکی پاشایەتیدا بوو، بێدەنگی هەموو شوێنێکی داگرت.

وتم: ((لەبەر چاو دایمەنێن)).

((بەسەر چاو)).

دانەوییەوەو گوڵەکەی خستە پشت دارەکانەوە، بەجۆرێک کە لەدەرەوە نەدەبیندرا ئەگەر چی بەبڕوای من بۆنەکەی هەتا ئەو سەری بازاڕچەکەی پڕکردبوو.

((ناوت چییە کچە جوانەکە؟))

سەیری هەردوو لای بازاڕچەکەم کرد، چ کاتێک کەسی لێ نەمابوو، نازانم ((مەحبووبە)). دەنگم نەدەهاتە دەرێ، کە ئەو بیستی ئەوە خۆی موعجیزەیەک بوو. بێ قسە دیسانەوە گوڵەکەی هەڵگرتو بۆنی پێوەکرد، بە نوکتە سەنجییەکەوە وتی: ((مەحبوبەی شەو! لەئاسمانەوە کەوتە دامێنی من)).

بەڕاستی حەرامزادە بوو، بەماناوە قسەی دەکرد، دیسانەوە بە ئارامی گوڵەکەی نایەوە سەر شوێنی خۆی، بە هەردوو دەستی پاڵی بەمێزی دووکانەکەوەدا.

دیسانەوە قۆڵەکانی هەتا هەنیشکی هەڵمالیبوو، دیسانەوە هەر چاوم لەدەستە قایمەکانی دەکرد. دیسانەوە ئەو بزە هارانەی لەسەر لێو نیشت. قژەکانی لەسەر ناوچەوانی پەرێشان بوو. وەحشی، پەرێشان ناڕێکوپێک.

پرسی: ((ئێوە دەزگیرانی کەس نین؟))

لەدڵمدا دەمگوت راکە ، راکە، مەهێڵە لەوە زیاتر بێ چاوڕوبێ. ئەم هەتیوە وردەڵەیەوە، ئەم شاگرد دارتاشە کاری چییە بەم قسانەوە، مەهێڵە لەوە زیاتر قاچی لەبەڕەکەی خۆی راکێشێ، بۆچی توڕە نابم، بۆچی بێدەنگم؟ دەبێ تفێک لەناوچەوانی بکەم، دەبێ فیروز خانو حاجی عەلی بۆ بنێرم هەتا شێنو ڕەشی بکەنەوە، هاتم دەمم بکەمەوەو بڵێم پەیوەندی بەتۆوە نییە بەڵام دەنگی خۆمم گوێ لێبوو کە وتم: ((هاتنە داوام بەڵام من نەمویست)).

دیسانەوە پێکەنی. دیسانەوە ددانەکانیم چاوپێکەوت، پرسی: ((بۆچی؟ مەگەر ڕەزیلی؟ ناهێڵی ئێمەش شیرینییەکی باش بخۆین؟))

((نا بەشکم حەلواکەم بخۆن)).

((بۆچی؟))

چاوم بڕیە چاوی: وەکو کەروێشکێک کە لەچنگ مارێکدا دیل کرابێ. کاممان ماربووین؟ نازانم هەردووکمان دیلی قوماری چارەنووس بووین، سەری داخستو بەئارامی دەسکی مشارەکەی لەمشتیدا گووشی، ئەوەی کە نەدەبوو

...رانی زانیبووی، گەڕامەوەو ئارامو هێمن بەرەو لای ماڵ بەڕێکەوتم، سەر ئەنجام ...رد خوشکەکەم بۆ ژێرڕاخەرو لێفە لەسندوقخانەکەدا خەرمان لێکەوت کە ...دەرکەیەکەوە لەو ژوورەی کە دایکم لەوێ منداڵی دەبوو جیاکرابووەوە لەناکاو کەسێک بە توندی ڕامانی وەشاند. کێیە بەم شەوە قاقا لێدەدا؟

((هەستن، کچەکانم، هەستن)).

((چیە دایە گیان)).

خوشکەکەم هێشتا لەسەر زەویەکە چاوەکانی هەڵدەگلۆفی کە من لەسەر جێگەکەم دانیشتم، ((دایکتان منداڵی بووە، کوڕی بووە!)) دایە زۆر خۆشحاڵ بوو: ((سەیرکە بزانە ئاغا گیانت مزگێنی چی پێداوم)).

لەسەر جێگەکەم هەستامو لەگەڵ خوشکەکەم چووینە ژوورەکەی دایکمەوە. هەر دووکمان لەبەر دەرگاکەدا بە حاڵەتێکی هەژارانە راوەستاین، دایکمان بێ هێز لەناو جێگاو بانی پاکوخاوێندا راکشا بوو. مەلافەی سپی گوڵدۆزی کراو، رووی باڵنجی سپی گوڵدۆزی کراو،بەرگە سەرینی سپی گۆڵدۆزی کراو ، لێفەی ئەتڵەس.

لێفەیەك بەسەر دایکمەوە بوو بەڵام دایکم بە زەردە خەنەیەکەوە وتی: ((دایە خانم سەرمامە لێفەیەکی تریش بێنە)).

دایە چووە سەندوقخانەوەو لێفەیەکی ساتینی لەگەڵ خۆی هێنا، ((ئای... نا... ئەمە پەمەییە... ساتینی شین بێنە)).

دایە بە پێکەنینەوە هەڵاتو لێفەی ساتینی شینی هێنا، لەسەر ئیزنی مامان چووینە پێشێ هەتا دەستی دایکمان ماچ بکەین، دایکم وتی: ((نە رۆڵە گیان دەستم نە، ئێرە))و، ئاماژەی بە ڕوومەتیکرد، ((دەزانن کوڕە؟ پشتو پەنایەکی ترتان بۆ پەیدا بوو)).

چەندە ژنەکانی زەمانی زوو دەروون ناس بوون، چەندە دایکم تێگەیشتوو بوو، بەم رستەیە بە ڕادەی کتێبێك قسەیکرد، ئەو حەساس بوونەی کە بەو منداڵە کوڕە خەریك بوو تێماندا پێکدەهات بەم ڕستەیە جێگەی خۆی بە

ئارامیی و هەستی ئەمنیەت بەرامبەر بە سبەی ڕۆژ دەدا. باوکم هاواریکرد:

((مەحبوب گیان، حافزم بۆ ئاخوێنیتەوە؟))

((بەم شەوە ئاغا گیان؟))

((هەر ئێستا، باشە، چ کاتێك باشترە لەئێستا!))

((هاتم، ئێستا دێم ئاغا گیان))

دایکم بەهۆی بەختەوەریی و بێ هێزی بەنازەوە زەردەیەکی کردو وتی: ((ئەم باوکەی ئێوەش چەندە بێکارە))و، خەوی لێکەوت.

مزگێنی ئەی دڵ کە مەسیحا نەفەسێك دێ
کە لەهەناسە خۆشەکانی بۆنی کەسێك دێ

بۆ خۆم نیەتم دەکردو دەمخوێندەوە، باوکم بە حسابی خۆی دادەنا، چونکە ئەو ئاواتەکەی هاتبووە دی.

خودا دەزانێ کە ماڵی ئێمە چ باس بوو، چەندە سکەی ئاڵتوون، چەندە سەردان، چەندە زێڕو ئاڵتوون و چاوڕۆشنی، چەندە نوقڵ و بادام، چەندە ئەسپەندەر، دەتگوت بەهاریش جێژنی گرتووە، دایکم لەژووری میوان لەناو جێگاو بانی ڕازاوە ڕاکشابوو خانمەکان دەستە دەستە دەهاتن سەردانیان دەکرد، براکەم مەلۆتکە کراو لەبێشکەی دارینی پڕ نەقش و نیگار لەپاڵ دەستی دا بوو، باوکم لەدایکم دوور نەدەکەوتەوە، ئەوەندە حافزم بۆ خوێندەوە کە ماندوو بووم، ((ئاغا گیان، ئاواتەکەتان هاتەدی، ئیتر فاڵ گرتنەوە بەسە)).

((قسەکانی حافز لەزەتم پێ دەبەخشێ)).

((کەوایە خۆتان بیخوێننەوە)).

((کە تۆ دەیخوێنیتەوە زۆرتر لەزەتم پێدەبەخشێ)).

باوکم ئەهلی فەزڵ و ئەدەب بوو، یەکێك لەو کتێبانەی کە هۆگری بوو کتێبی لەیلی و مەجنونی نیزامی بوو، یەك دوو شەو لەهەفتەدا نیزامی دەخوێندەوە، لەو کاتەدا نەریت وا نەبوو کە باوکان زۆر خۆشحاڵی و دڵسۆزی خۆیان بخەنە بەرچاو. بەڵام باوکی من وا نەبوو، ڕۆژی چەند جار ئەسپەندەریان قان دەدا،

Scanned by CamScanner

ناودارخانەی لای ژووری میوان قلیان لەسەر قلیان دادەگیرساند. چای‌و قاوەو شیرینییان دەهێنا و دەبرد، شەربەت بۆ هەموو میوانەکان‌و چێشتی نایاب بۆ دایکم.

لەچێشتخانەکەی ئاخری حەوشەکەدا شلەی قیمەیان لێدەنا. باوکم نەزری لەسەر بوو کە ساڵی جارێک شلەی قیمەو پلاوی زەعفەران دروست بکەن‌و بۆ دایکەو باوکی خێراتی دەکرد، ئەو ساڵە بەبۆنەی خۆشحاڵی لەداکیبوونی کوڕەکەی دیسانەوە هەر ئەو چێشت‌و نانەیان سازکرد، هەتا دوو ڕۆژ لەپشت دەرگا چکۆلەکەی باخ کە ڕوو بە کۆڵان دەکرایەوە حەشیمەتێکی زۆر کۆبووبوونەوە. قاپەکانیان دەهێنا و دەیاندا بە حاجی عەلی‌و ئەویش دەیدان بە دادەخانم کە پڕی بکا لەبرنج‌و کەوچکێکی شلەی لەسەر دەکرد و لەگەڵ کوتە نانێک‌و دەیدا بە حاجی عەلی هەتا بیدا بە خاوەنەکەی. پشت دەرگاکە قەرەباڵغبوو، شەڕیان دەکرد، زیرەکییان دەکردو دەیانویست کە دیسانەوە چێشت‌و نان وەربگرن، مەحشەرێک بوو کە مەڵێ‌و مەپرسە. خوشکم خوجەستە سەیری دەکردن.

((مەحبوب، وەرە با بڕۆین سەیریان بکەین)).

((من نایەم، تۆ بڕۆ)).

(بۆچی؟ زۆر خۆشە)).

((تاقەتم نییە، دەمەوێ بچم مۆم داگیرسێنم)).

((های! مەگەر چەندجار مۆم دادەگیرسێنی؟ ئەمە جاری سێهەمە کە بۆ دایکم مۆم دادەگیرسێنی!))

((پەیوەندی بە تۆوە نییە، بۆ سەلامەتی دایکم نییە، بۆ سەلامەتی برامەکە... تازە ئەمە جاری دوو هەمە)).

((بە من چی! دەڕۆی بڕۆ، ناڕۆی مەڕۆ)).

خۆیشی بەڕاکردن چوو بۆ ئەو سەری باخەکە، من چونکە دەمویست ڕۆیشتم، دەمەونیوەڕۆ بوو دەبوایە زووش بگەڕامایەتەوە. نەمدەزانی بە چ بیانوویەکەوە

لەبەردەم دووکانەکە ڕاوەستم، هەتا گەیشتمە پێچی کۆڵانەکە. دڵم ئەوەندە بە توندی لێی دەدا کە تەواوی گیانمی دەلەراندەوە، لەدەرەوەی دووکانەکەدا ڕاوەستا بوو. منیش بۆ ساتێک وەستام، ئەگەر ڕێم پێ بگرێ چی دەبێ؟. حەیام لەناو خەڵکی کۆڵانەکەماندا دەچێ. بەڵام ئەو ئیشەی نەکرد، هەر کە چاوی پێمکەوت لای کردەوەو چووە ناو دووکانەکەوە. بۆ ساتێک چاوم پێی کەوت ی شتێک لەدەستی بەربووەوە، ئەوەندە بە ئارامی کە من تەنیا هەر چاوم پێی کەوت. وابیرم دەکردەوە کە تەواوی بازاڕەکە بووە بە چاوو لێی دەڕوانێ. کوتێک کاغەزی سپی، بە ئارامی لێی نزیک بوومەوەو لەکاتی ڕۆیشتنندا قاچی ڕاستم لەسەری دانا، دەتگوت لەبنی پێمەوە ئاگر دەچێتە دڵمەوە، سکەیەک لەدەستمدا بوو بەرمدایەوەو بە بیانووی هەڵگرتنەوەی سکەکەوە دانەویمەوە، سکەکەم لەگەڵ کاغەزەکە هەڵگرتەوە، چاوم ئیتر هیچ شوێنێکی نەدەدی. هیچ شوێنێک جگە لەو چاوە خەیاڵیانەی کە لێیان دەڕوانم هاواریان دەکرد، چیت هەڵگرت؟ چیت هەڵگرت؟ کاتێک کە گەڕامەوە نەمدەوێرا سەیری کەس بکەم، ئەو ڕۆژانە ژیانی ئێمە چەندە قەرەباڵغبوو، لەماڵەوە دایکم کوڕی بوو بوو و لەدەرەوەی ماڵەوەش ئێران خۆی خستبووە باوەشی ڕەزاخانو من لەبیری شاگرد دارتاشێکدا بووم، ئێران خێراتر لەمن سەرکەوت. زۆر خێراترو ئاسوودەتر، دەتگوت دنیا ژێرو ژوور دەبوو.

شەوی شەشەم، خەتەنەکران، چوونە حەمام، تەواوی ئەمانە بۆ خۆیان بینەو بەرەو حەکایەتێکیان بوو کە دیتنو بیستنی بوون، ئەو شەوەی کە بانگیان بەگوێی منداڵەکەدا دەداو مەلا دەهات، بەڕێو ڕەسمو تەشریفاتێکی تەواوەوە دوای پەزیرایی و شیرینی و شەربەت، باوکم منداڵە مەلۆتکەکەی دایە دەستیەوە، بەگوێی ڕاستیدا بانگیداو بەگوێی چەپیدا قامەتی خوێند، ناوی ئایینەکەی مێهدی بوو، چونکە باوکم زۆر چاوەڕوانی کردبوو، بەڵام بە مەنوچێهر بانگیان دەکرد، هەر ئەو شەوە ناوەکەیو ڕێکەوتی لەدایکبوونەکەیان لەپشتی قورئاندا نووسیو تۆمارکرد. بەڵام من ئەم شتانەم نەدەزانی، گێژبووم، شێت بووم، تەنیا

Scanned by CamScanner

بەوە شادبووم کە کەس ئاگای لەمن نییە، خوا بتپارێزێ مەنوچێهر گیان. لەسەر جەژنەکەدا تەختیان لێدابوو، ژەنیارو رەقاس‌و گۆرانیبێژیان هێنابوو، دەنگی سازو سەنتور دەهات. هەموو کەسانی بنەماڵە لەمام‌و خاڵ‌و پوورەوە بگرە هەتا منداڵەکانیان‌و بووک‌و زاوا کانیان بۆ شەو میوانی ئێمە بوون.

جێژنیان بۆ لەدایکبوون‌و خەتەنەکردنی مەنوچێهر گرتبوو. بەڕاستی باوکم حەوت شەوو ڕۆژ جێژنی گرتبوو، بچمە کوێ؟ نامەکەم لەکوێ بخوێنمەوە؟ تا ئێستا بەبیرمدا نەهاتبوو کە ئەویش خوێندەوارە یان نا! کەوایە خوێندەوارە؟ شوکور بۆ خوا، چووەتە قوتابخانەش، تەواوی گیانم دەلەرزی، لەترسانا. لەهەیەجان لە...... بچمە کوێ؟ بچمە کوێ؟ دایە پێشی پێگرتم‌و دەستیکرد بە قسەکردن لەتەوەزەلی حاجی عەلی کە زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ بێ کارەو تەنیا ئەمڕۆ کە ئاهاری داوەو شەو دەبوایە میوانییەکەی دایکمی سەرپەرشتی بکردایە ئەوەندە پرتەو بۆڵەیکردبوو کە هەموویانی ماندوکردبوو تازە دالەخانم‌و کەسێکی تریش کە شاگردی ماڵەوە بوو لەبەیانی زووەوە لەبەردەستیدا دەهاتن‌و دەچوون، بەتەواوی ئەزمی ژیان شێوابوو، شادی باوکم سنووری نەدەناسی.

دایە ڕۆیشت‌و هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا، سەرتاپای جەستەم دەلەرزی، بە ئارامی چوومە سندوقخانەوە هەتا چارشێوەکەمی لێدابنێم، دواتر دەرگاکەم داخست، ئەگەر کسێک هات دەڵێم جلەکانم دەگۆڕم، بەڵام کەس نەهات‌و منیش کاغەزەکەم خوێندەوە، لەسەر کوتێک کاغەزی چوارگۆشە بەخەتێکی زۆر زۆر خۆش نووسیبووی:

*دڵ دەڕوات لەدەستم، خاوەن دڵان خوایە*

*بەداخەوە کە نهێنی، هەر ئاشکرا دەبێ*

پووری گیان نامەکەی لەسندووقەکە دەرهێناو دایە دەستی سودابە. بەڕاستی خەتێکی جوان بوو. بەڵام کاغەزەکە بەتێپەڕبوونی کات زەردو کۆن ببوو و بۆنی خەمی لێدەهات. لەناکاو شتو مەکەکانی ناو ئەم سندوقە کۆنە کە ئەو کاتەی پووری گیان دەرگاکەی کردەوەو لەبۆچوونی سودابەدا مشتێک شتومەکی بێ بایەخ بوو، خەریک بوو مانای پەسدا دەکرد. گرنگی پەیدادەکردو ڕاستەقینەی خۆی دەردەخست. دەگوت هێشتا لەم سندوقەدا دڵێکی خوێنین بەتێپەڕبوونی کات هەر لێی دەدا.

پووری گیان درێژەی دا:

دڵ دەڕوات لەدەستم، خاوەن دڵان خوایە

بەداخەوە کە نهێنی، هەر ئاشکرا دەبێ

کەوایە ئەویش بێ تاقەت بووە؟ نەکا بەکارێک بکات کە بێ ئابڕوویی لێبکەوێتەوە! کەوایە زانیویەتی کە منیش...چی بکەم؟ ئەو هەڵەیە چیبوو کردم. چ خەتێکی هەیە. کەوایە خەتاتیشە. ئێستا دەتوانم بە باوکم بڵێم خەتاتە. بەڵام چی بکەم لەدووکانی دارتاشییەکەی؟ تازە لەوێدا شاگردیشە... دەڕۆم نامەکەی بەسەردا دەدەمەوەو دەڵێم تەریق بەرەوە... ئێستە حەقت نییە کە ئازارم بدەی... ئێستا حەقت نییە نامەم بۆ بنووسی. بەڵام ئەگەر وتی خۆ من ئەو نامەم بۆ تۆ نەنوسیوە ئەو کاتە چی بکەم؟ خۆ ناوێکی لەسەر نییە. دیار نییە بۆ کێی نووسیوە. لەوانەیە هەر بۆ منیش نەبووبێ. کێ ناڵێ کەسێکی تری لەژێر سەردایە؟ بۆچی سەیری چواردەروم نەکرد. لەوانەیە کچێک یان ژنێک بەدوای منەوە بووبێ، بۆچی خۆم سووک کرد؟ دەچم نامەکەی بە ناوچاودا دەدەمەوە.

بەڵام بە هەموو ئەمانەوە، ئەو کوتە کاغەزە بێ بایەخەم کە لۆچ ببوو بردە سەری‌و خەتەکانیم ماچ کرد. من کچی بەسیرولمولک، ئەی قوڕ بەسەرم، بریا قاچم دەشکا. بریا نەدەچوومە ناو دووکانەکەیەوە، ئیتر ناچم بۆ لای، هەتا ئێرە بەسە.

Scanned by CamScanner

هەتا یازدە رۆژ لەماڵ نەچوومەدەرەوەو ئەگەریش بچومایە بەکەژاوە دەچووم. کاتێک کەژاوەکە لەبەردەم دووکانەکەی تێدەپەڕی لەجیهانی خەیاڵدا چاوەکانیم بەدی کە بەسەر دیوارەکانی کەژاوەکەوە گوزەر دەکا هەتا چاوی پێم بکەوێ. بەبەدڕانی ئێمە کە لەناو کەژاوەکەدا دانیشتووە. منم یان خوشکەکەم یان دایە خانە کە ڕاسپاردەیەک دەگەیەنێ. لەوانەیە باوکیشم بێ. لەو ڕۆژانەدا باوکم لەرۆزی خۆشحاڵیی و شادی سەری حاڵ بوو و کەیفی ساز بوو. هەر کات دەیویست بچێتە دەرەوە ئەمری دەکرد کەژاوەکە ئامادە بکەن. بەڵام ئەگەر من لەکەژاوەکەدا دەبووم لەپشت پەچەکەوە چاوەکانم دەکردەوە هەتا لەدەربیچەی کەژاوەکەوە ئەو چاوە گەورەو ناهومێدانە ببینم کە غەرقی کەژاوەکە دەبوو وە هەروەها ئەو قژە پەرێشانە درێژو وەحشیانە ببینم کە شپرز بە ناوچاوانیدا هاتبوونە خوارەوە. هەتا دەمویست بجوڵێمەوە کەژاوەکە لەبەردەم ئەو دووکانە بێ بایەخە تێپەڕدەبوو منی لەکۆشکی ئاواتەکانم دوور دەخستەوە. وردە وردە باسی زەماوەندی خوشکە چکۆلەکەم خوجەستە هاتە کایەوە کە پوورم هەر پێداگری دەکرد کە خێرا بۆ کوڕەکەی دیاری بکات، دایکم دەیگوت یەک دوو مانگێک مەجالم پێبدە، کوڕە پوورەکەم بێتاقەت ببوو، دەیویست زوو زەماوەند بکات و خوجەستە ببا بۆ گیلان کە لەوێدا ئاوو مڵکی زۆریان هەبوو، خوشکم حەزی نەدەکرد کە لەدایکم دوور کەوێتەوە، چونکە بە ڕاستی هێشتا منداڵبوو. یازدە ساڵی زیاتر نەبوو، کوڕە پوورەکەم حەزی لەهێمنی گیلان بوو، بەتایبەت کە باوکیشی لەو شوێنە لەدایکبوبو و هەتا تەمەنی لاوێتی لەوێدا ژیانی کردبوو و ئێستا پوورەکان و مامەکان و ئامۆزاکانی و هەموویان لەو شوێنە ژیانیان بەسەر دەبرد.

پوورم دەیپرسی: ((دەی کەی؟ ئاخرەکەی کەی تەکلیفی ئەم کوڕەی من روون دەبێتەوە؟))

دایکم دەیگوت: ((ئاخر دادە گیان کەمێک ڕاوەستە، هێشتا مەحبوبیش ماوە)).

((دەی ئەوە هات و مەحبوب نەیویست شوو بکا، لەوانەیە کەسی لاپەسەند نەبێ. شابێ لەگەڵ لەشکرەکەی، ئایا بێ یان نەبێ، خوجەستە دەبێ بەپێی مەحبوبەدا بسووتێ²))

دایکم بەهێمنییەوە ئارامی دەکردەوە: ((نە دادە گیان واش نییە، بە درەنگ زوریی کەوتووە، ئەگەر خوا بیەوێ هەتا چەند مانگی تر هەموو شتێک باش دەبێت، بوەستە با من لەجێگاوبانی زەیستانی هەستمەوە جا دواتر جێبەجێی دەکەین))

براکەم سەرنجی هەمووی بەرەو لای خۆی راکێشابوو، وردە وردە دایکم لەماڵ دەچووە دەرێ و منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد، من لەپێشنیاری چوونە دەرەوە لەگەڵی پێشوازیم دەکرد. حەزم دەکرد لەماڵەکەمان، لەکۆڵانەکەمان، لەو دووکانە دوور کەومەوە بەشکەم ئەو جادووە بەتاڵبوایەو منیش ڕزگارم بووایە، بەشکەم وردە وردە هەوای ئەو ملیوانە کراوەیەو قوڵە هەڵماڵراوەکانی و، پرچە پەرێشان و لوولەکانیم لەبیر بچێتەوە. گەرچی تێپەڕبوون لەلای ئەو دووکانە پیسە دووکەڵاوییە ئیشێکی ئاسان نەبوو بەڵام دەبوایە برینەکەم چاک ببوایەتەوە، وردە وردە توانیم لەدووکانەکە ڕووی خۆم وەرگێڕم، لەنزیک دووکانەکە لێدانەکانی دڵم کۆنتڕۆڵ بکەم و لەناو کەژاوەکەدا ڕوولەدایکم بکەم و قسەی هەڵێت وپەڵێت بکەم، بەردەوام پێم سەیربوو کە چۆن ئەو شێتیانەی من سەرنجی دایکم ڕاناکێشێت و کەس گوومانم لێناکا، لەو متمانەیەی کە دایکم و باوکم بە بڕیارم دەدا کە دڵم لەو دیلێتییە بێنمە دەرەوە، بەڵام تەنیا دڵم نەبوو کە دەیویست. تنۆک تنۆکی خوێنم بوو، تەواوی جەستەم، تەواوی سلولەکانم و تەنیا شوێنێک کە لەتەواوی جەستەمدا دژایەتی دەکرد مێشکی هەژارم بوو کە بەهیچ شوێنێک نەدەگەیشت، هیچ کەسێک بەقسەی نەدەکرد، بەهەموو ئەمانەوە لەگەڵ خۆم شەڕم دەکردو هیچ شەڕێک لەوە قورستر نەبوو، دەمویست سەرکەوتو بم، بەڵام چارەنووسم شتێکی تری بۆ دیاری کردبووم، ڕۆژێک کاتی گەڕانەوە لەماڵی

Scanned by CamScanner

بووە دروست لەبەریك دووکانەکەی ڕەحیم ڕێك لەو کاتەدا کە هەناسەکانی من
بوورە وەلەم خەریك بوو لەقوڕگم دەهاتە دەرێ دایکم ڕووی تێکردم‌و بە
بزەبووری وتی ((دوێنێ شەو ئاغا گیانت هەواڵێکی خۆشی پێدام)) چونکە
بەکەسەیەوە وەک ئەسەرسوڕماوی سەیری دەکەم، درێژەیدا: ((خوازبێنییەکی باشت بۆ
پەیدا بووە مامە گیانت تۆی بۆ مەنسور داوا کردووە، بە باوکتی وتووە، هەتا
خۆشمانە با بزێکی تر خۆشمان بێ)).

دایە کە لەسەر کورسی بەرامبەری کەژاوەکە دانیشتبوو و مەنوچێهری
لەباوەشدا بوو بە پێکەنینەوە وتی: ((بەه بەه، موبارەکە، دایکەکەم، مەنسور
لاوێکی باشە)).

دایکم وتی: ((دایە خانم هۆشت بە منداڵەکەوەبێ، باش بیگرە بەرنەبێتەوە)).

((ئەیەڕۆ خانم گیان خۆ جاری یەکەمم نییە منداڵ لەباوەش ئەگرم، بۆ سێ
منداڵەکەی ترم خست هەتا ئەم بخەم؟.... خۆ دەست‌و پێم گۆج نییە))و بوغزی
کردو دانیشت، دایکم پێکەنی، منیش بوغزمکرد، دایکم بە حسابی شەرم‌و حەیا
لێی تێدەگەیشت، ئەم دانەیەیان ئیتر بۆ بڕو بیانوو نەدەبوو، بە وتەی دایە خانم
کوڕە مامم بوو. جوان بوو. خوێندەوارو دەوڵەمەند بوو. نەك وەکو کوڕەکەی
عەتالدەولە بەڵکو لەویش کەمتر نەبوو، سەربەخۆ بوو، گەرچی دە ساڵ لەمن
گەورە تربوو بەڵام تازە بیست‌و پێنج ساڵی دەبوو، بەباوکی وتبوو لەو کاتەوە کە
مەحبوبە لەدایکبووە بەخۆمم وتووە کە ئەمە ژنی منە، تا ئێستا لەبەر ئەو
دانیشتووم‌و ئێستاش سەبردەکەم، من تەنیا ئەوم دەوێ، هەر لەکاتی منداڵییەوە
ویستوومە، بە هەموو ئەمانەوە، بە هۆی ئەوەی بە حوکمی ئامۆزابوونەوە
زۆرجار دیتبووم لەو چاوپێکەوتنانەدا هیچ شەرت‌و مەرجێك نەبوو. بە حوکمی
ئەوەی کە لەپەندی پێشیناندا هاتووە دەڵێن مارەی کوڕە مام‌و کچە مام
لەئاسمانەکاندا دەبەسترێ، هەرگیز تەنانەت بۆ جارێکیش ڕەفتارێکی وای
نیشان نەدابوو کە من لانی کەم بەگۆشەیەکی چکۆلە لەو هەستەی کە بەرامبەر
من هەیەتی بزانم. لەوانەیە غیرەت‌و دەمار گرژی خزمایەتی ڕێگربووبێ،

Scanned by CamScanner

لەوانەشە چونکە منی بە لەسەداسەد بەهی خۆی دەزانی، هۆکارێك بووبێ بۆئەوەی بەڵەی لیمەکاو و بەقسەی پێشینیان خۆی سووك نەکا. بەهەرحاڵ دایکەو دایە گیان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەوە هی ماقووڵیو لەسەرخۆییەتی. هەرچی بیرم لەڕابردوو دەکردەوەو سەرنجم دەدایە هیچ خاڵێکی لاوازم تێدا بەدی نەدەکرد. ئیتر بیانوویەکم نەمابوو. هەر کچێك دەبووایە حەسرەتی بۆ بەختەوەری من بخواردایەو ئاواتەخوازی ئەم هاوسەرگیرییە بوایە. هەر کچێك جگە لەمن بەڕاستی گیرم کردبوو.

کاتێ گەیشتمە ماڵەوە، دیسانەوە رامکردەوە بۆ سندوقخانەو ئەو کوتە کاغەزەی کە لەناو قەڵەشتی جاجمەکە کە جێگەوبانیان تێدا دانابوو و بەزەحمەت تیامدا شاردبوورەوە هێنامە دەرێ. پەردەی سەوزی ڕووناك بوو و هەمووی بە پولەکە چنرابوو. وێنەی گوڵو باڵندەیان بە پولەکە چنیبوو. بەڵام ئێستا کۆن بوو بوو کەڵکیان لێوەرنەدەگرت‌و باشترین شوێنی شت شاردنەوە بوو کە دایەو خوشکمو دایکم هیچ کات پێیان نەدەزانی.

دڵ دەڕوات لەدەستم، خاوەن دڵان خوایە

بەداخەوە کە نهێنی، هەر ئاشکرا دەبێ

دیسانەوە کوتە کاغەزەکەم ماچ کردەوە. ئەو برینەی کە خەریك بوو چاك بێتەوە دیسانەوە دەمی کردەوە. دیسانەوە بە خوازبێنی مەنسووری کوڕە مامم دەمی کردەوە. هەرچی دەگەڕام ئیتر ئەم دانەیان جێگەی بڕوبیانوو نەبوو، چ بیانوویەك بێنمەوە؟ ئەی خوایە ئەمەش لەبەخت ڕەشی من بوو. لەدەرەوەی سندوقخانەکەدا بارکم لەژوورێکدا دانیشتبوو خەریکی خوێندنەوەی لەیلی و مەجنونی نیزامی بوو. خۆر وردە وردە خەریك بوو گەرمای هاوینی لەخۆ دەگرت. بەهار تەواو دەبوو. مەنوچێهر دوو سێ مانگی بوو. ڕەنگی هەتاو لەگەڵ هەتاو چەندە بەیەکەوە جیاوازبوون. لەماڵی ئێمەدا شادیو ئارامی لەپشتی پەنجەرەکانەوە کە پەردەی جوانو گرانبەهایان پێوە هەڵواسیبوو. خۆی بەسەر کەنارەکاندا دەکێشاو ژووری پڕ لەفەرشو مێلاقو گوڵو گوڵدانی ڕوون

Scanned by CamScanner

جوانی ئەو قەنەفە قورسە سورانەو ئەو مێزە بەرزە جوانییەکانی دەگردەوە، لاپەڕەکانی کتێبەکەی ئاغا گیان لەنووری ئەو ڕووناکییە مایش دەکردو شاعیرانەی لەخۆ دەگرت، کە مانای بەختەوەری هەست پێدەکرد، بەڵام مانایەکی کاتێك لەپێچی کۆڵانەکەوە بەرەو لای دووکانی دارتاشییەکە لەسەرەتای بازاڕەکەدا پێچت دەکردەوە، هەتاو کە بە زەحمەت خۆی دەگەیاندە ئەوێ، مەستو شۆخو شەنگ بوو، بێ سەروپێیەکەی شێتو دێوانە هیچی تر نەبوو کە خۆی دێوانە بوو و بەسەر دووکانەکانی دێوانەدا گزنگی خۆی دەپژاند.

ئاژاوەگێڕێك کە دەبووە هۆی ئەوەی کە سات بە سات پشتی ڕاست کاتەوەو سەیری ئەم ڕووناکییە خەیاڵاوییە بکات.

بۆنی گوڵە پیچکەکان کە لەدیواری یەك دوو باخی ئەربابیدا مەستانە ئاوێزان بوون، دەگەیشتە لووتی مرۆڤ، ئاخێك هەڵبکێشیو دیسانەوە هەڵگەڕێتەوە بۆ سەر ئیشی مشارو ڕەندەو بزمارو چەکووش.

کاغەزێکم هەڵگرت، کاغەزێکی خاوێن تنۆکێك عەترم لێدا، لەبیرم نایەت چ عەترێك بوو، عەترێك بوو کە دایکم پێیدابووم، ئەوروپایی بوو، نرخی گران بوو، بۆ ڕۆژەکانی خوازبێنیم بوو، چواردەوری کاغەزەکەم بە گوڵ نەخشاندو بۆیەمکرد، ڕووبارم کێشا، بولبولم کێشا، پێم وابێ یەك دوو حەفتەیەك درێژەی کێشا، وێنەم دەکێشاو بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم، عەقڵم دەیگوت دەست هەڵبگرم، بەڵام خۆ ئەو هەژارە نەشی وتایە دەیزانی کە بەزیوە، دەیزانی کە ناتوانم، دەمویست گوێ بۆ قسەکانی عەقڵم شل بکەم، بۆ خۆم هەزار دانە هۆکارو مەنتیقم دەهێنایەوە، سوێندم دەخوارد کە ئیتر ناڕۆم، بەڵام دەتگوت کە بزماری ئاسن بە بەردا دادەکوتم، دەمزانی کە دەڕۆم، خۆم بەسەرەوە دەخەمە نێو ئەم گێژاوەوە.

شتێك دەڵێمو شتێك دەبیستی، لەو کاتەدا عاشق بوونی کچێکی پازدە ساڵە خۆی بەڵایەك بوو کە دەیتوانی خوێن پەربا بکا، چ بگات بە نامە نوسینو، چ بگات بەوەی کە داواکارەکانی ڕەد بکاتەوە، ئەویندارێ؟ ئەویش ئەوین بە شاگرد

دارتاشی سەر کۆڵان، ئەمە ئیتر خۆی بەدبەختی بوو، ئەویش بۆ کچی بەسیرولدەولە، بیرکردنەوە لەوە دڵیشی لەلێدان دەخست، خوێنی سارددەکردەوە دەتگوت کە ئاوێکە بەرەو ژوور دەڕوا، دەتگوت کە لەئاسمانەوە بەجێگەی باران خوێن دەبارێ، شەڕکردن لەگەڵ شاخی دێو بوو کە من شەڕم لەگەڵ کردبوو نوسیم، ئەو ئاواتەی کە لەدڵمدا قورسایی دەکرد، ئاخریەکەی نوسیم، ئەوەی کە لەکاتی خوێندنەوەی نامەکەیدا وەکو وەڵام بەمێشکم گەیشتبوو و دڵم دەیویست بە دەنگی بەرز بۆی بخوێنمەوە، نوسیم:

ئێستا دڵ دەیەوێ لەگەڵت قسەبکا
هەواڵی دڵ بیستنم کردووە
تەمەعی خام سەیر بکە کە قسەی خاش
لەرەقیبان شاردنەوەم هەوەسە

ئیتر لەبیرم نایە کە چ بیانوویەکم هێنایەوە لەماڵ چوومە دەرێ، دایە ئێستا سەرقاڵی مەنوچێهر بوو، من جاری وا هەبوو لەگەڵ دادەخانم دەچوومە دەرێو بە بیانووی ئەوەی کە شتێکم لەماڵ جێهێشتووە دەمناردەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام دەمزانی ماوەیەکی پێدەچێ هەتا بە بۆڵەبۆڵ دەگاتەوە، جاری وا هەبوو بە تەنیا دەڕۆیشتم، هەزار بیانووم دەهێنایەوە، بە هەرحاڵ لەماڵ دەچوومە دەر، ئەو شەوە دەمەو ئێوارە بارکم دیسانەوە میوانی پیاوانەی بوو و تەواوی خەڵکی ماڵ گرفتاری ئەو و سکی ئێشەی مەنوچێهر بوون، لەماڵ چوومە دەر.

پشتی لەدەرکەی دووکانەکە کردبوو، عەباکەی کردبووە بەرو پشتێنی لەپشت بە ستبوو، دەیویست بڕوا، پشتی شاڵەکەی دوو سێ چینی تێدابوو، لەبەر خۆمەوە وتم ئەگەر دایە گیان بیبینێ دەڵێ لەخوێرییەکانە، ئەم جلانە کە خەریکبوو مۆدی نەدەما لەبەر ئەودا چەندە جوان بوو، هەر دوو دەستی لەکەلەکە نابوو پەنجە گەورەکانی خستبووە ناو پشتێنەکەیەوەو کەمێک بەرەو دواوە نوشتابووەوە. دەتگوت ئێش و ئازاری کارەکەی ئاوا هێوردەبووەوە.

بەدەنگ ڕاوەستاو و سەیرمکرد، هاتبووم هەتا کارەکەم تەواو بکەم، ئیتر لەبارووجوون نەدەترسام، سەیری ئەملاولای خۆم نەدەکرد، بێڵە تەشتی ڕسوایی لەبان بکەوێتە خوار، من بڕیاری خۆمم دابوو، لەوانەیە نیگاکانم وەکو تیرێک لەپشتی چەقیبێ، چونکە بەو حاڵەتی ڕاوەستانە ورەە ورەە پشتی ڕاست بووەوەو لەناکاو لای کردەوە، لەبیری چوو سڵاو بکا، وەکو ئەوەی کە غافڵگیر کرابێ بەئارامی وتی: ((ئاخرەکەی هاتی!))

پەچەکەم لاداو بەزەردەخەنەیەکەوە سەیرمکرد.

((دەزانی لەکەیەوە هەواڵت ئەپرسیوم؟))

جاری وا هەبوو دەیگوت تۆو جاری وا هەبوو دەیگوت ئێوە، هێشتا خەجاڵەتی لێدەکێشام، هەستمکرد لەو بانترم، شلۆقیەکانی گوڵی کرد وتی:

((دەزانم)). ((دەتەوێ شێتم کەن؟))

وتم: ((من شێت بووم ئێوە بۆچی شێت نەبن؟)) بەسەر سوڕماوییەوە سەیری کردم، بڕوای نەدەکرد ئەوەندە بێ پەردە قسە دەکەم، مابووەوە چی بڵێ.

وتم: ((نەمدەزانی خوێندەواریت هەیە)).

لەحەیرەت و خەجاڵەتی ئەو بوێریە پەیداکرد بوو وە چونکە هەستم بەسەروەری دەکرد لەوەی کە بە تۆ بانگم دەکرد چێژم دەبرد، بە ئارامی وتی:

((هەمە)).

((ئەو خەتە خۆشە لەکوێ فێر بوویت؟))

((لەتەوریز فێری بووم، هەتا دوازدە ساڵی لەوێ بووم، باوکم خەڵکی ئەوێ بوو و دایکیشم خەڵکی باکورە، لەماڵی مەلایەک مەنزڵمان گرتبوو سەوادو خەتی خۆش ئەو فێری کردم، شەش حەوت ساڵێک لەلای ئەو دەرسم خوێند، کاتێک باوکم مرد هاتین بۆ تاران، ئێستاش هەر کاتێک بێکاربم تەمەننای خەت دەکەم)).

((حافزیش دەخوێنی؟))

((نە، بەڵام مەلاکە بەردەوام لەشیعرەکانی حافز تەمرینی پێ دەکردم)).

((ئیتر دەرس ناخوێنی)).

((حەزم لێبوو. دەمویست بچمە دارالفنون))
پرسیم: ((ئەی بۆچی نەرۆیشتی؟))
((وتی کاتێک کە باوکم مرد خەرجی ماڵ کەوتە سەر شانی دایکم، ئێستا دەمەوێ هەندێک کار بکەم، هەر کاتێک پاشەکەوتێکم کرد دەچمە قوتابخانەی ئێزام))
وتم: ((زۆر باشە کارێکی باش دەکەی، گەرچی حەیفە پەرچەکانت کورت کەیتەوە)).
دیسانەوە بێ دەنگبووین. خۆشحاڵبووم، کەوایە دەیویست ناوێک دەربکا. ئەوم بەجلی ئیزامییەوە دەهێنایە بەرچاوی خۆم زۆرتر دڵم بۆی خاو دەبووەوە. راوەستام هەتا یەک دوو کەس کە لەو نزیکانە دەگوزەران تێپەڕبوون. دەستم درێژکردەوەو وتم: ((ئەمە هی ئێوەیە)).
دیسانەوە زەردە سەرنجڕاکێشەکەی لەسەر لێوی دەرکەوت، چاوەکانی پێدەکەنی‌و بە جۆرێک بەنفوزەوە چاوی لێدەکردم دەتگوت تەواوی بیرم دەخوێنێتەوە.
((هی من؟))
((بەڵێ)).
پێکەنی‌و ددانەکانیم دی.
((چییە؟))
((بێگومان خۆتان دەزانن)).
بە پەلە هاتە پێشەوەو لەناکاو بەرامبەرم وەستا، هەردووکمان غەرقی نیگای یەک بووین. نیگاکانی جەرگبڕبوون. ئەگەر کاتێکی تر بوایە دەمقیژان. بەڵام ئێستا دڵم دەیویست هەتا دنیا کۆتایی پێ دێ ئەم هەل‌ومەرجە هەروا بمایەتەوە. بەڵام تەنیا ساتێک بوو، کاغەزەکەی لەدەستم گرت، من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر ڕێگەی گەڕانەوە نەمابوو، تەواوی پردەکانی پشتی سەرم ڕووخاند بوو، هەتا شەو بێ قەرار بووم‌و هەتا بەیانی بەخەبەر.

Scanned by CamScanner

((مەحبوب گیان، مامە گیانت و مەنسور چوونەتە لای ئاغا گیانت خوازبێنیان لێت کردووە، تۆ دەڵێی چی؟))

پرسیارمکرد: ((ئاغا گیان چی وتووە؟))

((وتوویەتی منو دایکی لەخوامان ئەوێ، کێ باشترە لەو، بەلام ئیزن بدەن با رای کچەکەش بزانین)).

((دەی باشە بەراستی سەیر بوو کە ڕای کچەکەتان پرسی! کچەکە دەڵێ نا)).

دایکم لەجێگەکەی هەستا: ((باشە، باشە، کەم بێ چاووڕوبە! بازاڕگەرمیش هەتا ڕادەیەکە، کەوایە دەبیە ژنی کێ؟ دەزانی کوڕەکەی عەتالدەولە کە تۆ نازت بۆ دەکرد لەگەڵ کێ زەماوەندی کردووە؟ لەگەڵ کچی عەبدولعەلی خانی شەریف و لتوجار. کچەکە وەکو هەتاو جوانە، منداڵە، بەشەرم و حەیایە، دەوڵەمەندی باوکیشی هەر باسی مەکە، تازە بەو هەمووە باشیانەوە ئەوەندە پەشۆکابوون کە خەریک بوو مارەیی بۆ زاوا دیاری بکەن)).

((دەی باشە، خۆزگەم بە کوڕی عەتالدەولە)).

دایکم بە غەرەزەوە وتی: ((ئەو کاتە جەنابت چ ئەداو ئەتوارێکت لەخۆت دەردێنا؟! منداڵی هەیە، دایکی زۆر باسی بووکە مردووەکەی دەکا ، من دەبێ کوڕەکە ببینم، دواتریش کە کێشاتە ماڵی نێزهەت و باش سووکتکرد، وتت نە، ئەمەش بوو بە کار؟ من تێناگەم ئەم کارانەی تۆ مانای چییە؟!)) و دواتر دایکم هەر دەڵێی من وەڵامی ((نا))م نەداوەتەوەو دەتگوت کە لەناو خەیاڵی خۆیدایەتی وتی: ((بریا دەکرا کارێک بکەین کە زەماوەندەکەی تۆو خوجەستە شەوێک بوایە)).

بەناڕەزایەتییەوە وتم: ((دایە گیان!))

((ئەرێ وا باشترە، شتی بوکێنی بۆ هەردوکتان بەیەکەوە بکڕین، هەردوکتان وەک یەک، بۆ جیازیی لەهەر شتێک دوو دانە، یەک جۆر ئەنگوستیلە، مارەیی هەردوکتان بەقەد یەک، ئەرێ مامە گیانت راستی وتووە، سێ جار شادی لەیەک ساڵدا، کوڕێک و دوو زاوا)).

هەر فایدەی نەبوو. دەبوایە بیرێکی ترم بکردایەتەوە، دایکم و باوکم بڕیاری خۆیان دابوو. ئەم جارە شتەکە جدی بوو. دەبوایە پێیانم بگوتایە بەڵام چۆن نەمدەوێرا شەڕ بەرپادەبوو. بەڵام لەوانەیە دواتر کاتێک باوکم چاوی بە ڕەحیم بکەوێ خەت و نوسینەکەی ببینێ، کاتێک کە بزانێ دەیەوێ ناو دەربکا. ئەگەر چاوی بە سیمای بکەوێ  ئەو شێوەیەی کە من چاوم پێی کەوت- لەوانەیە ئەویش خۆشی لێ بێ. لەوانەیە ئاغا گیان دڵی بۆم بسووتێ. لەوانەیە منی بۆ مارە بکات و ئەو بێنێتە ماڵ و یارمەتی بدا. هەتا کاتێک دەچێتە ناو نیزام. هەتا کاتێک کە دەستی بەدەمی بگات و بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. ئەو کاتە ماڵێک بۆ خۆمان دەکڕین

بەڕاستی کە زۆر بێ عەقڵ بووم. خەریکبووم خەونم بۆ خۆم دەدی. نەمدەزانی کە ئەگەر بکرێ کوتە کوتە کاغەز بەیەکەوە بلکێنی، ناکرێ خوێنی ئەشرافی باوکم لەگەڵ خوێنی عامییانەی ڕەحیمی دارتاش پێکەوە تێکەڵ بکەی. بیرکردنەوە لەوە گوناه بوو. بیرکردنەوە لەوە شێتی بوو.

چەند شەو و ڕۆژم بەبیرکردنەوە تێپەڕاند، چی بکەم؟ چۆن باسی ئەو بابەتە بکەم؟ بەکێ بڵێم؟ هیچ شتێک بەمێشکم نەدەگەیشت، نەمدەتوانی کەسێک پەیدا بکەم ئەو نهێنییەی لا باس بکەم. گرفتەکە گەورەتر لەوە بوو کە عەقڵی لاوی من بتوانێ چارەسەری بکات سەد جار پەشیمان بوومەوە. دیسانەوە ئەگەر ناوی مەنسور بەر گوێم بکەوتایە. دڵەڕاوکێکانم دەستی پێدەکردەوە. دەتگوت ناوی مەنسور لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی سیمای لاوێک کە لەدووکانی دارتاشی سەری کۆڵانەکە مشاری دەکێشا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو. لەسەر شێوی خواردن باوکم خۆشحاڵ و شاد دەورییەکەی خۆی پڕکرد لەپلاوی زەعفەران و خۆرشتی قورمە سەوزە و بنکڕو وتی: ((کاکەم بانگهێشتی کردووین)) و پەرداخە دۆیەکەی خواردەوە.

Scanned by CamScanner

دلم لەجێی هەلکەندراو کەوتە خوارەوە، هەتا بن گوێ سوور بوومەوە، سەرم داخست. دایکیشم هەتا بن گوێی لەشادیدا دەمی کردەوە، بەدزییەوە ئامارەیەکی بەرەو لای من کردو وتی: ((لەکوێ؟))

((بۆ باخی شەمیران، هەم فاڵەو هەم تەماشا، ئێوە دەچن بۆ هەوا خۆری‌و من‌و کاکەمو مەنوسریش دەچین بۆ ڕاوە کەو.....))

دایکم بە پێکەنینەوە وتی: ((ئاغا، ئێوە چەندین ساڵە ڕاوی خۆتان کردووە.. مەحبوبە بۆچی برنج تێناکەی؟))

تێر بووم. لەخەوو خواردن کەوتبووم، لەژیان تێر بووبووم، حەزم دەکرد هەستم‌و هەڵبێم، بەڵام بۆ کوێ؟ بیرکردنەوە لەهەڵاتن تەکانێکی پێداوم. مەرگ جارێك‌و شیوەن جارێك. دەڵێم‌و گیانم ڕزگاردەکەم.

تەواوی شەو بیرەکانم کردبووەوە، ئەوەندە بەخەبەر بووم کە گزنگی بەیانم دی لەشوشە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەلاقەکەوە خۆی بەسەر دیوارو فەرشی ماڵەکەدا دەخشاند. ئەو دەم خەوم لێکەوت‌و بەیانییەکەی درەنگتر لەکاتی ئاسایی بەخەبەر هاتم، بۆنی نانی سەنگەکی‌و قوڵە قوڵی سەماوەر، کەرەو پەنیر، دەنگەدەنگی پەرداخ‌و ژێر پەرداخ کە بەرەوحەوشە دەیانبرد، دەنگی پێی دادە خانم. قسەو باسی بێ خەیاڵی شادی ئەو لەگەڵ دایکم‌و دەنگی نوکەنوکی مەنوچێهر لەخەوی هەستاندم.

دایکم‌و دایە گیان‌و دادە خانم گشتیان میهرەبان بوون، هەموویان لەبیری تەدارەکی سەفەردابوون، خوشکم خوجەستە شادو سەرقاڵ بەوەی کە بۆ حەفتەیەك لەشەمیران دەمێنێتەوەو چ دنیایەکی هەبوو، بەتایبەت کە باخەکەش، باخە گەورەو پڕدارو درەختەکەی مامە گیان بێ، نە ئەو پارچە زەوییەی ئاغا گیان کە زۆرتر لەمەزرایەکی بەربڵاو دەچوو هەتاوی گەرم هەتا چاوبڕی دەکرد دەشتی لەداوێنی سەوزی خۆی دەگرت‌و تەماتەو خەیارو باینجانی بە دیاری بۆ دەهێنایەن، زەوییەك کە باوکم هەندێك داری بەری لێ ناشتبوو و دەیویست بینای تێدا دروست بکا.

باخەکەی مامە گیان بەڕاستی باخ بوو، پێچەڵاو پووچ، جۆگەلەیەکی چکۆلە کە لەناوەڕاستی باخەکەوە تێدەپەڕی، باخەکە پڕ لەداری میوەو زۆر خۆش بوو، بوونی داری گوێز لووتی مرۆڤی پڕدەکرد، دارەکانی بادام کە دیار نەبوو چەند دانەن‌و کاتێک گوڵیان دەکرد بوونی گوڵەکان‌و وزەی باڵی مێش هەنگوینەکان بەڕاستی جوان بوو. دواتر لەدەوری باخ، دوورتر لەباخەکە لەخواری ئەلبوێز، جێگەی ڕاو بوو.

دەموچاوم شۆرد. لەسەدەقەی سەری ئەو کاریزەی کە لەژێر ماڵەکەمانەوە تێدەپەڕی ئاوی حەوزەکە خاوێن‌و روون بوو، ئێستا کە هەوا گەرم بوو پەنجەرەکانیان دەکردەوە، دانیشتن لەپاڵ بەساتی بەرچاییو گوێدان بە قوڵتە قوڵتی سەماوەرو سەیرکردنی حەوزو گوڵ‌و گیا خۆی دنیایەکی تری هەبوو، دوای خواردنی نانی بەیانی بە بیانووی ماڵی پوورم دەمویست لەماڵ بێمەدەر کە پوورم خۆی هات بۆ ماڵمان. دوای سڵاوو چاک‌و خۆشی یەکڕاست چوو لەلای دایکم دانیشت‌و مەنوچێهری لەباوەش گرت‌و بوو بە قوربان‌و سەدەقەی. کاتێک خوجەستە هاتە ژوورەوە بوو بە قوربان‌و سەدەقەی ئەو، پاشان ڕووی لەدایکمکردو وتی: ((نازەنین گیان ئاخرەکەی تەکلیفی ئەم کوڕە هەژارەی من چییە؟ هەتا کەی بیلاتەکلیف بێ؟ من ئەمڕۆ هاتووم کە تەکلیفی روون بێتەوە)).

دایکم بە ئارامییەکەوە وەڵامی دایەوە: ((دادە گیان تەکلیفێکی نییە، من خۆ هەر لەسەرەتاوە وتوومە، ئاغا دەڵێن هەتا مەحبوبە لەماڵدابێ خۆ ناکرێ خوجەستە بەشوو بدەین)).

((دەی باشە، خۆ من ناڵێم مارەی بکەین، دەڵێم شیرینی خواردنەوەیەکی بچووک بگێڕین با خاترجەم بین کە بووکی ئێمەیە....)).

خوجەستە تەریق بووەوەو لەژوورەکە چووە دەرەوە، دایکم وتی: ((ئاخر دادە ئێوە پەلەی چیتانە؟ بۆ ئێمە بێوەژن بەشوودەدەین کە شیرینی خواردنەوەیەکی بچکۆلە بگرین؟ ئێمە هەر لەسەرتاوە وتوومانە کچەکەمان بۆ ئێوەیە، بەڵام تازە یازدە ساڵیەتی، هێشتا دەمی بۆنی شیری لێدێ)).

((ئەو قسانە چییە دەیکەی نازەنین، من خۆم نۆ ساڵم تەمەن بووە کە مارەیان کردووم، ئێستا تۆ دەڵێی خوجەستە منداڵە؟ نە، گیانەکەم ئێوە خەریکن بیانوو دێننەوە))

دایکم وتی: ((ئەیەڕۆ دادە ئەو قسەیە چییە دەیکەن؟ چ بیانوویەک؟ بەگیانی خۆت من لەخودام دەوێ، حەمید وەکو کوڕی خۆم وایە، شوکور بۆ خوا عەیب و کەموکوڕییەکیشی نییە کە بمانەوێ بیانوو بگرین، ئێستا کەوای لێهات بەسەر چاو، من دیسانەوە لەگەڵ باوکی قسەدەکەم و هەواڵەکەت پێ دەڵێمەوە)).

ئەمە چەندەمین جار بوو کە پوورم باسی شیرینی خواردنەوەی خوجەستەی دەکردو دایکم و باوکیشم دوایان دەخست، چونکە هێشتا من زەماوەندم نەکردبوو، چونکە حەمید دەیویست دەستی ژنەکەی بگرێ و بیبات بۆ گیلان و لەوێ ژیان بکات. چونکە دایکم تاقەتی دووری منداڵەکانی نەبوو.

پووری گیان کە ڕۆیشت بڕیاری خۆمدا، هەستامە سەرپێ، چارشێوم بەسەردادا هەتا بچم بۆماڵی خوشکم، دایکم سەرقاڵی مەنوچێهر و کارەکانی ڕۆژانەی ماڵەوە بوو، پرسی: ((بە تەنیا دەچی؟))

((ئەی لەگەڵ کێ بڕۆم؟ دایە گیان گرفتاری مەنوچێهرە، دادەخانمیش قاچی دێشێ، هەوا باشە، حەزدەکەم ئەمڕۆ بە پێ بچم)).

((شەو دەگەڕێیتەوە؟))

((ئەرێ دەگەڕێمەوە، خۆ دادە نێزهەتم بەتەنیا نامنێرێتەوە کەسێکم لەگەڵ دەنێرێت)).

دایکم وتی: ((تۆیش کە سەرت لێدەدەن لەماڵی نێزهەتی، کلکت لێدەدەن لەماڵی نێزهەتی)).

بەچاو تروکانێک گەیشتمە سەر کۆڵانی سێهەم، ئێستا کە بڕیاری خۆمدا بوو نیتر لەئابڕووچوون نەدەترسام، بەڵام ئەو ڕۆژە وەستاکەی کە پیرە پیاوێکی پشت کۆم بوو لەدووکان بوو و ،خەریکبوو لەگەڵ ڕەحیم قسەی دەکرد، ڕەحیم لەوەستانی من لەبەردەم دووکانەکەدا منی ناسییەوەو هۆشی لای خۆی نەما،

Scanned by CamScanner

ئارام بەڕێکەوتم. دەنگی ئەوم بیست کە زۆر عاقڵانە دەیویست کە وەستا دارتاشەکە لەکوڵ کاتەوە

((بەسەر چاو ئێستا ئێوە تەشریف بەرن، من تا سبەینێ ئامادەی دەکەم خۆم دەیبەمە دەرگای ماڵەکەیان...)) ڕواڵەتەن پیرەپیاوەکە لەکۆڵ نەدەبووەوەو نەدەڕۆیشت. دەنگی ئارام بوو من گوێم لێنەبوو، دیسانەوە ڕەحیم وتی: ((بەڵێ حاجی. ئێوە فەرمووتان. بەسەر چاو. ئێوە تەشریف بەرن هەتا من زووتر ئیشەکەم بکەم. سبەی ئێوارە بەر لەبانگی شێوان دەیبەمەوە بەردەرگای ماڵەکەیان...)).

ڕێکەوتمو بیلا تەکلیف لەپاڵ سەقاخانەوە تێپەڕبووم، زۆر بە ئارامی هەنگاوم هەڵدەگرت. ئیتر لەڕووم نەدەهات کە مۆم داگیرسێنم، کە داوای یارمەتی لەخوا بکەم، کە دوعا بکەم باوکو دایکم قەبووڵی بکەن کە کارەکەی ئێمە زووتر بە سەرئەنجام بگات. دڵەڕاوکێم بوو، پیرە پیاوە درێژدادڕەکە هێشتا لەناو دووکانەکەدا بوو. چوومە پێشەوە، لەدووکانی دەوافرۆشی بڕێک گوڵی گۆزروانم کڕی. لەوکاتەدا خۆمم بەسەیرکردنی قوماشەکانەوە خەریک کرد، سەرئەنجام لەژێر چاوەوە دیم کە پیرەپیاوەکە بەخێشەخێش لەدوکانی دارتاشییەکە هاتە دەرێ. بەخەیاڵی ئاسوودەوە دەستەکەی بەسوچێکی پشتێنکەی پاک کردەوەو بە دەستی کڵاشەکانی هەڵکێشاو خنەخن کەوتە ڕێ، بەرەو لای دووکانەکە کەوتمە ڕێ.

((ئاخردکەی ڕۆیشت؟))

هەر بەو بزە ئاسیانەیەوە لەحاڵێکدا کە دەستەکانی لەسەر سنگی دانابوو و پاڵی بەمێزی دووکانەکەوە دابوو وتی: ((سەلام))

((سەلام))

بێ ئەوەی کە قسەیەك بکات چووە ئەو سەری دووکانەکەوەو لەوێدا لەسەر تاقێکی بچکۆلە کە لەدڵی دیوارە قوڕە سواخەکەدا هەڵکەندرابوو، لەپاڵ چرایەکی دوکەڵاوی، شتێکی هەڵگرتو بەرەو لای من هات.

((ئەمە هی ئێوەیە))

((چییە؟))

دەستم درێژکرد، چەپکێ قژی هەڵپاچراوی کە بەپەتێک بەستبوو خستیە ناو دەستم ئەویش پێکەنی و دیسانەوە ددانە سپی و ڕێکەکانی کەوتنە بەری.

((کەلایەکی سەوزە دیاری دەروێش)). بە حەسرەتەوە سەیرمکرد، دەمویست قسەیەک بکەم. هەرچی هەوڵمدا نەمدەزانی بڵێم چی، هەر دەتگوت تێکەیشتووە.

بێ پێشەکی وتی: ((دەمەوێ بێمە خوازبێنیت))

دڵم داخورپا: ((نابێ))

((بۆچی؟))

((دەیانەوێ من بدەن بە کوڕە مامم)).

بزە کەوتە سەر لێوی، ((ئاخ!)) بێدەنگبوو، سەری خستبووە ژێرەوە، دەتگوت زیز بووە، تۆرابوو، قژەکانی بەناوچاوانیدا هاتبوونە خوارێ.

بە نووکی پێی کوتە دارەکانی لادەدا، سەری بەرزکردەوەو ڕووی لەدیوارەکەی بەرامبەری کرد، من تەنیا چاوم لەلایەکی ئەو بوو کە لەبەر چاوم زۆر جوان بوو. بەو گەردنە بەرزەیەوە، دەماری ملی لێی دەدا، بە لەحنێکی توڕەوە وتی: ((تۆش دەتەوێ؟))

((نا))

بێدەنگی ئەو شوێنەی داگرت، هەردووکمان نوقمی بیرکردنەوە بووین و سەیری زەویمان دەکرد، سەر ئەنجام وتم: ((خەریکم دەچم بۆ ماڵی خوشکم هەتا پێی بڵێم کە ئامۆزاکەمم ناوێ)).

((دەی باشە هەر دەپرسێ کە کێت دەوێ؟))

((دەڵێم دارتاشی کۆڵانەکەمان)).

بەدەنگی بەرز پێکەنی چ پێکەنینێکی جوان، سەیرمکرد، لەنیگاکانی هەڵنەدەهاتم، گەرچی لەخەجاڵەتیدا ڕووخسارم سوور هەڵگەڕابوو، پرسی:

((بەڕاستتە؟))

Scanned by CamScanner

((ئەری))

((کەوابە بێلە بێمە خوازبێنیت))

((نا، ڕاوەستە. ئێستا کاتی نییە، ڕاوەستە. سەرەتا دەبێ خوشکم بەدایکەو باوکم بڵێ دواتر خۆم ئاگادارت دەکەم)).

دیسانەوە بەسەرسوڕماوی لێی پرسیم: ((بەڕاستی ئامادەی ببیە ژنی من، ببیە ژنی منی هیچ نەدار؟))

سەیرێکی خۆی کردو دواتر سەیری من، دەتگوت دەیەوێت لەسەر هیچ نەدارییەکەی خۆی پێداگری بکات، تەواوی هەڵسوکەوتەکانی جوان بوون. دەستی ڕاستی لەسەر مێزەکە دانابوو، سەیری باسکە ئەستوورو قایمەکانیم کرد. وتم: ((ئەرێ)).

چاوەکانی پێدەکەنی، سەری بەهێمای حەسرەتو بەداخەوەبوون دەلەقاند. پرچەکانی لەسەر ناوچاوانی دەهاتنو دەچوون، پرسی: ((تۆ حەیف نی؟))

پرسیم: ((مەگەر تۆ چیتە؟))

((عەیبم ئەوەیە کە بەدەستی بەتاڵەوە ئەوینداری تۆ بووم)).

پێکەنیمو وتم: ((باشییەکەی لەوەدایە)) و بەرەو لای ماڵی خوشکم کەوتمەڕێ، لەڕێگەدا دەجار چەپکە قژەکەم سەیرکرد، ڕەنگێکی جوان، خاوولاو، هەر ئەوەبوو کە لەسەر ڕووخساری پەرێشان بوو.

دیسانەوە پووریێ گیان پاکەتێکی لەسندوقە دارینەکەی هێنایە دەرێو دای بە دەستی سودابەوە، پاکەتەکە چەپکێ قژی تێدابوو کە لەسەر کاغەزێکی سپییان چەسپکرد بوو، لەچاوی سودابەدا شتێکی سەیرو سەمەرە نەبوو، تاڵەکانی ئەستوور و زبرو بەلوولییەوە لکاندبوویان بە کاغەزەکەوەو بەتێپەڕبوونی کات تەواوی کۆن بووبوو، لەهەندێک شوێنیدا قژەکان شکابوونەوەو خەریکبوو لێک دەپچڕان. پووریێ گیان سەیری قژەکانی دەکرد، دەتگوت گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو، دەتگوت هەر ئێستا ئەو چەپکە قژەی وەرگرتووە، سودابەش وەکو پووریێ گیان و لەبەر دڵی پووریێ گیان حاڵەتی گۆڕا، پووریێ گیان درێژەی پێدا:

Scanned by CamScanner

بە خوشکمم وت هاتووم بۆ نانخواردن لەلاتان بمێنمەوە، خوشکم کە کەمێک لەهەڵس‌وکەوتی من سەری سوڕمابوو، بەلام نەیخستە خۆی‌و خۆی خۆشحاڵ نیشاندا. هەواڵی هەموو کەسێکی پرسی‌و من لەگەڵ کوڕەکەی کایەم دەکردو دڵم لەجێیەکی تر بوو. جاری وا هەبوو وەلامی بێ مانام دەدایەوە، بۆ نموونە ئەگەر بیپرسیایە مەنوچێهر چۆنە دەموت لەلای دایە گیانە. منداڵی خوشکەکەم لەباوەشمدا دەستی بە گریانکردو من بێ ئەوەی کە لەبیری ژیرکردنەوەیدابم ئارام ئارام لەپشتیم دەداو سەیری گوڵی فەرشەکەم دەکرد، چونکە خوشکم شیری نەبوو، ژنێکی لاو کە دەبووە دایەی منداڵەکە شیری پێدەدا، کوڕەکەی ساڵ‌و نیوێک دەبوو هێشتا شیری دەخوارد، خوشکم بەسەیرێکەوە منداڵەکەی لێم وەرگرت‌و دای بەدەستی دایەنەکەی هەتابی با شیری پێبدا. دواتر هاتە لام‌و دانیشت‌و پرسی: ((دەی، بەم زووانە هیچ هەواڵێک نییە؟))

((بڕیار وایە بۆ ماوەی هەفتەیەک بچینە باخی شەمیرانی ماڵی مامە گیان)).

خوشکم پرسی: ((دیسانەوە ئاغا گیان بیری ڕاوە*کەوی کردووە؟))

((نا. ئەم جارە دەیانەوێ قسەی من‌و مەنسور بکەن)).

خوشکم لەخۆشیدا ڕوومەتەکانی سوور بووەوەو وتی: ((ئەی ناجسن بۆیە هۆشت لەلای خۆت نەبوو، کەوایە ئەم گێژی‌و بێ هۆشییە شتێکی لەپشتەوە بوو، بەه بەه، کەوایە موبارەکە)). هاتە تەنیشتمەوەو دانیشت‌و بەزەوقەوە پرسی: ((دەی بڵێ بیگێڕەوە، مەنسور داوای کردووی؟ وتوویەتی چی؟ مەنسور زۆر کوڕێکی باشە)).

لەجێگەکەم هەستام‌و چوومە لای پەنجەرەکەوەو پاڵم پێوەدا: ((خوا بۆ دایکی بیڵێ)).

((هەر باسی ئیفتخارلملوک مەکە، مەنوسر خۆ لەو ناچێ، هەر هیچ شتێکی نەچۆتەوە سەر ئەو، هەر دەڵێی کوڕی ئەو دایکە نییە، مەترسە مامم خۆی دەرەقەتی ئەو دێ، ئێستا بڵێ مەنسور چی وتووە؟))

ئیفتخارلملوك کە دەبووە ماموژنم ژنێکی دەم پیس‌و ڕەزیل‌و ئاژاوەگێڕ بوو بەڵام بەختەوەرانە هیچ کام لەمنداڵەکانی لەو نەدەچوون، چونکە هەڵس‌وکەوتی ئارام‌و تایبەتمەندییە باشەکانی مامم کاریگەری لەسەر دانابوون بە تایبەتی مەنسور لەنێو منداڵەکانی تریدا ئارام‌و باشتر بوو و لەلای تەواوی خزم‌و کەس‌وکار ڕێزدارتر بوو. بەتایبەت باوکم کە هەتا ماوەیەك لەمەوبەر منداڵی کوڕی نەبوو ئەوی وەك کوڕی خۆی خۆشدەویست‌و مەنسوریش ڕێزێکی تایبەتی بۆ باوکم دادەنا.

وتم: ((من خۆ کارێکم بەوان نەداوە ئەوان لێم ناگەڕێن، مامە گیان وتوویەتی مەنسور دەڵێ لەو کاتەوە دەساڵانە بووم لەو کاتەوە کە مەحبووبە شیری دەخواردو من لەگەڵی یاریم دەکرد، هەر لەو قۆناغی منداڵییەدا حەزم دەکرد کاتێك گەورە بوو ببێتە ژنی من. ئێستاش کە گەورە بووەو عاقڵ بووە...)).

خوشکم بەدەنگی بەرز پێکەنی: ((تۆ چی مەحبووبە؟... تۆ لەکەیەوە حەزت لێکردووە؟))

بە دڵ ساردییەکەوە وتم: ((من؟ من خۆ هیچ کارەنیم، خۆیان بۆم دەبڕن‌و خۆیان بۆم دەدوورن. ئەوە لەکوڕەکەی عەتالدەولەو ئەوەش لەئاغا مەنسور. من هیچ کاتێك چاوم بەدوای مەنسورەوە نەبووەو حەزم لێنەکردووە)).

بە سەیرێکەوە بڕۆیەکی بردەسەرێ‌و بە بزەیەکەوە پرسی: ((کەوایە چاوت بەدوای کێوە بووە؟))

دوای ئەم گاڵتەیە کەوتە مژدان لەقلیانەکەی کە کلفەتەکەی بۆی هێنابوو، سەیری دەستە گۆشتنەکانیم کرد کە سەری قلیانەکەی توند پێ گرتبوو، چەندە بێ فکرو خەیاڵ قلیانەکەی دەکێشا، ڕاوەستام هەتا قەرەواشەکەی لەژوورەکە چووە دەرەوە. لەقادرمەکان چووە خوارەوەو چووە ئەو سەری حەوشەکەوە. بە ئارامی لەلای پەنجەرەکەوە هاتمە ئەم لاوەو سەیری دەرگای ژوورەکەم کرد، سەیری پەردەکانم کرد کە بە پوڵەکە چندرابوون‌و لەسەر دەرگاکە کرابوونە دوو لەتەوە، سەیری تاقەکانم کردو لەمێلاقە سوورەکان‌و چرا گڕ سۆزەکان

Scanned by CamScanner

بەشوشەی سپی یان ڕەنگی ترەوە بۆ هەڵکردن چاوەڕوانی شەو بوون. مێزێکی خڕ لەسوچێکی وەتاغەکە بە چوار کورسییەوە کە لەداری گوێز دروستکرابوون دانرابوو، دوو فەرشی گەورە تەواوی ژوورەکەی پڕ کردبووەوە، چواردەوری ژوورەکە بەپشتیی کە بە مرواری بەرگەکانیان چندرابوو ڕازابووەوە. ئەمانە هەموویان لەجیبیازییەکانی خوشکم بوون، بێشك نێزهەت ژنێکی بەختەوەر بوو، وەکو دایکم، دەمزانی کە هاوسەرەکەی ئەوینداری ئەوە. ئەویندارێ ئەم ژنە قەڵەو و خوێن شیرینەیە، ئەم ژنە زیرەك و بەڕێوەبەرو گاڵتەچییە، دەمزانی کە زۆر ڕوو بە نێزهەت دەدا، هەرچی نێزهەت بیەوێ هەر ئەوەیە، بڵێ بمرە، ئەسیر خان دەمرێ. بەڵام نێزهەتیش زیرەك بوو، عاقڵ بوو مێردەکەشی خۆش دەویست، دەیزانی لەچ کاتێکدا ناز بکات. تا چ ڕادەیەك خۆی شیرین بکات. دەیزانی هەموو شتێك تا چ ڕاددەیەك باشە، لەخۆمم دەپرسی ئەمە چ جۆرە عەشقێکە؟ وەکو عاشقییەکەی منە؟ ئەگەر وایە خۆزگەم بەنێزهەت. ئەویندارێ کەسێکی باش بووە.

ئینسانێکی باشی دەستکەوتووە، وردە وردە چوومە پێشەوە، دەستێك لەو جلانەی کە بەرگدرووەکەی ماڵی پوورم بۆی دووریبووم لەبەرمدا بوو. لەبیرمە کە ڕەنگەکەی پەمەیی بوو، گۆرەوی سپیم لەپێکردبوو، لەو گۆرەوییانەی کە لەڕوسییەوە دەهاتن و دایکم بۆ من و خوجەستەی دەکڕی، ئەڵقەیەك لەپرچم بەزۆری شیلە بەناو چاوانمدا هێنابووە خوارەوە. وەکو کلکی دوو پشك. خوشکم سەیری منی دەکردو لەنیگایدا خۆشی دەباری، بەڵام من لەوە خەمبارتربووم کە بزە بمگرێ. خەریکبوو چزم دەوەشاند.

وەکو دووپشك، لەپاڵ خوشکمدا چوارمشقی دانیشتم، بەسوچێکی جلەکەم یاریم دەکرد، خوشکم بەمیهرەبانییەوە پرسی: ((مەحبوبە گیان بۆچی شەربەتەکەت نەخوارد؟))

((ناخۆم دادە)).

((بۆچی؟ چ بوکێکی کەم خەرج!))

Scanned by CamScanner

((توخوا وا مەڵێ دادە. من حەز ناکەم))

خوشکم بە پێکەنینەوە وتی: ((بۆچی وا نەڵێم؟ تەریق دەبیتەوە؟ وەک ئەوەی هەر لەخۆتەوە کوڕەکەی عەتالدەولەت جواب کرد. نەکا حەزت لەکەسێکی دیکە بووبێ، هۆشت لەلای کەسێکی تر بووە)).

بێدەنگ بووم، ژێر سەرم بەرز بوبووەوە، گیانم دەلەرزی، سەر مام بوو، خۆشحاڵ بووم لەوەی کە شووی خوشکەکەم لەدەرەوەی ماڵ سەرقاڵی قسەکردن لەگەڵ رەعیەتەکانی بوو، سەیری ڕاست و چەپم دەکرد ئەوەکو خزمەتکارێک بێتە ژوورەوە.

دەستم بردو پەرداخە شەربەتەکەم لەپاڵ دەستی خوشکەکەم کە لەسەر پشتییەکەی دانا بوو، هەڵگرت. دەمم وشک بووبوو، بڕێک شەربەتم تام کرد، فایدەی نەبوو. هاتم پەرداخەکەم دانێم کە لەدەستم بەربووەوەو شەربەتەکە ڕژا، خوشکەکەم وتی: ((ئەی ئەی ، تەواوی ولات پیس بوو، زینەت... زینەت...)).

قەرەواشەکەی بانگکرد هەتا شەربەتەکە پاک کاتەوە، بە پەلەدەستم لەسەر ئەژنۆی داناو وتم: ((تو ئەبولفەزڵ کەس بانگ مەکە دادە، خۆم پاکی دەکەمەوە، بەدەوری خۆمدا دەخولامەوەو بۆ کوتە پەڕۆیەکی کۆن دەگەڕام. سەرئەنجام خوشکم کە دەمی کردبووەوەو شەربەتە ڕژاوەکەی سەر فەڕشەکەی لەبیر بردەوە وتی: ((بۆ وات لێهاتووە مەحبووبە! هەر هۆشت بەلای خۆتەوە نییە لەشتێک دەترسی؟))

هەناسەم توند بووبوو، قسەکەم لەگەرووما گیری کردبوو خەریک بوو دەیخنکاندم، دەستم کە وەک سەهۆڵ ساردبووبووەوە لەسەر دەستە گەرمەکەی ئەوم دانا: ((دادە ئەگەر شتێک ببیستی هات و هاوار ناکەی؟ تو سەری باوکم هاتوهاوار مەکە)).

خوشکم دەستە سەهۆڵ بەستووەکانی منی گرت و وتی: ((بۆچی ئەوەندە سارد بوویتەتەوە مەحبووبە، چی بووە؟)) ووردە ووردە نیگەران بوو، بەترس و سەیرەوە درێژەیدا: ((بڵێ، بڵێ بزانم چی بووە، مەترسە، قسەکەت بکە، ئەویندار

Scanned by CamScanner

نەبوربێتی؟)) لەوریایی‌و زیرەکی خوشکم سەرم سوڕما، بەڵام دەتگوت کە خۆیشی ئەو قسەیەی کردبوو باوەڕی پێی نەبوو، ئەم ڕستەیەی وەکو تەئکیدێک لەسەر گێژی‌و کەم هۆشی من بەکارهێنا، سەرم داخست‌و وتم: ((ئەرێ دادە، ئەویندارم))و لەناکاو بێ ئەوەی کە بمەوێ چەناگەم لەرزی‌و فرمێسک لەچاوەکانما ئەڵقەی بەست.

خوشکم دەمی کردبووەوەو بەسەیرێکەوە سەیری دەکردم، ئەمجارەیان ئەو بە ترسەوە سەیری دەرگاکەی دەکرد، دەنگی ئارامتر کردەوە، دەستی ڕاستی هەروا لەسەر قامیشی قلیانەکە بوو، بەدەستی چەپی بەسەریدادا، بەرەو لای من نوشتایەوە وتی: ((خوا بمکوژێ مەحبووبە! بەڕاستتە؟)) هەروا بێ دەنگبووم، تنۆکێك فرمێسك لەچاوم کەوتە خوارێ. ((زووکە پێم بڵێ چ قوڕێك کراوە بەسەرمدا، ئەویندارى کێیت؟))و بەردەوام لەبیری خۆیدا بەدوای ئەو لاوانەدا دەگەڕا کە لەوەدەچوو لەناو ژیانی بەرتەسککراوی مندا دیبێتی دانەدانە ناویانی دەبرد: ((نەکا ئەویندارى کوڕەکەی شازادە خانم بووی، مەبەستم کوڕەکەی عەتالدەولەیە کە خۆت جوابت کرد، هەر ئەوەی کە دەتگوت پووری تاهیرە خانم...))

((نا، دادە)).

((کەوایە کێ؟ کێ)) هەر بیری دەکردەوەو سەری بەرەو لای چەپ‌و ڕاست دەسووڕاند. ئاگری قلیانەکەی سارد بووەوەو هەروا سەری قلیانەکەی لەدەستیدا دەگوشی.

((کوڕی پووریێ گیان؟ نەکا حەزت لەکوڕەکەی پووریێ گیان بێ؟ ئەو کوڕە پووڕەم وا حەزی لەخوجەستەیە!))

بەبێ تاقەتییەکەوە وتم: ((نا دادە، نا، ئەوان نین)).

((ئەی کێیە؟ خوا بمکوژێ مەحبوبە ئەی کێیە؟ نەکا پیاوێکی ژن‌و منداڵدار بێ، لەناو خزمانایە؟ خزمە؟ ئەوت لەکوێ دیوە؟))

((نا، دادە خزم نییە...)) دەستم بەگریان کرد.

((نییە؟ ئەی کێیە؟ ئەویش تۆی دەوێ؟ لەگەڵ یەک قسەتان کردووە؟))

گریانەکەم نەدەبڕایەوە: ((ئەرێ، نیزهەت گیان ئەویش منی دەوێ)).

دیسانەوە بەدەست بەسەرو چاوی خۆیداداو سەیریکردم، وتم: ((پێت ناخۆش نەبێ نیزهەت... ئاخر... ئاخر... زۆر ئەسڵ و نەسەبێکی باشی نییە)).

((نیەتی؟ کەوایە کێیە؟)) ئینجا دەستی ئەو دەلەرزی، قلیانەکەی بەرداو بەهەردوو دەستی بە سەری گرت: ((ئەکا کازم خان بێ، کوڕەکەی حاجی نەسروڵا، وانییە؟ کوڕە قەڵەوە خوێن گەرمەکە؟))

کازم کوڕی حەقدە تا هەژدە ساڵەی حاجی نەسروڵا هاوڕێی منداڵی باوکم بوو، جاری وا هەبوو لەگەڵ باوکی دەهاتنە دیدەنی باوکم، بەژنێکی قەڵەوو سەرنجڕاکێشی هەبوو دەچووە دڵی هەموو کەسێکەوە، باوکی بە باوکمی وتبوو کە بەو هەمووە قەڵەوییەوە ژنان بۆی دەمردن، دەڵێن خوێن شیرینە، وتبووی نازانم لەوانەیە ئەم سەگباب خێوە مورەی ماری پێبێ، ئێمە زۆر جار بەو تاریفەی باوکی کە هی کوڕەکەی دەکرد پێدەکەنین، حاجی نەسروڵا زۆر دەوڵەمەند نەبوو بەڵام پیاوێکی زەحمەتکێش و شەریف بوو کە لەبازاڕدا دووکانێکی هەبوو سەرقاڵی ئیش و کاری خۆی بوو، بە قەولی پێشینان رسق و رۆژی چۆلەکانەی هەبوو، بزەیەکی هەڵپڕوکاو لەسەر لێوەکانی خوشکم دەرکەوت، بە خەمبارییەکەوە وتم: ((نا، دادە بریا ئەو بوایە، حاجی نەسروڵا خۆ پیاوێکی باشە)).

ئەم قسە بێ ئیرادەیە لەدەمم دەرپەڕی، خوشکم هەستایە سەر چۆك، ((کەوایە باوکی کەسێکی باش نییە؟... ئەی خودا بمکوژێ، خۆ تۆ منت کوشت، دەی زووتر بیڵێ و ڕزگارمکە بابزانم کێیە؟))

ئیتر چارە نەبوو، ڕێگەی گەڕانەوە نەما بوو، قسەکەم لەدەم دەرچوو بوو، تیر لەکەوان هاتبووە دەرەوەو ئیتر نەدەگەڕایەوە، بریا لاڵ دەبووم، بریا نەمدەوت، ئێستا خوشکم بێ هۆش دەبێ: ((هیچ دادە، هەر باسیشی مەکە)).

Scanned by CamScanner

هەتا هاتم لەسەر جێگەکەم هەستم مەچەکی دەستمی توند گرت: ((چی هەر باسی مەکە؟ بۆ کوێ دەڕۆی؟ دانیشە بزانم، پێم بڵێ چ دەسکە گوڵێکت بە ئاوداوە، بڵێ بزانم ئەم کەسە کێیە؟))

دانیشتم، فرمێسکەکانم کەوتنە خوارێ: ((ناتوانم بڵێم)).

((مەحبووبە تۆ خەریکی من دەکوژی، ئێستا دڵم دەوەستێ، ئەوەندە مەگری، پێم بڵێ بزانم کێیە، خۆی بە تۆی وتووە کە تۆی دەوێ؟))

((ئەرێ دادە)).

خوشکم ڕوومەتی خۆی ڕنی: ((کەوایە قسەکانتان تەواو کردووە؟ هیچتان نەهێشتۆتەوە؟)) بێدەنگبوم‌و سەیریکردم: ((دەی زووکە کچێ، خێرا پێم بڵێ لە کوێ دۆزیوتەتەوە؟ ئاخر پێم بڵێ کە چ قوڕێک بەسەرمدا بکەم، پێم دەڵێی یان نا؟))

دەڵێم، مردن جارێک‌و باوکەڕۆیش جارێک، وتم: ((ئێستا دەڵێم....)) بێدەنگبووم‌و دواتر بەئارامی ووتم: ((دوکانی دارتاشییەکەی کۆڵانەکەت خۆ دیوە؟)) خوشکم مەچەکی منی گرتبوو و دەیگوشی، لەسەر ئەژنۆ دانیشتبو سەیری دەکردم، هەموو گیانی بووەوە چاوو گوێ، تەنیا جوڵەیەك کە لەگیانیدا دیم گەورە بوونی گلێنەی چاوەکانی بوو، لەترس‌و لەپرسیار پڕبوون، بەزەحمەت دەنگ لەگەرووی دەردەهات: ((دەی باشە؟!!))

((هەر ئەو شاگرد دارتاشەی کە لەوێدا ئیش دەکات، ناوی ڕەحیمە)).

بەبردنی ناوی ئەو دڵم ئارام بوو، سەرئەنجام ئەم نهێنیە قورسەم لای کەسێک باس کردو، قورساییەکەم خستە سەر شانی کەسێکی دیکە. دەتگوت کە ڕزگارکراوم، چەندە ڕەحیمم خۆشدەویست، خوشکم وەکو کەسێکی خەواڵو وتی: ((کێ؟)) بێ ئەوەی کە بۆی شی بکەمەوە چاوم لەچاوی بڕی، وردە وردە دەیزانی چیم وتووە، هەوڵیدەدا هەناسە بکێشێ، نەیدەتوانی، دەمی دوو سێ جار کردەوەو دایخستەوە، وەکو ماسی ناو حەوز، دواتر وتی: ((نەیەڕۆ خوا بمکوژێ، مەگەر شێت بوویت؟))

Scanned by CamScanner

هەڵدەدری هەڵبەت بەو خێراییەی کە بەشەرِدەهاتین بەهەمان خێراییش ئاشت دەبووینەوە. بەراستی یەکترمان خۆشدەویست، بەردەوام من سفرەی دڵمم بۆ دەکردەوەو ئەویش لەقۆناغی منداڵیداو لەسەر دەمی لاوێتیدا تێدەکۆشا بەرادەی عەقڵ و شعووری تا ئەو جێگەیەی دەکرێ یارمەتیم بدا.

((سەیرکە نیزهەت خۆ ئەویندارى لەدەستی مرۆڤ خۆیدا نییە، من تەواوی ئەم قسانە باشتر لەتۆ دەزانم، بەتەواوی بیرم لێکردۆتەوە، تازە بەمنیشی وتووە کە دەیەوێت بچێتە ناو نیزام. ئەوە خۆ خراپ نییە، ئەگەر ئاغا گیان یارمەتی بدات دەتوانێ مەقامێکیش بۆ خۆی بەدەستبێنێت، تو خوا بە ئاغا گیان و خانم گیان پێێ بهێڵن ببمە ژنی. ئەگینا تریاک دەخۆم و خۆم دەکوژم)).

ئەوەندە بەتوندی قسەمکرد کە بەخێرایی باوەڕی پێکردم، خۆیشم لەو بڕوایەدابووم کە وایە، بە ئەسپایی وتی: ((ئەگەر ئاغا گیان بزانێ تۆیش خۆت ئەکوژی ئەو حەتمەن دەتکوژێ)).

((دەم کوژێ جەهەننەم، ڕزگارم دەبێ، من مەنسوورم ناوێ، کەسی ترم ناوێ. بمرم باشترە، تۆیش پێی نەڵێی خۆم پێی دەڵێم)).

جوڵەیەکمکرد کە لەسەر جێگەکەم هەستم، دیسانەوە دەستی گرتم، ئێستا دەستی ئەو ساردبوو، وەکو لەتێك سەهۆڵ و دەستی منیش گەرم گەرم بوو.

((دانیشە، بابیرێکی لێ بکەمەوە، لەم ئیشانەت دەستهەڵگرە، وەرەو لەکەری شەیتان وەرە خوارێ)).

هەرچی زۆرتر ئامۆژگاری دەکردم، رق ئەستوور دەبووم، مریشکەکەم قاچێکی هەبوو، تەنیا ئەوم دەویست، ئەو، خوا یەکێك و پیاوی منیش هەر ئەو.

بەتووڕەییەکەوە وتم: ((بەحساب هاتبووم تۆ ناوبژیوانی بکەی، قسەی لەسەر بکەی، نایڵێی مەیڵێ، لەچی دەترسی، خۆ حەقیان بەسەر تۆوە نییە، من دەکوژن؟ با بمکوژن، بەقوربانی تۆ بم، ئێستاش هیچ نەبووە! بۆت ناکرێ، دەزانم، من نەهاتووم بەیت و باڵۆرەم گوێ لێبێ، خۆم بیرێکی لێدەکەمەوە)).

Scanned by CamScanner

لەناكامدا خوشكم بە دوو دڵییەوە ڕازی بوو، سفرەی نەهاریان داخست. شووی خوشكم هاتە ژوورەوە. چارشێوێكی سپی گوڵ گوڵاویم بەسەرداداو سەرم داخست. چەندین جۆر چێشتو دۆو ترشیاتو شتی تر لەسەر سفرەكەیان بوو. بەڵام من ئیشتیام بۆی نەدەچوو، هەر كەوچكم لەچێشتەكەم وەردەداو تێر بووم. لەبەرخۆمەوە بیرم لەوە دەكردەوە كە ئەگەر ئێستا شووی ئەم خوشكەم ئاوا بە گاڵتەوە قسەم لەگەڵ دەكاو بەینی لەگەڵم خۆشە ئەگەر بزانێ كە من ئەوینداری ڕەحیمی دارتاشم تێڕوانینی سەبارەت بە من چۆن دەبێ؟ گیانم دەلەرزی، خوشكیشم كە زۆر لەمن باشتر نەبوو بەڵام لەڕواڵەتدا هەوڵیدەدا بارودۆخەكە ئاسایی نیشان بدا.

مێردی خوشكم بەگاڵتەوە وتی: ((مەحبووبە خانم بۆچی هیچ ناخۆی؟ دەتانەوێ باوكتان بكەن بە حاجی؟ هەر دەڵێی نەخۆشی!)) دواتر ڕووی كردە خێزانەكەی‌و وتی: ((نێزهەت گیان تۆش ئەمڕۆ كەیفت ساز نییە؟ چی بووە؟))

خوشكم زەردەخەنەیەكی جوانی ڕووبە هاوسەری سی‌و چوار پێنج ساڵەی خۆی كردو بە ناڕەحەتی‌و نازەوە وتی: ((هیچ نییە، وەك شتێ خانم گیان حاڵیان باش نییە)).

مێردی خوشكەكەم كە شێت‌و شەیدای قەڵەوی نێزهەت بوو بە ڕواڵەت خۆی بە نیگەران نیشانداو ڕووی لەخێزانە حەقدە ساڵە بەختەوەرەكەی كردو وتی: ((خوانەكات، چییانە؟))

((تەنیا هەندێك سەرمای بووە، شتێكی گرنگ نییە، بەڵام من نیگەرانی مەنوچێهرم، ئەگەر ئێزنبدەی ئێوارە لەگەڵ مەحبووبە دەچین بۆ ئەوێ، دایەی مەحموودیش لەگەڵ منداڵەكە دەبەین. لەوانەیە پێویستبێ یەك دوو ڕۆژێك لەوێ بمێنینەوەو شیر بدات بە مەنوچێهر، ناكرێ خانم گیان بە نەخۆشییەوە شیربدات بە مەنوچێهر لەوانەیە ئەگەریش پێویست بكا دایەی مەحمودو مەحمود لەوێ دادەنێم هەتا دوو سێ ڕۆژێك لەوێ بمێنێتەوە، یان مەنوچێهر دێنم بۆ ئێرە)).

((هەڵبەت ئەگەر براكەت بێنی بۆ ئێرە باشترە)).

لەو زیرەکییەی خوشکم کە ئاوا درزی رنکدەخست سەرمسوڕما، ئەو لەکاتێکدا کە داخ لەدڵ بوو مێشکی وەك سەیارە کاری دەکرد، نێزهەت خۆی دەیزانی کە ئەگەر دایکم شتێکی بێتە ڕێ ئیتر باش نییە شیربدات بە مەنوچێهر. کەوایە دەبوایە دایەنێکیان بۆ بگرتایە کە شیری ببوایەو بیتوانیایە شیر بدات بە مەنوچێهر ئەمە خۆی دەبووە هۆی پێکهاتنی شك و گومان. کەوایە بیانووی نەخۆشی دایك و کەڵك وەرگرتن لەدایینەکەی منداڵی خوشکەکەم باشترین ڕێگە بوو، خوشکم وتی: ((ئێوە راست دەڵێن، هەر منداڵەکەو داییەنەکە نابەین، نەکا ئەوانیش نەخۆشییەکە لەخانم گیان بگرنەوە، دەڵێن دایە گیانی خۆمان مەنوچێهر بێنن بۆ ئێرەو دوو سێ شەو لێرە بن)).

خێرا تێگەیشتم کە بەباشی زانیوە ماڵەوە چۆڵبێ هەتا ئەگەر هەڵاو هەنگامەیەك دروست بوو ئەگاتە دەرەوە، نێزهەت بە زیرەکی و خێرایی پیلانی داڕشتبوو و خێرا خستبوویەکار.

دایکم بە سەیرێکەوە پرسی: ((نێزهەت گیان چی بووە؟ بۆچی تۆیش لەگەڵ مەحبووبە هاتووی؟)) لەوە دەترسا کە ئەوەك لەگەڵ مێردەکەی ناکۆکی کەوتبێتە بەینیانەوە.

خوشکم بە پێکەنینەوە وتی: ((خانم گیان ئەگەر پێت ناخۆشە بابگەڕێمەوە پێم وابێ میواندارێت نەبێ!))

((پیلاوەکانت لەسەر چاوی دایکت، بەخێربێی، بەڵام بۆچی ئێستا؟ بۆچی بەم نیوەڕۆیە هاتوون؟ بۆچی منداڵەکەت نەهێناوە؟))

خوشکم بە جۆرێك کە دایە نەزانێ چاوێکی لەدایکم داگرت و وتی: ((ئاخر کاتێك مەحبووب گیان وتی سەرماتبووەو نەخۆشی نیگەرانت بووم، هاتم هەواڵێکت بپرسم، دەترسم منداڵەکەش لەتۆی بگرێتەوە، ئاغا وتی منداڵەکە مەبە، ئێستا ئێوەش مەنوچێهر لەگەڵ دایە بخانم بنێرن بۆ ماڵی ئێمە، کە ژوورەکەمان لەبەردەرگا چاوەڕێیە، یەك دوو ڕۆژێك لەوێ دەمێننەوە، کەمێك ئێوە چاکبوونەوە دەگەڕێنەوە)).

دیسانەوە چاوێکی لەدایکم داگرت، چاوم بەدەستی دایکم کەوت کە دەلەرزی، هەستی پەوەکردبوو کە شتێکە پەیوەندی هەر بە ماڵی خۆمانەوە هەیەو نابێ قەرەواشی و نۆکەرەکان بزانن. ئەمەش لەژانە سەرەکانی چینی سەرتربوو کە ژیانی تایبەتییان نەبوو. لەوانەبوو دایە گیانیش کاتێک مەنوچێهری مەلۆتکە دەکرد کە تێر تێر شیری دایکمی خواردبوو و خەوی لێکەوتبوو، کەوتبووە گومانەوە بەڵام نەیدەزانی چ باسە

هەر کە دایە خانم ڕۆیشت دایکم‌و خوشکم بە بێ مەیلییەوە بەزۆری خەریکی خواردنی شیرینی‌و چا بوون پەرداخەکانیان داناو چاویان لەیەک بڕی. نیگای دایکم پڕ بوو لەپرسیارو سەرسوڕماوی، خوشکم وەکو تەعزیەبارێکی لێهاتوو گوێی لەدەنگی قاچەکان‌و تەگەری کەژاوەکە بوو کە خەریکبوو دوور دەکەوتنەوەو، خەریکبوو بۆنەوەی کە پیلانەکەی تری دابڕێژێ لەبێدەنگی‌و چۆڵ بوونی ماڵەکە دڵنیابێ.

دایکم بە لەحنێک کە بڕێک توندو توڕەبوو وتی: ((چی بووە نێزهەت؟ بۆچی هەڵیت‌و پەڵیت دەدوێی؟ من هیچم نییە؟....)).

خوشکم قسەکەی پێ بڕی‌و بەمنی وت: ((بڕۆ دادە خانم بانگ بکە)).

دوو خولەکی پێنەچوو دادەخانم هات.

((دادە خانم من نەزرمکردووە، دەمەوێ دە دانە مۆم لەشاعەبدولعەزیم داگیرسێنم خۆم ناتوانم بڕۆم، سەرقاڵی منداڵەکەم، تۆ لەگەڵ فەیروز خان بڕۆ دە دانە مۆم داگیرسێنە، ئەم پارەیەش بخەرە ناو قەفەسەکەوە)). و پارەکەی نایە ناو لەپی دادە خانمەوە، ((باقییەکەی بۆ خەرجی خۆت)).

دادە خانم بە تەماعێکەوە سەیری پارەکەی کردو بە خەیاڵاوییەوە وتی: ((بەشکەم خوا بکات نەزرەکەتان قەبووڵ بێ خانمە چکۆل، خوا خێرت بداتێ، خوا بکات بەردەوام لەخۆشیدا بی‌و کەیف سازبی...)) دواتر بڕێک ڕاوەستاو وتی: ((مەگەر ئەمشەو ئاغا بۆ هیچ شوێنێک ناچن؟ کەژاوەیان ناوێ؟))

Scanned by CamScanner

((نا. ئاغا گیانم ئەمشەو لەماڵن، من پێی دەڵێم کە فیروزخان چووە بەدوای کاری مندا)).

زیرەکیی دادە خانم گوڵیکرد: ((دەترسم هەتا دەڕۆین و دەگەڕێینەوە شەو دەرەنگ بێ و نەگەین بە ئیشەکانمان.. ئاخر کە هەتا ئەوێ دەڕۆم دەبێ سەرێکیش لەخوشکم بدەم)).

((قەیناکا. شەو لەماڵی خوشکت بمێنەوە، بەڵام بەیانی زوو لێرەبە)).

هەتا دادەخانم دەیویست خۆشی خۆشی دوورکەوێتەوە، من بەشەرمەزارییەوە خۆم پێگەیاند: ((ها دادە خانم دوو دانە مۆمیش بۆ من داگیرسێنە، ئەمەش بۆ خۆت)).

پارەکەم لەناو دەستی نا، بەقەستی دەستیکرد بە تەعارفکردن: ((نە مەحبووبە گیان دادەت پارەی پێداوم، ئێمەش خۆ هەتا شاعەبدولعەزیم دەڕۆین دوو مۆمیش بۆ تۆ دادەگیرسێنین، خۆ لێمان کەم نابێتەوە!)).

((بیگرە دادە خانم وەری نەگری پێم ناخۆشە)).

((دەستت خۆشبێ، یاخوا قەبووڵبێ)).

لەژوورەکەدا دایکم بە هەردوو دەستی خوشکمی گرتبوو لەکاتێکدا کە چاوەڕێ بوو دادەخانم و مێردەکەی لەحەوشە بچنە دەرێ بەدەنگێکی نەرم دەیگوت ((ئەی خوایە، ئەی بۆچی ناڕۆن؟ چەندە خۆیان خەریکدەکەن، ئەی یاخوا گیانت دەرچێ ژنەکە چەندە خنەخن دەکا! نێزهەت چی بووە؟ چ قوڕێك کراوە بەسەرمدا؟ لەگەڵ مێردەکەت شەڕت کردووە؟ تۆراوی؟ بۆچی مەنوچێهرت نارد بۆ ماڵی خۆتان؟ تۆ منت شێتکرد...!))

دایکم ئەوەندە نیگەران بوو کە فرمێسك لەچاویدا قەتیس مابوو و خوشکم دڵی دایەوە: ((کەمێك ڕاوەستێ خانم گیان، وەڵا بەخوا هیچ شەڕو مەعرەکەیەك نەبووە)).

((ئەی چی؟ ئەی بۆچی دەتەوێ ماڵەکە چۆڵبکەی؟))

ڕاوەستابوو [illegible] میردی ڕۆیشتن. خوشکم لەپەنجەرەکەوە سەیری کردن کە [illegible] خانم گیان دانیشە. مەحبووبە تۆیش وەرە دانیشە، خۆیشت [illegible]

دایکم بەسەرسوڕمانەوە بەرەو لای من ئاوڕی دایەوەو بەدەمی کراوەوە سەیری کردم. ئارام جوارمشقیمداو دانیشتم، دەستم لەسەر کراسەکەم داناو سەرم خستە ژێرەوە. دیسانەوە دڵم کەوتبووە کوتەکوت و سیمام ڕەنگی پێوە نەمابوو.

خوشکم باسکی دایکمی گرت: ((دانیشە خانم گیان. دانیشە با پێت بڵێم)).

دایکم بە توندی باسکی خۆی لەچنگی نیزهەت دەرهێناو هەر بەو شێوەیەی کە ڕاوەستا بوو بەهێزو قودرەتێکەوە کە لەناکاو کردی بەو دایکە توڕەیەوە وتی: ((دەڵێی چی بووە یان نا؟ مەگەر لەگەڵ تۆم نییە نیزهەت؟ بۆچی قسەناکەی؟ قسە بکە بزانم!))

نیزهەت بەرامبەر دایکم وەستا. ساتێک سەیری قامکەکانی دەستیکرد کە لەبەرامبەر چینی کراسەکەی دابوو، دواتر سەری بەرزکردەوەو ڕاست چاوی لەچاوی دایکم بڕی. ((خانم گیان مەحبووبە نایەوێ شوو بە مەنسور بکات)).

زانیم کە دەنگی دەلەرزێ.

خانم گیان بەسەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی من و سەیرێکی نیزهەتی کردو هەر بەو لەحنە تووڕەییەوە وتی: ((دەی باشە خۆ ئەمە ماڵ چۆڵکردنی نەدەویست، مەگەر مەنسور چییەتی؟ من هەرچی بیردەکەمەوە دەبینم مەنسور هیچ ئیرادێکی نییە، ئازانم لەوانەیە هەڵس وکەوتێکی خراپی لێ دیبێ؟ قسەیەکی کردووە؟ شتێک بووە. ئاخر بۆ نایەوێ شووی پێ بکات؟))

((مەنسوری ناوێ)).

لەوەدەچوو دایکم وردە وردە تێبگات، بەڵام هێشتا نەیدەویست بڕوا بکات: ((مەنسوری ناوێ؟ مەنسوری خۆ ناوێ، کوڕەکەی عەتالدەولەی نەویست، ئەی کێی دەوێ؟))

((خانم گیان نیگەران مەبە! ڕاستییەکەی... ڕاستییەکەی مەحبوبە ئەویندار بووە...))

بۆ ساتێك بێدەنگی زاڵبوو، چاوەکانی دایکم بە ئارامی لەتوڕەیی و بێ بڕواییدا خڕبوونەوە، دەستێکی بردە سەری و بەڕەنگێکی هەڵپڕوکاو کە وەکو شیر سپی بوو ڕووی کردە من کە هەروا سەرم داخستبوو و دانیشتبووم.

((بەه بەه! چاومان ڕوون بووەوە، هەڵەی واتکردووە؟))

خوشکم باسکی ئەوی گرت: ((خانم گیان توبی خودا هات‌وهاوار مەکە حەیامان مەبەن)).

((حەیا چوون؟ من حەیاتان دەبەم؟ حەیامان براوە، ئێستا ئەم خاتوونە ئەویندار بووە؟... ئەویندارى چ سەگبابێك؟...))

ئەویش لەبیری خۆیدا بەدوای لاوێکی ناسیاودا دەگەڕا، کوڕی شازادەیەك، وەزیرێك، پارێزەرێك، خانێك، فلأنە دەولە یان فلأنە لمولكێك...

ژوورەکە بێدەنگ بوو، دایکم بە دەنگێکی گیراو بەسەر خوشکمدا قیژاندی: ((ئەوە لەگەڵ تۆم نییە کچێ؟ وتم پێم بڵێ ئەویندارى چ سەگبابێك بووە؟)) وا بەسەر نێزهەتدا دەی قیژاند کە دەتگوت ئەو تاوانبارە، دەتگوت نێزهەت گوناهبارە.

((ناڕەحەت مەبن خانم گیان، ئێوە نایناسن، منیش نایناسم...))

ئەم جارە دایکم تەنیا پرسی: ((کێیە؟))

((هەر ئەو کوڕە... ئەو کوڕەی کە لەناو دووکانی.... هەر ئەو دووکانە دارتاشییەی.... لەناو دووکانی دارتاشی سەری کۆڵانەکەدا شاگردە. دەڵێ ناوی ڕەحیم، ڕەحیمی دارتاش)).

دایکم سەیرێکی خوشکەکەمی کرد، دەستی لەکەلەکەی بەربووەوە، ئەگەر گەرووشیان بگوشییایە ئەوەندە چاوی دەرنەدەپەڕی، لەناکاو بێ ئەوەی قسە بکات چۆکی دادا، دەنگی چۆکی لەسەر فەرشی ماڵەکە کە بە زەویدا درا بەرزبووەوە.

Scanned by CamScanner

وەکو وشترێک کە بخەوێ ڕووخساری لەناو هەردوو دەستی شاردەوە. ئەو شتە ئەوەندە بۆی قورس بوو کە هێزو ئیرادەی لێ بڕیبوو، من دەلەرزیمو خوشکم کە بەخێسەوە سەیری دەکردم لێوی خۆی دەکرۆشت، بە ئەسپایی وتی: ((خانم گیان، خانم گیان، حاڵتان باشە؟!))

دایکم لەوپەڕی بێ توانایی سەری بەرزکردەوە، دەتگوت خوێن لەگیانیدا نەماوە، بزەیەکی ژاناویی و هەژارانە لەسەر لێوی نیشت و بەدڵسۆزییەوە سەیری خوشکەکەمی کردو بە ئارامی پرسی: ((گاڵتەت دەکرد نیزهەت گیان؟)) چونکە بێدەنگی خوشکەکەمی دی دیسانەوە دەموچاوی لەناو دەستیدا شاردەوەو وتی: ((نەیەڕۆ!...))

زۆر دڵم بۆ دایکم سووتا، خوشکم هاواریکرد: ((مەحبووبە، ڕاکە لەژێرخانەکە سرکە بێنە))

دایکم وتی: ((سرکە؟ سرکە سەرم بخوا...))

ڕامکرد بۆ ژێرخان، کاسەیەک سرکەمهێنا، خوشکم لەگەڵ دایکم قسەی دەکرد، دڵنەوایی دەکردو هەوڵیدەدا دڵی نەرمبکا: ((دەی خانم گیان دەیەوێ ببێتە ژنی)).

((غەڵەت دەکا، مەگەر بەسەر مەیتەکەی مندا بڕوات، ئەی قوڕبەسەرم ئەی چی وەڵامی ئاغا گیان بدەمەوە؟ دەڵێ ئەمە کچە گەورەت کردووە!))

سرکەکەم نایە بەرلووتی، بەپشتە دەستی توند لایدا، قاپە سرکەکە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بڵاوبووەوە، خوشکەکەم ناوبژیگەری کرد: ((ئەم کارانە چییە دەیکەی خانم گیان؟ مەگەر منداڵی! ئێستا ئێوە لەگەڵ ئاغا گیان قسە بکەن، وەگەرنا خۆم دەمێنمەوە، ئەمشەو خۆم لەگەڵ ئاغا گیان قسەدەکەم)).

دایکم بەدەستی بەسەر پشتەدەستی خۆیدا دەدا: ((خوا بمکوژێ نیزهەت، تەریق نابیتەوە؟ حەیا بتگرێ، تۆیش عەقڵت داوەتە دەستی ئەم سەر بەقوڕاچووە؟))و سەیری منی کرد: ((دەبێ بەڵایەکت بەسەردا بێنم کە باڵندەکانی ئاسمان بۆ حاڵت بگرین، ئێستا ئەویندار بووی بۆم؟ ئەویش

Scanned by CamScanner

ئەریندارى شاگرد دارتاشى سەر كۆڵانەكە! ئەى قوڕ بەو سەرەتا بكەن كچەكەى بەسیرولمولك. ئەى قوڕ بەسەرم بۆ كچێ پەروەدەم كردووە!))

دەنگى گریانى دایكم بەرزبووەوە.

خوشكم وتى: ((وامەكەن خانم گیان، وامەكەن. شیرەكەتان وشك دەبێ....))
دەستى كردە ملى دایكم و ماچیكرد.

((هەر ئەوە باشترە كە وشكببێ، منداڵەكەم ئەم شیرە ڕقاوییە نەخوات باشترە، دەستت خۆشبێ كچم، بەڵایەكى چاكت بەسەرماندا هێنا... من چى بە باوكت بڵێم؟ بڵێم كچەكەت بووەتە لەیلى؟ ئەریندارى دارتاشە خوێڕییەكەى سەركۆڵانەكە بووە؟ پێى بڵێم كە تۆ دەبێ ببیە خەزوورى دارتاشى كۆڵانەكە. شاگرد دارتاشێكى خوێڕى و سەرسواڵكەر؟!))

دەنگى وردە وردە بەتوڕەیى بەرزبووەوە، نازانم لەناكاو چۆن بوو ڕقیش لەمندا كوڵاو چۆن وێرام كە منیش دەنگم بەرزبكەمەوە. لەوانەیە چۆڵبوونى ماڵەكە یان نەبوونى باوكم ئەو بوێرییەى پێ بەخشیبم، وتم: ((دەى سواڵكەرە. با سواڵكەربێ. مەگەر دەبێ هەموو كەس دەوڵەمەندبێ؟ ئیش دەكات. خۆ دزى ناكات، ئەگەر نیزهەتیش نەیلێت خۆم پێى دەڵێم، دەیەوێ بچێتە ناو نیزام، ناوێك دەربكا)).

هەناسەیەكم نوێ كردەوەو درێژەم بە قسەكانمدا: ((كار خۆ عەیب و عارنییە! هەر ئاغا گیان خۆى هەموو شەوێك كتێبى لەیلى و مەجنوون دەخوێنێتەوە. ئەوكاتە ئێوە دەڵێن....))

دایكم بەرەو لاى من هات: ((ئەو چاوە بێ شەرمانەت دابخە، چەتیوەى بێ حەیایە. ئەوە پێت عەیب نییە؟ داناپزێى؟))

سو...

((تف لەو ڕووە بێ حەیایەت)).

نێزهەت بەسەرمدا قیژاندی: ((بەسە ئیتر مەحبوب دەمت داخە، بڕۆ دەرێ)).

لەژوورەکە چوومە دەرەوەو لەسوچێکی هەیوانەکە هەڵتروشکام، خوشکە داماوەکەم هەتا شەو لەنێوان منو دایکمدا هاتوچۆیکرد، جاری وا هەبوو هەوڵی دەدا، من ڕازی بکاتو لەکەری شەیتان بێمەخوارەوەو جاری وا هەبوو ئامۆژگاری دایکمی دەکرد

((خانم گیان، ئاخر مەگەر تەنیا مەحبووبەیە ئەویندار بووە؟ دەی، زۆر کەس هەن ئەویندار دەبنو دەبنە ژنو مێردو زۆریش بەختەوەر دەبن)).

((بەڵێ، ئەویندار دەبن، بەڵام نەك ئەوینداری شاگرد دارتاشێکی سەرکۆڵان. مەگەر لەسەر مەیتەکەی من تێپەڕێ)).

خوشکە چکۆلەکەم، خوجەستە لەم نێوانەدا بەسەر سوڕماوییەوە سەیری دەکردین.

دایکم قیژاندی: ((بیری لەئابڕووی باوکی نەکردۆتەوە؟ بیری لەئابڕووی دایكو خوشکەکەی نەکردۆتەوە؟ بیری لەئابڕووی ئەم منداڵە بێ تاوانە نکردۆتەوە؟....))و بەدەست ئاماژەی بۆ خوجەستە دەکرد.

نێزهەت وتی: ((خانم گیان، مەحبوبە ڕاست دەڵێ، چوار ڕۆژیتر دەچێتە ناو نیزامەوەو دەبێتە کەسێك بۆ خۆی....))

دایکم هاواریکرد: ((بەقەبری باوکی پێدەکەنێ، مەحبوبە غەڵەت دەکات، خوێڕی هیچو پووچ دەچێتە ناو نیزام؟ کەوایە مێردەکەی تۆیش یان تانەوتەشەرت لێدەدا یان لەماڵ دەرت دەکا، یان ژنت بەسەر دێنێ، ئەم کچە ئەم خوجەستە هەژارە ئیتر کێ لێی دەپرسێ، خەڵك ناڵێن ئەویش وەك خوشکەکەی وایە؟ هەر دەبێ بە بووکی دایکی بێ؟ وابیردەکەیتەوە کەس ئیتر لێمان دەپرسێ؟ لەدەرکی ماڵمان دەدەن؟ خەڵك ئیتر تەنانەت ئیزن نادەن کچەکانیان لەگەڵ خوجەستەدا بگەڕێن، قسەی لەگەڵ بکەن، ناهێڵن منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵەکانمان تێکەڵ بن، چ بگات بەوەی کە بۆ کوڕەکانیان خوازبێنیمان لێبکەن.

تف لەو رژوە بێ حەیایەت))

((بەسە ئیتر مەحبوب دەمت داخە، بڕۆ دەری)).

نیزهەت بەسەرمدا قیژاندی: ((بەسە ئیتر مەحبوب دەمت داخە،

لەسوچێکی هەیوانەکە هەڵترووشکام، خوشکە

لەژوورەکە چوومە دەرەوەو

لەنێوان منو دایکمدا هاتوچۆیکرد، جاری وا هەبوو هەوڵی

داماوەکەم هەتا شەو

بیمەخوارەوەو جاری وا هەبوو ئامۆژگاری

دەدا من ڕازی بکاتو لەکەری شەیتان

دایکمی دەکرد

خانم گیان، ئاخر مەگەر تەنیا مەحبووبەیە ئەویندار بووە؟ ئەی، زۆر کەس

هەن ئەویندار دەبنو دەبنە ژنو مێردو زۆریش بەختەوەر دەبن)).

((بەڵێ، ئەویندار دەبن، بەڵام نەك ئەویندارى شاگرد دارتاشێکی سەرکۆڵان.

مەگەر لەسەر مەیتەکەی من تێپەڕێ)).

خوشکە چکۆلەکەم، خوجەستە لەم نێوانەدا بەسەر سووڕماوییەوە سەیری

دەکردین

دایکم قیژاندی: ((بیری لەئابڕووی باوکی نەکردۆتەوە؟ بیری لەئابڕووی دایكو خوشکەکەی نەکردۆتەوە؟ بیری لەئابڕووی ئەم منداڵە بێ تاوانە نکردۆتەوە؟....))و بەدەست ئاماژەی بۆ خوجەستە دەکرد.

نیزهەت وتی: ((خانم گیان، مەحبوبە ڕاست دەڵێ، چوار ڕۆژیتر دەچێتە ناو نیزامەوەو دەبێتە کەسێك بۆ خۆی....))

دایکم هاواریکرد: ((بەقەبری باوکی پێدەکەنێ، مەحبوبە غەڵەت دەکات، خوێڕی هیچو پووچ دەچێتە ناو نیزام؟ کەوایە مێردەکەی تۆیش یان تانەوتەشەرت لێدەدا یان لەماڵ دەرت دەکا، یان ژنت بەسەر دێنێ، ئەم کچە ئەم خوجەستە هەژارە ئیتر کێ لێی دەپرسێ، خەڵك ناڵێن ئەویش وەك خوشکەکەی وایە؟ هەر دەبێ بە بووکی دایکی بێ؟ وابیردەکەیتەوە کەس ئیتر لێمان دەپرسێ؟ لەدەرکی ماڵمان دەدەن؟ خەڵك ئیتر تەنانەت ئیزن نادەن کچەکانیان لەگەڵ خوجەستەدا بگەڕێن، قسەی لەگەڵ بکەن، ناهێڵن منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵەکانمان تێکەڵ بن، چ بگات بەوەی کە بۆ کوڕەکانیان خوازبێنیمان لێبکەن.

Scanned by CamScanner

حەقیشیانە. منیش بوومایە ئیزنم نەدەدا کچەکەم لەگەڵ کچی ئاوا بێ ئابڕوو هاتوچۆی هەبێ، ئەی خودایە ئەوە چ قوڕێك بوو بەسەرمداکرا؟))

وردە وردە دایکم ماندوو بوو، چارشێوێکی لەخۆی ئاڵاندو لەسوچێکی ژوورەکەدا هەڵتروشکاو بێدەنگ دانیشت. نازانم چاوەڕێی ئەوە بوو شەو بەسەردابێ و باوکم بێتەوە یان هێزی تیانەمابوو کە لەجێگەکەی هەستێ.

ئێستاکە خوجەستە هەواڵەکانی پێدەگەیاندم لەلای منەوە هەڵکورمابوو

خەریکبوو شەو بەسەردا دەهات و لەهاتنەوەی باوکم نزیك دەبوودوە. حاڵم جۆرێك بوو کە دەتگوت دڵم لەگەروومەوە دێتە دەرەوە. دەمم وشك بوو بوو، هەرچی خوجەستە ئاوی بۆ دەهێنام فایدەی نەبوو. تەواوی لەشم دەلەرزی

دەتگوت چاوەڕێی بکوژەکەمم. خوشکەکانم بەیارمەتی یەك چرا گرسۆزەکانیان هەڵکرد. بە ئەمری خوجەستە حاجی عەلی لەمەتبەخ هاتەدەرەوەو حەوشەکەی ئاوپرژێن کردو گەسکی لێدا.

دەنگی دایکمم گوێ لێبوو کە بەناڵەو تورەییەوە دەیگوت: خوجەستە دەرگاو پەنجەرەکە پێوەدە سەرمامە)).

خوجەستە بەترس و لەرزەوەو بە ئارامی دەیگوت: ((بەم چلەی هاوینە خانم گیان هەوا زۆر گەرمە!))

((وتم ئەو دەرگایە پێوەدە، بلێ بەسەر چاو، حاڵم باش نییە)).

دەنگی داخرانی دەرگاو پەرنجەرەکەی ڕوو لەهەیوانم گوێ لێبوو. لەپشت پەنجەرەکانەوە پەردەی سپییان هەڵواسیبوو هەتا کەسی غەیرە چاوی لەژوورەوە نەبێ، لەوانەبوو دایکم نەیویستبێ دەنگی باوکم بڕواتە دەرێ و لەوسەری باخەکەو لەچێشتخانەکە حاجی عەلی نیوە کەڕ گوێی لێ نەبێ.

ئێستاکە دایە گیان و دادەخانم نەبوون خوشکەکانم خوانەکەیان ڕازاندەوە. دیسانەوە دۆو شەربەتی بەلاڵوك کە باوکم ئەو هەمووە حەزی لێدەکردو دایکم ڕقی لێبوو. دیسانەوە ترشیات و ترشیاتی گوێز کە دایکم هەر بەهاری ئەو ساڵە سازی کردبوو و هێشتا باش پێ نەگەیشتبوو.

Scanned by CamScanner

دەنگی دایکم گوێ لێ بوو کە بەهەژاری و داماوییەوە بەنیزهەتی دەگوت: ((هەر دەیانگوت ترشیاتی گوێز سازمەکە بە زۆر کەسەوە نایە. گوێم پێ نەدان، بەقسەکانیان پێدەکەنیم. بڕوام نەدەکرد ئەم بەڵایە دێت بەسەرمدا)).

نیزهەت بەدەنگێکی گیراوەوە بە زۆر پێکەنی: ((ئەیەڕۆ ئەم قسانە چییە! دایە گیان ئەم قسانە باوی نەماوە. ئێستاش کە هیچ نەبووە، دەی باشە خەریکن کچەکەتان بە شوو دەدەن. قسەی خۆمانێ خەریکبوو درەنگ دەبوو)).

((نیزهەت حەیاتێ. من تابووتی مەحبووبە لەسەر شانی ئەم کوڕە خوێنڕییە سواڵکەرە دانانێم، خەوی دیوە خێربێ، ئەو غەڵەتێکی کردووە تۆیش درێژەی پێدەدەی؟ ئەمشەو دەبێ تەکلیفی خۆم لەگەڵ ئەم کچە لەلای باوکت ڕوون کەمەوە)).

((دایە گیان تو خوا کاتێک ئاغا گیان دێتەوە خێرا دەستی پێمەکەن! بهێڵن سەرەتا ماندوێتی بحەسێتەوە، پارووێک نان بخوات دواتر... زۆر تورەی مەکەن)).

دایکم ئاخێکی هەڵکێشا: ((پێویست ناکا تۆ ئامۆژگاریم بکەی)).

سەرەتا دەنگی هەنگاوەکانی باوکمم لەدەرەوە گوێ لێبوو، دوای ماوەیەکی کورت بەسەیریکەوە پرسی: ((خانم لەکوێن؟ بۆچی کەسی لێنییە؟))

خوجەستە لەهەیوانەکەدا هاتە لام و بەدەنگێکی سووک و ترساو وتی: ((مەحبووبە جارێ هەستە وەرە ژوورەوە با ئاغا گیان نەزانێ، دوای شێو بڕۆ)).

بەخەسبارییەکەوە لەسەر سفرەکە دانیشتم، باوکم پێڵاوەکانی داکەندو بەگۆچانەکەی کە بۆ جوانی بەدەستییەوە دەگرت هاتە ژوورەوە، هەر چاوم بە گۆچانەکە کەوت ڕۆحم ڕۆیشت.

((بۆچی حاجی عەلی دەرگاکەی کردەوە؟ ئەی فیروز لەکوێیە؟ ئێ نیزهەت خۆ تۆیش لێرەی!))

خوجەستە سڵاوی کردو چووە ئەو سەری حەوشەکەوە هەتا هەر کاتێک باوکم ئەمری کرد چێشتەکەی بۆ تێکەن لەحاجی عەلی وەربگرێ و بیهێنێ.

Scanned by CamScanner

نێزهەت بە زۆر پێکەنیی و وتی: ((حەز ناکەن لێرە بم ئاغا گیان؟))

((بۆچی نا، گیانەکەم، چۆن، پێلاوەکانت لەسەر چاومە، بەلام بەم شەوە... بێ مێردەکەت....؟)) لەوکاتەدا بەسەیرێکەوە سەیرێکی چواردەوری کرد: ((حاڵت باش نییە خانم گیان؟ ڕەنگت بەڕووەوە نەماوە)) لەحاڵێکدا کە کوتەکەی دەرهێنا بوو دەیخستە سەر پشتییەك، لەسەر سفرەکە دانیشت.

دایکم وتی: ((بۆچی نا، باشم، بڕێك سەرم دێشێ، پێم وابێ سەرمام بووە، ئێوە ترشیات ناخۆن؟))

باوکم ئیسك پڵاوەکەی کردە ناو دەورییەکەوە، هێشتا یەك دوو پارووی نەخواردبوو کە ڕووی لەدایکم کردو وتی: ((ئەی مەنوچێهر لەکوێیە؟ دەنگی نییە)).

دایکم دەیویست قسەکەی لەبیر بەرێتەوە: ((نێزهەت گیان ئەی بۆچی شەربەت بۆ خۆت تێناکەی؟))

باوکم کە لەناکاو زانی جەوەکە زۆر ناسروشتییە ڕووی لەمن کردو وتی: ((مەحبووبە تۆ چیتە؟ بۆچی ماتی؟...)) دواتر بە نیگەرانیو بەدەنگێکی بڕێك بەرز پرسی: ((خانم مەنوچێهر لەکوێیە؟ ئێوە بۆ وان؟ کوا دایە؟ فیرۆزو ژنەکەی لەکوێن؟....)) چونکە هەموومان بێدەنگبووین زۆرتر نیگەران بوو، لەوانەبوو لەوە بترسایە کە مەنوچێهر شتێکی لێ بەسەر هاتووە، چونکە لەوکاتەدا بەلاو نەخۆشی ئەوەندە بۆ منداڵ زۆر بوو کەم منداڵ دەمان، ئەمجار بە ترس‌و توندییەکەوە پرسی: ((خانم، وتم مەنوچێهر لەکوێیە؟)) دایکم بە دەنگێك کە دەتگوت لەناو بیرەوە دێتە دەرێ وتی: ((لەماڵی نێزهەتە)).

من بە ئەسپایی بەپێی عادەت کراسەکەم تەکاند نەك ئەوەی کە چێشتم لەسەر ڕشتبێ، چونکە شتێکی وام نەخواردبوو، تەنیا بەپێی عادەت‌و بەسوکی لەسەر جێگەکەم هەستام‌و لەژوورەکە چوومە دەرەوە، چوار جووت چاو بە هەست‌و بۆچوونی جیاوازەوە بەدوامدا دەهاتن. دایکم کە هەوڵی دەدا چاوی بەمن

Scanned by CamScanner

ئەکەوێت بەرقێکەوە ڕووی بەولادا کرد، هەر لەو کاتەدا دەنگی باوکم بەرزبووەوە: ((ئەمشەو لەم ماڵەدا چی ڕوویداوە؟))

ورده ورده چوومە ژووری تەنیشت ئەو ژوورەی کە لێی دانیشتبوون. بەڵام بیرم کردەوە کە لەوێدا نامێنمەوە، زۆر لەمەترسی نزیک بووم. باوکم لەپێشدا دێت بۆ ئێرە بەدوامداو دواتر دەچێتە سندوقخانە کە لەمنداڵیمەوە خۆم لەوێدا دەشاردەوە، چارشێوەکەم بەدەستێکم هەڵگرت و بەدەستەکەی ترم نەعلەکانم هەڵگرت، دیسانەوە بە نووکە پێ چوومە پشت دەرگاکەوەو لەدرزی دەرگاکەوە سەیری ژوورەوەم کرد، باوکم دەستی لەکەلەکەی نابوو و بەسەر دایکمەوە ڕاوەستابوو، دایکم بە پاڕانەوەو لالانەوەوە وتی: ((ئاغا توخوا ئێوە دانیشن بۆتان دەگێڕمەوە، بەو شێوەیەی کە بەسەر سەرمەوە ڕاوەستاون ناتوانم قسەبکەم)).

باوکم لەبێدەنگیدا دوو سێ هەنگاو تا ئەوسەری ژوورەکە چوو کورسییەکی دارینی لەلای مێزەکە هەڵگرت، گەڕایەوەو لەلای دایکم، ڕێک لەبەرامبەر ئەودا دایناو لەسەری دانیشت، دەستەکانی لەسەر سنگی دانا. لەم کاتەدا قۆپچەی قۆڵەکانی کردبووەوەو هەڵیکردبوو. یەک دوو قۆپچەی یەخەی کراسەکەشی کرابووەوە، قاچەکانی کە گۆرەوی لەپێدابوو لەسەر زەوی بەیەکەوە نوسابوو ئەژنۆکانی لەیەک بڵاوبوون، دەتگوت دەیەوێ ئەو بۆشاییەی کە پێویستە، بۆ دایکمی دروست بکات.

((دەی باشە، ئەوە من دانیشتم ئێستا بفەرموون)). دەنگی ئارامتر بوو، دایکم ڕووی لەخوجەستە کرد: ((خوجەستە بڕۆ بخەوە)).

باوکم بێدەنگ و سەرسوڕماو بڕۆیەکی خۆی بردە سەرو سەیرێکی خوجەستەی کرد.

خوجەستە بەو جۆرە کەسەری داخستبوو تەنیا تەوقی سەری دیاربوو سەری بەرزکردەوەو وتی: ((سفرەکە کۆنەکەمەوە)).

((پێویست ناکا، منو ئێزەت هەین خۆمان کۆی دەیکەینەوە)).

خوجەستە هاتە دەرێ، خۆم لادا، خوجەستە دەرگاکەی پێوەداو سەیرێکی منی کردو بەو چاوانەی کە لەترسا گەورەبووبوون و لێوی خۆی دەکرۆشت ئارام وتی: ((لێرە مەمێنە، بڕۆ خۆت بشارەوە، ئاغا گیان لەتلەتت دەکا، بڕۆ خۆت بشارەوە)).

بەهێمای بێدەنگی پەنجەم لەسەر لێوم داناو ئاماژەم کرد کە بچێ بخەوێ، گیانم دەلەرزی و نەمدەتوانی بەباشی ناو ژوورەکە ببینم.

باوکم بە دایکمی وت: ((دەی...))

((من دایەو مەنهوچێرهم ناردە ماڵی نێزهەت کە...))

باوکم قسەکەی پێ بڕی: ((مەگەر ئەم منداڵە شیری ناوێ؟))

((دەی باشە هەر بۆ ئەوە ناردم بۆ ماڵی نێزهەت، وتم دایەنەکەی مەحمود بە مەنوچێهریش شیر بدا، فەیروزو دەدەخانمیش نێزهەت بە بیانووی نەزرو نیازو مۆم داگیرساندن ناردنی بۆ شاعەبدولعەزیم، دەمانویست ماڵەکە چۆڵبێ)).

((ماڵەکە چۆڵ بێ؟ بۆچی؟ کە چی بێ؟))

دایکم لەسەر ئەژنۆ دانیشت و هەردوو دەستی لەسەر ئەژنۆی داناو وتی:

((دەمەوێ قسەتان لەگەڵ بکەم)). دەنگی دەلەرزی.

((سەبارەت بە چی؟))

((مەحبووبە)). دایکم سەری داخست و درێژەیدا: ((بەنێزهەتی وتوە کە کوڕە مامەکەی ناوێ)).

((یانی چی؟ ئەم قومارانە چییە! سەرەتا وتی دەبێ کوڕەکەی عەتالدەولە ببینم، دوای بینینی وتی ژن و منداڵی بووە. مەگەر لەسەرەتاوە نەیدازانی ژن و منداڵی بووە؟ ئێستاش مەنسوری ناوێ؟))

((وەڵا ئاغا گیان بە خوامنیش هەر ئەو قسانەم بۆ کردووە)).

((کەوایە چی دەوێ؟ هەتا کەی لەم ماڵەدا بێ؟ خۆ منداڵ نییە! پانزە شانزە ساڵ تەمەنییەتی، هێشتا خۆیشی نازانێ چی دەوێ؟))

((بۆچی نا ئاغا دەزانێ کێی دەوێ؟))

Scanned by CamScanner

باوکم دەتگوت پەیکەرە لەسەر جێگەکەی وشك ببو و دوای ساتێك پرسی:

((چیت وت؟))

((ئاغا سوێندت دەدەم بە باوکت ئەگەر هات‌وهاوار بخەیتە ڕێ...))

باوکم مەیی بوو، دایکم بڕێك ڕاوەستاو بە دەنگێك کە بەزەحمەت دەبیسترا درێژەیدا: ((دەڵێ...دەڵێ... ڕاستییەکەی خۆی کەسێکی خۆشدەوێ)).

((کەسێکی خۆشدەوێ!.... کێیە؟))

باوکم زیاتر لەمیرێکی غەزەب دەچوو کە بەهێمنییەوە کەسێکی ئیدانە بە سێدارە سەیری دەکات کە دەیەوێ چەند ساتێکی تر بەشەقەی باڵ سەری لەجەستەی جیا بکاتەوە. کەوایە ماوەی پێدەدا. سوورچێکی سمێڵی دەجوو. دایکم سەری داخست.

((بڵێم چی ئاغا...))

((وتم کێ؟)) دەنگی باوکم بەرزتربووەوە، دایکم چەندە عاقڵبوو کە دەیویست دەرگاو پەنجەرەکان دابخات.

((ئاغا دەترسم بڵێم، زۆر ناوو نیشانی نییە)). دەنگی دایکم بە ناڵەیەك وون بوو، بێدەنگییەك بەسەر ژوورەکەدا زاڵبوو.

((ئەوی لەکوێ دیوە؟))

نێزهەت بەو ئەندامە قەڵەوە سپییەیەوە لەپشت سەری باوکمەوە ڕاوەستابوو و یاری بە پەنجەکانی دەستی دەکرد.

دایکم کە سەری داخستبوو بەدەستی خەریکبوو هێڵی لەسەر گوڵی فەرشەکە دەکێشاو دەنگی بەزەحمەت دەبیسترا وتی: ((لەسەر کۆڵان)).

باوکم بەدەنگێك کە وەکو هێمنی دوای باهۆز بوو بەدەنگێك کە پەیامهێنەری تەقینەوەی گولە تۆپ بوو وتی: ((نازەنین بەزمانی خۆش لێت دەپرسم، کێی لەژێر سەردایە؟)) بە ئاشکرا قێزی لەوە دەشێوایەوە کە ناوم بهێنێ.

((ئەگەر بڵێم پێتان ناخۆش نابێ؟ توخوا...))

((وتم ئەم کەسە کێیە؟))

Scanned by CamScanner

((شاگرد دارتاشێك، دارتاشەكەی سەركۆلان، ناوی ڕەحیمە))

باوكم هەربەوجۆرە دەستەو نەزەردانیشتبوو نەدەجولا. هەتا ئەو شەوە نەمدیبوو كە لێوی سووری مرۆڤێك لەناكاو سپی ببێ، لێوەكانی باوكم سپی بووەوە، لەسەر سەری دایكمەوە چاوی لەدیوارەكە بڕیبوو، بۆ ساتێك بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەكەدا كێشا.

دایكم بەسەیرێك‌و ترسێكەوە سەری بەرزكردەوەو سەیری باوكمی كرد بێدەنگی ئەو زۆر تۆقێنەرتر بوو لەهەر هات‌وهاوارێك. بەهێمنی وتی: ((ئاغا؟))

چونكە باوكم دیسانەوە بێدەنگبوو، بەلەحنێكی هیوابەخش وتی: ((ئاغا، دەیەوێ بچێتە ناو نیزام، خۆ هەتا كۆتایی تەمەنی دارتاش نابێ)).

باوكم هەر بەو شێوەیەی كە چاوی لەدیوارەكە بڕیبوو، دەمی كردەوە. دەنگی ئارام، گیراو، خنكاو بوو. بەزەحمەت لەگەرووی دەهاتەدەرێ، دەتگوت كەسێك دەستی ناوەتە بینی: ((لەكوێیە؟... ئەم كچەتیوە، لەكوێیە؟))

دایكم بە هەردوو دەستی ئەژنۆی باوكمی گرت: ((ئاغا تو ئەو جەددەتان كاری چیت پێیەتی؟))

((لەناو بازاڕو كۆلاندا دەگەڕێ؟ لەم شارەدا بەرەڵابووە هەر كارێك كەپێی خۆشبێ دەیكات؟ لەكوێیە؟ وتم لەكوێیە؟))

خوشكم بە پاڕانەوە وتی: ((ئاغا گیان توخوا لێی ببوورە. هەڵەی كردووە، من هەر لەخۆوە لەگەڵ ئێوە قسەمكرد، لەڕووی منداڵییەوە هەڵەیەكی كردووە...))

باوكم وەكو فیشەكە شێتە لەشوێنەكەی خۆی هەڵبەزییەوە، ((لەڕووی منداڵییەوە؟ دایكت لەتەمەنی ئەودا منداڵێكی دووساڵانەی هەبوو، زۆر جڵەوم بۆ شل كردووە، من ئەم كچەتیوە لەژێر شەلاقدا شین‌و ڕەش دەكەمەوەو دەیكوژم هەتا ئەویندای لەبیر بچێتەوە)).

خوشكم بە ئاخ‌و ناڵەوە وتی: ((ئاغا گیان ئەوینداری چی؟ ئەوە چ قسەیەكە؟...))

دایکم دەیگوت: ((ئاغا با حەیامان نەچێ، دەنگەدەنگەکەمان دەچێتە دەرێ، تفێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەوانی خۆمان)).

باوکم قیژاندی، دەتگوت هۆشی لای خۆی نەمابوو: ((حەیا چوون؟ حەیاچوون لەمە زیاتر؟ واتە دایەو لەلەو قەرەواش و نۆکەر نەیانزانییوە؟ کەڕن؟ ئەگەر هەتا ئیستا نەیانزانیبێ هێشتا درەنگ نەبوو، وا هەست مەکە، تەشتی بێ شەرەفیمان لەبان دەکەوێتە خوارەوە، خوشکم ڕاستی دەوت دەیگوت ئەوەندە ئەو کچانەت هارمەکەو ڕوویان پێ مەدە، وتم پێی بڵێ بێت بۆ ئێرە بزانم، لەکوێیە ئەم بێ ئابڕووە؟))

دایکم بە بیستنی ناوی پوورم بەرقەوە لێوی خۆی دەکرۆشت، باوکم تانو پۆی ژوورەکەی بە تورەییەوە دەپێوا، دەستی لەپشتی نابوو و خوشکم و دایکم لەحاڵێکدا کەسەراسیمە دەست و قاچیان لەیەک دەئالأند بەدوای ئەودا دەرۆیشتن و دەپاڕانەوە، باوکم بێدەنگ و تورە چاوەڕێی چوونی من بوو. دایکم وتی: ((ئاغا خەتای خۆتانە، هەر شیعری حافزو هەر شیعری لەیلی و مەجنوون و گۆرانی قەمەر، من دەمبینی لەم دواییانەدا گوێ بە گۆرانی قەمەر دەدات و کتێبی شیعری دەخوێندەوە، دەی ئاکامەکەی هەر ئەوە دەبێ. ئاخر بۆچی هەر ئەم تەنیا کچە کە ئەویندار بووە؟))

باوکم ڕووی کردە دایکم و لەحاڵێکدا بە پەنجە بەرەو لای دایکم ئیشارەتی دەکرد وتی: ((نا، خانم، مرۆڤ لەشیعری حافزو لەیلی و مەجنون و گۆرانی قەمەر ئەویندار نابێ، سەرەتا ئەویندار دەبێ و دواتر بیر لەو شتانە دەکاتەوە، دواتر حەز بە لەیلی و مەجنون دەکات، ئەم کچەش یەکەم کچێك نییە کە حەز لەکەسێك دەکات بەڵام یەکەم کچێکە کە خوێڕییەکی سواڵکەری دۆزیوەتەوە..

دەبێتە خاوەن ئاو، ئەرێ بە قەبری بابی، من خۆ منداڵ نیم خانم، پێی بڵێ بێت بۆ ئێرە... ناهێڵێ؟ کەوایە خۆم دەچم)).

باوکم هرووژمی هێنا بەرەو لای دەرگاکە، من چوومە دواوە، گوێم لێبوو کە دایکم دەڵێ: ((دەتەوێ چی بکەی ئاغا؟ ئێستا ئێوە عەسەبیێ، کارێکت لەدەست ڕوودەدا)).

((بڕۆ بەولاوە خانم، لەسەر ڕێگەکەم لاچۆ!))

((ئاغا خۆتان توورەمەکەن، بەزەییەکتان پیادا بێنەوە))

((ئەم کچە هێشتی مز تامی شیرینی بوونی مەنوچێهر بچێژم؟ هێشتی دوای ئەو هەموو ساڵە چوار ڕۆژ ئاوی خۆش لەگەرووم بچێتە خوارێ؟ ژەهری ماری کردە گیانمەوە، خوێڕییەکی هیچ و پووچ، حەیای بردم...))

خوشکم دەپاڕایەوە: ((ئاغا گیان چێشتەکەت ساردبوەوە، سەرەتا نانەکەتان بخۆن، چ هەڵەیەکم کرد، هەمووی خەتای من بوو)).

دەنگێکی تۆقێنەر بەرزبووەوە، زانیم کە باوکم بە لەقە قاپی پلاوەکەی بەدیوارەکەدا داوە، دایکم و خوشکم هاواریان کردو منیش بەترسەوە بەرەو حەوشە ڕامکردو بەپەلەپەل لەقادرمەکان چوومە خوارێ و چوومە ئەو سەری حەوشەو ئاخری باخەکە، پێڵاوەکانم بەدەستەوە بوو هەتا باوکم دەنگی قاچم نەبیستێ، دەنگی پێکدادانی دەرگای ژوورەکەو هاواری باوکم بیست کە وەکو شێرێکی هێرشبەر کەفی لەسەر دەم بوو هاواری دەکرد،: ((وتم لەکام قەبرستانی کچەتیو؟)) یەکە یەکەی ژوورەکان و سندوقخانەو حەوزخانە بەدوای مندا گەڕا.

ڕام کردە ئەو سەری باخەکەوە، لەلای چێشتخانەکە چارشێوەکەم بەسەرداداو پێڵاوەکانم لەپێکردو لەسەر دوو قادرمە کە بەخشت دروست کرابوو و شکابوو سەرکەوتم و چوومە ناو چێشتخانە دووکەڵاوییەکەوە، چرایەك بەدیواری چێشتخانەکەوە هەڵواسرابوو، سێ کوانووی گەورە لەپاڵ یەك و لەناو دیواری بەرامبەرەکە دروستکرابوو، خشتەکانی هەردوو لای کوانووەکە هاتبوونە سەرێ و کۆڵەکەیەکیان بۆ مەنجەڵەکە دروست کردبوو، هەموویان ڕەش و دووکەڵاوی بوون، لەسوچێکی خانەکەدا پەسیوێکی لێبوو کەبێ ئەوەی دەرکەیەکی هەبێ دەهاتە ناو چێشتخانەکەوەو پڕ بوو لەکۆتە دار، ئێمە

لەمنداڵیدا لەترسی جنۆکە نەماندەوێرا بچینە ناو چێشتخانەکەوە. هەر دەنگێکی تەق‌وکوت لەهەماری کۆتە دارەکان نیشانەی بوونی جنۆکەو دروستی قسەکانی دایە گیان بووکە لەژێر کورسییەوە بۆی دەوتین. لەسەر بانی چێشتخانەکە خەڵوزیان هەڵچنیبوو کە بۆ کورسی زستانان کەڵکیان لێ وەردەگرت. لەلای چەپی دیوارەکە دەرگایەکی کورت بوو کە سێ چوار مەتر لەولاوە دەگەیشتە هەماری ناوەکە. حاجی عەلی هەژار هەرجارێ دوای نانخواردن دەبوایە قاپ‌و قاچاخەکانی ببردایەتە نەوێ‌و بەزیخ‌و خۆڵەمێش بیشتنایە‌و دیسانەوە بیهێنانایەتەوە بۆ چێشتخانەکەو دەیخستە هەماری قاپەکان کە شوێنێکی پاک‌و خاوێن بوو. هەمارەکە سەکۆیەکی هەبوو. لەسەر سەکۆکەدا قاپ‌و قاچاخی چکۆلەی وەکو سینی‌و شیشی کەباب‌و قاپ‌و مەنجەڵی چکۆلەیان لەسەر دادەنا. لەژێرەکەشیدا مەنجەڵی گەورەی مسی کەشەفی گەورەو ئەوانەی لێبوو. من پێم باش بوو کە بچمە چێشتخانە چونکە لانی کەم لەوێدا چرایەک داگیرسابوو. حاجی عەلی کە تازە دەستەکانی چەور بوو بوو خواردنەکەی تەواوکردبوو بەسەیرێکەوە سەیرێکی کردم‌و بەزەحمەت لەجێگەکەی خۆی هەستا.

((ئیشێکتان هەبوو خانمە چکۆل؟))

دیسانەوە دەنگی هاواری باوکم بیست، لەناو چێشتخانەکەدا ڕووناکییەکی کەم کە چراکانی ئەوسەری حەوشەکەوەو ماڵە ئەربابییەکان بەرچاودەکەوت. تازە تێدەگەیشتم کە حەوشەی باخەکەو باخچەکەو پەنجەرە ڕەنگاورەنگەکان‌و لەپشت دەرگاکانەوە کە لەسۆڵەی چراکان ڕووناک بووبوونەوە دیمەنێکی جوانی هەبوو، بەتایبەت ڕووناکییەکەی لەحەوزی ناوەڕاستی حەوشەکەدا ڕەنگی ئەدایەوە، سووری شەمدانییەکان غەوغای دەکرد، هیچ کات بەو سەرنجەو بەو جوانیە چاوم لەبەرهەمی ئیشی باخەوانی پیرو کوڕەکەی کە ئاوی حەوزەکەشیان خاوێن دەکردەوە نەکردبوو و بەو هەمووە ئارەزووم نەکردبوو کە لەو شوێنە دوورکەومەوەو پەنا ببەمە ئەو دوکانە دوکەڵاوییە دارتاشییە.

بەئارامی بەرەو لای حاجی عەلی گەڕامەوە. هیوام ئەوەبوو کە کەرپەکەی و بێ خەیالییەکەی بووبێتە هۆی ئەوەی کەهاوارەکانی باوکمی گوێ لێ نەبووبێ. بەدەنگێکی هێندێک بەرز وتم: ((من... من... خانم گیان قلیانیان دەوێ. ئاگرت لا نییە؟))

خوا بکات دەنگم نەگاتە ئەو سەری حەوشە.

بەسەیرێکەوە سەیری کردم ((ئەی کوا سەرە قلیانەکە؟))

((ئێستا دەڕۆم دیهێنم)).

حاجی عەلی بەماندوێتیو بێ تاقەتی وتی: ((ئاخر دەمویست قاپەکان بەرم بیانشۆم. هەتا ئێوە سەری قلیانەکە دێنن منیش قاپەکان دەبەمو دەگەڕێمەوە)).

((نایەوێ بگەڕێیتەوە. قاپەکان بەرە، خۆم ئاگرەکە هەڵدەگرم))

سەیرێکی کردمو لچێکی هەڵقورتاند، قاپەکانی هەڵگرت کە بیانبا. زۆری پێ سەیر بوو، نەیدەزانی چراکە هەڵگرێو بیبا یان نەیبا! کە ئەگەر بیبردایە من لەتاریکیدا دەمامەوە. دەیهەویست بێ چرا بڕوات وتم: ((نا، نا من ڕوناکیم پێویست نیە، چراکە هەڵگرەو بیبە)).

پیرە پیاو بەسەرسوڕمانەوە چراکەی هەڵگرتو لەقەلەق چوو بۆ هەماری ئاوەکە، دەمزانی هەتا دوو سەعاتی تر ناگەڕێتەوە، چارشێوی نوێژەکەم لەخۆم هاڵاندو لەسەر قادرمەی چێشتخانەکە لەتاریکاییدا دانیشتم، حەزم لەو تاریکاییە بوو، ماوەیەکی پێ چوو، هەروا سەیری بیناکەم دەکرد. ئەم جموجوڵە کەمەی کە لەئارادا بوو تەنیا بۆ من مانای هەبوو، گەیشتە ئەو پەڕی خۆیو دواتر وردە وردە نیشتەوە، چەندەی پێ چوو نازانم، سەعاتێک؟ دوو سەعات؟ تەنیا دەزانم کە ئەوەندە لەسەر قادرمەکە دانیشتم کە پشتم هاتبووە ئێش، نەمدەوێرا بجوڵێمەوە، دەتگوت خەون دەبینم، خەونی ئاڵۆزم دەبینی، مردمو زیندوو بوومەوە هەتا یەکە یەکەی چراکان کوژانەوە.

دەنگی پێی حاجی عەلیم گوێ لێبوو کە شەلەشەل بەچراکەیەوە لەسەر قادرمەکان سەردەکەوت، ماندوو لە... ...ێگەکەم هەستام، تەواوی گیانم

دەیشا، دەتگوت لێیانداوم، حاجی عەلی چاوی پێم کەوت، بەگومانێکەوە سەیرێکی کردمو دواتر سەیرێکی بیناکەی کردو شەلەشەل هاتە ناو چێشتخانەکەوە

بە نوکە پێ گەڕامەوە بۆ بینا سەرەکییەکە، دەتگوت دەچمە کوشتارگاوە دەچمە شوێنی کەوڵ کردن. لەترسانا هۆشم لای خۆم نەبوو. بەخۆشحاڵییەوە روانیمن هەموویان خەوتبوون، یان بەرواڵەت خۆیان کردبوو بە خەوتوو بۆنەوەی ئاگری تورەیی و نەفرەتی خۆیان لەکوشتنی کچێکی سەرکەش بشارنەوە

بەئارامی دەرگای ئەو ژوورەی کە دەمزانی نیزهەت لەوێ خەوتووە کردەوەو بێدەنگ چوومە ژوورێ و دەرگاکەم پێوەدا، دەستبەجێ خوشکم هەستاو دانیشت. گزنگی مانگ باڵی بەسەر ژوورەکەو کەلوپەلە پڕ بەهاکاندا کێشابوو. بە جەستەیەکی ماندووەوە لەپاڵ دەستی دانیشتم، هەر بەو چارشێوەی کە لەخۆم ئاڵاندبوو. ئەویش پاڵ کەوت و چاوی لەبنمیچەکە بڕی. سەرم بردە بن گوێی. دەستی ڕاستمم خستە ژێر سەرم و ڕاستم کردەوە.

((چی بوو؟))

دەستی خۆی لەسەر ناوچاوانی دانابوو و مەلافەکەی هەتا گەروو هێنابووە سەرەوە کە من تەنیا قوولی و دوو چاوە گەورەکانیم دەدی.

((دەتویست چی بێ؟ دەزانی چ ئاژاوەیەکت نایەوە؟ ئاغا گیان قەدەغەی کردووە کە لەماڵ بچیتە دەرێ، ئەگەریش پێویست بوو بە کەژاوە ئەویش لەگەڵ خانم گیان یان دادە خانمو لەسەر ئیزنی خانم گیان)).

بێ ئیرادە وتم: ((ئاخ...))

((ئاغا گیان وتی جواب بۆ مامە گیان دەنێرێ کە تاچەند ڕۆژێکی تر دەچینە باخی شەمیرانی مامە گیان، دەتبەن هەتا قەراری زەماوەندەکەت لەگەڵ مەنسور دابنێن))

Scanned by CamScanner

دیسانەوە وتم: ((ئاخ))و لەپاڵ خوشکمدا لەسەر فەرشەکە پان بوومەوەو بەپشتدا ڕاکشام، هەر بیرم دەکردەوە. هیچ کەس هیچ شتێکم لەلای خۆم نەدەدی، دەوروبەری خۆمم نەدەدی. تەنیا داوام لەخوادەکرد کە بمکوژێ.

ئەوەندە لەمەنسور تووڕە بووم و هەستی کینەم زاڵ بوو کە هەر باسی مەکە

خوشکم درێژەی بە قسەکانیداو وتی: ((تازە قەدەغەی کردووە کە هیچ کەس لەم ماڵە حەقی نیە لەلای بازاڕەوە هاتوچۆ بکات، دەبێ هەموومان ڕێگەکەمان دوورخەینەوە، لەلای چەپەوە بچین و سێ چوار ماڵ دەوربدەینەوە. دەبێ لەو لاوە بڕۆین...))

من بێدەنگبووم دەتگوت مردووم، تەنیا پرچەکانیم دەدی، پڕو عەڵقە عەڵقە هاتبوونە ناوچاوانی و، مەنسورم دەدی پرچەکانی ڕۆنی لێدرابوو و بەسەریەوە نووسابوو، وشک و خۆبەزلزان، بێ هیچ هەستێك. نەمدەویست خۆ زۆر نەبوو، مەنسورم نەدەویست.

ئێستا خوشکم دەستی چەپی خستبووە ژێر سەری و بەسەر سەرمەوە ڕاوەستابوو.

((وەرەو دەست هەڵگرە مەحبووبە، کەمێك بیری لێبکەرەوە، سەیرکە چیت بەسەر ڕۆژی هەمووماندا هێنا؟ تۆ بەو هەموو پێویستیانەوە، بەو ژیانەوە. ئەم هەموو دەوڵەمەندییە چۆن دەتوانی ببیە ژنی دارتاشێك؟ دەتوانی لەگەڵ کەسێکی هەژارو هیچ نەدار ژیان بکەی؟ئاخر ئەم کوڕە مەگەر چی هەیە؟ جگە لەبۆنی گەندەڵی دار؟...))

قسەکەیم پێ بڕی و پشتم تێکرد: ((لێم گەڕێ. بخەوە.))

خوشکم پرسی: ((ئاخر پێم بڵێ مەحبووبە دەتەوێ چی بکەی مەحبووبە؟))

((هەر ئەوم دەوێ))

ئارەزووی بۆنی دارم هەیە.

دەرگاکان بەسەرمەوە داخرابوون، وەکو پشیلەیەك وابووم کە کەوتۆتە داوەوەو توڕەو دڕندە بووم، نەمدەوێرا لەگەڵ باوکم بەرەوڕوو ببمەوە. دایە کە

دوای دوو ڕۆژ گەڕابووەوەو بەگوومانەوە سەیری دەکردمو قسەی لەگەڵ نەدەکردم چێشتو نانی بۆ دەهێنام. دایکم ئەوەندەی بۆی بکرایە لەبینینی من خۆی دووردەگرت، هەر کاتێك ئەگەر پێویست بوایە لەژوورەکەم بێمە دەرەوەو لەگەڵی بەرەوڕوو دەبووم سەرم دادەخستو بەشەرمەوە سڵاوم لێدەکرد، وەڵامی نەدەدامەوە. خوجەستە لەنێوان منو دایکم قسەی دەهێناودەبرد، دەتگوت مەنوچێهریش ڕقی هەستاوە. بێ تاقەتی دەکردو شیری نەدەخوارد. کەم دەخەوت، بەڕۆژدا هەر کات بەدەنگی بەرز دەگریاو بێ تاقەتی دەکرد دایکم وەکو ئەو دەنگی بەرزدەکردەوە. ((یاخوا بمرم، ئەو منداڵە لەو کاتەوە شیری تووڕەیی خواردووە تەواو فەرقی کردووە. ئەوەندە ئەو کچە تووڕەی کردووم. خوا بمکوژێو ڕزگارم بکات بەڕاستی کە مارم بووە))و دیسانەوە بە هەموو ئەوانەوە مەمکی لەدەمی مەنوچێهر دەخستو دیسانەوە هەر بۆڵەی دەهات. پێنج ڕۆژ، دە ڕۆژ، بیست ڕۆژ لەماڵدا سجن کرابووم، بێ تاقەت بووم، شێت ببووم، دێوانە بووم، هیچ خەیاڵێك جگە لەخەیاڵی ئەو لەسەرمدا نەبوو، ئەم دەرگا پێوەدراوە کە لەسەرم دایانخستبوو ئاگرەکەمی بڵێسەدارتر دەکرد، بووبووە هۆی ئەوە کە بەردەوام بیری لێ بکەمەوە، دەمویست خۆم بە شتێکی تر سەرقاڵ بکەم بەڵام نەدەکرا. هەر ئەمەش خەریکبوو شێتی دەکردم، هەر کات هەتا نزیك دەرگای حەوشە دەڕۆشیتم دادەخانم بە بیانوویەك دەهات بەدوامدا یان دایکم بانگی دەکردنو، یان دایە خانم دەهات بۆ لام.

((ئەچی بۆ شوێنێك مەحبووبە گیان، ئاغا گیانت قەدەغەی کردووە)).

((مەترسە، کوێم هەیە بچم؟ خەریکم ئەچم بۆ ئەو سەری باخو گوڵ لێدەکەمەوە. دەمەوێ لەڕوویەوە گوڵ بچنم)).

بەڕاستی کە لەگوڵ چنیندا زیرەك بووم، سەری مێزم دەچنی کە هەموویان پێیان سەیر بوو، گوڵی وەنەوشە، گوڵی موحەمەدی، گوڵی نێرگزم لێدەکردەوەو لەسەر پەڕۆ دەمچنیەوە، ئەو دەم چاوم لەگوڵەکە دەکردو ڕەنگەکانی وەك ڕەنگی گوڵەکان دەمچنی، دەمویست دەسڕێکی چکۆلە دروستکەم، بۆ کەسێك تەنانەت

Scanned by CamScanner

لەمێشکی خۆمدا لەبردنی ناوی ترسم هەبوو. بەڵام نا، بیستوومە کەدەسر دووریی دەهێنێ، سەرە تاقەیەکی بۆ دەچنم بابیخاتە سەر تاقەکەی لای کوورەکە.

ئاوێنەکەی لەسەر دانێو هەموو ڕۆژێ بەیانی چاو لەخۆی بکاتو ئەو پرچە ئاڵۆزانەی داهێنێ.

باوکم تەسجیلەکەی لابردبوو، کاسێتەکانی قەمەر نەمابوون، دوای نانی نیوەڕۆ بوو، بەلۆعەیەك کە لەناوەڕاستی حەوزەکەدا ناوی لێ هەڵدەقوڵا کرابووەوەو ئاوەکەی دەچووە ناو حەوزەکە. باوکم قلیانی دەکێشا. دایکم چای دەخواردەوە، من بە ئەسپایی چووبوومە خوارێو خۆم لێ گرتبوون بزانم دەڵێن چی، قسەو باسەکانیان هەر پەیوەندی بەمنیشەوە نەبوو، دەتگوت من هەر نیم تەبعەن باوکم دوای ڕووداوەکەی ئەو شەوە تورەو کەم قسە بوبو. زۆربەی کاتەکان مۆن بوو. دایکم بە نیگەرانییەوە سەیری دەکردو من زۆربەی کات لەپشت دەرگاکەی ژوورەکەی دایکمو باوکمەوە کوڵم دەگرت، بەڵام هەر باسی منو ئەویندارییەکەم نەدەکرا، ئەوە خراپتر بوو لەهاتوهاوارو پەندو لێدان، بریا قسەیەکیان دەکرد، بریا باوکم هەڕەشەی دەکردو منی هەتا ڕادەی مردن دەکوتا. ئەگەر ناوی ڕەحیمی ببردایەو لەدارتاشییەکەی سەرکۆڵان قسەیەکی بکردایە دیاربو کە بیری لەڕەحیم دەکردەوەو ئازاری دەدا، گرفتێك هاتۆتە پێش کە دەبێ بەجۆرێك چارەسەر بکرێ، ئەو دەم من دەمگوت هیچ ڕێگەیەکی نیە جگە لەبەیەك گەیشتنی منو ئەو. بەڵام ئەم بێدەنگییە ماناکەی چی بوو؟ واتە هیچ گرفتێك نییە، واتە قسەکانی من پڕوپووچ بوونو هیچ بایەخێکی نەبووە، واتە ئەم دڵە شێتەی من دەبێ ئەوەندە سەربکوتێتە سنگی ماندووم هەتا هیلاك دەبێ. ئارام بێ، گوێڕایەڵبێ کە بریا دەبوو. بەڵام هەرکات شنەیەك دەهات من دەکەوتمەوە بیری ئەو پرچە ئاڵۆزانەو ئەو نیگا جوانەو ئەو هەڵسوکەوتە سۆفیانە. ئایا ئەو پرچانە هەر ئێستا بەو شنەیە دەلەرنەوە؟ چەند بیری ئەو دووکانە چکۆلەیەو دەنگی مشارو ڕەندە دەکەم.

دایکم لەحەوزخانەکە هاتە سەرەوەو دادەخانمی بانگکرد. دادەخانم خنچە خنچ پەیدابوو، گوێم لێبوو کە دایکم دەڵێ: ((بەفیروز خان بڵێ بەیانی زوو کەڕاوەکە ئامادە بکات، ئاغا میوانن، دەچنە باخی شەمێران بۆ لای براکەیان)).

دڵم داخورپا، ئەی بۆچی ئاغا گیان ناچن بۆ قلهەک؟ بۆچی ناچن بۆ باخەکەی خۆی؟ بۆچی دەچن بۆ شەمێران؟ ئەویش بە تەنیا؟ ئەویش ئەو کاتەی کە هەموومان لەشاربووین و بەهۆی منداڵ بوونی دایکمەوەو رووداوەکانی دواتری ئەمساڵ باسێک لە ڕۆیشتن بۆ لەیلاخ نەکرابوو، بەهاوینان‌دا بنەماڵەی مامم هەموویان دەچوون بۆ باخی شەمێران، ئامۆژنم زۆرتر دایکمی بانگهێشت دەکرد.

دایکم بیانووی دەهێنایەوە، خۆشیی لەسیلەی نەدەهات، سەرروزمان خۆش نەبوو، کەوایە بۆچی ئەمساڵ باوکم بێ پێشەکی خۆی دەچوو بۆ ئەوێ؟ داوام لەخوجەستە کرد کە بزانێ چی بووە، زۆر باش دەیزانی کە خۆی ساویلکە نیشان بدات و وەڵامی پرسیارەکانی من لەدایکم وەربگرێ.

خوجەستە دەیگوت: ((خانم گیان دەڵێ کە مامت باوکتی بانگهێشت کردووەو، وتوویەتی بێن بۆ شەمێران هەتا سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەکانمان بڕیار بدەین، ئاغا گیانیش ڕۆیشتووە تا هەرچی خێراتر ئیشەکەی مەنسور سەرو سامانێک پێبدا)). خوجەستە برێک ڕاوەستاو درێژەیدا: ((ئاغا گیان ئیتر بەباشی ئازانێ کە تۆ لەمماڵەدا بمێنیتەوە، دەبێت پاڵت پێوەنێن بڕۆی، دەڵێ کچێک کە سەرکەشبێ دەبێ زوو بەشووی بدەی دەنا ئیشی خراپتر دەکا)).

خوجەستە سوور بوەوە: ((بڕیارە خانم گیان جواب بنێرێ بۆ خوشکی تا خێرا بێن کاری من و حەمیدیش تەواو بکەن...)) پێکەنی و ئیزافەی کرد: ((لەترسی تۆ خەریکن پەلەپەل منیش بە شوو دەدەن)).

وتم: ((موبارەکە ئیشەڵا خوجەستە، بەڵام من مەنسورم ناوێ، چاوی بینینم نیە. بەو دایکە مەیموونە زمان پیسەیەوە. ئەگەر چوومەتە ژێربار ئەوە دروستە! کە مەنسور دەبینم دەڵێی ئیزرائیل دەبینم)).

((خانم گیان دەڵێن دەیەوێ بیەوێ، نایەوێ بەقژ دەیبەم مارەی دەکەم)).

((من خۆم دەکوژم، تریاک دەخۆمو خۆم دەکوژم، دوایی دەیبینن. من نابمە ژنی مەنسور)).

((مەنسوری هەژار خۆ کوڕێکی خراپ نییە. دڵم بۆی دەسووتێ تۆ شێت بووی مەحبووبە)).

((ئەرێ بەخوا زۆر باشت وت خوجەستە، شێت بووم، خۆیشم زۆر باش دەزانم)).

بەیانی زوو ئاغا گیان بە کەژاوە ڕۆیشت، من هێشتا لەناو جێگەکەمدا بووم کە دەنگی بینەوبەرەم بیستو ڕزگارم بوو، کاتێك خۆر هەڵات دایکم جلی گۆڕیو بانگی خوجەستەی کرد: ((وەرە خوجەستە، وەرە کچم خێرا خۆت ئامادە بکە دەچین بۆ ماڵی پوورت)).

((نە خانم گیان، من ئیتر بۆ کوێ بێم؟ لەڕووم نایە)).

دەنگی پێکەنینی دایکمم بیست: ((خوا ڕووی خەجاڵەت ڕەشبکا، هەستە، هەستە، مەگەر بۆ کوێ دەچین؟ دەچین بۆ ماڵی پوورت. مەگەر تا ئێستا سەد جار نەڕۆیشتووی کەس خۆ کاری بە تۆ نییە)). ئەوە چۆنە کە دیسانەوە دایکم پێدەکەنێ؟ زۆر کەیفی سازە، تاقەتی گاڵتەی هەیە؟

دایکمو خوشکم وەڕێ کەوتنو لەو کاتەی من واقم وڕمابوو دایەش بەمنداڵەکەوە کەوتە دوایان، دایکم ئەمری کرد حاجی عەلی لەپێشەوە بڕواتو کەژاوەیان بۆ بگرێ تا هەموویان بە کەژاوە بڕۆن، کاتێك دەیانویست بڕۆن دادەخانم بەدوو دڵییەوە سەیرێکی دایکمی کردو وتی: ((مەحبووبە خانم لەگەڵ ئێوە نایەت؟)).

دایکم تووڕە بوو: ((پەیوەندی بە تۆوە نییە)).

((ئاخر ئەگەر مەحبوبە خانیش بهاتایە منیش سەرێکم لەخوشکم دەدا)).

لەنێوان سەرسوڕماوی منو دەدەخانمو دایە گیان، دایکم بە هێمنییەکەوە وتی: ((زۆر باشە تۆ بڕۆ چ کارت بە مەحبوبە خانم هەیە؟))

من و دەدەخانم بە سەیرێکەوە سەیرێکی دایکمان کرد، مەگەر بڕیار وانەبوو بەردەوام کەسێك چاودێری من بێ؟ ئەوە چۆنە دایکم بەو ساویلکەییەوە ئیزنی بە دەدە خانم دا؟ ئاخر ئەو کەسانەی کە ئیش دەکەن بەئاسانی ناتوانن ئیزن وەربگرن کە بچن بۆ شوێنێك، ئەویش لەو کاتەدا کە دایکم دەیویست من بە تەنیا لەماڵدا جێبێڵێ. تەبعەن دەبوایە دەدەخانم ئاگای لەمن بێ.

دەدەخانم بەمینجەمینج سەیرێکی منی کردو وتی: ((دەی... کەوایە... کەوایە... بەڕاستی من بڕۆم؟))

دایکم بەبێ تاقەتییەوە وتی: ((بڕۆ ئیتر، چەندە زۆر بڵێیی دەکەی! بەڵام پێش ئەوەی کە خۆرئاوابێ بێیتەوە، هەزار ئیشمان هەیە، دەوێنێ شەو چێشتو نان مابووەوە، مەحبوبە خانم مەنجەڵێکت بۆ تێدەکاو بیبە بۆ خوشکت)).

دایکم ناوی منی هێنا بوو، ئایا ئەوە مانای ئاشتبوونەوەی بوو؟ ئاگربەستی ڕاگەیاندبوو؟ نازانم چۆن لەدەرگا چووە دەرەوەو ڕۆیشت، بەڵام دەدەخانم ئەی ئەم ژنە چەندە خنەخن دەکا، بەقەست دەیویست دوای ماوەیەك سەردانەکەی بۆ ماڵی خوشکی بکات، چوومە چێشتخانەو سەیری (حاجی عەلی)م کرد هەتا مەنجەڵێك چێشت بۆ خوشکی تێبکات، دیسانەوە ئەوەندە چێشت بۆ من و حاجی عەلی دەمایەوە کە پێویست نەبوو چێشتی تر لێبنێ. بەو هەمووەوە پێی زۆر بوو مەنجەڵەکە پڕ بکات، دەبوایە هەر پێم بوتایە.

((حاجی عەلی ئەو هەموو چێشتە هەیە بۆچی دڵت نایە؟))

((ئاخر هەموو شتێك ڕادەی خۆی هەیە، با دەدەخانمیش بێ چاوڕوو نەبێ)).

هەرکاتێکی تر بوایە پێدەکەنیم بەڵام ئەو ڕۆژە بەبێ تاقەتییەوە قاچم بەسەر زەویداداو وتم: ((خێراکە ئیتر! مەنجەڵەکە پڕکە، پڕی دەکەی یان خۆم پڕیکەم؟))

حاجی عەلی بە بۆڵەبۆڵ مەنجەڵەکەی پڕکرد: ((فەرموون، خۆ ماڵی باوکم نییە. هەر چەندەت دەوێ تێی دەکەم، ئەوەندە بخۆن هەتا دەتەقن)).

Scanned by CamScanner

ژوورەکەی حاجی عەلی لەدەرەوەو لەنزیک دەرگای حەوشەکە بوو، شەلەشەل چووە ژوورەکەی خۆیەوە، چاوەکانی بەهۆی فووکردنی زۆر لەئاگرو دووکەڵی ژێر مەنجەڵ بەردەوام سووربو و ئاوی پێدادەهاتە خوارێ. کاتی ڕێگە ڕۆیشتن دەستێکی بەپشتییەوە دەگرت و دولان دولان دەبووەوە، قاچی شەل بوو، نازانم ئێسکەکانی دەیەشا یان هەروا لەدایک بوبو، بەو هەمووە کە لەچێشتخانەدا چلپەو لیسی دەکرد جگە لەبەشە چێشتەکەی خۆی قاپەکانیشی دەلستەوە. دیسان کزو لاواز بوو، گەرچی پیرو پەککەوتە بوو لەلای دایکم و باوکم حورمەت و ڕێزی زۆر بوو، نە تەنیا بۆنەوەی چێشتی باشی لێدەنا، بەڵکو بۆنەوەی کە زۆر وەفاداربوو.

دەمزانی کە لەباروودۆخەکە کەڵک وەردەگرێ و بۆی دەخەوێ، کەوایە بۆچی دایکم منی بە تەنیا لەماڵدا جێهێشتووە؟ ئایا دڵی بۆم سووتاوە؟ ئایا قۆناغی دیلێتی من کۆتایی پێ هاتووە؟ ئایا بیریان دەکردەوە دوای ئەم بیست و سێ ڕۆژە عەقڵم هاتۆتەوەبەر؟ یان چونکە ئاغا گیان لەشار نەماوە یاساکەش پێشێلکراوە. هەر هۆیەک هەیە بابێ، من دەچم بۆ لای ئەو پرچە پەرێشانانە، ئەو دەستە قایمانە، ئەو دەمارەی کە هەتا بنی ملی کەلەژێر پێستە سەوزەکەیدا دیاربوو، دەچم بۆ لای بۆنی دارو دەنگی مشارو ئەو بەهەشتە دوکەڵاوییە..

چارشێوم لەسەرکردو پەچەم لێدادایەوەو بەڕێ کەوتم، حاجی عەلی لەژوورەکەیدا خەوتبوو، کەلێنی دەرگاکەم کردەوەو ئازاد بووم، لەم ماوەیەدا تەنیا جارێك لەماڵ چووبوومە دەرەوە، ئەویش بۆ ماڵی خوشکم و لەکەژاوەکەی باوکم و لەگەڵ دادەخانم، تازە بەڵام لەلای چەپەوەی ماڵەکە، ئێستا دەتگوت سەدەیەکە کە لەو کۆڵان و دووکانەوە دوور بووم، دەمبینی کە هەموو شتێك هێشتا ڕووناك و شادو زیندووە، خەڵك وەکو پێشوو دەهاتن و دەچوون، هیچ شتێك نەگۆڕابوو.

تەنیا من بووم کە هەڵدەفڕیم و سووک بووم، دەمەویست بەدەنگی بەرز پێبکەنم، پەچەکەم لادا هەتا جوانتر ببینم، هەتا ئەویش باشتر بمبینێ، بریا

بکرایه وەکو سوالکەرێك هەموو ڕۆژێ لەبەردەرگای دووکانەکەی دادەنیشتمو سەیری هاتوچۆیم دەکرد، هەناسە کێشانەکەیم سەیر دەکرد.

لەپێچی کۆڵانی سێهەم نزیك بوومەوە، مشتێك خوێنی گەرم بەیەکجار ڕژایە دڵمەوە، دڵم داخورپا دەستو پێم سارد بوونەوە، نەمدەوێرا لەو پێچەوە تێپەڕمو چاوم پێی بکەوێ، ڕاوەستام، بەڵام تاقەتی وەستانیشم نەبوو.

هەناسەیەکم تازە کردەوەو پێچم کردەوە، لەناکاو ساردبوومەوە، بووم بە پارچەیەك سەهۆڵو لەشوێنەکەی خۆم وەستام، دەرگای دووکانەکە داخرابوو، دەتگوت شەپۆلێکم کە بە کەنارەدا دەدا، مەگەر دەکرێ؟ ئەم کاتی ڕۆژە؟ دوو تەختەی پانو درێژیان بە دەرگاکەدا داکوتابوو، کەواتە دووکانەکە دانەخراوە هەڵپێچراوە، بۆ ماوەیەکی زۆر، بۆ هەمیشە. گێژو حوڵ لەجێگەی خۆم ڕاوەستام، بە نیگای هەژارانەو بە حاڵەتی پاڕانەوە سەیری ئەملاو ئەولای خۆم دەکرد. کەس نەبوو پێم بڵێ چی بووە؟ لەکێ بپرسم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ دیسانەوە سەیرێکی دەرگاکەمکرد، وەکو ئەوەی کە سەیری تەرمی ئازیزێك بکەم، بێ ئیرادە سەرمداخستو بەرەو ماڵەوە کەوتمە ڕێ، دەتگوت ئێسکێك لەملمدا نەبووە. کەوایە بێ هۆ نەبوو وا دایکم بێ خەم جێی هێشتم، بێ هۆ نەبوو کە ناوی هێنام، بێ هۆ نەبوو کە پێدەکەنی، دەمویست بێمو بە چاوی خۆم بیبینم، هەرچی بوو لەژێر سەری باوکمدا بوو، سجنیان کردووە؟ کوشتوویانە؟ چی بووە؟ چییان لەگەڵ کردووە کە هەرچییەکیان لەگەڵ کردبێ لەگەڵ دڵی من کردوویانە.

ڕقم لەباوکمو پێکەنینەی دایکم بوو، هەرچی توندوتیژیان دەکردو زۆرتر بەردیان دەهاویشت من زۆرتر بێتاقەت دەبووم. لێم گەڕێن، با بۆ خۆم بم، خوایە ئیتر چۆن بیبینم؟ لەکوێ بیدۆزمەوە؟ پەرتەوازەیان کردو ڕۆیشت.

گەڕامەوە بۆ ماڵ بەڵام هێزم تێدانەبوو، دەتگوت بەردیان بە قاچمەوە بەستووە، بێ هێز بووم، بێتاقەتبوم، ماندوو بوومو ڕێگەی ماڵەوە چەندە دوور بوو، قاچم بەسەر زەویدا کێش دەکرد، دەستم بەدیوارەوە دەگرت، بە دژواری

Scanned by CamScanner

هەناسەم هەڵدەکێشا، پیر بوبوم، بۆچی هەوا ئەوەندە گەرمو ناخۆش بوو، بۆچی هەمووشتێك گۆڕا، بۆچی تیشکی خۆر لێڵو تاریك بوو، خەڵك مۆن بوون، ژیان جدی بووەوە، تاڵ بوو، بۆچی ئەو کەسانەی کە تێدەپەڕن بە پەلەو خەمبارن، بۆچی لەسێبەری سەر دیوارەکان خەم دەبارێ، گەیشتمەماڵەوە.

دار چنارەکان بە ڕیزەوە لەچواردەوری حەوشە ڕاوەستابوون، ئاوی حەوز ئارام بوو شەپۆلی نەدەدا، چوومە حەوزخانە، ئەوێ هەواگەرم بوو، خۆم خستە سەر پشتییەکە، فرمێسکیش لەچاومدا نەبوو، تەنیا توڕەیی بوو و سەرکەشی، سەبارەت بە باوکم، سەبارەت بە فێڵبازی دایکم کە ناڕاستەوخۆ ڕاستییەکانی بۆم دەردەخست، سەبارەت بە مەنسور، ئێستا دابنیشنو چاوەڕێ بن هەتا من ببمە ژنی مەنسور، ئێستا کەوای لێهات منیش ئارام دانانیشم.

حاجی عەل بە یالاوتن لەبیناکە نزیك بووەوەو سینی چێشتەکەی منی لەسەر قادرمەکان داناو شەلەشەل دووركەوتەوە، هەر دەستیشم لێنەدا، دوو سەعات لەنیوەڕۆ تێپەڕ بوبو، بەبێ تاقەتییەوە لەسەر جێگەکەم هەستامو چارشێوەکەم بەسەردادا، لەوانەیە ئێستا گەڕابێتەوە سەر نیشەکەی، بچم بزانم هاتووە یان نا، گەرچی دەبوایە لەو تەختانە تێبگەیشتمایە، بەلام بەمانەشەوە ڕۆیشتم، دەڕۆیشتم هەتا جێگەی خاڵی ئەو ببینم، دەرگا داخراوە کە ببینمو ئەو لەپشت دەرگاکە بێنمە بارچاوی خۆم. بێتاقەتو خەمبار کەوتمەڕێو دوو کۆڵانم تێپەڕکردو گەیشتمە سەر پێچی کۆڵانی سێهەم، دەرگاکە هەر بەو جۆرە بوو کە بەیانییەکەی چاوم پێی کەوت، بێ ئیرادە چوومە ژێر بازاڕەکەوە.

نەمدەتوانی چارشێوەکەم بەسەرەوە ڕابگرم، گێژو حوڵ ڕێمدەکردو نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم، چیم دەوێ؟ لەپاڵ سەقاخانەکە ڕاوەستام بەلام مۆمم دانەگیرساند، حاڵم باش نەبوو، خەریکبوو دەخنکام، دایکمو باوکم ڕاستیان دەگوت بوبومە لەیلی و وەکو مەجنون سەر لێشێواو بووم، خەفەتبار بووم.

Scanned by CamScanner

دەبوایە بگەڕامایەتەوە بۆماڵەوە، بۆچی لێرەدا بەرەڵا بخولێمەوە؟ تازە باڵندە لەقەفەس هەڵفڕیوە، دەبوایە بگەڕامایەتەوە بۆ قەفەسەکەی خۆم‌و بە دەردی خۆمەوە بمردمایە.

((نای خانم بۆ خاتری خوا یارمەتیم بدەن هەتیوم...))

هەر ئەوەم کەمبوو، کوڕە سواڵکەرێکی دە دوازدە ساڵانەی پێخاوس، جلوبەرگ دڕاو بەدوامدا ڕایدەکرد، ئەگەر دووکانەکە کراوە بوایەو منیش کەیفم سازبوایە بێشک پارەیەکی باشم بەم سواڵکەرە دەدا، بەڵام ئێستا لەپێداگریەکەی توڕەو عاجز بووم، نەفرەتم لەزەوی و ئاسمان دەکرد، سوچێکی چارشێوەکەمی گرت‌و پاڕایەوە: ((هەتیوم خانم، تو گیانی منداڵەکانت یارمەتی منی هەژار بدە)).

چارشێوەکەم پیس دەبوو، بەتوڕەییەکەوە پاڵێکم پێوەنا: ((برۆ ونبە)). هەندێک ڕاوەستاو دیسانەوە ڕایکرد بەدوامدا، بەردەوامبووم لەڕۆیشتن‌و بێ ئەوەی کە لا بکەمەوە وتم: ((دەڵێم برۆ ونبە)).

دەنگی هێنایە خوارێ ووتی: ((ئەو کاغەزی بۆ نوسیوی)).

لەجێگەکەی خۆم وشك بووم، کوڕەکە بە پەلە هاتە پێشەوەو دەستی درێژکردەوە.

((ئەو کێیە؟))

((وتی بڵێم چی هەر ئەو دارتاشە)).

بە بیانووی پارەدان بە پەلە کاغەزەکەم لەدەستی رفاندو بەڕێ کەوتم، لەماڵەوە کاغەزەکەم کردەوە، هەر ئەو خەتە خۆشە بوو کە بەدیتنی دیسانەوە دڵم کەوتە کوتەکوت‌و ئەو خوێنەی کە لەلەشمدا داگیرسابوو دیسانەوە کەوتە هاتوچۆ، دیسانەوە خۆر ڕووناکی خۆی پەیداکردەوەو ژیان دەستی پێکردەوە.

پووری گیان کوتە کاغەزێکی تری دایە دەستی سودابە، تێپەڕبوونی کات کاریگەری خۆی لەسەر کاغەزەکە هەبوو و زەرد هەڵگەڕابوو، لەناو کاغەزەکەدا بە خەتێکی جوان نووسرا بوو: لەپشت باخی ماڵەکەتان چاوەڕێم.

Scanned by CamScanner

هەستی شەوق و موحیبەت لەناو وشەکانی نامەکەدا، لەناو تەپوتۆزی کات، گەیشتە دڵی سودابە، پووریێ گیان تەواوی یادگارییەکانی پاراستووە، لەحاڵێکدا کە دیسانەوە کاغەزەکەی وەردەگرت و دەیخستە ناو سندوقەکەی خۆی درێژەیدا:

نیتر هیچم لا گرنگ نەبوو، ئابڕووم بۆ گرنگ نەبوو، دەمزانی کە دایکم و باوکم خەمی من ناخۆن، نیتر لەدارتاشی سەرکۆڵان ناترسن، کەوایە دایکم درەنگ دەگەڕایەوە و هەتا ئێوارە چەند سەعاتێک مەجالم هەبوو، حاجی عەلیش کە حسابم بۆ نەدەکرد، پیرە پیاوی هەژار سەرقاڵی ئیشی خۆی بوو، بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە گەڕامەوە و بە هەنگاوی وردورد بەرەو لای چەپی کۆڵانەکە ڕۆیشتم، هەتا ئەو سەری دیواری باخی ماڵەکەمان چووم، لەم بەشەدا زۆرتر دیواری ئەو باخانە بوون کە لەیەکتری نزیک بوون، تەنانەت هاتوچۆی کەژاوەکە ماوەیەک بە ئەمری باوکم لەو لایەوە بوو بەهۆی تەسکی کۆڵانەکە دژوار بوو، کاتێک گەیشتمە ئەو سەری دیواری باخەکە، دیسانەوە بۆ لای چەپ گەڕامەوە، لێرەدا کۆڵانی باخێکی تەسکبوو کە لەهەردوو لایەوە دارچنارەکان لەسەر دیواری باخەکەی ئێمە و هی جیرانەکەمان سەریان دەرهێنا بوو. سێبەرەکەیان دەکەوتە سەر زەوی، کۆڵانەکە پیس و پەڵۆخ و بەرزو نزم بوو.

گوی سەگ و مرۆڤ لەشوێن شوێنیدا دەبینرا، ئەویێ تا ڕادەیەک چۆڵ بوو، کۆڵانی باخەکە دەچووە سەر زەوییەکی گەورەی چۆڵ کە ئەویش پڕ بوو لەخۆڵ و خاک و چەند دانەیەک داری وشکهەڵاتوو، هەرگیز ئەم ڕێگە و ئەو زەویەم نەدیبوو، ئەو ڕۆژە ئەو شوێنە چۆڵە بوو بە بەهەشتی من.

لەناوەڕاستی کۆڵانەکە وەستام، دوو سەعات لەنیوەڕۆ تێپەڕ بوو، لەو گەرمای هاوینەدا کەسێک لەو دەورووبەرە نەبوو ئەگەریش بوو منی بەو چارشێوە کۆنەو بەو پەچەوە نەدەناسییەوە، پشتم لەکۆڵانە سەرەکییەکە کردبوو، دەنگی پێی ئەوم گوێی لێبوو کە لەپشت سەرمەوە هاتە ناو کۆڵانە تەسکەکەوە، دەنگی خشەخشی چرپچیلکەکانم گوێ لێبوو کە لەژێر پێیدا دەشکانەوە، لەناخۆشی

ئەو شوێنە شەرمەزاربووم، دەتگوت من بەرپرسی ئەو هەمووە پیس و پۆخڵییەی ناو ئەو کۆڵانەم، بۆ ساتێك لەلامەوە تێپەڕی و بەرامبەرم وەستا. بزەیەکی شەرمنی لەسەر لێو بوو، لەژێر کڵاوە هێلکەییەکەیەوە کە برێك هێنابوویە پێشەوە ئەڵقەکانی پرچی دەبیندرا، لەپشت ملیشییەوە پرچەکانی لەکڵاوەکە هاتبووە دەرەوە، دیسانەوە دوگمەی کراسەکەی کردبووەوە و پێستە سەوزەکەی دەرکەوتبوو، پشتێنی بەستبوو و من لەوە سەرم سوڕمابوو کە داخۆ تەمەنی ئەم جلانە هەتا کەیە؟ ئەگەر ئەم جلانە بە زۆری مێژوو لابیات و کراس و پانتۆڵ لەبەریکا شێوەی چۆن دەبێ؟

هەردوو لەپی دەستی لەبەرامبەر یەك داناو وتی ((سەلام)).

((سەلام)) سێبەری گەڵای چنارەکان و تیشکی هەتاوەکە لەسەر ڕوخساری یاری دەکرد.

پرسی: ((ئەم بیست و سێ ڕۆژە لەکوێ بووی؟))

((زیندانی بووم)). برۆی چەپی بە هێمای سەرسوڕمانەوە بردە سەرەوە. ((بەباوکم وت، ئەویش قەدەغەیکرد کە لەماڵ بچمە دەرەوە، دووکانەکەی بۆچی داخراوە؟))

هەر ئەو بزەیەی جارانی لەسەر گۆشەی لێوی دەرکەوت، چاوەکانی ڕەنگێکی هاری گرت: ((نازانی؟))

((نا)).

((لەباوکت بپرسە)). کەوایە باش زانیبووم، کاری باوکم بوو، بەڵام چۆن؟ باوکت دووکانەکەی کڕیوە، دە ڕۆژ دەبێ، ڕۆژێك بەیانی کە چووم بۆسەر ئیشەکە دیم دەرگای دووکانەکە بەستراوە و بزماریان لێداوە، خێرا تێگەیشتم، زانیم کە چۆنە وای لێهاتووە، ڕۆیشتم بۆ لای وەستاکەم وتم بۆ دەرگای دووکانەکەت داخستووە؟ وتی بەسیرولمولك پیاوێکی ناردو جوابی نارد وتی کە نرخی دووکانەکەت بڵێ، من وتم فرۆشیار نیم، وتی بەسیرولمولك تەنیا نرخی دووکانەکەی پرسی، وەڵامی پرسیارەکەی بدەرەوە، منیش نرخێکم دیاریکرد کە

لەنرخی ڕۆژ گرانتر بوو. دواتر ڕاسپاردەکەی ڕۆیشت‌و هاتەوەو وتی بەسیرولمولك وتی کە بە دوو بەرامبەری ئەو نرخەی کە دیاریت کردووە دەیکڕم بەڵام بە مەرجێك کە لەبەیانی درەنگتر نەبێ. منیش قەبوڵمکرد. هەرنەوەندە))

بەحیرەتەوە پەچەکەم لەسەر دەموچاوم لاداو وتم: ((کەوایە باوکم تۆی بێکار کردووە؟ تۆیشی لەنانخواردن خست؟ ناخرەکەی ژەهرەکەی خۆی ڕشت؟))

بەبینینی ڕوخساری من سووربووەوەو وتی: ((بەپێچەوانەوە ئەو چاوپێکەوتنە شەفامیدا)).

دیسانەوەدووپاتم کردەوە: ((تۆیشی لەنانخواردن خست؟))

((لەوانەیە وای زانیبێ کە لەتۆ دوور بکەومەوە نان لەگەرووومەوە ناچێتە خوارێ!...))و پێکەنی.

دیسانەوە ددانەکانی دەرکەوتن، سپی‌و ڕێکوپێك، دەتگوت تابلۆی وێنەیە، کڵاوەکەی لەسەری هەڵگرت‌و ئەو ئەڵقە وەحشیانەی ئازادکرد، ئەو پرچە وەحشیانەی کە ئازادو سەربەخۆ کەوتنە ناوچاوانی، خاوو لاو، دەتگوت دەروێشێکە کە دەیەوێ زکر بکات، کڵاوەکەی لەدەستیدا دەگوشی‌و پێچی دەدا، دەیویست شتێك بڵێ بەڵام لەڕووی نەدەهات، سەری بەرزکردەوەو سەیری سەرچڵی دارەکانی کردو. ڕوخساری جیدی بوو چاوەکانی گەورەو خەمبار، بزەیەکی تاڵ گرتی‌و وتی: ((هەر لەسەرەتاوە دەمزانی تۆ بە من نادەن)).

((وەرە بۆ خوازبێنی، وەرە بە باوکم بڵێ کە دەتەوێ بچیتەناو نیزامەوە، کە دەتەوێ ناوێك دەربکەی، مەگەر ناتەوێ؟ ها؟))

((بۆچی، دەمەوێ، بەڵام کەڵکی نییە، هەر ناهێڵێ قسەبکەم)).

((چۆن، چۆن. کاتێك چاوی پێتبکەوێ....))

قسەکەی پێ بڕیم: ((باوکت منی دیوە)).

((چی؟ کەی؟ لەکوێ؟))

دیسانەوە خۆی بەکڵاوەکەیەوە خافڵاندو چاوی لەزەوی بڕی: ((ئەو کاتەی کە باوکت دووکانەکەی کڕی‌و دەرگاکەی تەختەکرد، دیسانەوە یەك دوو ڕۆژێك

Scanned by CamScanner

دەهاتمە بەردەم دووکانەکەو ڕادەوەستام، ڕادەوەستام هەتا تۆ بێیت بەڵام نەهاتی، نەمدەزانی چی بکەم، چۆن بتبینم، دەترسام بە زۆر بەشوویاندابی، بە کوڕە مامەکەت... ناوی چی بوو؟))

((مەنسور)).

سەیرێکی کردمو بزەیەکی مانادارى کرد: ((ئاها، هەر بۆ ئەو مەنسور خانە، زۆر دەوڵەمەندە وانیە؟))

چاوەکانیشی بە تەشەر پێدەکەنین و تانەی دەدا، ئەویش سیلەی لەدڵ و ڕۆحم گرتبوو، چی بووە وا کەس منی خۆش ناوێ؟ هەموویان دەیانەوێ من ئازار بدەن؟ من خۆم وێران بووم، دڵم بووەتە هەزار لەتەوە، بەبزەیەکی خەمبارەوە وەڵامی پرسیارەکەیم دایەوە.

دیسانەوە سەری داخستەوەو وتی: ((هەرچی چاوەڕێمکردی نەهاتی، هەتا ئەوەبوو ڕۆژێك کەژاوەکەی باوکت لەبەر دووکانەکەوە تێپەڕی، پەردەکەیان لادابوو و ئاغا گیانت پاڵی پێوە دابووەوە، کاتێك گەیشتە بەردووکانەکە لەژێر چاوەوە منی دی کە دەست بەسینگ وەستابووم، سەر خۆی نەهێنا. بێ ئیختیار بووم، بەخۆمم دەگوت کچەکەی لەکوێ شاردۆتەوە؟ چی لێکردووە؟ چوومە پێشەوەو هەوساری ماینەکەم کە خەریك بوو بە ئارامی بای دەدا وەرگرت و وتم: ئاغا کارم پێت بوو)).

بێ ئیرادە ڕومەتم ڕنی: ((نەیەڕۆ، خوا بمکوژێ)).

دیسانەوە بزە تاڵەکە لەسەر لێوی دەرکەوت: ((بۆچی؟ خوا نەکات، پەرییەك بەو جوانییە بمرێ، بەدوایدا شەپۆل شەپۆل لاو وێران دەبن...))

بێدەنگبوو و نیگاکەی کاری تێکردم.

بۆئەوەی کە خۆم لەو نیگا گڕدارە ڕزگار بکەم لەکاتێکدا کە دەنگم بە زەحمەت لەگەرووم دەهاتە دەرێ پرسیم: ((دەی؟ دواتر؟))

((ئاغا ئەوەندە بەنەفرەتەوە سەیری کردم کە ئەژنۆکانم بێهێز بوون، ئەگەر چەکی پێ بووایە دەیکوشتم، خۆی دایە پێشەوەو بەدەنگێکی ئارامو گڕو ڵذذ

تورە وتی: بلێ سەرم بردە پێشەوە، دەمویست کەس تێنەگات، کەژاوەوان نەزانێ، خەڵکی گەرەك نەزانێ، بە ئارامی بە گوێیدا وتم: بۆچی ئازاری دەدەی؟ دەست لەیەخەی بکەنەوە، منم کە دەیەوێ ببێتە ژنی، لەگەڵ من قسە بکەن، وەکو ئەوەی کە مار پێوەی دابێ ڕەش و شین هەڵگەڕا، بەجۆرێك کە وتم ئێستا خوانەخواستە لەبەرپێمدا دەکەوێ و دەمرێ، نیگایەکی پڕ لەکینەو نەفرەتی لەسەرتاپێمکرد، یەك دوو جار دەیویست هەناسە هەڵبکێشێ و قسەیەك بکات، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات، دواتر لەناکاو وەکو فەنەر لەجێگەکەی هەڵبەزییەوە، بێ ئەوەی کە کەژاوەوانی هەژار بزانێ دەستی چەپی لەپشتەوە گرت و ڕا کێشایە دواوە کە قاچی بەرەو ئاسمان بەرز بووەوەو کەمێکی مابوو بکەوێتە خوارەوە، دەستی ڕاستی ئەو پیاوە هەژارە بە قامچییەکەوە بەرزبووەوە، باوکت وەکو شێر نەڕاندی: ئەوەم پێبدە بزانم. قامچییەکەی لەکابرا سەندو هەتا من دوورکەوتمەوە وا قامچییەکەی لێدام کە لەسەر ئەژنۆم هەتا سەرشانی گرتمەوەو تیایدا ڕۆچوو، باوکت دەیویست دیسانەوە قامچییەکەم پیا بکێشێتەوەو لێمدا بەڵام قامچییەکە بە جێگەکەیەوە نووسابو و منیشی لەگەڵ بردە پێشەوە. خوێن لەشوێنی قامچییەکە هاتەدەرێ و کراسەکەمی لەتلەت کرد، باوکت کە بینی قامچییەکە لەجەستەم نابێتەوە بەدەنگێکی بەرز کە لەناو ددانە نووساوەکانی دەهاتە دەرێ هاواریکردو وتی: هەتیوە زۆڵە، ئەگەر جارێکی تر باسی ئەو بکەی ئەمر دەکەم ملت ورد بکەن، ئەگەر دیسانەوە لەم دەوروبەرەدا دەرکەوی کارێکت پێدەکەم دایکت شینت بۆ بگێڕێ)).

((قامچییەکە بۆ خۆی شلبوەوەو داکەوت، باوکت قامچییەکەی بۆ لای کەژاوەوانەکە فڕێداو وتی: ڕێبکەوەو، ڕۆیشت، سەیری بکە چی لێکردووم!)) کوتە پەڕۆیەکی سپی کە خویناوی بوو بەرەولام درێژ کردو وتی: ((بیگرە، با لەلاتبێ، پێشکەشتبێ و با هەر بەلاتەوەبێ، خوێنی من بۆ تۆ ڕژاوە، بایەخی نییە)).

لەبینینی خوێنەکە حاڵم تێکچوو، وتم: ((ئاخ)). دەتگوت قامچییەکەیان لەمن داوە.

پووریَ گیان کوتە پەڕۆیەك کە خوێنەکەی لەسەر ڕەش هەڵگەڕابوو دەرهیناو بەنیگایەکی پڕ حەسرەتەوە درێژەی بە قسەکانیدا.

پرسیاری لێکردم: ((ئێستا دەڵێی چی بکەم؟ دەمەویَ بێمە خوازبێنیت.

ئەگەر بشمرم دەست هەڵگر نیم)).

((ڕاوەستە خۆم هەواڵت پێدەدەم)).

((چۆن؟))

((ناونیشانی ماڵەکەتم بەریَ)).

بە نیگەرانییەوە وتی:((ناونیشانی ماڵ کەڵکی چییە؟ کریَ چیِن. ئەگەر باوکت بزانیَ ئەویش دەکریَ)).

بیرێك بەمێشکم گەیشت: ((دەی باشە لەحەوشەکەوە دێمە ئەو سەری باخەکەو لەوێوە نامەت بۆ دەخەمە خواریَ. هەر لێرە. کاغەزەکە لەبەردێکەوە دەپێچمو لەسەر دیوارەکە فڕێی دەدەم، جارجار وەرە بۆ ئێرە سەیرێکی بکە)).

((جارجارە؟ من هەموو ڕۆژێك لەم دەوروبەرەدا دەسوڕێمەوە. چی بکەم؟ باوکت ئیشەکەی لیَ سەندووم تۆیش تۆش ئارامت لێهەڵگرتووم)).

دەمزانی کە دەبیَ ببمە ژنی، هەر جۆرێك بووە دەبمە ژنی، تاڵە قژێکی ئەم شاگرد دارتاشە نادەم بە سەد خانو شازادەو فلانە دەولە، وتم: ((ئیتر دەبیَ بڕۆم)).

وتی: ((من ئەو هەموو یادگارییەم بە تۆ داوە، پرچم... خوێنی جەستەم... تۆ چی بە من دەدەی؟))

وتم: ((سەرەتا من یادگاریم بە تۆدا)).

پێی سەیر بوو: ((چ یادگارییەك؟))

((دڵم))و، بە پەلە ڕۆیشتم، لەنێوان فەرازو نشێوی دڕكو داڵەكان كە لەچارشێوەکەم دەگیرا، کە خۆڵاوی دەکردم، دەستو پێمی دەڕوشاند،

Scanned by CamScanner

دەڕۆیشتم‌و ئاواتم ئەوە بوو خۆزگا قاچەکانم وشک دەبوون‌و هەتا کۆتایی جیهان هەر لەوێدا ڕادەوەستام.

* * *

شەوێکی بەسەردا تێپەڕی‌و هەواڵێک لەهاتنی باوکم نەبوو، ڕۆژی دووەم نزیکی نیوەڕۆ کەژاوەکەی باوکم گەڕایەوە، بەڵام باوکمی تێدا نەبوو.

فیروز خان بە پەلە هاتە حەوشەوەو داوای دایکمی کرد، دایکم چارشێوی نوێژەکەی بەسەرداداو چووە حەوشە، فەیروز دەست بە سینگ ڕاوەستا، دایە گیان کە مەنوچێهری لەباوەشدا بوو لەپشت دایکمەوە ڕاوەستا.

فیروز خان وتی: ((ئاغا ئەمریان کردووە کەژاوەکە بێنمە خزمەتتان‌و فەرموویان پێت بڵێم کە کاکم بانگهێشتی کردوون، هەر ئەم بەیانییە لەگەڵ ئاغازادەو دایە خانم‌و خانمە چکۆل هەموو تەشریف بەرن بۆ باخی شەمیران‌و حەوت هەشت ڕۆژێک لەوێ پشوو بدەن))

لەوە وریاتر بووم کە تێنەگەم سەبارەت بە من‌و مەنسور قسە دەکەن، خێرا جموجۆڵ دەستی پێکرد، خوجەستە بەشەوقی یاری لەگەڵ کچە مامەکان، دایکم بەشەوقی بەشوودانی من‌و کۆتایی ژانە سەرو دایە خانم بەشەوقی پشوو لەهەوای فێنکی شەمێران، هەر کەسە لەبیری خۆیدا بوو.

بەیانی زوو سوار بووین‌و بەرەو باخی شەمێران بەڕێ کەوتین، کەژاوەکە لەلای ڕاستی کۆڵانەکەوە دەڕۆیشت، لەسەر کۆڵانی سێهەم دیسانەوە چاوم بە دەرگای داخراوی دووکانەکە کەوت، هەر ئەمهێنایە سەر خۆم، دایکم کە لەژێر چاوەوە هۆشی لام بوو کاتێک دی بە خەیاڵی ئاسوودەوە دانیشتووم، خاتر جەم بوو، وا بیری دەکردەوە کە هاتوومەتە سەر عەقڵ. بەڵام وا نەبوو، تازە سوورتر بوبوم. دوێنێ شەو هەتا بەیانی بیرم کردبووەو پیلانەکانم داڕشتبوو.

لەگەڵ ڕۆیشتنمان بۆ باخ بە قاقاو شادی کچەمامەکان‌و کوڕە مامە چکۆلەکە پێشوازییان لێ کردین، هەوای فێنکی شەمێران، باخی پڕ سەفاو پڕ ئاوو داری گەورە کە هی ماڵی مامم بوو و ئەو پەڕی دیار نەبوو حاڵی منیشی گۆڕی،

مەنوچیهریش بەو هەموو ئامۆیییەی کە دەیکرد ئەو ڕۆژە خۆشیی بوو و کەیفی ساز بوو، چاوی بە منداڵەکان دەکەوت دەیقیژاندو بۆنەوەی بچینە باوەشیانەوە، خۆی لەباوەشی دایە خانم بۆ پێشەوە فڕێ دەداو پەلەقاژەی دەکرد، نزیک نیوەڕۆ بوو، باوکم لەگەڵ مامم و مەنسور چوبون بۆ ڕاوە کەو، ئامۆژنم کە لەقسەی ناخۆش و قسەوقسەلۆک و زەمکردنی ئەمو ئەو لەپوورم کەمتر نەبوو ئەم جارە بە باوەشی کراوەوە هات بە پیرمانەوەو منی لەباوەش گرت و ماچی کردم و بەردەوام پێی دەوتم کچە جوانەکەم، بووکە جوانەکەم، دایکم لەدڵەو پێدەکەنی و دوو کچەمامەکەم کە یەک دوو ساڵ زیاتر جیاوازی تەمەنمان نەبوو و لەمنداڵییەوە بەیەکەوە گەورە بوبوین، گاڵتەمان دەکرد، ئەو ڕۆژە هەر کە چوومە ئەوێ بێدەنگ بوون و بە ڕێزو حورمەتەوە جێگەکەی خۆیان بە مندا، دەتگوت من شتێکم کە دەشکێم و ئەوان یەکەمجارە دەمبینن، لەلای من دەنگی خۆیان نزم دەکردەوە، بەڕێزەوە قسەیان دەکردو ئامادەی خزمەتی زۆر بوون.

نزیکەو نیوەڕۆ لەباخ و بینا کۆنەکە جموجۆڵ و بێنەو بەرەبوو، ئەهار ئامادەبوو سفرەیان داخست، لەم سەری ژوورەکەوە هەتا ئەو سەر سفرەیان بڵاوکردەوەو نۆکەرو قەرەواش هەر خەریکی ئیش بوون، ئاخر ئەو میوانییە لەبەر زەماوەندی کوڕە ئەبارپابەکەیان بوو کە دوای ماوەیەکی تر وەڕێ دەخرا، سەوزەیان هێنا، دوو جۆر شەربەت، خەیاری تازە، ترێ و هەرمێ کە بەرهەمی باخەکەی ماڵی مامم بوو. سفرەکەیان بە ماست و نانی ماڵی ڕازاندبووەوە، یەکێک لەپشت بیناکەوە کەبابی باوەشێن دەکردو یەکێکی تر قاپی باقلە پلاوی لەگەڵ گۆشتی بەرخ لەسەر سفرە دادەنا، دایە گیان کە مەنوچێهری خستبووە باوەشی دایکم و چوبرو یارمەتیان بدا، ئاگردانەکەی دەسوڕاند هەتا بەسانتی سەماوەر بۆ دوای نان ئامادە بکات. تەنیا سەیرکردنی ئەم دیمەنە ئەژنۆمی شل دەکرد بونەوەی پیلانە بێ عەقڵەکەم داڕێژم، من پەیوەندیم بەو ژیانەوە بوو، بوونی ڕەحیم پینەیەکی ناشرین بوو. بیرکردنەوە لەو خەیاڵێکبوو کە زۆر خاو بوو، ئەو داب ونەریتە خێڵەکییە، قەیدو بەندی کۆمەڵایەتی، بەتاقی تەنیا لەدژی هەمووی

راپەڕم؟ بیرکردنەوە لەو شتە زۆر منداڵانە بوو. نەدەکرا لەو کارانەبوو کە قەدەغە نەدەکرا

باوکم‌و مامە گیان‌و مەنسور بە ماینەوە هاتنەوە. هەر سێکیان شادو خۆشحاڵن، یەک دوو کەسی کۆڵکنشیش لەگەڵیان بوو. لەداوێنەکانی ئەلبورز گەڕابوونەوەو یەک دوو کەویشیان ڕاوکردبوو. مامە گیانم وتی بۆ مەحبوبە. من کەوم بۆچی بوو؟ ئەو بەستە زمانانەیان لەت‌و کوت کردبوو. تەنیا بەقەد بەرە دەستێک گۆشتیان پێوە بوو. کەو سەرم بخوا. خراپ گەرم کردبوو. هەڵس‌وکەوتی مەنسور لەهەموویان خراپتر بوو. دەست‌و قاچی تێک دەناڵاند. تەریق دەبووەوە. جاری وا هەبوو بە نێوە بانگی دەکردم‌و جاری واش هەبوو وەک قۆناغی منداڵی دەیگوت تۆ. دۆی پێدەدام. برنجی بۆ تێدەکردم. تەشەری لەخوشکەکانی دەدا کە جێم بکەنەوە. ئەو هەژارانە کە هەریەکەیان لەم شان‌و ئەو شانی من دانیشتبوون لەهەر لایەکەوە نێو مەتریان بۆشایی جێهێشتبوو. هەر کاتێک کە سەیرم نەدەکرد دەمزانی سەیرمدەکات‌و کاتێک کە ڕووم تێدەکرد سوور دەبووەوەو بە پەلە سەیری شوێنێکی تری دەکرد. لەدڵمدا دەمگوت ئەوەندە گرنگی پێ نادەم هەتا خۆی دەزانێ، بەڵام نەدەڕۆیشت، تێنەدەگەیشت، ئەو هەژارە هەر نەیدەزانی لەدڵی مندا چی هەیە. بەهەموو ئەوانەوە لەحەق لانەدەین، لاوێکی ڕەشیدو قەدو باڵا جوان بوو. لەهەڵس‌وکەوتیشیدا شتێکی خراپ بەرچاو نەدەکەوت‌و، کاتێک بە هەموو ئەوانەوە سڵمانی زۆری مامە گیان ناوی ئەوی پێ بەرزدەبووەوە. بۆی ڕوون دەبووەو کە بۆچی تەواوی کچە پێگەیشتووەکان ئاواتیانە لەگەڵی زەماوەند بکەن. هەموو کەس جگە لەمن، لەچاوی مندا وەکو مار وابوو، هەر کە سەیرم دەکرد تێکدەچووم. سەیرکردنی دەست‌و قاچ تێکچوونەکانی‌و شەرمنی‌و بێ تاوانییەکەی دەبووە هۆی سرتەسرت‌و پێکەنینی خوجەستەو کچە مامەکانم، قێزم دەشێوایەوە. ئەویش لەبەختی ڕەشی من بوو کە ئەو هەمووە باش بوو، کە من ئەو هەمووە خراپ بووم، کە هەرچیم دەکرد لەدڵی خۆمدا جێی بکەمەوە نەدەکرا.

دوای نانخواردن پاڵیدایەوە بە پشتییەکەوە، قاچی چەپی هەڵناو ئەنیشکی دەستی ڕاستی لەسەر دانا، ئێستا سوورتر بوبو، جاری وا هەبوو کە دڵنیا دەبوو کەس ئاگای لێنییە لەژێر چاوەوە سەیری دەکردمو بزەیەک دەیگرت. بزەکەی جوان بوو گەشی دەدا بە چاوەکانی بەڕاستی منی دەویست. نازانم لەکەیەوە هەرگیز نەیهێشتبوو کە من پێی بزانم، ئەو ڕۆژە باش تێگەیشتمو لەو ڕووەوە ئازارم دەدی، دەتگوت ئەو نیگا جوانانەی تیرێکە کە لەسەر جەستەم دەچەقێ، لەدەستە ناسکو جوانەکانی، لەجلە گرانبەهاکانی، لەچەکمەکانی، لەسمێڵی کە بڕێک باریکبوو، سەری هەردوو لای سمێڵی کە کەمێک ڕووەو سەرەوە بادرا بوو. لەپرچەکانی کە بەباشی داهێنرابوونو هەر تاڵەی بەدیقەت لەشوێنی خۆیدا بوو، لەجۆری قسەکردنی کە ئارامو بەئەدەب بوو وە لەهەر شتێکی کە لەلای کەسانی تر باش بوون، من نەفرەتم لێی هەبوو و، حاڵم پێی تێکدەچوو.

ئەوەی کە لەهەموو شتێک زۆرتر تووڕەی دەکردم ئەوە بوو کە ئەویش پێی وابوو کەمنیش هەر ئەو هەستەم هەیەو خۆشمدەوێ، لەوانەشە توندترو زۆرتر، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ هەر بەو جۆرە بێ، جێگەی هیچ پرسیارو گومانێک نیەو جگە لەمەش نابێ هیچی تربێ، پێی وابوو کە بە خوازبێنیکردن لەمن منەتێکی خستوەتە سەر سەرمو وەڵامەکەی منیش بەدڵنیاییەوە بەڵێیە، ئەم خۆبەزلزانی و بڕوا بەخۆبوونەی ئەو زیاتر لەهەر شتێک ئازاری دەدام.

دەمەونێوارە لەهەموو هەیوانەکەدا کە تەنیا قادرمەیەک لەگەڵ سەوزەڵانیەکە بەینی بوو و حەوزێکی گەورەی لێبوو و دواتر سەوزەڵانییەکە لەنێوان ریزی دارە بەردارەکان هەتا چاوبڕبکا ون دەبوو، ڕاخەریان ڕاخست، تەختێکیان بۆ باوکمو مامم لێداو سەرەکەیان داپۆشی، دواتر بەساتی خواردنیان ڕازاندەوە، ژنەکان لەسەر زەوی دانیشتبوون، ئامۆژنم لەپاڵ سەماوەرەکەدا بوو و چای تێدەکرد، لەناو هەر پەرداخێکی قەد باریکداو لەژێرپیاڵەیەکی دەور ئاڵتوونی کە لەسینی چکۆڵەی برینجی شەکردانی بلور یان برینجی چکۆلە کە چەند کلۆ شەکریشی تێدەخست، خوجەستەو منداڵەکانی مامم خەریکی یاری و ڕاکردن بوون، جاری

وا هەبوو یەکێکیان دەهاتە پێشەوەو شتێکی هەڵدەگرتو بەدەستی پڕەوە دەگەڕایەوە بۆ لای ئەوانی ترو دایکمو دایە گیانو ئامۆژنم قیژەیان لێ بەرزدەبووەوە کە وەرن دانیشنو وەك منداڵی بنیادەم شتەکانتان بخۆنو دواتر یاری بکەن. وەڵامیان نەدەدایەوە.

مەلۆتکەکەی مەنوچێهریان کردبووەوەو لەسەر چەند کوتە پەڕۆیەك رایانکێشابوو هەتا جێگەکە پیس نەکات. بەپشتدا خەوتبوو، کوتە پەڕۆیەکی ئاسکیان بە سەر قاچیدا دابوو کە بەردەوام لەخۆشی منداڵەکان دەیقیژاندو کۆی دەکردەوە. باوکم بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە دیسانەوە پەڕۆکەی بەسەر قاچیدا دەدایەوەو دەیگوت: ((خەجاڵەتی بکێشە کوڕە))و مامە گیانم پێدەکەنی.

چ بنەماڵەیەکی بەختەوەر بووین! چ دیمەنێکی جوان بوو! ئەگەر خوا رەحمم پێ بکاتو بیمەوە سەر عەقڵ چەندە لەو بەختەوەرییە شوکرانە بژێر دەبووم. بەڵام چارەنووسم شتێکی تر بوو، خۆم لەوێ دا بوومو دڵم لەشوێنێکی تر.

ئاوی حەوزەکە کە لەوێ بۆ ئاودانی گوڵو سەوزەو باخەکەیش کەڵکی لێوەردەگیرا سەوزو قەوزەی هەڵێنا بوو، دوو کیسەڵی گەورەی تێدابوو کە منداڵەکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو. دوو کەروێشك لەسوچێکی باخەکە لەقەفەسدا بوونو بەچکە کارمامزێك کە قاچی بە پەتێکی درێژ بە دارێکەوە بەسترابووەوە، لەناو باخەکە بوو و دەلەوەڕا.

خوجەستە لەگەڵ کچە مامێکمدا بە ڕاکە ڕاك هاتنە لام: ((وەرە مەحبوبە وەرە سەیری ئەو کارمامزە بکە، تۆ نازانی چاوی چەندە جوانە! زۆر جوانە!))

کچە مامەکەم وتی: ((دوو کەروێشکیشمان هەیە، زۆر جوانن. هەستە تەمەڵی مەکە وەرە بابچین نیشانت بدەم)).

کوڕە مامە چکۆلەکەم بۆ دوو خوشکەکەی ئیشارەتیکردو وتی: ((دوو مانگاشمان هەیە)).

خوشکەکەی چەپۆکێکی پێداکێشاو پێکەنی.

وتم: ((ئێستا تاقەتم نیە، دوایی دێم)).

Scanned by CamScanner

باوکم لەژێر چاوەوە سەیری دەکردم، لەو کاتەدا کە پێویستبوو ڕواڵەتی بپارێزین کە لەباخەکەدا ڕووبەڕوو بووبووینەوە جگە لەسڵاوی منو وەڵامی ئەو هیچ قسەیەکی ترمان بەیەکەوە نەدەکرد، بەڵام ئاوچاویشمان لەیەک تێکنەئابوو، زۆر هەوڵی دەدا کە بەسەر تووڕەییەکەیدا زاڵبێ و حەیامان بپارێزێ. بەڵام ساردبوو، تەنیا من هەستمدەکرد کە چەندە ساردو سڕ بۆتەوە، دەتگوت من تەوقێکم لەملیدا، دەیویست لەچنگم ڕزگاری ببێ.

وردە وردە هەوا خەریکبوو لێڵدەبوو و خزمەتکارەکان چرایان هەڵدەکرد.

ئامۆژنم وتی: ((ئێستا تازە شەوە بەیانی لەگەڵ مەنسور گیان دەچن بۆ گەڕان...)).

دواتر پێکەنیو درێژەیدا: ((هەڵبەت لەسەر ئیزنی ئاغا گیانو نازەنین خانم)).

باوکم بە زۆرەملێ پێکەنیو دایکم لەناخی دڵەوە، بە خۆشحاڵی ژنێك کە کچەکەی دەبێتە بووك پێکەنی، لەنیگاکانی مەنسور تێگەیشتم کە چەندە حەزی لەوەیە شەو بچین بۆ گەڕان، ئەو داماوە ئاگای لەدڵی من نەبوو، نەیدەزانی مەیلی باخو گەڕانم نیە، هەر تاقەتیشم نییە.

ئەو شەوە دیسانەوە لەو ژوورەی کە لەگەڵ دایکمو دایەو خوجەستەو مەنوچێهر تێیدا نوستبووین نەخشەم دەکێشا، ئەو هەلەی کە لەخوام دەویست ئامۆژنم نایە دەستم، کەوایە لەوانەیە خوا لەگەڵ من لوتفی خستبێتە کار، لەوانەیە ڕەحمی بە دڵی سوتاوی من کردبێ....

من لەبیری چیدا بوومو مەنسور لەبیری چی؟ دایە گیان لەناو جێگەکەیدا وتی: ((مەحبوبە گیان خوا بەختەوەرت بکات، شانس ڕووی تێکردووی، پێشت ناخۆش نەبێ، ماشاڵا کوڕەکەی مامت زۆر قۆزە)).

پێم ناخۆشبوو بەڵام سەرخۆشمم نەهێنا، پشتم تێکردو وەڵامم نەدایەوە، خوجەستە پێدەکەنیو دایکم بەزمانی منداڵانە لەگەڵ مەنوچێهر کە هێشتا بەخەبەر بوو و حەزی لەیاری بوو، قسەی دەکرد، لە لەحنی دەنگی و جۆری

هەڵس وکەوتی ئاشتیخوازانەی تێگەیشتم کە چەندە شادە. لەگەڵ دایەشی هاوبیر بوو.

دایە دیسانەوە پرسی: ((خانم. ڕۆژی شیرینی خواردن زۆر نزیک نەبێ، هەزار نیشمان هەیە با نەبێتە پەلەپەل))

دایکم هەر دەتگوت لەبیری چۆتەوە کە من چەند مانگە شۆڕشم کردووەو هەموو ڕۆژێک پێم لەپێڵاوێک کردووەو دارتاشی کۆڵانەکەم دەوێ وتی ((باش نازانم دایە خانم. پێم وایە بکەوێتە شەوی جەژنی میعراج. هەر بە تەنیا شیرینی سازکردنەکەی حەفتەیەکی پێدەچێت. لەلایەکی تریشەوە بەرەو پاییز دەچین. حەزمدەکرد زووتر لەخۆبکەوین بەڵکو بتوانین لەحەوشەدا تەپڵەو کورسی دابنێین. ئەمڕۆ بەیانی ئامۆژن بەدزییەوە ئەنگوستیلەیەکی پێنیشاندام. نقێمەکەی بە قەد پەنجە گەورەکەی دەست دەبوو. وتی هەڵمگرتبوو بۆ ژنەکەی مەنسور.

بە دڵتە یان نا؟ ئاواتیان زۆرە. دەیەوێ بووکەکەی لەهیچی کەم نەبێ. ئەویش زۆرتر لەمن لەبیری زەماوەندەکەیدایە. حەقیشیەتی. وردە وردە منیش نیگەران بووم...))

زۆرم ڕقم هەستابوو. دایکم بە داری دەگوت واتە دیوار لەگەڵ تۆمە. واتە دەبێ ببیتە ژنی کوڕە مامەکەت. ئەگەر بمری و بمێنی هەر هی ئەوی. لەدڵمدا وتم کە وای لێهات با هەر وا بیربکەنەوە.

بەیانی لەهەیوانی لای حەوزەکە هەموو لەدەوری یەکدا نانی بەیانیمان خوارد. دیسانەوە هەر ئەو حاڵ و هەواو بینەو بەردیە لەسەر جێگەی خۆی بوو

هەتاو گەرمی کردبوو کە ئاغا گیانم و مامە گیان لەباخ دەگەڕانەوەو هاتنە ناو بیناکەوەو چووبوونە ژوورێکەوەو بەقسەی ئامۆژنم سەبارەت بە نیشی ملکەکانی خۆیان ڕاوێژیان دەکرد. مەنسور کە تا ئەو کاتە هەر لەودەورووبەرەدا دەهاتوودەچوو هات لەسەر تەختەکە دانیشت و ڕۆژنامەیەکی کۆنی دەخوێندەوە. ڕۆژنامەکەی داناو ڕێک هات بۆ لای من و بە دایکمی وت: ((ئامۆژن.

برپار وابوو که ئەمڕۆ کارمامزو کەروێشکەکان بە مەحبوبە نیشانبدەم ئیرنی ڕەدەی کە لەگەڵ منبێ))

دەتگوت لەپێشدا ئیزنی لەمن وەرگرتووە، دەتگوت منیش پێم خۆشە لەگەڵی بچم. من کە سەرم داخستبوو سەیری دەستەکانم دەکرد تەنانەت یەك وشە چییە رای منی نەپرسی.

دایکم وتی: ((بۆچی دانیشتووی مەحبوبە؟ هەستە ئاغا مەنسور چاوەڕێی تۆیە))

دەستمبرد هەتا چارشێوەکەم هەڵگرمو بەسەرمیدادەم. ئامۆژنم وتی: ((نەیەڕۆ دایکەکەم چارشێوی ناوێ، لەناو باخەکەدا خۆ کەسی غەیرەی تێدا نییە. مەنسوریش کوڕە مامتە، ئامۆزا هەر لەسەرەتاوە لەئاسمانەکان مارەیان کردوون))

من سووربوومەوە، نە لەخەجاڵەتی بەڵکو لەتووڕەیی، دەستی دەستی خەریکبوو مارەیاندەکردم، مەنسور بەتوڕەییەکەوە سەیرێکی دایکی کردو وتی: ((خانم گیان!)) دڵم فێنك بووەوە، بەڵام خۆ لەڕوو نەدەچوون، ئامۆژنمو خانم گیان دوو قۆڵی دەستیان کرد بە پێکەنینو قاقایان لێدا.

دەتگوت ئەمریان بە منداڵەکان کردووە کە نەیەنە ناو باخەکەو دوامان نەکەون، ئەمرێك کە دەبوو بە کردەوە دەربهاتایەو بۆ گاڵتە نەدەبوو، هەموو شوێنێك بێدەنگو چۆڵ بوو.

تەنیا جریوە جریوی چۆلەکەکان هەبوو و دەنگیجۆگەلەیەك کە لەقڵیشێکی دیواری باخەکەوە دەهاتە خوارێ، هەوای شەمیران وەکو تاران گەرم نەبوو، لەم وەرزەدا هەرا زۆر فێنك بوو کە لەگەڵ ئارامیی باخە گەورەکانو جۆگەلە پڕ لەئاوەکان چێژێکی خۆشی بەمرۆڤ دەبەخشی، دەتگوت باخی بەهەشتە، لەم باخەی ماڵی مامە گیان چەند جۆرێك داری تێدا بوو. لەبەشێکیدا دار مێوەکانیان هەڵواسیبوو، لەبەشێکی بچووکیدا گەنمەشامییان وەشاندبوو و ئێمەو منداڵان مێمڵی گەنمەشامییەکان بووین.

هەرچی دەڕۆیشتینە ئەوسەری باخەکە ژمارەی دارە بەردارەکان زۆر تر دەبوو و دارەکان پرتر دەبوون. دار سێوەکان، دار هەرمێکان، کە مامە گیان بەتایبەتی شاماری پێوەدەکردو دواتر بۆنی دار گوێزەکان کە من ئەوەندەم حەز لێبوو، مەنسور ئارامو لەسەرخۆ دەستیکرد بە قسەکردن من هەر تێنەدەگەیشتم دەڵێ چی.

گیانم لەترسی ئەو نیشەی کە دەمویست بیکەم دەلەرزی، سەد جار پەشیمان دەبوومەوەو دیسانەوە بڕیارەکەم دەگۆڕی.

مەنسور بە ئارامی پرسی: ((مەحبوبە، ئامۆژنم قسەی لەگەڵ کردووی؟))

خۆم گێل کرد: ((سەبارەت بە چی؟))

بەئارامی پێکەنی: ((دەی دەزانی سەبارەت بە چی)).

بێدەنگ بووم.

بەلەحنێکی ئارام وەک ئەوەی کە گاڵتە بە منداڵێک بکات وتی: ((هەرچی دڵت دەخوازێ بڵێ بۆت دەکەم، نامەوێ وا بیربکەیتەوە کە هەموو شتێک بەدڵخوازی ئاغا گیانو خانم گیان دەچێتە پێش، ئەگەر حەزبکەی ماڵت بۆ جیادەکەمەوە، نابێ دەست لەڕەش‌وسپی بدەی، دەبێ فێری پیانۆ ببی، مامۆستات بۆ دەگرم، حەزدەکەم زمانی فەڕەنسی بخوێنی...)).

((من لەلای ئاغا گیان زمانی فەڕەنسیم خوێندووە)).

((دەی باشتر، تەواوی کەس وەکو خۆت نابێ دەکەی، گوڵ دەچنی، حەزدەکەم بچیتە میوانی یان لەخانمە ڕێزدارەکان میوانداری بکەی، میوانی وەک خۆت، گەرچی وەک خۆشت کەس نییە)).

لەناکاو دڵم بۆی سوتا، ئەویش بۆ من هەر ئەو هەستەی هەبوو کە من بۆ ڕەحیمی دارتاش هەمبوو، یارییەکی دزێو بوو، بزەیەکی میهرەبانی گرتی و نیگایەکی گەرمی لەڕووخسارم گرت، ئەو پیاوێک بوو ئەگەر هاوسەرەکەی خۆش بویستایە بەڕاستی تێدەکۆشا کە بەختەوەری بکات، ئەو ڕێزو حورمەتەی کە لەبنەماڵەکەی دەگرت لەباوکی بۆ بەجێما بوو، لەیەک وتەدا مەنسور پیاوێکی

شەرافەتمەند بوو، مرۆڤ بوو، ئەوە ڕاستییەك بوو كە منیش نەمدەتوانی حاشای لێبكەم. هەر بۆیە منیش نەمدەزانی چی بكەم، بێشك خۆشم دەویست و حەزم نەدەكرد چارەڕەشبێ، هەر بەو جۆرەی كە كچە مامەكانم خۆش دەویست، هەر بەو جۆرەی كە مەنوچێهرم خۆش دەویست

چووینە لای جۆگەلەكەوە، مەنسور سێوێكی بۆ لێكردمەوە. ئێستا گەیشتبووینە لای دار گوێزە پیرەكە، هەر یەكەمان تەنیا بەرپێی خۆمان دەدی و دەمانزانی كە لەگەڵ یەكین. دیسانەوە ترس و لەرز هەموو لەشمی داگرتبوو.

هەر ئەو ترس و لەرزەی كە هەر كات دەمویست پەردە لەسەر ئەو نهێنییەی دڵم لای كەسێك لادەم و باسی خۆمی بۆ بكەم، ترس و لەرزێك كە منی لەگەڵ مەترسی مردن بەرەوڕوو دەكردەوە، جارێك لەچنگ غیرەتی پیاوانەی باوكم سەلامەت دەرچووبووم، ئێستاش دەبوایە ئامادەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دەمار گرژیی و غیرەتە لەلایەن كوڕە مامەكەمەوە بم، دەبوایە وەڵامی "نا"م بدایەتەوە و خۆم بۆ ئاكامەكەی كە توندوتیژی بوو ئامادە بكردایە.

ئەو ڕۆژە ئێمە نە كارمامزێكمان دی نە كەروێشكێك، تەنیا پیاسەمان دەكرد. من بەبێ مەیلی و زۆرەملێ و ئەو بەشەوق و گڕوتینێكی دڵ پاكانەوە، ڕاوەستام و لەسەر كۆتەرە دارگوێزێك لەلای ئاوەكە دانیشتم.

بە پێكەنینەوە وتی: ((ماندو بووی؟)) لەداخا وەڵامم نەدایەوە، ((بۆچی قسە ناكەی؟ خۆ بە منداڵی ئەوەندە شەرمن نەبووی. پشیلە زمانی خواردووی؟)) و دواتر بە پێكەنینەوە درێژەیدا: ((وەرە ئەوەم بۆ تۆ لێكردۆتەوە، حەز بە سێو ناكەی؟))

((نامەوێ)).

دیسانەوە بێدەنگبووم، بەسوچێكی كراسەكەم یاریم دەكرد، سوورتر بوو، هەنگاوێك هاتە پێشەوە، بە حاڵەتێكی دۆستانەو خۆماڵیانە دەستی ڕاستی خۆی لەسەر سەری منەوە پاڵدا بە دارێكەوەو دەستی چەپی لەكەلەكەنا،

سێوەکە هێشتا لەدەستیدا بوو، لەسەرم خێمەی هەڵدابوو، بە لەحنێکی زۆر نارام کە لەوانەیە هەر کچێکی تر گوێی لێ بوایە بەلایەوە جوان بوایە پرسی:

((تۆش هەر بەو رادەیەی کە من تۆم دەوێ تۆیش منت دەوێ؟))

بەدڵنیاییەوە لەخەویشدا نەیدیبوو کە وەڵامەکەی من "نا" بێت، لەناکاو دەنگی خۆمم بیست، نازانم زمانم بە ئەمری کێ کەوتە جووڵەو وتی "نا".

لەحنەکەم ئەوەندە تاڵ و ناخۆشبوو کە خۆیشم پێم سەیر بوو، وەکو دارێك کە بەهۆی رەشەباوە بلەرێتەوە لەرییەوەو ڕاست بووەوەو پرسی:

((بۆچی؟))

((دەی ئیتر نامەوێ)).

بە سەیرێکەوە پرسی: ((ئاخر بۆچی؟ ئیشێکی خراپم کردووە؟ کەسێك قسەی کردووە؟ دیسانەوەی خانم گیان قسەی کردووە؟))

سەرم بەرزکردەوەو وتم: ((نانا، بەخوا نا مەنسور)).

((کەوایە بڵێ چی بووە؟))

بە زۆرزانییەوە سەیرێکی کردم، درێژەم بەقسەکانمدا: ((دەمەوێ بڵێم، بەڵام دەترسم، سوێند دەخۆی کە هاتوهاوار نەکەی؟ سوێند دەخۆی کە بە کەس نەڵێی؟ بەڵێن دەدەی؟ بە گیانی مامە گیان سوێند بخۆ)).

یەکەمجار پێی سەیر بوو بەڵام وردە وردە هاتەوە سەر خۆی، وتی: ((بڵێ، بەکەس ناڵێم)).

((بەڵێن دەدەی؟ سوێند دەخۆی؟))

((وتم بڵێ، بەگیانی دایکم بە کەس ناڵێم، دەتەوێ چی بڵێی؟))

ترسام ئەگەر لەوە زیاتر دەستی دەستی بکەم توورە ببێ.

وتم: ((مەنوسر، من... من... نەك ئەوەی کە تۆم خۆشنەوێ، تۆ وەکو برای خۆم وای، بەخوا بەقەد مەنوچێهر خۆشم دەوێی، بەڵام...))

پاڵیدا بە دارێکی بەرامبەرەوەو، دەستی لەسەر سینگی داناو بەنیگایەکی سارد سەیریکردم، دەتگوت شوشەیەکی بێ رۆحە. وتی: ((وەکو مەنوچێهر؟))

سەرم داخستو وتم: ((دەی ئەرێ)).

((کەوایە! ئێستا وا دەڵێی؟))

لەوەی کە لەسەرتای باخەکەوە هەتا ئێرە بەگوێی منیدا خوێندبوو خۆی ئاوا سووک کردبوو لەخۆیو لەمن تووڕە بوو، غروری لەخەوهەستابوو و جێگەی هەموو هەستەکانی تری گرتبووەوە، زۆر سەیر بوو لەو حاڵەتەدا لەلای من جوانتر بوو، پرسیم: ((دەی کەی بموتایە؟))

((دەی لەسەرەتاوە بتوتایە کە مەنسورم ناوێ)).

((وتم)).

((بە کێت وت؟))

سەری ئاوسابوو، تێنەدەگەیشت کە دەڵێم چی.

((بە هەموویانم وت، بە خانم گیان، بە ئاغا گیان، بەڵام گوێی پێنادەن، بەردەوام خوازبێنیم بۆ دەدۆزنەوە، هەرچی پێیان دەڵێم سوێندیان بۆ دەخۆم بەگوێیاندا ناچێ)).

((بۆچی ناتەوێ؟ ئێستا من هیچ، بەڵام باقی خوازبێنییەکانت، مەگەر ئەوانیتر عەیبو عاریان چییە؟ پیرن؟ کوێرن؟ کەڕن؟ چییانە؟))

نیگای وەکو دوو تیغی کاردی ساردو تیژو تووڕە دەچەقییە چاومەوە.

((هیچ، هیچ عەیبێکیان نییە، عەیب لەمنەوەیە...))

((لەتۆ؟))

((ئەرێ... لەمن. من کە کەسێکی ترم دەوێ)).

سەیری چاویم نەدەکرد بەڵام لەلەحنی دەنگەکەی غیرەتی توندی ئەو کە تێکەڵاو بوو لەدەمارگرژی خزمایەتیو بەخیلی دیار بوو.

((چ قسەیەکی پڕوپووچ؟!!))

حاڵەتێکی وای هەبوو کە دەتگوت هەر ئێستا لێم دەدا، بەڵام لێی نەدام، کەسایەتی ئەو زۆر لەوە بەرزتر بوو کە دەست لەژنێک بەرزبکاتەوە، وتم: ((وسبە،

Scanned by CamScanner

توخوا هاتوهاوار مەکە، ئاغا گیانم دەمکوژێ، تۆ بەڵێنتدا، سوێندت بە گیانی ئامۆژنم خوارد)).

بێدەنگبوو، ددانی وا بەیەکەوە نوساند کە ئێسکی شەویلکەی لەژێر پێستەکەیەوە دایە دەرێ، سوور بووەوە، کەمێك سەرو خواریکرد، لێوی دەکرۆشت، لەو حاڵەتەدا پرسی: ((مامە گیان دەزانیێ ئامۆژنم دەزانێ؟))

((ئەرێ بەهەموویانم وتووە، هەر بۆیە دەیانەوێ خێرا بەشووم بدەن، وا بیردەکەنەوە مێشکم کارناکا)).

سەرێکی لەقاند.

((کەوایە بە زۆر بەشوتبدەن بۆئەوەی عەقڵت سەرخۆت بێتەوە؟ لەمن بێ عەقڵتریان نەدۆزیوەتەوە؟))

دیسان لێی پاڕامەوە: ((مەنسور توخوا هاتوهاوار مەکە)).

پرسی: ((کێیە؟))

((بڕوا ناکەیت)).

((بۆچی "نا" باوەڕدەکەم، تۆ ئەو نیشانەت لەدەستدێ، پێم بڵێ کێیە؟))

نەمدەزانی باشە یان خراپە، بەڵام دڵم لەدەریادا، هەرچی دەبێ بابێ، نەمدەزانی بۆ تۆڵەسەندنەوە لەدایكو باوکمە یان بۆئەوەی کە سفرەی دڵم لای کەسێك هەڵڕێژم، تەنانەت ئەو کەسەش قازانجی تێدا نەبێ، لەوکاتەدا مەنسورم وەك برایەکی گەورەی خۆم سەیر دەکردو لەسەر کۆنەکانی ترسێکم نەبوو.

((شاگرد دارتاشێکە)).

ئیتر لەشوێنەکەی خۆیدا وشکبوو، ئەویش وەکو باقیی کەسەکانی تر لەم ڕاستیە تاڵە لەجێگەکەی خۆی وشکبوو، بە ئارامی بەرەو لای من گەڕایەوەو بەدەنگی بەرزو توڕەو بەگاڵتەوە پێکەنی: ((شاگرد دارتاشێك!!)) ساتێك بێدەنگبوو سەیری چاوەی کرد تا ئاسەوارێك لەگاڵتەو قوماری تێدا پەیدا بکات.

وابیری دەکردەوە کە دەمەوێ گاڵتەی لەگەڵ بکەم بەڵام چونکە زانی گاڵتە نیە بە ڕقێکەوە وتی: ((ئاخ...ئینسان قێزی دەشێوێنێتەوە، دانارزێی؟))

Scanned by CamScanner

بە پەلە وتم: ((ئێستا دارتاشە، دواتر پارە کۆدەکاتەوەو دەیەوێ بچێتە ناو نیزام)).

بەگاڵتەوە پێکەنی: ((ئەی، کەوایە دەیەوێ بچێتە نیزام، کەی ئیشەڵا؟))

بۆچی کەس باوەڕی نەدەکرد؟ بۆچی کاتێک باسی نیزامم دەکرد هەموویان پێ دەکەنین؟ مەگەر خراپییەکەی چییە؟ بە تەشەرەوە وتم: ((کاتێک کە چوو دەیبینی، تەنیا ئەوانەی وا باخ و ملکیان هەیە دەبێ بەناوبانگبن؟))

ئەوەندە بەکینەو ڕقەوە سەیری کردم کە بێدەنگبووم، برێک هاتوچۆیکردو وتی: ((کەوایە... من بەقەد شاگرد دارتاشێک بایەخم نییە؟))

دەرەقەتی نەدەهاتم، دیسانەوە دەڵێی شاگرد دارتاش، ویستم هەندێک دڵی بدەمەوە: ((نە بەخوا، ئەو قسەیە چییە؟ زۆریش باشتری، بەڵام چی بکەم؟ منیش خۆم پێم سەیرە، دیل کراوم)).

خۆیشم وەکو ئەو لەناڵەباریو ڕاستگۆیی و نەشاردنەوەی قسەکانم سەرم سوڕمابوو، بەتوندی وتی: ((دەی باشە ئیتر بەسە، بگەڕێینەوە)).

((نا، وانابێ، دەتەوێ پێیان بڵێی؟))

پرسی: ((دەبێ چی بڵێم؟ دەڵێم مەحبوبە منی ناوێ؟ تا ئێستاش گاڵتەی پێدەکردم)).

((ئە توخوا وا مەڵێ، ئاغا گیان دەمکوژێ)).

((کەوایە دەفەرموون بڵێم چی؟))

((بڵێ من مەحبوبەم ناوێ....))

قسەکەی پێ بڕیم: ((خۆ گاڵتە بەخۆم ناکەم، هەتا دوێنێ دەمگوت دەمەوێ، ئەمڕۆ بڵێم نامەوێ؟ دواتریش دەتەوێ دەستت بەخمە ناو دەستی جەنابی دارتاش، ئەخێر گیانەکەم، من کڵاوی بێ شەرەفی ناخەمە سەر سەرم)).

((بۆ ڕەزای خوا مەنسور بەزەییەکەت پیامدا بێتەوە، حەیامان دەچێ...))

Scanned by CamScanner

((بەزەییم پێتدا بێتەوە؟ مەگەر تۆ بەزەییت بەکەسدا دێتەوە؟ با حەیات بچێ بە بێ چاوورپووییەوە لەلای من دەڵێی حەزت لەکەسێکی ترە؟ ئێستا خۆزگە کەسێکی باشیش بوایە، دارتاشێك، چەندە تۆ لەحەیاچوون دەترسی!))

دیسانەوە هەستی توڕەییم جولا، ئێستا دەبێ بۆ ئەم لاوەش کە تازە سمێڵی دەرهاتووە حساب بکەم؟ بهێڵم کە ئەویش بەسەرمدا بنەڕێنێ؟ ئەو کە لەگەڵ من گەورە بوبو، هیچی لەمن زیاتر نەبوو، مافی ئەوەی نەبوو شتم بۆ دیاری بکات، ئێستا ئەمەش دەیەوێ لاسایی پیاوەکان بکاتەوە؟ پێم دەڵێ چی بکەم‌و چی نەکەم، نامەوێ خۆ زۆرەملێ نییە)).

بەتوندی وتم: ((ئەگەر بمویستیتایە باش بووم؟ ئێستا کە دەڵێم نا دەبێ حەیام بچێ؟ خۆ زۆرەملێ نییە. بڕۆ حەیام بەرە بادڵت فێنك بێتەوە، بڕۆ جاڕبدە، ئەگەر حەیای من بچێ حەیای خۆت زۆرتر دەچێ)).

((حەیای من دەچێ؟ پەیوەندی بە منەوە چییە؟ بۆچی من ئەویندار بووم؟)) نەگیانەکەم. من بووم، ئامۆزاکەت بووە، بڕۆ بە هەموو کەسێك بڵێ کە مەحبوبە شاگرد دارتاشێکی خۆش دەوێ، با هەموو کەسێك گاڵتەت پێبکات، بێڵە با هەموو کەسێك سەرکۆنەت بکەن‌و بڵێن مەنسور بەقەد شاگرد دارتاشێك بایەخی نەبوو، بێڵە با خوشکەکانت هەر شوونەکەن‌و پرچەکانیان وەکو ددانەکانیان سپی بێ، بەرەوژوور تف هەڵدە بابێتەوە ناوچاوی خۆت، با هەموو کەسێك بڵێن کچە مامەکانی مەحبوبە وەك خۆی وان، وەك خۆی وان، مەگەر تۆ سوێندت نەخوارد؟ بەڵام قەیناکا، بڕۆ هەموو شتێك بڵێ با ئاغا گیان‌و مامە گیانم لەژێر شەق‌و زللەدا بمکوژن‌و تۆیش پڕ بە دڵی خۆت سەیرم بکەی.

بێدەنگبوو و گوێی گرتبوو، دەی بینی کە تووڕەبووم‌و ئەو سەر کێشییەی لەمن لەکچێکی پازدە ساڵە ڕانەدەبینی، دواتر بە بیرکردنەوەوە لەو قسانەی من وتی: ((دەی هەرچی دڵت خواستی وتت؟ بەڕاستی چ دڕندەیەکت لێ دەرچووە! هەستە بڕۆ، بەڵام بە مەرجێك، ئیتر نامەوێ چاوم بەچاوت بکەوێ)).

Scanned by CamScanner

سێوەکەی بەرقەوە فڕێدایە ناو ئاوەکەوەو بە ئەفرەتەوە وتی: ((ئەمەدەزانی کە تا ئەو رادەیە زڵخۆرت لێدەرچووە، بەڕاستی چەندە بێ چاووڕوو بووت ئامنز کە زوو ئاسیمیت))

((ئێستا دەتەوێ چیمان پێ بڵێی؟))

((شتێک هەر دەڵێم))

((دەی هەندێک ئاوچاوانت بکەرەوە، ئاوا مەکە بەخۆت))

((دەتەوێ تەپڵت بۆ لێبدەم؟ دەتەوێ لەبەرت هەڵپەڕم؟))

((نا، بەڵام ئاوا هەموو شتێک دەزانن))

((مەترسە، لەخەونیشدا نایبینن کەچیت بەسەردا هاتووە))

بەڕاستی بوو

بەئارامی گەڕایەوەو کەوتەڕێ، وردبوبو، قورسایی ژانەکەی من گوازرابووەوە بۆ دڵی ئەو. ئیتر لەو نەدەترسام، بەڵام ویژدانم ناڕەحەت بوو، لەلای خۆم شەرمەزاربووم

سرتەسرتێک دەستی پێکرد، ئاموژنم لەم ژوور دەچووە ئەو ژوورو وەکو مریشکێک وابوو کە سەریانبڕیبێ، هەر بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە. ئاخری هاتە لای دایکم، پێکەوە چوونە ژوورێکەو دەرگاکەیان لەسەر خۆیان داخست. خوجەستەو کچە مامەکانمو کوڕە مامە بچووکەکەم ئەو کاتەی کە ئێمە دەچووین بۆ ئەو سەری باخەکە دەتریقانەوە بەڵام ئێستا بێدەنگبوونو هەر یەکە لەسووچێکەوە ڕاوەستا بوون، خزمەتکارەکان هەوڵیاندەدا بەبێدەنگی هاتوچۆ بکەنو دایە گیان بۆ یەکەمجار بۆڵەی بەسەر مەنوچێهردا دەکرد.

((ئای، تۆیش چەندە گرینۆکی!))

دایکم کە لەژوورەکە هاتە دەرێ یەکسەر ڕەنگی گۆڕابوو و هاتە ناو ژوورەکەی خۆمانەوەو بە تووڕەییەوە بە دایەگیانی وت: ((شتومەکەکان بپێچەرەوە، بەیانی زوو دەڕۆین)).

دایە دای بەسەر ئەژنۆی خۆیداو وتی: ((ئەیەڕۆ خانم گیان بۆ کوێ بڕۆین؟ مەگەر بڕیار نەبور حەوت هەشت ڕۆژ لێرە بین، ئەی ئیشەکەی مەحبوبەو ئاغا مەنسور چی لێهات؟))

((هیچ، دەتەوێت چی بێ؟ شێوا)).

دایە کە دەتگوت کارەبا گرتوویەتی وتی: ((شێوا؟!))

((کوڕەکە بە دایکی وتووە نامەوێ)).

((ئاخر چۆن؟ هەتا دوێنێ قوڕاوخۆر بوو!))

دایکم بەبێ تاقەتییەوە وتی: ((دەی ئێستا نایەوێ)).

((ئاخر بۆچی؟ بۆ نایەوێ؟))

((بەدایکی وتووە مەحبوبە منداڵە، نازدارە، من ژنم دەوێ خۆ نامەوێ بە بووکە شووشە یاری بکەم، هەتا دوێنێ پێموابوو دەمەوێ بەڵام ئێستا کە چاوم پێی کەوت ئیتر نامەوێ، زەرەر لەنیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە، هەر وەکو خوشکیشم وایە، دواتریش بێ چارە وا چۆتە دەرێ، ئەو دایکە هەژارەشی نازانێ چووە بۆ کوێ، چووە بۆ شار یان ڕاوە کەو!))

دایە کە هەروا غەمبار ئەیدا بەسەر چۆکی خۆیدا ڕووی لەمن کرد: ((یاخوا منت بمرم ڕۆڵە خەفەت نەخۆی...))

نەمتوانی بەر بەبزەکەم بگرم: ((نە دایە گیان خەفەتی ناوێ)).

دایکم کە لەپشت دایەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی شتومەکەکان بوو بە توڕەییەوە سەیرێکی کردم.

لەبەر دەرگای حەوشەکەدا لەکەژاوەکە هاتبووینە خوارەوەو من هێشتا نەچوو بووم بۆ سندوقخانە تا چارشێوەکەم هەڵبگرم کە دەنگی دایکم بەبێ تاقەتییەوە بەرزبووەوە: ((دەدەخانم بەفیروز بڵێ کە بەیانی زوو ئەو کابرایە بێنێ گەرماوەکە هەڵکا، خۆیشت خێرا بڕۆ بۆ لای ئاغا بەیگم کە ئاوەکە گەرم بکا دەبێ منداڵەکان بشۆین، ئەگەریش ئازونوزی کردو وتی کە کەسی تر دێت بەکرێکارێکی تر بڵێ بێ، تاقەتی ئەوەم نییە ئازی کەس بکێشم)).

Scanned by CamScanner

دایکم زۆر ڕقی لەتپوتۆز بوو بە تایبەتی هەر کات دەچووینەوە بۆ لادێ یان بۆ باخ زۆرتر ئازاری دەکێشا، لەوانەیە بڵێم کە ئەو گەرماوە چکۆلەیەی ماڵی ئێمە لەهەر گەرماوی ماڵێکی تر زۆرتر هەڵدەکراو ئاغا بەیگمی دەلاک کە بە زیرەکی لەکیسەکێشیدا ناسرابوو زۆرتر بۆ شۆردن دەهاتە گەرماوی ماڵەکەی ئێمە

خوجەستە باسکمی گرت و لەکاتێکدا کە چارشێوەکەمان لەسەر دەکردەوە منی کێشایە ناو سندوقخانەکەوەو دەرگاکەی داخست، دەنگی پێی دایکم لەحەوشەوە دەهاتە ژوورەوەو لەقادرمەی بیناکە دەهاتە سەرێ سات بە سات نزیکتر دەبووەوە.

خوجەستە بە پەلە پرسی: ((چی بووە مەحبوبە؟ بۆ وای لێهات؟ بۆچی مەنسور کتوپڕ ئاوای لێهات؟))

لەکاتێکدا کە چارشێوەکەم لەسەر داگرت بە ئارامییەکەوە قەدەم کردو وتم: ((ئێستا کاتی ئەوەیە! ئێستا کەی کاتی ئەو قسانەیە، ئێستا خانم گیان دێ. ڕاوەستە شەو کاتی خەوتن بۆت....))

دەرگای سندوقخانەکە کرایەوەو بەتوندی دای بەدیوارەکەدا، دایکم تووڕە لەپێشەوە دایە مناڵ بەباوەش لەپشتەوە هاتنە ژوورێ، خوجەستە بەسەیرێکەوەو لەترسانا چووە سوچێکی سندوقخانەکە، دایکم یەکسەر هاتە لای من، ویستم هەڵبێم لەدەستی توند دای بەسەر سنگمدا، لەسەر سندوقەکە هەندێك قوماشی نەدوراوی لێبوو بەناچاری لەسەری دانیشتم، دایکم بە تووڕەییەوە وتی: ((بۆ کوێ؟ دانیشە بزانم! چیت بە مەنسور وت کە پەشیمان بووەوە؟))

دایە خانم بە دەمی کراوەوە ڕاوەستا بوو و لەقسەکانی دایکم هیچ تێنەدەگەیشت، بە ترس و لەرزەوە وتم: ((هیچ خانم گیان، بەخوا هیچ)).

((ئەی بۆچی کتوپڕ لەژنهێنان پەشیمان بووەوە؟))

((من چوزانم؟))

Scanned by CamScanner

دایكم نوشتایەوەو بە هەردوو دەستی گۆشتی رانی چەپو راستی گرتمو بەتەواوی هێزییەوە بایدا: ((تۆ چۆزانی؟ تەواوی لەژێر سەری تۆدایە، وا نەزانی نازانم؟ منداڵ فریو دەدەی؟ نازانی؟ ها؟ نازانی؟))

بەجۆرێك چرنوقی لێگرتم كە خەریكبوو لەهۆش خۆم بچم، هاوارمكرد: ((ئاخ، ئاخ، گۆشتەكەت لێكردمەوە خانم گیان)).

((كارێكی باش دەكەم، هەرچی هیچ ناڵێم، هەرچی بیری لێناكەمەوە....))

رانەكانمی بەرداو هێرشی كردە سەر باسكەكانم، گۆشتی هەردوو باسكمی گرتو بایدا. ((دەتەوێ ئابروومان بەری؟ دەتەوێ باوكت بتكوژێ؟ من دەبێ تا كەی شیری نەفرەت بەم منداڵە داماوە بدەم؟ تۆ خۆ ئابرووی ئێمەت برد)).

لەتاوی ئێشو ئازار ملم لەبەینی شانەكانمدا شاردەوە، خۆم كۆكردبووەوەو هاوارم دەكرد: ((ئاخ مردم خانم گیان)).

خوجەستە پاڕایەوە: ((خانم گیان كوشتت، گۆشتەكەیت لێكردەوە)).

دەتگوت دایكم شێت بووە، دایە بەردەوام دەیكوت: ((ئەیەڕۆ خانم گیان بەریدە، خەریكی دەیكوژی)).

بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، دەیویست ڕێ لەدایكم بگرێ بەڵام مەنوچێهر لەباوەشیدا بوو، دایكم بێ ئەوەی كە گرنگی بدا بەوەی كە ئەو منداڵە لەقیژەقیژ دەترسێ وتی: ((وابیرت دەكردەوە كە من تێناگەم؟ من فریو دەدەی؟ خوا لە مەنسور ڕازیبێ باشبوو حەیامانی كڕییەوە، هەموو شتێكی نەخستە ملی ئێمە، قوڕ بەسەرم، ئەگەر ئامۆژنت بزانێ من چ قوڕێك بەسەرمدا كەم؟ بەدنیادا بڵاوی دەكاتەوە، ئێستاش درەنگ نەبووە، ئاخرەكەی هەر دەزانێ، خوایە بمكوژە با ڕزگارم بێ)).

ئەم جارەش دوو چرنوقی چاكی لەباسكەكانم گرت، وا بایدا كە لەسەر سندوقەكە كەوتمو هەستامەوە، بەڕاستی خەریكبوو بێهۆش دەبووم، ئاخرەكەی دایە منداڵەكەی دایە دەستی خوجەستەو وتی: ((ئەو كوڕە بگرە بزانم))و

Scanned by CamScanner

لەپشتەوە بارەشی بە دایکمدا کردو لەمنی جیاکردەوە. ((منداڵەکەت کوشت، بەریدە، ئیتر بەسیەتی)).

چارشێوەکە لەسەر دایکم بەربوبووەوە، لەسوچێکی سندوقخانەکەوە دانیشت و پاڵیدا بە جێگەوبانەکەوە، هەردوو چۆکی هەڵنابوو، ئەنیشکەکانی لەسەر چۆکی دانابوو، سەری خستبووە نێوان دەستییەوەو دەگریا، بەدەنگی بەرز دەگریا. تەنیا لەپشت دەستە چکۆلە ناسکەکانییەوە قژیم دەدی، من هەر ئاخ ئاخم دەکردو دەستم دەگوشی، دایکم هاواری دەکردو مەنوچێهر لەترسانا دەیقیژاند، خوجەستە ئەوی بە ژێرکردنەوەوە بردە دەرێ.

دایە بە سەیرێکەوە دەیپرسی: ((ئاخر چی بووە خانم گیان؟ بۆچی وادەکەن؟))

((چی بووە؟ مەگەر نازانی ئەویندار بووە؟))

نازانم ئایا ئەو لەقاوردانەی دایکم بۆئەوە بوو کە ئیتر نەیدەتوانی ئەو نهێنییەی کە نەیدەتوانی لەگەڵ خوشکەکەی خۆیشی باسی لێوە بکات، لەلای خۆی هەڵیگرێ وە یان لەڕووی سیاسەتەوە بوو، ئایا خزمەتکارەکان زانیبوویان؟ ئایا توانیبوویان قامچی خواردنی ڕەحیمی دارتاش و داخرانی دووکانەکەو سجنکردنی من بەیەکەوە پەیوەست بکەن؟ هەتا ئەم ساتە ئەگەر سرتەسرتێکیش لەئارادا بووبێ دایەیش لەگەڵ دەدەخانم و فیروز بەشدار بووە، بەڵام لەم کاتە بەدواوە بە دڵنیاییەوە دایە خانم ئەو ئیمتیازەی بەدەستهێنابوو کە دایکم بڕوای پێبکات.

بۆ نیشاندانی باشتر بوونی خۆی بەسەر باقیی خزمەتکارەکانی ترو وەفاداری خۆی بۆ دایکم، لەبەرامبەر ئەواندا دەوەستایەوەو دەیدا بەناو دەمیانداو ڕێی لەهەر قسەو باسێك دەگرت.

دایکم کە نموونەی کەسایەتی و ئارامی و لەخۆبردوویی بوو و ژنێك بوو کە توڕەییەکەی بە تەنیا ناوچار تێکنانێکی چکۆلەو کۆکردنەوەی لێوەکانی وە یان مل سوڕاندن وە یان سەیرکردنێکی مانادار دەردەخست و تەنیا لەڕووی بزەیەکی

جوانیشەوە کە بەسەر لێوییەوە دەنیشت دەمانزانی کە کەیف خۆشە. ئیستا لەسوچێکی سندوقخانەکە دانیشتبوو و دەگریاو دایە دڵنەوایی دەکرد. دایکم وتی: ((هەردوو قاچی کردووە بە پێلاوێکداو دەڵێ هەر قسەی خۆمە...))

لەجێگەکەی راپەڕی کە دیسانەوە لێمبدا، دایە ڕێی لێگرت و قیژاندنی بەسەرمدا: ((دەی برۆ دەری ئیتر، لەم ژوورە بچۆ دەرێ، دەتەوێ بتکوژێ؟))

دوو قاچم هەبوو، دوانی تریشم قەرزکردو رامکرد، چارشێوەکەم بەدەستەوە گرت و لەژووری سندوقخانەکەوە هاتمە دەرێ، چۆن پێشتر بیرم لێ نەکردبووەوە؟ نازانم. دەنگی سرتەسرتی دایکم و دایە خانمم گوێ لێبوو، کوتە قەڵەمێکم لەسوچی ژوورەکەدا شاردبووەوە، هەڵمگرت و بە پەلە لەتێک کاغەزم دییەوەو لەسەری نوسیم:

کورە ئامۆزاکەمم جوابکرد، بەوم وت کە نامەوێ.

وتم تەنیا تۆم دەوێ ڕەحیم. تەنیا تۆ.

بەرەو حەوشە ڕامکرد کە خوجەستە منداڵ بەباوەش پەیدا بوو: ((بۆ کوێ؟ دەتەوێ لەماڵ بچیتە دەرەوە؟))

((نا، خانم گیان دەیەوێ دیسانەوە لێمبدا، ئەڕۆم بۆ ئەو سەری حەوشەکە هەتا ڕقەکەی دەنیشێتەوەو لەکەری شەیتان دێتەخوارەوە)).

خوجەستە بە جۆرێک کە وەك کەسێك بیەوێ کەسێك سەرکۆنە بکات وتی: ((بەراستی روویەکی باشت هەیە. ئەوە تۆی کە دەبێ لەگەڵ شەیتان بێیتە خوارەوە)).

چارشێوەکەم بە سەردداو وردەوردە چوومە ئەو سەری باخەکەو لەژێر دارەکان لەم دیوی حەوشەکەوە ڕاوەستام، بەردێکی چکۆلەم دۆزییەوە کاغەزەکەم تێوەپێچاو بە کوتێك پەت قایممکرد، سەیرێکی دەوروپشتی خۆمکرد، لەوە نەدەچوو کەس چاوی لێمەوە بێ، دیوارەکە ئەوەندە بەرز نەبوو، بەردەکەم فڕێدایە ئەوسەری دیوارەکەوە. ئیشی قاچ و دەستم لەبیر چووەوە، ئارام گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، ئەو شەوە دایە خانم لەسەربان هاتە لای جێگەکەم و

Scanned by CamScanner

قسەی لەگەڵکردم، منیش ماندوو لەڕێگەی ناخۆشی شەمیران تا ماوەیەکی زۆر قسەی لەگەڵکردم، منیش ماندوو لەڕێگەی ناخۆشی شەمیران تا شارو لەنێشو ئازاری دەستو قاچم فرمێسکم هەڵدەڕشتو کوڵم نەدەدا. قسە هەر قسەی خۆم بوو.

پووری گیان واتە خوشکی دایکم هەر لەکوڵمان نەدەبووەوە، بەردەوام کەسی رادەسپاردو خوجەستەی دەویست، خوجەستە نە بەڵێی دەگوتو نە نای دەگوت، لەڕۆیشتن بۆ شومالو نەبینینی بنەماڵەکەمان زۆر زۆر دڵنیگەران بوو، بەڵام وەکو من سەرکەش نەبوو، تازە یازدە ساڵی تەواو کردبوو، هێشتا منداڵ بوو بەڵام جوان بوو، پرچەکانی زۆر جوان بوون، پێستێکی ناسکی هەبوو، ئەندامی هێشتا باش هەڵنەکشابوو.

بەڕای من بۆ حەمیدی پوورزام حەیف بوو، زۆر وریا بوو، لەلای باوکم وانەی فەرەنسی دەخوێند، مامۆستایشی لەماڵەوە بوو، حەزی دەکرد بچێتە قوتابخانەی کچانە، باوکم ئیزنی نەدەدا، وای پێ باش بوو کە کچەکانی لەماڵەوە بخوێنن، لەکۆتاییدا دایکم ڕای سپارد: ((چەند ڕۆژێك ڕاوەستن، هێشتا نیشەکەی مەنسورو مەحبوبە نەکەتووە بە بارێکدا، دواتر خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە)).

لەو ڕۆژەوە کە لەباخەکەی ماڵی مامم گەڕاینەوە دیسانەوە توورەیی و توندوتیژی دایکمو باوکم دەستی پێکردەوە، دیسانەوە زۆر شتیان قەدەغەکرد، بەیانی ڕۆژی دواتر بە پەلە گەرماوەکەیان هەڵکرد، هەر بەیانی زوو ئامادەبوو، ئاغا بەیگمی دەلا هاتو لەژوورەکەی دەدەخانم چاو شیرینی خواردو یەکڕاست لەدوو قادرمەکەی گەرماوەکە چووە خوارەوە، چووە ناو گەرماوەکەوە، سەرەتا خوجەستەی شۆرد، دواتر دایکم کە تازە مەنوچێهر لەخەو هەستا بوو لەگەڵ خۆی بردیە گەرماوەکەوە.

منیش جلەکانم ئامادەکردبوو کە دایە گیانم هات. چاوەکانم ئاوسابوو چونکە شەوی پێشتر زۆر گریابووم، دایە گیان وتی: ((چی کردووە لەخۆی؟ لەئاوێنەدا سەیری خۆتتکردووە؟ جلەکانت ئامادەکردووە؟ هەموو شتێکت هەڵگرتووە؟))

((بەڵێ دایە گیان)).

کەتیرەو سابوونیش لەناو گەرماوەکەبوو، دایە وتی: ((دەموچاوت بشۆ، زۆر ئاوساوە، ئەو ئاغا بەیگمە لەو زۆڵانەیە، دەموچاوت ببینێ بڵاویدەکاتەوە، سەد رانەی تریشی دەخاتە سەر، شوکور بۆ خوا هەر ڕۆژە لەماڵێکە، هەموو شتێك بڵاودەکاتەوە)). دەستی گرتم تا لەجێگەکەم هەستم، لەتاوی ئازارەکەم هاوارێکم کرد کە وەکو ئەوەی مار پێوەیدابێ دەستی کێشایەوەو بەترسەوە وتی: ((چی بووە؟))

((جێگەی چرنوقەکانی خانم گیان دێشێ)).

((ئادەی هەڵیماڵە با سەیریبکەم)) قۆڵەکانم هەڵکردو هەر کە گەیشتە قۆڵم خۆیشم ترسام، هەردوو دەستم بەقەد لەپی دەستێك ڕەش و شین هەڵگەڕابوو و خوێنەکەی کۆ بوبوەوە، دایە گیانم وتی: ((وەی یاخوا بمرم. چی لەو کچەکردووە، ئادەی بزانم چی لەباسکت کردووە)).

قۆڵم زۆر خراپی لێ بەسەر هاتبوو، یەکسەر ڕەش و شین هەڵگەڕابوو، دایە خانم سەیری ڕانەکانی کردم ئەویش لەدەستم باشتر نەبوو، دایکم کە لەگەرماوەکە دەهاتە دەرێ و سەرپۆشێکی سپی بەسەرداداببوو و مەنوچێهری لەقوماشی سپی پێچابوو لەگەڵ خۆی دەیهێنا، دەتگوت سەری بوکەڵەیەکی جوانیان پێچاوەتەوە، بەنەفرەتەوە هاواریکرد، ((دایە گیان بڵێ وەرن، ئاغا بەیگم چاوەڕێیە)). چونکە وەڵامی نەبیست، دیسانەوە کە گەیشتە سەر قادرمەکان هاواریکرد: ((مەحبوبە، مەحبوبە، ئەوە لەگەڵ تۆم نییە؟))

دایە خانم پەردەکەی لاداو سەری بردە دەرێ و بەدەنگی بەرز بۆنەوەی کە ئاغا بەیگمیش گوێی لێبێ وتی: ((خانم، مەحبوبە خانم ناتوانێ بێت بۆ گەرماوەکە)).

دایکم کە ئێستا گەشیتبووە ژوورەکە لەپشت سەرێ دایە خانمەوە وتی: ((بۆچی دەنەڕێنی دایە خانم؟ عەیبە. حاجی عەلی لەچێشتخانەکەیە گوێی لێدەبێ)). بەدەست ئاماژەی بە من کرد: ((من کەنازانم چییەتی، ئەم کارانە چییە دەیکا؟ هەستە زوو بچۆ بۆ گەرماوەکە کچێ!))

دایە دەستەی بەرزکردەوەو قۆڵمی هەڵمالیو وتی: ((ئاوا بچن بۆ گەرماو؟ سەیرکەن چیتان لێکردووە؟ تەنیا ئەوەندەمان مابوو کە ئاغا بەیگم بیبینێو دنیای لێ پڕکا))و رووی کردە منو وتی: ((یاخوا بە قوربانت بم رۆڵە، کاتێک خۆم دەتبەم دەتشۆم)).

ئاغا بەیگم ڕۆیشت

دایکم لەکاتێکدا کە بە توڕەییەوە لەژوورەکە دەچووە دەرێ وتی:((دەی هەر ئەوەیە وایکرد، ئەوەندە بە قوربانی بووین هەتا ئاوا سەرکەش بوو)).

دایە کەوتە دوایو وتی: ((دروستە لەگۆشتو خوێنی من نییە بەڵام گەورەم کردووە، منداڵە، لەشیم دی وتم یاخوا دەستتان بشکێ خانم، تەواوی لەشی ئەو کچەت شین کردۆتەوە)).

پێم سەیر بوو دایکم هیچی نەوت، بەڵام دایە خانم هەر بۆڵەی دەهات، لەوانەیە دایکم لەبەر تەمەنەکەی هیچی پێ نەوتبێ، لەوانەیش بوو ڕێزی لەبەوەفابوونەکەی گرتبێ، یان زۆر ساکار خۆیشی دڵی پێم سووتابێ.

دیسانەوە نامەیەکم نووسی، باسی لێدانەکەی خۆمم نووسی، ئەو کاتەی باوکم بۆ نانخواردن چوو بووە میوانیو دایکم لەلای مەنوچێهر خەوی لێکەوتبوو، منیش ئارام ئارام چوومە ئەوسەری باخەکە، حاجی عەلی قاپەکانی نیوەڕۆی دەشۆرد، دوو سەعات لەنیوەڕۆ تێپەڕیبوو، ویستم بەردێک فڕێبدەم، دەنگی قاچێکم بیستو ڕاوەستام، تۆ بڵێی کێ لەوێ بێ؟ لەو ڕێگە تەسکو چۆڵەدا؟ ڕادەوەستم بڕوا دواتر فڕێی دەدەم، دەنگی قاچەکە نەما؟ دەتگوت ئەو کەسە ڕاوەستاوە، لەناکاو بەمێشکمدا هات کە لەوانەیە ڕەحیم بێ، چۆن بزانم ئەوە؟ پشتم بە دیوارەکەوە ناو بەدەنگێکی هەندێک بەرز وتم: ((حاجی عەلی لەکوێی؟ بۆچی ئەمڕۆ کەس لەناو باخەکەدا نییە؟))

هەر لەو کاتەدا دەنگی کۆکەیەکم بیستو دواتر دەنگی ڕەحیم: ((ئەم کۆڵانە چەندە دڕوو داڵی هەیە!))

بە ئەسپایی وتم: ((ڕەحیم؟))

((مەحبوبە تۆی؟ بەتەنیای؟))

((نەری))و بەردەکەم فڕێدا، ماوەیەکی پێچوو، پێموابێ کاغەزەکەی خوێندەوە.

((لێت دەدەن؟))

((قەیناکا)).

((قەیناکا؟ زۆریش قەی دەکا، خەریکن وردە وردە دەتکوژن)).

وتم: ((بڕوا ناکەن تۆ دەچی بۆ نیزام، مەگەر تۆ ناچی؟))

ڕاوەستا: ((بۆ نیزام؟ ئەی چۆن، دەچم... کاتێک کە چووم دەیبینن)).

((کەی دەڕۆی؟))

دیسانەوە ڕاوەستا: ((وەڵا کەوتومەتە دوای... چەند مانگێک درێژە دەکێشێ.. بەڵام هەتا ساڵێکی تر دوا ناکەوێ، لەگەڵم دێی بەیەکەوە هەڵبێین؟))

((ئەیڕۆ نا، ناتوانم، دەتەوێ بەجارێک خوێنم حەڵاڵبێ؟ ڕاوەستە بزانین چۆن دەبێ)).

((ئاخر تاکەی ڕاوەستین؟ من ئیتر سەبرم نەماوە)).

وتم: ((ئەگەر ڕازی نەبوون ئەو کاتە بیرێکی لێ دەکەینەوە)).

حاجی عەلی شەلەشەل پەیدابوو و منیش بە ئارامی وتم: ((خوات لەگەڵ حاجی عەلی هات)).

لە بیست ڕۆژێک لەگەڕانەوەمان بۆ شار تێدەپەڕی، کۆتایی هاوین بوو، ئێمە هێشتا لەسەربان دەنوستین، بەهاویندا ئەگەر باوکم لەحەوشە بخەوتایە دەبوایە ئێمە بچووینایەتە سەربان‌و ئەگەریش حەزی بکردایە بچێتە سەربان دەبوایە بچووینایە لەحەوشە بخەوتینایە. ئەگەر لەحەوشە بخەوتینایە دەبوو گەرمەی بەیانی هەستاینایە هەتا حاجی عەلی ئێمە لەناو جێگەو بانەکەدا نەبینێت، ئەو ساڵە لەبەر مەنوچێهر کە گەرمای نەبێ جێگەکەی ئێمەیان لەسەربان ڕادەخست، دایکم بەردەوام دوای ئێمە دەهاتە سەرێ، چەندەم پێ خۆشبوو ڕەحیم لەجلی نیزامدا لەدەرگا بهاتایەتە ژووری‌و لەپاڵ مەنسووردا دانیشتایە، ملی بەرز

ڕاگرتایەو بەهەڵس‌وکەوتی نیزامی ڕەفتاری بکردایە، منیش بەگاڵتەوە سەیری قەدو باڵا ناشرینەکەی ئامۆزاکەم بکردایەو حەزمبکردایە.

لەدەرگایاندا، دەنگی دایك‌و باوکم گوێ لێبوو کە پێیان سەیر بوو بەو شەوە لەدەرگادەدەن، دەرگاکەیان کردەوەو، دواتر دەنگی پێی پیاوێك کەوتە بەر گوێم‌و دایك‌و باوکم چاك‌و خۆشییان لەگەڵ کردو دواتر دایکم دەیگوت:

((ئەوە چۆن بوو بەم شەوە بیرت لەئێمە کردەوە؟))

کەوایەمیوانەکە لەخۆمان بوو، خزم بوو، بەڵام کێ بوو.

دەنگی مامم بووە هۆی ئەوەی لەجێگەکەی خۆمدا وشکبم. بەناڕەحەتییەکەوە وتی: ((بۆیە کاتتانم گرت کە چەند وشەیەك لەگەڵ تۆو کاکەم بڵێم...))و دواتر دەنگەکان دوورکەوتنەوە، پێم وابێ لەقادرمەکانی حەوزخانەکەوە چوونە خوارێ. ئیتر گوێم لەهیچ نەبوو، بەندی دڵم پسا، دڵم هەواڵیدا کەهاتنی مامم پەیوەندی بە منەوە هەیە.

بە ئارامی‌و بەپێخاوسی لەسەربانەکە هاتمە خوارێ، کەس بەدەرەوە نەبوو، بەدڵنیاییەوە چوو بوونە حەوزخانەکە، بۆئەوەی کەس گوێی لێیان نەبێ. کەوایە شتێکی نهێنی هەیە، سەبارەت بە منە.

بەئارامی لەقادرمەکانی ئاودارخانەکە چوومە خوارێ‌و دەنگی ئەوانم گوێ لێبوو کە بەئارامی‌و لەسەرخۆ قسەیان دەکرد، لەکونی دەرگاکەی پشتەوەی حەوزخانەکە کە داخرابوو سەیرم دەکردن، مامم لەسەر تەختی لای حەوزەچکۆلەکە دانیشتبوو کە بەڕەیەکیشیان لەسەر ڕاخستبوو لایەکی دەموچاویم دەبینی، سەری داخستبوو قسەی نەدەکرد، باوکم ئەژنۆی لەباوەشی گرتبوو دایکیشم لەلای دەستی باوکم دانیشتبوو، سەری داخستبوو ئەویش قسەی نەدەکرد، تەنیا ساتێك سەری بەرزکردەوەو وتی: ((ئاخ، من هەروا دانیشتووم، با بڕۆم شوتییەك، چایەك، قلیانێك بێنم)).

Scanned by CamScanner

مامم بە بێ تاقەتییەکەوە وتی: ((نامەوێ خانم، فەرموون دانیشن، هاتووم هەندێ قسەبکەمو بڕۆم. خۆ نەهاتووم بۆ خواردن، خواردن دانێ بۆ دوایی))و.

لەناکاو مامم بێ پێشەکی پرسی: ((دەی ئاخرەکەی چیتان کرد؟))

باوکم بەسەیرێکەوە بڕوێەکی خۆی بردە سەرێو وتی: ((سەبارەت بەچی کاکە؟))

((سەبارەت بەو دەسە گوڵەی کچەکەت داویەتی بە ئاودا، مەحبوبە دەڵێم))

دەتگوت ئاسمان هاتەخوارێ بەسەرمدا. خودا بتکوژێ مەنسور، ئاخرەکەی دەمت ڕانەوەستا!

دایکم بە نیگەرانییەکەوە سەری بەرزکردەوەو سەیرێکی ماممی کرد، بە چاوی داوای لێدەکرد شتەکە نەدرکێنێ، باوکم بێدەنگ بوو، جێی گومان نەبوو کە مامم زۆر شتی لێدەزانی. باوکم بە ئارامیو خەمناکییەوە پرسی: ((ئێوە لەکوێ زانیتان؟)).

((لەو جێگەیەوە کە دەمزانی مەنسور هەر لەسەرتاوە مەحبوبەی دەویست، کەوایە ئەی بۆ بە دوو سەعات پێکەوە بوون ئەوەندە گۆڕا؟ هەر کۆڵم لێنەیا، هەر پرسیارم لێکرد، هەتا ئەوەی ئەمشەو دایکیو منداڵەکان لەماڵ نەبوونو دانیشتم قسەم لەگەڵ کرد، تا لێم دەرهێنا، وتی مەحبوبە منی ناوێ، وتویەتی کۆڵم لێبدە. بهێڵە ببمە ژنی کەسێکی تر کە حەزی لێدەکەم)).

دایکم دەموچاوی خۆی ڕنی: ((ئەی قوڕ بەسەرم)).

مامە گیان بە ئارامییەوە وتی: ((خانم ئەم کارانە چییە دەیکەی؟ مانای نییە دەبێ بەئارامی بابەتەکە چارەسەر بکەین)).

دایکم وتی: ((ئاغا گیان ئەم بابەتە چارەسەر ناکرێ)).

باوکم پرسی: ((مەنسور نەیگوت کە دڵی بە کێوەیە؟))

دەنگی باوکم ئارامو گیرا بوو.

مامە گیان وتی: ((بۆچی، وتویەتی، وتویەتی کەسێکە کە دەیەوێ بچێتە ناو نیزام)).

باوکم دیسانەوە پرسی: ((ئەیگوت ئێستا چی دەکا؟))

مامە گیان سەری داخست، نەیدەویست باوکم شەرمەزار بکا. ((وتویەتی ئێستا شاگرد دارتاشە)).

((ڕاست دەکا، کچەکەم ئەویندار بووە، شاگرد دارتاشێکی دەوێ. پەشیمانیش نابێتەوە دەیەوێ ببێتە ژنی)). دواتر کەمێک ڕاوەستاو وتی: ((بەڕاستی پێکەنینمیە، دەوێ بچێتە ناو نیزام، هەر بەم قسانە ئەو کچەی کەر کردووە)).

((دەی باشە پێی بدەن با بڕوات)).

دایکەو باوکم بەسەیرێکەوە سەریان بەرزکردەوە، بێگومان منیش.خۆم پێم سەیر بوو

((پێی بدەین بڕوات؟.ئەوە چ قەسەیەکە کاکە؟ من تەرمەکەشی نادەم بە شانیدا، دەزانی ئەم کچەتیوە چ هەڵاو هەنگامەیەکی خستۆتەڕێ، چۆن حەیای بردووین، من هەر ئەمشەو چاری دەکەم، کەلاکەکەی دەخەمە ئەو هەیوانە)).

ویستی لەسەر جێگەکەی هەستێ، مامم دەستی گرت، دایکیشم لەجێگەکەی ڕاپەڕی‌و پێشی بە باوکم گرت‌و ڕووی کردە مامم: ((ئاغا توخوا پێشی بگرن)).

مامە گیان کە برا گەورەی باوکم بوو بە توندی وتی: ((ئەم کارانە چییە دەیکەی؟ بۆچی خۆت کردۆتەوە بە منداڵ؟ ئێستا گریمان کوشتت حەیاکەتان دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی؟ دواتر نۆبەی ئەوەیە بتگرن، یان ڕۆیشتی‌و تێرت لێدا کەڵکی چییە؟ دەبێ بیرێکی بنەڕەتیی بۆ بکەیتەوە، ئەم کچە کە من دەیبینم قسە هەر قسەی خۆیەتی، مەنسور دەیگوت نیگای لەئینسانە شێتەکان دەچوو، ترسام ئەگەر زۆر قسەی لەگەڵ بکەم کراس لەبەر خۆیدا دادڕێ‌و ڕاکا بەناو دەشت‌و دۆڵدا، دەی باشە مارەی بکەن لەم لاوە، دەچێتە ناو نیزام‌و ئێوەیش یارمەتی بدەن...)).

باوکم قسەکەی پێ بڕی: ((دەچێتە ناو نیزام؟ ئێوە بۆچی قسەی وا دەکەن؟ ئەو خوێنڕییەی هیچ‌و پوچە؟ ئەگەر بچوایەتە ناو نیزام تا ئێستا ڕۆیشتبوو،

Scanned by CamScanner

بەڵام جووە ناو ئەمرامەوە من ناوی خۆم دەگۆڕم. ئەگەر بەراستی ئەو غیرەتەشی هەبوایە هیچی نەیدەگوت.

مامە بە ئارامی وتی: ئاخر هەندێک عاقڵانە بیربکەنەوە. هیچ شتێک نییە جێی سەرسام نەکری. ئاخرەکەی چی؟ دەڵێ هەر ئەو کوڕەم دەوێ، دەی بەباشی کوڕەکە بانگەن و دەستیان لەناو دەستی یەک بخەن و بابچن بەدوای ژیانی خۆیاندا. خۆ بە پێچەوانەی شەرع ناجوڵێتەوە، دەیەوێ شووی پێ بکات))

دایکە کە دەتگوت قورسایی تەواوی دنیا لەسەر شانیەتی پاڵیدا بە تەختەکەوە. ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو. وتی: ((بەڵێ کاکە گیان ئێوە ئاگادار نین دڵی من. بەڵام من بڵێم چی؟ حەیای من لەمەترسیدایە. خۆ کچی ئێوە نییە، کچی منە. ئەگەر کچی خۆتان بوایە ئەو کاتە تێدەگەیشتی من دەڵێم چی. ئەگەر کچی خۆتان بوایە هەروا بە ئاسانی ئەتدا پێی بیبات و بڕوات؟))

مامم قسەکەی پێ بڕی: ((سەیرە کچی من نییە؟ بەڵێ وایە کچی من نییە بەڵام کچی براکەمە. بەتەواوی بێ عەقڵییەکەیەوە شتێکی باشی بە مەنسور وتووە، ئەگەر حەیای من بچێ حەیای تەواوی کەس‌وکارم دەچێ، هەموو کەس دەڵێ کچە مامەکانیشی وەکو ئەو وان، کە بیری لێدەکەمەوە دەڵێم قسەیەکی خراپی نەکردووە. ئێستا ئێوەش ئەو کوڕە ببینن بەشکەم ئینسانێکی باشبێ و پەسەندی بکەن. دەڵێ نابێتە نەفسەر؟ ئێستا دارتاشە؟ قەیناکا با دارتاشبێ، خۆ کارکردن عەیب نییە. خۆ ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە ئێوە پەسەندی نەکەن، ئێوە خۆ نەتان دیوە، دیوتانە؟ لەوانەیە ڕاستیشی کردبێ بچێتە ناو نیزام)).

((چۆن نەمدیوە کاکە؟ من نازانم ئەو کچە بێ عەقڵە حەز بە چی دەکات. ئینسانێکی خوێڕییە، هەر ناشزانێ قسە بکات، جل‌وبەرگێکی شڕۆڵەی لەبەرکردووە، قژە سەرەکەی لەپێش و دواوە درێژ بۆتەوە، چاوی داقڵیشاوە. ئەم ئینسانە دەبێتە نیزامی؟ ئەگەر لەوەش خراپتر نەبێ تۆ تفێک لەناو چاوم بکە)).

زۆر سەیر بوو، چونە منو باوکم مرۆڤێك تا ئەو رادەیە بە جیاوازی ببینین ئەو شتانەی کە من لەو کورەدا دیبووم‌و پێم جوان بوولای باوکم ناشرین بوون، چۆن دڵی دەهات ئەو قسانە بکات.

مامم پرسی: ((ئێستا دەتەوێ چی بکەی برا؟ کارێکە کە کراوە، خۆ کچەکەت بێ حەیایی نەکردووە!...))

مامە گیان بێدەنگ بوو، بێ حەیایی، ئەمە بەڕاستی هەر ئەو کارە بوو کە من کردبووم، باوکم بە توڕەییەوە وتی: ((بێ حەیایی نکردووە؟ ئەی بێ حەیایی چۆنە؟ شاخ‌و کلکی هەیە؟))

مامەگیان وتی: ((ئەو دەیەوێ شووی پێ بکات، خۆ ئەویندداری تاوان نییە. مەگەر کچەکەی حەیدەرخان ئەویندار نەبوو و شوویکرد؟ مەگەر کوڕەکەی مورتەزا قولی خان دڵی بەو پیرەژنە کە دوو منداڵیشی هەبوو نەچوبو ئاخرەکەیشی هێنای؟ ئیتر خۆ لەمەهدی عولیا باشتر نیە کە ئەویندداری زاوای ئاشپەزەکە بوو!...))

باوکم بەبێ تاقەتییەکەوە دەستی راوەشاند: ((ئێوەش چ قسەگەلێك دەکەن کاکە، مێژوو هەڵدەدەنەوە؟ ئەو زاوای ئاشپەزی وەزیری شا بوو، بەڵام کچەکەی من ئەویندداری کەسێك بووە کە کەس نازانێ دایك‌و باوکی کێیە، ئەم پیاوە لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە هاو شان نییە، هەر وەکو نازەنین دەڵێ لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە جیاوازی زۆرە)).

مامە گیان وەکو کۆتایی قسەکانی وتی: ((من هەرچی دەڵێم ئێوە قسەی خۆتان دەکەن، بەڵام ئەوەندە بزانن کە ئەو کارە بکەن بەقازانجی خۆتانە، سبەینێ حەیاچوونی زۆرتری بەدواوە دەبێ، ئەگەر تریاکی خواردو خۆی کوشت ئەو کاتە چی؟ ئەگەر بیر لەڕۆیشتن بکاتەوە چی؟ ئاخرەکەی کارێك دەکا، ئەو جۆرەی کە مەنسور باسی دەکرد من ئاکامێکی باشی بۆ چاوەڕوان ناکەم. هەرچی زووە پێی بدەن با بڕوا)).

دایکم بە ئارامی بەسەری خۆیدا داو وتی: ((ئەی قوڕ بەسەرم، خەڵک دەڵێن چی؟))

باوکم وتی: ((هیچ خانم خەڵک پێمان پێدەکەنن. دەڵێن کچەکەی بە سیرولمولک ئەو هەموو دەنگو فەنگەیەوە بووە بە ژنی شاگرد دارتاشی کۆڵانەکەیان)).

دایکم وتی: ((ئەی خوایە من چ گوناهێکم کردبوو کە ئاوا تۆڵەم لێ دەستێنیتەوە. ئاخر بۆچی دەبێ ئەو نەهامەتییە بەسەر منی هەژاردا بێ؟ من خۆ یارمەتی هەموو کچە هەژارێکمداوە، هەر کەسێک سەرپەرشتی نەبووە یارمەتیم داوە...)).

باوکم لەبەرخۆیەوە وتی: ((بەقسەی ئازەنین کوڕەکەی دایە خانم لەمە باشترە، زاواکەی دەدەخانمو فیروزی کەژاوەچی لەم پیاوە بەڕێزترە، دیسانەوە شانسمانهێنا ئەوینداری کوڕی باخەوانەکەمان نەبوو، هەر ئەو کوڕەی کە ئاوی حەوزەکە خاوێن دەکاتەوە، ئێستا کاکەم دەڵێ تەواوی عالەم بانگ بکە بێن بۆ سەیرکردن. دەستی کچەکەتی لەناو دەست بخەو تەواوی خەڵک گاڵتەت پێ بکا)).

دایکم دیسان بەسەری خۆیداداو وتی: ((ئای، وەڵامی خەڵک چی بدەمەوە؟))

مامە گیانم وتی: ((خانم ئێوە هەر خەڵک خەڵک مەکەن، مەبەستتان لەخەڵک چییە؟ ئەگەر ئێمە سەرمان بەرز رابگرینو لەناودەمی خەڵک بدەین ئەوان ئاتوانن قسە بکەن)).

باوکم ئاخێکی هەڵکێشا: ((هەموو کەس لەدەست بێگانە دەناڵێنن، سەعدی لەدەست خزم هاوار دەکا)).

دیار بوو کە مەبەستی باوکم کێیە! لەتەواوی خزمەکاندا دوو ژن بوون کە کەسانی بنەماڵە ئەگەر بیانویستایە شتێک ئاشکرا بکەنو نەیانویستایە لەدەمی خۆیانەوە بڵاوببێتەوە دەچوون لەلای ئەوان دەیانگوت. ئەو دوو کەسە پوورە کیشوەرو ئامۆژنم بوون، ئەم دوو ژنە بەغیلو ئاژاوەگێڕو فیتنە بوون کە دەمیان بۆ هیچ شتێک رانەوەدەستا، پوورە کیشوەرم کە مێردەکەی لەمێژبوو مردبوو و

بەقسەی دایکم بەدەست ئەوەوە دیقیکرد بوو ئەو جورە ژیانە خوی جوریك بیتاقەتی دەرکردن‌و خۆشی بوو بۆی، ئەو پوورەم کە سامانێکی زۆری لەمێردەکەیەوە بەمیرات پێگەیشتبوو لەو ساتەدا کە دەبوو بە قوربان‌و سەدەقەی براکانی وا بە براژنەکانییەوە دەدا کە لەماری حەوت سەریش خراپتر بوو، کاتێك کە دایکم کوڕی نەبوو هەر جارە کە ئەوی دەدی دەیگوت: ((یاخوا بە قوربانی کاکەم بم، نازانی چەندەم پێخۆشبوو کە کوڕەکەی لەباوەش بکرم)) کاتێك مەنوچێهر لەدایکبوو و باوکم ئەنگوستیلەیەکی جوانی بۆ دایکم کڕی وتی: ((خوا شانسی پێداوی، ئێمە سێ کوڕمان بوو وەك چەپکی گوڵ، مێردەکەم بۆ هەر کامەیان سکەیەکی تەلای بۆ کڕیم. قەدری کاکەم بزانە نازەنین خانم))

پووری گیان بەبۆنەی لەدایکبوونی مەنوچێهر جووتێك گوارەی ئاڵتوونی سوکەڵەی بۆ دایکم بەدیاری هێنا، لەو ڕۆژە بەدواوە دەچووە هەر شوێنێك هەر بە ڕوویدا دەدایەوەو دەیگوت: ((وەڵا من بەم بێوەژنییەی خۆم وتم کوڕی بووە، چاوەڕوانی لێمان هەیە، هەر بۆیە وتم تەنانەت قەرزیشم کردبێ ئاڵتوونی بۆ دەبەم)).

ئاخرەکەی باوکم بۆنەوەی کە لەملاولا ئەوەندە باسی نەکات‌و نەڵێ کە ژنەکەی چاوەڕوانی لەخوشکە بێوەژنەکە بووە ئاڵتوونی بۆ بێنێ، بە بیانووی ئەوەی کە دەستی خوشکەکەی پێوەهاتووەو چێشتی بۆ نازەنین لێناوەو منداڵەکەی کوڕبووە، بازنەیەکی پانی گەورەی بۆ ناردو بەم جۆرە دەمی بەست.

ئامۆژنیشم لەپوورم کەمتر نەبوو، هەڵبەت نەك بەو شێوەیە چونکە مێردو منداڵی هەبوو و سەری قاڵ بوو زۆریش لەمامم‌و مەنسوری کوڕی دەترسا، بە بوونی تەواوی ئەمانەوە ئامۆژنم لەپوورم دەترساو لەبەرامبەر ئەودا نەیدەوێرا هیچ بڵێ، ئێستا ئەگەر ئەم دوو ژنە فێڵبازە دەیانزانی کەچی بووە ئەوەندە پێیان خۆش دەبوو هەر نەبێتەوە، چونکە ئەوان بە بەختەوەری دایکم ناڕەحەت بوون‌و حەزیان نەدەکرد، باوکم ئەوانەی باش دەزانی بەڵام نەیدەوێرا بە ئاشکرا بە مامم بڵێ.

Scanned by CamScanner

مامم پیاوێکی ئارامو شەریف بوو، بەڵام ئەویش لەدەست زمانی ژنەکەیو خوشکەکەی ئازاری دەکێشا، هەر بۆیە وتی: ((بۆچی شتەکان دەشارنەوە برا ئەگەر مەبەستت ژنەکەی منە...)).

دایکم چرنوکی لەڕوومەتی خۆی گرت: ((ئەی قوڕ بەسەرم ئاغا، ئەو قسانە چییە کە دەیکەی؟)).

مامە گیان گوێی بە قسەکانی نەداو وتی: ((ئەگەر مەبەستت ژنەکەی منە ئەوە منو مەنسور بێدەنگی دەکەین، هەر ئەوەندە بڵێم کە ئاوزڕاندنی مەحبوب هی کچەکانی خۆشمانەو هەتا دەمرن دەبێ بووکی خۆت بن، یان ئەگەر مەنسور بەسەریدا بنەڕێنی ئیتر قسە ناکا، دەمێنێتەوە سەر کێشوەری خوشکمان ڕادەسپێرم پێی بڵێن خەڵک هەزار بێ ئابڕوویی دەکەن خزمەکانیان دەیشارنەوەو پاساوی دەکەن، ئێمە دەبێ لەخوشکەکەی خۆمان زیاتر لەدوژمنەکانمان بترسین؟ ڕادەسپێرم کە بەقەبری باوکم ئەگەر لەم بارەیەوە قسەیەک بکاتو ئەگەر تانەو تەشەر بداتو ئەگەر لەلای ئەمو ئەو ناراستەوخۆیش قسەیەک بکات کە شەرافەتی بنەماڵەمان لەکەدار بکات بەخوایەتی خوا قەسەم بە خوشکی خۆمی نازانم، قەد ناوم نەباو نەڵێ کە برایەکم هەیە. فاتیحایەکم بۆ داداو بڵێ براکەم مردووەو دیدارمان بکەوێتە قیامەت، بە قەبری باوکم ئەو کارە دەکەم)).

دایکم هەناسەیەکی ئاسوودەی کێشا، هەموو دەمانزانی ئەگەر مامەم قسەیەک بکات دەیباتە سەر، هەتا ئەو شەوە هیچ کات باوکمو مامم سەبارەت بە ئامۆژنمو پوورە کێشوەر ئاوا قسەیان نەکردبوو، ئەو شەوە منو دایکم تێگەیشتین کە ئەو دوو برایەش بەرادەی کەسانی تر بەدەست ئەو دوو ژنەوە ئازار دەکێشن. بەڵام چییان بکردایە؟ یەکێکیان خوشکیان بوو و ئەوی تر ژنی مامم بوو.

دایکم ڕووی لەباوکم کرد: ((وەڵا ئاغا ڕاست دەکەن، خۆ کچەکە نایەوێ بە پێچەوانەی شەرع بجوڵێتەوە، دەیەوێ شوو بکات، چی بکەین؟ دەبێ پێی بدەین با بڕوات)).

Scanned by CamScanner

باوکم سەیرێکی دایکی کرد: ((تۆش کوڵتدا؟ مەگەر تۆ نەتدەگوت کە مەحبوبە دەبێ لەسەر تەرمەکەی من تێپەڕبێ؟ ئێستا چۆن ڕات گۆڕا؟))

دایکم بەدەنگێکی پڕ ئازارەوە وتی: ((ئەگەر کوڵ نەدەم چی بکەم؟ چ قوڕێك بەسەردا بکەم؟))و ڕووی کردە مامم وتی: ((ئاغا بەخوا دڵم پڕە لەخوێن، ئەگەر لایەنی کچەکەم بگرم، دەترسم مێردەکەم شتێکی لێبێ...)) فرمێسکەکانی هاتە خوارێ‌و درێژەی بە قسەکانیدا: ((ئەگەر لایەنی ئەمیش بگرم دەترسم منداڵەکەم دیق بکات، بەقسەکەی ئێوە ئەگەر شتێك بخوات‌و خۆی بکوژێت، ڕۆژی سەدجار داوای مردن لەخوا دەکەم، ڕۆژێك ویستم تریاك بخۆم‌و خۆم بکوژم، بەخوا دڵم بۆ هەتیوییەکەی مەنوچێهر سووتا)).

باوکم ڕاچڵەکی، نیگایەکی خەمبارو ئەویندارانەی لەدایکم گرت‌و وتی: ((چیت وت؟ دەستت خۆشبێ! هەر ئەوەم کەم بوو کە تۆیش بەم هەموو چارەڕەشییەوە جێم بێڵی‌و بڕۆی. ژانی خۆم کەمە، تۆیش خوێ لەبەینەکەم بکە!))

دایکم بە سوچێکی چارشێوەکەی فرمێسکەکانی دەسڕییەوە، فرمێسکەکانی منیش هاتەخوارێ دەترسام کە پێم بزانن، دایکم هەر ئەسرینی هەڵدەڕشت‌و دەیگوت: ((منداڵمە، جگەرگۆشەمە، دڵم بۆی دەسوتێ، دەزانم ئێوەیش هەر وان بۆی)). دواتر بەدەستی ڕێی لەقسەکانی باوکم گرت‌و درێژەیدا: ((نا، مەڵێن وانیە، منیش دەزانم کە ئێوە چۆنن، چونکە دەزانن کە بەیانیان لەترسی تۆ ناوێرێ بێتە حەوشەو دەستنوێژ هەڵگرێ، زووتر هەڵدەستی‌و دەچێتە ژووری نوێژ دەکەی، دواتر دەتبینم کە لەلای پەنجەرەکە لەسوچێکەوە ڕادەوەستی‌و سەیری دەکەی)).

ڕوویکردە مامم ((ئاخر لەو ڕۆژەوە کە ئەو حاڵەتە هاتۆتە ئاراوە تەنانەت سەیرێکی مەحبوبەشی نەکردووە، ڕێگەنادا کە لەبەر چاویدا بێت‌و بڕوات، ئەویش وەکو سەگ لێی دەترسێ، بەڵێ ئاغا لەسوچێکی پەنجەرەکەوە سەیری

مەجبوربە دەکات کە وەکو کۆترێک لەترسی هێرشی پشیلەیەک بە پەلە دێت دەستنوێژەکەی هەڵدەگرێ.

فرمێسکەکانی دەسڕێ‌و دەستنوێژ هەڵدەگرێ، دیسانەوە هەتا نیوەی ڕێ دەڕوا دیسان فرمێسک دەموچاوی دەخوسێنێ‌و دیسانەوە دێتەوە سەر حەوزەکە دەستنوێژ هەڵدەگرێتەوە، ئاغا لەناو ژوورەکەدا ئاخ هەڵدەکێشێ، دڵتان بەرەو لای هەڵدەفڕێ، ئێوە لەو باوکانە نین کە دەست لەو بەرز بکەنەوە، سەدجار وتت ڕەیدەمە بەر شەق دەی کوا؟ ئەی بۆچی نەتکرد؟ هەستن بڕۆن بیکوژن! کچی باوکم نیم ئەگەر نەهێڵم...))

دایکم کەوتە هەنسکدان، مامم بە ئارامی وتی: ((خانم، ئەم فەرمایشتانە چییە؟ قسەی وامەکەن!))

باوکم سەری داخستبوو، ئەژنۆی چەپی نوشتاندبووەوەو ئەژنۆی ڕاستی هەڵدابوو و دەستی چەپی لەسەر زەوی دانابوو، هەر لەو حاڵەتەدا بە خەفەتبارییەوە وتی: ((لەجیاتی ئەوەی ئامۆژگاری کچەکەی بکات دڵی بۆی دەسوتێ، تەشەر لەمن دەدا، باشە خانم هەرچی دەڵێن پێم بڵێن!))

دایکم کە هەندێک دەنگی بەرزکردبووەوەو هەنسکەکەی نەمابوو وتی: ((وابیر دەکەنەوە ئامۆژگاریم نەکردووە؟ لێم نەداوە؟ بەچڕنوق گۆشتم لێنەکردۆتەوە؟ وا ڕەش‌و شینم کردبووەوە کە دایە دڵی بۆی سوتاو وتی دەستت بشکێ، قسەیەکی باشی کرد، بەشکەم دەستم بشکێ، کاتێک کە چڕنوقم لێدەگرت دەمزانی کە گۆشتی پێوە نەماوە، دڵم بۆی سوتاوە، ئێمە بە هەموومانەوە کەوتوینەتە گیانی، بەخوا ڕاست دەڵێن ئاغا دڵم بۆی سوتاوە، سەرەتاکان کە چاوم پێی دەکەوت نانی نەدەخوارد ڕقم هەڵدەستا، وا بیرم دەکردەوە ڕق ئەستووریی ئەکا، دایەم نارد ئامۆژگاری بکا، هات‌و وتی خانم خواتان لێ ڕازیبێ من کارم پێی نییە، ئەم دنیام نەبوو دەتەوێ ئەو دنیاشم نەبێ؟ ئەگەر تۆو ئاغا لەخودا ناترسن ئەوا من دەترسم، پرسیم مەگەر چی بووە؟ دایە بەو داوێنییەی خۆی گریا چۆن من نەگریم؟....))

Scanned by CamScanner

گرمار قسەکانی دایکمی بڕی.منیش لەرزیم و دەستمکردە گریان. دەترسام ڕەنگە بیبیستێ. قەیم بە دەستمدا کرد، دایکم برێک بەسەر گریانکەیدا زاڵبوو. بە ئەسرینی هەلڕشتێ لەکاتێکدا کە هەر چاوی و لوتی بەسوچی چارشێوەکەی دەسڕی درێژەی بە قسەکانیدا:

((دایە وتی خانم دەزانی مەحبوبە دەڵێ چی؟ دەڵێ دایە گیان تۆ چیم پێ دەڵێی من خۆم سەدجار بیرم لێکردۆتەوە. بەخۆمم وتووە لەبیری ئابڕووی باوکتدابە. بیر لەتانەوتەشەرەکانی دایکت بکەرەوە. بیر لەخوجەستە بکەرەوە کە ئەویش ناوی دەچێتە ناو ناوانەوە. شەو هەتا بەیانی دەگریم. لەسەر بەرماڵ لەخوا دەپارێمەوە دەڵێم خوایە یان بمکوژە یان ڕزگارمکە یان کارێك بکە لەبیرم بچێتەوە. بەڵام نایکات چی بکەم؟ دایە دەیگوت وتوومە بۆچی ڕقت هەستاوە نان ناخۆی؟ دەڵێ بەخوا دایە گیان ڕقم هەڵنەستاوە، لەگەرووم ناچێتە خوارەوە. هەرچی دەکەم ناتوانم. هەرچی هەوڵدەدەم خراپتر دەبم. بەردەوام روخساری لەبەر چاومە، وا بیردەکەیتەوە منیش نازانم دارتاشە؟ بۆ ئێمە نابێ؟ وابیردەکەیتەوە نازانم تاڵە قژێکی شازادە یان مەنسور هەزار بەو دێنێ؟ وا بیردەکەیتەوە کە هەزار جار ئەم قسانەم بەخۆم نەوتووە؟ بەڵام چی بکەم کە ئەم ئازارە کەوتۆتە گیانم. بەخوا ئەمە نەخۆشییە دایە گیان، خۆزگە نەخۆشیەکی بێ دەرمانم بگرتایە، لانی کەم خانم گیان و ئاغا گیان دەهاتنە لام و ئاگایان لێم دەبوو. دکتۆریان دەهێنا کە دەرمانم بکا، بەڵام ئێستا بەم ئێشە بێ دەرمانەوە منیان بەو هەموو بێ دەرەتانییەی خۆمەوە بەجێهێشتووە، بیر لەکوشتنم دەکەنەوە، حەز دەکەم خۆم بکوژم هەتا ئەوانیش ڕزگاریان بێ و خۆیشم. دایە گیان توخوا بە ئاغا گیان بڵێ، بڵێ دەیەوێ ببێتە نیزامی، بڵێ دەبێتە خاوەن ناو. بڵێ وا بزانە کە منی کوشتووە، بهێڵێ ببمە ژنی و بڕۆم، وا بیربکاتەوە کەنیزەکێکی کڕیوە و ئازادی کردووە، وا بیربکاتەوە کە بەبۆنەی لەدایکبوونی مەنوچێهرەوە مەڕێکی سەربڕیوە، وا بیربکاتەوە کە قەزاو بەڵای خانم گیان و مەنوچێهرو خوجەستەو نێزهەت لەگیانی من کەوتووە، وا بیربکاتەوە کە ئەو

Scanned by CamScanner

گانەی نەخۆش کەوتبورم مردووم، خێرێک لەرێی خودا دا بکەن، من چی بکەم؟ بۆچی کەس ئاگای لەمن نییە؟ وا بیربکەنەوە کە من لەیلییەکی ترم، ئێوە کە ئەوەندەتان نیزامی خوێندۆتەوە!))

دایکم بێدەنگبوو و دیسانەوە دەستی کردەوە بە قسەکردن: ((وەکو مۆم دەتوێتەوە، دەترسم منداڵەکەم شێتبێ))

بێدەنگییەك باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا دەکێشا کە جاروبار بەدەنگی گریانی دایکم دەشکا، سەرئەنجام مامە گیان بەدەنگێکی خەفەتبارەوە وتی: ((وەڵاهی من ئەوەندەی عەقڵم پێ شکابێ، وتم خۆت موختاری بڕیاری لەسەر بدەی، ئەگەر بەقسەم دەکەن بێدەنێ بابڕوات، جگە لەمە چارەیەکی تر نییە، هەرچی ئێوە قەدەغەو قۆرخی بکەن ئەو زۆرتر خۆشی دەوێ، لەوەتەی دنیا هەیە هەروا هاتووەو چووە، کارێك کە دەبێ دوایی هەر بیکەن دەبێ لەسەرەتاوە بیکەن)).

باوکم بەری دەستی بەهێمای پرسیار بردە سەرێ‌و زۆر بە هێمنی وتی: ((وەڵاهی خۆشم نازانم چی بکەم؟))

مامە گیان وتی: ((هیچ مەکە، ئەم دوو کەسە لەیەك حەڵاڵ بکە، خێرت دەگا، بەبێدەنگی لێی مارە بکەو بینێرە سەر ژیانی خۆی)).

باوکم سەری بەرزکردەوەو ڕووی کردە مامم، دواتر لەسەر بەری دەستی خەتێکی کێشاو وتی: ((بەڵام ئەوەتان لەبیربێ کاکە، مەحبوبە دەڕوا بەڵام دەگەڕێتەوە، ئەمە خەت‌و ئەمە نیشان، دەگەڕێتەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە من ناوی خۆم دەگۆڕم)).

مامم کە خەریك بوو هەڵدەستا بە ناڕەحەتییەوە وتی: ((چارەیەك نییە، بەشکەم خێر بێ)).

دایکم وتی: ((قوڕ بەسەرم، بۆ ئەوەی شتێك بخۆی....))

((ئەو قسانە چییە خانم، من خۆ بۆ خواردن نەهاتبووم، خواتان لەگەڵ)).

دایکم‌و باوکم لەکاتێکدا کە بێ هێزو بێ تاقەت دانیشتبوون خوڵەمێ بەیەکەوە وتیان: ((خوات لەگەڵ. سەرچاوم. بەخێرهاتن)).

نە ئەوان لەبیری ئەوەدابوون هەستن‌و لەگەڵی بچنە دەرێ‌و نە مامیش سەرنجی ئەوەیدا، هەرسێکیان حاڵیان لەوە خراپتر بوو کە لەبیری ئەم شتانەدابن. مامم لەحەوزخانەکە لەسەر قادرمەکان هاتە سەرو لەتاریکییەکەدا ون بوو، باوکم ئاخێکی هەڵکێشاو بە دایکمی وت: ((بە مەحبوبە بڵێ بەو کوڕە بڵێ کە هەفتەکەی تر رۆژی سێ شەممە سەعاتێکی بمێنێ بۆ ئێوارە بێت بۆ ئێرە بزانم قسەی چییەو چی دەوێ؟))

دایکم بە بێ تاقەتییەوە وتی: ((دووکانەکە داخراوە مەحبوبە لەکوێ بیدۆزێتەوە؟

((چەندە ساویلکەی خانم، مەحبوبە باش دەزانێ چۆن بیدۆزێتەوە)).

بە ئارامی لەنردیوانەکە سەرکەوتم‌و چوومە ژێر لێفەکەوە، دەتگوت قورساییەکیان لەسەر شانم هەڵگرتووە، سووک بوبوم، ئەستێرەکانم دەبینی کە چاویان دەتروکاند، بایەکی فێنک لەلای شەمێرانەوە دەهات، هەوا ورده ورده بەرەو پاییز دەڕۆیشت، چەندە هەموو شتێک ئارام‌و جوان بوو، ئایا هەموو کاتێ ئەو ئەستێرانە لەوێ بوون؟ شەوانی تاران ئەوەندە بێدەنگ‌و ئارام بوو؟ بەردەوام ئەوشنە فێنک‌و میهرەبانە ڕوخساری ئینسانی ئەوازش دەکرد؟ ئەی من لەکوێ بووم؟ بۆچی نەمدەبینی؟ بۆچی نەمدەزانی؟ بەیانی رۆژی دواتر قسەکەی باوکم بەڕەحیم گەیاند، لەیەکەم دەرفەتدا کاغەزێکم بە بەردێکەوە فڕێدایە ئەو دیوی دیوارەکەوە.

ڕۆژی سێ شەممە لەبەیانی زووەوە بێتاقەت بووم، نیگەران بووم، خوجەستە هەر سەعاتێک جارێک دەهات‌و دەیگوت: ((چۆنە؟ چۆنە؟))

((کوڕە لەکۆڵمبەرەوە خوجەستە، ئێستا دێ، لەپشت پەنجەرەکەوە تێر سەیریکە)). چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد حورمەتی زۆری لێبگرن، هەر بەو جۆرەی ڕێزیان لەشازادەو دایکی گرتبوو، بەڵام وانەبوو، دایکم دەتگوت ئەخۆشە

ئاقەتی مەنجەڵچیهەریشی نەبوو. دایە سەماوەرەکەی هەڵکردو قاپی پەیمەت کە بەرماوە بوو لەژووری میوان دانا. بێدەنگییەکی ژاناوی بەسەر ژوورەکەماندا زاڵبوو. بێدەنگی کۆشکی پادشا شکست خواردووەکان. باوکم بۆ ئاقەت لەسەر کورسییەک رووەو حەوشە دانیشتبوو. پەردەکانیان لادرابوو، وەکو رۆژانی تر حاجی عەلی حەوشەکەی ئاوپرژێن کردبوو و گەسکی لێدابوو. دایە قاپێک شووتی سوورو جوانی لەسەر مێزەکە دانا. هەر یەکەمو هیچی تر. لەبەرانبەر کورسییەکەی باوکم کورسییەکی تریان دانا.

سەعاتێکی بۆ خۆرئاوابوون مابوو کە هات. خوجەستە لەلای من بوو. دایکم ژووری چاخانەکە بوو دڵنیا بووم کە لەپشت ژوورەکەوە بە کەیفی دڵی سەیری دەکا. بەدەمخانەو دایە گیان لەحەوشەدا بەجوانی سەر تاپێیان سەیرکرد.

جلوبەرگی نوێی لەبەرکردبوو پشتێنەکەی سێ قەد بوو لەپشتیدا، کڵاشەکانی نوێبوو. بۆ یەکەمجار سەر پێی نەخستبوو. پرچەکانی لەژێر کڵاوەکەیەوە هەتا پشتە ملی دەهات. حەزم دەکرد کلاوەکەی زوو لابەرێ هەتا ئەو پرچە پەرێشانەی ببینم و خوجەستە بزانێ چیم پەسەندکردووە. دیسانەوە ملیوانی کراسەکەی ئاوەڵابوو. دەتگوت ئەگەر دایخستایە دەخنکا. دایە کەوتە پێشییەوە لەقادرمەکان سەرکەوت و چووە ژووری میوان. کە چووە ژوورەوە باوکم جوڵایەوەو قاچی سەر قاچ خست. ئەو لەبەر دەرگاکەدا بوو هەردوو دەستی لەسەر یەک دانا بوو. باوکم پشتی لەئێمە بوو ئێمە بەدزییەوە سەیرمان دەکرد کە بەرانبەر باوکم دانیشتبوو. سەرنجمدایە دەستە بەهێزەکانی خەریکبوون دەلەرزین، دڵم داخورپا، بە شەرمێکەوە سڵاوێکرد.

باوکم بە مۆنییەکەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە. وتی: ((سڵاو وەرە ژوورێ، نە، پێڵاوەکانت دامەنێ هەروا وەرە ژوورێ پێویست ناکا)).

دەتگوت بروویان بەدڵما چەقاندووە.

چووە ژوورە، بە سەیرێکەوە سەیری لەژوورەکە کرد، کڵاوەکەی داگرت و بەدەستییەوە گرت، ئەوەندە شەرمی دەکرد کە هەر کڵاوەکەی لەدەستیدا

Scanned by CamScanner

رەگوشی، پرچەکانی پەریشان بوون، باوکم کە لەقسەکانیدا دیار بوو نەفرەتی لێی بوو وتی: ((دانیشە)).

ویستی چوار مشقی لەسەر زەویەکە دانیشێ. باوکم پێی وت: ((لەوێ نا، لەسەر کورسییەکە دانیشە)).

خوجەستە دەستی بە پێکەنین کردو وتی: ((تۆ نەوەت دەوێ؟))

وتم: ((بێدەنگبە گوێی لێدەبێ)).

بەڵام زۆر تورە بووم بەدەست هەڵسوکەوتە نەربابانەکەی باوکمەوەو بەدەست گوێڕایەڵییەکەی نەوەوە، هیچ کات بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەوەندە ترسنۆک بێ، قاچەکانی جووت کردبوو و دەستەکانیشی لەسەر قاچی دانابوو. بە خۆم وت با ناو دەرکاتو ببێتە پیاوێکی ناودار بۆ خۆی ئەو کاتە دەزانم باوکم چۆن لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکات، دواتر هێنامە بەرچاوی خۆم بەجلوبەرگی نیزامییەوە.

باوکم پرسی: ((تەمنت چەند ساڵە؟)) ئەو لەکاتێکدا کە سەیری دەوروپشتی خۆیەکرد وەڵامی باوکمی دایەوە، دیسانەوە باوکم پرسی: ((باوکت لەکوێیە؟))

((منداڵ بووم کە مردووە))

((کەوایە، باوکت مردووە، دایکت چی؟ دایکت هەیە یان نا؟))

((بەڵێ))

((ئێ، کێی تر؟))

((کەسی ترم نییە)).

باوکم دەتگوت دەترسێ لەوە زیاتر پرسیار بکا هەر بۆیە وتی: ((تۆ کچەکەی منت دەوێ؟))

سەری داخستو بۆ ماوەیەک بێدەنگبوو، دواتر بە ئارامی سەری هەڵبڕی و سەیری ژوورەکەی ئێمەی کرد کە بەرامبەری بوو، نەیدەتوانی چاو لەچاوی باوکم ببڕێ، ئەو منی نەدەبینی بەڵام دەتگوت من راست سەیری چاوی دەکەم، وتی: ((بەڵێ))

((دەتەوێ ببێتە ژنت؟))

بەسەیرێکەوە ڕووی کردە باوکم: ((لەخوام دەوێ)).

باوکم بە ڕقەوە وتی: ((خوایش بۆ تۆی دەوێ)).

سەری داخست و بێدەنگبوو، دیسانەوە دڵم هەر لای بوو، نەمدەویست باوکم ئازاری بدا.

باوکم وتی: ((باش گوێ شلکە، ئەگەر من کچەکەمت بدەمێ ژیانێکی بۆ دابین دەکەی؟ ژیانێکی باش و ڕێکوپێك؟)) بەدەست ئیشارەتی بۆ ژوورەکە کردو درێژەی بەقسەکانیدا: ((ناڵێم وەها ژیانێك، بەڵام ژیانێکی باش و بەڕێزو ئیحتیرامەوە)).

((هەرچی بتوانم بۆی دەکەم، تەنانەت گیانیشمی بۆ بەخت دەکەم)).

((گیانت هەڵگرە بۆ خۆت، نازانم چیت پێ وتوە کە ئاوا ڕامتکردووە، بەڵام باش گوێ شلکە، خانویەك دەکەم بەناوی کچەکەمەوە کە لەوێدا ژیان بەسەربەرن، لەگەڵ دووکانێکی دارتاشی کە تۆ لەوێدا کار بکەی، مانگ بەمانگ دایە خانم پارەیەك بۆ خەرجییەکەتان دەهێنێ، مارەییەکەی دەبێ دوو هەزارو پێنسەد تمەن بێ، ئەگەر بچوکترین ناڕەحەتی بێتەبەر من دەزانم و تۆ، کارێکت پێدەکەم لەژیانت پەشیمان بیتەوە. باش تێگەیشتی؟))

((بەڵێ ئاغا)).

((بڕۆ باش بیری لێبکەرەوەو وەڵامەکەم بدەرەوە)).

((هیچ بیرێکم نیە بیکەمەوە. بیرم کردۆتەوە، خۆشم دەوێ، ئەگەر گیانیشم لێ بستێنن دەستی لێ هەڵناگرم)).

باوکم بە نەفرەتەوە دەستی ڕاوەشاند: ((ئیتر بەسە، تەواویکە، شەوی هەینی لە ڕۆژی تر وەرە بۆ ئێرە، شەوی جێژنی مەولودە، ژنە کەت مارە دەکەی و دەستی دەگری و دەڕۆی، هەرچی کە پێویستیش بوو و یستت لەگەڵ خۆت بیهێنی بیهێنە، دەرست خوێندووە؟))

Scanned by CamScanner

ئاخ، بۆچی باوکم ئاوا قسەدەکات مەگەر دەیەوێ نۆکەر رابگرێ کە ئاوا لێی دەپرسێ

زۆر تووڕە بووم

((بەڵێ. خۆشنوسیشم)).

باوکم لەتە کاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێنا کە دواتر زانیم ئەدرەسی ماڵی حەسەن خان برای ژنە دووەمەکەتی. دایە دەستی ئەو، رەحیم بە هەردوو دەستی کاغەزەکەی لێوەگرت، ((بەیانی زوو دەچی بۆ ئەم شوێنە. بەو کابرایەم وتوە دەستێک چاکەت‌و پانتۆڵت بۆ بکڕێت، رۆژی پێنج شەممە بە جلوبەرگی رازاوەوە دێیت، تێگەیشتی!))

((بەڵێ ئاغا)).

((دەی سەرچاوم)).

زۆرم پێناخۆشبوو نازانم لەهەڵسوکەوت‌و خۆویستییەکەی باوکم بوو یان لەهەژاری‌و نەداری هاوسەری داهاتووم، باوکم دەیزانی کە ئێمە لەسوچێکەوە سەیریان دەکەین هەر بۆیە دەیویست زۆریی ئێمەو کەمیی ئەو بە ڕوومدا بداتەوە، زۆر تووڕەبووم، هەستا، لەو ماڵە خۆشەدا ناڕەحەت بوو، خۆی نەبوو، ئەو ڕەحیمە ئازایە نەبوو، وەکو پڵنگێکی دڕندە بوو کە لەقەفەسدا گیری خواردبێ‌و ڕامیان کردبێ، بەهەموو ئەمانەشەوە غیرەتی دایە بەرخۆی‌و لەژێر لێوەوە وتی: ((سڵاوی من بە مەحبوبە بگەیەنن)).

باوکم بە توڕەیی‌و نەفرەتەوە وتی: ((بڕۆ)).

پەنجەکانی لەقژی رۆکردو هەڵیدانەوە هەتا کڵاوەکەی لەسەربنێ، دیسانەوە دڵم شێت بوو.

لە دە ڕۆژی داهاتوودا باوکم بەدایە خانمی وت کە لەگەڵ حەسەن خان بچن خانوویەکی بچووک لەیەکێك لەگەڕەکە ناوەندییەکان بە ناوی منەوە بکڕن، ... منەوە کری، دایە بە زەوقی

Scanned by CamScanner

پێکەوە ئابووم هەندێ شتیان پێدامو دایە هەر ڕۆژەی شتێکی دەبردە ناو ماڵەکەمو هەڵیدەچنی.

چەندە لەگەڵ جیبازییەکانی نیزهەت جیاوازی هەبوو، بۆ زەماوەندەکەی نیزهەت لەماڵی زاواوە شتیان دەهێناو خوانی پڕ لەشیرینیو ئاوێنەو خەنەو نوقڵو نەباتو دایکیشم بۆ زاواکەی نەسیر خان هەر شتی دەنارد. دەستە دەستە جێگاریانی جوان، هەموو شتێکیان لەسپییەوە تاڕەش بۆ دەناردن. باخێکی چکۆلە لەلای باخەکەی ماڵی باوکم کرابوو بەناوی ئەوەوە . جگە لەسێ دانگی ئاواییەک کە بڕیار وا بوو سێ دانگی هی من بێ باوکم هەر باسیشی لێوە نەکرد.

چ زەماوەندێکیان بۆ نیزهەت کرد. حەوت شەو و ڕۆژ هەڵپەڕکێ بوو. خوانی مارەکردنێکیان بۆ ڕازاندبووەوە کە هەر باسیشی لێوە ناکرێ. ئەو ڕۆژەی کە ئەمو چاریان هەڵدەگرت بەرادەی زەماوەندێک قەرەباڵغ بوو. باوکمو دایکم لەخۆشیاندا باڵیان دەرکردبوو، چەندە باوکم لەگەڵ نەسیر خان بەینی خۆش بوو، بەردەوام لەگەڵی پێدەکەنی.

بەڵام زەماوەندەکەی من چیرۆکێکی تر بوو. دەتگوت کەسێک مردووە، کەس تاقەتو حەوسەڵەی نەبوو، خۆیشم لەهەموویان خراپتر بووم، دەمویست لەو ماڵە هەڵبێمو خێرا ڕزگارم بێ.

ڕۆژی پێنج شەممە لەبەیانییەوە دایکمو ئاغا گیان مات لەسوچێکەوە دانیشتبوون، دایە گیان بە یارمەتی خوجەستە لەژوورێکدا هەندێ شیرینیو شەربەتو میوەیان دانا بوو، بەڵام ئاوێنەو شتیان دانەنابوو، خوانی مارە بڕین نەبوو، زەوی هەتا ئاسمان لەگەڵ زەماوەندی خوشکەکەم جیاوازی هەبوو، بەڵام منیش گلەییەکم نەبوو، هەر بیریشم لەو شتانە نەدەکردەوە، هۆشم لەشوێنێکی دیکە بوو، ئەگەر دایە گیان نەبوایە ئەو شیرینیەشیان لەو ژوورەدا دانەدەنا.

خوشکەکەم نیزهەت بۆ نانخواردن هاتە لامان، مێردەکەی بە بیانوویەکەوە چوبووەوە بۆ لادێ، دەمزانی پێی عەیبە لەگەڵ ڕەحیم ئاوەڵزاوایە، کەس نەیپرسی بۆچی نەسیر خان نەهاتووە، خوشکم تەنانەت منداڵەکەیشی

نەهێنابوو بۆنەوەی ناچارنەبێ دایەنەکەیشی بێنێو چاوی بە زاوا بکەوێ. نەسیر خانیش وەکو دایکمو باوکم پێی ناخۆش بوو.

ورده ورده هەوا بەرەو فێنکی دەڕۆیشت، سەرەتای پاییز بوو، دەرگاکانیان ڕووەو حەوشە داخستبوو، نزیکەی سەعاتێکی بۆ ئێوارە مابوو کە مەلا هاتو دواتر ڕەحیمو دایکی هاتن، ڕەحیم بەجلوبەرگی نوێو بە چاکەتو پانتۆڵو پێڵاوی جوانەوە، دیسانەوە پرچەکانی پەرێشان بوو، بەڕاستی جوان بوو گەرچی من هەر لەو جلانەی خۆیدا زۆرترم پێ جوان بوو. دەتگوت لەو جلانەدا ناڕەحەتە.

دایکی ژنێکی وردیلانەو کزبوو کە ناوی زێوەر خانم بوو، پرچە سپییەکانی خەنەی لێدابوو و، لەناوەڕاستدا کردبووی بە دوو بەشەوە، چاوەکانی وردو ڕەش بوو کە بە کل ڕەشتری کردبوو، لوتی باریك بوو لێوکانی لەلوتو لێوی ڕەحیم دەچوون، تەنیا چاوی وەك چاوی ڕەحیم نەبوو، کە لەوانەبوو چووبێتە سەر باوکی. زێوەر خانم زۆر وریا بوو، کراسێکی چیتی گوڵداری لەبەرکردبوو. هەر کە گەیشتە ژوورەکە لەخۆشیدا دوو کەللە قەند کە بە دەستییەوە بو دایناو بەتوندی دوو ماچی کردمو بە زەوقێکی زۆرەوە وتی: ((ئاواتی ڕۆژێکی وام بۆ کوڕەکەم دەخواست)). بۆنی گوڵاوی نەدەهات، من کە دەموچاوم هەڵگرتبوو بە جلە پەمەییەکانمەوە کە بۆ خوازبێنی کوڕی شازادە دوریبووم دانیشتبووم‌و دەتگوت خەون دەبینم، تەنیا ئاواتم ئەوە بوو کە ڕەحیم خێرا بێتو بمبات، هەتا لەژێر نیگا خەفەتبارو خەمناكو ناڕازییەکانو لەو ڕێو ڕەسمە هیچەی کە بۆیانگێڕام‌و لەو هاتوچۆ بێ هۆیەی کە دایەو دەدەخانم دەیانکرد ڕزگارم بێ. مەلاکە چووە ئەو ژوورەی کە باوکم بە ناڕەحەتییەوە لەوێ دانیشتبوو و منیش لەم ژوورەی تردا بوومو خوتبەکەی خوێند، کاتێك گەیشتە ئەو برە مارەییەی کە باوکم دوو هەزارو پێنج سەد تمەنی دیاریکردبوو، دایکی ڕەحیم دەموچاوی خۆی ڕنیو وتی: ((ئەیەڕۆ خودا بمکوژێ!))

سێ جار خوتبەکەیان خوێند، دەبوایە راوەستامایە دوای ئەوەی قسەیان لەگەڵ کردم بەڵێم بوتایە، بەڵام ترسام، ترسام کە هیچم پێ نەڵێن، لەجاری سێیەمدا بەڵێکەم گوت، دەدە خانم بەسەرمدا نوقڵو نەباتی شاباشکرد کە دایکی رەحیمو خوجەستە بە پێکەنینەوە کۆیان کردەوە، بەڕاستی ڕێو ڕەسمێکی پێچ‌وپۆچ بوو ئازاریدام، هەوڵە بێ ریاکانی خوجەستەو ئیشە دڵسۆزانەکانی دایە خانمو دەدە خانم بەس نەبوون کە ڕاستییەکان بە پێچەوانەوە نیشان بدەن هەتا ئەو ڕاستییەی کە دایکمو باوکم ئەو زاوایەیان نەدەویست بشارنەوە، هەتا هەژارییەکەی رەحیم بشارنەوە، دایکی ڕەحیم بە شادییەوە نوقڵی لەدەمی دەخستو پێدەکەنی، دواتر ڕەحیم هاتو ئیتر من جگە لە ئەو هیچی ترم نەدەدی، هەر بەو چاوە گەورانەو هەر بەو بزەیەی خۆیەوە، بەهەڵەدا چوبوم بەو چاکەتو پانتۆڵەوە جوانتر بوبو، دایە دەستی گرتو هێنایو لەلای من دانیشت، دەستیکرد بە گیرفانیداو جووتێ گوارەی ئاڵتوونی دەرهێناو خستییە مشتمەوە، دواتر دایکی هاتە پێشێ، بازنەیەکی ئاڵتوونی لەدەستمکردو دیسانەوە ماچی کردم، ئەنگوستیلەیەکی گرانبەها نەبوو کە هەموویان چاویان ئەبڵەق بێ، هیچ بووکێکی دنیا لەمن بەختەوەرتر نەبوو، بەتایبەت ئەو کاتەی کە بەدەستە بەهێزە پیاوانەکەی دەستە چکۆڵەو نەرمەکانی منی گوشیو وتی: ((ئاخرەکەی بووی بە ژنی خۆم!))و دیسانەوە بزەیەک گرتیو ددانە سپییەکانی دەرکەوتن.

خوشکە گەورەکەم بە نارەحەتییەوە لەبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو سەیری دەکردین، هاتە پێشێ، جووتێک بازنەی ئەستووری لەدەستکردمو ماچی کردم، تەنانەت وشەیەکیش لەگەڵ ڕەحیم قسەی نەکرد، گومانم لەوەدانیە کە تەنانەت سەیرێکی چکۆلەیشی کردبێ. ئایا لەشەقامدا بیبینێ دەیناسێتەوە یان نا؟ دایکی ڕەحیم بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییە تاڵە هەلهەلەی کێشا، دایە کەشەفێکی گرت بە دەستییەرەو تەپڵی پێ لێدا.

Scanned by CamScanner

دایکی ڕەحیمو خوجەستەو دەدەخانم چەپڵەیان لێدەدا، باوکم بە مشت دای بە دەرگاکەدا، دەتگوت لەدڵی منیاندا، بەدەنگێکی بەرزو توڕەوە وتی: ((ئەوە چیتە؟ بۆچی وادەکەی دایە خانم؟))

دایە لەملاوە بە تۆراوی وتی: ((دەی ئاغا کچەکەمان بووە بە بووک، شادی دەکەین)).

باوکم هاواریکرد: ((تەپڵەکەیان بەرێ بیبەنە ماڵی خۆیان هەتا بەیانی بیکوتن، لێرەدا هەرا هەرا مەکە)).

دایە پێی ناخۆشبوو کە شەفەکەی دانا، ئیتر نەماندەزانی چی بکەین؟ خوشکی گەورەکەم ڕۆیشتو گەڕایەوەو وتی: ((مەحبوب وەرە ئاغا گیان کاری پێتە)).

تەنیا کاری بە منە، دەتگوت ڕەحیم هەر نییە، لەجێگەکەم هەستامو چوومە ژوورەکەی باوکمو دەرگاکەم پێوەدا، باوکم لەسەر مۆبلێك کەوتبوو، سەری لەسەر مۆبلەکە دانابوو قاچی هەتا ناوەڕاستی ژوورەکە درێژ کردبووەوە، مەچەکی دەستی چەپی لەسەر قاچی ڕاستی دانابوو، نەك تەنیا دوگمەی چاکەتەکەی کرابووەوە بەڵکو نیوەی دوگمەکانی کراسەکەی کرابوونەوە، دەتگوت هەناسەی سوارە، هەرگیز ئەوم بەو حاڵەتو بەو شپرزەییەوە نەدیبوو، دەستەکانی بەسەر موبلەکەدا شۆڕکردبووەوە. ڕەنگ بە ڕووخسارییەوە نەمابوو، سەیری بنمیچەکەی دەکرد، گەوهەرێکیان لەدەست دەرهێنابوو، دایکم لەلای پەنجەرەکە دانیشتبوو، دەتگوت ئەویش گیانی تێدانییە، تەنانەت چارشێویشی بە سەردا نەدابوو، بە کراسی گوڵدارەوە دانیشتبوو دەستە بۆ گیانەکانی لەسەر ئەژنۆی شۆڕبوبووەوە، کە چاوی پێم کەوت هەستاو هاتە پێشێ ئەنگوستیلەیەکەی ئەڵماسی گەورەی لەدەستم کرد، نەشی وت موبارەکت بێ؛ وتی: ((با ئەوە وەکو یادگاری بەلاتەوە بێ)). بە فرمێسك هەڵڕشتن لەدەرگاوە چووە دەرێ.

باوکم بۆ ماوەیەك بێدەنگبوو، من نەمدەزانی چی بکەم، هەروا سەرم داخستبوو، دەستم لەسەر دەست دانابوو ڕاوەستابووم، خوشکەکەم لەلام بوو،

باوکم ڕوویکردە بنمیچەکە، بەدەنگێکی نارام و بێ گیان وتی: ((پێم وتبووی کە مانگی بەرە پارەیەکت بۆ دەنێرم بۆئەوەی پێویستییەکانتی پێ دابین بکەی؟))

دەمویست بڵێم کەی تۆ قسەت لەگەڵ من کردووە، بەلام تەنیا وتم: ((نا، ئاغا گیان)).

((دەیدەم بە دایە خانم مانگ بە مانگ بۆتی بێنێ)).

بەزەحمەتێکی زۆرەوە دەستی ڕاستی بردە سەریۆ و لەگیرفانی خست و تۆقەیەکی ئاڵتوونی گەورەی کێشایە دەرێ و دای پێم: ((هانێ بیگرە، ئەوە هی تۆیە)). بەڕێزەوە دووسێ هەنگاو چوومە پێشەوەو تۆقەکەم لێوەرگرت: ((بیکە ملتەوە)).

بە یارمەتی خوشکەکەم تۆقەکەم لەمل کرد، باوکم سەیرێکی ڕووخساری هەنگیراوو جوانی منی کردو وەك نەخۆشێك کە بناڵێنێ ناوچاوانی تێکناو دیسانەوە پاڵی بە موبلەکەوە دایەوەو دەستەکانی بەسەر موبلەکەدا شۆڕکردەوە، هیچ دیارییەك بۆ ڕەحیم نەبوو، هەر ناویشی نەبوو.

((دەی برۆ، سەرچاو)).

غیرەتم بەرخۆمداو بەدەنگێك کە بە زەحمەتەوە لەگەرووم دەهاتە دەرێ وتم: ((ئاغا دوعام بۆ ناکەن؟))

لەبنەماڵەی ئێمەدا باو بوو کە باوکەکان شەوی زەماوەندی مناڵەکانیان کاتی ماڵئاوایی دوعای خێریان بۆ دەکردن و هیوای بەختەوەرییان بۆ دەخواستن، دوعاکانی باوکم لەکاتی بەشووردانی نێزهەت دا دیبوو کە هەموومانی تەنانەت بووك و زاوایشی کردبووە گریان.

ئەوکاتە باوەڕیان بەو شتانە هەبوو، ئەو کاتە دوعاکان کاریگەر بوون.

بزەیەکی تاڵ لەسەر لێوەکانی باوکم نیشت، بێدەنگییەك لەنێوانماندا دروست بوو، دەتگوت بیر لەوە دەکاتەوە چ دوعایەك بکات، باوکم هەر بەو حاڵەتەوە کە دانیشتبوو دوو پەنجەی دەستی ڕاستی بەبنی تاقەتییەوە بەرزکردەوە، سەری هەروا نابوو بە موبلەکەوە، وتی: ((دوو دوعات بۆ دەکەم، یەکێکیان خێرەو

یەکێکیان شەڕە)). بەترس و دڵەڕاوکێوە چاوەڕێی بووم. خوشکم بەنیگەرانییەوە دەستەکانی بە حاڵەتی پاڕانەوە بۆ پێشەوە درێژکردو وتی: ((ئاخ، ئاغا گیان...))

باوکم بێ ئەوەی کە سەرنجی بداتێ دوای راوەستانێکی درێژ ماوە وتی: ((دوعا خێرەکەم ئەوەیە کە خوا تۆ گرفتارو دیلی ئەم پیاوە نەکا)). دیسانەوە بێدەنگی دەستی پێکردەوە، باوکم ئاخێکی هەڵکێشاو درێژەیدا: ((بەڵام دوعا شەڕەکەم. دوعا شەڕەکەم ئەوەیە کە سەد ساڵ تەمەنت بێ)). لەجێگەکەی خۆم وشك بووم، بەسەیرێکەوە لەگەڵ خوشکە گەورەکەم سەیرێکی یەکترمانکرد، ئەمە نیتر چ جۆرە نەفرینێك بوو؟ ئەوەش خۆی دوعایەك بوو. باوکم تێگەیشت کە لەمێشکی ئێمەدا چی هەیە، وتی: ((لەناو دڵتدا دەڵێی ئەم دوعایە شەڕنیە. زۆریش خێرە. بەڵام من دوعا دەکەم کە سەد ساڵ تەمەنتبێ و هەموو ڕۆژێ بڵێی ئەو هەڵەیە چیبوو کردم و هەتا خەڵکی دەرسی لێوەربگرن، ئێستا برۆ)).

گەیشتبوومە لای دەرگاکە کە باوکم دیسانەوە بانگی کردم، نە ئەوەی کە ناوم ببات. نا. تەنیا وتی: ((ڕاوەستە کچێ)).

((بەڵێ ئاغا گیان)).

((هەتا ئەو کاتەی ژنی ئەم پیاوەی نەناوم بهێنەو نەبێی بۆ ماڵیشم)).

تەنیا وتم: ((خوات لەگەڵ)).

((بەسەلامەت)).

خوجەستەو نێزهەت ماچیانکردم، بەپێچەوانەی ڕێ و ڕەسمی ئەوکات کە کچان کاتی ڕۆیشتن دەگریان ئێمە هیچمان نەگریاین، گریان بۆ ئەو زەماوەندانەبوو کە لەودا شادبوون.

سواری کەژاوەکەی باوکم بووین، پەردەی کەژاوەکەیان دادابوەوە، یان بەهۆی شەرمەزاری باوکم یان بەهۆی هەوای ساردی پاییز بوو، دایە برێك شیرینی و مەنجەڵێکی گەورە چێشتی خستە ناو کەژاوەکەوە خۆیشی سوار بوو، کاتێك

Scanned by CamScanner

دایکی ڕەحیم دەیویست سواربێ ڕەحیم نوشتایەوەو وتی: ((نا، دایە جێگە نییە، بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە)).

دایکی وتی: ((ئاخر ئەمشەو شەوی زەماوەندی تۆیە)).

دیسانەوە ئەو بزەیە لەسەر لێوی ڕەحیم نیشت.

((دەی هەر لەبەرئەوەیە دەڵێم بڕۆرەوە بۆ ماڵێ!))

دیسانەوە دەتگوت دڕویان بەدڵما چەقاند، حەزمنەکرد.

لەبەرامبەر چاوی دایە وەکو دوو پەیکەر دانیشتین. بەئەمری دایە کەژاوەکە لەچەند شەقامو یەک دوو کۆڵان تێپەڕیو لەکۆڵانێکی بڕێک قەرەباڵغدا لەبەرامبەر ماڵێک ڕاوەستا.

دایە کلیلێکی دەرهێناو دەرگایەکی دارینی سەوزی کردەوە، چووینە داڵانێکی تەسکەوە، لەلای ڕاستی داڵانەکە ئاودەست بوو، کۆتایی داڵانەکە قادرمەیەکی ڕوو لەحەوشەی تێدابوو، لەدەستی چەپیدا ژوورێک بوو و لەپاڵ ئەویشدا هەماری ئاوێکی لێبوو کە بەدەرگایەکەوە بە یەکەوە پەیوەست دەکرانەوە. بڕێک کۆتە داریان لەسوچێکی ژوورەکە هەڵچنیبوو، لەدەستی ڕاستی حەوشەکەدا شوێنێکی تاریکو تنۆکی لێبوو کە بنمیچەکەی لەخشتی سوور دروستکرابوو، لەم شوێنەوە دەچوویتە مەتبەخێکی چکۆلەی دوکەڵاوی، لەناوەڕاستی حەوشەکەدا حەوزێکی چکۆلەی لێبوو کە ئاوەکەی ناوی قەوزەی سەوزی هەڵهێنابوو، بەرامبەر دەرگاکەی ژوورەوە لەقادرمەیەک سەردەکەوتی و دەچوویتە هەیوانێکی چکۆلە بە دوو ژوورەوە، ژوورێکیان گەورەتر بوو بەقەستی ژووری میوانبوو و، دەرگاکەی لەسەر هەیوانەکەبوو و، لەوێوە دەرگایەکی تری لێبوو کە دەچووە ژووری خەوەوە.

ئەم ژوورە پەنجەرەیەکی ڕوو بە هەیوان بوو، بەڵام دەبوایە بۆ هاتوچۆ لەژوورەکەی ترەوە تێپەڕببویتایە کەمن پێم دەوت تالار، ئەویش چ تالارێک چوار مەترو نیو بە پێنج مەتر.

Scanned by CamScanner

دایە ژوورەکانی فەرش کردبوو و پشتییەکانی لەژوورە گەورەکە دانابوو پەردەیەکی گولگولاوی جوان و هەرزانی هەڵواسیبوو لەژوورە چکۆلەکەدا دیوارەکەی شوێنێکی بەقوڵدا چوو بوو دەتگوت جێگەی کەنتێنەیە جێگەی کەنتێنەیەک کە هیچ کات سازنەکرابوو. دایە لەپێشەکەیدا پەردەی هەڵواسیبوو و سندوقی جلەکانی ئێمەو شتومەکەکانمی لەوێ دانابوو. لەسەر تاقەکەدا پەڕۆیەکی پێدادابوو و بەشێوەیەکی جوان لەناوەڕاستەوە کۆی کردبووەوەو بەرزییەکی جوانی لێدابوو. کەوەکو پەپوولە وابوو. لەسەر تاقەکەش ئاوێنەیەک و چرایەک و شانایەکی لێدانابوو. من تەنیا بوکێکبوم کە تەنانەت ئاوێنەو شەمدانیشم نەبوو. چراکەی ترم لەژوورە گەورەترەکە یان بەقسەی خۆم تالارەکە بوو. لەژووری میواندا دوو پەنجەرە ڕوو لەهەیوان لەلای دەرگاکانەوە هەبوو باخچەیەکی دوو مەتر بە مەتر لەپاڵ حەوزەکەدا بوو. وشک هەڵگەڕابوو. تەواوی پانتایی ئەو ماڵە تەنانەت سەدو پەنجا مەتریش نەدەبوو

دایە کوڵوپەلەکانی لەکەژاوەکە دادەگرت و دەیخستنە ژووری میوانەکان یان مەتبەخەکە. من کاتێک چوومە حەوشەکەوە بەسەر سوڕمانەوە سەیری دنیام نەکرد. تەواوی ئەم خانووە بە قەد حەوشە چکۆلەکەی ماڵی باوکم نەدەبوو

ئەوزەماوەندە هەژارانەیەو ئەو ماڵە بچووکەو ئەو ڕۆژە سەخت و دژوارە کە ڕۆژی زەماوەندەکەم بوو منی بێهێز کردبوو. لەژێر ژوورە گەورەکەدا جەماری ئاوێک بوو کە دەترسام ڕۆژێک بەسەرماندا بێتە خوارەوە

ماندوو لەلای دیوارەکەوە ڕاوەستام و سەیری دارو دیواری حەوشەکەم کرد کە لەسێبەری ئێوارەدا خەمباری دەنواند. وەکو بەچکە کارمامزێک وابووم کە لەدەشتێکی وشک و غەریبدا تەنیاو سەر لێشێواو بووم و ڕاوچییەکەیشی لەپشت سەرییەوەو بەرامبەرەکەشی شوێنێکی نەناسراو بوو. تەنیاو دڵشکاو بووم گلەییم لەباوکم و دایکم و جیهان هەبوو. حەزمدەکرد ڕەحیمیش لەلای من بێ بەڵام ئەو یارمەتی دایە گیانی نەدا. ئەم ماڵە کە بۆ ئەویش نوێبوو. بەڵام بەرواڵەت لەچاوی ئەودا شتێکی تر دەخوێنرایەوە. لەژوورەکە هاتە دەرەوە

چاوی بە من کەوت کە هەڵکورمابووم‌و هێشتا پاڵم بە دیوارەکەوە دابوو. لەلام راوەستاو دەستی راستی لەسەر سەرم بەدیوارەکەوەناو منی خستە ژێر سێبەری خۆیەوە، یەکەمجاربوو کە ئەو پرچە پەرێشانەو ئەو بزەیەی ئەوەندە لەنزیکەوە ببینم. پرسی: ((بۆچی لێرەی؟ فەرموو بچۆ ژووری. شەو لەلامان بمێنەوە)) دیسان پێکەنی‌و ددانە سپییەکانی دەرکەوتن‌و دیسانەوە دڵم خاو بووەوە. دەتگوت هەرچی غەم‌و پەژارەیە بە شەپۆلێکی ئارام‌و روون لەدڵما شۆرانەوە. وەکو سەعۆل لەژێر تیشکی خۆرەتاودا سڕدرایەوە. بەجۆرێك بەسەر من‌و رۆحمدا زاڵبوبو کە بە نیگایەك، یان بە بزەیەك‌و بە وشەیەکیشی ئەژنۆم دادەدا. ئەگەر پێویست بوایە جارێکی تریش شەرم دەکرد. بۆ جارێکی تر تەواوی خۆشی جێژنەکانی زەواجم دەخستە ژێر پێ، لەماڵێکی وادا ژیانم دەکرد بە مەرجێك کە سێبەری ئەم پیاوەم لەسەر بێ، ئێستا تازە دەمزانی کە ئەو لەمن بەغیرەتترە، گەرچی دایە سفرەکەی داخستبوو بەڵام برسیم نەبوو، حەزم نەدەکرد شێو بخۆم، ئیتر تەنانەت حەزیشم نەدەکرد دایە لەوێ بێ، تەنیا تەنیاییم دەویست‌و تەنیا رەحیمم دەویست، حەزم بەقسە گاڵتەئامێزەکانی دەکرد، ئێستا ئیتر بۆنی داری لێ نەدەهات، بەڵام پرچەکانی هەروا پەرێشان بوو و چاوەکانی تروسکەیەکی تێدابوو کە سەر تاپێی منی دادەگرت، تەنیا بوونی ئەو لەلای من دڵمی ئارام دەکردەوە، وەك هەواڵێکی خۆشم بیستبێ شادبووم.

رەحیم دیسانەوە وتی: ((ئەمشەو لەلامان بمێنەرەوە)).

سەرم نا بەدیوارەکەوەو چاوەکانم لێکناو وتم: ((ئەمشەو و هەموو شەوێ)).

سەری بە دوادا خست‌و قاقای لێدا. دێوانەتر بووم. دایە چراکانی هەڵکردو خستیە ناو تاقەکانەوەو ئێمەی بۆ شێو خواردن بانگکرد، دوای ماوەیەکی زۆر تێر سکی خۆمم نانخوارد، نازانم بەهۆی ئەوەوە بوو کە گوشاری باوك‌و دایکم لەسەر هەڵگیرابوو و لەو قەفەسەی کە لەژێر چاودێریدا بووم رزگارم بوبو و ژیانی خۆم لەدەستی خۆمدابوو یان بەهۆی ئەوەوە بوو کە بەرەی کە خۆم دەمویست گەیشتبووم، وەکو باڵندەکان وا بووم، سەربەخۆو بێ ترس‌و لەرز. سەرخۆش.

Scanned by CamScanner

دایە لەجێگەکەی هەستاو منیش دڵم داکەوت، وتی ((مەحبوبە گیان، منیش دەبێ بڕۆم، دەزانی کە مەنوچێهر بیانوری من دەگری، خانم وتی کە خێرا بگەڕێمەوەو بکەم بەودا، ئاخر خانم گیانت زۆر ماندوون)).

دایکم ماندوو بوو؟ بۆ زەماوەندی کچەکەی زەحمەتی کێشابوو؟ چی کردبوو؟ چ گوڵێکی لەسەرم دابوو؟ ئێستا بەدایەیشی وتبوو وەرەوە، ئەویش لەشەوی بووکێنی مندا، شەوێک کە بنەماڵەی بووک هەتا بەیانی لەوێ دەمانەوەو بەجێیان نەدەهێشت، بەڵام بە بۆچوونی باوک‌و دایکم ڕەحیمی مێردم ئەوەندە بەهای نەبوو. بە بۆچوونی ئەوان دەبوایە ڕەحیم بە هەموو شتێکی من ڕازیبێ‌و من لەسەر سەری دانێ، تەنانەت ئەگەر ئیشی خراپیشم بکردایەو دوو منداڵیشم ببوایە دیسانەوە دەبوایە ڕەحیم قوڕاوخۆر بووایە، من کە لەگەڵ هەموو کەس جیاواز بووم، هەر بۆیە تەنانەت بوونی دایەیش پێویست نەبوو.

بەزیز بوونەوە لەجێگەکەم هەستام‌و وتم: ((دەچم دەستم دەشۆم)). دایە لەقادرمەکان چووە خوارەوەو سووراحییەک ئاوی لەعەماری ئاوەکە هێنا، ئاوی حەوزەکە پیس‌و قەوزاوی بوو، دەیزانی کە دەست لەوە ناشۆم، ڕەحیمیش لەگەڵم هات، دایە ئاوەکەی بە دەستمداکردو منیش دەست‌و دەمم شۆردو وشکم کردەوە، ڕەحیم ڕۆیشت چرایەک هەڵکاو لەسەر قادرمەکانی دانێ کە دایە لەکاتی ڕۆیشتندا بەر پێی خۆی ببینێ، فیروز خانی هەژار برسی‌و تینوو لەناو کەژاوەکەدا چاوەڕێی دایە بوو. ئەو هەمووە بە دایەم وت با بێت نانبخوا دایە گیان بەباشی نەدەزانی کە نانی پێبداو وتی: ((چییە؟ پێویست ناکا هەر سەر لەئێوارە نان بخوات، دەڕواتەوە بۆ ماڵەوە نان دەخوا، خۆ درەنگ نییە، مەترسە بەبرسێتی نامرێ)).

دایە دەستی منی گرت‌و لەقادرمەکان سەرکەوتین‌و بەردمیە ژووری خەوەکەوە کە لەوێدا جێگاو بانێکی جوانی ڕاخستبوو، هەردوو چراکانی هێناو لەسەر تاقەکە داینان، لەشووشەی چراکاندا ڕەسمی ناسرەدین شا کێشرابوو کە بە سمێڵە قیتەکانییەوە سەیری دەکردم.

Scanned by CamScanner

دایە دەستی گرتم‌و وتی: ((دانیشە)).

لەسەر جێگەوبانەکە دانیشتم‌و دەستەکانم لەسەر ئەژنۆکانم دانا. وەکو مریشکێك وابووم کە سەربڕدرابێ، سەیری دەرگاکەم دەکرد، دەتگوت لەناو تەمومژدام، چاوەڕێی کەسێکی نە ناسیاو بووم کە دڵم لەلای بوو. تەنیا بووم. بێکەس بووم، دوور خرابوومەوە، بەهەموو ئەمانەوە بە تەنیا پەنام کە لەمەودوا لەژیانمدا بووم ئومێدەواربووم‌و دڵم پێدا بوو.

دایە شەست تمەنی خستە دەستمەوەو وتی: ((ئەمە ئاغا گیانت پێی داوم کە بتەمێ بۆ خۆتی خەرجبکە)). برێك راوەستاو درێژیدا: ((سفرەکەم کۆکردۆتەوە بەلام فریای قاپەکان نەکەوتم بیانشۆم، خانم گیانت چاوەڕێمە، وتویانە خێرا بگەڕێمەوە، مێردەکەت پیاوێکی خراپ نییە، شوکور زۆر باشە. بەلام لەسەرەتاوە خۆت زاڵکە لەبیرت نەچێ کە تۆ کێی! لەسەرەتای کارەوە بێدەنگ مەبە. حەزمدەکرد ئەم شەو لەلات بمێنمەوە، خانم گیان ئیزنی نەدا، بەلام بەردەوام دێم سەرتدەدەم)).

تێنەگەیشتم دەڵێ چی، گێژ بووم، بیرم لێرە نەبوو، وەکو کەسانی سەرخۆش رەتەڵم دەبرد، دەتگوت خەون دەبینم، وتم: ((ئەوە بدە بە فیروز خان))و دوو تمەنم خستە دەستییەوە.

وتی: ((ئەوە زۆرە)).

وتم: ((قەیناکا، ئەمەش بۆ خۆت)).

سێ چوار تمەنم بەخۆیدا وەری نەدەگرت، بە زۆر دامێ، ناوچاوانی ماچکردم‌و لەجێگەکەی هەستاو لەدەرگاکە چووە دەرەوەو پێوەیدا، دواتر دەنگی دەرگاکەی تالاریشم بیست کە پێوەیدا، دواتر دەنگی قاچی لەسەر قادرمەکان‌و قسەکانی کە بە رەحیمی وت: ((هۆشت بە مەحبوبەوە بێ))و ماڵئاواییکرد.

دەنگی خشەخشی هەنگاوەکان، دەنگی داخرانی دەرگای‌و دەنگی قاچی چارەواکان‌و تەگەری کەژاوەکەم بیست کە هەگیز ئەو دەنگانە لەماڵە گەورەکەی

باوكم نەدەبیسترا، چەندە ئەم ماڵە لەكۆڵان نزیك بوو، دایە ڕۆیشت، ڕابردووی من ڕۆیشت، ژیانی بێ خەیاڵو منداڵانەی من ڕۆیشت، دەبوایە لێی بگەڕاتایە. دەبوایە ئەم بیرانەم لەسەر دەركردایە، لەم ماڵەدا بە تەنیا مامەوە. لەگەڵ ڕەحیم كە نازانم لەكوێیە، كە نازانم بۆچی نایەت! ئاخرەكەی كاری خۆمم كرد. ئەو كارە چی بوو كردم؟ ئەم ژوورە چكۆلەیەكە بە سەیرێكەوە سەیری چواردەوریم دەكرد ماڵی من بوو؟ ئاخ، دایكمم دەوێ، ئاخ، ئاغا گیانم دەوێ. خوجەستەم دەوێ كە لەیەك بدەین، مەنوچێهرم دەوێ كە یاری لەگەڵ بكەم، دایە گیانم. دەدەخانمو فیرزوخانو حاجی عەلی كە نەزانم كەی ڕۆژەو كەی شەوە كەیو چ كاتێ چێشت لێدەنرێ، كەی خوان ڕادەخرێ، كەی كۆدەكرێتەوە. ئێستا لەگەڵ ئەو هەمووە قاپو قاجاخە پیسە چی بكەم؟ نا نابێ بگریم. حەزم دەكرد هەموو ئەوانەم بەخەو بدیایەو بەیانی كە هەڵسام لەماڵی خۆمانبم.

ئاخ دەنگی پێی ڕەحیمە كە لەقادرمەكان سەردەكەوێ، چەندە باشە كە بووم بە ژنی، چەندە باشە كە لێرەم، دەرگای تالارەكە كرایەوەو پێوە درایەوە. ژیان لەماڵی باوكم چەندە بێدەنگو ناخۆش بوو، ئەو ژوورەی كە لێی دانیشتبووم دەرگاكەی كرایەوە، لەماڵی باوكم دروكەوتمەوە، هەموو شتێكم لەبیر چووەوە.

ڕەحیم لەبەر دەرگاكەدا ڕاوەستابوو، پاڵی بە چوارچێوەی دەرگاكەوە دابوو. بەدەستی چەپی چرای حەوشەكە كە هێنابووی ژووری بەرزی كردەوە. من هەر وا دانیشتبووم. بەڵام سەرم دانەخستبوو. سۆمای چراكە كە كەوتبوە سەر ڕوخساری زۆرتر لەنیوەی ڕووخساری ڕوون كردبووەوە، پرچەكانی پەرێشان كەوتبوونە ناوچاوانیو ئەوەی لەبەر ڕووناكیی چراكەبوو ڕونتر بوو لەبەشەكەی تری كە لەتاریكییەكەدا بوو، ڕووناكییەكە لێی دەداو ملو سینگی ئەوم لەملیوانی كراسەكەی كە كرابوەوە چاوپێكەوت. دیلكرابووم، دەتگوت سەیری پەیكەرم دەكرد، زەرەرم نەكردبوو، شتێكی باشم هەڵبژاردبوو.

بزە دڵگیرو جوانەكەی هاتەوە سەر لێوو وتی: ((سەرەنجام...)) سەرم داخست، وتە: ((نا، با تێر سەیرتكەم)).

دیسانەوە سەرم هەڵبڕی و زەردەیەکم کرد.

راوەستابوو بەوردی سەیری دەکردم، بە ئارامی وتی: ((تەواوی ئەو شەوانەی کە راحەت خەوتبووی دەزانی من چیم دەکێشا؟))

بەسەیرێکەوە وتم: ((راحەت خەوتبووم؟)) بێ ئیرادە دەستەکانم بەرەو لای درێژکردو درێژەمدا: ((هەموو شەوێك دەستەکانم بەرەو ئاسمان بوو دەپاڕامەوە. لەخوا دەپاڕامەوە، دەپاڕامەو کە خوایە ئەوم پێ بدەی، ئەو بە من بگەیەنە)).

بە ئارامی هاتە ژوورەوەو دەرگاکەی پێوەدا، چراکەی لەنێوان دوو چراکەی تر داناو من هەر بەو شێوەیەی کە دانیشتبووم بەرەو رووی وەرچەخام، وەکو کەسێك کە لەگەڵ خۆی قسە دەکات وتی: ((من نازانم چیم کردووە یا چ خێرێکم لەرێگەی خودادا کردووە کە تۆی بە من داوە، هێشتایش گێژم، دەڵێی خەو دەبینم، دەترسم هەستم لەخەو، ئاخر چی بوو کە تۆ لەئاسمانەوە کەوتیتە داوێنی من مەحبوبە؟ کە هەموو رۆژێك وەکو خەرمانەی مانگ لەسەر دوکانەکەی من هەڵدەهاتی و هەناسەت لێ بڕیم کچێ؟))

دوای چەندین مانگ بەخۆشحاڵییەوە چاوەکانم لێکناو لەناخی دڵەوە پێکەنیم.

پووریێ گیان بێدەنگ بوو، ماندوو بوو، رۆحی و جەستەی، سودابە بە ئارامی هەستا چووە مەتبەخ تا لێوانێك شیر گەرم بکات و هەنگوینی تێبکات و بیهێنێ بۆ پووریێ گیان. بەتایبەتی خۆی درەنگ دەخست، خۆی درەنگ دەخست هەتا ئەو پەرەژنەیش پشوویەك بدا، سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ بوو؛ کاتێك گەڕایەوە پووریێ گیان خەوی لێکەوتبوو، سودابە پەرداخە شیرەکەی لەسەر تەپڵەکەکە داناو بە خەمبارییەوە سەیری باخەکەی کرد.

پووریێ گیان لەخەو راپەڕی، سودابە پەرداخە شیرەکەی دایە دەستی: ((بیخۆ پووریێ گیان، ئەگەر ماندوو بووی با ئەوەی دوایی بمێنێتەوە بۆ بەیانی)).

((نە گیانەکەم، ماندوونیم، چیرۆکی هەزارو یەك شەو نیە کە هەموو رۆژێ بۆتی بگێڕمەوە، تەنیا ئەمشەو دەتوانم بیگێڕمەوە، حەزم لێیە)).

بێدەنگ بوو لەکاتێکدا کە قومەقومە شیرەکەی هەڵدەقوڕاند بە داخێکی

گرانەوە کە دەتگوت لەگەڵ خۆی قسە دەکات بە ئارامیو لەژێر لێوەوە وتی

((گەرچی لەچیرۆکی هەزارو یەک شەویش کەمتر نییە)).

پووری گیان پەرداخەکەی دایەوە دەستی سودابەو درێژەی بە قسەکانیدا

کۆتایی وەرزی یەکەم

* * * * * * * * * * * * * * * * *

# وەرزی دووهەم

لەکوێم؟ بەیانییە؟ سەماوەر قوڵتە قوڵتی دەهات، ماندووم، خۆهەڵاتووە چەندە ڕووناکە، بۆنی نانی گەرم، دیسانەوە خەومدێ، ئێستا زووە، رادەوەستم هەتا دایە گیان دێتو هەڵمدەستێنێ... لەناکاو هەستام، لێرەدام، لەماڵی رەحیم، ماڵی خۆم، ژنی رەحیمم، ئەی کێ سەماوەرەکەی هەڵکردووە؟ لەجێگەکەمدا تلێکمداو لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی ئاسمانم کرد.

دەرگاکە کرایەوەو رەحیم هاتە ژوورێ: ((هەڵناستی، تەممەڵ خانم؟))

پێکەنیم: ((ئای ئەوەندە برسیمە هەر نەبێتەوە)).

((دەزانم، سەماوەرەکە گیزەیدێ، نانی بەیانیش ئامادەیە)).

((ئاخ، دەمویست هەستم...))

((نایەوێ تۆ هەستی، خانم نازنازی، من سەماوەرەکەم هەڵکردووە، نانی تازەم بۆ کڕیوی، قاپەکانیشم شۆردووە)).

بە شەرمەوە وتم: ((قاپەکان؟ ئەی خوا بمکوژێ!))

((خوانەکا)).

دوو سەعاتی بۆ نیوەڕۆ مابوو کە بۆ خواردنی نانی بەیانی لەژووورە چکۆلەکە هاتینەدەرەوە، سەماوەرەکە کوڵابوو، لەتێک نانم هەڵگرت، بەڵام پەنیرەکەی کۆن بوو.

((رەحیم پەنیرەکەی کۆنە)).

Scanned by CamScanner

پێکەنی: ((نادەی بزانم)) بۆنی پێوەکرد: ((پەنیر بەو باشییە' خۆم بەیانی کڕیم، بۆنی دێ؟ بیخۆ نازمەکە)).

منیش پێکەنیم: ((بریا برێك پەنیرمان لەماڵی باوکم بهێنایە)).

((پەنیر پەنیر، جیاوازی چییە؟))

هەتا سێ چوار ڕۆژ نەدەڕۆیشتە سەر کار، بەڵام ڕۆیشتبوو چاوی بە دووکانەکەی کەوتبوو.

وتم: ((ڕەحیم گیان، ناچیتە سەر کار؟))

وتی: ((دەمکەیتە دەرەوە؟))

((ئاخ نە بەخوا، بەڵام دووکانەکەت چی؟))

((سەرەتا دەبێ برێك کەرەستە بکڕم، کە دەستەی کارم نییە، بەڵام ئیشەڵا ئاسان دەبێت)).

بەراکردن چوومە ژووری خەوەکەمان و گەڕامەوە: ((وەرە ئەم پەنجاو چوار تمەنە بگرە، ئاغا گیانم ناردبووی، کارەکەت پێکدێ؟))

((پێکدێ بەڵام پارەکەت هەڵگرە بۆ خۆت، ئاغا گیانت بۆ تۆی ناردووە)).

وتم: ((من و تۆمان نییە، ئیشەڵا کارەکەت کەوتە ڕێی دوو بەرامبەری ئەو پارەیەم پێ دەدەیتەوە)).

پێکەنی و دەستی دایە دواوە، هەر من دەمگوت وەری بگرە ئەویش وەری نەدەگرت، سەرئەنجام پارەکەم هەڵگرت و وتم: ((ئەگەر وەری نەگری دەیخەمە ناو کوورەکەوەو ئاگری دەدەم)).

بەجۆرێك وتم کە وتی: ((من لەتۆ ڕق ئەستورترم نەدیوە))و، پارەکەی لێ وەرگرتم و دەستمی وا گوشی کە لەژان و شادیدا هاوارمکرد، پەنجەکانمی ماچ کرد.

برێك ڕاوەستام و بەدرو دڵییەوە وتم: ((ڕەحیم لەبیری نیزامدا نیت؟))

بە سەیرێکەوە پرسی: ((لەبیری نیزام؟))

((ئەرێ، مەگەر ناتەوێ بچیتە ناو نیزام؟ مەگەر نەتدەویست ناو دەربکەی؟))

لەناكاو كەوتەوە بیری: ((با، با، بۆچی نا، هەڵبەت...)) برێك بیری لێكردەوەو
دریژەیدا: ((بەلام سەرەتا دەبێت دەستێك بە دووكانەكەدا بێنم، با خەیاڵم
بحەسێتەوە دواتر كەسێك دەگرم كە لەجیاتی من بەڕێوەی ببات...)) هەر بە نیگای
شۆخەوە چاوەكانی پێكەنی: ((ئەری، شاگردێك دەگرم، شاگرد دارتاشێك.
هەڵبەت ئەگەر ئەویندار نەبێ و! دواتر خۆم دەچمە ناو نیزامەوە)).

هەردووكمان پێكەنین.

ماڵداریم نەدەزانی، هیچ ئیشێكم نەدەزانی، لەهەمووی خراپتر نەمدەزانی شتومەكی ناو ماڵ بكڕم، پێم عەیب بوو كە بچمە دوكان و شتی ناو ماڵ بكڕم. بەیانیان رەحیم زوو لەخەو هەڵدەستا، نانی دەكڕی و سەماوەرەكەی هەڵدەكرد، دواتر هەتا من جێگەو بانەكەم كۆدەكردەوە ئەویش قاپەكانی دەشۆرد. منیش پێم عەیب بوو، حەزم نەدەكرد مێردەكەم قاپەكان بشوات، حەزم دەكرد قەرەواش و نۆكەرمان بوایە، بەلام نەدەكرا، ژیانی راستەقینە روخساری خۆی دەردەخست، ژیان تەنیا گۆرانییەكانی قەمەر نەبوو، حافز نەبوو، لەیل و مەجنوون نەبوو، كاغەز فرێدان لەسەر دیوارەوە نەبوو، نیگا شاراوەكان و ئاخە جگەر سووتاوەكان نەبوو، ئاوابوو، نان و گۆشت و ئاو بوو، عارەق رشتن و نان پەیداكردن بوو، گیان كەنشتی و ماڵداری بوو، شۆردن و لێنان و خاوێن كردنەوە بوو، بە هەموو ئەمانەوە ژیان لەلای ئەو شیرین بوو سادەو ساكار بوو.

كاتێك منی لەمەتبەخدا دەدی، لەو مەتبەخە چاڵ و تاریكە كە خەریكی دروستكرنی نانی نیوەڕۆ بووم، دەیگوت: ((وەكو مرواریيەك وای كە لەناو تاریكایی دای)). یان ئەوەی كە دەیگوت: ((چێشت دروست مەكە مەحبوبە گیان، دەچم لەدەرەوە دەیكڕم، حەیف نیە ئەو دەستانەت خراپ ببێ، نامەوێ ناشرین ببن)).

منیش هاندەدرام، باسی دژوارییەكانی ئیشەكەم بۆ نەدەكرد، بە هیچ جۆرێك نەیدەهێشت قاپەكان بشۆم، هەر كاتێ لەسەر كار دەگەڕایەوە دوای نانخواردن قاپەكانی دەشۆرد، دەیگوت دەستەكانت ناشرین دەبن، تازە تێدەگەیشتم كە

Scanned by CamScanner

گەسکدان و چێشت لێنان و جل شتن مانای چییە؟ هەر ئیشێکی چکۆلەی ماڵەوە بۆ من دژوار بوو. لەدەنگەدەنگی منداڵەکانی ناو کۆڵان و قسەوباسی جیرانەکان بێزار بووم، ماڵی باوکم ئەوەندە گەورە بوو کە هیچ کات هیچ دەنگێک لەدەرەوە نەدەبیسترا. بۆچی ئەم گەڕەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو؟ دەنگی هاواری کڕیارانی گەڕیدە، دەنگی جل و پێڵاو قەمسەڵەی کۆنە دەکڕین... دەنگی قیژە قیژی منداڵان، دەنگی هاتوچۆی ئەو کەسانەی کە بەوێدا تێدەپەڕین و، جاری وا هەبوو دەنگی سمی چارەواکان و جیڕەجیڕی تەگەری کەژاوەکان یان تریشقەکان دەهات. من بەردەوام گوێم لەو دەنگەدەنگانە بوو و لەگەڵ ماڵی باوکم پێکەوە هەڵمدەسەنگاندن.

ناخۆشترین کات خاوێنکردنەوەی ئاوی حەوزو ئەو شەوانەی کە نۆبەی ئاوی ماڵی ئێمە بوو، میراوی گەڕەکەکە دەهات و، دەنگەدەنگ و، جاری وا هەبوو شەڕی جیرانەکان لەسەر ئاو دەستی پێدەکرد. من لەناو جێگەکەمدا دەمامەوە، چونکە هەوا وردە وردە سارد بوبو لێفەکەم هەتا ملم دەهێنایە سەرو گوێم بۆ قسەوباسی رەحیم و ئەو کابرایەی کە دەهات ئاوی حەوزەکەی خاوێن دەکردەوە، دەگرت. دواتر رەحیم دەهات، دەستەکانی لێکهەڵدەسوون و دەیگوت: ((ئاخ... هەوا خەریکە سارد دەبێ)).

((چەندە بێنەوبەرەو دەنگەدەنگتان دەهات، ئەوە خەریکی چی بوون؟!))

((حای، چ دەنگەدەنگێ خانم گیان، تۆ ئاگات لەهیچ نییە، ئەم گەڕەکە باشە، ئەگەر گەڕەکەکەی ئێمەت دەدی!))

نەمدەپرسی گەڕەکەکەیان چۆن بووە، نەمدەویست بزانم، خەیاڵم تەخت دەبوو کە رەحیم بەزیرەکییەوە هەم حەوزەکەی پڕکردۆتەوە لەئاو هەم عەماری ئاوەکە. ئێستاش کە سەرمایەتی گەڕاوەتەوە بۆ لای من.

خەمەکەی ترم گەرماو بوو، لێرە گەرماومان نەبوو، دەبوایە بچوومایە بۆ گەرماوی دەرەوە، کەسیش نەبوو کە بوخچەو شتومەکی ئەوێنم بۆ هەڵگرێ، دەبوایە وەکو دایەو دەدەخانم شتومەکەکەم بخستایەتە ژێر باڵم و لەگەڵ خۆم

بەبردایە. کاتێك دەمویست بچم بۆ گەرماو دەبوایە ڕۆژێ پێشتر خەم دایگرتمایە، بوخچەکەم زۆر بچووك دەپێچایەوە هەتا بتوانم بیخەمە ژێر چارشێوەکەمەوە، خێرا دەڕۆیشتمو کارێکارێکم دەگرت، لێرە وەك گەڕەکی خۆمان کەس نەیدەناسیم، کرێکارەکان لەبەرخاتری من نۆبە بڕیان نەدەکرد. دەبوایە چاوەڕێی بوومایە، وەیان خۆم خۆمم دەشۆرد. لێرە کەس بەدەورمدا نەدەهات. شێلانو نازکێشان لەئارادا نەبوو، ترشیاتو گۆشتی کوتراوی شەوێ کە دەمایەوە نەبوو، هەر کات کە ڕەحیم دەچوو بۆ گەرماوو من خەوم لێکەوتبوو ئەو کاتەی خەبەرم دەبووەوە خۆشحاڵ دەبووم. چونکە حەزم نەدەکرد بەو بوخچەیەوە کە بەدەستیەوە دەیگرێ بیبینم، کەوتمەوە بیری حاجی عەلی.

گرفتەکەی تر شۆردنی جلو بەرگەکان بوو، هەر نەمدەزانی چییان لێبکەم. هەموو جلەکانمان پیس بوبونو لەسوچێکی ژوورەکەی بەرامبەرمان لەپاڵ دەرگای حەوشەکەوە سەریەکم نابوو.

یەکەم مانگ کە دایە هاتو سێ تمەنی بۆ هێنام وتم: ((دایە گیان بڵێ بە جل شۆرەکەی خۆمان کە حەفتەی دوو جار بێت ئەو جلانەمان بۆ بشوات)).

بەنیگەرانییەوە وتی: ((نە گیانەکەم، ئەو هەمووە ڕێگەیە تا ئێرە نایەت، هەتا دەگاتە ئێرە دەبێ بە نیوەڕۆ)). تێگەیشتم کە بەباشی نازانێ ئەویش ژیانەکەی منی چاوپێبکەوێ.

((ئەی چی بکەم؟))

((خۆم کەسێك لەم دەوروبەرە پەیدادەکەم، بەدوکاندارەکان دەڵێم کە سێکم بۆ بدۆزنەوە)).

ئەو ڕۆژە دایە گیانم جلەکانمانی شۆردو بەرلەوەی مانگێکی بەسەردا تێپەڕێ توانی ژنێکی کزی درێژو کارا پەیدا بکات، ناوی موحتەرەم بوو پازدە ڕۆژ جارێك دەهات هەتا جلەکانمان بشوات، ڕەحیم کاری بەسەر ئەو شتانەوە نەبوو.

سەرئەنجام دوای سێ ڕۆژ دایکی ڕەحیم بۆ سەردان هاتە ماڵمان، ژنێکی گاڵتەچی دەهاتە بەرچاو، گەرچی بەهیچ جۆرێك لەگەڵ خانم گیان یان تەنانەت

پووری‌و ئامۆژنەو پووری گیانم بەراورد نەدەکرا. هەڵسوکەوتی زیرەك‌و وریا بوو. بەزۆر دەیویست پارمەتیم بدات، وتم: ((بەخوا خانم کارێکم نییە، تەنیا دەچم برێك شت بۆ نیوەڕۆ دەکڕم‌و دەگەڕێمەوە)).

بەزۆر پارەکەی لێوەرگرتەو خۆی چوو بۆ شتکڕین. من هەناسەیەکم بە ئاسوودەیی هەڵکێشا، رقم لەشتکڕین بوو. دایە لەماڵی باوکم برنج‌و رۆنی هێنابوو، بەڵام دەبوایە سەوزەو گۆشتم بکڕیایە.

چارشێوەکەی لەقەدی ئاڵاندو هەموو شتێکی شۆردەوەو ئامادەی کرد. من حەزمدەکرد بەڵام بەردەوام خوێلکم دەکرد. ئەمەش بۆ دوو سێ رۆژمان ئەی دواتر چی؟ دەبوایە دیسانەوە بچوومایە بۆ بازاڕو شت‌ومەکم بکڕیایە.

رەحیم هاتەوەو هەرسێکمان پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد. خەسووم لەگەڵم باش بوو. منیش زۆر رێزم لێدەگرت. هەر بەو جۆرەی لەگەڵ دایکم هەڵسوکەوتم دەکردو هەر بەو جۆرەی کە فێریان کردبووم. دوای چای عەسر. خەسووم چارشێوەکەی بەسەردادا کە بڕوات. ویستم لەگەڵ رەحیم هەتا بەردەرگای کۆڵانەکە لەگەڵی بچم. بەڵام نەیهێشت. لەبەرئەوەی سووربوم لەگەڵی بچم. بەگیانی باوکم سوێندی دام.

((نە مەحبوبە گیان، تۆ گیانی ئاغا گیانت مەیە، پێم ناخۆشدەبێ)).

لەگەڵ رەحیم هەتا ناوەڕاستی حەوشەکە چوون بەڵام لەوێ راوەستان‌و کەوتنە سرتەسرت، زۆر ئارام‌و لەسەرخۆ، رەحیم توڕەبوو. بە توڕەییەوە دەستی رادەوەشاند. بەچەپ‌و راستدا دەڕۆیشت، نیشارەتی بە پەنجەرەی ئەو ژوورەکرد کە من لەوێ بووم، تەنانەت جارێکیش هاتە لای قادرمەکان‌و گەڕایەوە.

لەئەنجامدا خەسووم پەنجەی بە توڕەییەوە بۆ لای ئەو جوڵاند. دەتگوت دەیترسێنێ، وردە وردە دەنگیان لەیەك هەڵبڕی، تەنیا گوێم لەوە بوو کە رەحیم دەیگوت: ((دەنگت نزم کەرەوە گوێی لێوە دەبێ)).

... دواتر لەناکاو خەسووم

دەرگاكەی كردەوەو بەتوندی چووە دەرەوەو بە رقێكەوە دەرگاكەی پێوەدا. رەحیم لەناوەراستی حەوشەكەدا وشك بوبو، ماوەیەك راوەستاو سەیری دەرگای حەوشەكەی دەكرد، دواتر سەری داخستو چووە ناو بیركردنەوەو، دواتر بەرەو لای تەلارەكە كە من ناوی تەلارم لێنابوو چوو و بەحاڵەتی سەرداخستنەوە لەقادرمەكان سەركەوت.

((چی بووە رەحیم؟))

((هیچ، مەگەر بڕیار بوو شتێك ببێ؟))

((نا، بەڵام دەتگوت لەگەڵ دایكت دەمەقرەتان هەبوو)).

((نا خەریكبوو ماڵئاواییمان لەیەك دەكرد)).

بە پێكەنینەوە وتم: ((ئەمە چ جۆرە ماڵئاواییەك بوو)).

((لێم گەڕێ مەحبوبە. دە نیتر لەكۆڵم بەرەوە)).

تێنەدەگەیشتم، بەحاڵەتی پاڕانەوە قسەی دەكرد، عەسەبی بوو، لەجێگەیەك نەدەسرەوت، بێدەنگبووم، نەمدەویست ئازاری بدەم، هەر گرفتێكی هاتبێتە ڕێ بە تەنیا چارەسەریدەكرد یان سەرئەنجام بۆ دەردی دڵ پەنای بۆ دەهێنام.

هەتا ئەو حاڵەتی ئاسایی نەبوو.

((شێودەخۆی؟))

((نا، ناتوانم مەحبوبە، تۆ تەنیا شێو بخۆ)).

تاقەی بەر پەنجەرەكە تەنیا نیو مەتر لەگەڵ زەویەكە بەینیان بوو، رەحیم چووە سەر تاقەكە دانیشت، ئەنیشكەكانی لەسەر ئەژنۆی دانابوو سەری داخستبوو ئاخۆ چیبێ وا ئەوەندە ئازاری دەدات؟ دایكی چی وتووە؟ لەوانەیە پەیوەندی بەمنەوە بێ، چونكە رەحیم وتی گوێی لێدەبێ، هەر مەبەستی من بووم، هەر من بووم كە نەدەبوو گوێم لێبوایە.

رۆیشتمو لەلای قاچی لەسەر عەرز دانیشتم. ((رەحیم گیان، ئەگەر تۆ شێونەخۆی منیش ناخۆم... پێم بڵێ چی بووە؟))

((شتێكی گرنگ نییە، خۆم بیرێكی بۆ دەكەمەوە)).

Scanned by CamScanner

««دەی بلێ برام من شتێکی خراپم و هەڵەم کردووە»»

سەری بەرزکردەوەو بزەیەکی ماڵ هاتە سەر لێوی و پرسی: ««مەگەر دەکرێ و کاری نەشیاو بکەی»»

ئیتر خەریکبوو شێت دەبووم، واتای چی، بۆچی درۆی لێ دەکاتەوە؟ چ شتێک وا ئەوەندە ئازاری دەدا کە بیستنەکەیشی من ناڕەحەت دەکا؟ بەبێ ئاگاییەوە پرسیم: ««ڕەحیم، من شێت بووم، تو خوا چی بووە پێم بڵێ، بەخوا ناڕەحەت نابم، ئاوا زۆرتر ئازار دەکێشم، بۆچی قسە ناکەیت»»

کەمێک بێدەنگبوو سەیری لەپی دەستیدەکرد، دەتگوت مەڕیق دەبێتەوە سەرئەنجام بەدەنگێک کە بە زەحمەت لەگەرووی دەهاتە دەرێ وتی: ««من شتێکم لەکەسێک بەقەرز وەرگرتووە، یانی من وەرم نەگرتووە دایکم بۆی وەرگرتووە ئێستا ئەو کەسە شتەکەی دەوێ»»

دڵم هەندێ ئارامی گرت: ««دەی خۆ ئەوە شتێک نییە، هەت ترساند شتەکەی بدەرەوە، ئێستا مەگەر شتەکەی چی بووە»»

سەیری فەرشەکەی کردو پەنجەکانی لێکهەڵپێکا وتی: ««ئەو گوارانەی کە لەسەر مارەکردنەکە پێمدایت»».

دەتگوت قاپێ ئاوی ساردیان بەسەرمداکرد، زۆرم پێناخۆشبوو، ڕێم لەخۆم گرت هەتا ئاخ هەڵنەکێشم، بۆماوەیەک بێدەنگی ژوورەکەی داگرتبوو، بە ئارامی و شەرمەزارییەوە درێژەیدا: ««دەمویست پارەکە کۆبکەمەوەو پارەکەی بدەمەوە بەڵام دایکم دەڵێ نابێ، ئەو کەسە گوارەکانی دەوێتەوە... مەحبوب من لەوە باشترت بۆ دەکڕم»».

دڵم پڕ بوو لەخوێن، ڕۆژی ئاوان بەخەمیش نەدەدی، بە هەموو ئەوانەوە دڵە بۆی سووتا، دەتگوت تنۆک تنۆک وەکو مۆم دەبێ بە ئاوو دەتکێتە سەر زەوی دەستم لەسەر ئەژنۆی دانا: ««ڕەحیم گیان من تۆم دەوێ نەک گوارە، بۆچی زووتر نەتگوت، هەر ئێستا دەڕۆم دەیهێنم»».

هەستام‌و چوومە ژووری خەوەکەو بە راکردن گوارەکان‌و بازنەکەی کە دایکی پێی دابووم هێنام‌و دامە دەستی، وتی: ((دەی ئەو بازنەیەت بۆ هێنا؟ ئەوە هی دایکمە، پارەکەی وردە وردە دەدەمەوە)).

تێگەیشتم، کەوایە دایکی بازنەکەشی ویستووە، هەر ئەو ژنەی کە رۆژ هەتا شەو دەبوو بە قوربان‌و سەدەقەم، هەر ئەو ژنەی کە حەزم دەکرد وەکو دایکی خۆم سەیری بکەم ئاوا بوبوە ئاگری ژێر کا، وتم: ((کەوایە دایکت بازنەکەیشی ویستووە؟ هەموویانی بدەوە)).

لەجێگەکەی هەستاو رووی کردە پەنجەرەکەو وتی: ((دەی دەڵێ یادگاری مێردەکەمە، ئەمانەم بۆ پاراستنی ئابرووی تۆ داوە، پێویستبوو کە لەسەر مارەبڕین شتێک بە ژنەکەم بدەم...)) دیسانەوە بێدەنگبوو درێژەیدا: ((ئەگەر حەزیان لێدەکەی هەڵیگرە بۆ خۆت خۆم وردە وردە پارەکەی دەدەمەوە بە دایکم)).

لەهەرچی ئاڵتوون‌و گەوهەر هەبوو نەفرەتم دەکرد، وتم: ((نا رەحیم، بیبە بیدەرەوە، من هیچم لەتۆ ناوێ، من خۆ بۆ ئاڵتوون‌و گەوهەر نەبوومە ژنی تۆ)).

دیسانەوە لەسەر تاقی پەنجەرەکە دانیشت‌و دەستی گرتم: ((مەحبووبە من شەرمەزاری لای تۆ....))

دەستم لەسەر دەمی دانا، جیهان تەواوی ئەو سوچی ژوورە بوو بۆ من، وتم: ((نا شتی وا مەڵێ رەحیم، ئەو قسانە مەکە، بە قوربانی تۆ بێ)).

بەری دەستی ماچکردم‌و وتی: ((من ئەم دەستە چکۆلانانە پڕ دەکەم لەبازنەی ئاڵتوون، ئەو گوێ جوانانەی گوارەی ئەڵماسی تێدەکەم، ملوانکە لەو گەردنە سپییەدەکەم، دواتر دەیبینی مەحبوبە، رۆژێک، رۆژێک کە دەوڵەمەند ببم، لەبەرتۆ ئەگەر شەوو رۆژ کاربکەم ئەو ئیشە دەکەم، ئەگەر نەمکرد! دواتر دەیبینی، با ئەمساڵمان لێ تێپەڕێ، با ئەو دووکانە رێکبکەوێ... دەچمە ناو نیزام، هەر کارێک کە تۆ حەزت لێیە دەیکەم مەحبوبە گیان)).

Scanned by CamScanner

لەخۆشیا نەمدەزانی چی بکەم، هەستامو دەستمکردە ملی، بە قەبری باوکی بازنەو گوارەوە....

دەتگوت هەرچی شتە بووە بەچاوو سەیری من دەکەن. لەکۆڵانەکەوە تێدەپەڕیمو پەچەکەم بەسەر دەمو چاومدا دابوو. منداڵەکان هەندێکیان چڵکنو هەندێکیان پاکوخاوێن بوونو لەناو کۆڵانەکەدا یارییان دەکرد، ژیان ڕەوتی ئاسایی خۆی تێدەپەڕاند.

هاتوچۆی تریشقەکان، کەژاوەکان، فرۆشیارانی سەیارو ژنانی ماڵدار کە هاتبوون بۆ شتکڕین، هاتوچۆی خەڵکی ئاسایی، خەڵکی کاسبو قسەکردن لەگەڵ کڕیار، هەندێکیشیان لەبەر هەتاوەکەدا خۆیان هەڵخستبوو ئەسپێیان دەدۆزی‌و، من کچەکەی بەسیرولمولك بە پێو بە تەنیا کە قرتاڵەیەکم بەدەستەوە بوو دەچوومە دووکانی قەسابی‌و سەوزە فرۆش‌و هی تر، ئەمدەویست بە ڕەحیم بڵێم کە چەندە ئەو شتە ئازارم دەدا، چونکە حەزمنەدەکرد ئەویش خەفەت بخوا، حەزم دەکرد هاوسەرێکی باشبم بۆ ڕەحیم، دەمگوت: ((چۆنن ئاغا. سەوزەی پلاوتان لایە؟))

کابرای سەوزە فرۆشیش بە سەیرێکەوە سەیری دەکردمو دەیگوت: ((ئەی ئەمانە وێنجەیە؟!!))

بەراستی کە خوێرییە، ئەمە چ جۆرە قسەکردنێکە، شەیتان دەڵێ بگەڕێمەوەو بڕۆم، بەڵام هیچمان بۆ نیوەڕۆ نییە، ئەگەر لێرە نەیکڕم ئەی لەکوێ بیکڕم؟ سەوزە فرۆشی گەڕەکەکەمانە، بەردەوام هەردێم بۆ لای، داوای دوو کیلۆ گۆشتم لەقەسابەکە کرد. پرسی: ((میوانت هەیە خوشکێ؟))

نا، میوانم نەبوو، منو ڕەحیم بووین، بەڵام لەو جێگەوە کە لەماڵی باوکم لەدوو سێ کیلۆ گۆشت کەمترمان نەدەکڕی، لەو جێگەیەوە کە حاجی عەلی هەموو کاتێ بە ئەمری دایکم بە رادەی دوو سێ کەس چێشتی* زۆرتری لێدەنا، من تەریق دەبوومەوە کە لەدوو کیلۆ کەمتر بکڕم، چونکە پێم عەیب بوو کە کەمتر بکڕم، ویستم پێی بڵێم بۆچیتە میوانمان هەیە یان نا، تۆ باشتر دەزانی یان دایکم؟ تۆ

پیرانتری یان حاجی عەلی؟ بەلام ئەو کابرایەش قسەیەکی خراپی نەکرد، خۆ ئێمە دوو کەس زیاتر نین!

دەمگوت: ((دەی باشە کیلۆیەکم بەری))

بە سەیرێکەوە سەیری دەکردمو گۆشتەکەی دەدایە دەستمو بە پرتەو بۆڵەوە بەبەر خۆیەوە دەیگوت: ((خۆیشی نازانێ چی دەوێ))

دیسانەوە توڕەدەبوومو زاڵدەبووم بەسەر خۆمدا. ژنەکانی تر دەهاتن لەسەر نیو کیلۆ گۆشت یان چارەکێ یان کیلۆیەک سەوزە دوسەعات لەگەڵ قەسابەکەو سەوزە فرۆشەکە هەراهەرایان دەکرد، گۆشتی باشیان دەویست سەوزەی تازەو بێ قوڕیان دەویست، گۆشتەکەی من هەموو کاتێ پڕ بوو لەزبڵو چەق. سەوزەکەیشم پڕ بوو لەقوڕ، ڕەحیم کاتێ گۆشتەکەی دەدی بەناچاری دەیبردەوە کە بیداتەوە یان بە قسەی من گۆشتی باشی بهێنایە، بە هەموو ئەمانەوە وردە وردە خۆمم گرت، بەلام جاری وا هەبوو حەسرەتم بۆ ژیانی ماڵی باوکم دەخواست، تەنیا جار جارە. ئەو جارانەی کە ڕەحیمم لەلا نەبوو، ئەو جارانەی کە گوشاری ئیشی ماڵ دەکەوتە سەر شانم، ئەو جارانەی کە زۆر تەنیا بووم.

دیسانەوە بوەوە بەسەری مانگو دایەم هات، سێ تمەنی دیکەی هێناو هاتە هەوڵپرسیم، باوکمو دایکم لێیان نەپرسیبووم، پرسیاری لێکردم کە ئایا ڕازیم؟ خۆشحاڵم یان نا؟ هەڵبەت کە خۆشحاڵ بوو. کاتێك کە دانیشتم وتم: ((دایە گیان بۆم بگێڕەوە بزانم خانم گیان چۆنە؟ ئاغا گیان چۆنە؟ مەنوچێهر، خوجەستە. خزمەکان چۆنن؟))

((ڕۆڵە گیان هەموویان باشن، شوکور بۆ خوا، خوجەستە سڵاوی لێدەکرێ)).

((نێزهەت چۆنە؟ هاوسەرەکەیو منداڵەکەی باشن؟))

دایە پێکەنیو وتی: ((ئەی قوڕ بە سەری نێزهەت نەبێ، بەو کارەی کە کردوویەتی!))

بە پەلە پرسیم: ((چی کردووە دایە گیان، چی کردووە؟))

((هیچ، هەر ئەو کارانەی کە بەردەوام دەیکرد، لەقسە زلەکانی)).

((بەکێی وتووە دایە گیان؟ بۆم بگێڕەوە، چیکردووە؟))

دایەم زۆر کەیف ساز وتی: ((هیچ، چوو بوو بۆ میوانی، بەرێکەوت کچەکەی عەتالدەولەیش لەوێ دەبێ، هەر ئەو کچەی وا براکەی داواکاری تۆ بوو، خۆ لەبیرتە؟))

((ئەرێ، ئەرێ لەبیرمە، هەر ئەو کچەی کە زۆریش ناشرین بوو؟))

((بەڵێ... هەر ئەو کچەی کە زۆر خۆویست بوو))

کاتێک قسەکان دەست پێدەکات کچەکەی عەتالدەولە لەبەردەم میوانەکاندا بەدەنگی بەرز روو دەکاتە نێزهەت کە لەمبەری ژوورەکەدا دەبێ و دەڵێ: ((دەی نێزهەت خانم بەسەلامەتی بیستم کە مەحبوبە خانم شویکردوە، موبارەکە)).

نێزهەت دەیگوت خێرا زانیم کە تانەو تەشەر دەدات، وتم: ((زۆر سوپاس و دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ ژنێکی تر کە لەپاڵ دەستمدا بوو)).

بەڵام ئەو دەستی هەڵنەگرت و وتی: ((دەیانگوت کە ئەویندار بووە)).

نێزهەتیش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: ((بەڵێ... ئەویش چۆن ئەویندارێک خانم، نەک دڵێک بەڵکو بە سەد دڵ ئەویندار بوبو)).

دواتر خوشکی شازادە دەڵێ: ((ئێمە کە لەسەرتاوە بیستمان هەر باوەڕمان نەدەکرد، پێتان ناخۆش نەبێ... بەڵام ئاخر مەحبوبە خانم حەیف نەبوو؟ لەگەڵ دارتاشێک؟ ئێمە زۆرمان پێ سەیر بوو)).

دواتر نێزهەت دەڵێ: ((من لەسەرەتادا خۆم ئامادە کردبوو جوڵەیەکم کرد... ماشاڵا ئەندامی نێزهەت خانمیش بەو قەڵەوییە...)).

دایە پێکەنی، منیش پێکەنیم وتم: ((ئەیەڕۆ دایە گیان ئە قسانە چییە دەیکەی؟ بەڵام جەستەم لەژان و تووڕەییدا دەلەرزی و بەڕووی سەرخۆشمم نەدەهێنا)).

دایە گیانم وتی: ((مەگەر درۆ دەکەم؟ بە قوربانی بم زۆر قەڵەوە ئیتر...))

بەڵێ هەر بەو جۆرەی کە دانیشتووە رووی تێدەکات و لەبەردەم هەموویاندا دەڵێ: ((ئەیەڕۆ بۆچی باوەڕتان نەکرد خانم؟خۆ کارێکی سەیری نەکردووە کە

لەگەڵ لاریک رەماوەندی کردووە، دەی دارتاشە با دارتاشبێ، مەگەر ئیش و کار عەیبە و عارە. ئێوە لەناو شازادەکاندا دەبێ چاو و گوێتان لەم قسانە پڕ بێ، سەیر ئیشەکەی تاهیرە خانمە کە چیرۆکەکەی ئەگەر بینووسی دنیایەک دەگرێنەوە))

وتم: ((ئەیەرۆ دایە گیان قوڕ بەسەرم، هەر ئاوای وتبوو؟ لەبەردەم خەڵکدا؟ بە ڕۆ خوشکەکەی عەتالدەولەی وتبوو؟ پووری کچەکە؟! ئەی ئەو چی وتبوو؟))

ئەو؟ هیچی نەبوو بیڵێ، دەنگی دەرنەهاتبوو، دواتر ژانە سەری کردبوو بە بیانوو هەستابوو ڕۆیشتبوو، خانم گیانتان لەگەڵ نێزهەت دەمەقرەیان بوبو، بەنێزهەتی وتبوو کارێکی باشت نەکردووە، بەڵام نێزهەت هەڵگەڕابووەوەو وتبووی: ((بۆچی؟ خەڵکی هەزار بێ ئابڕوویی دەکەن کەس باسیان ناکا، ئێستا من دانیشم ئەو هەموو شتێک بە من بڵێ بەڵام من هیچی پێ نەڵێم؟ نا، خانم گیان، من وەکو ئێوە نیم کە بەردەوام دڵی ئەم و ئەو ڕاگرم و خۆیشم خەفەتی پێ بخۆم، من قسە لەکەس ناخۆمەوە، با بڵێن نێزهەت بێ حیاو دەم دڕاوە، با هەموویان لێم بترسن، ئەو خەڵکەی وا عەیبی خەڵک دەبینن و چاویان لەئاست عەیبەکانی خۆیان کوێرە، هەر ئەوەندەیان لایەقە)).

چەندە لەگەڵ دایە پێدەکەنیم، چەندە نێزهەتم خۆش دەویست، زۆرباش وەڵامی دابوەوە، وتم: ((دایە گیان لەلایەن منەوە نێزهەت ماچ بکە، ئەو ڕوومەتە قەڵەوانەی توند ماچ بکە، پێی بڵێ دەستت خۆشبێ، زۆر باش وەڵامت داوەتەوە، پێی بڵێ زۆر بیری دەکەم)).

چناگەم لەرزی کە دەست کەم بە گریان، بەڵام زاڵبووم بەسەر خۆمدا، کاتێک کە دایە دەڕۆیشت ئەوم ماچ کرد، دەتگوت ئاغا گیانم ماچ دەکەم، دایکم ماچ دەکەم، نێزهەت و خوجەستە و مەنوچێهر ماچ دەکەم. کاتێک کە ئەو ڕۆیشت پارەکەم لەسەر تاقەکە دانا.

نیوەڕۆ کە ڕەحیم هاتەوە خۆشحاڵ بوو، پرسیاری کاری کردبوو کە بیکات. پرسیم: ((لەکێ؟))

((لەیەکێک لەدارتاشەکان کە کاری زۆرە، دەیگوت تەواوی دەرگاو پەنجەرەی ماڵی یەکێک لەدەوڵەمەندەکانی بەدەستەوە گرتووەو ئێستا کە ناتوانێ کارەکەی لەکاتی خۆیدا کۆتایی پێبێنێ، کارەکەی منی ئیی و بە دڵی بوو، هەندێک لەو کارانەی بەمن سپارد)).

لەگیرفانی پێنج تمەنی دەرهێناو نایە لای پارەکانی من لەسەر تاقەکە، پێشەکی وەرگرتبوو، لەچوونە سەر کارەکەی شادبووم، دەمزانی کە کاری جوانەو، ئەگەر بەدوایدا بچێت خێرا پێش دەکەوێ، بەڵام لەشێوەی قسەکردنەکەی دڵگیر بووم، حەزم نەدەکرد بڵێ دەوڵەمەندەکان، کاتێک کەڵکی لەو وشەیە وەردەگرت دەتگوت لەخوارەوە سەیری سەرەوە دەکات، منیش بە حوکمی ئەوەی کە هاوسەری ئەو بووم شان بەشانی ئەوو تارادەی ئەو دەهاتمە خوارەوە، حەزم دەکرد بڵێ کەسێکی وەك ئێمە... یان نازانم، شتێکی تر هەر شتێکی تر کە بۆی بوترایە، ئاخر کچی یەکێك لەو دەوڵەمەندانە لەماڵەکەی ئەودا بوو، بەڵام دەتگوت ئەو هەر سەرنجی نەدایە ئەو خاڵە، ئایا حەزی لەهاتنە سەرەوە نەدەکرد؟ جێگەی خۆی هەر لەو ژیانەدا قەبوڵ کردبوو زۆریشی لەلا ئاسایی بوو، هەستی بەکەم بوون نەدەکرد؟ حەزی بە پێشکەوتن نەدەکرد؟ نەیدەویست کە باڵ دەربێنێ و بەرەو بەرزاییەکان هەڵفڕێ؟ ... نازانم نازانم چۆن بڵێم، بەڵام زۆر دڵگیر بووم، بەتایبەت دوای ئەو قسانەی کە کچەکەی عەتالدەولە زۆر ناڕەحەت بووم، چوبومە جیهانێکی نامۆوە، بزەیەکم بۆ هاندانی ئەو هێنایە سەر لێو کە زۆر خەمی پێوە دیاربوو، ئەو هەژارە نەیدەزانی کە ژانی من چییە، خێرا پرسی: ((نارەحەتی مەحبوبە؟))

((لەچی؟))

((نازانم!))

((نا، ناڕەت نیم، تەنیا بیری خانم گیانم کردووە، هەر ئەوەندە)).

پێکەنی و لەلام دانیشت، دەستی خستە بەر چەناگەم و سەری بەرزکردمەوە، بە چاوەکانی چاری لەچاوم بڕی و وتی: ((ئیتر لەو قسانە نەکەی، لەئێستە بەدوا دەبێ خۆت وردە وردە ببیە خانم گیانی من)).

کاتێک ئەوەندە چاوەکانیم لەنزیکەوە دەدی، ئەوەندە نزیک لەرووخسارم، ئەوەندە لەپێشەوەو بێ هیچ کۆسپێك، ئیتر هەموو شتێکم لەبیردەچووەوە، تەواوی دودڵەمەندەکان و هەژارەکانم لەبیر دەچووەوە، سەرم بەرزکردەوە هەتا نیزیکی کەرمەوە. بۆنی داری لێدەهات، نازانم بۆچی حەزەکەم تێکچوو، پێم خۆش نەبوو

شەوانە دوای شێوخواردن لەژووره گەورەکەدا هەر ئەو ژوورەی کە من پێم دەگوت تەلار. دادەنیشتین، بەراستی کە زۆر داغ لەدڵبوم، ئەوێ هەم ژووری میوان بوو. هەم ژووری دانیشتن، هەم نانخواردن، چونکە شوێنێکی ترمان نەبوو. تەواوی ماڵەکەمان بەقەد کولانەیەکی مریشك دەبوو، ئەی بۆچی لەهاتوچۆو میوانی دڵگیر دەبووم؟ جێگەیەکم نەبوو کە لەخزمەکانم، لەو کەسانەی کە زۆر خۆ ویستبوون و تەواوی شتومەکی ماڵەکەیان دەبژارد، میوان داری بکەم. بەجۆرێك میوانداری بکەم کە ئارەزووم دەکرد، بەجۆرێك کە دوایی سرتە سرت نەکەن، هەوا وردە وردە ساردبوو، ڕەحیم کورسییەکی چکۆلەی بۆ دروستکردم. لەسوچێکی ژووری میواندا دامانناو سرکەییمان بەلێفەو بەتانی داپۆشی و پاڵمان بە پشتییەکانەوە دەدا کە من وەکو جیبیازی لەگەڵ خۆم هێنابووم. کەوتمەوە بیری قوماشێك کە دایە بە جیباز هێنابووی و لەسندوقەکەمی خستبوو، ئەویشم هێناو خستمە سەر قورسییەکە*، شەوانە چراکەمان هەڵدکردو دەمانخستە سەر قورسییەکەو لەناو کەشەفێکدا دامانده‌نا، شێوەکەمان لەژێر قورسییەکەدا دەخواردو، چاییمان دەخواردەوەو هەردوکمان

---

* قوریسی: جۆرە ئاگردانێکی کۆنی گوند نشینەکان بووە کە لە نێو ژووردا لێفەو جاجمیان بەسەردا داوە و چوونەتە ناوی بۆ خۆپاراستن لە سەرماو سۆڵەی زستان.

Scanned by CamScanner

لەلایەکی قورسیەکە دادەنیشتین‌و پێکەوە دەنوستین‌و من شیعری عاشقانەی لەیل‌و مەجنون یان حافزم بۆ دەخوێندەوە.

ببە بە غولامی عەشق کە ئەندێشە ئەوە

تەواوی خاوەن دڵان پیشەیان ئەوەیە

یان خەوی لێدەکەوت یان گوێی شل دەکردو پێدەکەنی، زۆر حەزی لەو شتانە بوو، دەمگوت: ((رەحیم، حەزی پێ ناکەی؟ پێت خۆش نییە؟ بەراستی کە تەنیا دەبێ ناو دەرکەی)).

شەوێکیان کاغەزو مەرەکەبی هێناو وتی: ((دەمەوێ شیعرت بۆ بنووسم هەتا بزانی کە منیش لەوشتانە دەزانم)). دواتر لەلای من دانیشت لەژێر قورسییەکەداو بەخەتێك کە بەڕاستی خۆش‌و جوان بوو نووسی:

دڵ دەڕوا لەدەستم خاوەن دڵان خوایە

بەداخەوە کە نهێنییەکان رۆژێك ئاشکرا دەبن

لەناکاو بیرەوەرییەکانی رابردوو وەکو شەپۆلێك لەگەرما بەڕوخسارم دراو سوور بوومەوە، بەزۆری پێم وت کە ئەو نوسراوە داکوتێ بەسەرتاقی دیوارەکەدا.

رۆژێك دوای نیوەڕۆ دیسانەوە دایکی هات بۆ سەردانمان، من بەڕێزەوە ئەوم بردە سەر قورسیبەکە، رەحیم زۆر رووی لەگەڵی خۆش نەبوو.

وابیرم کردەوە کە لەوانەیە بۆ بازنەو گوارەکان لێی نارەحەت بێ.

زۆرم پێ وت کە بۆ شێوخواردن لەلامان بێنێتەوە، ئەویش مایەوە، بەردەوام قسەی دەکردو پێدەکەنی، ددانەکانی سپی‌و قایم بوون، ئەگەر پیر نەبوایە دەم‌و لوت‌و ددانەکانی هەروەك هی رەحیم وابوون. بەڵام چاوەکانی وردو قووڵبوون، ئیتر فریوی قوربان‌و سەدەقەکانیم نەدەخوارد، ئیتر بڕوام پێی نەبوو، هەر دەتگوت گوارەکانی لەگوێی من داکەندووە، بەتێ رادیوییەوە چاوی لەچام دەبڕی‌و سەبارەت بە هەمووشتێ قسەی بۆ دەکردم، بۆی گێڕامەوە کە چۆن دوو منداڵە گەورەکەی کە لەرەحیم گەورەتربوون بە نەخۆشی مردوون، هەردوکیان

کوڕ بوونو ڕەحیم هەموو شتێکی ئەوە، هێزی ئەژنۆیەتیو نوری چاویەتیو چەندە ئاواتی ئەوەبووە کە ببێتە زاواو ژن بێنێ، من بۆئەوەی کە بێ ڕێزیی بەخەسووم نەکەم دانیشتمو ڕەحیم هەتا پەنا ملی سەری لەژێر قورسییەکە خستبوو.

ڕەحیم بۆڵاندی: ((دایە چەندە قسەدەکەی! دەمت شلنا بێ!))

ئەو شەوە هەرسێکمان لەژێر قورسییەکەدا خەوتینو من دیسانەوە دڵتەنگبوم، بەیانی وەکو هەموو کاتێ ڕەحیم لەمن زووتر هەستاو سفرەی لەژوورەکەدا ڕاخست. حەزمدەکرد لەجێگەکەم هەستمو یارمەتی بدەم، بەڵام ماندووبوومو تەوەزەلییم دەکرد.

کاتێک کە لەلای سەماوەرەکە دانیشتمو دەمویست چا تێکەم چاوەکانی دایکی ڕەحیم بریقەی دایەوەو بە ڕەحیمی وت: ((ڕەحیم، مەگەر مریشکەکەت دەیەوێ هێلکە ئاڵتوونییەکەی بکا؟))

مانای قسەکەی حاڵی نەبوومو پرسیم: ((وتت چی خانم؟))

ڕەحیم بە بێ سەرنجییەکەوە کە ئەنیشکێکی لەسەر ئەژنۆیەکی دانابوو و نووی لەچاکەی دەکرد، لەو حاڵەتەی کە من خۆشیم لێی نەدەهات وتی: ((هیچ، دەپرسێ تۆ سکت پڕە یان نا، نەخێر سکی پڕ نییە)).

دایکی چاوی کز کردو وتی: ((ئاخر کاتێک کە دیم مەحبوبە گیان بەیانی هەڵنەسا چا سازبکات بە خۆمم وت لەوانەیە سکی پڕبێ، مەحبوبە گیان ڕەحیم زۆری خۆش دەوێی! لەماڵی خۆمان دەستی بە ڕەشو سپییەوە نەدەدا)).

لەتوڕەییدا ئاگرم گرت. چاوەڕێی ئەو قسانەم نەدەکرد، لەماڵی باوکم کەس لەگوڵ ناسکتری پێ نەوتبووم، چ بگات بە تانەوتەشەر، بە ئارامیو بەڕێزەوە وتم: ((دەی خانم، منیش لەماڵی خۆمان دەستم لەڕەشو سپی نەدەدا)).

قاقای لێداو پێکەنیو بە لەحنێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی: ((دەی هەر ئەوەیە کە ئازنای بوو ڕۆڵە گیان)).

زۆرم پێناخۆش بوو، بە ئارامی پەرداخی چاکەم لەسەر زەوی دانا، حەزم دەکرد وەلامێکی باشی بدەمەوە بەلام نەمدەزانی، شەرمو حەیاو ڕێزگرتن لەگەورەتر لەخۆم دەبووە ڕێگر، لەبەر ڕەحیم حەزم نەدەکرد هیچی چی بلێم، بە جۆرێك پەروەردەکرابووم کە نەمدەتوانی چاوم بنوقێنمو دەمم بکەمەوە.

ئەویش لەسەر شتێکی پڕوپووچ، ئەویش لەسەرە بەخێلی، وەکو خەسووم بم، حەزم دەکرد ڕەحیم پشتیوانیم لێ بکات، بەلام ئەو پێم وابێ نەیزانی کە من ئەوەندە نارەحەت بووم، بەلام دایکی باش زانی و وتی: ((وەی ڕۆلە گیان یاخوا بمرم بۆچی هیچ ناخۆی؟ تۆ منداڵت دەبێ، ژن دەبێ بخوا هەتا گیانی ببێ)).

چزوەکەی وەشاندبوو ئێستا دەیویست چاکی بکاتەوە.

((برسیم نییە)).

ئەو بە ئیشتیای تەواوەوە نانەکەی خوارد، ڕەحیمیش هەروا، لەناکاو سەبارەت بە هەردوکیان هەستم بە نەفرەت کرد، هەستم دەکرد کە کەمینەم، بە تەنیا گیرم کردووە. حەزم دەکرد قسە بکەم، نارەزایەتی دەرببڕم، لەژوورەکە بچمە دەرێو دەرگاکە بەتوندی پێوەبدەم، بەڕەحیم بلێم ڕێ لەقسەکانی دایکی بگرێ، بەدایکی بلێم دەمت داخە. بەلام شەرمەکەم دەبووە ڕێگر، بەردەوام بە گوێیاندا دەدام کە تۆ خانم بە. کاتێك کە سەرەنجام دایکی ملی وردکردو ڕۆیشتو ڕەحیمیش کە چووە سەرکارو لەماڵ چووە دەرەوە، فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە. نەك بۆئەوەی کە توانم نەبێ بەڵکو لەنەفرەتو هیچوپوچی خۆمو لەبێ سەرنجیو گێژی ڕەحیم.

جێژن نزیك بوو دیسانەوە بیری ماڵی باوکم کردەوە، چل ڕۆژ دەبوو کە دایە نەهاتبوو بۆ لام، ئەو ڕۆژە تازە فرمێسکەکانم شۆردبوو کە پەیدا بوو، گێژو پەرێشان بووم، قاپەکانی بەیانی لەدەستم وەرگرت هەتا بیانشوا، هەر بەو جۆرەی کە قاپی دەشۆرد لەلای دانیشتم: ((دایە گیان، ئاغا گیانو خانم گیان هیچیان نەگوت؟ سلاویان نەگەیاندم؟))

Scanned by CamScanner

((وەڵا مەحبوبە گیان، کاتێ کە هاتمماڵەوە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو کە هەر باسی لیوەمەکە، شیرینی دروستکردن... منداڵداری... ئەم فیروز خانەش ڕۆژ لەدوار ڕۆژ تەوەزەلتر دەبێ، دەدەخانمیش هەر دەخوات و دەخەوێ)).

((دایە خانم قسەکە دور مەخەرەوە، سڵاوی منیان گەیاند یان نا؟))

دایە خانم پەرداخەکەی دەمەوخوار کردەوەو سەیرێکی کردمو وتی: ((ڕاستیەکەیت دەوێ نەوەڵا)).

بە رقەوە وتم: ((بەو کارانەیان دەیانەوێ ئازارم بدەن)).

ئارام وتی: ((خۆیان ئەوەندە خەفەتیان هەیە کە ئیتر خەفەتی تۆیان لەبیر نەماوە)).

بەندی دڵم پسا، جەستەم لەرزی.

((چی بووە دایە گیان، بۆچی؟))

((ڕاستەکەیت دەوێ نەمدەویست پێت بڵێمو تۆیش خەفەت بخۆی، بەڵام ئیستا پێت دەڵێم کە وا بیرنەکەیتەوە خانم گیانو ئاغا گیانت زۆر خۆشیانەو لەبیری تۆدا نین)). کەمێك بێدەنگبو لەجێگەکەی خۆی هەستا، قاپەکانی هەڵگرتو بردیە پەنای دیوارەکە کە خۆری زستان وشکی بکاتەوەو وتی: ((دوای زەماوەندەکەی تۆ خانم چەند جار بەتانەوتەشەر جوابیان لەخوشکیان نارد کە ئەگەر خوجەستەیان دەوێ بێن قسە بکەن، ئەوان بەردەوام پشت گوێیان دەخست، دە بیست ڕۆژ لەمەوپێش پوورت هاتبوو بۆ لای خانم، دایکت سەرمای بوبو نەخۆشبو، پوورت هات بۆ سەردانی، دوای چاكو چۆنی وتی: ((ئیشەڵا زووتر چاك دەبیتەوەو دەگەی بە ماڵو حاڵەکەتدا)).

منیش وتم: ((بەڵێ بۆ زەماوەندەکەی خوجەستە خانم)).

پوورت هەر دەتگوت نازانێ مەبەستی من چییە وتی: ((جارێ خوجەستە منداڵە)).

منیش توورە بوومو وتم: ((خانم گیان منداڵی چی؟ ئێوە چەند مانگ لەمەوپێش هەر دەتگوت دەبێ زوو مارەی ببڕین بۆ کوڕەکەم!))

دایکیشت بەو حاڵەوە کە زۆر نەخۆشبوو هەر دەیگوت: ((دایە خانم بەسە، ئەو قسانە چییە کە دەیکەی؟ مەگەر خوجەستە پەکی کەوتووە؟ لێگەڕێ، دەست هەڵگرە!)) بەڵام من هەر دەستم هەڵنەگرت، پوریشتان بێ بینەوبەرە وتی: ((ئاخر چەند مانگ لەمەوپێش خۆ مەحبوبە نەبوبوە ژنی دارتاش، منیش ئەو کاتە قسەیەکم نەبوو لەخودام دەویست، بەڵام کوڕەکەم دەڵێ من نابمە ئاوەڵزاوای دارتاش. وەڵا بەخوا ئەمە قسەی کوڕەکەمە، من خۆشم خەریکە لەخەفەتدا دیق دەکەم)).

دوکەڵ لەسەرم بەرزبوەوە، خوجەستە لەبەر من وای لێهات؟ ئەو زەرەری هەوار هەوەسی منی کرد، چۆن پوورم ئاوا ئیزنی بەخۆی دابوو کە ئاوا لەگەڵ دایکم بەو نەخۆشیەوە قسە بکات؟ ئەو ژنە دڵ ڕەشە، دایە هەروا قسەیدەکردو منیش ژانە سەرم گرتبوو، ((دایە وتی: ((دایکت وتی: قەیناکا دادە، ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبەکەی، خوا نەکات کە تۆ دیق بکەی! بۆچی ئێوە دیق بکەن؟ دوژمنەکەتان دیق بکات، من دەزانم کە تۆ هیچ تاوانێکت نییە، تەنیا لەزمان منەوە بە حەمید گیانت بڵێ ئەگەر ئێمە ئیزنمان بە تۆ نەدایە کە بەو هیچ‌وپوچیەتەوە بێیتە خوازبێنی و هەموو ڕۆژێك سەرو دڵت نەگرتینایە تۆیش ئاوات نەدەگوت)).

پووری گیانت زیز بوو ڕۆیشت، لەو کاتەوە لەگەڵ دایکیشت قسە ناکات، ببورە ڕۆڵە گیان پوورتە بەڵام چاوەڕوانی خراپتریشی لێدەکرێ، ڕاست دەڵێن ئەگەر ڕووبدەی بە قەرزدار داوای پارەی تریشت لێدەکا، لەو ڕۆژە بەدواوە دایکت هەر دەگری، ئاغا گیانت ئەوەندە ناڕەحەت بوو کە تازە وەبیری هاتەوە دوای حەوت هەشت ڕۆژ پارەکەت بۆ بنێرێ)).

پرسیم: ((ئەی خوجەستە چی ئەو چۆنە؟))

زۆر دڵم بۆ خوشکەکەم دەسووتا، دایە وتی: ((هیچ سەرخۆی ناهێنێ، دەڵێ بە جەهەننەم، من خۆ هەر لەسەرەتاوە خۆشم نەدەویست، بەڵام شەوێك لەلای من گریاو وتی دایە گیان من هەر لەبیری ئەو کوڕەدانیم، خۆت باش دەزانیت کە من هەر لەسەرەتاوە حەزم نەدەکرد بچم بۆ شیمال‌و، لەخزم‌و کەسەکانم

Scanned by CamScanner

دوورکەمەوە، بەڵام بۆ ئەوە پێم ناخۆشە کە هەتا دوێنێ بوو زۆریان هێنابو
بەڵام ئێستا ئاغا گیانو خانم گیانمیان بەخۆدا شکاندەوە، ئەوەش لەخزم،
هەرچی خزمە بە لەعنەتی خوابێ، سەد رەحمەت لەغەریبە، پووڕم لەجیاتی
ئەوەی لەم هەلومەرجەدا دڵنەوایی دایکم بکات خوێ لەبرینەکەی دەکات)).

فرمێسکەکانم بەدوای بیانوودا دەگەڕان بێنە خوارێ: ((خەتای منە دایە گیان،
من دایکو باوکم سەرشۆڕکرد... من هۆکاری ئەوان بووم، من بوومە هۆی ئەوەی
خوجەستە شوو نەکات)).

دایە باوەشی پێداکردمو وتی: ((رۆڵە گیان بۆچی وادەکەی لەخۆت؟ ئەوە
هیچ پووچی کوڕە پوورەکەتە، ئەوە بێ عەقڵی ئەوە، ئەو کچە باشەی
لەدەستدا. ئەگەر ئاوەڵزاواکەی پێ باشنەبوو دەبوایە دەستی ژنەکەی بگرتایەو
بیبردایە مارەیکردایە. خۆت نارەحەت مەکە، بۆ حەمید دەگریەی؟ ئەویش بەو
بەژنو باڵایەوە. حەق وایە بڵێی باشتر کە خوجەستە مێردی پێنەکرد)).

بە قسەکانی دایە پێکەنین گرتمی بەراستی کە کوڕە پوورەکەم بایەخی ئەوی
نەبوو کە بۆی بگریم. تا کاتی هاتنەوەی رەحیم ژانە سەرەکەم توندتر بووەوە،
دایە لەژوورەکەدا بوو کە رەحیم هاتەوە، دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە،
گەرچی ئێستا چاکەتو پانتۆڵی لەبەردەکرد بەڵام دیسانەوە دوگمەی کراسەکەی
هەر دەکردەوەو بۆنی داری لێدەهات. لەناکاو پێم ناخۆشبو کە دایە بەو جۆرە
ببینێ، چونکە بەو حاڵەتەوە قسەکانی حەمیدو پوورم بەراست دەگەڕان، بەپەلە
وتم: ((رەحیم ئاوا مەیەرە ژوورەوە، دوگمەی کراسەکەت داخە)).

((بۆچی؟))

((لەبەرئەوەی دایە گیانم لێرەیە؟))

((دەی باشە با لێرەبێ خۆ یەکەمجاری نییە دەمبینێ)).

بەرقەوە کە لەشتەکانی بەیانیش هەمبو وتم: ((نا، یەکەمجاری نییە، بەڵام
بۆچی دەبێ بەرێکوپێکی نەتبینێ؟ ئاوا باش نییە، راوەستە)).

Scanned by CamScanner

لەنیگاکەیدا هەستم بە تورەییکرد بەڵام سەرنجم نەدایە، دەستم بردو دوکمەی کراسەکەیم داخست، ئەو بێ ئەوەی هیچ بڵێ هەروا راوەستابوو بەڵام ئەو بێدەنگییەی ئەو نیشانەی تورەیی‌و رق ئەستوری بوو، وەکو پەیکەرێك وەستابوو، چونکە بەو حاڵەتەوە خووی نەگرتبوو زۆری پێ نارەحەتبو، بەقەستی دەستەکانی بڵاوکردبووەوەو دەرۆیشت بەرێگادا، بە ئارامی وتم: ((رەحیم گیان، توخوا سەرەتا دەست‌و دەموچاوت بشۆ ئینجا برۆ ژوورێ)).

بەبێدەنگی نوشتایەوە هەتا دەست‌و دەموچاوی بشوات‌و هەر لەو حاڵەتەدا لایەکی کردەوە بەلامدا کە کینەو گاڵتەی لێدەباری، دواتر گەڕایەوەو بێدەنگ لەقادرمەکان سەرکەوت، دایە لەسەر قادرمەکانەوە هاتە پێشوازی‌و سڵاوی لێکرد، بە لالوتێکەوە وەڵامی دایەوە، دایە لەپشت سەرییەوە بە ئیشارەت لێی پرسیم چی بوو؟ منیش لێوی خۆمم گەست‌و سەرم بەپشتدا خست، واتە هیچ نییە گوێی مەدەرێ، بەڵام لەدڵی خۆمدا تورەبووم. بۆچی لەگەڵ دایە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی کرد؟ بۆچی من لەبەرامبەر زمان درێژییەکانی دایکی هیچم نەوت؟ تارانی خۆمە، دەبوایە لەکاتی ماڵئاواییدا لەگەڵ دایکی نەچوومایەتە دەرەوەو نەموتایە بەخێرهاتن سەرچاو، گەورەت کردین، ماڵی خۆتانە، بۆچی رەحیم لەهیچ تێناگات؟ بۆچی ئەوەندە سپڵەیە؟ زۆرتر لەخۆم توورەبووم.

دایە رۆیشت‌و ژانە سەرەکەم دەست پێکردەوە، دەمەو ئێوارە بوو، بێ ئەوەی کە کارم بە رەحیمەوەبێ چوومە ژێر قورسییەکەوە، هات لەلام دانیشت، دیسانەوە رەفتاری باش بوەوە، پرسی: ((چییە مەحبوبە، نارەحەتی؟))

((نا)).

((بۆ نا شتێکت هەیە)).

وتم: ((نا، سەرم دێشێ))و دەستم بە گریان کرد.

پێکەنی، لەو پێکەنینانەی کە گەورە لەگەڵ منداڵی نازداری دەکات: ((بڵێی ژانەسەر گریانی بوێ! ئێستا خۆم دەرمانت دەکەم)).

Scanned by CamScanner

هەستاو هەرچی دەرمانی گیایی دەناسی هێنای‌و دەرخواردمیدا، چای سازکرد. چێشتەکەی نیوەڕۆ کە مابووەوە هێنای‌و گەرمی کردەوە، دیسانەوە کەوتمەوە یادی ماڵی باوکم، ماڵی باوکم کە لەوێدا دەستم لەڕەش‌و سپییەوە نەدەدا. لەبیرمە کە دایە هەویری شیرینی دەشێلاو منیش پانم دەکردەوەو دەمبرییەوەو دەمخستە ناو سینییەوە، دواتر سینییەکەی دەبردو شیرینییەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە هەتا من لەقاپێکدا هەڵیچنم، دەدەخانمی هەژار گوێزەکەی ورد دەکرد هەتا من نان‌و گوێزەکەی سازبکەم، ئاوی برنجەکە کەسێکی تر دەیکوڵاند هەتا من لێی بچێژم‌و بڵێم بەسیەتی دایڕێژەو حاجی عەلی هەژاریش دای دەڕشت، من ئاوا فێری چێشت لێنان بوبوم، ئێستا بەتەنیا لەو ماڵەدا ئازار دەکێشم. دڵم بۆ خۆم دەسووتا، دیسانەوە دەستم کرد بە گریان.

ڕەحیم پرسی: ((دەی بە من بڵێ چی بوو، من کارێکم کردووە؟ دایەت قسەی کردووە؟))

((نە بە خوا)).

((ئەی چی؟ پێم بڵێ لەبەرئەوەی دوگمەی کراسەکەم دانەخستبوو؟))

زانیم کە باش دەزانێ، دەیزانی هەر لەبەر دوگمەکانە، لەبەر ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی بوو لەگەڵ دایە خانم، بەڵام دیسانەوە هەر خۆی لەگێژی دەدا، وتم: ((نا))و دەستم کردە گریان.

وتی: ((دەزانی کە زۆر جوان دەگریت؟ حەزدەکەم ئازارتبدەم هەتا بگریت و منیش سەیرت بکەم، بەڵام خۆ کەس لەخۆیەوە ناگری!)).

وتم: ((نازانی؟ مەگەر گوێت لێنەبو بەیانی دایکت چی وت؟ ئەسڵەن پێویست ناکات [illegible] جا سازیکەی خۆ خۆم پەککەوتەنیم)).

لەزیرەکی دایکی و بێ عەقڵی ئەو زۆرتر تووڕە بووم، وتم: ((ئەو هەرچی لەدەمی دەرهات بە منی وت ئیتر من ئیشتیای خواردنم لەکوێ بێ)).

((دەی دایکم هەڵەیکرد، ڕازی بووی؟ ئێستا ئیتر مەگری، دەتەوێ منیش بگریم؟))

لەناکاو شەرمەزاربووم، لەوەی کەوتی دایکم هەڵەی کرد تەریق بوومەوە؛ دڵم بۆی سوتا، وتم: ((نا ئەو قسەیە مەکە، نا، هەڵەی نەکردووە، لەوانەیە من بەهەڵەدا چوبێتم، لەوانەیە من مانام لەقسەکانی کردبێتەوە)).

پێکەنی وتی وەکو هەوای بەهار هەر ئان و ساتێک دەگۆڕێی.

ئاشتمان بووەوە.

((ئاخ چ بۆنێکی ناخۆشدێ، بۆنی ناخۆشی نانی تازە دێ)).

ڕەحیم وتی: ((حای ئەو قسەیە چییە! نانی تازە بۆنی ناخۆشی دێ؟))

((ئەرێ، بۆچی ڕەنگی دیواری ئەم ژوورە سەوزە؟ من قێزم لەڕەنگی سەوز دەشێوێتەوە)).

بەپێکەنیەوە وتی: ((دەی بەیانی کرێکار دەهێنین دەیکەین بە سور)).

حەزم لەبرنجی نەکوڵاو دەکرد، دەڕۆیشتم مشتە مشتە برنجی نەکوڵاوم دەهێناو قرتەقرت دەمخوارد، دە بیست ڕۆژێکی بۆ جێژن مابوو، قورسییەکەمان لابردبو دیسانەوە شەوانە لەژوورە بچکۆلەکەدا دەخەوتین، دایە لەماڵی باوکمەوە سەمەنی و شیرینی جێژنی هێنابوو باوکیشم جگە لەپارەی مانگانەکە بیست تمەنی تریشی بۆ ناردبووم هەتا بۆ جێژن شتێک بکڕم، من لەهەموو بۆنێک ناڕەحەت دەبووم، لەبۆنی گوڵ و شیرینی و نانی تازە، تەنیا شنەی فێنکی بەهار سوکناییمی دەدا، ئەویش دوای ئەوەی کە دەڕشامەوەو هیچ لەناو ریخۆڵەشمدا نەدەما، ئیتر ئەو کات کە شنەی فێنکی بەهار دەیدا بە ڕوخسارمدا هەستم پێ دەکرد، دەست و دەموچاوم دەشۆرد و بڕێک باشتر دەبووم، ڕەحیم دەهات و یارمەتی دەدام و دەچوومەوە ژوورەوە، دەمگوت: ((مەیە پێشێ دەستم لێمەدە، قێزم دەشێوێتەوە)).

((لەمن؟))

((ئەری. بۆنت دێ. بۆنی بنیادەمت لێ دێ)).

پێدەکەنی و دەیپرسی: ((مەگەر بنیادەم چۆن بۆنێکی هەیە؟))

((نازانم. تەنیا ئەوەندە دەزانم کە قیزم دەشێوێتەوە، ئەمشەو دەبێ لەتالار بخەوی. من دەمەوێ هەتا بەیانی پەنجەرەکە بکەمەوە)).

((نەخۆش دەکەوی کچێ، هێشتا ساردە)).

((من لەناو ژووری داخراودا دەخنکێم، بۆنی فەرشەکە دێ، بۆنی پەردە دێ، قیزم دەشێوێتەوە)).

ڕەحیم گێژو حۆل و سەر لێشێواو پێدەکەنی: ((ئەمە ئیتر چ نەخۆشیەکە؟))و من پێم سەیر بوو کە بۆچی ئەو بۆن ناکات، چۆن هەست بەو بۆنانە ناکات، مەگەر ناچێ بە لوتیدا؟

دایە خانم ئینجانەیەک گوڵی شەوبۆی لەماڵی باوکم لەگەڵ خۆی هێنا، لەڕووم نەدەهات بەو بڵێم بۆنی بنیادەمی لێدێ، هەر وتم: ((ئاخ دایە گیان ئەم گوڵە بۆگەنانە چین؟ بیان بەرەوە، ئێمە پێویستمان پێی نییە)).

ڕەحیم بە سەیرەوە پێدەکەنی: ((فەرموا گوڵی شەوبۆیش بۆگەنی دێ و ئێمە نەماندەزانی)).

دایە بە نەخۆشییەکەمی زانی: ((موبارەکە مەحبوبە گیان، سکت پڕە)).

سفرەی حەوت سینیم هەڵچنیبوو، بەو هەمووە هەوڵە کە دابووم هێشتا زۆر شتی کەم بوو، من و ڕەحیم لەسەری دانیشتبووین، هەم خۆشبوو هەم ژاناوی. خۆشبو چونکە ڕەحیم لەگەڵم بوو، ئەو پیاوی ماڵەکە بوو، لەسەر سفرەی حەوت سینیەکە دانیشتبو و چاوی لەمن بڕیبوو دەیگوت: ((دەمەوێ ئەو کاتەی ساڵ نوێ دەبێتەوە چاوم لەڕوخساری تۆوەبێ)).

ژاناوی بوو چونکە لەبیری ماڵی خۆمان بووم، لەبیری چوارشەممە سوری لەگەڵ لاوانی من و کارم، بازدان لەسەر ئاگر، توو خواردن و قیژەقیژی بێ خەیاڵی.

کەوتمە یادی حەوت سینی ماڵی خۆمان بەو رازاوەییەو بەو جوانیە، هەموومان لەدەوری کۆدەبووینەوە، تەنیا باوکم بوو کە لەسەر کورسییەک دادەنیشت‌و سەعاتە ئاڵتونییەکەی لەگیرفانی دەردەهێنا، نزیکی ئەوەی کە دەچووینە ساڵی نوێ قورئانی دەخوێند، دوعای سەری ساڵی دەخوێند، دیسانەوە سەیری سەعاتەکەی دەکرد، دەنگی تۆپ دەهات، هەموومان بەشادمانییەوە دەستی دایک‌و باوکمان ماچ دەکردو یەکتریمان لەئامێز دەگرت‌و جێژنانەمان وەردەگرت، دواتر دەرگاکە دەکرایەوەو میوانییەکان دەستپێدەکرد.

ماڵی مامە گیان، ماڵی پووریێ گیان، ماڵی خوشکی دایکم کە لەدایکم گەورەتر بوو و دواتر خزمەکان دەهاتنە ماڵی ئێمە. نێزهەت‌و مێردەکەی، مامە گیان‌و پووریێ گیان‌و پوورەکەی ترم واتە خوشکی دایکم هەموو دەهاتنەوە بۆ ماڵمان، منداڵەکانیان‌و خاڵۆکانی من کە هەموو لەباوکم گەنجتر بوون،پوورە چکۆلەکەم، خاڵۆزاکەم، کوڕە مامم، کوڕی پوورم، کچی پوورم‌و کچی مامم.. ئەوانەی کە زەواجیانکر بوو و تەواوی کەسەکانی تری خزممان، ئەوانەی کە هێشتا زەواجیان نەکردبوو، دواتر ئاشناکانی دایکم‌و باوکم‌و دیسانەوە هەموو ئامشۆ کردن لەگەڵ کەسانی تر، ماڵی دۆست‌و خزم‌و ئاسیاو، دواتریش لەسێزدە بەدواوە یان دەچووینە باخی شەمێران باخەکەی ماڵی مامم یان باخی قولهەک باخەکەی ماڵی باوکم. بە کۆمەڵێک منداڵ، لەلای یەکەوە دادەنیشتین‌و سفرەکەمان لەناوەڕاستەوە دادەخست‌و لەهەر جۆرە خواردنێکیان لەسەر دادەنا، دواتر چاو شیرینی‌و خواردنی ترو پاشانیش ماندوو مردوو وەکو کەلاک دەگەڕاینەوەو هەتا نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر دەخەوتین.

لەبیری خۆمدا تەواوی خزمەکانم دەهێنایە پێش چاو کە لەدەوری یەک دادەنیشتن، پێریێ شەو کە چوارشەممە سووری بوو،من‌و ڕەحیم دوو کەسی دانیشتین‌و تومان دەخواردو گوێمان لەدەنگی فیشەکە شێتەو قیژەقیژی منداڵانی کۆڵان دەگرت. گوێمان لەدەنگی خۆشی دەگرت‌و بۆنی دوکەڵ‌و ئاگر، ئێستا چی بکەم؟ کێم هەیە کە بچمە دیتنی؟ کێ دێ بۆ لام؟

Scanned by CamScanner

پارەکانم کۆکردبووەو بە دزیەوە لەگەڵ دایە چووینە بازاڕ هەتا سەعاتێك بەرنجیرێکی ئاڵتوونەوە بۆ ڕەحیم وەکو جێژنانە بکڕم، حەزم دەکرد جلیسقەکەی بە زنجیری ئاڵتوون برازێنێتەوە، کاتێ ساڵ نوێ کرایەوە کات ژمێرەکەم پێدا، لەخۆشیدا پێکەنیو ئەویش قاپێکی دارینی پڕ نەخشو نیگاری پێدام، کە بەدەستو خەتی خۆی شتی لێ نوسیبوو.

منیش قاپەکەم بە خۆشییەوە لێوەرگرت، حەزم دەکرد کە ڕووبکاتە شیعرو خەت نوسین، وتم دەبێ ئەو قاپەش بەدیوارەکەدا داکوتی، بە دیواری ئەو ژوورەی کە لێی دەخەوین، ئەویش قاپەکەی داکوتا، حەزم دەکرد بزانم ئەمساڵ باوکم جێژنانە چی بە نێزهەت داوە، بە خوجەستە، بە مەنوچێهر بەدایکم! منیش لەبیرچوبومەوە، دەتگوت ڕەحیم بیرەکەمی خوێندۆتەوە، وتی: ((گەڵای سەوزەیە دیاری دەروێش)).

دڵم سووتاو بە موحیبەتەوە چاوم لەناوچاوی بڕی: ((ڕەحیم گیان بڕۆین بۆ سەردانی دایکت؟))

((نا، پێویست ناکات، ئەو خۆی دێ بۆ ئێرە)).

((ئاخر ئاوا خراپە، دایکی تۆیە، عەیبە)).

((نا، خراپ نییە، ئەو خۆی بەو جۆرە ڕاحەت ترە)).

پێداگریم نەکرد، تێگەیشتم حەزناکات ماڵی دایکی ببینم.

دایکی هات، بەشی کراسێك قوماشی هەرزانی بۆ هێنابووم، لەو قوماشانەی کە دایکم جێژنانە دەیدا بە دایە گیانو دەدەخانم، زۆرم پێناخۆشبوو، سەرخۆم نەهێنا، بەرێزەوە بردمە سەروی ماڵەکە.

((بەه بەه، خانم دەستتان خۆشبێ، چ زەوقێکی جوانتان هەیە، بەڕاستی قوماشیشم پێویست بوو)).

سەری هەڵبڕیو بەنازەوە دانیشت، میوانی دواتر دایە گیانم بوو کە خەسووم بە ئاشکرا خۆشی نەدەویست، بە هەموو ئەمانەوە دایە میوانێکی خۆشەویست بوو بۆ من. لەژوورە بچووکەکەدا بە ئەسپایی سێ تەمەنم بە ڕەحیمدا.

Scanned by CamScanner

((ڕەحیم گیان ئەو پارەیە وەکو جێژنانە بدە بە دایە)).

ڕەحیم بڕۆی تێکناو بە سەیرێکەو وتی: ((ئەو هەمووە؟!...))

((ئەرێ لەبەر من)).

((بۆ مەگەر چییە؟))

((توخوا بەسووک قسەبکە، گوێی لەدەنگتدەبێ لەبەر من بیدەرێ)).

خۆم پێشتر جێژنانەم بە دایە دابوو، بەڵام حەزم دەکرد ڕەحیم بەو کارەی پیاوەتیو سەروەریی خۆی بسەلمێنێ، حەزم دەکرد دایە حسابی پیاوی ئەم ماڵە بۆ ڕەحیم بکات.

دیسانەوە دایە هات، دیسانەوە دایکمو باوکم هیچ قسەیەکیان سەبارەت بە من نەکردبوو.

((دایە گیان، خوجەستە چۆنە؟))

((ئاغا گیانت وانەی فەڕەنسی پێ دەڵێتەوە، دەیانەوێ پیانۆ بکڕن هەتا خوجەستە خانم پیانۆش فێرببێ، بە ئاغای وتوە دەمەوێ ئیمتیحان بدەم بچم بۆ قوتابخانەی ناموس، ئاغا گیانت وتویەتی خۆم باشترین مامۆستات بۆ دەگرم لەماڵەوە وانەت پێ بڵێ)).

زۆرم پێناخۆشبوو، نەک ئەوەی بە خیلی بە خوجەستە ببەم بەڵکو لەبەر خۆم، پرسیم: ((نایانەوێ بیدەن بە شوو؟ مەگەر خوازبێنی نییە؟))

دەترسام دیسانەوە دایە بڵێ کە لەبەر زەواجەکەی من ئەویش لەماڵدا ماوەتەوە، خوا خوام بوو کە وانەبێ، کە ئەو لەبەر من نەسووتابێ، دایە وتی: ((چۆن نیەتی؟ زۆر باشیش هەیەتی، بەڵام نەخۆی قەبوڵی دەکاو نە ئاغا، جارێك خۆم گوێم لێبوو کە باوکتان فەرمووی بەڕاستی خوجەستە منداڵە، حەز دەکەم هەموو هونەرێك بەباشی فێرببێ دواتر شوو بکات، مێردێك بکات کە ئەوی تر جوبران بکاتەوە، حەسرەتی هەردووکیان بەجارێ لەدڵم دەربێ)).

Scanned by CamScanner

ئیتر نیگەران نەبووم، خەیاڵم سەبارەت بە خوجەستە ڕاحەت بوو، بەڵام دیسانەوە بارێکی خەم کەوتە سەر دڵم، زۆر جوان لەتاڵی قسەکانی باوکم تێگەیشتمو نارەحەت بووم.

هەروا حاڵم خراپ بوو، لەبێ کەسی، لەنەچوونە دەرەوە لەڕۆژەکانی جێژندا، لەسێزدە بەدەر، لەو حاڵەتی مەگیرانیە زۆر عەسەبی بووم، بەردەوام دەرشامەوە.

ڕەحیم دەهاتە حەوشە منی لەلای حەوزەکە هەڵدەستاندو دەیبردمە ژوورەوە.

((نا ڕەحیم، نابێ لێرە بخەوی، بڕۆ جێگەکەت بەرە بۆ تالار)). هەڵدەگرتم، دەستەکانی زبربوون، بۆنی داری لێدەهات، ڕقم لێ بوو، شەوێک بێ تاقەتبووم، بێ پێشەکی قوتوی شتە ئارایشتەکانم هەڵگرتو دامێ.

((ئەوە چییە؟))

((هیچ، دەستی پێ چەورکە پێستەکەی نەرم دەبێتەوە)).

((بۆچی مەگەر قێزت لەپێستی دەستی من دەشێوێتەوە؟ ئێستا دەبێ وەکو ژن لەم شتانە بدەم لەدەستم؟))

((نا بەخوا... خۆ ئەمە هەر هی ژن نییە... زۆر باشە، دەستت نەرمدەکاتەوە، ئاغا گیانیشم هەر لەمانەی لێدەدا، ئەوەندە دەستیان نەرمبوو کە هەر باسی مەکە، تەواوی گەنجەکان هەر لەوەی لێدەدەن، هەموو کەسێ، مەنسور...)).

خێرا قەپم بە زمانی خۆمدا کرد، بەڵام ئەو نیگایەکی توندو توڕەی لێکردمو قوتوەکەی بەتوندی فڕێداو هەستا، پێم وابوو کە دەچێتە ژوورێکی دیکەوە دەخەوێ، وتی: ((بۆچی بیانوو دەگری مەحبوبە؟ من لەم شتانەی لێنادەم، ئەگەر تۆیش حەزناکەی ئیتر دەستت لێنادەم)).

دەرگاکەی بە توندییەکەوە پێکداداو لەماڵ چووە دەرەوە، ئەمە چ کارێکبو کە کردم؟ بۆچی بیانوم گرت؟ بەڵام بیانوو نەبوو، مەگەر ئەو نەیدەزانی من سکم پڕە، لەبەرخۆی بوو، حەزم دەکرد پیاو بێ، خاوێنو ڕێکوپێک بێ، بۆ نایەوێ باشتر بێ؟ خۆ لێی کەم نابێتەوە؟ دەترسێ لەپیاوەتییەکەی کەم بێتەوە؟ دەترسێ پێی بڵێن لەژنەکەی دەترسێ ؟ بەڵام نەدەبوایە وام بوتایە، زۆر

Scanned by CamScanner

ماردارکرابووم. ڕاست دەڵێی بیانووی سکپڕی‌و مەگیرانی هەرچییەکم پێ خۆشنی پێی دەڵێم، بۆ کوێ ڕۆیشت؟ بڵێی بگەڕێتەوە، من بەتەنیا لەم ماڵەدا ئەمێنەوە. بەتاقی تەنیا، هەر ئەوەندەم لایەقە، مافی خۆمە، لەگەڵ هەموو کەسێک خراپم. ئاخ چەندە بیرم کردەوە. لەبیرمە قوتووەکەی فڕێدا، جوڵانەوەی دەستەکانی و پرچەکانی. توڕەیی چاوەکانی، بیرم دەکرد، حەزم دەکرد هەر ئەو کاتە لەلام بوایە

دنیا تاریک بوبو کە هاتەوە، خۆم کرد بە خەوتوو، دەرگاکەی کردەوە، ئەقادرمەکان سەرکەوت. چووە تالارەکەوە، دەرگای نێوان دوو ژوورەکەی کردەوەو وتی: ((من هاتمەوە)).

بە ئارامی هەناسەم هەڵدەکێشا. چاوەکانم لێکنابوو، واتە خەوم لێکەوتووە، وتی: ((خۆت مەکە بە خەوتوو، دەزانم کە بەخەبەری)).

هاتە پێشەوە هەتا لەلام دانیشێ، هەستام کە لەلای دانیشم، هەناسەی بۆنێکی توندی لێدەهات، وتم: ((حاڵم باش نییە ڕەحیم، بڕۆ با بخەوم)).

ئەویش ڕۆیشت لە تالارا خەوت.

کۆتایی مانگی گوڵان بوو. وردە وردە خەریک بوو باش دەبوومەوە، ڕۆژێکی هەینی بەبێ تاقەتییەوە لەخەو هەستام.

((ڕەحیم. بێ تاقەتم. ئەوەندە لەماڵەوە بووم وەڕەز بووم)).

بە تووڕەییەوە وتی: ((بۆ کوێت بەرم؟ باخی دڵ کەرەوە؟))

((ئەرێ))

سەیری کردمو پێکەنی: ((هەستە بتبەم)).

((ئێستا نا، دوانیوەڕۆ دەڕۆین بۆ لالەزار، دەچین بۆ گەڕان)).

دوای نانخواردن داگیرامو بێتاقەت خەوتم، قاپەکان لەلای حەوزەکە مابوەوە، نە من تاقەتم هەبوو بیشۆم نە ڕەحیم. دەمەو ئێوارە چارشێوم بەسەرداداو پەچەم لێداو کەژاوەمان گرتو چووین بۆ شەقامی لالەزار. ڕۆیشتین بۆ شوێنی قەرەبالغ،

خۆرەتاو خەریکبور دادەچوو، ئەویّ خەڵکێکی زۆری لێبوو، وتی: ((دەتەویّ بە پێ برۆین؟ شتێک بخۆین؟ حاڵت باشە؟))

((ئەریّ باشم)).

هاتینە خوارەوە برێک ڕۆیشتین، زۆر خۆشبوو، ڕەحیم بە چاکەت و پانتۆڵ و بەر جلیسقەیەوە کە زنجیری ئاڵتوونی کاتژمێرەکەی پێوە هەڵواسرابوو زۆر جوانتر بوو.

پیرە پیاوێک کە داشقەیەکی پێبوو شتی خواردەمەنی لەسەر بوو بە بەردەمماندا تێپەڕبوو، لەبیرم نییە چی پێ بوو، هەرچییەکی پێبوو لەداشقەکەی لەسەر یەکی دانابوو، پرسی: ((لەوانەت دەویّ؟))

وەکو منداڵ بە خۆشحاڵییەوە وتم: ((ئا، بۆمبکڕە)).

دوو ژن و پیاوێکی گەنج بەلاماندا تێپەڕبوون، ژنەکان هەردووکیان پەچەکانیان لادابوو، لێوو گۆنایان زۆر سوورکردبو، زۆر ناشرین هاتنە بەر چاوم. چاوەکانیان ڕشتبوو، هەر چاویان دەگێڕا، یەکێکیان دەستی بە دەمییەوە گرتبوو و هەر پێدەکەنی و ئەویتر کە بەژنێکی بەرزی هەبوو بە دەنگێک کە خەریکبوو لەپێکەنیندا دەتەقی بە ئەسپایی وتی: ((بێدەنگبە عەیبە)).

ئەو پیاوەی لەگەڵیانبو هۆشی لەشوێنێکی تر بوو، واتێگەیشتم باڵا بەرزەکەیان خەریکبو سەیری ڕەحیمی دەکردو نازی بۆ دەکرد، ڕەحیم کە هەر وا ڕاوەستابو ڕوی تێکردو لەناکاو بیرمکردەوە کە ئەو بزەیەی کە پێم وابوو تایبەت بەمنەو هەر بۆ من ئەو بزەیە دەیگریّ بۆ ئەو ژنەیشی هاتە سەرلێو، هەر ماوەیەکی کورتیش بوو، من لەوێدا ڕاوەستابووم و سەیرم دەکردو ئەو هەر سەیری ژنەکانی دەکرد، ئاوڕی دایەوەو پرسی: ((چەندە بکڕم؟))

((هیچ)).

بەسەیرێکەوە سەیری کردم: ((یانی چی؟ خۆ تۆ برسیت بوو!))

کەوتمە پێشەوەو بە کینەوە وتم: ((ئێستا برسیم نییە، کەژاوەیەک بگرە دەمەویّ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە)).

Scanned by CamScanner

((مەحبوبە بۆچی وادەکەی؟))

((چی دەکەم؟ ماندوو بووم، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە)).

هەر دەتگوت تازەو لەوکاتەدا چاوم بە جل‌و پێڵاوەکانی کەوتووە وتم: ((ئەمڕۆ زۆر خۆت قۆز کردووە!))

((بۆ تازە چاوت پێی کەوت؟ خۆت مەگەر ئەو جۆرەت ناوێ، بۆچی بیانوو دەگری؟))

بە ڕقەوە سەرم بەرەو لایەکی تر وەرچەرخاندو چاوەڕێی کەژاوەیەک بووم کە خەریکبوو نزیک دەبوەوە، هەنگاوێک چووە پێشەوە هەتا بانگی کەژاوەکە بکات، بێ ئیختیار دەستم بردە سەرێ‌و پەچەکەم لادا، ویستی یارمەتیمبدا هەتا سەرکەوم، دەستم لادا، لەناو کەژاوەکەدا دانیشتم، سوور بوبومەوە، لەتەوقی سەرمەوە هەتا پەنجەی پێم خەریکبوو دەسووتام، چونکە پێموابوو کە سوکایەتی پێکردووم، گەنجێکی بەرەڵا بەلای کەژاوەکەدا تێپەڕی‌و بەچاوە حیزەکانی سەیری کردم، فیتویەکی کێشاو دوور کەوتەوە، ڕەحیم کە سواربوبو تازە زانی کە من پەچەکەم لاداوە، لێوی خۆی کرۆشت‌و، ڕەگی ملی هەستا.

((بۆچی پەچەکەت لاداوە؟ دەتەوێ تووشی شەڕم بکەی؟ حەزدەکەی خوێن برێژم؟))

((نەخێر دەمەوێ بزانی منیش دەتوانم پەچەکەم لادەم)).

بە لەحنێکی تەشەراوی‌و تاڵەوە وتی: ((هەر لەسەرەتاوە ئەوەم دەزانی)).

تیرەکەی ڕاست پێکای، دای لەدڵم، بەڵام من بە ئارامییەکەوە پاڵم دایەوەو وتم: ((زۆر باشە کە زانیوتەو منت خواستووە)). لەچاوپێکەوتنی دەماری ملی کە لەتوڕەییدا هەستابوو دڵم فێنکبوەوە.

هەتا ماڵەوە هەر بەو چاوە توڕانەیەوە چاوی تێبڕیبوم‌و منیش پەچەکەم لادابوو بەکەیفی خۆم سەیری گەڕەک‌و شەقامەکانم دەکرد، زۆر ئارام، بەڵام لەناودڵمدا غەوغایەکی سەیر بوو. گەیشتینە ماڵەوە، دەرگاکەی کردەوەو بەدوای مندا هاتە حەوشەوە، لەناوەڕاستی حەوشەکە چارشێوەکەم لێکردەوە،

Scanned by CamScanner

لەقادرمەکان سەرکەوتمو چوومە ژوورەوە، بە تورەییەوە بەدوامدا هات، قاچی لەسەوزەشۆرەکە گیرکردو بە لەقە فرێی دایە ئەوسەری ژوورەکەوە. ((گوو بو گۆری باوکی ساحێبەکەت)). جنێوێکی بە سەوزە شۆرەکەدا.

پێکەنینم دەهات، هاتە سەرەوە، لەدەرەوەی تالار پێڵاوەکانی دانا، ئارام هاتە ژوورەوەو بە ئارامییەوە دەرگاکەی پێوەدا، بە ئەسپایی دوکمەی چاکەتەکەی کردەوەو دایکەند، من لەسوچێکی ژوورەکەدا دانیشتبووم، چۆکم هەڵدابوو و دەستەکانم خستبووە ژێر چەناکەمو سەیری ئەوم دەکرد، ملیوانی چاکەتەکەی گرتو بەرقێکەوە خستیە سەر پشتییەکە، رووی کردە منو بەتوندی وتی: ((لەعنەت لەدایكو بابم ئەگەر جارێکی تر ئەمە لەبەرکەم، پشتی دەستم داخ دەکەم کە جارێکی تر لەگەڵ تۆ نەیەمە دەرەوە، تۆ شووت نەکردووە تەنیا نۆکەرت گرتووە کە قاپەکانت بۆ بشوات)).

لەجێگەکەم هەستام: ((نۆکەرم نەگرتووە، بە قاپ شتنیش نامرم)). بە پەلە لەقادرمەکان چووەمە خوارەوە، هەوای دەمەو ئێوارە هێشتا فێنك بوو، بەڵام من گرنگیم پێنەدا، بە رقەوە لەسەر حەوزەکە دانیشتم بۆ قاپ شۆردن، دەستمکرد بە تەقو کوت، لەلای خۆمەوە گوتم ئێستا دێ، ئێستا دێ، دەبێ بێو ئەوانم لێوەربگرێ، نازم بکێشێ، داوای لێبوردن بکات، بەڵام ماوەیەکی پێ چوو ئەو نەهات.

دواتر چرایەك لەژوورەکە هەڵکرا، دیسانەوە پاڵی دابووە چوارچێوەی دەرگاکە، دیسانەوە هەر ئەو بزە لەسەر لێوی.

((رقەکەت لەسەر قاپو قاچاخەکە هەڵدەرێژی؟))

وەڵامم نەدایەوە، سەیریشم نەکرد، ئیشی خۆم دەکرد.

((هەستە وەرە، سەرماتدەبێ، هەوا ساردە)).

بێدەنگبووم، گریانێك لەگەروومدا پەنگی خواردبووەوە، لەوکاتەدا وتی: ((مەحبوب؟!!))

Scanned by CamScanner

بێ ئیرادە ئاوڕمدایەوە، بەدەستی چەپی چراکەی لەلای دەموچاوی ڕاگرتبوو، لەلای ئەلقەکانی پرچیو، دەستی ڕاستی کە هەڵیماڵیبوو بەرەو لای من درێژیکرد، هەر ئەو دەستو بەژنو پەیکەرەی کە من حەزم دەکرد بە چەندین کاتژمێر سەیری بکەم، ئایا دەیزانی چ کاریگەرییەکی لەسەر من هەیە؟

دیسانەوە پرسی: ((مەحبوبە نایەی؟))

من وەکو کەروێشکێك کە مار جادوی کردبێ لەجێگەکەم هەستام، ئەو قاپەی کە لەدەستمدا بوو چووە بن ئاوی حەوزەکەوە، کەوتمەڕێ، تەنانەت بەردەمی خۆشم نەدەدی، بێ ئیرادە دەستەکانم بە کراسەکەم سڕی، گەیشتمە لای، چەناگەم لەرزی وتی: ((ئا، ئاوا حەزدەکەم، ئاوا کە چەناگەت دەلەرزێ، حەز دەکەم پڕ بە دڵی خۆم سەیرت بکەم)).

چووینە ژوورەوە، دەرگاکەی پێوەدا، فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە، بەرامبەری وەستام، دەستی گرتم، لەرزیم، تازە دەمزانی کە چەندە ساردە، خەریکبوو ڕەق دەبوومەوە، دەستی ئەو گەرم بوو، وتم: ((ئەو شەوە کە تۆڕای زانیم چیت خواردووە)).

((لەداخی تۆ بوو)).

((لەداخی من؟))

((لەداخی ئەوەی تۆ نەتدەهێشت لەژوورەکەشدابم)).

لەو شەوە بە دواوە لەژوورەکەی مندا دەخەوت.

وەکو باگردێنم لێهاتبوو، مانگی خۆم بوو، دایە خانم زۆرتر دەهات بۆماڵی ئێمە، بەردەوام سەری دەدام، لەهاتوچۆ زۆرەکانی ئەو هەستم بە نیگەرانی دایکمو باوکم دەکرد، لوتم گەورە بوبو، لێوەکانیشم ئەستوور بوبون، حەزم لەئاوێنە نەدەکرد، زۆر ناشیرین بوبوم.

((دایە گیان بۆچی وام لێهاتووە؟))

دایە بەبێ تاقەتییەوە دەیگوت: ((ڕۆڵە گیان چاك دەبیتەوە، چاك دەبیتەوە، ئاغا ڕەحیم ئەوە ئاونیشانی ئەو مامانەی کە منداڵەکەی نێزهەتی بەدنیا هێنا،

مەنوچێهریش ئەو هیناویەتیە دونیا، زۆر شارەزایە بیگرن، پێویستیتان پێی دەبێ)).

ڕەحیم پێکەنی: ((ئیستا خۆ زووە دایە خانم)).

((ئە گیانەکەم کەی زووە؟ مانگی خۆیەتی، توخوا هەر کات ژانەکەی دەستپێکرد خێرا بچۆ بەدوای ماماندا، خاوەخاو نەکەن، ئەگینا بەسەر منداڵەکەیەوە دەڕوا)).

ڕەحیم وتی: ((دایە خانم ئەوەی کە زۆرە مامانە، خۆ ناکرێ دوو ڕۆژ پێشتر لێرە بیبەستینەوە، دەنا داوای نرخی خوێنی باوکی دەکات لێمان)).

دایە پاڕایەوە: ((دەی با وەریبگرێ، بە قوربانی مەحبوبە بێ، توخوا ئێوە خەفەتی پارەکەی مەخۆن، خێرا بانگی بکەن، خۆ هەر بە تەنیای نەکا خوانەخواستە شتێك ڕووبدا)).

زۆرم پێ ناخۆشبو، هەوڵم دەدا لەخۆمی حاڵی کەم کە ئەو ڕەزیلییەی ڕەحیم هی ئەوەیە بیر لەداهاتو دەکاتەوە، ڕەحیم وتی: ((مەترسە دایە خانم، ئەگەر نارەحەتی هەر بەیانی دەچم دایکم دێنم بۆ لای مەحبوبە هەتا کاتی منداڵ بونی بەلایەوەبێ)).

بەیانی ڕۆژی دواتر ژوورەکەی ئەو لای حەوشەکەی خاوێن کردەوە هەتا دایکی بۆ ماوەیەك بێت بۆ لامان، ئاسودە بووم، ئیتر ئەو دەچووە دەرەوە شت بکڕێ، گەسك لێدان و قاپ شتن و چێشت لێنانی گرتە ئەستۆی خۆی دەتگوت چێژ لەو جۆرە کارانە وەردەگرێ، من بۆ هەر ئیشکێك کە ئەو دەیکرد سەدجار سوپاسم دەکرد، دەیگوت: ((ئای کە چەندە تەعارف دەکەی، ماڵی کوڕمە، ناکرێ وەك میوان دانیشم و دەست لەسەر دەست دانێم و کارم بۆ بکەن)).

بەڵێ دەیگوت ماڵی کوڕمە!

ئەو ژنەی کە جلەکانی بۆ دەشۆردین لەدەرگایدا، دایکی ڕەحیم دەرگاکەی کردەوە، ماوەیەك قسەی لەگەڵ کردو سرتەسرتی کرد، ئەو ژنە لەلای حەوزەکە ڕاوەستابو نەیدەزانی چی بکات، لەو کاتەوە کە دایکی ڕەحیم هاتبوو بۆ لامان

Scanned by CamScanner

من نەمدەتوانی جلە پیسەکانم لەهەمارەکەی لای ژوورەکەی ئەو دانێم، هەر بۆیە قەدم دەکردن و دەمخستنە ناو سندوقێکی کۆنەو لەژێر قادرمەکان دامدەنان.
دایکی ڕەحیم لەقادرمەکان سەرکەوت، دەمویست لەپەنجەرەکەوە پێی بڵێم جلەکان لەژێر قادرمەکانە بیبە، خەسووم هاتە ژوورەوەو وتی: ((مەحبوبە، جل شۆرت بۆ چییە؟ دەی بیدە بە من جلەکانت بۆ دەشۆم)).

((نە خانم، ئەوە چ قسەیەکە، ئەوە ئیشی ئێوە نییە، ئەو هەموو جارێ دێ، هەر پازدە ڕۆژ جارێک دێ. دواتر ئێوە چوونەوە من ئیتر چی بکەم)).

چاوەکانی کز کرد: ((ئەیەڕۆ چۆن ئەو پارانەتان فڕێ دەدەن! دوو گەنجی تەوەزەل هەرچی پارەتان هەیە هەروا دەڕوا)).

حەزم نەدەکرد کە ئەو دەست بۆ جلە پیسەکانمان بەرێ، ئەو دایکی ڕەحیم بوو، خەسووی من بوو، نەک جلشۆری گەڕەک.

جلشۆرەکە جلەکانی شۆردو هەڵی خستن و ڕۆیشت، دەمەونیوەڕۆ بوو، نزیک هاتنەوەی ڕەحیم. لە ناکاو دیم کە خەسووم بە لیخەلیخ تەشتێک ئاوی پڕکردو چووە ژوورەکەی خۆیەوە، دوو سێ کوت لەجلە چڵکنەکانی هێنایە دەرێ و گەڕایەوە، لەلای حەوزەکە دانیشت و دەستی بە شۆردن کرد، نەمدەزانی چ پیلانێکی بەدەستەوەیە، بۆچی جلەکانی بە جلشۆرەکە نەداوە، لەناکاو تووڕە بووم.

قورس بوبوم، نەمدەتوانی لەقادرمەکان زۆر سەروخوار بکەم، لەپەنجەرەکەوە هەرام کرد: ((خانم، ئەی بۆچی جلەکانتان بە ژنە جلشۆرەکە نەدا تا بۆتانی بشوا؟))

ئاوڕێکی دایەوە: ((خۆم دەیشۆم، دایکم جل شۆری بووە یان باوکم؟ خۆ بە شۆردنی دوو کت جل مرۆڤ نامرێ!))

دەمزانی نیەتی چییە بەڵام نەمدەزانی چ دژ کردەوەیەک نیشانبدەم، بێ ئەوەی سەرنجی بدەمێ سفرەکەم داخست، دەنگی قاچی ڕەحیم دەهات، هاتە

Scanned by CamScanner

حەوشەوە، هاتمە پشت پەنجەرەكەو سەيرم دەكرد،سەيرێكى جلەكانى كرد كە ئەم سەر تا ئەو سەرى حەوشەى گرتبوو و سەيرێكى دايكشيى كرد.

((مەگەر ئەمڕۆ جلشۆرەكە لێرە نەبوو؟))

((بۆچى نا لێرە بوو)).

((ئەى تۆ بۆ جلەكانت پێنەدا بيشوا)).

((دەى مەحبوبە هيچى بە من نەوت، يەك وشەيشى نەگوت كە جلت هەيە بيهێنە بۆ ئەو ژنە بيشوا، قەيناكا، تەنيا دوو كراسە)).

جەستەم دەلەرزى، لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵس و كەوتانە خووم نەگرتبوو، هەستم دەكرد دايكى دەيەوێ ئاژاوە بنێتەوە، حەزدەكات بەينمان تێك بدات، نازانم رەحيم تێگەيشت يان نا.

تەنيا گوێم لەدەنگى بوو كە قسەى دڵى منى كرد: ((ئەگەر بتويستايە خۆت دەتهێنا، خۆ پارە وەردەگرێ، بەخۆڕايى كار ناكات، ئەگەر بشتويستايە خۆت بيشۆى دەبوايە بەيانى بتشتايە نەك ئێستا كە كاتى نانخواردنە، دەتەوێ تورەمكەى؟)) بەقاچى داى لەتەشتەكەو: ((كۆيكەرەوە، ئەگەر نارەحەتى بڕۆرەوە بۆ ماڵەكەى خۆت)).

((ئاى رۆڵە گيان من هاتووم يارمەتى ژنەكەت بدەم، بۆ كوێ بڕۆم؟))

((هەر ئەوەى كە وتم، ئەگەر دەتەوێ ئەو كارانە بكەى ژنەكەى من پێويستى بە يارمەتى نييە)).

دڵم فێنك بووەوە، كۆتايى بە باسەكە هات.

لەماڵى باوكمەوە جلى منداڵيان لەهاوين‌و زستان بۆ ناردم، دايكم هەرچى پێويستى منداڵبوو بە جوانى‌و رێكوپێكى بۆى ناردم، خەسووم لەدوورەوە سەيرى شتەكانى كردو سەرنجى نەدايە، تەنانەت نەشهاتە پێشێ، حەزم دەكرد خێرا منداڵەكەم ببێ هەتا زووتر بگەڕێتەوە بۆ ماڵى خۆى.

مامان هاتبووە لام، ناوى كولاتووى دەويست، پەڕۆى خاوێنى دەويست، رێنموونى دەكردم كە چى بكەم، ژانەكانم بە رادەيەك زۆر بوو كە خەريكبو

دەمردم، هەر جارێ کە ژان دەیگرتم بە خۆمم دەگوت تازە لێی نابمەوە، ئەم جارە ئیتر تاقەت ناگرم، هەناسەم لێدەستێنێ، کەوتبومە بە حرنکەوەو شەپۆلی ژان چوار دەورمی گرتبوو، شەپۆلێك دوای شەپۆلێکی تر، بۆ هەناسەکێشان هەوڵمدەدا، هەناسەیەکی بێ ژان، ئاواتم ئەوە بوو کاتەکان بگەڕێتەوە بۆ دواوە، بۆ وێنە بۆ دوێنێ شەو بگەڕایەتەوە، یان بەرەو پێشەوە هەڵفڕیایە، ئارەزووم دەکرد کاتێك بێت کە ئارام بگرم، ڕەحیم لەلام بوو، بە چاوە بێ گوناەو نیگەرانەکانی سەیری دەکردم، پرچەکانی لەسەر ڕووخساری بوو، دەماری ملی لەنیگەرانیدا کەوتبووە لێدان، بەدەستە گەورەو زبرەکانی دەستمی دەگووشی، ئەوم دەدیو ئەم دەدی، لەنێوان تەپوتۆزێ ژان دەنگی ئازکێشانەکانیو وشەکانیم دەناسییەوە، ئەگەر بڕیار بوو ئارامشێکبێ، ئەگەر هیوای دڵنەواییەك بێ، تەنیا بە موبارەکی بوونی ئەو بوو، هەست بە بوونی ئەو کە لەلامەو پێ بەپێی من ئازاری دەکێشا، دەتگوت دەپرسێ: ((مەحبوبە ئازارت زۆرە؟))

لەنێوان هەناسە بڕاوەکانم کە لەتوندی ئازاری زۆرو هەر جارە زۆرتر دەبووەوە، دەمگوت: ((نا... نا... ئێشێکی وام نییە)).

دەتگوت ڕامکردووە هەناسە هەناسەم دەداو ئارەقم دەکردو مێردەکەم ناوچاوانمی دەسڕییەوە، دایکم لەکوێ بوو؟ بۆچی نەدەهات بۆ لام؟ ئەی کەی دێن بۆ لام؟ کەی بە بیریان دێمەوە؟ ئەگەر ئەمشەو بمرم مەگەر لەو دنیا یەك ببینینەوە، دیسانەوە ژانەکەم بۆ دەهاتەوە.

خەسووم لەهاتوچۆدا بوو، مامانەکە بۆ ساتێك لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە.

((ڕەحیم گیان سەرت بێنە پێشەوە)).

((بڵێ، چیت دەوێ؟))

((پارەیەکی باش بە ماماناکە بدە)).

((نیگەران مەبە، ڕازی دەکەم)).

ناوچاوانمی ماچ کرد، دەستی لەناو دەستمدا دەلەرزی، خەسووم هاتە ژوورەوەو چاوی پێمان کەوت، بەپێکەنینێکی ناجسنانەوە وتی: ((مەحبوبە

خانم، لەم کاتەشدا دەستهەڵناگری؟ بهێڵە ژانی ئەم دانەیەت تەواوبێ، جا لەبیری یەکێکی تردابە! غیرەتێکی باشت هەیە ها!...))

بە نیگایەکی توندەوە سەیرێکم کردو دواتر سەیری ڕەحیم، لەناکاو هەردوو چاوم پڕ بوو لەفرمێسک، ڕەحیم سەری بەرزکردەوەو بەدایکی وت: ((دایە، دەیبڕیتەوە یان نا؟ هاتووی یارمەتی بدەی یان ئازاری بدەی؟))

لەو حاڵەدا ترسامو سەیرێکی دایکیم کرد، لەو جۆرە قسەکردنەی ڕەحیم سەرم سووڕمابو، گومانم نەبو کە دایکی دەتورێ‌و دەڕوا، تۆ بڵێی پێی ناخۆش بووبێ؟ تۆ بڵێی ئەوەندەی تر نەبێتە مێملم؟ سەبارەت بە بەشی یەکەمی بیرەکەم هەڵەم کردبوو، دایکی بێ ئەوەی تەڕببێ پێکەنی‌و وتی: ((بە چاوان، دەمم دادەخەم هەتا مریشکەکەت هێلکە ئاڵتوونیەکەی بکات)). سەبارەت بە بەشی دووهەمی بیرەکەشم زۆر ڕاست نەبوو، ئەو هەر لەسەرەتاوە چاوی بینینی منی نەبو، پرسیم: ((ڕەحیم، یانی چی؟ هێلکەی ئاڵتوون یانی چی؟))

خەسووم لەکاتێکدا کە بە پێکەنینەوە لەژوورەکە دەچووە دەرەوە وتی: ((یانی ئەوەی کە یا منداڵەکەت ببێ‌و ئاغا گیانت خۆشی بووێ ئەوکات دەبینی کە شەش دانگی سامانەکەی دەکات بە ناوتەوە، ئەگەر نەیشیکا سێ دانگی بەناو چاوانتەوەیە)).

ڕەحیم هیچی نەگوت‌و منیش لەئێشدا هاوارمکرد.

کوڕ بوو، خڕوخۆڵ‌و سوور، مامانەکە شۆردی‌و مەلۆتکەی کرد، قژە سەرەکانی کەمو ڕەش بوو بەڵام لولبون، دڵم داخوریا، ڕێك لەقژەسەرەکانی باوکی دەچوو، پەنجە گەورەکەی لەدەمی خست‌و دەیمژی، وەکو بێچووە پشیلە چاوەکانی نوقابو. مامانەکە جێگەی بۆ پاککردمەوە ڕاکشام، ڕەحیم ناوچاوانی ماچکردمو ئەشرەفییەکی پێدام، دەمزانی ئێش‌و کارەکەی باشبووە، هەموو ڕۆژێك ئەو پارانەی کە پەیدای دەکرد دەیهێنایە سەر تاقەکە، هەموو ڕۆژێ هەتا کاتێ دایکی هات بۆ ماڵمان، لەو ڕۆژە بەدواوە پارەکانی خۆی‌و منی دەخستە ناو سندوقەوەو کلیلەکەی دەدا بەمن، من پێم سەیر بوو بەڵام هیچم نەدەگوت.

Scanned by CamScanner

دەمزانی هەر لەو پارەیە ئەو ئەشرەفییەی بۆ کڕیوم بەڵام نەمدەزانی خۆشحاڵبم یان ناڕەحەت؟ ئایا ئەم ئەشرەفیەشی بەقەرز کڕیوە؟ دەمویست پرسیاری لێبکەم بەڵام بەباشم نەزانی، ئێستا خودا گەوهەرێکی پێدابووم کە خومەکانی ئەشرەفی لەبەرانبەریدا خۆڵبوون؟ کوڕەکەم.

حەفتەیەکی پێچوو، حاڵم باش نەبوو، دەمزانی دوای منداڵبون هەندێک ئافرەت تووشی خەمۆکی دێن، منی چارەڕەش لەو دەستەیە بووم، ڕەحیم سێ چوار شەو بەلامەوە دادەنیشتو سەیری دەکردم، سەیری منداڵەکەی دەکرد، سەیری شیرخواردنەکەی دەکرد، سەیری فرمێسکەکانی منی دەکرد، دوای شەوێک کاتێک کە منداڵەکەم ماچ دەکردو بەخۆمەوە دەمنوساندو بەقوربانو سەدەقەی دەبووم وتی: ((ئیتر ئاگات لەمن نییە مەحبوبە خانم! کە تازە هات کۆنە خەڵاتە؟))

بەخیلی بەکوڕەکەی خۆیشی دەهات، بەو جێگەیەی کە لەدڵمدا کردبوویەوە، سەرم هەڵبڕیو پێکەنیم: ((ئەی بەخیل)).

((لانی کەم بێڵە شەوانە لای دایکم بخەوێ)).

((ئاخر منداڵە برسی دەبێ، با دوو سێ مانگ لێرەبێ دوایی بیرێکی بۆ دەکەینەوە، کاتێک کە شەوانە بۆ شیر هەڵنەستایەوە بەسەر چاو دەیدەم بە دایکت بیبا بۆ لای خۆی)).

بە نیگەرانییەوە وتی: ((کەوایە بفەرموون هەتا شەوی زەماوەندەکەی، ماڵئاوا کاکە من ڕۆیشتم)). وە بە ڕاستی ڕۆیشت، تۆرا بوو، کاتێک کە شەو درەنگانێک هاتەوە دەمی بۆنی ژەهری ماری دەدا.

دایکی بەیانیان منداڵەکەی دەبرد کاتێک من لەناو جێگاوباندا بوم، لەوانەیە بڵێم نیوەی زۆری کارەکان لەدەستی دایکیدا بوو، دایە هات، هەوا سارد بوو، بەفربار ببوو، لەژوورەکەی مندا ئاگرێکیان هەڵکردبوو، دایە لەهەواڵی منداڵبونی من شاد بوو هەتا خەسووم لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە بە ئەسپایی پێی وتم: ((ڕۆڵە گیان هۆشت بێ بۆنی ئەو دووکەڵو ئاگرە خۆتو منداڵەکەت نەخۆش

نەخا )) برێك ڕاوەستاو وتی: ((هەتا دەشتوانی شیر بدە بە منداڵەکەت چونکە هەتا شیری بدەیەتێ ئیتر سکت پڕ نابێ)).

بەڕاستی دڵم ئێشا. مەگەر دایەش بە چاوی سوك سەیری ڕەحیمی دەکرد" بۆچی نەیدەویست من دیسانەوە لەو منداڵە ببێ" لەوانەیە ئەمە قسەی دایکی بێ. ئەویش بەو جۆرە پێی دەگوتم. چل تمەن پارەی پێدام و وتی ئەمە ئاغا گیانت بۆ منداڵەکەتی ناردووەو دواتر ڕۆیشت.

شەشەمین شەوی منداڵبونم بوو. کەوتمە بیری منداڵبونەکەی دایکم. چ جەژنێك بو. ئەو هەموو خۆشیی و شادییە. ئەو هەموو بێدەربەرەیە. من لێرەدا لەم شوێنە بێدەنگەدا تەنیا بووم. تەنیا خەسووم بوو ڕەحیم هێشتا نەهاتبوووەوە

کاتێك هاتەوە لەسەرخۆ نەبوو. بەڕاستی لێی توڕەبووم. گریا بووم. منداڵەکە لەلام خەتبوو. دایکی لەحەوشە قاپی دەشۆرد. خۆم بۆ ئەوە ئامادەکردبوو کە شەڕێکی باشی لەگەڵ بکەم. بەڵام کاتێك کە چاوم بە ڕوخسارو چاوە جوانەکانی کەوت هەموو شتێکم لەبیر چووەوە. زۆر سەیر بوو کە چۆن بە بیستنی دەنگی پێی هەرچی خەمو خەفەتو ڕۆژ ڕەشییەکانم هەبوو لەبیرم دەچوەوە. بەڕاستی خۆشم دەویست.

وتی: ((سەلام خانمە جوانەکەم!))

دەمزانی کە تەشەر دەدا. وەڵامم نەدایەوە.

((تۆ خۆ هەر خەوتووی!))

((ئێشم هەیە ناتوانم دانیشم)).

((ئەرێ بەڕاستە، دایکی ڕۆستەمیش چل ساڵ خەوت)). پێکەنی چونکە سەرخۆش بوو. هەنگاوێك بەرەو پێشەوەو دواتر بەرەو دواوە ڕەتەڵی دەبرد.

منیش پێکەنیم.

((ڕەحیم گاڵتە مەکە)).

((تۆ وام لێدەکەی)).

وتم: ((ناتوانم، ئەوەندە جوان‌و لەبەردڵانی کە ناکرێ لەوە زیاتر نازت پێبدەم)).

چاوی لەناوچاوم بڕی‌و هەناسەم وەستا.

((تۆ خۆ ئەگەر ئەم زمانەت نەبوایە پشیلە دەیخواردی!))

سەری هێنایە پێشەوە، بۆنی هەناسەی دەهات، ((دیسانەوە لەم گەندو گوانەت خواردووە؟))

((ئەرێ پێتناخۆشە)).

((زۆر، ئیتر مەیخۆ)).

سەری هێنایە خوارەوە هەتا شتێکم پێ بڵێ، دایکی لەناکاو دەرگاکەی کردەوەو لەناو دەرگاکەدا وەستاو بەنیوە گاڵتەو نیوە ڕاستی لەحاڵێکدا کە دەستی لەکەلەکەینابوو وتی: ((ئێوە دەست لەم کارانەتان بۆ هەڵناگرن بەسە ئیتر خۆ بووک‌و زاوانین!))

ڕەحیم گەڕایەوە بەدەنگێك کە بەرای من زۆر ناشرین بوو وتی: ((بۆ وێنە دەڵێن چ کارێك لەوە گرنگتر هەیە ئێمە بیکەین؟))

((بە لای ناخێرتانەوە شەوی شەشەمی منداڵەکەتانە، دەبێ ناوێکی بۆ بدۆزنەوە)).

ڕەحیم ڕوویتێکردم: ((چ ناوێکت بۆ هەڵبژاردووە مەحبوب گیان؟))

ئەوەی کە خواردبووی ورەی گۆڕابوو و شادو سەرخۆشبوو، وتم: ((چونکە خوا تۆی بەمن داوەو تۆ باوکی ئەوی حەزدەکەم ناوی بنێم عەنایەتوڵا)).

دەستی کرد بە پێکەنین: ((کە خوا منی بە تۆ داوە، دەبێ ناوی من عەنایەتوڵا بێ؟))

دایکی ئاوڕێکی دایەوەو بە بێزارییەوە وتی: ((بەسیەتی ئیتر، ئەم ئەدایانە چیە دەریدێنن، خۆ منداڵ بازاڕنیە، گەورەیەکیان گوتوە، دەبێ گەورەتر ناو بۆ منداڵ دیاری بکات، باوەگەورەیەك، دایەگەورەیەك، کەسێك)).

به نارەزاییەوە وتم: ((خانم، باوەگەورەو دایە گەورە کاتی خۆیان زەوقیان بە خەرجداوەو ناوی منداڵەکانی خۆیان هەڵبژاردووە، ئێستا نۆرەی ئێمەیە، ئەگەر ئێمە دایكو باوکی ئەو منداڵەین حەز دەکەین ناوی عەنایەتولاّ بێ)).

لەناکاو دەستیکرد بە گریانو لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە، لەسەر قادرمەی یەکەم دانیشتو بەگریانو بەدەنگی بەرز وتی: ((بەقەستی منی چارەڕەش دایە گەورەم، کلفەتو قەرەواش لەمن بایەخیان زۆرترە، خەتای منداڵەکەی خۆمە، منیان تەنیا بۆ کارەکەری دەوێ، بۆنەوەی کە بکرمو بشۆمو لێبنێم، ئەوەیش سریاقی چاکەکانم، قوڕ بەسەری من کە هەر لەسەرەتاوە چارەڕەشبوم، بەو تەمەنە کەمەیەوە بەرانبەرم دەوەستێتە!)).

منو ڕەحیم بەسەیرێکەوە سەیری یەکمان کرد: ((بۆ کوێ دەڕۆی ڕەحیم؟ توخوا شەڕوشت نەکەی، من تاقەتم نییە)).

وەڵامی نەدایەوە، گوێم لەدەنگی بوو: ((ئەوە چیتە بۆ وا دەکەی؟ دەتەوێ خۆت نەخۆش خەیتو کار بدەیتە دەستمانەوە؟))

بەگریانەوە وەڵامی دایەوە: ((مەترسە کارت نادەمە دەست، ڕزگارت دەبێ، زۆرت پێناخۆشە؟ ئەگەر منت بە دایکی خۆت بزانییایە زۆرتر لەو شتانە گرنگیت پێ دەدام)).

((ئێستا دەڵێی چی؟ دەتەوێ خۆت ناوی منداڵەکە بنێی؟))

((نەخێر من چۆن کاری وا دەکەم، من کارم بەو.شتانەوە چییە، من هەر دەبێ پەڕۆوپاڵەکەی بشۆم)).

((وتم بڵێ حەزت لە چ نارێکە؟)) ((ئەڵماس))

((دەی باشە ناوی بنێ ئەڵماس ئیتر ئەو گریانو شیوەنەی بۆ چییە؟!))

بێدەنگی داهات، خەسووم ژێربووەوە، دڵم داخورپا، قەدو باڵای ئەڵماسی نۆکەری دایەگەورەم کەڕەش پێستو قەڵەو بوو هاتە بەر چاو.

Scanned by CamScanner

ڕەحیم بەتەنیا هاتە ژوورەوە، دەرگاکەی پێوەداو وتی: ((ژنێکی زلو مل ئەستور لەسەر ناوی منداڵێك چ گۆبەنێکی سازکردوە! دەی هەر لەسەرەتاوە بڵێ دەمەوێ ناوی بنێم ئەڵماسو بیبڕێتەوە)).

بە پاڕانەوەوە وتم: ((ڕەحیم گیان ئاخر ئەڵماس ناوی نۆکەرە ڕەش پێستەکانە، ناوی نۆکەرەکەی دایەگەورەم بوو، من حەزم لێی نییە)).

بەتووڕەییەوە وتی: ((ئینجا تۆ دەستت پێکرد، ناو هەر ناوە، مەگەر نۆکەری ڕەش پێست مرۆڤ نییە؟ ئەگەر ناوی نەنێین ئەڵماس دایکم دەتورێو بەجێمان دێڵێ ئیتر ئێمە چی بکەین؟))

وتم: ((دەی ئێستا بۆ تووڕە دەبی؟ من تەنیا....))

((تۆ تووڕەم دەکەی، لەسەر شتی هیچوپوچ، هەر بەدوای بیانوودا دەگەڕێی، ئێستا دایکم قسەیەکی کرد، شتێکی لەئێمە ویست، تۆ بۆ ئەو گۆبەنە سازدەکەی؟))

بەتووڕەییەوە لەژوورەکە چووە دەرەوە ئەو شەوە لە هەیوانەکە خەوت.

ناوی کوڕەکەی منیش بوو بە ئەڵماس.

وردە وردە لەجێگەکەم هەستامو کەوتمە کارکردن، ئیتر دەمتوانی بەمنداڵکەم بگەمو وردە وردە کارەکانیماڵەوەش بکەم، ڕۆژێکیان کە هەوا سارد بوو بەفر باریبوو، دوای نانی بەیانی ئەوکاتەی کە ڕەحیم دەیویست بچێتە سەر کار خەسووم وتی: ((دەی ڕەحیم گیان منیش دەڕۆم)).

زۆرم پێخۆش بوو، ڕەحیم پرسی: ((بۆ کوێ؟ بۆچی ئاوا زوو دەڕۆی؟))

خەسووم خەریکبوو نانو چاکەی بەیانی دەبردە دەرەوە وتی: ((نە ئیتر مەحبوبە گیان باش بووە، منیش دەبێ بچمەوە بۆ سەر ماڵو ژیانی خۆم، هەڵبەت ئەگەر بە باشی بزانی)).

ڕەحیم بێ خەیاڵ لە قادرمەکان چووە خوارەوە، دەیویست کە لەماڵ بچێتە دەرەوەو بڕواتە سەرکار، کە خەسووم ئیشارەی پێکردو دیسانەوە سرتەسرت دەستیپێکرد، ڕەحیم گەڕایەوەو هاتە ژوورەوە، خەسووم چوو بۆ مەتبەخ،

Scanned by CamScanner

دەمزانی گە هەر کاتێك سرتەسرت بکەن شتێك ڕوودەدات، وتی: ((مەحبوبە گیان دایکم قسەیەك دەکات کە خراپیش نییە، دەڵێ تۆ بۆ دەبێ خەرجی دوو ماڵ بدەی؟ خەرجی کرێ خانووەکەی منیش بدەی، دەڵێ خۆ تۆ ماڵەکەت گەورەیەو منیش لێرە لەژوورێك دادەنیشم...))

وتم: ((بەڵام ئاخر ڕەحیم...))

((چییە؟ پێت ناخۆشە؟))

((نا، بەڵام ئاخر ئینسان سەربەخۆ نیە. ناتوانێ بە مەیلی خۆی هەڵس‌وکەوت بکات)).

((مەگەر دایکم دێتە کۆڵی تۆ؟ چی دەکات؟ ئەوەنیە ڕۆژ هەتا ئێوارە خزمەتت دەکات، دەست‌وپێتی بەستوەتەوە کە سەربەخۆ نیت؟ هەر حەز دەکەی من دوو کرێ بدەم؟ زۆرباشە ئێستا پێی‌دەڵێم بارگەو بنەکەت بپێچەرەوەو لێرە برۆ. مەحبوبە دەڵێ دەبێ بڕوات)).

((ئەیەڕۆ شتی وا نەڵێی، ئابڕوومان دەچێ، کەی من قسەی وام کردووە)). لەدڵی خۆمدا جنێوم بە دایکی دەدا، دەمزانی تەواوی ئەو شتانە لەژێر سەری ئەودایە، بەڵام لەڕووی ناچارییەوە وتم: ((دەی باشە با بمێنێتەوە هەر کارێکت پێخۆشە بیکە)).

((کەوایە مەحبوبە گیان تۆیش پێی بڵێ هەرچی بێ دایکی منە)).

ئیتر ئەوەم پێ زۆر بوو، دەمزانی دەموچاوم یەکسەر تێکناوە بەڵام وتم: ((زۆر باشە)).

وتی: ((کەوایە جارێ ماڵئاوا)) ئیتر ڕۆیشت.

تەواوی جەستەم داگیرا بوو، چوومە حەوشە، خەسووم لەوێ نەبوو، لەمەتبەخ بوو، بەزەحمەت لەقادرمەکان چوومە خوارەوە، هێشتا ئارام هەبوو، خۆی بە مەنجەڵی چێشتەکەوە خەریك کردبوو، وتم: ((خانم، ڕەحیم پێی باشە کە ئێوە لێرە بن، لەلای ئێمە ژیان بکەن)).

Scanned by CamScanner

نەمدەتوانی بەجوانیو نەرمونیانی قسەی لەگەڵ بکەم، زۆرم پێخۆش بوو کینەو نەفرەتی خۆمی پێنیشاندەم، بەلاّم نەمدەتوانیو نەفرەتم لەو لاوازییەی خۆمدەکرد، ئاوڕی دایەوەو چاوەکانی بریسکایەوە، نازانم لەخۆشیدا بوو یان لەناجسنی، وتی: ((وەلا مەحبوبە گیان، من کە هەر پێم خۆش نەبوو ماڵو حاڵەکەم جێبێڵم، بەلاّم ڕەحیم بە زۆر وتی بمێنەرەوەو یارمەتی مەحبوبە بدە، گەنجە، ناتوانێ ماڵداریو منداڵداری بکات، منیش نەمدەزانی چی بکەم، ئەگەر بمگوتایە نا دڵی دەیەشا، وتم مادام تۆ ئەوەندەت پێخۆشە ئەگەر مەحبوبە گیانیش ڕازی بێ دەمێنمەوە، ئاخر دڵم نایە بەو زستانەش بەجێتان بڵێم، قەی ناکا ئەگەر تەڵخیشم لێ بچێ، پێم بڵێن بمێنەرەوە دەڵێم بەسەرچاو، چی بکەم، منداڵمە، ناتوانم ناڕەحەتیی ئەو ببینم)).

چەندە پێم خۆشە ئەو کارەی کە ئاواتمە لەگەڵی بکەم، دەستی بگرمو لەماڵەکەم بیکەمە دەرەوە، بەلاّم نەمدەتوانی، شعورم نەبوو، فێر نەکرا بووم، فێر نەکرا بووم کە بەرگری لەخۆم بکەم، بەردەوام پێیان وتبووم تۆ گەورەیی بکە، دیسانەوە کەوتمە بیری ئامۆژگارییەکانی دایکم: مەحبوبە گیان تۆ باشبە، خەریك بوو لەڕقدا دەتەقیمەوەو زەردەم دەکرد، بێدەنگبوم، ئەو بە فێڵو تەڵەکە ئەوەی پێی خۆشبو بەدەستیهێنا، مایەوەو منەتیشی بەسەر ئێمەدا دەکرد.

دایە گیان هات، خەرجییەکەمانی هێنابوو، بە ئەسپایی وتی: ((ئەمە خۆ هەر لێرەیە!))

((بڕیارە هەر لێرە بمێنیتەوە، دەستمان لێ هەڵناگرێ، بەبیانووی یارمەتی هاتو لێرە مایەوە. توخوا بە ئاغا گیانو خانم گیان هیچ نەڵێی)).

((چی بڵێم. پێیان بڵێم زۆرتر خەفەت بخۆن)).

قسەکەم گۆڕی: ((خوجەستە چۆنە؟))

((بڕوا بکە ئەوەندە بالاّی بەرز بووە، ڕووخساری جوان، فێری پیانۆ دەبێ، مامۆستای زۆری هەیە، وێنەی وا دەکێشێت مرۆڤ هەر حەز دەکات سەیری بکات)).

تینەدەگەیشتم، باقی قسەکانیم نەدەزانی چی وت، بیرم لای خۆم بوو، لای ژیانی خۆم، دەتگوت ئاگام لەدنیا نییە، لەو دنیایەی کە جوان و گەورە بوو منیش لێی بەدەربووم، دواکەتبووم، لەقەم لێدابوو، کاتێک دایە ڕۆیشت خەسووم پرسی: ((دایە خانم چی دەگوت؟))

((هیچ، قسەی خۆمانمان دەکرد)).

لێوەکانی بەنیشانەی تەزان کۆکردەوەو بە بۆڵەبۆڵ لەکاتێکدا سەرقاڵی نیش بوو بەدەنگی بەرز وتی: ((بۆچی من دەڵێم قسەی منتان دەکرد؟ ئێستا ئێمەیش بووین بە بێگانە؟ دەی بڵێ خەرجی هێنابوو ئیتر، مەگەر من دەڵێم بیدە بەمن؟ من کە خووم بە کارەکەر گرتووە، ئەگەر کارەکەرتان گرتبا کۆڵێک پارەی دەویست...))

بەخۆمم وت کەوایە ئەو داوای پارەم لێدەکا، مرۆڤ ئەوەندە بەرچاوتەنگ و چاوچنۆکم نەدیوە، ئەو کە لەماڵی کوڕو بوکەکەیدا ژیان دەکات چاوەڕێی پارە وەرگرتنی دەکرد، بەهەمووی ئەمانەوە جارەکەی تر کە دایە هاتەوەو پارەی هێنا چوومە لای وتم: ((خانم، ئەم دوو تمەنە بۆ ئێوە بەم پارەیە چارشێوێک بۆ خۆتان بکڕن، من نازانم زەوقی ئێوە چۆنە)).

نازێکی کردو وتی: ((ئەو قسانە چییە، من خۆ چاوەڕوانی پارەم لەئێوە نییە)) پارەکەی وەرگرت و خستییە ناو کراسەکەیەوە.

کەوتمەوە بیری شازادە خانم کە خوازبێنیکردم بۆ کوڕەکەی، کەوتمە یادی مستیلەکانی، یادی هەڵسوکەوتە سەنگین و ئارامەکانی، قسەی خۆمانبێ زۆر ڕێکوپێک بوو، وتم: ((من دەزانم تۆ چاوەڕوانی پارەت لەئێمە نییە خانم، من خۆم حەزدەکەم پێت بدەم)).

ڕەحیم هات و پرسی: ((ئەم پارەیە کەمە، دیسانەوە پارەت دابە دایە؟)) و پێکەنینێکی کرد کە زۆر ناشرین هاتەبەر چاوم.

وتم: ((نە دام بە دایکت)).

((بۆچی؟))

((توخوا ڕەحیم هیچ مەڵێ، ئاخر لەماڵەکەی ئێمەدا زەحمەت دەکێشێ، منداڵداری دەکا، چێشت لێدەنێ، توخوا هیچ نەڵێی عەیبە)).

کەوتمە بیری پێکەنینەکەی کوڕەکەی عەتالدەولە، کە وتی دیارە پشیلەیەکی شلۆغیشە، بیستم کە ڕەحیم وتی: ((دەی با کاربکا، ئەرکی خۆیەتی، دەتویست دانیشێ و منو تۆیش باوەشێنی بکەین؟ ماڵی خۆڕایی، نانو چێشتی خۆڕایی، دەبێ زۆریشی پێخۆشبێ کە بەو پیریو کەنەفتییە نەچووەتە ماڵی کەسی ترو ئاوارە نەبووە)).

دڵم داخورپا، ئەوەی کە نەمدەزانی تێگەیشتم، ڕەحیم دەتگوت هەر ناشزانێ من چیم لێهات، هەڵسوکەوتی ڕێك وەك دایکی هاتە بەرچاوم، ئەویش تاوانێکی نەبوو. چونکە ئەو دایکە گەورەی کردبوو، دەتگوت لەزەلکاوێکدا گریمکردووە کە ساتبەسات زۆرتر ڕۆدەچمە خوارەوە، ڕەحیم چووە ژێر قورسییەکەوە، نانەکەی خواردو بۆی خەوت، دواتریش هەستاو چووە دووکانەکەی.

زۆر وەڕەز بووم، ئێستا هۆکاری ئەم هەڵسوکەوتە ناشرینانەم دەزانی ئەوەی کە هەموو شتێکت لەپارەدا کورت بێتەوە، دیسانەوە دڵنەوایی خۆم دەکرد، تەواویکە مەحبوبە، خۆت ویستت، کارت بە دایکی چییە؟ مەگەر پورەکەی خۆت بەو هەمووە بەدەماریەیەوە پارەی خۆش ناوێ؟ مەگەر ئەو هەمووە دایکتی ئازار نەدەدا؟ مەگەر کەم فێڵو تەڵەکەی بەکاردەهێنا؟ بەڵام باش دەمزانی کە جیاوازی ئەوان لەگەڵ ئەمان چەندە زۆرە، پوورە کیشوەرم وەکو زۆربەی پیرەژنەکانی تر هەر چاوی لەپارەبوو، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە هەڵسوکەوتی زۆر جوانو ئارام بوو، وەکو خەسووی من سووكو چروك نەبوو، بەڵام ئەمە خەسووم بوو دەبوایە تەحەمولیم بکردایە، خۆم ویستبووم، کاری خۆم بوو. باش دەبێ، ڕەحیم باش دەکەم، چاوەکانم وردە وردە دەکەمەوە، جوان ڕێگای چاکەی نیشان دەدەم، دەڕواتە ناو نیزام. دەبێتە خاوەن ناو، لەناو خەڵکدا دەگەڕێو فێردەبێ.

تەنیا دەبێ ئەمساڵ ڕاوەستم، خۆی بەڵێنیداوە، خۆی وتوویەتی هەتا کۆتایی شاڵ لەسەرم ڕاوەستە.

ورده ورده خەسووم بەبیانووی ئەوەی کە منداڵم و هیچ کارێك نازانم تەواوی ماڵ و ژیانمی خستە ژێر دەستی خۆیەوەو من بووم بە بوونەوەرێکی بێ هێزو بێ دەسەڵات کە تەنانەت دەسەڵاتم بەسەر منداڵەکەی خۆیشمدا نەبوو، ساڵی دووهەم دوای نەورۆز کە ئەو ساڵەش بە کەم‌وکورتی‌و بێ هیچ خۆشییەك تێپەڕی، منداڵەکەم کە تەمەنی یەك ساڵان بوو لەگەڵ خۆی شەوو ڕۆژ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا بەرەو مەتبەخ‌و حەوشە، ئەو کاتە مەمکەمژە نەبوو، بە پەڕۆو شەکر مەمکەمژەیان بۆ منداڵان دروست دەکرد، خەسووم بڕێك شەکر یان نەباتی لەپەڕۆیەکەوە دەپێچاو سەرێکی گرێ دەداو دەیخستە دەمی کوڕەکەمەوە، بەڵام بۆئەوەی کە کوڕەکەم گریانەکەی ڕاوەستێ‌و ژێر بێتەوە لەپێشدا دەیخستە دەمی خۆیەوەو تەڕیدەکرد.

دەمگوت: ((ئاخ خانم، منداڵ ناسکە، توخوا مەیخەنە دەمی خۆتانەوە)).

یان دەمگوت: ((خانم ئەوەندە ئەو منداڵە مەبەنە دەرێ بەدوای خۆتاندا سەرمای دەبێ، با لووتی بسڕم بەپشتە دەستی خاوێنی نەکاتەوە، ناشرینە)).

خۆی تووڕە دەکردو دەیگوت: ((حای هەر دەڵێی منداڵمان گەورە نەکردووە، لەناوی دەمی من منداڵەکە نەخۆش دەکەوێ؟ ئەی بۆچی باوکی نەخۆش نەکەوت؟ماشاڵا کوڕ بەو قورسی‌و قایمییە، منداڵ دەبێ ڕابکاو یاری بکا، بکەوێ هەتا گەورە ببێ)). یان دەیگوت: ((باوکی لەمنداڵیدا ساتێك لەماڵەوە ڕانەدەوەستا، هەر لەکۆڵاندا لەناوخۆڵ‌و قوڕدا بوو، ئێستاش دەیبینی وەکو ڕۆستەم وایە، مرۆڤ هەر حەز دەکات سەیری باڵای بکات)).

یان بە کینەوە دەیگوت: ((چڵمی هاتووە، خر من ناتوانم بەردەوام لووتی پاك بکەمەوە، هەزار کارم هەیە! دەڵێی خوازبێنیکەر هاتووە، ئێمە خۆ هەر خۆمانین!))

دەمگوت: ((مەبەستم ئەو بشتانە نییە، منداڵ دەبێ پاك‌و خاوێن بێ هەتا نەخۆش نەکەوێ، با مرۆڤ بتوانێ سەیری ڕوخساری بکات، مرۆڤ ناوێرێ...)).

Scanned by CamScanner

قسەکەی پێدەبڕیم: ((مەترسە گیانە، سەیریشی دەکەن‌و پێی دەڵێن کاکەش، بەڵێنیت پێدەدەم کە بەو چڵمەیشییەوە قوڕاو خۆریشی دەبن، مەگەر باوکی خراپە؟ بەڵێنیت پێدەدەم کچە دەوڵەمەندەکان بەری نەدەن، قوڕاو خۆریشی دەبن)).

زۆر بەباشی لەمەبەستەکەی تێدەگەیشتم، دەمزانی لەکوێوە قسە دەکات، حەزم دەکرد وەڵامێکی وای پێ بدەمەوە کە دەمی داخا، بەڵام نەمدەزانی چی بڵێم؟ ڕقم لەشەڕو ناخۆشیبوو. دەترسام ڕەحیم لێم برەنجێ، لەسەرەنجامی کارەکە دەترسام، من کە چۆکم بۆ ئاسمان دانەدەدا ئێستا لەو پیرەژنە دەترسام. لەناڕەحەتیدا دەچوومەوە ژوورەکەی خۆم.

کوڕەکەم فێری قسەکردن بوو، یەکەمین وشەیەک کە فێری دەبوو جنێوەکانی دایەگەورەی بوو کە بە گاڵتە یان بەڕاستی پێی دەگوت. خەسووم بە پێچەوانەوەی من دەیبردە سەوزە فرۆشی‌و قەسابی‌و هەموو شوێنێک، لەگەڵ کاسبکارەکانی گەڕەگ شەڕی دەکردو جنێوی دەدا، کوڕەکەم ئەو وشانە بەخێرایی فێر دەبوو. چونکە گاڵتەکان‌و قسەکانی خەسووم بەردەوام قسەی ناحەزی لەگەڵ بوو. وشەی وەکو سەگباب‌و زۆڵ‌و شتی تر وەکو نوقڵ‌و نەبات لەدەمی دەهاتە دەرێ‌و کوڕەکەیشم ئەگەر شتێکی بویستایە‌و پێمان نەدایە ئەو وشانەی بە کاردەهێنا. باوکیشی حەزی لەبیستنی ئەم وشانە دەکرد کە لەدەمی منداڵانەی ئەو دەهاتە دەرێ، دەیگوت: ((ئەڵماس بڵێ ، بڵێ ئینجا دەتدەمێ))و، منداڵەکەیش دیسانەوە دووپاتی دەکردەوەو شتی خۆشیان دەدایە، دایکی‌و ڕەحیم پێدەکەنین من بە توڕەییەوە پێم دەگوت: ((ئازیزەکەم ئەو قسانە خراپە، ئیتر مەیڵێ، ئەگەر جارێکی تر بیڵێیتەوە لێتدەدەم)).

زمانی دەردەهێناو لاسایی دەکردمەوە، لەدەمیم دەدا، دایە گەورەی پشتیوانی لێدەکردو نەباتەکەی لەدەمیدا دەخوساندو دەیخستە دەمییەوە، دەمزانی ئەوەی دەبوو لەدەمی بدەم دەمی ئەو پیرەژنەیە بەڵام چارم نەبوو، هەمیشە فرمێسک‌و چڵمی کوڕەکەم دەهاتەخوارەوەو تێکەڵ دەبوو، بەردەوام خاوێنم دەکردەوە بەڵام

Scanned by CamScanner

بەردەوام دەچووە ناو مەتبەخ و حەوشەو بەپێخاوسی دەگەڕا، بەردەوام چڵکن و پیسوپەلۆخ بوو، دەستەکانی قلیشابوو.

چڵکی دەموچاوی بەفرمێسک دەشۆرایەوە، چی بکەم، چیم لەدەست دەهات، کەمینە بووم، دەسەلاتم نەبوو، نە بەسەر ڕەحیمداو نە بەسەر دایکیدادەسەلاتم نەبوو، دەمزانی کە هیچ کامیان ئاگایان لەمنداڵەکەم نییە، بۆ ئەوان هەموو شتێکی ئەو منداڵە ئاسایی بوو، هەوڵمدەدا کە پێم بڵێ خانم گیان، بەلام دایە گەورەی بەردەوام دەیگوت: ((ئەڵماس گیان وامەکە دایکت لێتدەدا)). دەتگوت لەگەڵ من ڕکەبەرایەتی دەکات: ((ئەڵماس گیان با من برنجەکە لێنێم، دەسوتێ برۆ بۆ لای دایکت)).

ئەویش بەو چڵکنی و پیسییەوە دەهاتە لای من، کاتێك شەوانە لەدەوری یەك کۆدەبووینەوەو ڕەحیم شتی دەنووسی و منیش گوڵدۆزیم دەکرد دەهاتە پێشێ و دەیگوت: ((دایە بمدەرێ)).

دەمقیژاند بەسەریداو دەمگوت: ((دیسانەوە وتت دایە، جوان قسە بکە ئینجا دەتدەمێ)).

منداڵی هەژار دەستی بەگریان دەکرد، خەسووم بە تووڕەییەوە دەیگوت: ((ئەیەڕۆ، لەگەڵ منداڵەکەی دەچێتە لای پێوەی دەداو دەیگریەنێ، وەرە ڕۆڵە وەرە بۆ لای خۆم)).

منداڵەکە زیز دەبوو دەچووە لای ئەو، ڕەحیم بە هێمنی بەدایکی دەگوت: ((باشە ئیتر تۆش ئەوەندە لەسەری مەڕۆ)).و ڕووی لەمنداڵەکەی دەکردو دەیگوت: ((دەی ئەمە حەز دەکا بڵێی خانم گیان، تۆیش پێی بڵێ خانم گیان و، ڕزگارمان بکە هەر دەڵێی دایە، دایە، توتکە سەگ!))

زۆر دژواربوو، لەناخەوە خەریکبوو دەسووتام، کێ دەبێ ئەم منداڵە ڕابێنێ؟ کێ دەبێ ئەم دایك و کوڕە ڕابێنێ؟ هەوڵەکانی من سوودی نەبوو، هەر بەو ڕادەیەی من هەڵس وکەوتەکانی ئەوانم پێ سەیر بوو، ئەوانیش

Scanned by CamScanner

هەڵسوکەوتەکانی منیان لا سەیر بوو، زمانی یەکترمان نەدەزانی، شەوێکیان ڕەحیم بەدایکی وت: ((دایە، حەزم لەسەروپێیە، بەیانی بیخۆین؟))
دایکی بە خۆشحاڵییەوە وتی: ((ئەری ڕۆڵە، پارەبدە بەیانی دەیکڕم)).
وتم: ((خانم زۆر کارێکی ناڕەحەتە، خاوێنکردنەوەی زۆر ناڕەحەتە، لێی گەڕێن)).
ڕەحیم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قسەکانی دەگۆڕا وتی: ((حای، دایکم خۆ خۆی سازی ناکا، بەیانی دەڕوا لەبازاڕ دەیکڕێ)).
ڕۆژی دواتر ڕۆژی پشوو بوو، ڕەحیم سەعات نۆ لەخەوهەستا، خەسووم بەیانی زوو چوو بوو سەروپێکەی کڕیبو لەسەر سکڵەکەی دانابو، لەجێگەکەم هەستام‌و دوقاپی چینی جیبازی خۆم هەبوو هەڵمگرتن‌و چووم بۆ مەتبەخ بینیم خەسووم سەروپێکەی لەسەر کەشەفێك ڕۆکردووەو لەگەڵ ترشیات‌و نان لەقادرمەکان سەردەکەوێ، قاپەکان هەر بە دەستمەوە بوون، وتم: ((خانم گیان من قاپم هێنا بۆچی لەسەر کەشەف ڕۆتکردووە؟ خۆ قاپ هەیە)). ڕەحیم بە جۆرێك ملینا لەخواردن کە هەر گوێی لەقسەکانی من نەبوو، دایکیشی لەو خراپتر بوو.
بە پێکەنینەوە دەستی کوڕەکەمی گرت‌و لای خۆی داینا‌و وتی: ((ئەڵماس گیان وەرە سەروپێ بخۆ با گیانت وەبەربێتەوە، ئەها چەندە خۆشە!))
پارووەکی چکۆلەی گرت‌و خستییە دەمییەوە، منداڵەکە گریا‌و دەستی دایە دواوە، خەسووم پارووەکەی خستە دەمی خۆیەوەو وتی: ((مەخۆ، باشتر، خۆم دەیخۆم)).
ئارام دانیشتم‌و منداڵەکەم خستە باوەشمەوە، دەست‌و دەموچاوییم خاوێن کردەوە.
مێردەکەم وتی: ((تۆ ناخۆی مەحبوب؟))
((نا، حەزم لێ نییە)).
پێکەنی: ((چ باشتر، خۆم دەیخۆم)).

Scanned by CamScanner

بەڕاستی لەهەڵس‌وکەوتەکەیان دڵگیر بووم، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەو قسەیەی ماوەیەکی زۆر بوو لەدڵمدا بوو بیکەم، دەبوایە شتەکە چارەسەر بکرایە، وتم: ((ڕەحیم ئاخرەکەی چیتکرد؟))

بە سەیرێکەوە کە پارووەکەی لەدەمیدا بوو پرسی: ((چی؟ سەبارەت بە چی؟))

پرسیم: ((مەگەر کارەکەت باش نەبوو؟ لەدووکانەکەت ڕازی نیت؟))

((با، بۆچی؟))

((دەی بڕیار وا بوو شاگرد بگری‌و بچیتە ناو نیزام، دەی ناڕۆی بەدوای بکەوی؟))

لەحاڵێکدا دەتگوت لەبرسا مردووە وتی: ((ئاها، دەڕۆم، ڕۆژێك دەڕۆم)).

دایکی بە گاڵتەوە زەردەیەکی گرت، پێداگریم کرد: ((ئەو ڕۆژە کەی دێ ڕەحیم؟ هەر کارێك کاتێکی هەیە، هەتا گەنجی دەبێ بڕۆی، دەڵێن دەبێ دەرس بخوێنی، دەی دەبێ زووتر بۆی وە خۆ بکەوی؟))

ڕەحیم وتی: ((دەهێڵی پارووێک نان بخۆین، یان دەتەوێ بیکەیتە قوزەڵقورتمان؟))

دایکی تێربو، لەجێگەکەی هەستاو چووە لای سەماوەرەکەو بەدەستی چەور چایی تێکردو بۆئەوەی کە باسەکە بگۆڕێ وتی: ((بەسە مەحبوبە گیان، خۆ سەروپێت نەخوارد لانی کەم وەرە چا بخۆ)).

بە ڕقەوە وتم: ((نامەوێ)).

لەجێگەکەم هەستام، چوومە ژووری خەوەکەی خۆمانەوەو دەرگاکەم توند پێوەدا، گوێم لەدەنگی خەسووم بوو کە بە لەحنێکی هەژارانە بەڵام بە دەنگی بەرز کە منیش گوێم لێبێ وتی: ((ئەیەڕۆ ئەوە چییەتی؟ بۆ وا دەکات؟))

ڕەحیم وتی: ((لێی گەڕێ دایە، چا تێکە، لەوانەیە لەشوێنێکی ترەوە دڵنیگەران بێ)).

Scanned by CamScanner

گویم لەدەنگی هەڵقوڕاندنی چاکەوە بوو، خەسووم وتی: ((لەشوێنێکی ترەوە نیگەرانە بەسەر منیدا دەڕێژێ؟))

دەنگی خەسووم نزمبووەوەو کەوتە سرتە سرت، دیسانەوە خەریکبوو ڕەحیمی پردەکردەوە، لەناکاو دەرگاکە بەتوندی کرایەوە، چاوم بە خەسووم کەوت کە منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو لەلای سەماوەرەکە چاوی سەرکەوتنی پیوە دیار بوو، دەدرەوشایەوە. ڕەحیم کراسی سپیو پانتۆڵو جلیسقەی لەبەردا بوو.

دەیویست دوای نانی بەیانی بچێتە دەرێ، بەڵام بۆ کوێ؟ نەمدەزانی.. چاکەتەکەی بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوو، سەرەتا بیرمکردەوە چاکەتەکەی دەبا، وەکو هەمیشە دوگمەی کراسەکەی کرابووەوە، سەیرێکی چاکەتەکەی‌و ئەوم کرد، لەلای پەنجەرەکە ڕاوەستابووم، بەتووڕەییەوە پرسی: ((تۆ چیتە؟))

بە ئارامی ئاوڕم دایەوە، دەستم لەسەر سنگم داناو سەیرمکرد، دەستەکانی چەورو ملیوانی کراسەکەی کرابووەوە پرچەکانی ئاڵۆز بوون، بێدەنگبووم.

((بۆچی هیچت نەخوارد؟))

((حەزمنەکرد)).

((حەزت نەکرد یان پێت عەیب بوو؟ ئەو کارانە چییە دەیکەی؟ ئێمە نابێ بزانین تۆچیتە؟))

وتم: ((نازانی؟ نازانی ماندوو بووم؟ ئەمە ژیان نییە؟ ژیان تەنیا سەروپێێ خواردن‌و خەوتن نییە؟ هەروا تەمەنت دەڕوا؟ ناتەوێ کارێکی باش بدۆزیتەوە؟ لەبیری ئەو منداڵەدانیت؟ دەبێ کێ پەروەردەیَ بکا؟ هەر بەو ژیانە هیچ‌وپووچە ڕازیت؟...)) بەدەستم نیشارتم بە ژوورەکەو حەوشەکە کرد.

دەستی ڕاستی بەچوارچێوەی دەرگاکەوە گرت، لەبەرخۆمەوە وتم ئێستا دەرگاکە چەور دەبێ، نەڕاندی: ((بۆچی ناهێڵی پیاو لەماڵەکەی خۆیدا ئاسایشی هەبێ؟ چیت لەگیانم دەوێ؟ بۆچی بیانوو دەگری؟ منداڵی یەك ساڵانە پەروەردەی دەوێ؟ من تێناگەم تۆ چی دەڵێی، جوان قسە بکە بزانم چیت دەوێ؟

من هەر ئەمەم کە دەیبینی، مەگەر لەسەرەتاوە منت نەدیبوو! من خۆ بەدواتدا نەهاتبووم! هاتی، منت دیو، پەسەندتکردم))

کوڕەکەم لەترسی قیژە قیژەکەی کەوتە گریان، ڕەحیم بەدەستی بەسنگی خۆیداداو وتی: ((تۆ بوویتە ژنی من، من ، ڕەحیمی دارتاش، چیت لەگیانم دەوێ؟ سەرەتا هەموو شتێکم باشبوو، ملیوانی کراوەم، دەستی زبرم، پرچی ئالۆزم، کراسو کەواو پێڵاوەکانم، ئێستا چی ڕوویدا وا هەموو شتێك لەبەر چاوت قێزەون بوو؟ من هەر ئەوە نەبووم کە دەتنووسی: "ئێستا دڵم حەزدەکا لەگەڵ تۆ قسە بکات؟"))

خەریکبوو لاسایی دەکردمەوە، دەنگی پێکەنینی دایکی لەژوورەکەی تر بەرزبووەوە، پێی خۆشبوو، وتم: ((ڕەحیم، ڕەحیم خۆت دەزانی چی دەڵێی؟ بیبڕەوە!))

دیسانەوە دەنگی بەرزکردەوە: ((ئێستا بەم لادا دەڕۆمو بەولادا دەڕۆم ئەمە دەکەی، ڕەحیم گیان ئەوە بدە لەدەستت با نەرمبێ ، ڕەحیم گیان دوگمەی کراسەکەت داخە سنگت بەدەرەوەیە باش نییە، ڕەحیم گیان قژت دابێنەو بیخە ژێر کڵاوەکەتەوە، قژەکانت کورت بکەوە، لەناو قاپدا چێشت بخۆ، پێڵاوەکانت مەخە سەر پێ، ئەو کارە بکە، ئەو کارە مەکە، ڕۆژی دەجار بە تانەوتەشەر پێم دەڵێی ڕەحیم ناچی بۆ نیزام؟ ئەی کەی دەڕۆی؟ ئەی چی لێهات؟ مەگەر من یەکەم ڕۆژ تۆم دی نیزامی بووم، کەی بە تۆم وتووە دەچمە نیزام؟))

بە تووڕەییەوە وتم: ((نەتگوت؟ لەپشتی دیواری باخەکە؟))

((دەی لەپشت دیواری باخەکە زۆرت بۆ هێنابووم دەتگوت دەچیت بۆ نیزام یان نا؟ منیش بۆ دڵخۆشی تۆ گوێیەکم خواردو قەرزاربارت بووم...))

بە نەفرەتەوە قیژاندم: ((ئەو دەم دایکت گوارەو شتەکەی لێ سەندمەوە نەتگوت دەچمە ناو نیزام؟ نەتگوت لەوە باشترت بۆ دەکڕم؟))

Scanned by CamScanner

خەسورم لەژوورەکەی ترەوە هاواریکرد: ((دەی بلێ خانم حەزیان لەئالتوونو گەوهەرە، بۆچی ناوی من دەهێنن؟ لەدیوارەکەی من کورتترت نەدۆزیوەتەوە چاوت لەجوتێک گوارەی ...))

رەحیم قسەکەی پێ بریم: ((ئێستا تەشەرم لیدەدەی؟ دەبێ لەدیواری حەلکەوە سەرکەوم بچم دزیت بۆ بکەم هەتا ئالتوونت هەبێ؟ مەگەر لەناو نیزامدا گوارەو بازنە دەبەخشنەوە؟ ماندووتکردم، وەڕزت کردم، من دەستم چەور ناکەم، دەبێ کوڕە مامەکەت دەستی چەور بکات، چەوریشی بکەم سبەینێ هەر ئەو شتانەیە. سەیرکە مەحبوبە با من دوایین قسەکانم بکەم، من ناچمە ناو نیزام، خۆماڵی پوورم نییە. دەبێ دەرسی بۆ بخوێنێ، لەبەر سۆمای چرا دانیشێ، خەرجی دەوێ...))

وتم: ((خەرجییەکەی ئاغا گیانم دەیدا)).

((ئەوەندە پارەکەی ئاغا گیانت بە چاومدا مەدەرەوە، من هەر ئەوەم کە هەم، لەوە باشتر نابم، ژنم هێناوە خۆ شووم نەکردووە، دەتەوێ بتەوێ ناتەوێ سەرچاو))

دەماری ملی لەتوورەییدا بەرزبوبوەوە، پرچەکانی بە جۆرێکی ناشرین بە ناوچاوانیدا هاتبوونە خوارێ، ددانە سپییەکانی بەکینەوە پێکەوە دەنوساند، دەستەکانی ئەستوور بوون وەکو دەستی مرۆڤە سەرەتاییەکان وا بوو، لەتەواوی جەستەیدا تۆزێك ئارامی نەبوو، تەواوی ئەو شتانەی کە من دەمپەرستین و خۆشم دەویست بە گاڵتە گرتبووی، وتم: ((بەسە ئیتر برۆ، مەنەڕێنە، لەوە زیاتر خۆت لەبەرچاوم خوێن تاڵ مەکە)).

دایکی بە ئاجسنییەوە وتی: ((ڕەحیم گیان ئەوەندە خۆت تووڕە مەکە ڕۆڵە، خۆ تۆ چێشتەکەت لێبووە قوزەڵقورت، ئێستا مەحبوبە شتێکی وتووە، تۆ بیبوورە، خۆی پەشیمان بۆتەوە)).

ڕووم کردە دەرگاکەو وتم: ((وا ئەزانی گوێم لێنەبوو چیت پێ دەگوت، ئێستا کە ئاوای لێهات خەیاڵتان تەخت بوو؟ تەواوی ئەم کێشانە لەژێر سەری تۆدایە)).

لەناکاو دەستی بەرزکردەوەو توند بەسەری خۆیداداو : ((قوڕ بەسەرم ئەو هەموو کلفەتییە دەکەم‌و هەزار قسەی ناشرینی دەبیستم هیچ نالێم، لەژێر سەری مندایە؟ نە گیانەکەم لەژێر سەری مندا نییە، ڕەحیمت لەبەرچاو کەتووە، ئیتر ئەوینداری نیت، تێرت لێخوارد، با لەوە زیاتر قسەنەکەم‌و دەمم نەکرێتەوە!))

ڕەحیم وتی: ((دایە تۆ بێدەنگبە!))

((ئەرێ خەفە دەبم، ئەوەش سەرباقی چاکەکانم، گوو بە گۆڕی باوکم ئەگەر ئیتر لێرە بمێنمەوە)).

منداڵەکە کە لەباوەشیدا دەگریا لێم سەند، وەکو بی دەلەرزیم، خەسووم ڕۆیشت بوخچەی جلەکانی پێچایەوەو چارشێوەکەی بەسەریداداو بە گریانەوە دەرگای حەوشەکەی پێکداداو ڕۆیشت، ڕەحیم ڕووی تێکردم وتی: ((ئێستا خەیاڵت تەخت بوو؟ هەر ئەوەت دەویست؟ فەرموو!))

ڕۆیشتە لای نان‌و چاکە دانیشت، زۆر تووڕە بوو، دوای چەند دەقەیەك لەجێگەکەی هەستا، شەقێکی لەشەکردانەکە هەڵدا، هاتە ئەو ژوورەی کە من لەوێبووم، چاکەتەکەی لەبزمارەکە کردەوە، پارەکانی لەسەر تاقەکە هەڵگرت، دەستمکردە گریان، بە گریانەوە دەست‌و دەموچاوی منداڵەکەم شۆرد، جلێکی جوانم لەبەرکرد کە حەزملێی بوو، لەحاڵێکدا کە ئەژنۆم هێزی تێدانەبوو، شوێنی سەروپێ لەعنەتییەکەم بەتاڵ کرد، ژوورەکەم پاك کردەوە، منداڵەکەم لەئامێز گرت‌و بەدەم ماچکردنییەوە لە باوەشمدا خەواندم، قاپەکانم شۆرد، ماڵەکەم وەك چەپکێ گوڵ لێکردبوو، دوانیوەڕۆ منداڵەکەم لەخەو هەستا، یاریم لەگەڵ دەکرد، فێری قسەکردنم دەکرد، لەباوەشم کردو بردمە کۆڵان هەندێك گێڕام، دیسانەوە هاتمەوە بۆ ماڵەوە، ڕەحیم نەهاتبووەوە، شێوم بە کوڕەکەمداو خەواندم، دیسان ڕەحیم نەهاتەوە، کاتژمێرێکمان کڕیبوو لەسەر تاقەکەمان دانابوو، سەعات دووی بەیانی بوو کە هاتەوە، خۆی بەپێوە نەدەگرت، دەرگای ژووری خەوەکەم داخست، هاتە پشت دەرگاکە: ((مەحبوب وەرە ئاشت بینەوە)).

وەڵامم نەدایەوە، بە لەقە دای لەدەرگاکە، وتم: ((دەنگە دەنگ مەکە منداڵەکە خەوتووە))

((بە گۆڕی باوکییەوە خەوتووە))

((دەستهەڵگرە ڕەحیم)). لەپشت دەرگاکە کەوت، بە لەحنێکی کێشراوەوە وتی: ((مەحبوب گیان دەرگاکە بکەرەوە))

هەر لەوێدا خەوی لێکەوت.

سێ چوار ڕۆژ لەیەک زیز بووین. قسەم لەگەڵ نەدەکرد، بەڵام شاد بووم لەوەی کە دایکی ڕەحیم ڕۆیشتووەو هیوادار بووم کە نەگەڕێتەوە، شەوی چوارەم ڕەحیم هاتەوە بۆ ماڵەوە، دیسان دیار بوو کە شەرابی خواردووە، ئەو کارەی زۆرتر لەهەر کارێکی تری ئازاری دەدام، منداڵەکەم خەوتبوو، منیش خەریکبووم گوڵدۆزیم دەکرد. بۆ ئەوەی قسەیەک بکات شتومەکی خەت نووسینەکەی هێنار لەپاڵ مندا دانیشت، لەژێرەوە سەیرم دەکرد، بۆ پێشەکی پرسی: ((چی بنووسم؟))

وەڵامم نەدایەوە.

((دە ئیتر ئازمەکە، چی بنووسم؟))

((من چوزانم؟! هەرچی حەزت لێیە)).

((دڵی من تۆی دەوێ، حەزم لەتۆیە)). قەڵەمەکەی هەڵگرت و نووسی: ((مەحبوبە، مەحبوبە، مەحبوبە)).

بۆ ئەوەی کە بمەوێ بزە کەوتە سەر لێوم و نیگاکەم نەرم بووەوە، دیسانەوە چاوە بە برشتەکانی لەژێر سۆمای چراکەدا هێزی لەمن سەند، بە بزەکەی هۆشم لای خۆم نەدەما، دەستی بەرەو لام درێژ کردو وتی: ((مەحبوب))و من دیسان بە سەرەوە چووڕمەوە لای.

((مەحبوبە گیان، من دەبێ بڕۆم بە دوای دایکمدا)).

دیسانەوە پێم ناخۆش بوو وتم: ((دەی خۆی حەزی لێبوو بڕوات)).

((بۆ کوێ بڕوات. شوێنێکی نییە بڕوا. لەوانەیە چوبێتەوە رامین بۆ ماڵی کوڕە پوورەکەم. چەند ڕۆژ دەبێتە میوانیان. خۆ ناکری هەر لەوێ بێ. دەبێ بڕۆم و بیهێنمەوە)). بێدەنگ بووم. لەلام دانیشت و وتی: ((نارەحەت دەبی؟))

کاتێک لەلای بووم لەهیچ شتێک نارەحەت نەدەبووم. کاتێک کە ڕووخۆش و دڵسۆز بوو

((نا. نارەحەتی چی؟ ))

دیسانەوە ئەو ژنە هاتەوە بۆ ماڵمان. بە خۆمم دەگوت دەی کاری خۆم بوو. ئەمدەهێشت نانێکی خۆش لەگەروویان بچێتە خوارەوە. بێ هۆ بیانووم دەگرت.

ڕەحیم ڕاستی دەگوت. پارەکەی باوکەم بەچاویدا دەدایەوە. ڕاستی دەگوت. پیاویان پیاو وتووە و ژنیش ژن. لەلای دایکی زۆرم سووک کردبوو. لەپڕێکدا دڵم بەڕەحیم سووتا. لەهەڵس وکەوتەکەی خۆم شەرمەزار بووم. هەر ئەو شەوە کاتێک کە ڕاکشابووم وتم: ((ڕەحیم گیان. تەقسیری من بوو. بمببورە)). ئەو پێکەنی و دیسانەوە جادوی کردم.

دیسانەوە سەری مانگ بوو. دایە هات. خەسووم بۆ شت کڕین ڕۆیشتبووە دەرەوە. دایە هەر کە چاوی پێکەوت وتی: ((ڕۆڵە گیان بۆ وا ڕەنگ بە رووتەوە نەماوە. چی بووە؟))

((هیچ. دایە گیان)).

((ئیتر درۆم لەگەڵ مەکە. من تۆ ناناسم؟ لەگەڵ ئاغا ڕەحیم شەڕت کردووە؟))

((نە بە گیانی ئاغا گیان)). ئێستا کە سوێندم بە گیانی باوکم خواردبوو دەبوایە ڕاستییەکەیم بگوتایە: ((دەی شەڕمان بووە بەڵام دەمێکەیە. توخوا بەدایکم نەڵێی لەم دواییانەدا ڕەحیم هەڵس وکەوتی باش نییە)).

دایە بە نارەزایەتییەوە وتی: ((دیسانەوە دەڵێ بە دایکم مەڵێ. مەگەر من عەقڵم لەدەست داوە کچم؟ بەڵام خۆیشت خەتای خۆتە؟ بۆ وا دەکەی لەخۆت؟ دەستێک بە سەرو قژتدا بێنە و دوو دەست جل بۆ خۆت بکڕە. تۆ هێشتا هەر ئەو جلانە لەبەردەکەی کە لەماڵی باوکتەوە هێناوتن)).

((ئاخر کوێم هەیە بڕۆم دایە گیان؟))

((هەر دەبێ بۆ شوێنێک بڕۆی؟ مێردەکەت گەنجە، جوانە، بۆ شووەکەتی لەبەرکە))

ماوەیەک ئامۆژگاری کردم‌و دواتر من قسەکانم گۆڕی‌و پرسیم: ((بەم زووانە چ خەبەر دایە گیان؟))

((خەبەری خۆش))

((چییە زوو بڵێ)).

((ئاغا مەنسور زەماوەندی کردووە)).

وتم: ((ها؟))

وتی: ((ئەرێ ئاغا مەنسور، بپرسە لەگەڵ کێ؟))

((دەی لەگەڵ کێ؟))

دایە وتی: ((لەگەڵ کچەکەی ئاغای گیتی ئارا)).

دیسانەوە پێم ناخۆشبوو، بەدڵنیاییەوە مەنسورم نەدەویست، کەوایە بۆچی پێم ناخۆش بوو، هۆی چی بوو؟ ناوی گیتی ئارام بیستبوو، ئاگاداری ناوبانگی بووم، لەوەی کە ئەم هەڵبژاردنەی مەنسور ئەوەندە باش‌و بەجێ بوو پێم سەیر بوو، لەشم داگیرا، نازانم بۆچی. بەڵام حەزم دەکرد ژنەکەی باش نەبێ، بۆئەوەی دایە تێ نەگات بەزۆر وتم: ((ئاها، هەر ئەوەی دیواری باخەکەیان بە دیواری باخەکەی ماڵی مامەوەدیە؟ هەرئەوەی کە شیعریش دەڵێت؟))

((بەڵێ... ئاغا گیانت دەڵێ نیوەی ماڵەکەی پڕە لەکتێب، دەڵێن پیاوێکی باشە. ئینسانێکی شەریفە، خودا دەزانێ چەندە ڕێزی لێدەگرن)).

بەبێ سەرنجییەکەوە وتم: ((دەی باشە ئەمانە هەموو چاکەی باوکی بوو، سەبارەت بە کچەکەش شتێک بڵێ، خۆ ئەوانە نابنە باشەی کچەکە.

بەخیلی لەکۆڵم نەدەبووەوە، دەمویست گیتی ئارا پان کەمەوە هەتا دڵم فێنک بێتەوە. بەڵام نەدەکرا)). هەرچی بەدوای عەیب‌و بیانوویەکدا دەگەڕام پەیدام نەدەکرد. گیتی ئارا پیاوێکی بلیمەت‌و بەڕێز بوو، لەوەدا گومانێک نەبوو، لەو

Scanned by CamScanner

ڕووەشەوە کە هاوسەرەکەشی شازادەبوو، شازادەکان جوان‌و ڕێکوپێك بوون، دەبوایە مەنسوریش هاوسەرێکی جوانی ببوایە، ئیتر گومانم لەوەدا نەبوو کە بەخیلی دەبەم. هەڵبەت چاوم بەدوای مەنسورەوە نەبوو بەلاّم نازانم بۆچی حەزم دەکرد کە بەختەوەر نەبێ، بەردەوام چاوو دڵی لەدوای من بێ، بە خۆمم دەگوت چاوەڕوانی چی بوویت؟ حەزت دەکرد مەنسور هەتا کۆتایی تەمەنی بە هۆی لەدەستدانی تۆوە دانیشێ‌و بگری؟ بەڵێ پێم وابێ بەڕاستی لەناو دڵمدا هەر ئەوەم دەویست، دایە درێژەی بە قسەکانیداو وتی: ((وەلاّ من نازانم، بەلاّم دەڵێن کچەکەش بلیمەتە، پێم وابێ شیعریش دەهۆنێتەوە)).

دەمزانی کە مەنوسریش زەوقی باشی هەیە، بینیبووم کە تاری لێدەدا، وتم: ((کەوایە مەنسور کەیفی سازە)).

((نا، کوڕە وایش نییە)).

پرسیم: ((تۆ بووکەکەت دیوە؟ جوانە؟))

((وەلاّ بۆ جوانییەکەی چی بڵێم، بەلاّم دەڵێن خانمێکی باشە، دەڵێن باوکی زۆر بەجوانی پەروەردەی کردووە، دەڵێن ئەگەرچی کچیشە بەلاّم لەبراکانی زۆرتر شت دەزانێ، دەڵێن باوکی وەسیەتی کردووە دوای مردنی کتێبخانەکەی بدەن بەو، وتوویەتی جیاوازی لەنێوان کچ‌و کوڕدا نییە، ئەگەر کچەکەم لەکوڕەکانم نازیزتر نەبێ، کەمتر نییە، ئەم کچەی لەلایەك‌و باقی خوشك‌و براکانی لەلایەکی تر. من تەنیا جارێك دیومە، ڕووی خۆی داپۆشیبوو، تەنیا چاوو برۆیم دی)).

بە پەلە پرسیم: ((چۆن بوو؟))

((خراپ نەبوو، چاوو برۆی شازادەکانی هەبوو، دەڵێن دایە گەورەی باوکی خەڵکی گورجستان بووە، گورجییەکانیش لەجوانیدا بەناوبانگن، ڕەنگی چاوەکانی لەسەوز دەچوون)).

دیسانەوە بێتاقەت بووم، پرسیم: ((ناوی چییە؟))

((نیم تاج)).

Scanned by CamScanner

دایە دەنگی نزم کردەوەو دەتگوت باس لەشتێکی نهێنی دەکات بە ئەسپایی وتی: ((بەڵام دەڵێن دوو سێ ساڵێك لەئاغا مەنسور گەورەترە، قەیرە کچ بووە، نزیکەی سی‌وسێ چوار ساڵ تەمەنی هەیە، هەر لەسەرەتاوە شەرتی لەگەڵ ئاغا مەنسور کردووە کە تاقەتی میوانی‌و شتی نییە، بەڵام نابمە ڕێگری تۆش، ئێوە بە تەنیا بڕۆن، وتوویەتی من سەربەخۆ بەو تۆیش سەربەخۆبی، من حەز دەکەم شەوو ڕۆژ لەماڵەوەبەو عیبادەت‌و ماڵداری بکەم، ئێوەش حەزتان لەهەر کارێك هەیە بیکەن)).

بە لەحنێکی گاڵتە ئامێزەوە وتم: ((بۆچی؟ لەوانەیە پێی عەیب بێ بچێتە هەر شوێنێك)).

دایە دەستی خۆی بەنیشانەی گاڵتەوە تەکانداو بە پێکەنینەوە وتی: ((نەکوڕە تۆیش باوەڕتکرد، کچەکە دەموچاوی ئاوڵاویە ڕووی نیە بچێتە هیچ شوێنێك)).

زۆرم حەزکرد ، بەڕاستی دەروونێکی سەیرم هەبوو، زۆر بەخیل بووم، کەوایە مەنسوریش زۆر بە ختەوەر نەبوو، بێ هۆ شادبووم، وەك ئەوەی یەکێك پێم بڵێ هەر ئەوەی شایەنبوو، بەڵام سەرخۆمم نەدەهێنا، ئێستا کە ڕاستییەکەم زانیبوو، باسەکەم بۆ ڕوون بوبوەوەو بەقازانجی من بوو، دڵم بۆ مەنسور دەسوتا، ((ئەی توخوا بۆچی مەنسور هێناویەتی؟ کچێکی پیری ئاوڵاوی؟))

((پووری گیانت دەڵێ بۆ پارەکەی بەڵام من باوەڕ ناکەم، لەبواری ماڵییەوە خراپ نین، بەڵام واش نین کە مەنسور لەبەر دەوڵەمەندییەکەیان ئەو کچەی بوێ، دەڵێن جارێکیان یەکێك لەژنە زمان پیسەکانی خزمی خۆیان بە تەشەرەوە بە کچەکە دەڵێ: کاتێك کە بنکڕ دەبینم تۆم بیر دەکەوێتەوە، باوکی لەجیاتی ئەو وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی: کچەکەی من لەجیاتی جوانی زانست‌و عەقڵی هەیە، کە ڕووخساری لەچاوی ڕۆشنبیراندا لەقەڵەمی چینی بێگەرد ترە، مەنسور هەتا خانمێك دەڵێ سەرد خانم لەدەمی دێتە دەرێ، ئەوەندە ڕێزی لێدەگرێ هەر نەبێتەوە)).

پرسیم: ((ئەی مامە گیان دەڵێ چی؟))

Scanned by CamScanner

((مامەگیانت ئەوەندە ئاغا مەنسوری خۆش دەوێ کە هەرچی ئەو دەڵێ بە قسەی دەکا)).

وتم: ((زۆریش خراپ نیە دایە گیان، حەزدەکەم بزانم ئامۆژنم کە لەپاشملەی هەموو کەسێک دەخوێنێ، بۆ بووکەکەی کە ناوایەو هێناویەتی چ بیانوویەکی هەیە)).

((کەس ناوێرێ پێی بڵێ پشتی چاوی برۆیە، سکی هەڵدەدڕێ، ڕۆژی زەماوەندەکەی ئەوەندە بە نیم تاج و دایکی وت شازادە خانم، شازادە خانم، کە هەموومانی وەڕزکرد، ئاخرەکەی کچەکە خۆی گەڕایەوەو وتی خانم دایکم شازادەیە من خۆ شازادە نییم! من ژنی ئاغا مەنسورم، ئێوە هەر بە ناوەکەی خۆم بانگ بکەن)).

((کەوایە ژنێکی خراپ نییە)).

((ئەوەڵا، من وتم هەموو کەسێک باسی چاکەی دەکا، دەڵێن بەڕاستی خاتوونە، نەک ئەوەی کە خزمەکانی خۆی بیڵێن، کەسی بێگانە لەنۆکەرو کلفەتەوە بگرە هەموو خۆشیان دەوێ، دەڵێ کاتێک ویستوویەتی یەکێک لەکەڵفەتەکانی لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی مێردەکەی بەرێ کلفەتەکانی لەگەڵ یەک بەشەڕهاتوون کە کامەیان لەگەڵی بچن، دەڵێن زۆر هەڵس‌وکەوتی باشە، مامە گیانیشتان باخەکەی شەمێرانی کردووە بەناوی مەنسورەوە، کچەکەش بە ئاغا مەنسوری وتووە کە هەر لەناو باخەکەدا بینایەک بکەرەوە لەوێ ژیان بەسەر دەبەین، هەرچی ئاغا مەنسور وتوویەتی دوورەو زستانان ساردە، وتوویەتی، نا، من خۆ حەزناکەم بچم بۆ هیچ کوێیەک. ئەگەر دەتەوێ من ئاسوودەبم بهێڵە هەر لەوێبم، مەنسور خانیش وتویەتی: ئەی بەسەرچاو)).

کوتوپڕ وەسوەسەم بۆ دروست بوو، لەجێگەکەم هەستام و لەئاوێنەی سەر تاقەکەدا سەیری خۆمم کرد، چ سەرو ڕوخسارێکم هەبوو، من بەو جوانیەو بەو گەنجیە، دەستێک جلی نوێم نەبوو، بێ پێشەکی و ڕاڕایی وتم: ((دایە گیان

هەستە بڕۆین شت بكڕین، دەمەوێ قوماش بكڕم بیبەی بۆ بەرگدرووەكەی دایكم بیدورێ بۆم)) دایە وتی: ((بۆچی دەستێك

لەناو كۆڵان و شەقامدا بەدوای قوماشدا دەگەڕاین، دایە وتی: ((بۆچی دەستێك دوو دەست بكڕە با كە یەكێكیانت شۆرد ئەوی تر لەبەركەی)).

پرسیم: ((دەی بە بەری كێ بیبڕێ و بیدورێ؟))

((دەی بە بەری خوجەستە گیان!))

((بۆچی ئەوەندە گەورە بووە؟))

((ماشاڵا بووە بە خاتوونێك بۆ خۆی، تەنیا بڕێك لەتۆ قەڵەوترە، خۆ تۆ بویتە پێست و ئێسقان رۆڵە)).

بە شادییەكی منداڵانەوە وتم: ((كەی جلەكانم دێنێتەوە دایە گیان؟))

((حەوت تا هەشت رۆژی تر)).

كاتێك گەڕامەوە خەسووم لەگەڵ ژنی دراوسێكەمان لەسەر قادرمەكان دانیشتبوو تووی دەتوكاند، كوڕەكەم لەسەر حەوزی ئاوەكە یاری دەكرد، ژنی دراوسێكەمان دەیزانی كە خۆشم ناوێ، چونكە ڕۆژ هەتا ئێوارە دادەنیشتن توویان دەتوكاندو قسەیان بەخەڵك دەگووت، سڵاویكرد بەساردی وەڵامم دایەوەو هەستا ڕۆیشت، خەسووم بە كینەیەكەوە سەیری كردم و بە بزەیەكی تەشەر ئامێزەوە وتی: ((دەڵێی ئەمڕۆ كەیفت زۆر سازە، لەكوێ بووی؟))

((لەگەڵ دایە گیانم چووم قوماشم كڕی، پێمدا بیدورێ و بیهێنێتەوە)).

((دەی بەخۆشی، ئیشەڵا لەزەماوەندو میوانی لەبەری بكەی)).

سەرم بەرزكردەوەو بە خۆ ویستییەكەوە وتم: ((زەماوەندیش بەڕێوەیە، زەماوەندی مەنسور خان)).

((موبارەكە ئیشەڵا لەگەڵ كێ؟))

سەرێكم هەڵبڕی و وتم: ((لەگەڵ كچی ئاغای گیتی ئارا، دەڵێن باوكی پیاوێكی بلیمەتە)). چونكە هیچی نەوت، زانیم كە دەبێ بەزمانی خۆم قسەی لەگەڵ بكەم، وتم: ((دایكی شازادەیە)).

Scanned by CamScanner

به گاڵته‌وه بزه‌یه‌كی گرت: ((ئاها، هه‌ر له‌و شازاده تێك شكاوانه؟!))

به‌راستی كه زمانی چزودار بوو، به تووڕه‌ییه‌وه وتم: ((ئێستا ژنه‌كه‌ی گیتی ئارا بوو به شازاده‌ی تێك شكاو؟ شاری تاران هه‌مووی ده‌یناسن، ئه‌گه‌ر ئێوه نایناسن ئه‌وه شتێكی تره)).

ده‌تگوت وه‌ڵامه‌كه‌ی له‌گیرفانی دایه، هێزی قسه زلییه‌كه‌یم به كه‌م گرتبوو، ئاوڕێكی دایه‌وه‌و وتی: ((ده‌ی له‌وانه‌یه كچه‌كه عه‌یبێكی بووبێ))و چووه مه‌تبه‌خه‌كه.

تۆڵه‌ی ئیهمالكردنی ژنه دراوسێكه‌می لێ سه‌ندمه‌وه، به‌سه‌ر سوڕماوی‌و توڕه‌یی له‌جێگه‌كه‌ی خۆم وشك بووم، زۆرتر له‌وه تووڕه‌بووم كه باش تێگه‌یشتبوو.

به زۆری دایه ئه‌و جلانه‌ی كه بۆیان دووریبووم له‌به‌رمكردو ده‌وره‌یه‌كم پێوه‌كرد، ئه‌و پیره‌ژنه دڵسۆزه پێی وابوو كه به‌ڕاستی من منداڵی ئه‌وم، هه‌ر به قوربان‌و سه‌ده‌قه‌م ده‌بوو، به قوربانی به‌ژن‌و باڵام ده‌بوو، به قوربانی سه‌رو‌پرچم ده‌بوو، كوڕه‌كه‌می له‌باوه‌ش ده‌گرت‌و دایكانه ماچی ده‌كرد، دواتر ورده ورده‌و زۆر ئارام‌و به‌هێمنی به جۆرێك كه پێم ناخۆشنه‌بێ ده‌یگوت: ((ماشاڵا چ كوڕێكی جوان‌و خوێن گه‌رمت هه‌یه... به‌ڵام مه‌حبوبه گیان مه‌هێڵه ئیتر سكت پڕ بێ...))

وه چونكه نیگای توندی منی ده‌دی خێرا ده‌یگوت: ((ئاخر هێشتا زووه، ئه‌م دانه‌یه‌ت هێشتا منداڵه)).

له‌دڵمدا ده‌مگوت قسه‌ی خۆی نییه، ڕاسپارده‌ی دایكمه، ئه‌مری ئاغا گیانه، بڕیارمدا كه خێرا سكم پڕبێ، خه‌سووم هاته ژووره‌وه هه‌تا سه‌ماوه‌ره‌كه به‌رێ، جله‌كانی له‌به‌رمدا دی، به‌كینه‌وه سه‌ری سوڕاندو چوۆه ده‌ره‌وه، ته‌نانه‌ت وشه‌یه‌كیشی نه‌گوت، نه‌خراپی وت نه چاك، دایه گیانم وتی: ((! به‌خیلی ده‌بات)).

((نا، دایه گیان تۆش چ قسه‌گه‌لێك ده‌كه‌ی!))

((تۆ هه‌رچی ده‌ڵێی بڵێ به‌ڵام من قژم له ئاشقی دا سپی نه‌كردووه)).

نیتر بەجوانی مانای نیشارەکانو نیگاکانی
خوم زورتر نازارم دەکیشا،
خەسووم دەزانی، لەدلمدا دەمگوت بە لەعەنەتبم ئەگەر جارێکی تر بێلم مندالم
بووبوومە
بێ، هەتا ئەم هەلومەرجە ناوابێ هەر ئەم دانە بۆ حەوت پشتم بەسە،
دایکو باوکم
بووکە شورشەی دەستی دور مندال، لەدوو لاوە دەیانکێشام،
من لەتوکوت دەکرام.
لەلایەکەوەو خەسووم‌و مێردەکەم لەلایەکی ترەوەو،
یەک
کە ئەخوشی مانگانە دەکەوتم دەمزانی کە ئەو مانەگەش سکم پڕ نییە.
تووڕەو
دوو مانگێک دەبوو کە شیرم لەکوڕەکەم بڕیبووەوە، دیسانەوە خەسووم
خولقی ناخوش بوو، بەردەوام گوێ قولاغ بوو، گوێ قولاغی هەواڵی سکپڕی من،
دەیگوت: ((ئەوەندە کزی، گیانت تێدا نییە، دەبی دەواو دەرمان بخۆی)).
من کە زور حەزم لەمندال نەدەکرد بە نارامییەکەوە دەمگوت: ((ئەخانم، هی
کزیم نییە. ناخر ئەم ماوەیە شیرم بە مندال دەدا)).
((ئەو کاتەشمان دیوە کە شیری مندالت نەدەدا، ئینسانیکی زلو مل قەوی
لەمالی باوکتەوە هاتی هەتا شەش مانگ سکت پڕ نەبوو)).
دەمگوت: ((لەوانەیە لەڕەحیم بێ)).
دەستی لەکەلەکەی دەنا: ((ئەیەڕۆ ئەی ئەم دانەیە لەکوێوە هاتووە؟ کوڕی
ئەلماس خان وازبێ، من هەمیشە یان سکم پڕبوو یان شیرم بە مندال دەدا،
نیستا ئەگەر مندالەکانم مردوون ئەوە شتێکی جیاوازە)).
ورده ورده لەزمانی ئەم ژنەوە لەکەسایەتی بنەمالەیەک تێدەگەیشتم کە
بووبوومە بوکیان، دەمزانی‌و نەمدەویست کە بزانم، هەر ساتێک ژنێک لەژنەکانم
زیاد دەبوو، ورده ورده لەمانای ڕەسەنی ناوداری دەگەیشتم، بەخۆمم دەگوت
ڕەحیم لەگەل ئەوان جیاوازە، ئەو باشە، باشتر دەبێ.
لەگەرمار هاتبوومەوە، ئەو جلانەی کە ئەمهێشتبوو ڕەحیم ببینێ لەبەرم
کردبوو، پرچەکانم لەسەر شانم بلاوکردەوە، بۆنم لەخۆمدا، خەسووم کە لەلای
سفرەکە چاوەڕێی ڕەحیم بوو، بە بەخیلییەوە سەیرێکی کردم.
((بە سەلامەتی، بۆ کوێ؟))

Scanned by CamScanner

((هیچ کوێ هەرلێرەم، لەماڵەوە)).

سەرحاڵو کەیف سازبووم، جوان بووبووم، بەژنم بەرزترو کزتر لەپێشوو بوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەحیم بێتەوەو بەو شێوەیە بمبینێ، لەبەخیلییەکانی دایکی دەمزانی کە چەندە جوان بوومو بەوەش کەیفم ساز بوو.

پرسی: ((ئەو هەموو سوراوو سپیاوە بۆ ماڵەوەیە؟))

پێکەنیم: ((بەڵێ، مەگەر ئینسان دەبێ لەکوچەو کۆڵاندا ڕێکوپێک بێ؟ ئەو هەموو سوراوو سپیاوە بۆ مێردەکەمە)).

لێوەکانی لەزۆری کینەیەوە دەکرۆژیو بە تەشەرەوە وتی: ((وەڵا ئێمە ئەگەر قژمان دابهێنایەو رووومەتمان بە گوڵی لالەعەباس سوربکردایە خەسوومان هەزار قسەی پێ دەگوتین، دەیگوت داخۆ حەز لەکێ دەکەیو هەتا چینێك لێدانمان نەخواردایە دەستی لەیەخە نەدەکردینەوە)).

بەهێمنییەوە وتم: ((خەسووتان کارێکی باشی نەکردووە))و، چوومە لای ئاوێنەکەو هەر خۆمم ڕێکوپێك دەکرد.

ئاوڕێکی دایەوەو وتی: ((نازانم... لەوانەیە ئێمە نەمانزانیبێ، لەوانەیە عەقڵیشمان پێ نەشکابێ، ئێمە ئەو زیرەکیانەمان نەدەزانی)).

ڕەحیم هاتەوەو خێرا بێدەنگبوو، نازانم لەترسان بوو یان لەڕووی سیاستەوە بوو.

ڕەحیم بە جۆرێك سەیری کردم کە زانیم سەرکەوتوو بووم، دوای شێو هاتە پاڵ دەستمەوە دانیشت، منداڵەکەم کە خەوی لێکەوتبوو دایکی هەڵیگرتو لەگەڵ خۆی بردی، لەو کاتەوە کە منداڵەکەم لەشیر بڕیبووەوە بە زۆری لەئێمەی جیاکردبووەوەو لەلای خۆی دەیخەواند، پێی ناڕەحەت نەبووم، چونکە من خووم گرتبوو بە بوونی دایەنەوە، لەبنەماڵەیەکی وەك بنەماڵەی ئێمە کەمتر ڕێکدەکەوت منداڵ لەلای دایکی بخەوێ، دایەنەکان دایکی دووهەم بوون، بەڵام گرفتەکەی من ئەوە بوو کە خەسووم منداڵەکەمی لەدژی من هاندەدا، هەوڵی دەدا ئەوەندە هۆگری خۆی بکات کە منداڵەکەم نەتوانێ بێ دایە گەورەی هەڵبکات، هەتا

Scanned by CamScanner

رەحیم دەرەوە چووە ئەو کاتێک ئەو، لەگەڵ بدەم ژیان بە مل ناچاربم منیش
((ئەوە پرسی: منەوەو، تەنیشت هاتە لابردو خۆشنوسییەکەی شتومەکەکانی
وتی: دیسانەوە پێکەنیم، دەمکوژێ))، خەریکە چاوەکانت دیسان بووە چی
دەبی)). جوانتر ڕۆژێك هەموو وا دەکەی چی تۆ ((مەحبوب
((هیچ، وتم: نوشتابووەوە، من لای بەرەو دابوو چەپیدا دەستی بەسەر خۆی
تەنیا مێردەکەم باشە)).
((هەر ئەوەندە؟))
ڕادەکێشا، خۆی لای بەرەو منی بوو، لەناخیدا ئەوەی و برۆکانی نیگاکانی،
بەم هات حەوشەکە دەرگای دەنگی نوقاند، چاوەکانم دایکردبوو، توند بارانێکی
چراکەی کەوتمەوە، دوور لێی منیش هەستاو لەجێگەکەی ڕەحیم شەوە؟!
خۆشی و چاك سڵاو دەنگی کردەوە، حەوشەکەی دەرگای ڕۆیشت، و هەڵگرت
خەسووم و دواتر گوێم لەفەرموو فەرمووەکەی بوو.
((بەه، بەه، گەورەت کردین، سەرچاوم هاتی، ئەوە چۆن بوو؟ ڕێگەتان
ونکردووە؟))
دەنگی زلی پیاوێکم گوێ لێبوو، ڕەحیم بە پەلە هاتە ژوورەوە: ((هەستە
مەحبوب هەستە، میوانمان هاتووە، کوڕە پوورەکەم لەگەڵ کوڕو کچەکەی
هاتوون)).
ئەوەندە هەوڵ بو بوو کە دەتگوت سەدری ئەعزەم هاتووە، ژوورەکەی بە پەلە
ڕێکوپێك کرد، شتومەکی نوسینەکەی خستەوە شوێنی خۆی، من چارشێوی
نوێژەکەم بەسەرمداداو ئامادەبووم هەتا لەگەڵ خزمی ماڵی مێردەکەم ڕووبەڕوو
ببمەوە، دەرگاکە کرایەوە، خەسووم وتی: ((نا، فەرموون، بەگیانت نابێ، سەرەتا
ئێوە بفەرموون)).
دوو زەلامی گەورە کە لەو زەلامانەی وا لەباخەکانی ماڵی مامم و باوکم ئیشیان
دەکرد، دەچوون، لەبەر هەیوانەکە وەستابوون، چاکەت و پانتۆڵی کۆنەو
هەرزانیان لەبەرکردبوو، پێڵاوەکانیشیان کە بە قەدەر کێشی خۆیان قوڕو گڵی

Scanned by CamScanner

هەلگرتبوو حەریك بوون دایاندەنان، هاتنە ژوورەوەو لەگەڵ خۆیان بۆنی باران و ئارەقەو بۆنی پێ و بۆنی جلەکانیان کە چڵکەکەی لەبەر باراندا خوسابوو هێنایە ژوورەوە، چڵکن و زەبەلاح بوون، لەشکڵ و شێوەو بۆنەکەیان تێك چووم، بەدوای ئەواندا ژنێکی گەنجی وردیلانە هاتە ژوورەوە، جوان نەبوو بەڵام نەدەکرا بڵێی ناشرینیشە، پێستی سەوزو چاوەکانی وردو لێوەکانی باریك و قەیتانی بوون، لووتی بەرز دەگرت، بەڵام خوێن شیرین و لەدڵ نزیکبوو.

ئەویش چارشێوو جلێکی باشی لەبەردا نەبوو، پێڵاوەکانی داناو هاتە ژوورەوە، چاوم بە گۆرەوییەکانی کەوت کە پینەی لێدرابوو، دڵم بۆی سوتا، پێشی کراسەکەی چەورو چڵکن بوو، ئەویش بۆنێکی تایبەتی لێدەهات، بەهەموو ئەمانەوە خزمی مێردەکەم بوون، دەبوایە رێزم لێبگرتنایە.

پیاوە زەبەلاحەکە بە دەنگێکی بەرز سڵاویکرد، وتم: ((فەرموون، سەرچاوم هاتن، سەفاتان هێنا)).

بەدوای ئەودا کچ و کوڕەکەیشی هاتنە ژوورێ، کچەکەی بە بزەیەکی جوانەوە سڵاوو چاك و خۆشی کرد، کەوتمە بیری رۆژی خوازبێنی کوڕەکەی عەتالدەولە، کەوتمەوە یادی خوشکی و براژنە جوانەکەی بەو چاوە شەرمن و پڕ لەنازانەی، دەی کوڕەکەم نەدەویست خۆ بە زۆر نەبوو.

پیاوەکان کە چاویان بە من کەوت کەوتنە ژێر کاریگەرییەوەو وەکو نۆکەر دەستیان لەسەر دەست داناو لەخوارووی دەرگاکەوە دانیشتن، بەڵام ژنەکە روودار بوو چووە سەرووی ژوورەوەکەوەو لەوەڵام بەخەسووم وتی: ((نە پووری گیان، نا، بەگیانی تۆ شێومان کردووە، خۆ شەرم ناکەین)).

بەهەموو ئەمانەوە لەگەڵ خەسووم چووینە مەتبەخ و یارمەتیمدا کەشەفێك چێشتی شەوکە مابووەوە ئامادەمان کرد، خەسووم رووی کردە من و وتی: ((نا، ئاوا باش نییە مەحبوب گیان، برۆ قاپێکی چینی لەقاپەکانی خۆت بێنە، من لەلای ئەوان شەخسییەتم هەیە)).

قاپەکەم هێنا بەڵام زۆر تووڕە بووم، نە بۆ هێنانی قاپەکە، بەڵکو دەیویست ئەو زەلامە زەبەلاحە لەگەڵ منداڵەکانی لای من گەورە نیشانبداتو من ناچار بکات ڕێزیان لێبگرم.

((مەحبوبە گیان، ئەمشەو تۆ سینی چێشتەکە بەرە، ئاخر تۆ خانمی ماڵی، چاوەڕوانییان لەتۆ هەیە، دەبێ زۆر ڕێزی کوڕە پوورەکەم بگری، زوو زویر دەبێ)). بەوردکردنی هەستی من هیچ‌وپووچی خۆی دادەپۆشی دەدا.

پرسیم: ((خانم، مەگەر پوورزاکەت ئیشی چییە؟))

وتی: ((نازانی، پارەو سامانی باشی هەیە، لەناو بازاڕی ئەوانەی جلی دووراو دەفرۆشن دووکانی هەیە، جلی دووراو دەفرۆشێ، سەیری ئەوە مەکە کە ماڵی لە"وەرامین"ە، ماڵێکی لەشاریشدا هەیە، سێ ژنی سیغە کردووە، لەسەرەتاوە لەوەرامین ڕەعیەت بوو، ئێستا نازانی لەو ئیشەی چ داهاتێکی هەیە، هەرسێ ژنەکەی لەشار ماڵی بۆ گرتوونو، خەرجیان دەکێشێ، پارەی نانو گۆشتو قەندو چایان پێدەدا، ئەوانیش جلی بۆ دەدوورن، داهاتی باشی هەیە)).

پرسیم: ((ئەی ژنی یەکەمی پێی ناخۆش نابێ؟ خەفەت ناخوا؟ قسەیەک ناکا؟))

بەمۆڕەیەکەوە سەیرێکی کردم: ((بۆچی ناڕەحەت بێ؟ نانی بەجێگەی خۆیەتی، ئاوی بە جێگەی خۆیەتی، خانمی یەکەمو دوایینی ئەوە، دوو منداڵی هەیە، ئیتر چی دەوێ؟ ژنە سیغەییەکان زەحمەت دەکێشن ئەو کەیفەکەی دەکا، دەڵێن هەتا ئێستا شەوێکیش لەلای سیغەییەکان نەخەوتووە، ماڵو ژیانی سەرەکی لەوەرامینە، سیغەییەکان کاری بۆ دەکەنو سەرچاوەی داهاتی ئەون)).

زانیم بۆچی ژنی سیغەکردووە، لەو بازاڕەدا کە جلی دووراو دەفرۆشن بە قوماشی هەرزان جل دەدوورن یان جلی کۆنە پینەو پەڕۆ دەکەنەوەو دەیفرۆشنەوە، کرێکاری هەرزانو خۆڕاییان دەستکەوتووە، ئەم پیاوە زەبەلاحە ئەو ژنە هەژارانەی سیغەکردووەو کاریان پێدەکات، کەسی وەک ئەو زۆر بوون، ژنەکانیش بۆ ڕکەبەرایەتی لەگەڵ یەکتریو بۆئەوەی سەرنجی پیاوەکەیان بۆ لای

Scanned by CamScanner

خۆیان ڕاکێشن شەوو ڕۆژ کاریان دەکردو بەرهەمی کارەکەیشیان دەدا بە مێردەکەیان بیفرۆشێ‌و ئەویش گۆشت‌و نان‌و سەرپەنایەکیان بۆ دابین بکا، لەوەی کە پیاوێک ئاگای لێیان بوو دڵخۆش بوون، بەنەفرەتەوە سینی شامەکەم چنی.

خەسووم وتی: ((ئاخر دەزانی چییە، من کاتێک چووم بۆ ماڵی ئەوان پێم ئەوتبوون تۆراوم، وتم هاتووم بۆ سەردانتان ئەگەر نەیەنەوە بۆ ماڵمان دڵگیر دەبم لێتان، خوشکەزاکەم زۆر ئینسانێکی شەریفە، سەیرکە ئەو هەژارانە لەوێوە زەحمەتیان کێشاوەو هێلکەو نان‌و ماستیان لەگەڵ خۆیان هێناوە)).

ماستەکە ئەوەندە ترش بوو نەتدەتوانی دەمی لێبدەی، نانەکانیش ئەستوورو کۆنە بوون، نازانم بۆچی بەلام بەزەییم بە ژنە سیغەییەکانیدا دەهاتەوە، بەرای من ئەو پیاوە وەکو زەروویەک وابوو کە لەو ژنانە خوێنی دەمژی، بەلام خەسووم هەر تاریفی دەکردو پارو پارو لەنانەکەی دەخستە دەمییەوە، دەتگوت بەڕاستی پێی خۆشە، وتی: ((بەیانی هێلکە دەدەم بە ئەلماس با گیانی تێ بێتەوە)).

لەژوورەکە دانیشتبووین، خەسووم چای تێدەکردو خوشکەزاکەی پیاوێکی بەساڵاچوو بوو بەردەوام قلیانی دەکێشا، بۆنی قاچ‌و ئارەقی جەلەکانی خەریکبوو دەیخنکاندم.

بە ئەسپایی چوومە ژووری خەوەکەوە، دەرگای نێوان دوو ژوورەکەم پێوەدا، پەنجەرەکەم دەکردەوەو بڕێک هەوای تازەم هەڵدەمژی‌و دەگەڕامەوە، دەمدی کە کوڕە پوورەکەی دایکی ڕەحیم پاڵی لێداوەتەوەو قلیان دەکێشێ‌و لەگەڵ خەسووم سەرقاڵی قسەکردنە، دەمدی کە کوڕکەی دەتگوت لەپشت کێوەوە هاتووە قاچی تا ناوەڕاستی ژوورەکە ڕاکێشا بوو، وەنەوزی دەدا، دەمدی کە مێردەکەم هەر سەیریان دەکات، کچە پوورەکەی خەریکی خۆ نواندن بوو، هەر سەرخۆشم نەهێنا، بە خۆم دەگوت هەڵەدەکەم، توخوا ئەوە بەشەرە؟ پێم دەگوت: ((فەر موون چا بخۆنەوە، خانم)).

((دەستتان خۆشبێ، خواردم)).

ڕەحیم بە لەحنێکی پڕ مانا بەمنی وت: ((ناوی کەوکەبە، پێی بڵێ کەوکەب گیان)).

دەتگوت خۆی بەکەوکەب گیان بانگی دەکا، بەداری دەگوت هەتا دیوار گوێی لێبێ. زۆر تووڕە بووم، کەوکەب سوچی چارشێوەکەی جۆرێك گرتبوو کە ڕووی لەمن‌و ڕەحیم بوو و پشتی لەباوکی‌و براکەی دەتگوت شەرم لەوان دەکات، چاوی لەرەحیم بڕی‌و بە ئارامی وتی: ((ئاغا ڕەحیم، ماشاڵا هەموو شتێکتان باشە، زەوقیشتان باشە، چەندە ژنەکەت جوانە)).

((وەك تۆ نابێ)).

گڕمگرت، ڕاست دەڵێن کە خوێن بەرچاوی مرۆڤ دەگرێ، لەوکاتەشدا خوێن بەرچاوی منی گرتبوو، چونکە هیچم نەدەبینی، دەتگوت لەنێوان پەردەیەکی گراویدا سەیریان دەکەم، لەبەرچاوی من قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، بەبیانووی بوونی من لەگەڵ یەك قسە دەکەن‌و دەڵێی باوکی‌و براکەی‌و خەسوومی لێنییە، سەرقاڵی قسەوباس لەدنیایەکدا بوون کە من خووم پێنەگرتبوو، خەریکی قسەی هیچ‌وپووچ بوون.

لەنرخی بازاڕ، لەپشت ئێشەی دایکی کەوکەب، لەگرانی قوماش، لەوەی کە ژنێك لەسیفەکانی لەتە قوماشی دزیوەو چل کوتی دروست کردووە، لەوەی ئەگەر ژنەکان باش کاریان بکردایە داهاتی باوکی لەوە باشتر دەبوو، لەکارکردنی کەرەم لەمەزرای ئەلا یار خان. کاتی خەو هات، خەسووم وتی: ((مەحبوبە گیان، من ئەمشەو منداڵەکە دێنم بۆ لای ئێوە بخەوێ، خۆم لەناو هەمبارەکە دەخەوم، ڕوویکردە پوورزاکەی‌و وتی: تۆیش لەگەڵ کەرەم لەژوورەکەی من بخەون، بۆ کەوکەب خانمیش لەبەرهەیوانەکەدا جێگە ڕادەخەین)).

کوڕە پوورەکەی خەسووم بەبەژنە زەبەلاحەیەوە لەجێگەکەی هەستا، وا ڕەچاودەکرا کە نیوەی ژوورەکەی پڕکردبێتەوە، هەر بەو دەنگە گەورەیەوە وتی: ((دەی ژوورەکەی تۆ لەکوێیە؟ من‌و کەرەم بۆ کوێ بڕۆین؟))

زۆر بێ شەرم بوون، بەدەستی راستی پانتۆڵە فشەکەی بەدەستەوە گرتبوو هەتا لەقاچی نەئاڵێ. وەکو ژنێك کە داوێنی کراسەکەی دەگری.

کەرەم کە سیانزە تا چواردە ساڵ تەمەنی دەبوو و تەنانەت سڵاویشی نەکردبوو وەکو گورگێك کەوتە دوای باوکی. ڕەحیم‌و دایکی هەر خزمەتییان دەکرد. نەمدەزانی بۆچی ئەو کابرا زەبەلاحە ئەوەندە شایانی ڕێزە لای ئەوان، هیچم جگە لەوە بۆ نەدەمایەوە کە بڵێم لەخوێنی یەکن، ئەوە ئەو هێمایە بوو کە مێردەکەی من تێیدا گەورە بووبوو گەشەی کردبوو، لەگەڵ خوێنی تێکەڵاو بووبوو لەژیان‌و لەو دنیایەدا چێژی وەردەگرت‌و هەستی بە ئاسایش دەکرد، ئەمانە هەر ئەو پینانەبوون کە دایکم دەیگوت لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە یەك ناگرنەوە، ئەو پاروانە بوون کە نێزهەت دەیگوت هی ئێمە نین، هەر ئەو بێ ناوەڕۆکانە بوون کە باوکم دەیگوت، ئەو دیوی سکەکەبوو، ئەو قوڕەبوو کە جەوهەری ڕەحیم لەگەڵی شێلدرابوو و من ویستبووم‌و دەمویست.

من مامەوەو کەوکەب‌و ڕەحیم، ڕەحیم لەکاتێکدا کە دەچووە ژووری خەوەکە وتی: ((ئێستا دۆشەکت بۆ دێنم)).

دەتگوت چاوی من نابینێ، دەتگوت من هەر نیشم، کەوکەب بێ ئەوەی کە سەرنجبداتە من وتی: ((ئای، دەترسم پشتت بێتە ئێش)).

ڕەحیم گەڕایەوە، بە بزەو پرچە شێواوو چاوە پڕ ماناکانی‌و ملیوانی کراوەوە سەیرێکی کردو وتی: ((زۆر بەزەییت پێمدا دێتەوە؟!))

ئەو پێکەنی‌و وتی: ((زۆر)).

چوومە دوای ڕەحیم‌و دەرگاکەم پێوەداو بە توندی وتم: ((یانی چی ڕەحیم، خۆ ئێمە جێگاوبانمان بۆ نەماوە!))

بەدەست ئیشارەتی بۆ جێگەکانی خۆمان کرد، چاوە شەیداکانی کە لەو ژوورەدا تاریکبوو بوو بە چاوم کەوت: ((ئەی ئەوانە چییە؟))

((ئەمانە هی خۆمانە)).

((دەی هی خۆیشمان بێ، خۆ لەگەڵ خۆیان نایبەن)).

((ئەی ئێمە لەکوێ بخەوین؟))

((لەسەر زەوی، خۆ شەوێك نابێ بە هەزار شەوەوە، بەلای ناخێریانەوە خزمن، بۆ میوانی هاتوون بۆ لامان، من خۆ لەژێر بەردەوە دەرنەهاتووم!))

((ئاخر...))

((ئاخر نییە، نارەحەتی؟ ئێستا دەڵێم هەستن بچن بۆ ماڵی خۆتان، ژنەکەم جێگەوبانتان پێ نادا)).

بەرەو لای دەرگاکە کەوتەڕێ قۆڵیم گرت،((ڕەحیم!))

بەجوڵەیەکی توند قۆڵی خۆی لەدەستم دەرهێنا، ((لێم گەڕێ، من ناتوانم دوو میوان بێنمەوە ماڵەکەی خۆم؟))

((وامەکە ڕەحیم گیان، وامەکە، دەنگت نزم کەرەوە، عەیبە، حەیامان دەچێ، میوانەکە گوێی لێدەبێ، دەی باشە ئەوە جێگەکان بیانبە)). بە ئارامی گەڕایەوەو هەر سێ دەستە جێگاوبانەکەی بەکینەوە کێشایە دەرێو لەگەڵ خۆی بردنی، ئەو جێگاو بانەی کە من لەگەڵ خۆم هێنابووم، بردنی بۆ خزمەکانی ڕاخست، دڵنیابووم کە بەیانی پڕدەبێ لەئەسپێ، نەمدەزانی کە ئایا دەتوانن لەناو ئەو جێگاوبانانەدا بخەون یان نا!.

جێگەکەی کەوکەبیشی هەر لەناو بەرهەیوانە کە ڕاخستو لێفەکەی منیشی پێدادا، ((فەرموون کەوکەب خان، دەبێ ببورن)).

((دەستتان خۆشبێ)).

لەگەڵ ڕەحیمو کوڕەکەم لەسەر زەوی خەوتینو چارشێوو پشێنەکەم لەناو سندوقەکە دەرهێناو بە خۆماندادا.

ڕەحیم وتی: ((پشتێنەکە بە منداڵەکەدا بدە من نامەوێ)).

((ئاخر سەرمات دەبێ ڕەحیم هێشتا هەوا ساردە)).

((من سەرمام نییە، بخەوە، ئەو منداڵە بۆچی ئەوەندە نوکەی دێ، لەدەمی دەدەم ها!))

Scanned by CamScanner

((ئەیەرۆ مەکە رەحیم، منداڵەکەم ددانی دەردێ))، پشتی تێکردم‌و بە ڕقەوە لەسەر زەوییەکە خەوت.

تازە چاوم گەرم دەبوو کە ڕەحیم بە ئەسپایی لەجێگەکەی هەستا، دەرگاکە بە ئارامی کرایەوەو پێوەدرایەوە، خوێنێکی داخ بە گوشارەوە رژایە دڵم، وشکبووم، لەوانەیە خەوم دیبێ. بەڵام نا، بەخەبەربووم، بۆچی ئەوەندە دڵ پیس بووم. لەوانەیە چووبێتە ئاودەست، بەدڵنیاییەوە، بە دڵنیاییەوە هەروایە. بۆچی ئەی شەوەکانی تر نەدەڕۆیشت؟ بۆچی شەوانی تر هەر بیریشم لەو شتانە نەدەکردەوەو، گومانم تێدا دروست نەدەبوو، بەڵام ئەی بۆچی دەنگی دەرگای تالارەکە نەهات کە بڕواتە دەرەوە.

دەنگی پێکەنینێکی ئارام کەوتە بەرگوێم، دەنگی پێکەنینی ژنێك‌و هیچی تر، لەجێگەکەم هەستام‌و دانیشتم، دنیا لەبەرچاوم لێڵ‌و تاریکبوو، نە دەگریام، نا، ئیتر جێگەی گریان نەبوو، تازە لەو قسانەدا نەمابوو، هەستم بە خنکان دەکرد، لەبەخیلی بوو؟ نا، لەغیرەت بوو، لەو سووکایەتییە بوو کە بە من کرا، ئەگینا هەر ئەو ساتە رەحیم دەرگاکەی کردەوە ئیتر بۆ من مرد، پەنجەرەکە بکەمەوە؟ نا، کوڕەکەم سەرمای دەبێ، چۆن توانی؟ ئەویش لەگەڵ ئەو ژنە، سەرتاپێی چڵك‌و سوك‌و چروك، چۆن ئەوی لەمن بە باشتر زانی؟ چۆن توانی؟ لەماڵەکەی مندا لەجێگەکەی مندا. لەپاڵ ژوورەکەی مندا. چەندە بێ شەرم، چەندە سووکم دەکا... بەڵام نا خەیاڵاوی بووم، ئێستا لەقادرمەکان سەردەکەوێ‌و من لەو بیرانەی کە کردمەوە شەرمەزاردەبم... ئەی بۆچی نەهات! چارەکێکی پێ چوو، نیو سەعات... سەیری چواردەوری ژوورەکە دەکەم، دەڵێی یەکەمجارمە کە ئەو ژوورە دەبینم، دەڵێی یەکەمجارمە ئەو ماڵە دەبینم، خۆم لەکوێدا دەبینم، سەیری کوڕەکەم دەکەم کە بێ تاوان‌و ئارام بە جلی چڵکنەوە کە دایە گەورەی وای لێکردبوو لەسەر زەوی خەوی لێکەتووە، دڵم زۆرتر بۆ ئەو دەسووتا، بۆ کوێ بڕۆم؟ چی لێبکەم؟ لەم جەهەنمە داینێم یان لەگەڵ خۆم بیبەم، چۆن مێردەکەی من ئەم ژنە لەکچەکەی بەسیرولمولك بە باشتر دەزانێ؟ لەکچەکەی بەسیرولمولك

Scanned by CamScanner

بەو چاوو برۆ بەو بۆنو بەرامەوە! ئاخ خۆزگا دەمردم، کلفەتەکەی ماڵی دایکم لەو ژنە خاوێنترو بەڕێزتر بوو، ئەگەر باوکم بزانێ، نا، بۆچی باوکم بزانێ؟ تەنیا ئەوەندە بەسە کە دایە بزانێ... چەندە ئەو پیاوەم خۆش ویستو ئێستا!.....
ئەگەر دەرگای ژوورەکە بکەمەوە چی دەبینم؟ خوایە تۆڵەم لێدەسێنیتەوە؟ ئەی پیاوی بێ شەرەفو ویژدان، وتم چاکی دەکەم بەڵام نەمکرد، نەمدەزانی خودی پیاو گۆڕانی بەسەردا نایەت، نەمدەزانی ئەگەر باشبێ هەموو کاتێ باشدەبێو ئەگەریش خراپبێ هەروا خراپ دەمێنێتەوە، بەڕووداریيەکەوە بە من دەڵێ: ناتوانم دوو میوان بێنمەوە ماڵەوە، ئەم ماڵە ماڵی تۆیە؟ ئەی بێ شەرەف... ئەویش وەکو دایکی وایە، بێ شەرەفو بێ ئابڕوو، چاکەو خراپە نازانێ، حەیای نییە، سپڵەیە، چیمکرد بەخۆم؟ باوکم ڕاستی دەگوت کە ئەم هەتیوە لەبنەماڵەیەکی باش نەهاتۆتەوە دەرەوە، چەندە پێی وتم، چەندە قسەیان لەگەڵ کردم، ئێستا دەبێ بیکێشم، خۆم بەسەر خۆم هێنا، خوایە ئەو گووە چی بوو خواردم... لەکوتوپڕێکدا وشکبووم، ئارەقەی لەشم ساردبووەوە، ئەوە هەر ئەو دووعایەی باوکم بوو کە لێی کردم؟ هەر ئەو دووعا شەڕە؟ چەندە زوو گرتمی، ئاخ ئاغا گیان چ هەڵەیەکم کرد، خوا بە لەعنەتت کات مەحبوبە بۆ ئەویندار بوونت، سەعاتێك تێپەڕی سەرم لەناو دەستمدا گرت، ئەرۆژ بووەوەو نە ڕەحیم هات، ڕاکشام، لەتەنیشت کوڕەکەمەوە، لەناوەڕاستی ژوورەکەداو بە چاوی کراوە لەشووشەی پەنجەرەکەوە چاوم لەئاسمان کرد ئەوەندە چاوم لەئاسمان کرد هەتا ئاسمان خۆڵەمێشی بوو.

دەنگی دەرگاکە هات، چاوەکانم لێکنا، ڕەحیم هاتو بە ئەسپایی لەلام ڕاکشا، بەیانی حاڵم باش نەبوو، ژانە سەرم هەبوو، چوومەم مەتبەخو خۆم سەرقاڵی یارمەتیدانی خەسوومکرد، حەزم نەدەکرد چاوم بە ڕووخساری ئەو ژنە چڵکنە بکەوێ، نەمدەویست چاوم بە ڕەحیم بکەوێ.

ڕەحیم کەنەڕۆیشتبووە سەرکار لەنەبوونی من لەژوورەکە ناڕازی نەبوو، دەهاتو دەڕۆیشت قسەی دەکرد، دەنگی قسەو پێکەنینی لەگەڵ میوانەکان

Scanned by CamScanner

دەهات، نانی بەیانیان خواردو نەڕۆیشتن، ئەی بۆچی ناڕۆن؟ دڵم پڕ بوو، دڵم خوێنی لێ دەتکا. کاتی نیوەڕۆ گەیشت، خەسووم وتی: ((تۆ برۆ ژوورەوە، باش نییە، پێیان ناخۆشە، من چێشتەکە تێدەکەم)).

((نە خانم، ئێوە برۆن، من هەر لێرەدەبم)).

لەناکاو کەوگیرەکەی داناو دەستی لەکەلەکەیناو وتی: ((چیتە مەحبوبە؟ دیسانەوە مۆنی؟ لەبەر میوانەکانی منە کە شەوێکە لێرەن؟))

وتم: ((لێمگەڕێن خانم، تاقەتم نییە، ئێوە ئیتر بیبڕنەوە، خۆم تووڕەم...))

دەمی کردەوەو وتی: ((تورەی؟ چی بووە کە....))

پشتم تێکردو لەقادرمەکان سەرکەوتم، قاچەکانم بەتوندی دەدا بەسەر قادرمەکانی مەتبەخەکەدا، لەسەر قادرمەکان لەگەڵ رەحیم بەرەو روو بوومەوە، بە ئارامی و بە پەلە وتی: ((سەیرکە مەحبوبە، نەهێڵی ئەمشەو برۆنەوە، زۆریان لێبکە بمێننەوە، هەتا تۆ نەڵێی نامێننەوە)).

چەندە پیاوێکی بێ شەرەف بوو، چۆن دانەدەڕزا؟ حەزم دەکرد بڵێم نامێننەوە بە جەهەننەم . بەڵام ئەگەر ئەوەم بوتایە دەبوایە شیم بکردایەتەوە کە بۆچی حەز دەکەم برۆن، ئەوکاتە رەحیم بێ چاوو پرووتر دەبوو، پەردەی حەیا دەدڕا، لەوانەیە منیش هەڵەمکردبێ... لەوانەیە.... لەوانەیە. بەڕقەوە لێوەکانم بەیەکەوە نوساندو بەتوندی سەیرێکم کردو دوورکەوتمەوە.

پێویستی نەکرد خولقیان بکەم، خۆیان بێ خولق مانەوە.

ئەمشەو کەوکەب قێزەونتر بوو، بە خەسوومی وت: ((ئەمشەو ئیتر سەرەی منە، تۆ لێتناوە، منیش قاپەکان کۆدەکەمەوەو دەیانشۆم)).

خەسووم رووی کردە منو وتی: ((سەیرکە چ کچێکی کەیبانووە، ماشاڵا زیرەكو ئازایە)).

بەڕاستی قسەکانی ژەهراوی بوون، رەحیم وتی: ((کەوایە منیش یارمەتیت دەدەم)). قاپەکانیان لەبەرێکەوە بردە دەرێو زۆرتر لەوەی کە پێویستبوو پێیان چوو تا گەڕانەوە، رەحیم شێواوو کەوکەب بێدەنگ، دەمویست کە لەجێگەکەم

هەستەو بلێم خۆم ئەو نیشە دەکەم بەلام نەمدەتوانی، قاچەکانم ساردبووبوونەوە، وەکو دوو بەردیان لێهاتبوو، خەسووم یان نەیدەزانی یان خۆی گێل دەکرد.

کورە پوورەکەیان قلیانی دەکێشا، چای دەخواردەوەو لەتەماعو زۆر خواردنی ژنە سیغەییەکانیو لەو ژنەی کە لەهەموویان زیرەکتربوو نەخۆش کەوتبوو قسەی دەکرد سەرم سوڕما بوو، کوڕە بێ عەقڵەکەی کە لەحەوت دەوڵەت ئازاد بوو دیسانەوە بەو گۆرەوییە بۆگەنانەی قاچی تا ناوەڕاستی ژوورەکە درێژکردبوو و وەنەوزی دەدا، دیسانەوە کاتی خەو هات، من خۆمدا لەخەو، ئەویش خۆیدا لەخەو، وا چاوەڕوان دەکرا ئەمشەو خەمی بەخەبەربوونی منی نەبێ، چونکە چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە من خەوم لێبکەوێ بە ئەسپایی لەجێگەکەی هەستا، دیسان دەنگی دەرگاکە هاتەوەو عەزابەکە هاتەوە لام کە لەسزای مەرگ ناخۆشتر بوو، هەر ناکرێ باسی لێوە بکەم، دیسانەوە سەرم گەرم بوو، هەناسەکانم کەوتنە ژمارە، هەوڵم دەدا هەناسە هەڵکێشم، دیسانەوە دنیا لەبەر چاوم لێڵبوو، هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا، خوایە ڕزگارمکە، ئاخ چ هەڵەیەکم کرد، چ هەڵەیەکم کرد.

دیسانەوە بەیانی نەمدەتوانی هەستم، سەیری ڕەحیمم نەدەکرد، وەکو کەلاکێك وا بووم، لەئاوێنەکەدا سەیری خۆمم کرد، ڕەنگ بەڕوومەوە نەمابوو، پێم سەیر بوو، هەر منداڵێك حاڵی منی دەزانی، زۆر سەیر بوو ئەو مرۆڤانەی کە وەکو کرم لێك دەئاڵانو ئەو مرۆڤانەی کە لەشارستانیەت زۆر دوورتر لەخەڵکبوون ئەی ئەوان بۆ منیان نەدەدی، سەریان لەناو ئاخوڕدا بوو، من مریشکێك بووم کە دەبوو هێلکەی ئاڵتوونییان بۆ بکەم، هەر ئەوەندەیان بەس بوو.

ڕۆژی سێهەم بوو، لەمەتبەخ بووم، هەر خۆم دەخلافاند، ڕەحیم لەقادرمەکان هاتە خوارەوە، دەیویست لەگەڵ من قسە بکات، حەزم نەدەکرد چاوم پێی بکەوێ، هەر لەو کاتەدا دەنگی پێی دایکی لەحەوشە هات، هاتو لەسەر

قادرمەی مەتبەخەکە راوەستا، رەحیم بە پارانەوە وتی: ((مەحبوب گیان، خولقیان بکە ئەمشەویش بمیننەوە)).

((خۆت خولقیان بکە، من چ کارەم؟))

((ئاخر هەتا تۆ خولقیان نەکەی نامیننەوە)).

پشتم تێکردو وتم: ((دوێنێ شەو بێ خولقی باشیش مانەوە)).

((بەڵام ئێستا کورە پوورەکەمان دەیەوێ بڕوا)).

وتم: ((ئێستا؟ بەم نیوەڕۆیە؟ ئێستا کاتی ڕۆیشتنە بۆ وەرامینە؟ مەترسە، ئەگەر تۆیش بڵێی بڕۆن ناڕۆن)).

دایکی کە لەوبەرەوە راوەستابوو بەشەلەشەل لەقادرمەکان هاتە خوارەوەو بەتوندی وتی: ((خولقی چی دەکەن، باوکم لەقەبر دەرهات ئەوەندە مەنجەڵم ئەمدیوو ئەودیو کرد)).

بۆ یەکەمجار حەزم دەکرد دەست بخەمە دەوری ملیو رووخسارە چرچو لۆچەکەی ماچ کەم، وەکو فریشتەیەکی رەحمەت وا بوو کە خوا لەئاسمانەوە ناردبێتی، رەحیم دەنگی بەرز کردەوەو بەرەو لای دایکی ئاوڕی دایەوە: ((پەیوەندی بە تووە نییە؟ نایەوێ تۆ مەنجەڵ ئەمدیوو ئەودیو بکەی)).

کاتێک کە بەرژەوەندی خۆی تێدابوایە چاوی لەڕێزی دایکایەتیش دەنووقاند، باش دەیزانی دایکی دەم کوت بکات، کاتێک دایکی خۆش دەویست من لەئارادا بوومایە، قسەم نەدەکرد، ئیتر نەمدەگوت بیدەنگبن بە سووک قسە بکەن، ئیتر نەمدەگوت ناشرینە میوانەکان دەیبیستن، چونکە تاوانی ئەم دەنگە دەنگە لەئەستۆی من نەبوو، من لەمیوانداری کەمم نەهێنا بوو، لەهیچ ڕوویەکەوە، دایکی لەکاتێکدا ملو کەلەکەی دەسووڕاند وتی: ((ئێستا چی بووە وا کورە پوورەکەت ئەوەندە ڕێزی هەیەو لات خۆشەویستە؟))

رەحیم لەقسەکەی تێگەیشتو وتی: ((دەمت داخە)).

من خۆمم سەرقاڵی فوکردن لەدارەکانی ژێر مەنجەڵەکە کردبوو.

((دای ئاخەم، باوکم لەقەبر هاتە دەری، ئاھا لەم هەمارەدا کیژ شەوانە چیم لێدەکەن))

قۆڵی کراسەکەی هەڵماڵی بەراستی هەموو گیانیان کردبوو بە لیر، تەواوی دەستی تۆپەڵ تۆپەڵ سوور بووبووەوە، درێژەی بە قسەکانیدا: ((تەواوی لەشمیان لەتوکوت کردووە، شەو هەتا بەیانی بەخەبەرم، سەر سینگ و پشتم دەخورێنم. پێت دەڵێم خولقیان مەکە، ئەگەر ماشنەوە من دێم بۆ تالار لای کەوکەب دەخەوم)).

رزگار بووم، میوانەکانمان ڕۆیشتن، رەحیم لەگەڵیان ڕۆیشت هەتا بەڕێیان بکات.

نیوەڕۆ بوو، لەگەڵ خەسووم لەژوورەکەدا دانیشتبووین، کوتوپڕ خەسووم پرسی: ((مەحبوب چەندە زەرد هەڵگەڕاوی! هەڵپڕوکاوی!))

پێم وابوو ئەویش ئەم چەند شەوە لەدەست میوانەکان عاجزەو هاودەردیم لەگەڵ دەکات هەر بۆیە دام لەپرمەی گریان و وتم: ((لەدەستی رەحیم)).

((رەحیم؟ چی کردووە؟))

بە هەنسکدان وتم: ((چیکردووە؟ شەوانە دەچووە لای کەوکەب)).

وتم و پەشیمان بوومەوە، خەسووم چاوی داقلیشاند: ((ئەیەڕۆ، ئێستا ئیتر قسەمان بۆ دروست دەکەی؟))

((قسەی چی خانم، چ قسەیەک؟ هەر ئەوەیە کە دەیڵێم)).

بە ئارامییەوە وتی: ((نە گیانەکەم، خەیاڵاتی بووی، نە رەحیم ئەو کارانە دەکا نە کەوکەبیش)).

((دەی خۆم دیم خانم، من خۆ منداڵ نیم، شەوانە هەتا بەیانی بەخەبەر بووم)).

((دەی ئەگەر راست دەکەی، با بچویتایە یەخەیت بگرتایەو لەناو جێگەکەدا بتهێنایەتە دەری، بۆچی وات نەکرد؟ بۆچی حەیای هەردووکیانت نەبرد؟))

Scanned by CamScanner

ڕاستی دەگوت، بۆ نەچووم، چونکە نەدەکرا، هەرگیز نەمدەتوانی، نەمدەتوانی کاری وا بکەم.

((دەترسام باوکی کەوکەب بێت و خوێنێک بڕژێ)).

((نە گیانەکەم لەوە دەترسای کە مارەی بکات)).

((مارەی بکات؟ ئەو زبڵە؟ مەگەر من بمرم ئەو مارە بکات)).

ناڕەزایەتیم دەردەبڕی و لەخۆم بێزار بووم، بۆ شتێک شەرم دەکرد کە بایەخێکی بۆم نەبوو بە هەموو ئەمانەوە حەزم دەکرد سەرکەوم.

((بۆچی نابێ مارەی بکات؟ بۆچی ناڕەحەت دەبی؟ مەگەر ئەو ناڕەحەت بوو کە دەزگیرانەکەیت لەچنگ دەرهێنا؟ مەگەر تۆ ڕەحیمت فریونەدا؟))

((من فریوم نەداوە، خۆی ئەوی نەدەویست، ئێستا لەمن تێر بووە کەوتۆتە دوای ئەو)).

خۆم لەو وشە سوکانەی لەدەمم دەهاتە دەرێ و لەدەمەدەمێ لەگەڵ ئەو ژنە سەرم سوڕما بوو، دەمزانی هەنگاو بەهەنگاو لەزەلکاو دەچەقم و نەمدەتوانی ڕێگە لەزمانی خۆم بگرم، بە پێکەنینەوە وتی: ((چۆنە هەموو شتێک بۆ تۆ باشە بەڵام بۆ کەوکەب خراپە، دەی کابرا شتی چاکی دەوێ، کوڕەکەم جوانە کچان و ژنان وازی لێ ناهێنن، خەتای ئەو چییە؟ چۆن بۆ تۆ باش بوو بۆ کەوکەب خراپ، هەرکەسێ پارەی نەبێ دڵیشی نییە؟))

لەجێگەکەم هەستام: ((هەتا من ببم لەلای تۆ دەردی دڵناکەم، من ئەمڕۆ لەگەڵ ڕەحیم قسەی خۆمان یەک لای دەکەینەوە)).

وەکو شێرێکی بە نەعرەتە لەژوورەکەدا سەروخوارم دەکرد، دایکی لەحەوشەدا هەر هات و چووی دەکردو بۆڵەی دەهات، کوڕەکەم جاری وا بووە دوای ئەو دەکەوت و جاری واش هەبوو دەهات بۆ لای من، لەهەڵس وکەوتی ئێمە تێ نەدەگەیشت.

دەرگاکە کرایەوە، ڕەحیم هاتە ژوورێ و بەدایکی وت: ((ڕۆیشتن، ئێستا ئارامت گرت)).

Scanned by CamScanner

دایکی وتی: ((بۆچی ئارام بگرم؟ ژنەکەت ئارامتر بووە؟ وەرە بزانە لەبەیانییەوە چیکردووە؟))

ڕەحیم وتی: ((گو دەخوات)). بە تووڕەییەوە هەر قادرمەیەکی کرد بەدوان و هاتە سەرەوە، هەوا فێنک و بەهاری بوو، بۆنی بەهار دەهات، دەرگای ژوورەکەی کردەوەو هاتە ماڵەوە، بەرامبەرم وەستا و وتی: ((ئاخر پێم بڵێ قسەی حسابی تۆ چییە؟))

پرسیم: ((بەراست نازانی چییە؟ داناپڕزێی؟))

((چیم کردووە کە دابڕزێم، مەگەر کەسم کوشتووە؟))

((وا بیردەکەیتەوە کە من بێ عەقڵم؟ نەمدەزانی شەوانە بۆ کوێ دەڕۆی؟))

تەنانەت حەزم نەدەکرد ناوێشی بێنم، چاوەڕوان بووم کە ڕەحیم حاشای لێبکات، بیسەلمێنێ کە من هەڵەم کردووە، بەڵام زۆر بە ئارامی وتی: ((دەی ڕۆیشتم زۆر کارێکی باشم کردووە، ئێستا دەڵێی چی؟))

چاوم خەریکبوو دەردەپەڕین، قیژاندم: ((چۆن کارێکی باشت کرد؟ حەیا ناتگرێ؟ ژنەکەت وێڵ کردو هێشتا خەریکی بێ چاوڕووییش دەکەی؟ ئەی ئەو بەتۆی نەگوت بڕۆ لەبەرچاوم ونبە؟))

((نا، چۆن دەڵێی، ئەو خۆشی دەوێم)).

پشتم تێکردو لاسایم کردەوە: ((خۆشی دەوێم، بەسە ڕەحیم، دابڕزێ، ئەو ژنە شەرمی نەکرد؟ چۆن هێشتی؟))

((مەگەر تۆ شەرمت دەکرد؟ تۆیش وەکو ئەو وابووی!))

((مەگەر چیم کردبوو؟ هاتبوومە ژوورەکەتەوە؟))

((ئاوت دەست نەکەوت دەنا مەلەی باشتدەزانی)).

ڕاست تیرەکەی لەدڵمدا، خۆم بە خۆمم کرد لەعنەت لەخۆم، وتم: ((ڕاست دەکەی، ژنێکی داوێن پیسی وەکو من هەر دەبێ مێردێکی وەکو تۆی هەبێ)).

دەنگی بەرزکردەوە: ((زمانت درێژ بووە؟ هار بووی؟ چییە؟ چیت لەگیانم دەوێ؟))

Scanned by CamScanner

چاوی داقڵیشابوو، وەکو حەیوانێکی نێر وابوو کە جووتەکەیان لێ جیاکردبێتەوە، ئاخ چەندە رقم لەو لەش‌ولارە زەبەلاحەی بوو، ئایا ئەوە هەر ئەو رەحیمەبوو؟ وتم: ((هیچ، هیچم لێت ناوێ، برۆ هەر کارێك دەیکەی بیکە، ئیتر نامەوێ بتبینم)).

دایکی هاتە ژوورەوە: ((کەوایە ناتەوێ بیبینی، حەزت لەکەسی ترە)) رووی کردە رەحیم.

((ئەگەر دوو منداڵی دیکەشت بخستایەتە داوێنییەوە، ئاوا زمان درێژ نەدەبوو، ژن ئەگەر بە منداڵەوە نەبەسترێتەوە هاردەبێ، ئەگەر هەموو رۆژێ ناچار بێ پەڕۆبەگوو بشوات ئیتر ناپرژێتە سەر ئەوەی کە قسەوقسەلۆك دروست بکات‌و بەمێردەکەی بڵێ لەکوێ بووی؟))

بەکینەوە چوومە حەوشە هەتا کوڕەکەم ئارام بکەمەوە، لەپەنجەرەکەوە وتم: ((خانم، ئێوە دەخالەت مەکەن، رێزی خۆتان رابگرن)).

بای بەهار کایەی بەسوچی لەچك‌و کراسەکەی دەکرد، من بەهارم هەست پێنەدەکرد، بۆنی گوڵەکانم هەست پێنەدەکرد، جوانی‌و گەورەیی ئەم وەرزەی سروشتم نەدەدی، ڕوویکردە پەنجەرەکەو وتی: ((تۆ رێزت بۆ ئێمە هێشتۆتەوە؟ من دەزانم بۆ تووڕەی، دەزانم بۆچی بیانوو دەگری، دەتەوێ رەحیم بچێتە ناو نیزام، دڵت بۆ ئەو ناسووتێ، تەنیا دەتەوێ کە جل‌وبەرگی نیزامی لەبەر بکات‌و بیێتە خاوەن ناوو تۆیش جلی جوان لەبەربکەی‌و بەسەر خەڵکدا فیزبکەی، مەترسە ئەو کەسە پەیدا دەکەی، تۆ ئەوەندە گێل‌و حۆل نیت)).

دەستەکانم لەڕووی بێ توانایییەوە بەرزکردەوە وتم: ((ئەی، خوایە)).

لەهەردوو لاوە گەمارۆ درابووم، ئێستا تاوانباریش کرابووم، رەحیم وەکو ورچێك کە پێکرابێ لەجێگەکەی خۆی هەستا. ((کوا؟ لەکوێیە کراسەکەی؟))

قیژاندم وتم: ((مەکە رەحیم، کارت بە کراسەکەم چییە؟))

کراسەکەم زۆر خۆش دەویست، کردبووم بە بزمارێکداو چارشێوێکی کۆنم پیا دابوو هەتا تۆز لێی نەنیشێ.

Scanned by CamScanner

بەچەند هەنگاوی گەورە چووە ژووری خەوەکەوە، نەمتوانی پێی بگەم. چارشێوەکەی لاداو کراسەکەی هەڵگرت، ملیوانی کراسەکەی گرت هەتا هەڵیتلیشینێ.

هێزی پێی نەدەشکا، وەکو حەیوانێك بەددان کەوتە گیانی کراسەکەو بەهەر دوو دەستی کێشای و دڕاندی و لەپەنجەرەکەوە فڕێی دایە ناو حەوشەکەوەو وتی: ((وەرە ئەمەش لەکراسەکەت، مەگەر بەخەو بیبینی من بچمە ناو نیزام)).

لەو تێر بووم، بێزار بووم، لەحاڵێکدا کە هەنگاوبەهەنگاو لێی نزیك دەبوومەوە چاوم تێبڕی و بەئارامی پێم وت: ((هەڵەمکرد بووم بەژنی تۆ، بڕۆ ئیتر ناوی من مەبە، بڕۆ بۆ لای کەوکەب گیانت، تۆ هەر ئەو ژنانەت قابیلە، هەر بڕۆ مارەیکە، لەعنەتم لێبێ ئەگەر بڵێم بۆچی؟))

نەمدەزانی کە ئایا منیش لەبەرچاوی رەحیم ئەوەندە ناشرین بووم یان ئەو وابوو، هەتا ئەو رادەیە قێزەون؟ قیژاندی: ((دەڕۆم مارەی دەکەم، بەکوێرایی چاوی تۆیش بووبێ مارەی دەکەم)).

((بە جەهەننەم)).

هەتا ناوەڕاستی ژوورەکە چوو گەڕایەوە وتی: ((ژنهێنان پارەی دەوێ، کوا پارەکان؟)) بەدوای پارەی ناو تاقەکەدا دەگەڕا، لەوێ نەبوو، قیژاندی: ((وتی، پارەکانت لەکوێ داناوە؟))

((کۆتایی مانگە، چ پارەیەك؟ هەمووتدا بە خواردەمەنی بۆ خزمەکانت)).

((دەستم خۆشبێ، چاوت دەربێ، لەکوێیە؟ ئەم خاوەن مردووە لەکوێیە؟))

کلیلی دەرگای سندوقەکەی دەویست کە ئەو کاتەی دایکی هاتە ماڵمان دامدەخست و دەمخستە ژێر فەرشەکەوەو هەر کات لەماڵ بچوومایەتە دەرەوە لەگەڵ خۆم دەمبرد.

•

فەرشەکەی هەڵدایەوەو کلیلەکەی هەڵگرت، دەرگای سندوقەکەی کردەوە، بڕێك پارەی تێدابوو. کاتێك زانی پارەکە کەمە پشتێنەکەشی هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردی، هاوارمکرد: ((ئەوە بۆ کوێ دەبەی؟))

Scanned by CamScanner

((هەر کوێیەک پێم خۆشبێ)).

هاتە پێشەوە: ((ئەوە دەربێنە)).

((چی؟))

((بازنەکەت)).

((دەری ناهێنم دابڕزە)).

((وتم دەری بێنە)).

شێتبوو بوو، بڕوام نەدەکرد کە بەخەبەریم، بەتوندی دەستی گرتم و بازنەکانی کێشا. هەر ئەو بازانانەی کە خوشکەکەم لەمارەبڕینەکەدا پێی دابووم، پێستی دەستم هەڵکەندرا.

وتم: ((راوەستە خۆم دەریدەهێنم)).

دەستی بەردام: ((دەری بێنە، بەزمانی خۆش دەری بێنە)).

بازنەکانم دەرهێناو فڕێمدا بۆ لای: ((بیگرە، بڕۆ لەبەرچاوم ونبە)).

((باوکت ونبێ)).

ئەم جارەیان من شێتبووم، بەرەو لای رامکرد: ((دەمت لێکنێ، ناوی باوکم مەهێنە، دەمت بشۆ ئینجا ناوی باوکم بێنە، تۆ تەنانەت بۆنەوەش نابی پێڵاوەکانی باوکم جووت بکەی، ناوی باوکم لەم ماڵە کاولبووەدا مەبە، خوێڕی بێ شەرەف)).

((بێ شەرەف باوکتە، بێ شەرەف باوکە سەگبابەکەتە کە ئەگەر شەرەفی بوایە کچە پانزە ساڵەکەی بەرەڵانەدەکردو دووکانەکەی منی بەجێ نەدەهێشت، هەر ئەو باوکە سەگبابەت کە....))

قیژاندم: ((سەگباب تۆی کە بەدوای هەر دێڵە سەگێک دەکەوی، کە لەبەر رۆیشتنی کەوکەب بەدایکت دەوەڕی)).

زللەیەکی لێدام کە ئەوەندە توندبو سەرەتا لەهیچ نەگەیشتم، رەتەڵمبردو، دەستم بەدیوارەکەوە گرت، هەرگیز چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکرد، هێشتا هیواداربووم کە پەشیمان بێتەوە، بەڵام بەم زللەیە لەئاسمانەوە کەوتمە سەر

Scanned by CamScanner

زەوی، پەرو باڵم سووتا، ئەم زللەیە چاوی منی بەڕووی ڕاستییەکاندا کردەوە، ڕاسی دڵم زیاتر بوو، ماوەیەک بەسەیرێکەوە سەیرمکرد، دەستێکم بەدیوارو دەستەکەی ترم بە دەموچاومەوە بوو، وتم: ((مافی خۆتە، خەتای منە، ئەم زللەیە مافی خۆم بوو، هەڵەیەکی زۆر خراپم کرد کە بووم بە ژنی تۆ، بەڵام ئیتر ساتێک لەم ماڵەدا نامێنم))

دایکی بە نیگەرانییەوە لەناو دەرگاکەدابوو، کوڕەکەم لەباوەشیدابوو، لێوەکانی کۆکردبووەوەو چەناگەی دەلەرزیو ئامادەی گریان بوو، زۆر ترسا بوو، ڕەحیم وتی: ((برۆ بزانم بۆ کوێ دەڕۆی؟))

وتم: ((دانیشە دەیبینی)).

دایکی بە لەحنێک کە لەپڕدا نەرمبو وتی: ((مەحبوبە گیان وەرە دەست لەو کارانەت هەڵگرە)).

ڕەحیم وتی: ((لێی گەڕێ، بزانم چۆن دەڕوا)).

بە پەلە چوومە ژووری خەوەکەوە، چانتا کۆنەکەم هەڵگرت، بڕێک جلو شتم تێخست، ملوانکەکەی کە باوکم پێی دابووم لەملم کرد، مستیلەکەی دایکیشم لەدەستکرد، ئەشرەفییەکەی کە بۆ لەدایکبوونی کوڕەکەم پێی دابووم هەڵمگرت، ڕەحیم وتی: ((ئەوە بدە بە من)).

دایکی وتی: ((ڕەحیم لێی گەڕێ)).

((خۆم پێمداوە، لێی دەستێنمەوە)).

ئەشرەفییەکەم فڕێدا، خێرا هەڵیگرتەوەو لەگەڵ بازنەکان خستییە گیرفانییەوە، منداڵەکەم لەباوەشی خەسووم هێنایە دەرێ، جانتاکەم هەڵگرتو چارشێوەکەم بەسەرمداداو لەحاڵێکدا کە لەقورسایی چەمەدەنەکەو کوڕەکەم لارو سەنگ دەبووم لەژوورەکە چوومە دەرەوە، پێڵاوەکانم لەپێکرد، تاکە پێڵاوێکی ڕەحیم کە هەڵگەڕابووەوە بە یەک شەق فڕێمدا، منیش وەکو ئەوم لێهاتبوو، تاکە پێڵاوەکە کەوتە حەوشەو، لەلای حەوزەکە ڕاوەستا، دەبوایە زووتر بڕۆیشتمایە، هەتا وەک ئەم دایکو کوڕەم لێنەهاتبووە دەبووایە بڕۆیشتمایە، من نەمتوانیبوو

ڕەحیم بکەم بە بنیادەم، بەڵام خەریکبوو خۆم وەك ئەوم لێدەھات. لەناوەڕاستی قادرمەکاندا بووم، لەژوورەکە ھاتە دەرەوە، بەپێی پێخاوسی کەوتە دوام چونکە ڕانی بارەکەم قورسە، لەناوەڕاستی قادرمەکانەوە خۆی ھەڵدایە حەوشەو لەبەردەرگای حەوشەکە دانیشت، دانیشتو ڕێگەکەی لێگرتم، دەستی لەسەر سینگی دانابوو، دایکی وتی: ((مەحبوبە گیان، تۆ بیبەرەوە)).

ڕەحیم وتی: ((تۆ ھەقت نەبێ)).

گەیشتمە لای، سەیری ئەو سەروچاوە ناشرینو خوێرییەیم کرد، لەچاوی مندا ئێستا خوێڕیو بەرەڵا بوو، وتم: ((ھەستە لاچۆ، بابڕۆم)).

وەڵامی نەدایەوە، ھەروا دەمی کردبووەوەو سەیری دەکردم.

وتم: ((بڕۆ لاچۆ، دەمەوێ بڕۆم)).

((دەتەوێ بڕۆی؟ ھەر ئاوا بەو سانایییە؟ ماڵو ژیانەکەمت ھەڵگرتووە دەتەوێت بڕۆی؟)).

سەیرێکی جانتتاکەم کردوو بەتوندی کوتام بە زەویدا، ((ئێستا لاچۆ، با بڕۆم)).

((دەی ئەوە نیوەی بوو، بەڵام نیوەکەی تری کە زۆر گرنگە ماوەتەوە)).

بەسەر سوڕماوییەوە سەیرمکرد: ((چی؟))

بەئارامی لەجێگەکەی ھەستا، کوڕەکەمی لێ سەندو بەئارامی لەسەر زەوی دانیا.

لەلای دەرگاکە لاچوو بەدەست نیشارەتی بەدەرگاکە کرد: ((ئێستا فەرموون، تەشریف بەرن، دەی....))

دڵم ھەڵکەندرا، کوڕەکەم دەگریا، وەکو بەرد لەجێگەکەم وشکبووم، چارشێوەکەم لەسەرم داکەوت، ئەگەر دەرگاکە نەبووایە دەکەوتمە سەر زەوی، چوومە لای دیوارەکەوە، ماوەیەك پاڵم پێوەدا، بەسەرسوڕماوییەوە سەیری دنیام دەکرد بەڵام بەرچاوم لێڵ بوو، بەئارامی لەحاڵێکدا کە قاچم لەزەوی دەخشاندو چارشێوەکەم بەشوێنمدا دەکشا، چوومە ژوورەوە، دیل کرابووم، کوڕەکەم منی

Scanned by CamScanner

دیل کردبوو، تەواوی ئەم هاتو هاوارانە بووبووە هۆی ئەوەی کە ددانمان لەیەك جیربینتەوە، دەنگی ئەوم گوێ لێبوو، دەیگوت بەدایکی: ((دایە جوان گوێچکە شلکە، نیتر مەهێلە ئەو مندالە لەماڵ بەرێتە دەرەوە، دەبێ هەر خۆت بیبەی بۆ گەرماو، تێگەیشتی؟ ئەوە بەتۆم سپارد، ماڵئاوا ئەوا من رۆیشتم)) رۆیشت.

حەزمدەکرد کە لەخەوهەستام لەماڵی باوکم بوومایە، هەر ئەوکاتەی کە کورەکەی عەتالدەولە هاتە خوازبێنیم، هەر ئەو رۆژەی کە مەنسوور منی دەویست یان هەر کەسێکی تر، هەر کەسێکی تر کە وەکو خۆم بوو، لەم ماڵەدا نامۆو بێگانەبووم، لەهیچی ئەمانە تێنەدەگەیشتم، لەگەڵ کلتوری ئەم خەڵکە ناشنانەبووم، چ هەڵەیەکم کردبوو.

رەحیم هەتا سێ مانگ نەهاتەوە بۆ ماڵەوەو دایکی کرد بە زیندانەوانێکی دڵ رەقو بێ رەحم بۆ گیانی من، هەتا ببێتە سەگی پاسەوانی کورەکەمو بڵێ: ((ئەو کورە ئەم دیواودیو بوو... دوعا بکە زوو لەکەوکەب تێر بخواتو بگەرێتەوە بۆ سەرماڵو حاڵەکەی. مەترسە مارەی ناکا، ئەوەندەیش بێ عەقڵ نییە، ماوەیەك سیغەی دەکات)).

بۆم گرنگ نەبوو، مردنو زیندوبونی رەحیم هیچ جیاوازییەکی بۆم نەبوو. مردنو زیندوبونی خۆشم بۆم گرنگ نەبوو، ئەگەر بمردمایە رزگارم دەبوو، بەڵام ئەو کات چی بەسەر کورەکەم دەهات، چ جۆرە مرۆڤێکی لێدەردەچوو، رەحیمێکی تر، وەکو باوکی؟ دامابوومو کەس نەبوو بە فریام بگات.

شەوانە هەتا درەنگانێك دادەنیشتمو گوڵم دەچنی، خەوم لێنەدەکەوت، بەیانی کە رۆژ دەبووەوە بەخەمەوە سەیری ئاسمانی شینم دەکرد کە لەچاوی مندا رەش دیاربوو، هێزم تێدانەبوو، نەمدەتوانی لەخەو هەستم، دەتگوت شەو هەتا بەیانی دەشتودەرم کردووە، خەفەتباربووم، لەوەی کە دیسانەوە رۆژبۆتەوەو چاوم بە رووخساری خەسووم دەکەوێ، خۆزگە نێزهەت لێرەبوایەو فێری بکردمایە چی بکەم، فێری بکردمایە چۆن وەڵامی خەسووم بدەمەوە، بەڵام نا، ئەو باوکم ئیزنی پێ نەدەدا، لەبەر هاوسەرەکەی نەیدەوێرا، ئایا جارێکی دی

دەبینمەوە؟ بە خۆمم دەگوت لەوماڵەدا چی دەکەم؟ تەنیا، ماندووی دڵمردووی دوور لەدایك و باوك، تەنانەت مێردەکەیشم نەبوو، ئایا ماڵی باوکمم جێهێشتبوو بۆئەوەی لەگەڵ پیرەژنێك بژیم، کە لەسزادانی من چێژوەربگرێ، لەپەشیمانیدا خەریکبوو شێت دەبووم، دایە هات و پارەی بۆ هێنام، ((مەحبوبە گیان چی بووە؟ نەخۆشی؟))

((دایە گیان بە کەس مەڵێ، لەگەڵ ڕەحیم شەڕم کردووە)).

حەزم دەکرد لەگەڵ کەسێك دەردی دڵ بکەم، یەکێك دڵم ئارام بکاتەوە، دڵخۆشیم پێبدات و فرمێسکەکانم کە هەتا دەمم دەکردەوە قسەبکەم دەهاتنە خوارێ، بسرێت و بە خەمەوە سەیری چەناگەم بکات کە دەلەرزێ و، ئاخم بۆ هەڵکێشێ.

دایە هەر بۆئەوە لەوێ بوو و بەخەفەتەوە سەری دەلەقاند، وتی: ((وەرەوە بۆ ماڵی باوکت...))

((ئەی کوڕەکەم چی لێبکەم؟ منداڵ باوکی دەوێ)).

((ئەی دەتەوێ چی بکەی؟))

((ڕادەوەستم، هەتا بەرد لەئەژنۆی خۆی دەدا، چاك دەبێ، دەبێ تەحەمولی بکەم، دەی تەواوی ژن و مێردەکان شەڕیان دەبێ)).

((ئەوەندە هەژار مەبە، ئەوەندە لەگەڵ کەسی نامەعقولدا ماعقول مەبە مەحبوبە، لەچاوی ئەم ژنەدا ناجسنی دیارە، زۆر قسە لەکەس مەخۆرەوە... ئەوە من وتم)).

بەدایەم نەگوت سێ مانگە ڕەحیم ڕۆیشتووە، نەمگوت لێی داوم، نەمگوت دیلی کردووم، تەنیا وتم هەر قسەمان بەیەك وتووە، بۆئەوەی بە باوك و دایکم هیچ نەڵێ.

بەهار تەواو نەدەبوو، ئەم وەرزە ناخۆشە تەواو نەدەبوو، هەموو شەوێ ڕەبیرهێنەرەوەی بیرەوەرییەکانم بوو، هەر ساتێکی بە ئەشکەنجە و خەم و خەفەتەوە تێدەپەڕی، کەی ئەم بەهارە کۆتایی پێ دێ؟ کەی بۆنی ئەم گوڵانە

لەکۆڵم دەبنەوە، بۆنی ئەو بیرەوەریانەی یەکجار تاڵ بوبون، خەونم دەدی کە لەبەر دەرگای دووکانەکەی رەحیم راوەستام، بەحەزو ئاواتەوەو، ئەویش میهرەبان و عاشقانە بەدەممەوە پێدەکەنی، بارانێکی گەرم بەسەروچاومدا دەباری، دووکانەکەی سەقفی نەبوو، نا، باران نەبوو، دەگریام، فرمێسکەکانم بوون کە گەرمبوون، تەنیا فرمێسک بوو کە دەیتوانی ئەوەندە گڕداربێت.

سەرەتای هاوین بوو، شەو بوو، لەسووچێکی ژوورەکەم دانیشتبووم، هەر ئەو ژوورەی کە بە حەسرەتەوە پێم دەگوت تەلار، چراکەم هەڵکردبوو، زیادم کردبوو هەتا باشتر ببینم، گوڵم دەچنی، ئەڵماس لەپاڵ دەستمدا خەوی لێکەوتبوو، دایکی لەقادرمەکان سەرکەوت و پرسی: ((ناتەوێ بخەوی؟))

((نا، ئێوە دەتانەوێ منداڵەکە بەرن بۆ لای خۆتان دەنا لێی گەڕێن با لای من بخەوێ)).

ناوی منداڵەکەم نەدەهێنا، رقم لەناوی ئەڵماس بوو، بۆ من تەنیا ئەو کوڕم بوو.

وتی: ((ئێستا خەوی لێکەوتووە، با هەر لێرەبێ))و رۆیشت.

کوڕەکەم داپۆشی، لەژێر لێوەوە گۆرانیم دەگوت، جۆرێك بێ خەیاڵی عارفانە دای گرتبووم، خەفەت لەسەر دڵم قورسایی دەکرد، لەکۆڵم نەدەبووەوە، هەر لەگەڵم بوو، ئامادەی ئەوەبوو کە دیسانەوە بکەوێتەوە گیانم، کلیلێکیان لەدەرگای حەوشەکە خست، دەرگاکە کرایەوەو داخرایەوە، دەنگی پێ هات، دڵم داخورپا. نەلەعەشقداو نەلەرقیشدا، لەنەفرەتدا، رەحیم بوو، شادو خۆشحاڵ، دەتگوت هیچ شتێك رووی نەداوە، لەقادرمەکان سەرکەوت، لەبەرامبەر دەرگاکەدا وەستا، جوتێ پێڵاوی نوێی لەپێدابوو، بەسەیرێکەوە دیم کە لەسەر پێی نەخستووە، وتی: ((سەلام)).

وتم: ((سەلام)).

قاچێکی لەسەر چوارچێوەی دەرگاکە دانا، دانەوییەوە قەیتانی پێڵاوەکەی بکاتەوە، بەئارامی وتم: ((رەحیم!)) سەری بەرزکردەوەو زەردەخەنەیەکی گرت،

بە پرسیەکەوە رووە وەرگێڕاو هەر بەو جۆرەی کەسەرم داخستبوو گوڵم دەچنی

پرسیم: ((هەتا ئێستا لەکوێ بووی؟ لەهەر کوێیەک بووی بچۆرەوە بۆ ئەوێ)).

وتی: ((بەسەر چاو)). دیسانەوە بەنی پێڵاوەکەی توند کردەوەو ڕۆیشت، ئەم جارە شەش مانگ نەهاتەوە. کاتێک کە هاتەوە کوڕەکەم نزیکەی سێ ساڵ دەبوو و ئیتر بەسەر کەوکەب نەکرا. دەمزانی کە ئیتر سیغەکەی بە تاڵ کردۆتەوە.

دەمزانی کە لەوێش تێر بووە.

ئەم جارە شەو بوو هاتەوە بۆ ماڵەوە، دایکی بەخەبەر بوو، کوڕەکەم بەخەبەر بوو سەیری باوکی دەکرد. بەبێ شەرمییەکەوە بە دایکی وت: ((نارۆی بخەوی؟))

دایکی لەجێگەکەی هەستا. ڕەحیم وتی: ((ئەم زەنگۆڵەیەش لەگەڵ خۆت بەرە. بەکوڕەکەمانی دەگوت. بەتەنیا بووین، دڵم پڕ بوو لەرق و کینە، هاتە تەنیشتم ((مەحبوبە گیان. دەزانی هێشتاش جوانی....))

بێدەنگ بووم.

((سیغەکەم بەتاڵکردەوە، پێت خۆش بوو؟))

بەڕاستی لەساویلکەیی و گەوجی ئەو سەرم سوڕما بوو، نەیدەزانی کە هەرگیز هیچ شتێک ناتوانێت دڵی ژنێک کە خیانەتی پێکرا چاک بکاتەوە، هیچ شتێک جگە لەتۆڵە سەندنەوە. مەگەر ئەوەی دەرەقەتی بێت و بتوانێت سەری ئەو پیاوە پان کاتەوە.

کاتێک بێدەنگ بووایە، یان خۆی گێل بکردایە. لەبەر ئەو تێبینیانەبوو کە لەمەیل بەتۆڵە سەندنەوە بەهێزترن و گرنگترینی ئەوانیش بوونی منداڵ یان منداڵانێک بوو کە هۆگری دایک و پەپولەی بوونی ئەون و پێویستیان بە پشتیوانی ئەو هەیە. بەهەموو ئەمانەوە ژنی خیانەت لێکراو وەکو گڕکانێکی کپ و خامۆش و پڕ مەترسی وایە کە ئەگەر بتەقێتەوە وشک و تەڕ بەیەکەوە دەسوتێنێ؛ ئەگەر خۆیشی لەگەڵ ئەو ئاگرە ببێتە خۆڵەمێش، ئاگرێک کە لەناخەوە دێت و سەرتاپای لەگەڵ خۆ ی دەسوتێنێ.

Scanned by CamScanner

لێم نزیك كەوتەوەو بەگوێمدا چرپاندی: ((دڵ دەڕوات لەدەستم، خاوەن دڵان خوایە)).

دەلەرزیم، لەنەفرەتدا، لەوەی كە ئەو لەباوەشی ژنێكی چڵكندا بووە، لەوەی كە ئەو هەمووە منی بە ساویلكە دەزانی، لەوەی كە دەیویست لەو جادووە كەڵك وەرگرێ كە سەرەتا منی پێ فریو دابوو، لێی بێزار بووم، لەو شیعرەش بێزار بووم، لەزەوی و ئاسمان بێزار بووم، دەستی بەرەو لام درێژكرد دەستم لادا:

((لێم گەڕێ رەحیم، دەستم لێ مەدە)).

دەنگی بەرزكردەوە: ((دەتەوێ دیسانەوە گۆیەن دروست بكەی، دەی منت دەوێت ئەوە گەڕاومەتەوە)).

لەوە گەوجتر بوو ئەو برینە قووڵەی من ببینێ، چەندەم پێخۆش بوو كە پێی بڵێم كە ئیتر نامەوێ، ئەو رەحیمەی كە من دەمویست بۆ من مردووە، من ئەو گەنجەم دەویست پاك و شەریف بوو، منی خۆش دەویست، دڵ و دەروونی وەك یەك وابوو، وەك خۆم بوو، وە ئێستا ئەوەی كە بەجێگەی ئەو دەیبینم ئەم گورگە، ئەم چەقەڵە كەلاك خۆرە كە لەپێش چاومدایە من هەرگیز نامەوێ.

لێی تێر بووم، بێزار بووم، بەڵام نەمدەوێرا، هێزم نەبوو، تاقەتی لێدانم نەبوو، لەشەڕوهەرا بێزار بووم، هەر وەكو مەڕێك دەیبەن بۆ كوشتن ملكەچ و گوێڕایەڵ لەگەڵی چوومە ژوورەكەی ترەوە.

ئیتر كەس پێكەنینی منی نەدەدی، گەورەترین شادی من - ئەگەر شادییەك هەبووایە- بە بزەیەكی تاڵ دەردەكەوت، كوڕەكەم بەردەوام لەكۆڵان بوو و لەگەڵ دوو منداڵی دیكەی وەك خۆی لەناو خۆڵ و خاكدا بوو، من دەرەقەتی ئەو و دایەگەورەی نەدەهاتم، بەراستی شكستخواردوبوم، یەكێك لەشانازییەكانی دایەگەورەی ئەوە بوو كە ئەوەكەی لەگەڵ كوڕی ئاغا سەی سادق كە ماڵێكی هەندێك گەورەیان لەكۆڵانەكەی ئێمەدا بوو یاری دەكات، بەیانیان كارەكەرەكەیان دەنارده بەردەرگا((بە ئەڵماس بڵێن لەگەڵ ئاغا مورتەزای ئێمە یاری بكات)).

Scanned by CamScanner

دەمگوت: ((نا، نابێ بڕوا، مەگەر منداڵەکەی من لەلەیە نەهێڵێ مورتەزا بگری؟ مەهێڵن بڕوا)).

خەسووم دەیگوت: ((ئەم نازو ئەدایانە چییە؟ بارکی خۆی ئێزنیداوە، کەسێ بەو دەوڵەمەندییە، بۆ ئێمە کێین، بۆچی نەڕوات با ئێمەش بڕێك بەکارەکانمان رابگەین)).

((خانم، خۆم هۆشم پێیەوە دەبێ)).

((خۆ ئەگەر هۆشت پێوەی بوایە پێم ناخۆش نەبوو)).

کوڕەکەم خۆشی خۆشی دەڕۆیشتو لەوەش ناخۆشتر پڕ گیرفانیان دەکرد لەنوقڵو نەباتو دەیاننارادەوە.

خەسووم لێی دەپرسی: ((ئادەی بزانم چییان پێداوی؟))

ڕقم هەڵدەستاو دەچووم چەند جۆرێك شیرینیو شتم دەکڕیو ئەوەی کە دایەش لەماڵی باوکمەوە دەیهێنا دەمخستە بەردەستیان، بەڵام بەڕادەی ئەو مشتە نوقڵو نەباتە لەبەرچاویان شیرین نەبوو حەزیان لەشتی ماڵان دەکرد.

من لەداهاتووی کوڕەکەی خۆم دەترسام.

دایە هات: ((دایە گیان بەم زوانە خەبەرو باس چییە؟))

((خەبەری سلامەتی، نێزهەت منداڵی بوو، دووانە، دووکچی بوو وەك چەپکی گوڵ. خوجەستە گیان پیانۆیەك لێدەدات مرۆڤ حەزی لێدەکات، وەرەو سەیری بکە، مەنوچێهر ئەوەندە جوان بووە کە هەر باسی مەکە، هەزار ماشاڵا، ئاغا گیانت دەڵێ قاچت لەسەر ئەرز دامەنێ وەرە لەسەر چاوی منی دابنێ، منداڵێك بەو کەم تەمەنییەوە دەڵێی چل ساڵ تەمەنییەتی ئەوەندە عاقڵو بە ئەدەبە...))

بیرم دەکردن، حەزم دەکرد زوو چاوم پێیان بکەوێ، بۆ نێزهەتو منداڵەکانی. بۆ پیانۆ لێدانی خوجەستە، بۆ مەنوچێهر کە هێشتا دیمەنی دەستو پێ ڕاوەشاندنەکەی لەباخەکەی ماڵی ماممدا لەبەرچاوم بوو.

((چیتر دایە گیان)).

((ئینجا کوڕە پوورەکەت حەمید خان بووەتە تلیاکی شەوو ڕۆژ تلیاك دەکێشێ)). خۆی هێنایە پێشترەوەو وتی: ((ڕاستی بۆم نەگێڕایتەوە؟))

((چی؟))

((کە مەنسور ئاغا ژنی خواست؟))

((زۆر دەمێکە ژنی هێناوە وتت کە کوڕیشی بووە)).

بەبێ تاقەتییەوە سەیری بردە دواوە: ((کوڕە نا، ئەو ژنەی نالێم، ژنەکەی تری، ژنی هێناوە بەسەر کچەکەی گیتی ئارادا، ناوی ئەشرەف ساداتە، باوکی پیاوێکی باش بووە، لەئیدارەدا کاری کردووە، بەڵام مردووە)).

دەمم لەسەر سوڕماوی کرایەوە: ((ڕاست دەڵێی دایە گیان؟))

((حای لەکەیەوە... دوو سێ مانگێك دەبێ، لەبیرم چوو بوو بۆتی بگێڕمەوە)).

بەسەیرێکەوە پرسیم: ((ئەو ئیشانە لەمەنسوور دوورە! ئێستا ژنەکەی چی دەکا؟))

((مەنسوری هەژار خۆی نەیویستووە، نیم تاج خاتوون خۆی بەزۆر پێی کردووە، وتویەتی دەبێ هەر ژن بێنی، هەرچی مەنسور سوێندی خواردووە کە ژنی ناوێ، وتویەتی نابێ، دەبێ ژن بێنی، من حەز دەکەم تەواوی کاتەکانم بەنوێژو ڕۆژوو و عیبادەت تێپەڕبکەم، ناتوانم ژنێکی چاك بم بۆ تۆ، چونکە داماوە ئاولاویە وتویەتی باڵەوە زیاتر خۆی سووك نەکا، هەر بۆیە خۆی ڕۆیشتووەو ئەو ژنەی بۆ دۆزیوەتەوە، کچێکی باڵا کورتی سپی پێستی قەڵەوە. نیم تاج خانم بووە بە خانمی گەورەو ئەشرەف خانمیش بووە بە خانمی چکۆلە، لەسەرەتاوە کە حسابی بۆ ئەشرەف نەدەکرد، خانم هەر بۆ سەرو خواری نیم تاج خانم بوو، بەڵام لەشانسی شەڕی ئەو ئەشرەف سکی پڕدەبێ، قسەکە لەنێوان خۆمان نەچێتە دەرەوە دەڵێن زۆر ناجسنە، لەگەڵ نیم تاج خانم ناسازێ، وتویەتی بۆچی دەبی نیم تاج هەمەکارەبێ، من بەو جوانییە کەچی دەبێ ئەو خانمی بکات، بەکورتی ڕۆژی لەئاغا مەنسور ڕەشکردووە، هەرچی پێی دەڵێ من سەرەتا شەرتم لەگەڵ کردووی، ئەو دەڵێ من لەو قسانە حاڵی نابم، من بە ڕێگەی

خۆمو ئیم تاج بەریگەی خۆی، ژیانی لەمێردەکەی تاڵکردووە، ئێستاش نزیکەی سێ مانگە سکی پڕە. ئاغا مەنسور دەڵێ خەتای تۆ بوو ئیم تاج کە ئەم بەڵایەم بەسەردا هات))

((دەی ئیم تاج دەڵێ چی؟))

((هیچ. هیچ ناڵێ. ئازادەییەک ژنی چاکە، ئەوەندە باشە کە بەزمان مەنسووری بەستۆتەوە. تەنیا جارێک لەلای دایکت گلەیی کردووەو وتویەتی من شەرمەزاری لای مەنسور بووم. من ئاوام لێکرد))

کەوایە مەنسوریش لەمن بەختەوەرتر نەبوو. کوڕە مامە هەژارەکەم، حەزمکرد، سووک بوومەوە. نازانم بۆچی حەزم دەکرد.

دیسانەوە سەرەتای هاوین بوو، خۆرەتاو بوو بۆنی داری وشک دەهات، بۆنی دار لەگەڵ ڕەنگی پەنجەرە تێکەڵاو دەبوو، دیسانەوە ڕەحیم بۆنی داری لێدەهات، دیسانەوە قێزم لەبۆنی سوراو دەشێوایەوە، دیسانەوە خەسووم خۆرشتی سەوزەی لێدەنا، ڕقم لەبۆنەکەی بوو، دیسانەوە ماندوو بووم، دیسانەوە داگیراوم. دیسانەوە ڕقم لەنانی بەیانی بوو، دەچمە لای پەنجەرەکە کە لەبەر گەرمای هاوین کردبوومەوە، حەسیرەکان هەڵواسراون، حەسیری قامیش، بۆنی خۆڵیان لێدێ، هەناسە هەڵدەکێشم، هەناسەی قووڵ، دەچمە لای حەوزەکەو دەرشێمەوە. حەزم لەهەنارە، ڕەحیم پێدەکەنی، خەسووم دەڵێ موبارەکە ئیشەڵا. دەتگوت ئاسمان بەسەرمدا دەڕوخێ، ئای خوایە نەکات دیسانەوە سکم پڕ بێ؟!

بەدایە ناڵێم، حەز ناکەم ژانی دایکمو باوکم قورستر بکەم، ئازارەکانم بۆ خۆم بەسن. ڕەحیم بوێرتر بووە، ئێستا دەزانێ کە بەتەواوی بەستراومەتەوە، ئاخ ئەی دووعا خێرەکەی باوکم بوو بەچی؟ من خۆ دەستو پێ بەستراو لەچنگی ئەم دێوە دیل کراوم، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبێ، بەیانیان نەدەڕۆیشتە سەر کارەکەی، نیوەڕۆیان بۆ نانخواردن نەدەهاتەوە، شەوانە دەمی بۆنی شەرابی لێدەهات، دەترسام لەناکامدا ببێتە تلیاکی.

((ڕەحیم ئەی نیوەڕۆ لەکوێ بووی؟))

((لەکوێ بووم؟ بەدوای رۆژ رەشیمەوە بووم، لەسەر کار، خۆ نەچووم بۆ گەشت و گوزار)).

((خۆ تۆ نیوەڕۆیان لەسەر کار لەدووکانەکەت نەدەمایتەوە!))

((لەبیرت نەماوە ئەو دەمانەی کە دەهاتی بۆ لام مەگەر کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ نەبوو، لەو کاتەوە بووی بە ژنم پێم لەدووکان براوە)).

((ئەی بۆ بەیانیان تا نیوەڕۆ دەخەوی؟ هەستە کارەکانت بکەو لەجیاتی ئەوە نیوەڕۆیان خێرا وەرەوە)).

((بیمەوە چی بکەم، سەیری تۆ بکەم کە هێلنج دەدەی یان مانتگرتووە؟))

((دەی سکم پڕە، بێ تاقەتم)).

((سکیشت پڕنەبوو هەڕوابووی... بە حەوت مەن هەنگوینەوە نەدەخورای)).

((تۆ لەمن تێر بووی)).

((دەکێشم بە دەمتدا... ئەوەندە ئازارم مەدە، خۆ شووی من نیت)).

کاتێک بەتەنیا دەبووم دەگریام، مەحبوب دیت چیت لەخۆت کرد؟ دیت چ هەڵەیەکت کرد؟ تۆزقاڵێک بەزەیی لەدڵی ڕەحیمدا نییە، هەر پیاوەتی تێدا نییە.

سکم یەک مانگانە بوو، لەبەیانییەوە بوخچەکەم پێچابووەوە بچم بۆ گەرماو.

خەسووم پرسی: ((بۆ کوێ؟))

((دەڕۆم بۆ گەرماو، وەرە کوڕەکەم، دەمەوێ کوڕەکەیشم لەگەڵ خۆم بەرم)).

((نەخێر، ناکرێ)) دەستی منداڵەکەی کێشاو لەباوەشی گرت: ((ئەڵماس لەگەڵ خۆم دێ بۆ گەرماو، باوکی وتویەتی مەهێڵە ئەو بیبات)).

بێ حاڵ لەرشانەوە، لەبێ دەسەڵاتی و لەدژواری سکپڕی و گوشارە رۆحییەکانم کەوتمەڕێ و چوومە دەرەوە، نیتر بە بوخچەیەکەوە بۆ گەرماو چوون و لەشتکرین و بەناو کۆڵانی تەسکدا تێپەڕ بوون بێزار نەبووم، خووم پێوەگرتبوو، وردە وردە دەکەوتمە زەلکاوێکەوە کە ناوی ژن و مێردایەتی بوو، هەرچیم دەکرد ڕەحیم باش نەدەبوو، حەزم دەکرد بەرەوپێش بڕوات و بۆ خۆی کەسێکی باشبێ، ئەو حەزی نەدەکرد، ئەشکەنجەی دەدام، ئازاری دەدام،

Scanned by CamScanner

ئەوەبوو ژیانی ژن و مێردایەتی من. دەرۆیشتم و لەناو بیرکردنەوەدا نوقوم بوبوم، خۆم شۆردو سەرپۆشێکی سپیم بەسەردادا هەتا قژم وشك ببێتەوە، کوتوپڕ دیسانەوە حاڵم خراپ بوو، ئیتر نەمدەتوانی زاڵبم بەسەر خۆمدا، ئیشارەتم بە یەکێك لەکرێکارەکانی گەرماوەکە کرد هەتا یارمەیتم بدا، ئەویش لەگەنێکی هێنا کە تێیدا برشێمەوە، پێکەنی و وتی: ((بێزوو دەکەی، موبارەکە ئیشەڵا)).

سەرم بە هێمای ئەرێ لەقاند، پێکەنی.

((ئەم خۆشیە شیرینی دەوێ...))

بەدڵێکی پڕەوە وتم: ((ئەوە خۆشییە، شیوەنە)).

((بۆچی؟ خوا نەکات، لەگەڵ مێردەکەت نەسازی؟))

کوتوپڕ دەستمکرد بە گریان، کەسێکم دیبووەوە کە دەردی دڵی لا بکەم، پێویست نەبوو هیچی لێ بشارمەوە، چونکە خەسووم نەبوو پێویست نەبوو بە درۆ پێبکەنم، چونکە دایەم نەبوو، چونکە نەدەگەیشتە گوێی دایکم ، چونکە ئەو نەیدەزانی خەفەت بخوا، ئیتر تێبینیم نەبوو، ئەم ژنەی کە نەیدەناسیم چەندە باش خەم و نارەحەتی منی هەست پێکردبوو، چۆن بە وشەیەك لەهەموو شتێك گەیشت. دەمتوانی لەلای ئەو سفرەی دڵم بکەمەوەو هیواداربم بەیانی نەکەتووتە دەمی کەس، گریانەکەم نەدەبڕایەوە.

((ئازارت دەدەن؟))

سەرم لەقاند.

((لێت دەدەن؟))

((ئەرێ)).

هەنسکم دەدا، من کچی بەسیرولمولك، وەکو ئەوەی کە منداڵێك سکاڵای هاورێکەی بۆ لای دایکی بەرێ دەگریام و فرمێسکم هەڵدەڕشت و بەسوچی چارشێوەکەم دەمسڕی.

((ئەی بۆ هێشتت سکت پڕبێ؟))

((چی بکەم، بەدەست خۆم نەبوو، ئەگەر دەزانی چەندە پێی وەڕزم، مەنجەڵێکی گەورە پڕ دەکەم لەئاوو لەقادرمەکانی مەتبەخەکە سەروخواری پێدەکەم، گۆزروان دەخۆم بۆنەوەی بکەومە سەر خوێن، لەبەرزایی باز دەدەم، هەر کەس هەرچییەکی گوتبێ بە قسەم کردووە، هەر چیم خواردووە کاریگەریی نەبووە؟ نازانم تلیاك بخۆم باش دەبم؟!))

((چی تلیاك بخۆی باش دەبی؟ خۆت دەکوژی کچێ؟))

سەیرێکی دەوروبەری خۆیکردو بە ئەسپایی وتی: ((ئەم کارانە بەکارت نایەن، دەبێ کەسێك بدۆزیتەوە منداڵەکەت بۆ لەبار بەرێ)).

سەرم بەرزکردەوە، هیوایەك لەدڵمدا پەیدابوو، فرمێسکەکەم راوەستاو پرسیم: ((کێ ئەو کارە دەکا؟))

((بەڕاست دەتەوێ بیکوژی؟))

((ئەرێ، بەراستمە، تۆ کەس دەناسی؟))

((ئەرێ، کەس دەناسم)).

لەخۆشیدا دەستیم گرت: ((کێیە؟))

((تۆ کارت چییە کێیە؟ ژنێکە ئەوە ئیشیەتی، لەمانگێکدا دە منداڵ دەکوژێ و لەباریان دەبا)).

((وەرە با هەر ئێستا بڕۆین بۆ لای)).

بە ترسەوە وتی: ((ئێستا ناکرێ، سەرەتا دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم، ئاخر زۆر بەتەماعە)).

((قەیناکا، هەرچی بێ قبوڵمە، شیرینییەکیش بۆ تۆ قەرزارم)).

وتی: ((نا من سەلامەتی خۆتم دەوێ، ئەو قسانە چییە؟ هەرچی پارەیە بەفیدای تاڵێك قژت بێ)).

پێکەنیم، کاتژمێرێك نەدەبوو منی دیبوو هەرچی پارەیە دەیکرد بە قوربانی تاڵێك قژم، پرسیم: ((کەی قسەی لەگەڵ دەکەی؟))

((ڕۆژێك دەچم بۆ لای، ئەگەر قبوولی بکات ئەم جارە هاتیتەوە بۆ ئێرە پێکەوە دەچین)).

((نا، زۆر درەنگ دەبێ، ئێستا مانگێکە، دەستم بەداوێنت ناکرێ بەیانی بچی بۆ لای؟))

((ئاخر منیش لێرە کارم هەیە، مشتەریم هەیە)).

سێ تمەنم نایە دەستی، بە سەیرێکەوە سەیرێکی پارەکەی کرد، وتم: ((پارەی تەواوی مشتەرییەکانت دەدەم، پارەی ڕۆژێکی کارەکەت دەدەم، بڕۆ قسەی لەگەڵ بکە دووبەیانی دێم بەیەکەوە دەچینە لای)).

ئەرم بوبو، بەهەموو ئەمانەوە وتی: ((ئاخر بەو پەلەیە ناکرێ، من بەیانی دەڕۆم بۆ لای قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟))

((یەك شەممە)).

((دەتوانی بەیانی ڕۆژی چوار شەممە بێیت بۆ ئێرە؟))

((بەڵێ، هەر چۆنێك بووە دێم)).

((زوو وەرە، چاوەڕێتم))

بانگیان کرد روقیە وەرە، مشتەری هەبوو ماڵئاوای کردو ڕۆیشت.

سێ ڕۆژ دوای ئەوە چوار شەممە بوو، دەبوایە بیانوویەکم بۆ ڕۆیشتن بۆ گەرماو ساز بکردایە. شەو لەگەڵ ڕەحیمو دایکیو کوڕەکەم نانمان خوارد، لەخۆشی پیلانەکەم ئیشتیامکرابووەوەو هەوڵمدەدا چێشتی باش بخۆم، دەمویست بەیانی گیانم تێدابێ، خەسووم بە سەیرێکەوە لەژێرەوە سەیری دەکردم، لەحاڵێکدا کە شادبووم دەشترسام، دەترسام چونکە بەیانی ژیانی خۆم دەخستە بەردەم ژنێك کە نەمدەناسی، دڵم بۆ کوڕەکەم دەسوتا، سەیرم دەکرد دڵم کزەی دەهات، دڵم لەوەی کە کوڕەکەم بێ دایك دەبێ خەریکبوو دەتەقی، گریانم دەهات، لەوانەیە بیست جار لەباوەشم گرتبێو ماچم کردبێ، دەستەکانی، قژەکانی ڕوخسارە خڕەکەی کە لەتۆزو خۆڵدا بۆر بوبو.

Scanned by CamScanner

((ئەلماس گیان ئیتر دەست لەخۆلْ وەرمەدە... سەیرکە چەندە دەست و دەموچاوت وشك هەلاتووە؟ دەنا خەوانەخواستە کەچەڵدەبی، ئەلماس گیان ئیتر بە ناوی حەوزەکە یاری مەکە! ئاوەکە بەدەموچاوتدا مەدە رۆڵە گیان پیس بووە، قەوزەی هەلهیناوە، دەنا نەخۆش دەکەوی)). دەتگوت وەسیەتی بۆ دەکەم. خەسووم بە تەشەرەوە دەیگوت: ((ئەرێ رۆڵە هەموو رۆژێ لەناوی شاکان ئاوت بۆ دەکرم هەتا پێی بچیتە ئاو دەست)).

چاوەڕێ بوو کە وەلامی بدەمەوە، بەلام من لەوە شادمان بووم کە چۆن کلاو دەنێمە سەر خۆی و کورەکەی، جگە لەوە بەراستی قسەیەکی خۆشی کردبوو، منیش پێکەنیم، وەکو ئەوم لێهاتبوو.

هێشتا کورەکەم بەخەبەر بوو و یاری دەکرد کە ڕووم لەڕەحیم کردو وتم: ((ڕەحیم گیان من خەوم دێ، ئایەی بڕۆین بخەوین؟))

سەرقاڵی نووسینی خەت بوو وتی: ((دەی تۆ بڕۆ بخەوە)).

((بێ تۆ؟))

سەری بەرزکردەوەو چاوی تێبڕیم کە چاوەکانم خومارکردبوو وتی: ((خۆ تۆ قیزت لەمن دەشێوێنێتەوە!))

بە بزەیەکی قیزەون ددانەکانی دەرکەوتن، منیش بەزەحمەت زەردەیەکم کرد: ((دەی بێزوو هەروایە، مرۆڤ ئەمڕۆ قینی لەشتێکە بەیانی هەر ئەو شتەی دەوێ)).

خەسووم بە ڕقێکەوە سەرێکی لەقاندو منداڵەکەی بەتوڕەییەوە دایە بن دەستی و لەحاڵێکدا لەژوورەکە دەچووە دەرێ وتی: ((بەخوا عەیبە، ئەم ژنە هەر شەرم و حەیا نازانێ)).

بوخچەکەم پێچایەوە، دەستێك جلی زیادیشم لەگەڵ خۆم برد، بڕێك کوتەپەڕۆو هەرچی پارەمان لەماڵدا بوو، نزیکەی شەست حەفتا تمەنێك دەبوو، دایە تازە هاتبوو پارەی هێنابوو، باقییەکەیشی پاشەکەوتی خۆم بوو، چونکە ماوەیەك بوو کە ڕەحیم پارەی پێنەدەدام، جارجارەش دەهاتە سەر سندوقەکەم

Scanned by CamScanner

پارەکانی منیشی دەبرد، ئەگەر وای نەکردایە زۆرتر لەوە پارەم دەبوو، پارەکەم لەبوخچەکەدا شاردەوە، چارشێوەکەم بەسەردادا و کەوتمەڕێ، خەسووم وەکو هەمیشە هاتە سەر ڕێگەکەم: ((بۆ کوێ؟))

دوای ئەو شەڕو هەرایە دەبوایە بچوومایەتەدەرەوەو پاشان بە خەسوومم بوتایە: ((دەڕۆم بۆ گەرماو)).

بە سەیرێکەوە قەپی بەدەستیدا کرد: ((خۆ تۆ سێ ڕۆژ لەمەو پێش لەگەرماو بووی!))

پێکەنیم و بەقیزەونییەوە وەڵامم دایەوە: ((ئیتر دەبێ لەرەحیم بپرسی، خەتای من نییە!))

پێی سەیر بوو چووە ئەو لاوە: ((چەندە بێ شەرم بووی مەحبوبە)).

وەکو باڵندەیەك لەقەفەسەکەم دەرچووم.

((قسەت لەگەڵ کرد؟ وەرە باڕۆین)).

((راوەستە، مشتەرییەکم هەیە، با بەڕێی خەم)).

بە پەلەبووم، وتم: ((لێی گەڕێ، من پارەکەی دەدەم)).

((نا، نا، ناکرێ، لەدەوڵەمەندەکانە، ئەگەر نەڕۆم بۆ لای کرێکارێکی تر دەگرێ، تەنیا کەمێکی ماوە، ئێستا دێم)).

لەگەرماوەکە چاوەڕێی بووم، شادبووم کە دەڕۆم لەدەستی ئەو سکەم ڕزگارم دەبێ، ڕووم پێچابوو، بەڵام جەستەم دەلەرزی، لەوە دەترسام کەسێك بێت و بمناسێ، خەڵك دەهات و دەچوو و سەیریان دەکردم، ئاخرەکەی روقیە هات، کراسێکی کۆنی پینەکراوی لەبەردابوو چارشێوە شێدارەکەی لەخۆی ئاڵاندبوو، وتی: ((خێراکە با بڕۆین، درەنگە)).

((کەژاوە دەگرین)).

لەگەڕەك و کۆڵانەکانی شار تێپەڕین، نزیك باشووری شار بووینەوە، ماڵەکان هەژارانەو چکۆلەو پێکەوە نووساو بوون، زۆربەی خەڵك شپرزە بوون، زمانێکی تایبەتیان هەبوو، هەندێك لەگەنجەکان پێڵاوەکانیان سەر پێ خستبوو و، قۆڵیان

فش کردبووەوەو بە قاچی بڵاوەوە دەڕۆیشتن بە ڕیزدا، ئەژنۆکانیان نوشتابووەوەو کاتی ڕۆیشتن دەتگوت قاچ لەسەر فەنەر دادەنێن و جەستەیان دەجولاندەوە. هەندێکیان چاکەتەکانیان بەشاندادابوو دەسڕیان بەدەستەوە بوو. ورده ورده کە لەباشووری تاران نزیک دەبووینەوە هەموو شتێک بۆ من نامۆ بوو بەلام بە هەموو ئەمانەوە من شاد بووم.

جەستەم سارد بووەوە، بە ئەمری ڕوقیە کەژاوەکە لەسەر کۆڵانێک ڕاوەستا. هاتینە خوارەوە. هەناسەم سوار بوو، دەلەرزیم، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا.

ڕوقیە پرسی: ((دەترسی؟ ئەگەر پەشیمان بویتەوە دەگەڕێینەوە)).

دەتگوت ئەویش دەترسێ، وتم: ((نا، نا، تۆ لەپێشەوە بڕۆ)).

لەبیرمە دەرگایەکی دارینی شین بوو، ڕوقیە لەدەرگایدا، هاواریکرد: ((گەلین خانم)).

ژنێك بە زمانێکی تایبەت وەڵامی دایەوە: ((دەرگاکە کراوەتە وەرە ژووری)).

لەقادرمەکان چووینە خوارێ و ڕۆیشتینە ناو حەوشەکەوە، ماڵێکی چکۆلەو هەژارانە بوو. هەیوانێکی هەبوو کە بە دووکۆڵەکە لەگەچ دروستکرابوو و بۆیەی شینیان کردبوو. هەیوانەکە دوو دەرگای لەسەر بوو کە هەر یەکە دەچوونە ژوورێکەوە. حەوزێکی چکۆلانە، لەناو حەوشەکەدا بوو، ژنێك کە تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبوو و سەرپۆش و کراسێکی شینی گوڵداری لەبەردابوو بەدەست ئیشارەتی پێکردین و وتی وەرنە ژوورێ، ویستم بچمە ژووری بەرامبەرەکەم، وتی: ((ئێرە نا)).

ژوورێکی تر کە لەلای مەتبەخەکە بوو و زۆر پیس بوو ئەوێی نیشاندام، بەقەد هەمارێکی چکۆلە بوو، بۆنی تلیاك لەدارو دیوارەکەی دەهات، چووینە ئەو ژوورە.

گەلین خانم هەر هاتووچۆی دەکردو لەگەڵ پیرەژنێك کە نەمدەزانی لەکوێیە، سەبارەت بە کارەکانی ڕۆژانەیان قسەی دەکرد، ئەمری دەکرد سەری چێشتەکە بنێتەوە، من ئیزعاج بووم، وا بیرم دەکردەوە کە لەماڵی کەسانی بێگانەدا

موراحیمو ریگرم، سەرئەنجام هاتە ژوورەوەو بەپێکەنینەوە وتی: ((هەر کەسێ ماسی بگرێ قولیشی تەڕ دەبێ)).

ددانێکی ئاڵتوونی لەدەمدا بوو، لەناکاو گێژم بووم، وا هەستمکرد کە لەگەڵ ژنێکی نەجیب روبەڕو نەبوومەتەوە، ئەویش سەیری منی کردو بە روقیەی وت: ((خۆ ئەمە لەکەسە دەوڵەمەندەکانە؟))، روویکردە منو پرسی: ((مێردت هەیە؟))

((بەڵێ)).

((دەبێ پێت بڵێم کە من تاقەتی گرمو قاڵی مێردەکەتم نییە، نەیەت شەڕوهەرا بنێتەوە...))

ڕوقیە قسەکەی پێ بڕی: ((مێردەکەی ڕۆیشتووە کچێکی چواردە ساڵەی هێناوە، دڵنیابە هیچ ناکات)).

((چەندە پارەت پێیە؟))

پرسیم: ((چەندەت دەوێ؟))

((دەی من لەچل تمەن کەمتر وەرناگرم)).

ڕوقیە ئاخێکی هەڵکێشاو پێی سەیربوو، من وتم: ((باشە قبووڵمە)).

چونکە چاوە نیگەرانەکانی منی دی وتی: ((قەبووڵە؟ کەوایە بخەوە ژنە جوانەکە، مەترسە ، ئێشی نییە، ئەگەر دەترسی نیسکێ تریاک بخۆ ئیر هۆشت لای خۆت نامێنێ)).

لەمامانەکەی دایکمەوە کە لەکاتی لەدایکبوونی مەنوچێهردا لەلای بوو زۆر شت فێر بووبووم، هەندێ پەڕۆی خاوێنم لەگەڵ خۆم هێنابوو، دامەدەستیو بە ئەمری ئەو لەسوچێکی ژوورەکەدا چوومە سەر زەرفێکی گەورە کە پەڕۆیەکی لەسەر ڕاخستبوو ڕاکشام، بەو شتانەدا کە ئامادەی کردبوو دیار بوو کە کاری یەکەم جاری نەبوو، لەژوورەکە چووە دەرەوەو قاپێك ئاوی لەگەڵ خۆی هێناو، شتێکی خستە ناو دەستی منو وتی: ((بیخۆ)).

پرسیم: ((ئەمە چییە؟))

((تریاکە ئیتر، بیخۆ با ئێشت پێ نەگا)).

Scanned by CamScanner

بێ ئەوەی چاوەڕێبم ترياكەكەم خوارد: ئەو چاوەڕێ بوو بێ هۆشبم لەگەڵ ڕوقیە قسەی دەکرد. لەناو قسەکانیدا بەردەوام لێی دەپرسیم: ((خەوت نایە؟))

من نیگەرانی ماڵەوە بووم، نزیکی نیوەڕۆ بوو، وردە وردە خەوم لێکەوت، دیم پەلە مریشکێکی پێیە، بەبێ حاڵییەوە پرسیم: ((ئەوە چییە؟))

بەگاڵتەوە بەرزی کردەودو لەحاڵێکدا کە لاسایی منی دەکردەوە وتی: ((ئەوە چییە؟ هیچ نییە خۆ ناتخوا، پەلی مریشکە)).

ئێشێکم هەستپێکردو هاوارمکرد، ڕاوەستاو وتی: ((چییە نازنازی؟ خۆ هێشتا هیچم نەکردووە!))

هەستم بە ژان دەکرد بەڵام لەوە بێ هێزتربووم تاقەتی هاوارکردنم ببێ. بە خۆمم دەوت ئێستا تەواو دەبێ ، ڕوقیەش هەر سەیری دەکردم.

گەلین خانم وتی: ((وا پێوەی نووساوە دەڵێی بە لەزگە لکاندوویانە، پشتت هەڵبڕە بزانم، وتم پشتت)).

ژانم زۆر بوو، وەکو مانگا نەعرەتەیەکم کێشا.

گەلین خانم وتی: ((دەی باشە تەواوبوو، ئەوەندە نازونوز مەکە)).

پەلە مریشکەکە لەدەستیدا پڕ بوو لەخوێن، خەوتم.

کەسێك بانگی کردم: ((هەستە، هەستە، ناتەوێ بچیتەوە بۆ ماڵەوە؟))

وا دیاربوو کە ڕوقیەو گەلین خانم نانی نیوەڕۆیان خواردووەو قلیانەکەشیان کێشاوەو چاکەیشیان خواردووەتەوە، هەستامە سەرپێ، بێ هێز بووم.

((شتێك دەخۆی بیهێنم؟))

((نا، دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، کاتژمێر چەندە؟))

((کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆیە، ئەگەر لێت بگەڕامایە هەتا شەو دەخەوتی)).

بەدەنگێکی بێ هێزو کێشراوە وتم: ((ئاخ... درەنگە)).

لەجێگەکەم هەستاو دانیشتم، دەتگوت وەکو منداڵ مەلۆتکەکراوم، هەر کە هەستام پارچەیەکی گەورەی خوێن بە لەشمدا هاتەخوارێ، پارەکەم لەناو

کراسەکەم دەرهێناو سی تمەنم دا بە گەلین خانم، کە چاوی بە پارەکانی تر کەوت پارەکەی وەرنەگرت.

((نە گیانەکەم کەمە)).

((تۆ وتت سی، چل تمەن)).

((تۆش هەر دەبێ سی تمەنم پێبدەی؟ ڕۆژێکی تەواو بە دیارتەوە چاوەڕوان بووم. ژنەکانی تر دێنە ئێرە خێرا کارەکەیان تەواودەبێ‌و دەڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. تۆ زۆر نازونوز دەکەی)).

بێ هێزترو شاددتر لەوەبووم کە قسەوباسی لەگەڵ بکەم، پرسیم: ((دڵنیایت تەواو بووە؟))

((دەستت خۆشبێ، شانست هێنا لەمانگێك زیاتر نەبوو، هەر پارچە خوێنێك بوو، تۆ نازانی من چی دەکەم)).

دە تمەنی تریشی لێوەرگرتم‌و پرسی: ((کەژاوەت دەوێ؟))

((بەڵێ)).

چارشێوەکەی بەسەریداداو بەیارمەتی ڕوقیە هێنامیانە ئەو سەری کۆڵانەکە، کەژاوەکەی بۆ گرتم، بەهەر تەکانێکی کەژاوەکە لەتێك خوێن بە لاشەمدا دەهاتە خوارێ. هەتا نزیکی گەڕەکەکەی خۆمان بوومەوە خەریکبوو بێ هۆش ببم. ڕوقیە زۆر دەترسا، بە ئەسپایی پازدە تمەنم خستە دەستییەوە، وتی: ((خانم گیان من هەر لێرە دادەبەزم)). بێدەنگبوو پرسییەوە: ((ئێوە حاڵتان باشە؟))

((مەترسە، حاڵم زۆر باشە، بڕۆ خوات لەگەڵ)).

دابەزی، لەدڵفراوانی من سەری سوڕمابوو، زۆر حەزی دەکرد، نەیدەزانی کە ئەو یارمەتییەی ئەو بۆ من چەندە بایەخی هەبووە، چووە گەرماوەکەوە‌و لەکاتی ڕۆیشتن بە دۆلیەکەوە هەر لای دەکردەوەو سەیری دەکردم.

کرێی کابرامداو وتم تا نزیك ماڵەوە بمبە، ئیتر گیانم تێدانەمابوو، کابرا ئاوڕێکی دایەوە: ((ئەی بۆچی دانابەزی؟))

((ناتوانم، هێزم تێدانییە)).

دەستی ڕاستم درێژکرد هەتا لیواری کەژاوەکە بگرمو دابەزم، بەلام هەرچی هەولمەدەدا نەمدەتوانی خۆم بەرمە پێشەوە، پەردەی کەژاوەکە لادرابوو، بەدەستی چەپم بوخچەکەم دەگوشی، نازانم کابرا ترسا یان دلی بۆم سووتا، کوتوپڕ لەجێگەکەی هەستاو چووە خوارەوەو پرسی: ((ماڵەکەت کامەیە؟))

بەدەست نیشارەتم بۆ کرد: ((ئەم دەرگایەیە)).

لەسەر چارشێوەکەوە هەردوو کەلەکەمی گرتو وەکو بووکە شووشە بەرزی کردمەوە، لەدەرگاکەیداو منی لەپشت دەرگاکە دانا، چووە ناو کەژاوەکەوەو بە پەلە دوور کەوتەوە.

دەنگی خەسووم گوێ لێبوو کە دەیگوت: ((هاتەوە، هاتەوە)). کەوایە ڕەحیم هاتبووەوە بۆ ماڵەوە.

ئەژنۆکانم لەترسی ڕەحیمو لەتوندی خوێنڕێژی دەلەرزین، نوشتابومەوە، پالم بە دەرگاکەوەدا خزامو لەسەر زەوییەکە دانیشتم، بوخچەکەم لەدەستم بەربووەوە، بێ هێز بووم.

دەرگاکە کرایەوەو خەسووم سەری هێنایە دەرێ، سەرەتا بە سەیرێکەوە سەیری کۆلانەکەی کردو سەیری ئەم سەرو ئەو سەری کۆلانەکەیکرد، چونکە کەسی نەدی کوتوپڕ چاوی بە من کەوت، دای بەسەری خۆیدا، ((ڕەحیم وەرە، وەرە))

ڕەحیم هاتو چاوی بە من کەوت.

((چی بووە؟ بۆچی کەوتووە؟))

((پێم وابێ بێ هۆشبوبێ، بیبە ژوورەوە)).

ڕەحیم هەلیگرتمو دەتگوت چلەپووشێک بەرزدەکاتەوە، هەر لەو کاتەدا وتی: ((دایە، شتومەکەکانی بێنە)).

خەسووم بوخچەکەی هەلگرتو دەرگاکەی داخستو لەپێش ئێمەوە رایکردە ژوورەوە، کاتێک ڕەحیم منی لەباوەشدابوو خەسووم بەپەلە جێگایەکی داخست،

Scanned by CamScanner

ڕەحیم کە هێشتا هەر لەباوەشیدابووم‌و سەیری ناوچاوانی ئارەقاوی منی دەکردو وتی: ((مەحبوبە گیان چی بووە؟ لەناو گەرماوەکەدا حاڵت خراپ بوو؟

خەسووم وتی: ((داینێ زەویەکە، خۆ لەگەرماو نەبووە)).

ڕەحیم بە تووڕەییەوە ڕووی تێکردو پرسی: ((تۆ چووزانی؟))

((بەقژیدا کە هەر وشکە، بەوەدا کە هەر جلەکانی بەیانی لەبەردایە، بەوەدا کە هەر بۆنی گەرماوی لێنایە...))

ڕەحیم بە ئارامی منی لەسەر دۆشەکەکە دانا، بەو هەموو ئارامییەشەوە هەر گیانم تەکانێکیداو ژانێك بەناو سکمدا هات‌و دیسانەوە پاریەك خوێن هاتەخوارەوە.

دایکی چارشێوەکەی لەسەرم کردەوە، چونکە هەوا گەرمبوو کراسێکی سپی درێژم لەبەرکردبوو.

خەسووم بەرەحیمی وت: ((تۆزێك بەرزی بکەرەوە، با ئەوەی لەژێردا لابەم)).

ڕەحیم منی بەرزکردەوە، خەسووم هاوارێکی کردو وتی: ((ڕەحیم سەیرێکە خوێنی لەبەردەڕوا)). ڕەحیم لەپاڵ دۆشەکەکەمدا ئەژنۆی داداو سەیری جل‌وبەرگەکەمی کرد کە لەخوێن هەڵکشابوون، بەترسەوە سەیری دەموچاوی دەکردم، چاوم نیوە کراوەبوو، دەتگوت لەناو تەم‌ومژدام. دەنگی ئەوانم لەدوورەوە دەبیست، وتی: ((مەحبوب گیان چی بوو؟ کەوتووی بە عەرزدا؟ ئاخر. ئاخر... بۆچی؟))

دایکی بە لەرزە لەرز کراسەکەمی هەڵدایەوە، بەو حاڵەتە هەر وشك بوو و، بە تووڕەییەوە وتی: ((کچەتیوە زۆر زانە، کەوتووە؟ نە گیانەکەم نەکەوتووە. منداڵەکەی لەباربردووە)).

ڕەحیم دەتگوت کارەبا گرتوویەتی، بەدەمی کراوەوە سەیری دایکی دەکرد. دوو سێ جار تفەکەی قووتداو دواتر پرسی: ((چی؟ چیت وت؟))

((هیچ، منداڵەکەی لەباربردووە)).

Scanned by CamScanner

کوتوپڕ ڕەگی ملی ڕەحیم هەستا، چاوەکانی گۆڕان، دەستی بردە سەری هەتا لێیدا: ((ئەی جادووگەر، ئەی بێ ئابڕووی زۆڵ!))

دایکی دەستی گرت: ((چی دەکەی؟ دەتەوێ بیکوژی؟ خۆی خەریکە دەمرێ. بڕۆ دکتۆری بۆ بێنە)).

کۆتاییەکانی هاوین بوو بەلام هێشتا هەوا گەرم بوو، بەڵام من سەرمام بوو، لەرزم لێهاتبوو. دەرگاکانیان داخست، لێفەیان پیادام، خەوتم، هەستام، شەو بوو. بەسەر سەرمەوە هاتوچۆیان دەکرد. ژانم هەبوو، کەسێك دەستی گرتبووم، سەرم دەیەشا. سکم دەیەشا. بەڵام وەك یەکەم جار نەبوو، بە هەر جوڵەیەکم پارچەیەك خوێن دەهاتە خوارەوە. شتیان دەرخوارد دەدام، جلیان بۆ دەگۆڕیم، ئارەقیان بۆ دەسڕیم.

بوو بە بەیانی: ((دەرگاکان پێوەدەن))، دەمەوێ ژوورەکە تاریکبێ، ئیتر نەمدەزانی کەی شەوەو کەی ڕۆژە. بەڵام ئازارەکەم کەم دەبووەوە، ئیتر سەرمام نەبوو. ئیتر نەمدەناڵاند. لەخەو هەستام، چ خۆرەتاوێکی خۆش بوو، برسیم بوو. خەسووم شتی بۆ هێنام، ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، کز ببوو، چاوەکانی لەبێخەویدا سوور هەڵگەڕابوون.

توانیم دانیشم و پاڵ بە پشتییەکەوە بدەمەوە.

بە بێ هێزییەوە پرسیم: ((ئەمڕۆ چەند شەممە)).

((شەممە)).

((من ئەو هەمووە خەوتبووم؟))

((بەختت هەبوو کە نەمردی، خوا دەزانێ چەندە دکتۆمان هێنا، ڕەحیمی هەژار، باوکی لەقەبر دەرهات، چوار شەوە نە ئەو چاوی لێکناوە نەمن، هەر خوا نەیکوشتی)).

بە خەیاڵی ئاسوودەوە سەرم بە پشتییەکەوە ناو زەردەیەکم کرد.

ڕەحیم هاتەوە، کاتێك زانی کە باشتر بووم ئیتر نەهاتە ژوورەکەمەوە، چەندەم پێ خۆش بوو، بەخێرایی چاك بوومەوە، شەوانە ڕەحیم دەهات، لەژووری تالار

Scanned by CamScanner

دادەنیشت، لەگەڵ دایکی شێوی هەر لەوێ دەخوارد، چەندە شادبووم، خەریکبو چاکتر دەبوومەوە، مانگێکی پێچوو، ڕەحیم هاتە ژوورەوە، بێ ئەوەی کە چۆنیو چاکیم لەگەڵ بکات بە تووڕەییەوە سەیری کردم. وتی: ((من پارەم دەوێ)).

((ئەم مانگە هێشتا دایە نەهاتووە، پارەم نییە)).

((وتم من پێویستم بە پارەیە، چیت لەپارەکان کردووە؟))

((خەرجم کردووە)).

((خەرجی مرۆڤ کوشتن، ڕۆیشتی منداڵەکەی منت کوشت، تەواوی ئەو پارانەت بەکێ داوە؟ پێم بڵێ چووی بۆ لای کێ؟))

زانیم کە هەلومەرجەکە ڕوو لەخراپییە، بەبێ تاقەتییەوە لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانیشتمو پشتم تێکرد.

((هەرچی پارەم هەیە لەژێر چراکەم داناوە، هەڵیگرەو بڕۆ)).

بێ ئەوەی کە وشەیەکی بەسەر زاردا بێ پارەکەی هەڵگرتو ڕۆیشت، شەوو ڕۆژ حەسرەتم دەخواردو بەخۆمم دەگوت ئەو هەڵیە چی بووکردت مەحبوبە.

وردە وردە نیگەران دەبووم، دایە زۆر دەمێك بوو نەهاتبوو، مانای چییە؟ هەزار بیرم دەکردەوە، خانم گیان نەخۆش کەوتووە؟ بڵێی ئاغا گیانم شتێکی بەسەر نەهاتبێ؟ ڕەحیم دەیپرسی: ((ئەم دایەیەت نەهات؟))

((نا، نازانم بۆچی نەهات؟ زۆر نیگەرانم)).

بە تەشەرەوە پێدەکەنی: ((مەترسە، هیچ نەبووە، پارەکانی بردووەو ڕۆیشتووە)).

هەڵسوکەوتەکانمان لەگەڵ یەکتر سارد بووەوە، ڕەحیم گۆڕا بوو، کڵاوی دەکردە سەر، چاکەتو پانتۆڵو جلیسقەی لەبەردەکرد، سمێڵی تاشیبوو، ڕۆنی لەقژی دەداو بە لایەکدا دایدەهێنا، دوای تێپەڕبوونی مانگێ هێشتا لەیەك لالووتبوین، پێم سەیر بوو، بۆ هیچی بەڕوومدا نەدەدایەوە، بۆچی شەڕی نەدەکرد؟ ئەو سەرقاڵی خۆی بوو، لەئاوێنەدا هەر سەیری خۆی دەکردو بەخۆیدا هەڵدەدا.

Scanned by CamScanner

چاوەڕێ بوو من پێی بڵێم جوانی، بەڵام ئێستا بەچاوپێکەوتنی ئەم پیاوە دواکەوتووە قێزم دەشێوایەوە، لەبەر چاوم نە کەماڵی هەبوو نە جەماڵ ئەگەر بەڕاستی جەمالیشی هەبوایە لەبەرچاوم کەوتبوو، ئێستا پیاوەتی لای من ئەو مانایەی نەبوو، دەبوایە مەتین بوایە، تێگەیشتوو بلیمەت بوایە، وەکو مامم، وەکو باوکم، وەکو مەنسور، وەکو کوڕەکەی عەتالدەولە، کە منی گەوج جوابم کرد. ئێستا ئاواتم ئەوەبوو پیاوێکی شەریفم هەبووایە، بەشەرەف بوایە، عەقڵێکی باشی هەبووایەو دەستی هەژارانی بگرتایەو پشتیوانی لێ بکردنایە، پیاوێک ی ئازارەکان دەرمان بکات، کە بتوانی پشتی پێ ببەستی، ئیتر سەروپرچ و بەژن‌وباڵا فریوی نەدەدام، من بەدوای مرۆڤێکدا دەگەڕام، ڕەحیم تێنەدەگەیشت کە بۆچی لەبەرچاوی من کەتووە، گرنگی پێ نەدەدام‌و منیش بە بوون‌و نەبوونی ئەو گرنگیم نەدەدا، ڕۆژێک کەیفسازو شاد لەوەی لەپیلانەکەمدا سەرکەوتوو بووم لەخەو هەستام، جلێکی جوانم لەبەرکرد، ئارایشتم کرد، چاوم رشتەو ڕوومەتەکانم سووکرد، زۆر خۆم سەرقاڵ کردبوو بۆئەوەی ڕەحیم بڕوات، خەسووم هەر کە چاوی پێم کەوت وتی: ((چییە ئەمڕۆ زۆر کەیفت سازە؟))

((هیچ، هەروا شادم)).

((بۆچی؟))

((هەروا)).

((دیسانەوە پیلانێکت هەیە؟))

دەنگی دەرگاکە هات، دایە هات، لەگەڵ ئەوەی کە بە زۆر هەوڵیدەدا پێبکەنێ بەڵام جۆرێک دیار بوو، دڵم داکەوت، بێ ئەوەی لەدەستی خۆمدابێ بە پێخاوسی لەقادرمەکان چوومە خوارێ‌و بەردەوام پرسیارم لێدەکرد: ((دایە گیان لەکوێ بووی؟ چی بووە؟ ڕاستم پێ بڵێ، لەچاوەکانت تێدەگەم، ئاغا گیانم چی لێهاتووە؟ خانم گیان؟ کەوایە چی بووە؟ دەزانم شتێک ڕوویداوە، خێرا پێم بڵێ)).

دایە وتی: ((لەعنەت لەشەیتان، ڕاوەستە پەلەم لێمەکە، نە ئاغا گیانت هیچی لێهاتووەو، نە خانم گیانت، هیچ نەبووە، چایەکم نادەیتێ؟))

دانیشت‌و چاکەی خوارد، هەر نیگەران بووم، پارەکەم کە مانگێك دەو دواکەوتبو بە هەردوو دەستی لەبەرامبەرمدا داینا، هەر ناڕەحەت بووم.

((دەبێ ببووری درەنگ کەوت، گرفتار بووین)).

وتم: ((دایە دڵم تەقی، خۆ تۆ منت کوشت، پێم بڵێ چی بووە؟))

سەری داخست‌و یاریی بە گوڵی فەرشەکە دەکرد: ((چی بڵێم مەحبوبە گیان، ناڕەحەت نابی... ئاخر، ئاخر، ئەشرەف خانم...)).

((ئەشرەف خانم؟ ژنەکەی مەنسور؟ چی بووە؟ بیڵێ ئیتر))

((بەسەر منداڵەکەیەوە، مرد)).

بەسوورچی لەچکەکەی فرمێسکەکانی سڕی، من‌و خەسووم سەیرمان دەکرد، بێ ئیرادە بەبەری دەستم سووراوەکەم لێکردەوە، ((بەسەر سکەوە ڕۆیشت؟ یانی چی؟))

((منداڵەکەی حەوت مانگبو کەوتە سەر ژان، ئەوەندە قەڵەو بوبو، هەر دەیخواردو دەخەوت، باڵایشی کورت بوو، لەم دواییانەشدا وەك باگردێنی لێهاتبوو، دەست‌و پێی ئاوسابوو، پەنجەت لێدەدا دەچوو بەقووڵداو خوێنی تێدا نەدەما، هیچ پێڵاوێك بە قاچییەوە نەدەچوو، ئەم دواییانەش جوتێ پێڵاوی ئاغا مەنسوری لەپێدەکرد، هەرچی پێیان دەگوت کەمبخۆ، پارێزبکە، بجوڵێ با بەباشی منداڵەکەت ببێ گوێی نەدەدا، چل تا پەنجا ڕۆژ لەمەوپێش کوتوپڕ ژان دەیگرێ، بە حەوت مانگی کەوتبووە سەر خوێن، سێ شەوو ڕۆژ ئازاری کێشا، هەرچی دکتۆرو دەرمانە ئاغا مەنسور بۆی هێنا، ئەگەر لەژێر بەردیش بوایە بۆی پەیدا دەکرد، خانم گەورەی هەژار، نیم تاج خانم دەڵێم، بەو هەموو کارەکەرو نۆکەردوە خۆی خزمەتی هەوێکەی دەکرد، بەڵام فایدەی نەبوو سەری سێ ڕۆژە مرد)).

((منداڵەکەی چی؟ ئەویش مرد؟))

Scanned by CamScanner

((نا، کوڕێکی خڕوپڕو جوانی بووە بە قوربانی ئیشی خوابم، منداڵی حەوت مانگە ساغ و سەلامەتە، خانم گەورە دایەنی بۆ گرتووە شیری بداتێ، منداڵەکەی بردووەتە لای خۆی. دەڵێ وا دەزانم دوو کوڕم هەیە)).

((مەنسور چی دەکا؟ زۆر خەفەتبارە؟))

((خەفەتی هەیە، بەڵام بەینی خۆمانبێ بۆی بە پەرۆشەوە نییە، لەوە دەچێ خانم گەورە زۆرتر ناڕەحەت بێ، کوڕەکەی خۆی خستۆتە لاوە خەریکی بەخێوکردنی کوڕی هەوێکەیەتی، منداڵەکە هەر لەباوەشیدایە، ئێمە ئەم ماوەیە هەر لەوێ بووین، یان من دەڕۆیشتم خانم گیانت لای مەنوچێهر دەبوو یان ئەو دەڕۆیشت و من مەنوچێهرم دەگرت، نێزهەت و خوجەستە هەر لەلای خانم گەورە بوون)).

شادی هەروەکو ئەوەی کە هەتاو بەسەر هەوردا بپژێ لەدڵم دوورکەوتەوە، دڵم بۆ چارەڕەشی ئەو ژنە دەسووتا کە هێشتا نەمدیبوو، بۆ گرفتاری مەنسور، بۆ لەسەر خۆیی و لێبووردەیی نیم تاج، بۆ یاری چارەنووس و ئەو چارەنووسەی کە ناخۆشبوو دەسووتا، ئەوەم پێ سەیر بوو کە چۆن من ئەو هەمووە بەڵایە بەسەرمدا هات و هێشتا هەر زیندوو بووم.

ڕەحیم شەو درەنگانێک هاتەوە، کوڕەکەم لەژوورەکەی دایکی خەوتبوو، نانی ئێوارەمان دەخوار کە دایکی وتی: ((ئەمڕۆ دایە خانم لێرە بوو)).

وەکو سیخوڕێک وابوو کە کارەکانی ڕۆژانەمی دەکرد بە ڕاپۆرت، ڕەحیم وتی:

((بەه، بەه، کەوایە موبارەکە پارە گەیشتووە)).

((لێم گەڕێ ڕەحیم، تاقەتم نییە)).

((ئەی تۆ کەی تاقەتت هەیە؟))

دایکی بە تەشەرەوە وتی: ((خۆ بەیانی زۆر کەیفت ساز بوو، کاتێک دایە گیانت هات و هەواڵی مردنەکانی ناو شاریدا گۆڕای)).

ڕەحیم رووی تێکردم: ((مردن؟ کێ مردووە؟))

Scanned by CamScanner

کتوپڕ هەستم کرد کە لەوانیە پێی خۆشبێ باوکم مردبێ، دەیزانی بمرێ میراتێکی باشم بەردەکەوێ، وتم: ((ئەشرەف خانمی ژنی مەنسور))و، فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە.

لەحاڵێکدا کە لەسەر هەر وشەیەک تەئکیدی دەکرد وتی: ((ئاها... وتم داخۆ چی بووە! ژنی... دووهەمی... کورە... مامەکەت... بەسەر منداڵەوە ڕۆیشتووە، تۆ هەر ئەشت دیبوو. ئێستا بۆ خەمباری؟ ساڵی سێ هەزار کەس بەسەر منداڵەوە دەڕۆن. تۆ دەبێ بۆ هەموویان شین بگێڕی؟))

بە سەرزەنشتەوە بە ڕەحیمم وت: ((ڕەحیم ئەو ژنێکی گەنج بوو، خۆ ئێمە مرۆڤین))

بە تەشەرەوە وتی: ((ئەی... کەوایە... ئەی ئەو کاتەی خۆت منداڵەکەت کوشت، مرۆڤ نەبووی؟))

دایکی هەر لەو بارەی کە دانیشتبوو پشتی تێکردمو بە کینەوە وتی: ((وەڵا ڕاست وایە))

ئەو گڕکانەی کە لەدڵی ڕەحیم دا بوو و، من پێم وابوو کوژاوەتەوە، لەژێر خۆڵەمێشەوە گڕی گرتەوە: ((تۆ دەڕۆی... دەڕۆی منداڵەکەی خۆت، منداڵەکەی من بە بێ ئێزنی دەکوژیو دواتر بۆ ئەشرەف خانم دەگریت؟ تۆ زۆر مرۆڤی؟ من بەچی تۆ بڕوا بکەم؟...))

وتم: ((ئەوە منداڵ نەبوو، پارچەیەک خوێن بوو، کوشتم چونکە هۆکاری هەبوو))

((هۆکاری هەبوو؟ بفەرموون هۆکارەکەی چی بوو؟))

خەسووم وتی: ((گیانەکەم هۆکارەکەی ئەوە بوو کە باشتر بەخۆی ڕابگات، هەموو ڕۆژێ خۆی جوان بکات، تۆ ئیش بکەیو منیش کارەکەری بکەم، خۆیشی ببێتە خانمی سەرو خوارو ئەمر بکەن کە: سەیری ئەوە مەکە، لەگەڵ ئەوە قسە مەکە، کەوکەب ئەمێنی، لەژنێکی تر منداڵت نەبێ. بەڵام خۆی بڕوات

منداڵەکەی لەبارببەرێ هەتا سەربەخۆبێ، تا کەس پێی نەڵێ پشتی چاوت بڕۆیە، کوڕەکەی هەڵگرێ و ڕاکا بۆ لای خانم گیانی)).

وتم: ((خانم، ئاگات لەقسەکانی خۆت بێ، بۆچی ناهێڵن ڕێزتان ڕاگرم؟))

ڕەحیم کە لەتووڕەییدا سوور بوبووەوە هەستایە سەر پێ و وتی: ((درۆ دەکات، درۆ دەکات؟))

لەبەر تیشکی چراکەدا ئەو چاوە سوورو سمێڵانەیم دەدی، ددانەکانی پێکەوە دەنوساند، نازانم دڵم بە چ شتێکیدا چوو بوو؟ وتم: ((ڕەحیم، توخوا دەست هەڵگرە)).

((منداڵت لەمن ناوێ؟ پێت عەیبە؟ ئێستا من پیسبووم؟ خۆ لەناو دووکانی دارتاشییەکە خەریک بوو دەتخواردم، لەبیرتە؟))

((ئەو کاتە منداڵ بووم، ئێستا دەزانم چ هەڵەیەکم کردووە)).

زللەیەکی لێدام کە وەکو قامچی دای بە دەموچاومدا، ئەمجارە خەسووم دەستی نەگرت، تەنیا بە چێژێکەوە وتی: ((مافی خۆت بوو)).

لەحاڵێکدا کە دەستم بە ڕوومەتمەوە بوو ڕووم تێکردو پرسیم: ((خانم، ئێوە نوێژ دەکەن؟))

بە تەشەرەوە وتی: ((نا، تەنیا تۆ نوێژ دەکەی)).

وتم: ((نوێژ دەکەن و بەینی ژن و مێردێک ئاوا دەشێوێنی؟ لەڕوتان دێ کە ئەم ئاگرە داگیرسێنی و ڕوو لەخوا بکەی؟ لەو دوونیا ناترسن؟ ئاخر قازانجی چی بۆ تۆ تێدایە؟ چارەڕەشی من بۆ تۆ قازانجی چییە؟ چیم لێکردوون؟ جگە لەوەی کە ڕێزم لێگرتوون، لەخوا بترسن!)).

دەنگی بە شیوەن بەرزکردەوە، ئیتر لام گرنگ نەبوو دراوسێکان گوێیان لێدەبێ، خەڵکی لەسەربان یان لەماڵەکانیانەوە گوێمان لێدەگرن و سەیرمان دەکەن، ئیتر نەمدەگوت بەسووک قسە بکەن، حەیامان لای دراوسێکان دەچێ، منیش وەکو ئەوانم لێهاتبوو، ڕەحیم بە تووڕەییەوە وتی: ((چییە؟ چیتە؟ بۆچی دەنگت هەڵبڕیوە؟))

Scanned by CamScanner

وتم: ((ڕەحیم بۆ وا هەڵس و کەوتم لەگەڵ دەکەی؟ خۆ دیلت نەگرتووە، چووم منداڵەکەم لەباربرد کارێکی باشم کرد، دەزانی بۆ؟ لەبەر تۆ، لەبەر دایکت و تەشەرەکانی، نامەوێ، ئیتر منداڵم ناوێ، منداڵم ببێ تا زیاتر دیلی تۆو دایکت بم؟ ئیتر کارت بە ئێسقانم گەیشتووە، حەزدەکەم سەری خۆم هەڵبگرم و بڕۆم... ئێوە شێتتان کردووەم، تاکەی هیچ نەڵێم؟ لەوەزیاتر گوشارم بۆ بێنن منداڵەکەم هەڵدەگرم و دەڕۆم...))

دەستی خستە کەلەکەی و وتی: ((منداڵکەت هەڵبگری و بڕۆی؟ ئەگەر پشتی گوێت دیبێ، منداڵەکەشت دەبینی؟ ئەوەندە منداڵت بۆ ساز بکەم کە مەجالی سەرخوراندنیشت نەبێ. ئێستا ئەم دانەیەت لەباربرد، ئەوانی تر چی لێدەکەی؟ لەمەوبەدوا دەبێ هەر ساڵەو منداڵێکت ببێ)) دەستی منی گرت و بردمی بۆ ژووری خەوەکە.

((مەکە ڕەحیم، تاقەتم نییە، نەخۆشم، دەستم لێ هەڵگرە)).

دایکی هەستاو ڕۆیشت و بەتوندی دەرگاکەی پێوەدا، فیلەکەی کاری خۆیکرد، دەستم لەدەستی ڕەحیم هێنایە دەرێ. وتی: ((تۆ نەخۆشی؟ تۆ هیچت نییە)).

قژمی ڕاکێشا، لەئێشی قژم لەجێگەکەم هەستام و بەدوایدا بەقژ کێشان بردمیە ژوورەکەی ترەوە، منی خستە سەر زەوی، هێشتا گیانم خوێنی لێدەڕژاو لاوازبووم ژانم هەبوو. کە دامی بە زەویدا ئیتر خۆم پێ ڕانەگیراو تەسلیم بووم، ئایا ئەم ئامێزە هەر ئەو ئامێزەبوو کە ڕۆژگارێك حەسەرتم بوو بۆی؟ ئاخ کە چ هەڵەیەکم کردبوو.

دیسانەوەی سوڕی مانگانەم مزگێنی پێدەدام کە سکم پڕ نییە، ڕەحیم و دایکی وەکو پڵنگێکی بریندار تووڕە بوون، ڕەحیم پرسی: ((سکت پڕ نییە؟))

((نا)).

((پێت خۆشە؟))

لەترسان بەدرۆ دەمگوت: ((نا)).

((شەوگار درێژە، مەترسە تا سێ مانگی تر ماوەمان هەیە))و، دیسانەوە مانگەکەی تر سوڕی مانگانە مزگێنی ئەوەی پێ دەدام کە سکم پڕ نییە.

یەک مانگ، دوو مانگ، سێ مانگ، شەش مانگو ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی، کوڕەکەم پێنج ساڵ بوو من هێشتا سکم پڕنەبوبووەوە، ئیتر ناسوودە بووم، شەوانە لەخوا نەدەپاڕامەوە کە ڕەحیم ملی وردبێ و نەیەتەوە بۆ ماڵەوە، ڕەحیم ئەمری کرد: ((بچۆ بۆ لای دکتۆر)).

ڕۆیشتم، تەنیا لەترسی ڕەحیم ڕۆیشتم، بڕێك گژوگیاو دەرمانی پێدام، دایکی لەگەڵم بوو، هاتبوو تا دڵنیابێ دەچمە لای دکتۆر، هەموو شەوێك چاودێری دەکردم تا بزانێ دەرمانەکانم دەخۆم، لەبەرامبەرم دادەنیشت هەتا دەرمانەکانم قووت دەدا. لەناچاریدا دەمخواردن و دەپاڕامەوە کە کاریگەریی نەبێ، کە وایش بوو، کاریگەریی نەبوو، پەڵە مریشکەکە کاری خۆیکردبوو، ڕۆژی سەدجار شوکری خوام دەکرد، ڕەحیم و دایکی نائومێدو توڕەبوون.

دایە هات، بەزیزییەکەوە وتم: ((دایە گیان، دیسانەوە درەنگ هاتی، چاوم هەر لەدەرگاکەوە بوو)).

((نازانی ڕۆڵە چ هەواڵێکی خۆشم پێیە!))

((چی بووە؟ بڵێ؟))

((زەماوەندی خوجەستەیە)).

لەخۆشیدا لەجێگەکەم هەستام، ئەو قورساییەی کە ماوەی شەش ساڵ لەسەر شانم قورسایی دانابوو سەرئەنجام لاچوو، ئیتر خوجەستە بەهۆی عەشقی گەوجانەی منەوەی زەربەی نەدەخوارد.

((کێ؟ کێ؟ چۆن؟...))

((ئای ڕۆڵە ڕاوەستە پێت دەڵێم)).

دەیەم لەباوەش کردو توند ماچم کرد.

((ئای خنکاندمت مەحبوبە، من بوومە هۆی ئەوەی کە خوجەستە شووبکات)).

((تۆ؟ چۆن؟))

Scanned by CamScanner

دانیشت و وەکو دایکێک کە چیرۆک بۆ منداڵەکەی بگێڕێتەوە دەستیکرد بە ملچەملچ و وتی: ((بۆ کچی خۆمی بڵێم کە من نەخۆش بووم و کەوتمە سەرجێ، کۆکەم بوو. ئەوەندە دەکۆکیم خەریکبوو دەمردم، خانم گیانت هەرچی دەرمانی پێدام باش نەبووم. سەرئەنجام خوجەستە خانم قەزای لەمن کەوێ وتی: خانم گیان ئاوا ناکرێ. دایە گیانم خەریکە دەمرێ. خۆم دەیبەمە لای دکتۆر، دەستی گرتم. هەستاین خۆمان پێچایەوەو. چووین بۆ لای دکتۆر، بەڵام نازانم لەکوێ بوو. دکتۆرێك بوو رۆڵە نازانی چەندە پیاوێکی چاك و بەژن وباڵا جوان بوو، مرۆڤ هەر حەزی دەکرد سەیری بکات، خوجەستە زۆری پێ سەیر بوو، تازە لەرۆژئاوا گەڕابوودەوە، سەرەتا کە منی بینی خوجەستە لەدەرەوە راوەستابوو، دەرمانەکانی پێدام و وتی دایە گیان بیانخۆ زوو چاك دەبیتەوە، سەرچاوم هاتی، بەڵام کە چاوی بەخوجەستە کەوت پەچەکەی هەڵدرابووەوە – خۆیشت دەزانی کە خوجەستە جوان سەروچاوی داناپۆشێ– بە منی وت: خانم گیان با جارێکی تر سەیرت بکەمەوە با دڵنیابم...)).

من و دایە پێکەنین، دایە درێژەی بەقسەکانیدا: ((دواتر نازانم چی وت خوجەستە بە زمانی فەرەنسی پرسیاری لێکرد، پێم وابێ سەبارەت بە نەخۆشییەکەی من بوو. دواتر ماوەیەك بەبیانی قسەیان لەگەڵ یەکتری کرد، بەکورتی ئاغای دکتۆر نەك دڵێك بەڵکو سەد دڵ ئەویندارى خوجەستە بوو، وتی: حەفتەکەی تر وەرنەوە، وتمان: بەسەر چاو)).

پرسیم: ((دەی دواتر؟))

((هیچ، هەفتەکەی تر چووینەوە،دیسانەوە وتی: هەفتەکەی تریش وەرنەوە، دیسانەوە رۆیشتین، ئاخری من بە خوجەستە گیانم وت: رۆڵە خوجەستە گیان، دەزانی چییە؟ ئیتر من نایەم، خۆت بە تەنیا برۆ، وەڵا من چاك بوومەتەوە بەڵام ئەو دکتۆرە ئەوەندەی دار لەدەمم خستووە تەواوی دەمم بریندار بووە، جاری دواتر ئاغای دکتۆر بێ پێشەکی پرسیاری لەخوجەستە خانم کرد: ئیزن دەدەن بێمە خزمەت باوکتان؟

Scanned by CamScanner

خوجەستە وتی: دەبێ پرس بە باوکم بکەم. لەڕێگەدا پرسیارم کرد: خوجەستە گیان پێم وابێ تۆیش خۆشت دەوێ؟ وتی: ئەرێ دایە گیان، کاتێك کە چاوم پێکەوت دەتگوت پەری ئاسمانم دیووە، بەڵام ئەگەر ئاغا گیانم بڵێ، نا، دەڵێم بەسەرچاو. نامەوێ دیسانەوە دڵیان بشکێ، وەکو...)) دایە زمانی خۆی گەست.

((بڵێ دایە گیان، وەکو کێ؟ وەکو من؟ راستی وتووە، من دڵم نایەشێ، قسەی حیسابی خۆ دڵ نیشانی نییە؟))

((ئەرێ رۆڵە. وتی ژانە دڵێك بەسە بۆ بنەماڵەیەك ، بەکورتی ئاغای دکتۆر هات و قسەی کرد، باوکت لەخۆشی ئەو زاوایە دەتگوت گەنج بۆتەوە، تەواوی خزمەکان خۆشیان دەوێ، سەرەتا دەیویست ئاهەنگێکی بچووك بگێڕێ و، دەستی ژنەکەی بگرێ و بیباتەوە بۆ ماڵەکەیان، دەیگوت من زۆر حەزم لەتەشریفات نییە. ئاغا گیانت وتی چۆن حەزت لێیە وابکە بەڵام من ئاواتی دوو زەماوەند لەسەر دڵم دەمێنێتەوە، دواتر دایکی هات بۆ تاران، گەورەی بنەماڵەکەیانە، دەڵێ تەواوی گەنجەکانی ئەو بنەماڵەیە ئەو هانیداون کە دەرس بخوێنن، هەموو رێزی لێدەگرن، شێرە ژنە، کەس قسە لەقسەیدا ناکات، بەبێ پرسی ئەو کەس پەنجە بە ئاوا ناکات، چ ژنێکە؟ باڵابەرزو جوان، قژەکانی وەکو لۆکە وایە. دوو پرچی لەسەر شانەو سەرپۆشێکی سپی بەسەردا دەدا، جل وبەرگی جوان و ماقوڵانەیە، هات و بەرێکوپێکی دانیشت، تەعاروفی کرد، خۆی پیاوێکە بۆ خۆی. بەتەنیا هات و وەکو پیاوێك لەگەڵ باوکت قسەی کردو وتی: ئێستا موستەفا نەیەوێ ئاهەنگ بگێڕێ بەڵام خۆ کچی خەڵکی تاوانیان نەکردووە، گەنجە، ئاواتی هەیە، بۆ کچ چەند جار شوو دەکات؟ منیش ئاواتم هەیە، دەبێ ئاهەنگی زەماوەند بگێڕن، بەرێکوپێکی، ئاغا گیانت بە دکتۆری وت: خۆزگەم بەخۆت کە ئاوا کەسێك پەروەردەی کردووی، دوو مانگی تر شەوی لەدایکبوونی حەزرەتی فاتمەیە، ئەو شەوە دەکەین بە ئاهەنگی زەماوەندیان، نازانی چەندە قەرەباڵغن))

بڕێك ڕاوەستاو بەدوودڵییەوە وتی: ((تۆیش وەرە مەحبوبە گیان)).

پرسیم: ((خانم گیان وتویەتی بێم؟))

بڕێك بیری کردەوەو بە مینگە مینگ وتی: ((نا، بەڵام ئەگەر بێیت خۆ دەرت ناکەن))

((نا، دایەگیان، لێم گەڕێ، دەست لەدڵم مەدە)).

شەونکیان کڵاوێکی بچوکم بۆ کوڕەکەم کڕیبوو، زۆری خۆش دەویست.

بەردەوام لەسەری دەکرد، نەخشی سورو سەوزو شینی تێدابوو، هەر کات لەسەری دابکەوتایە دەیهێنا بۆ لای من: ((دایکە فووی لێبکە خۆڵاوی بووە)).

((بلێ خانم گیان با فووی لێبکەم)).

((دەی باشە خانم گیان، ئێستا فووی لێبکە))و، خەسووم چاوی بۆ کز دەکرد.

پووری گیان شەو کڵاوێکی بچوکی لەسندوقەکەی دەرهێناو نیشانی سودابەیدا.

((ئەمە بوو، دەیکردە سەری، بەو دەموچاوە خڕەیەوە لەبەرچاوی من وەکو بووکە شوشە وابوو)).

دایە وتبوو کە حەفتەیەك پێش زەماوەندەکە جیبیازی دەبەن، وتبووی شەوی زەماوەندەکەش لەماڵی زاوەوە شت دێنن. جلێکی جوانم لەبەر کوڕەکەم کرد، چارشێوم بەسەردا دا هەتا ڕێ بکەوم، دەمویست لەگەڵ کوڕەکەم ڕاوەستم و لەدوورەوە سەیر بکەم، حەزم دەکرد کوڕەکەم گەورەیی و دەوڵەمەندی ماڵی باوەگەورەی ببینێ. دەمویست ئێمەش بەجۆرێك لەشادی و خۆشی زەماوەندی خوجەستەدا بەشداربین، خەسووم هاتە پێشێ: ((بەم ئێوارەیە بۆ کوێ؟))

((دەچین سەیری شتەکانی ماڵی زاوا دەکەین کە دەیهێنن بۆ خوجەستە)).

((ئەگەر پێیان خۆش بوایە ئێوەشیان بانگهێشت دەکرد، ئەگیانەکەم ناکرێ، ڕەحیم وتویەتی حەقی نییە منداڵەکە بباتە دەرێ)).

((باشە بە تەینا دەڕۆم)).

((دیسانەوە چی لەژێر سەرتدایە؟ ئەگەر دەتەوێ بڕۆ بەڵام دەبێ خۆت وەڵامی ڕەحیم بدەیتەوە)).

زانیم کە ئیتر بایەخی نییە، بایەخی شەڕوهەراکەی نییە، تاقەتی لێدانم نەمابوو، پەکم کەوتبوو، کزبوبوم، جلەگانم لەبەرمدا دەڵب بوبون، ئیتر بەسە، ژانەسەرەکەی دواتر ناهێنێ، دیسانەوە هەر بەخۆمم دەگوتەوە: خۆت بەخۆتت کرد مەحبوبە.

ئەو هەڵەیە هی خۆت بوو، بەرد دەمی کردەوەو وتی مەکە، وتت دەیکەم.

ئێستا چاوت دەرێ بیکێشە، ویستم بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم، کوڕەکەم کە بەتەمای دەرەوە جلم لەبەرکردبوو دەستی کرد بە گریان.

خەسووم وتی: ((رۆڵە گیان بڕۆ بەردەرگا یاری بکە، دەچی بۆماڵی ئاغا سەید سادق؟)) کوڕەکەم چووە دەرەوەو منیش ماندوو بێزار گەڕامەوە ژوورەوە.

کوڕەکەم شەش ساڵی تەواوکرد دەچوو بۆ حەوت ساڵان، کۆتاییەکانی زستان بوو. بەیانییەك کە لەخەوهەستام بەفرێکی وردو نەرم باریبوو، دوای نانخواردنی بەیانی منو کوڕەکەم خۆمان خستبووە ژێر قورسییەکەوە، کوڕەکەم جەستە بچووکەکەی پاڵدابوو بە منەوە، ڕەحیم لەسەربان هاتبووە خوارەوەو بەفری حەوشەکەی خاوێن دەکردەوە، کوڕەکەم زۆر حەزیکرد بچێتە حەوشە بەڵام من ئیزنم نەدەدا. ڕەحیم هاتە ژوورەوەو لەتاوی سەرما دەستەکانی لێك هەڵدەسوو، دەستی خستە ژێر قورسییەکە، روومەتەکانی سووربوبونەوە، رووی لەکوڕەکەمکردو بەگاڵتەوە وتی: ((ئاخ ئەلماس خان، هەوایەکی ساردی هەیە)).

بە کوڕەکەمم وت: ((ئەها، سەیریکە باش بوو نەچویتە حەوشە ئەگینا سەرمات دەبوو)).

ڕەحیم بە پێکەنیەوە وتی: ((ئەرێ گیانەکەم! با باوکت سەرمای ببێ، تۆ بۆچی بڕۆی؟))

Scanned by CamScanner

پێکەنیم و سەری کوڕەکەم ماچ کرد، منداڵەکەم خۆی شل کردو خۆی بە منەوە نوساند، ڕەحیم لەحاڵێکدا کە سەیری منی دەکرد بەگاڵتەوە بەکوڕەکەمانی وت: ((ئەلماس گیان، حەزدەکەی برایەك یان خوشکێکت بۆ پەیدا بکەم؟))

پێکەنیم و وتم: ((حەیات بێ ڕەحیم)).

لەجێگەکەی هەستا: ((حەیف دەبێ بڕۆم)).

بەڕاستی کەیفی ساز بوو، چووە ژوورەکەی تر، دەرگای هەردوو دیوەکەی کردەوە. پێم سەیر بوو، ئەو خۆ ڕۆژنارۆژێك کاری دەکرد. ئەمڕۆ لەو بەفرەدا بۆ کوێ دەڕوا؟

پرسیم: ((بۆ کوێ؟))

وتی: ((بۆ جێگەیەکی خۆش)). ڕۆیشت و چاکەتەکەی لەبزمارەکە کردەوەو هەڵیگرت، کلیلی دەرگای سندوقەکەمی لەژێر فەرشەکە هێنایە درێ.

((چیت دەوێ ڕەحیم؟))

((پارە)).

((خۆ پارە نەماوە، کۆتایی مانگە، هیچمان بۆ خواردن نییە)).

((دەی هەر دەبێ خەرجی بکەین)).

چەندە خێرا دەیتوانی ئەو ساتە خۆش و گەرموگوڕەی بنەماڵەکەی فەرامۆش بکات. پرسیم: ((دیسانەوە دەتەوێ بچی شەراب بخۆی؟))

((دیسانەوە دەمەوێ هەرچییەکم پێ خۆشبێ بیکەم، قسەیەکت هەبوو؟))

سەروقژی داهێنا، وتی: ((ئەوە من دەڕۆم، ماڵئاوا)).

کوڕەکەم خەوتبوو، لەجێگەکەم هەستام، دە پانزە ڕۆژ بوو نەچوبوم خۆم بشۆم. حسابەکەی زۆرتر لەدەستی خەسوومدا بوو هەتا خۆم، لەبەر سەرما نەمدەوێرا.

بەڵام چارم نەبوو، ناکرێ تەواوی زستان خۆت نەشۆی، هەتاو لەپشت هەوردکانەوە دەرکەوت و تیشکی بەسەر شاردا بڵاوکردەوەو لەپشت پەنجەرەکەوە کەوتە سەر قورسی و ژوورەکەوە، پەردەکانم هەڵدایەوە هەتا

هەتاوەکە ژوورەکە گەرمتر بکاتەوە، کوڕەکەم لەژێر قورسییەکەدا خەوتبوو، دەرگاکەم کردەوە لەدەنگی دەرگاکە خەبەری بووەوەو کەوتە گریان: ((منیش دێم، منیش دێم)).

لەلای دانیشتم: ((بۆ کوێ دێی گیانەکەم؟ من دەچم بۆ گەرماو)).

بەو هەمووەوە کە لەخۆشۆردن دەترساو رقی لێیبوو، لەجێگەکەی هەستا، چاوە گەورەکانی لەفرمێسکدا خوسابوون، چاوەکانی لەچاوی ڕەحیم دەچوون، چڵمەکەی هەڵدەقوڕاند. غەبغەبە سپییەکەی ژێر ملی هەر هانی دەدام ماچی بکەم. دیسانەوە وتی: ((منیش دێم)).

((دەمەوێ دەستەکانت هەڵکێشمە ناو کیسە؟ دەمەوێ سەرت بشۆم؟))

سەری بەنیشانەی ئەرێ دانەواندو لێوەکانی کۆکردەوەو وتی: ((ئەرێ)).

بە قاقا پێکەنیم: ((ئەی بەد جنس، ئەگەر لەماڵبی شتێکی خۆشت دەدەمێ)).

((چی؟))

دەمزانی گەنمەشامی پێخۆشە، هەرچەندە ئەو رۆژە لەماڵماندا نەبوو، بەدرۆ وتم: ((گەنمە شامی)).

لەخۆشیدا هەڵبەزییەوەو وتی: ((بێنە، بێنە)).

((ئێستا بەخانم دەڵێم بۆت بێنێ)).

بانگی دایە گەورەیم کرد، وتی: ((وەرە بڕۆین ئەڵماس گیان، با گەنمەشایت بدەمێ. ئێستا دایکت دەگەڕێتەوە، خێرا وەرەوە مەحبوبە... خێرا خێرا)).

رامکردو چاکەتێکی سپی کە خۆم بۆم چنیبو هێنامو لەبەرمکرد، وتم: ((خانم زۆر ساردە، مەهێڵە بچێتە حەوشە)).

((تۆ بڕۆ. نیگەران مەبە. ئەڵماس گیان لای خۆم دەمێنێتەوە)).

کاتێک لەماڵ هاتمەدەر کوڕەکەم لەتەپۆڵکەیەکی بەفری چکۆلە کە لەپاڵ حەوشەکەدا بوو دەچووە سەرێ‌و خۆری زستان کە لەکڵاوەکەی دەدا رەنگەکەی ئەوەندەیتر جوان کردبوو، خەسووم قرخەقرخ کەشەفێکی برنجی لەمەتبەخەکەوە

دەبردە سەریّو بانگیکرد: ((ئەلماس گیان، رۆڵە وەرە بابچینە ژووریّ برنج ببژێرین)).

لەگەرماو گەڕامەوە، خۆرتاو بوو، بەفری ئەمڕۆ دوایین بەفری زستان بوو، وردە وردەو لەسەرخۆ دەهاتمو کەیفم ساز بوو، خۆرەکە جەستەمی گەرم کردبووەوە، گەنمەشامیم بۆ کوڕەکەم کڕیبوو.

هاتمە کۆڵانەکەی خۆمان، چاوم بە حەشیمەتێك خەڵك کەوت کە لەکۆڵانەکەدا بوون وشك بووم، خەڵکی بێ کار لەزستاندا لەناو گەڕەكو کۆڵانو بازاڕدا زۆرن، ئەویش تا ڕادەیەك زۆر، بەڵام ئەم حەشیمەتە لەو حەشیمەتانە نەدەچوو کە خەریکی توو خواردنو پاشەملە قسەکردن بن، ئەی پیاوەکان لەویّ چییان دەکرد، ئەویش بەو زۆرییە، سەد هەنگاوێك تا حەشیمەتەکە مەودام مابوو، دەنگی قیژەیەك کەوتە بەرگوێم، پێم وابێ دراوسێکەمان شتێکی بەسەر هاتبێ، ژنی دراوسێکەمان دەیقیژاند، بەڵام نا، بەهەڵەدا چووم، ئەو لەبەردەرگاکەی ئێمە ڕاوەستاوەو سەیری من دەکات، تەنانەت دەموچاوی خۆیشی دانەپۆشیبو، منیش سەیرم دەکرد، منیش پەچەکەم لادابوو، ئەو چارشێوی نوێژی بەسەرەوە بوو، دەتگوت چاوەکانمان قسە بۆ یەك دەکەن، من پرسیارم لێکردو ئەویش ئازاری هەبوو، خاوەنی ئەم چاوانەی کە بۆم دەدوا ئازاری دەکێشا، دواتر ئاوڕی دایەوەو بەحاڵەتێکی ژناوی ڕووی لیّ وەرگێڕام، کەسێك وتی: ((دایکی هاتەوە)).

دڵم داخورپا، یانی چی؟ منیان دەگوت؟ چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟ ڕامکرد، دەرگاکە کرابووەوە، حەشیمەتەکەم لادا، تەواوی خەڵکی گەڕەك بوون، لەدالانی حەوشەکەدا دوو سێ کەس ڕاوەستا بوون، یەکێك لەو منداڵانەی کە بەردەوام لەگەڵ ئەلماس یاری دەکرد لەویّ ڕاوەستابوو، دەموچاوی دەتگوت بە گریانو لێدان سورهەڵگەڕاوە، دەنگی قیژە دەهات، دەنگی خەسووم بوو، بە ترسەوە دانیشتمو شانی کزی کوڕە بچووکەکەم گرتو وتم: ((چی بووە؟ چی بووە؟ بڵێ)).

دەستی نایە بەرچاوی‌و کەوتە گریان، لەحاڵی خۆم تێنەدەگەیشتم... دوو ژنی گەڕەکەکە لەناو حەوشەکەدا بەرامبەر هەیوانەکە وەستابوون، لەجێگەکەم هەستام‌و چوومە حەوشەوە، خەسووم بەسەری پەتی‌و قژی سوورو سپییەوە لەسنگی خۆی دەدا، کە چاوی بە من کەوت وتی: ((ئای... هاتیتەوە؟ وەرە بزانە چ قوڕێك بەسەرتدا کراوە)).

دەیدا بەسەر ڕانی خۆیداو خۆی دادەنەواندو دەیگوت: ((وەرە بزانە پشتم شکا)).

سەیری هەر چواردەوری حەوشەکەم کرد، لەسەر کوتە دارێك جەستەیەکی بچووك پەڕۆیەکیان بەسەردا دابوو، نەمدەزانی چی ڕوویداوە، ئەو جەستە بچووکە چییە؟ نەمدەویست بزانم؟ هەتا درەنگتر بمزانیایە باشتر بوو، بەلام دەنگێك پێی دەگوتم: ڕەحیمە، ڕەحیمەو، چاوم لەسەری ڕاگرت، وەکو دوو بلێسەی ئاگر کە دەیویست پەڕۆکە هەڵبڕێ‌و دەترسا، کەس لەوێ نەبوو، ڕەحیم لەوێ بوو، بەلام خۆ ڕەحیم لەدووکان بوو، ڕەحیم خۆ ئەوەندە بچووك نەبوو، خەسووم هاواریکردو بەسنگی خۆیدادا: ((ئەی وەی عەلی ئەسغەرم... عەلی ئەسغەرم...)).

نا، نابێ بڕوا بکەم؟ بۆچی ئەوەندە خۆرەتاوەکە تاریکە؟ بۆچی ئێرە ئەوەندە نامۆیە؟ ئەوە منم لێرەدام؟ خەڵك سەیرم دەکەن؟ قەت شتی وانابێ شتێك لەمن ڕوویدابێ، لەوانەیە بۆ خەڵك بێت بەلام بۆ من نا، عەلی ئەسغەر منداڵ بووە، وەی کە وایە ئەوە ئەڵماسە؟ لەوێ لەژێر ئەو پەڕۆ سپییەدا؟ بوخچەی جلەکانم لەدەست بەربووەوە، ڕامکرد، کەسێك هەوڵیدا دەستم بگرێ، چارشێوەکەم لەسەرم داکەوت. گەیشتمە پەڕۆ سپییەکە، داهاتمەوە هەتا پەڕۆکە لادەم، نەمدەوێرا، بەچاوی کراوەوە سەیری سپێتی پەڕۆکەم دەکرد، بەلام نەمدەوێرا لای بدەم، هەرچی درەنگتر بووایە باشتربوو، تا نەمدیوە باشترە نازانم چییە، کاتێك کە دیم نیتر تەواودەبێ، پەڕۆکەم لاداو چاوم پێی کەوت، دەموچاوی خڕو قەڵەو برژانگی درێژو پێستی سپی تەڕتەڕ بوو، قژەکانی تەڕ بوو، بەلام خۆ ئەو نەڕۆیشتبووە

گەرمار؟ ئەی بۆچی تەڕ بوو؟ چاوەکانی لێك نابوو؟ چاوەکانی لەچاوەکانی باوکی دەچوو، لەپڕ سەرنجیمدا، بۆ یەکەمجار زانیم چەندە لەنێزەهەت دەچێ، بەو لێوو روومەتە گۆشتنانەیەوە، دەتگوت نێزهەتە خەوتووە، ئاخ...و دەمزانی لەمەودوا هەر کات نێزهەت ببینم دەکەومەوە یادی، هەڵبەت ئەگەر نێزهەت ببینمو، بەرز بەرز دەمگوت: ((ئەگەر نێزهەت ببینم، ئەگەر نێزهەت ببینم)).

گوێم لەدەنگە دەنگێك بوو کە دەیانوت: ((فەقیرە شێت بووە، عەقڵی نەماوە)).

من هاوارم دەکرد: ((ئەگەر نێزهەت ببینم)).

ویستم هەستم، یانی چی؟ بۆچی پشتم وای لێهاتووە؟ ناتوانم راست ببمەوە، ئەژنۆکانم هەروا نوشتابوەوە، خۆم کێشایە پەنای دیوارەکە، دەتگوت خۆر نییە، لەژێر لێوەوە وتم: ((وەی دایە، وەی بابە)).

کەس نەبوو.

((ئەی دایە گیان، ئەی دایە گیان، بەفریام ناکەوی؟))

وڕێنەم دەکرد، دەنگە ناخۆشەکەی خەسووم ئازاری دەدامو من لەژێر لێوەوە وڕێنەمدەکرد، فرمێسکم نەبوو.

کەسێك بەدڵسۆزییەوە وتی: ((وەرە لێرە دانیشە)).

وەکو بەرخێك بەقسەم کرد، دەتگوت کورسییەك، شتێك نییە، چوار پێنج کەس پیاوو ژن دەوروپشتیان گرتبووم، هەڵبەت بۆچی زوو نەمدەزانی؟ خەسووە هەژارەکەی من عەقڵی پێ نەدەشکا، چونکە ڕەحیم نەبوو، چونکە پیاومان لەماڵ نەبوو، هەروا دەستی لەسەر دەستی داناوەو شیوەن دەکات، سەرم بەرزکردەوە، ڕووەو سەرێ خۆم دەکێشا، بە پاڕانەوەو بەدەمی کراوەوە هەناسەم هەڵدەکێشا، دەمگوت: ((توخوا... ئێوە برۆن دکتۆر بێنن... پیاومان لەماڵ نییە)).

نەمدەزانی بۆچی سەیری یەك دەکەن؟ بۆچی سەردادەخەن؟ بۆچی ناجوڵێن؟

((برۆن دکتۆر بێنن ئیتر!...))

یەکێك بە ئارامی وتی: ((ئیتر بەکار نایە فایدەی نییە)).

Scanned by CamScanner

وشەیەکی تر لەمێشکمدا درەوشایەوەو هۆشم بەجاری هاتەوە جێی خۆی.

ئیتر یانی چی؟ ئیتر تەواوبووە یانی چی؟ یانی ئەڵماس مردووە؟...

کاتێک قسەمکرد دەنگی خۆمم پێ سەیر بوو، لەوەی کە دەمم ئەوەندە وشکبوو، تەڕایی لەدەممدا نەمابوو، لێوی خوارەوەم قڵیشا، سوچی لێوەکانم پێکەوە نووسا، دەتگوت تۆپیان خستۆتە گەرووم، بەدەنگی گیراوو گەرەوە پرسیارمکرد: ((چی بووە؟))

((کەوتۆتە ناو حەوزەوە)).

یانی چی؟ لەوانەیە هەڵەیەک کرابێ، خۆ حەوزەکەی ئێمە قووڵ نییە، خۆ دایە گەورەی لێرە بوو؟

((حەوز؟ کام حەوز؟))

((حەوزی ماڵی ئاغا سەید سادق)).

((مردووە؟!!))

بێدەنگی.

قیژاندم وتم: ((مردووە)).

هەر بەو ئاسانییە لەدەستم چوبو، وەکو ماسییەک خزاو دەرچوو، منداڵی هەمووان ساغن، دەستیان لەدەستی دایکیاندایە، ئێستا هەموو دەڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. لەوە شادن کە ئەم بەڵایە بەسەر منداڵەکەی خۆیاندا نەهاتووە، تەنیا بەسەر من هاتووە، دەڵێن ئەها زۆڵەگیان ئەمگوت ئەچێتە سەر حەوز؟ من بە تەنیا لەناوەڕاستی ئەم حەوشەیەدابم.. ئیتر منداڵیشم نابێ؟

وەکو مۆم نوشتامەوە، یەکێک گرتمی: ((بڕۆن مێردەکەی بانگ کەن، بوراوەتەوە)).

نەمدەزانی چییە، شیوەن و ڕۆ ڕۆ باس ناکرێ، کاتێک ڕەحیم هاتەوە منیان بردبووە ژوورەوە، لەقادرمەکان سەرکەوت، چاوەکانی سور بوو، نەفرەتم لەتەوەزەلی خۆم کرد، بۆچی ئەوەندە ڕێیان لێدەگرتم؟ بۆچی ناهێڵن بچمە حەوشە؟ وتم: ((ڕەحیم، بیهێنە بۆ ئێرە، دەرەوە ساردە)). دەستم بە حاڵەتی

پارانەوە درێژ کردبوو، ڕەحیم بەچاوی سورەوە پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو سەیری دەکردم

* * *

ماڵێکی کپ و بێدەنگبو، ئاگر بەست بوو، خەسووم لەلایەکی حەوشەکەو منیش لەلایەکی ترەوە، ڕەحیم تەحەمولی نەبوو، لەماڵ چووە دەرەوە، حەزمدەکرد لەلام بێ، سەرم دەخستە سەر شانیو ئەویش شانە کزەکانمی دادەماڵی، حەزم دەکرد بڵێم ڕەحیم خەفەت خەریکە دەمکوژێ بگە فریام، حەزم دەکرد بە خۆم بڵێم مەحبوب گیان وامەکە لەخۆت، حەزم دەکرد ببینم کە شەوانە وەك من بەخەبەرەو سەیری بنمیچەکە دەکات، فرمێسکەکانی ببینم کە بێدەنگ بەسەر سەرینەکەیدا دێتە خوارێ، بەڵام ڕەحیم نەبوو ئەو پاڵپشتی من نەبوو، دەتگوت لەنێوان زەوی و ئاسماندا ڕاگیراوم.

دایە هات، بینیم لەگەڵ خەسووم قسە دەکات، دە تا پانزە ڕۆژ بەسەریدا تێپەڕ بوو، دیم کە بە فرمێسك هەڵڕشتن لەقادرمەکان سەرکەوت و بێ هیچ قسەو باسێك لەباوەشی گرتم، وتم: ((ئاخ، دایە، دایە، دایە!)) و فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ.

ئێوارە دایە ڕۆیشت، بەڵام خێرا گەڕایەوە.

((بۆچی گەڕایتەوە دایە گیان؟))

((لەلات دەمێنمەوە، چەند ڕۆژێك لەلات دەبم)).

((خانم گیان چی وت؟))

((چی وت؟ پێی ناخۆش بوو)).

((ئاغا گیانم چی؟))

((لەژوورێکدا دانیشتووەو تەزبیحێکی بەدەستەوەیەو لەگەڵ کەس قسە ناکات، ڕەنگی سپی سپی بۆتەوە)).

شەو لەلام ڕاکشا، ڕەحیم لەژوورەکەی تر خەوت، فرمێسکم هەڵدەڕشت و دەردی دڵم بۆ باس دەکرد، ((دایە گیان، پشتە دەستی قەڵیشابوو، دایە گیان، کاتێك قسەی ناشرینی دەکرد دەمدا بەناو دەمە بچووکەکەیدا... دایە گیان،

کاتێ لەگەڵ رەحیم شەڕمان دەکرد دەگریا... دایە گیان، گەنمەشامیمان نەبوو بیدەمێ))

دایە دەگریا، ((بەسە مەحبوبە، خەریکی خۆت دەکوژی، دەی منداڵ نەبێ پەروەردە بکرێت، تەواوی منداڵەکان لێدان دەخۆن، کەوایە کەس لەترسی ئەوەی کە منداڵەکەی نەکا بکەوێتە ناو حەوز نابێ پەروەردە بکا؟))

خەفەت خەریکبو شێتی دەکردم، بەردەوام چەناگەم دەلەرزی، بەردەوام دەگریام، هەرکاتێ دەمویست نانبخۆم بیرم دەکەوتەوە، ئێستا لەکوێیە، برسییەتی؟ بە تەنیایە؟ نەکا لەتاریکی بترسێ؟ ئاخ دایە گیان... دایە دەیگوت: ((رەحیم ئاغا بیبە بۆ سەیران بیبە بۆ زیارەت)).

رەحیم بە ناڕەحەتییەوە سەری دەلەقاند، یانی فایدەی نییە.

چاوم بە خەسووم هەڵنەدەهات، رەحیمیش قسەی لەگەڵ نەدەکرد، سەد جار پێم وتبوو کە مەهێڵە ئەوەندە لەو کۆڵانانەدا بێ، کە گوێم لەدەنگی دەبوو مووی لەشم رەق دەبوو، دەنگی ئیزرائیل بوو.

حەزم نەدەکرد بەو کۆڵانەدا تێپەڕبم، ئەو ماڵەش ببینم، شوێنی تیاچوونی کوڕەکەم، سەیری حەوشەکەم نەدەکرد، دەتگوت هەر لەوێ لەژێر پەرژ سپییەکەدایە، شەوانە ناڕەحەت خەوم لێدەکەوت، ئەویش چ خەوێ، هەر بێ خەوییەکە باشتر بوو، حەزم نەدەکرد بخەوم، لەخەوتن دەترسام، خەوم دەدی کە لەژوورەکەدایە، هەڵدەستام، لەژێر قورسییەکە دانیشتوەو پێمەوە نوساوە، لەخەومدا هەڵدەستامو، بەگریان دوام دەکەوت، لەخەو رادەچڵەکیم، هەر لەو خەوەدا کەدەمدی ژانو ئازار تێکەڵاو دەبوو، چونکە دەمزانی درۆیە، دەمزانی خەو دەبینمو هەر شەوێ تۆزێک بخەوتمایە ژنێک لەدوورەوە هەرای دەکرد، لەدوورەوە گوێم رادەگرت.

عەلی ئەسغەرم... عەلی ئەسغەرم...

سێ مانگی پێ چوو و شەپۆلی ژانو خەفەت کەم کەم نیشتەوە، لەرواڵەتدا ژیان ئاساییو بێدەنگ بوو بەڵام لەناخەوە خەمو ئازارێکی گڕاوی لەسەر یەک

کۆبوبوەوە کە بە بچوکترین جوڵە دەهاتە سەرەوەو ڕۆحی منی تاریك‌و تنۆك دەکرد. ژانێکە کە نایەتە سەر زمان‌و داوام لەخوا دەکرد کە کەس بەسەری نەیە.

ڕەحیم زووتر لەمن لەخەم ڕزگاری بوو، بەیانییەك بەسەر سوڕماوییەوە دیم کە شانەدارینەکەی منی هەڵگرتووەو قژی دادەهێنێ، سمێڵی بادەدا، خۆی سوردەداو سەیری ڕاست‌و چەپی خۆی دەکات، چ تاقەتێکی هەبوو.

نەمدەهێشت توخنم بکەوێ، چۆن دەمتوانی؟ من لێرە خۆشییمبێ‌و منداڵەکەشم لەوێ... نا، ناتوانم، لەدەست خۆمدا نەبوو، چەند مانگی تری پێچوو، من هەر خەفەتبار بووم، تاقەتی شەڕو هەرام نەبوو، کەی نەورۆز هاتبوو؟ کەی تێپەڕیبوو؟ کەی بەهار تەواو بوو من نەمدەزانی.

شەوێك دوای نانخواردنی ئێوارە من‌و ڕەحیم لەژوورەکە دانیشتبووین، من گوڵم دەچنی. کارێکی ترم نەبوو بیکەم، ڕەحیم لەبەرامبەرم دانیشتبوو، دەتگوت لەدوای ماوەیەکی زۆرەوە تازە لەخەو هەستاوم، سەرم بەرزکردەوەو سەیری ڕەحیمم کرد. نەك هەروا بە ساکاری بەڵکو بەجوانی، دەتگوت لەدوای ماوەیەکی زۆرەوە لەسەفەر هاتۆتەوەو من هەڵی دەسەنگێنم، قژەکانی ڕۆنی لێدابوو خستبووی بەلایەکدا، ئارام‌و بێ خەیاڵ.

قاچێکی درێژکردبوو، قاچی ڕاستیشی هەڵنابوو، جگەرەی دەکێشا، ماوەیەك بوو کەوتبووە جگەرەکێشان، تەپڵەکێك لەسەر فەرشەکە لەپاڵ دەستیدا بوو. دەمی بۆنی مەشوربی لێدەهات. کاری نەدەکرد، وەکو هەموو جارەکانی تری، لەجێگەکەی هەستا. شت‌ومەکەکانی خۆشنوسییەکەی هێنا، دەستیکرد بە نوسین. پرسیم: ((چی دەنووسی ڕەحیم؟))

کاغەزەکەی هەڵگێڕایەوە: ((دڵ دەڕوات لەدەستم خاوەن دڵان خوایە)).

موچڕکم پیا هات.

((چەندە ئەم شیعرەت پێخۆشە! یەکێکی دیکەت نوسیوە)). بەدەستم ئیشارەم بەسەر تاقەکە کرد.

پێکەنی‌و وتی: ((هەر چەند ساڵ جارێك حەز دەکەم دیسانەوە بینوسم)).

Scanned by CamScanner

نوسراوەکەی تەواوکردو خستییە سەر تاقەکە هەتا وشک بێتەوە.

بەیانی کە هەستام خۆر هەڵاتبوو، حەزم نەدەکرد هەستم، هیوایەکم نەبوو، دەمەو نیوەڕۆ بوو کە لەناو جێگەکەم هاتمە دەرێ، چوومە ژووری تالارەوە، نوسراوەکە لەسەر تاقەکە نەبوو، ڕەحیم بردبووی.

کۆتایی هاوین بوو. دایە هات، لەژوورەکە دانیشتبووین و چامان دەخواردەوە، هەرکات چاوم پێی دەکەوت داخەکەم نوێ دەبوەوەو دەمدا لەپرمەی گریان.

دایە وتی: ((بەسییەتی ڕۆڵە گیان، بۆچی خۆت سزا دەدەی؟ هەتا کەی دەتەوێ وا بکەی؟))

((دایە گیان ئاخر ژانی من خۆ دانەو دووان نییە، من ئیتر سکم پڕ نابێ)).

دایە بێ ئیرادە وتی: ((چ باشتر، شوکور بۆ خوا، بەم شووە چاو حیزەی کە...)).

((چی؟))

((هیچ، من هیچم نەگوت)).

((دایە بڵێ، دەزانم شتێك دەزانی)).

((نا کوڕە نازانم، هەروا شتێکم وت)).

نیگایەکی بە بڕشتم لەچاوی کردو بە لەحەنێکی مەحکەم وتم: ((دایە بڵێ)).

((چی بڵێم؟ وەڵا شتێك نییە تا بیڵێم، ژنەکەی فیروز، دەدەخانم یەك دوو جارێ لەبەر دووکانەکەی تێ پەڕیوە، دەڵێ شتی لێ دیوە)).

((بۆ وێنە چی؟))

((وەڵا من نازانم، خۆ هەر وا قسە دەگێڕێتەوە، هەر ئەوەندەی بە من وت)).

((لەبەر دووکانەکەی ئەو چ کارێکی بووە؟))

((وەڵا چوو بوو بۆ ماڵی پورتان، لەوێ بۆ نانی نیوەڕۆ دەیهێڵنەوە، دوای نان کە دێتەوە لەبەر دووکانەکەی ئەوەوە دێتەوە)).

((دووکانەکەی ڕەحیم لەکوێیەو ماڵی پوورە کیشوەرم لەکوێیە؟))

((منیش وتم لەوەئەچێ قسەکانی درۆ بێ)).

Scanned by CamScanner

((نا، درۆ ناکات، هەر حەز دەکات کەوچک لەکاری خەڵک وەربدا، دەنا درۆ ناکا))

((ئێستا هیچ بە ئاغا رەحیم نەڵێی... دەنا بەسەر مندا دەشکێتەوە)).

((خۆ منداڵ نیم دایە گیان))

پێشتریش سوسەم کرد بوو، بەڵام حەزم نەدەکرد بڕوا بکەم، خۆم لەگەوجی و نەفامی دەدا، بۆ من جیاوازییەکی نەبوو، بەهەموو ئەمانەوە چەند شتێکم دەزانی لەنەهاتنەوەی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، لەچاکەت و پانتۆڵ لەبەرکردنەکەی، لەقژ داهێنانەکەی، لەنوسینەکەی، لەدڵ دەڕوات لەدەستم...

نانی نیوەڕۆم خوارد، رەحیم لەماڵ نەبوو، خۆم کرد بە خەوتوو، خەسووشم لەژوورەکە خەوتبوو، بە ئەسپایی چارشێوەکەم هەڵگرت، پێڵاوەکانم بەدەستەوە گرت و بەنوکە پێ چوومە دالانەکەوە، چارشێوەکەم لەسەرکردو پەچەکەم لێدا، پێڵاوەکانم لەپێکردو لەماڵ هاتمە دەر، تازە نیوسەعات لەنیوەڕو تێپەڕ بووبوو، بە پەلە شەقامێکی پڕدارو درەخت و چەند کۆڵان و گەڕکم تێپەڕ کرد، دووکانەکەی رەحیم دوو دەرگای هەبوو، دەرگای سەرەکییەکەی لەناو شەقامەکەدا بوو، بەڵام ئەو دەرگایە داخرابوو، چوومە کۆڵانەکەی تەنیشتییەوە دەرگای سەر کۆڵانەکە کرابووەوە، دەنگی مشار دەهات، هیچ خەبەرێک نەبوو، چوومە ئەو سەری کۆڵانەکەو گەڕامەوە، دیسانەوە خەبەرێک نەبوو، دوو سێ جار چووم و ئارام گەڕامەوە، ئەگەر کەسێک لەکۆڵانەکە بوایە خێرا گومانی لەهات و چوونەکەم پەیدا دەکرد، بەڵام پەلەوەر بە حەواوە نەبوو، خەڵک هەموو نیوەڕۆخەویان دەکرد، جاری سێیەم یان چوارەم بوو، خەریکبوو دەگەڕامەوە، کچێکی زۆر باڵا کورت لەشەقامەکە هاتە ناو کۆڵانەکەوە، من لەو سەری کۆڵانەکە بووم، مەودامان زۆر بوو، بەهەموو ئەوانەوە دیم بەرەو لای دووکانەکەی رەحیم لایدا، پەچەکەی هەڵدابووەوە، بە لەرزە لەرز بە ئارامی نزیک بوومەوە، ئیتر دەنگی مشار نەدەهات، بە ئەسپایی سەرم کێشا، کچێکی قەڵەو بوو، بەو چارشێوە کۆنەیەوە زۆر تر لەکولەکە دەچوو، روخساریم نەدی چونکە زۆر دوور

Scanned by CamScanner

بوو. بەڵام پێم وابێ گوێم لەپێکەنینەکەی بوو، کچەکە سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆی دەکرد نەکا کەسێك چاوی پێی بکەوێ، خۆم کێشایە ئەو لاوە، کاتێ دیسانەوە سەیرم کردنەوە کەس لەناو کۆڵانەکەدا نەبوو، یەك دوو خولەکی پێچوو. مێشکی سەرم دەکوڵا، نەك لەخەفەتی ئەوەی عەشقێکم دۆڕاندبێ، هەستم دەکرد ورد بووم. ئەم پیاوە بێ شەرەفە وەکو جاڵجاڵۆکەیەك وابوو کە مێشی دەخستە تۆڕەوە، مردنی کوڕەکەم دوایین زەربەی لەعەشقی ئێمە دابوو، بە خەنجەرێکی تیژ دڵی ئێمەی لەیەك هەڵبڕی بوو، ئێستا ئەم هەڵسوکەوتە بێ شەرمانەیەی ئەو زیاتر خوێنی لەبرینم دەکرد.

کچەکە لەدووکانەکە هاتە دەرێ‌و بەرەو لای ئەو سەری کۆڵانەکە کەوتە ڕێ. خۆم لاداو بە پەلە گەڕامەوە بۆ سەر شەقامەکە، تازە گەیشتبوومە لای شەقامەکە کە بەلامدا تێپەڕی. هەناسە بڕکێی بوو، نازانم لەترسا بوو یان بەهۆی قەڵەوییەکەیەوە بوو. خەریکبوو پەچەکەی دەهێنایە خوارێ، تەنها بۆ ساتێك ڕووخساری گۆشتنیم چاو پێکەوت کە قەڵەوو سوور بوو، وەکو هەویری هەڵهاتوو. لووتێکی پان دەتگوت بەشت لێتداوەو نووکەکەی دەگەیشتە لای دەمی. سەد ڕەحمەت بە کەوکەب... تەنیا هەر ئەو دەموچاوە ناشرینەو ئەو باڵا کورت‌و قەڵەوەیە لەبیرماوە کە وەکو باگردێن وابوو، بێ ئەوەی کە لەدەستی خۆمدا بێت وەك سێبەر دوای کەوتم، دوو کۆڵان سەرتر چوو بۆ لای ڕاست‌و لەکۆتایی کۆڵانەکە کە ئەو سەری گیرابوو، چووە ناو ماڵێکی بچووکەوە کە دەرگاکەی دار بوو، بە سەیرێکەوە لەناو کۆڵانەکە ڕاوەستابوومو سەیری دەوروپشتمم دەکرد، دەمویست بگەڕێمەوە، ژنێك دەرگای ئەو ماڵەی کە بە تەنیا لەلای چەپمەوە بوو کردەوەو لەوەی کە من هەر سەیری دەوروپشتم دەکرد سەری سوڕماو وتی: ((خانم کارتان هەبوو؟ ماڵی کێتان دەوێ؟))

هاتمەوە سەرخۆو بێ ڕاوەستان چووم بۆ لای، بەوە زۆر شادبووم پەچەکەم بەسەرەوە بوو، دەتگوت کەسێکی تر ئەو قسانەم فێر دەکات: ((خانم، من

دەمویست داوای کچی ئەو ماڵە بکەم بۆ براکەم، بەڵام سەرەتا دەمویست پرسیار لەکەسێك بکەم بزانم چۆنن، ئێوە دەیانناسن؟))

گەرمە لەژێر چارشێوەکەدا دەلەرزی، ئەو ژنە بەدرێژییەوە سەیرێکی ماڵەکەیانی کرد و بە ترسەوە وتی: ((ها... ئەوانە خۆ کچیان نییە، منداڵیان نابێ!))

((کەوایە ئەو کچە قەڵەوە باڵا کورتە کێ بوو؟))

((ئەوەی کە چاوێکی خێڵە؟ ئەوە کچی شوبراکەی خاوەر خانمە، زۆربەی کاتەکانی لێرەیە))

دڵم فینك بووەوە، قوربەسەرت رەحیم، هەر ئەوەت شایانە، پرسیم: ((ناوی چییە؟))

((مەعسومەیە))

((مامی چ کارەیە؟))

((مامی پۆلیسە))

((کچەکە چۆن کچێکە؟ هونەرێك، خوێندەوارییەك، شتێك دەزانێ؟))

پێکەنی ((هونەر!)) دواتر دەنگی هێنایە خواری و بەسووکێك وتی: ((توخوا بەینی خۆمان بێ، بەرەڵایە، کەس سەرپەرشتی ناکا، ئامۆژنە هەژارەکەی بەدەستییەوە تووڕەیە. بەڵام قسەبکات مێردەکەی دەیداتە بەر شەق، تەواوی خەڵکی گەڕەك بەدەستییەوە گلەییان هەیە، هێشتا ئەم باشە، ئەگەر براکانی کچەکە ببینی! برا گەورەکەی کەناوی ئەکبەرە بەناوبانگە)).

((بۆچی؟ چۆنن؟))

((لەخوێڕی و لاتەکانە، خوا نەکات لەگەڵ کەس تێبکەون، یەکێکیان لەسابوون بەزیدا نیش دەکات، ئەویتریان هەر ڕۆژە ئیشێك دەکا، ڕۆژێ گونکی ناندەگرێ، جاری وا هەیە لەدووکانی سەوزە فرۆشییە، جاری وا هەیە شاگردی سەروپێ خانەکە، ئەوەندە ناجسنە، کەس لەگەڵی هەڵناکات، لەئاشوب گێڕەکانە، دایکیان لفکە دەچنێ و سپیاو دروست دەکات، زۆر ناجسنن، بەکاری ئێوە نایەن)).

پرسیم: ((ئەی مامیان پۆلیس نییە؟))

((دەی ئەریّ... میشوولە بە حەواوە ناڵ دەکات، گوێی هەموو کەسێ دەبڕێ بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە...)).

پێم سەیر بوو، رەحیم ئەمەی لەکوێ دۆزیبووەوە؟

ژنەکە وتی: ((ئێستا فەرموون پەرداخێك شەربەت بخۆنەوە)).

((دەستت خۆشبێ، دەبێ برۆم، رێگەکەم دوورە)).

((خانم گیان توخوا ئەو قسانە هەر با لەبەینی خۆماندا بێ!... من تەنیا مەبەستم خێر خوازی بوو، براکەی ئێوە حەیف نییە بکەوێتە نا ئەو ئاگرەوە؟! پێیان بگاتەوە شەڕێکمان بۆ ساز دەکەن)).

((نە خانم گیان، خۆ منداڵ نیم، هەر چییەکت گوت لەلای خۆم دەمێنێتەوە.

ورده ورده بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، حەزم دەکرد دەرەنگتر برۆمەوە، پێم سەیربوو کە ئەوەندە نارەحەت نیم، لەراستیدا هەر نارەحەت نەبووم، جیاوازییەکی بۆ من نەبوو، دەتگوت لەهەموو شتێك دوورم، ئەو شتانە پەیوەندی بە منەوە نەبوو، خەفەتم پێنەدەخوارد، دڵم وەکو بەردی لێهاتبوو، خەمو شادی پەیوەندی بەو ئینسانانەوە هەبوو گیانیان تێدا بوو کە زیندوو بوونو لەناو ژیاندا ئامانجو هیوایەکیان هەبوو، ئەوەندەم نەهامەتی بەسەردا هاتبوو، ئەوەندە سوکایەتیم چێشتبوو، ئەوەندە رۆحم لەگوشاردا بوو کە هیچم لا گرنگ نەبوو، هەموو شتێکم لەدەستدا بوو. وزەی تێگەیشتنو هەستم نمابوو، بێ خەیاڵ بووم، ئیتر چ زەربەیەك لەمردنی کورەکەم توندتر بوو کە بتوانێ دیسانەوە رەنجو ئازار لەدەروونمدا هەڵفرێنێ، لەراستیدا خەمو خەفەت ئەوەندە لەدڵمدا کۆ بوبوەوە کە بە هیچ زەربەیەك کەمو زیادی نەدەکرد، ئیتر لەبیرم چووبوەوە کە ژیانی بێ دەردو ئازارو خەفەت چۆنە، خۆرەتاوی پاییز دەیدا لەسەر رووی گەڵای چنارەکانو سێبەری دەکەوتە سەر زەویو دارو دیوار، جۆگەلە ئارێکی بچووك کە بەلایدا تێپەڕ دەبووم پێ بەپێی من هات، دەتگوت کوڕێکی چکۆلەیە کە لەگەڵ دایکی رێدەکات، هەستم کرد کە کەسێك بەدوامدا دێو، بە ئارامی بانگم دەکات، ئەڵماس بوو؟ لەناو ئاوەکەدا؟ خەیاڵات لەکۆڵم نەدەبووەوە، بە چاوی

Scanned by CamScanner

کراوەوە حەوتم دەدی، هێمن، هێمن دەڕۆیشتم، شەقامەکە کە چۆڵ بوو وردە وردە قەرەباڵغ بوو، هەموو کەس و شتێکی تێدابوو، بەڵام ئەڵماسی من نەبوو، شنەیەکی فێنک لەئەلبوورزەوە دەهات و هەواڵی پاییزی دەدا، چەندەم پێخۆشبو کە لەژێر هەتاوی پاییزدا، لەپاڵ ئەم جۆگەلە ئاوەو لەژێر دار چنارەکاندا دانیشمو سەیری ئاسمان و دارەکان بکەم هەتا ماندوێتی چاوەکانم بحەسێتەوە، هەتا ماندووێتی قاچەکانم دەرچێ، هەتا خەفەت بەرمدا، هەتا دنیا بە کۆتایی بگات. لەراستیدا لەم شەقامە چۆڵەدا، لەرەوتی ئاوی ئەم جۆگەلەیە، لەسێبەری گەڵاکانی چنار کە لەژێر هەتاوەکە دەدرەوشانەوە ئارامشێک بوو سوکنایی بە من دەدا و دەیخستمەوە یادی ژیانێکی بێ قرەو پڕاوپڕ لەبێ خەیاڵی، دەکەوتمە یادی دانیشتن و پاڵدانەوە بە پشتییەک لەلای پەنجەرەیەکەوە کە پەردەکانی لادرابێ. دەکەوتمە یادی وەنەوزدان لەژێر هەتاوێک کە دەهاتە ژوورەوەو دەیدا لەپشتی نینسان، چونکە نەمدەویست ئەو هەستەم لەناو بچێ هەنگاوەکانم ورد کردەوە هەتا درەنگتر بگەمەوە ماڵەوە، چوومەوە بۆ ماڵەوە، قاچم خستە حەوشەکە، وەکو جاران هەوڵمدا چاوم بە لای چەپی حەوشەکە نەکەوێ، بەو شوێنەی کە چەند مانگ لەمەوپێش لەلای کۆگا بەفرێکی چکۆلە تەرمی کوڕەکەم لەژێر بەرۆیەکی سپیدا بوو.

پێویستی نەدەکرد زەحمەت بکێشم، خەسووم بەو بەژنە قێزەونەیەوە بەرامبەرم سەیری دەکردم و دەستی لەکەلەکەی نابوو.

((لەکوێ بووی؟))

((لەدەرەوە)).

سەرم بەرز ڕاگرت و ویستم بەلایدا بڕۆم، پرسی: ((وتم لەکوێ بووی؟))

((پەیوەندی بە نیوەوە نییە خانم، مەگەر من دیلم؟))

((مێردەکەت وتویەتی کە هەر کەس دێ بۆ ئەم ماڵە یان دەڕواتە دەرێ دەبێ لەمن ئیزن وەربگرێ، من نابێ بزانم لێرە چی ڕوودەدات؟ ئەو کوڕە هەژارەی من نابێ هەواڵی لەماڵەکەی هەبێ؟!))

Scanned by CamScanner

بەتەشەرەوە وتم: ((ماڵی خۆی؟ لەکەیەوە بووەتە خاوەن ماڵ، بە هەڵە پێتانی وتووە. ئەمە ماڵی منە، زۆر زوو لەبیرتان چووەوە)).

وشك بوو. بەڵام مەیدانی خاڵی نەکرد، ((من ئەو شتانە نازانم، بڵێ لەکوێ بووی؟))

بە لەحنێکی جزودارەوە وتم: ((ئەگەر بە قەد نیوەی من ئاگات لەکوڕەزاکەت بوایە ئێستا زیندوو بوو)).

لەحاڵێکدا کە لاسایی دەکردمەوە وتی: ((ئێوەیش ئەگەر لەجیاتی ئەوەی منداڵەکەت لەباربەری‌و. بەراستی بچوویتایە بۆ گەرماو، ئێستا وەجاختان کوێر نەدەبوو)).

راستەوخۆ تیرەکە لەدڵی دام‌و دەنگم بەرزکردەوە: ((مەترسە بووکە تازەکەت منداڵی دەبێ بۆتان)). دیم بە دەمی کراوەوە سەیرم دەکات بۆیە زیاترم وت: ((دەتەوێ بزانی لەکوێ بووم، چوو بووم بووکەکەت ببینم، چوبوم بۆ خوازبێنی. موبارەکە، چووم مەعسوومە خانم داواکەم بۆتان بەراستی کوڕەکەتان کەسێکی باشی هەڵبژاردووە، ئەمەیان ئیتر پڕ بەپێستی ئێوەیە، راست دەڵێن کە خوا نەجاڕ نییەو تەختە رێکخەرە، ئەم بووکە تازەیە بەتەواوی لەگەڵ ئێوە هاوتایە. مامەکەی پۆلیسە، براکانی سابوونپەزو لات‌و خوێڕین‌و دایکی لفکەچنی گەرماوە، چۆنە؟ پێتان باشە؟ کۆتر لەگەڵ کۆتر هەڵدەفڕێ...)).

سەرەتا تێنەدەگەیشت چی دەڵێم، هەر سەیری کردم‌و وتی: ((ئەم قسانە کوڕەکەی من ناگرێتەوە، کوڕە هەژارەکەی من رۆژ هەتا ئێوارە کار دەکات...))

قسەکەم پێ بڕی: ((خۆم دیم، بەم دوو چاوانە دیم، کچەکەی بردبووە دووکانەکە...)).

دڵنیابوو، پێم وابێ پێشی خۆش بوو، بە پێکەنینەوە وتی: ((ئا... کەوایە تۆ لەوە نارەحەتبووی کە کەسێك لەناو دووکانەکەی ڕەحیمدا لەگەڵی پێکەنیوە؟ ڕەحیم کەجاری یەکەمی نییە لەو کارانە دەکات، دەی کچەکان لەکۆڵی نابنەوە، منداڵەکەی من تاوانی چییە؟ چی بکات؟ گەنجە. خۆ سەد ساڵ تەمەنی نییە،

Scanned by CamScanner

رەسمی لێ هەڵناگرن، لەدەوڵەمەندەوە بگرە هەتا بە قسەی تۆ برازای پۆلیس... دەی ئێستا چی بووە!)) تەواوی قسەکانی تانەو تەشەر بوو.

وەك ماری ژەهراوی پێوەی دەدای.

((نا، خۆ هیچ نەبووە، هەر بڕوا مارەی کات، هەرئەوەی لایەقە، ئێوە هەر کەرکەسی بێ حەیا یان ئەو کچەی کە نازانێ ناوی خۆی بنووسێ‌و، کوڕەکەت شیعری حافزو سەعدی بۆ دەنووسێ لایەقتانە، ئەو هەڵەیەکی نییە، زۆریش پێم خۆشە ئەو کچە بێنێ‌و خزم‌و کەسوکارەکەی‌و خۆیشی ئەژدادوئاباتان دەربێنێ بەڵکو قەدری بزانن، کوڕەکەی تۆ نافامێ کە بنیادەمی ماقوڵ‌و دایك‌وباوکدار چییە، ماوەیەك هەر بە تەوەزەڵی‌و خۆڕایی خواردوویەتی خووی پێوە گرتووە، پێویستە کەسێك پەیدابێ‌و تێی هەڵداو داوای پارەی لێبکات، هەتا بە بەرد ئەژنۆی خۆی بشکێنێ، من ئیتر ماندوو بووم، هەرچییەکتان گوت هیچم نەگوت، سواریم بوون، دایە گیانم راستی دەگوت ماقووڵی زۆریش بەکار نایە)).

((دایە گیانت هەڵەی کرد، کوڕەکەم تاوانی چییە؟ لەوانەیە کچەکە کەوتبێتە دوای، ئەی تۆش واتنەکرد؟ بەراستی گیرمان کردووە، مەگەر کوڕەکەم چی لێکردووی؟ من چیم لێکردووی؟ مەگەر بەشیشە سوتاندوتی؟ نەبویتایە بە ژنی، ئێستاش هیچی نەکردووە، دەیەوێ ژن بێنێ، منداڵی دەوێ، دەیەوێ وەجاخی کوێر نەبێ، خۆ تۆ وەجاخ کوێری، گریمان ژنیشی هێنا، خۆ کاری بە تۆوە نییە، تۆش دانیشتووی پارووەیەك ناندەخۆی‌و مێردەکەشت بە لاتەوەیە، خەڵك دوو سێ ژن دەهێنن لەماڵیشیاندا شەڕوهەرا ڕوونادات، ئەوە تۆی حەوت گەڕەك ئەولاتر دەنگی ژنێکت گوێ لێبووە خەریکی دنیا تێدەگەیەنی، ئەگەر خزمەکانی من بێنە ئێرە دەڵێی بۆ لای رەحیم هاتوون، لەکۆڵان ژنێك ببینی دەڵێی ڕەحیم دەیهێنێ، هەموو کەس دەبێ سڵت لێبکاتەوە، دەزانی چی دەکەی؟ ئەگەر رەحیمیش نەیەوێ ژن بێنێ خۆم قۆڵی بۆ هەڵدەماڵم‌و بۆی دەهێنم)).

لەو شەڕەی کە دیسانەوە دەستی پێکردوو ئەوە من بووم کە شکستم دەخوارد، دەفەرتام، وەك خۆم نەمابووم‌و بوبوم بەو کەسانەی کە لەگەڵیان

Scanned by CamScanner

دەژیام، دایکی ڕەحیم مەیدانەکەی چۆڵ نەدەکرد، شەڕکەرێکی کۆڵنەدەر بوو، لەشەڕکردن چێژی وەردەگرت.

پشتم تێکرد، دەمەدەمێ لەگەڵ ئەو سوودی نەبوو، لەکاتێکدا کە لەقادرمەکان سەردەکەوتم وتم: ((توخوا چاو لەمن بکەن لەگەڵ کێ قسە دەکەم!))

ڕەحیم شەو هاتەوە بۆماڵەوە، دایکی بە پەلە رایکرد بۆلای و بردیە ژوورەکەی خۆیەوە، دە دەقە، چارەکێ، نیو سەعاتی پێچوو دەنگی قاچیم گوێ لێبوو، کە دەهاتە سەرێ، ناوچاوی تێکنابوو، لەلای سەماوەرەکە دانیشتبووم، وتم: ((سەلام)).

((سەلام و ژەهەری مار، ئەمڕۆ ئێوارەکەی لەکوێ بووی؟))

((دایکت راپۆرتی دا؟))

((وتم لەکوێ بووی؟))

بە ئارامییەوە وتم: ((هیچ کوێ، بێتاقەت بووم، وتم بڕۆم بگەڕێم، هاتمە بەردەم دووکانەت، مەحسوومە خانم لەوێ بوو، وتم با کاتتان نەگرم)).

بۆ ساتێك دەمی کردەوە، زۆری پێ سەیر بوو، بڕوای نەدەکرد کە من ئەو هەموو زانیارییەم دەستکەوتبوو، دایکی هاتە ژوورەوەو دیسانەوە بە حاڵەتێکی دووژمنانە کە ئامادەی شەڕ بوو لەسوچێکی ژوورەکە دانیشت، ڕەحیم لەهەڵەکە کەڵکی وەرگرت و کەوتەوە قسە: ((کە وای لێهات، تۆ دوای من دەکەوی؟))

((دەی هەر دەمزانی، کاتێك بتهێنایەتە ماڵەوە)). ڕووم کردە خەسووەکەم بەگاڵتەوە درێژەمدا: ((راستی دەزانی خانم مەعسوومە خێلیشە، جوانییەکانی ئاغا ڕەحیم دوو هێندە دەبینێ)).

ڕەحیم هاتە پێشەوەو شەقێکی تێهەڵدام و وتی: ((کارێك مەکە کە لەژێر تێهەڵداندا بتکوژم... دیسانەوە بەلای ئاخێرمان هاتینەوە بۆ ماڵەوە))و، چوو چاکەتەکەی بێنێ.

خۆرم بەو هەڵسوکەتەوە گرتبوو و، بێ ئەوەی کەسەرنج بەوە بدەم کە شەقم کردووە وتم: ((من دەمدی کە ئاغا هەر ئاڕوات بۆ دووکان و ئەگەر بشڕوات سەعات دوو دەڕوات، دە تۆ مەڵێ مەوعدی هەیە!))

((مەمە هەمە، چاوت دەربێ، ئێستا چ قسەیەکت ماوە؟))

((من قسەیەکم نییە. بەڵام لەوانەیە مامە پۆلیسەکەی و برا چەقۆ کێشەکانی قسەیان هەبێ)).

ترساو هاتە پێشەوەو وتی: ((دەتوانی شەڕم بۆ نەنێیتەوە؟ ئەگەر جارێکی تر ئەو قسانە بکەی وا دەدەم بەناو دەمتدا کە ددانت بکەوێتە ناو دەمت)).

دایکی دەستیکرد بە قسەکردن: ((فێری قسەی تازەش بووە، ماڵەکەم، دووکانەکەم. ماڵەکە هی خۆمە، من خاوەن دووکانم، ڕەحیم هیچی نییە)).

ڕەحیم ڕوویکردە من: ((وایە؟ تۆ وتووتە؟))

من ڕوومکردە دایکی و پرسیم: ((من باسی دووکانم کردووە؟))

((نەخێر تەنیا باسی ژنهێنانەکەی ڕەحیمت کرد)).

ڕەحیم بێدەنگبو، لەناو ژوورەکەدا سەروخواری دەکرد، دوای ماوەیەک پرسی: ((ئاخر، کێ بەتۆی وتووە من دەمەوێ ژنبهێنم؟))

((کێ وتویەتی؟! دایکت کە دەڵێ من وەجاخ کوێرم)). دەستمکرد بەگریان و وتم: ((دڵی ڕەحیم منداڵی دەوێ، خۆشم کچەکەم دی قسەی لەگەڵ دەکردی)).

دایکی وتی: ((وەیش... چەندە دڵت ناسکە... بەکەرەکەی شایان وتووە جاشوکە)).

ڕەحیم ڕوویکردە دایکی: ((هەستە بچۆرە ژوورەکەی خۆت، هەمووی لەژێر سەری تۆدایە)). دایکی بە بۆڵە بۆڵ چووە دەرێ.

ڕەحیم چووە بەر پەنجەرەکەو سەری خستە نێوان دەستی، دواتر بە ئارامی کە دەتکوت لەگەڵ خۆی قسەدەکات وتی: ((ڕۆژێك نەبوو کە بیینەوە بۆ ئەم بە قورگیراوەو شەڕوهەرا نەبێ، جارێك نەبوو کە بێ خەم سەر لەسەر سەرین بکەین، ئاخر مەحبوبە بۆ ناهێڵی ژیان بکەین؟))

Scanned by CamScanner

((من ناهێڵم، تۆ بۆچی هەر ڕۆژەو چاوت بەدوای کەسێکەوەیە؟ بەبیانووی کارکردن لەدووکان دەمێنیتەوەو هەزار خوێڕێتی دەکەی؟ ئاخر بڵێ من چیمە؟ کوێرم؟ کەڕم؟ شەلم؟ شت دەنووسیو هەڵیدەگریو دەیبەی بۆ ئەو کچە کە وەکو کوند وایە)).

((کێ وتویەتی من نووسینم پێداوە؟ چۆن کاری وا دەکەم، خۆت چاوت پێی کەوت بەقسەکەی خۆت وەکو کوند وایە، دەی دێتە ناو دووکانەکەم من چی لێبکەم، وەڵا بە خوا من لەبراکانی دەترسم، یەک دوو جار لەگەڵیان چووم بۆ ناوی، جارێکیان براکانی شتێکیان پێ ڕاسپاردبوو، هەر ئەوەندە، ئیتر لەکۆڵ نابێتەوە، هەر جارەی بە بیانوویەک دێتە بەر دووکان، ئێستا تۆ ناتەوێ بۆ نانخواردن نەمێنمەوە بەسەرچاو نامێنمەوە، ئیتر چ بیانوویەکت هەیە؟ ئاخر بەقسەکەی خۆت من بەسەر تودا بەو جوانیو نەجیبیە، کچەکەی بەسیرولمولک بخەمە لاوە بچم کچی لفکەچنێکی سپیاودروستکەر بهێنم؟ عەقڵت هەیە؟ ئیتر هیچ کات بۆنانخواردن لەدووکان نامێنمەوە، هەڵەم کردبوو، تەوبە دەکەم، ئێستا ئاوا چاکە؟))

لەڕووم نەهات پێی بڵێم من هەموو شتێکم دیوە، دیومە کە خۆت دەستی ئەوت ڕاکێشاوەو بردووتە ژوورێ. هێشتا دەمویست ژیان بەسەر بەرم لەگەڵیدا، ئێستا لەکاتێکدا کە ئەو پەشیمان بووەوە، تەوبەی کرد باشتر وابوو من بێدەنگ بم.

هاتو لەپاڵمدا دانیشت: ((ئێستا چایەکم بۆ تێناکەی؟)) چاکەم تێکردو لەبەردەمیدا دامنا، دڵم ئێشابوو، دەستم دەلەرزی، دەستی گرتمو ماچی کرد: ((ئا بزانە چی لەخۆت دەکەی، تۆ منیش نیگەران دەکەی، کاتێک دەبینم کە تۆ خەفەت دەخۆی منیش ناڕەحەت دەبم، ئاخر کەمێکیش لەبیری مندابە. من خۆ بەرد نیم. منداڵەکەم ئاوای لێهاتو، خەریکە ژنەکەیشم لەدەست دەچێ)).

دیسانەوە بەیادی منداڵەکەم فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ: ((دایکت دەڵێ دەیەوێ ژنت بۆ بێنێ، دەڵێ نامەوێ کوڕەکەم وەجاخ کوێر بێ، دەڵێ....)).

((دایکم هەڵەی کرد، من ئەگەر منداڵم بوێ لەتۆ منداڵم دەوێ، ئەمنداڵی هەر کەسێکی تر من تۆم دەوێ مەحبوب گیان، منداڵی تۆم دەوێ، هێشتا ئەوەت نەزانیوە؟ ئێستا ئەگەر خوانەخواستە منداڵیشت نەبێ دەچم ژن دەهێنم، هەتا تۆ ئازار بکێشی؟ نا، مەحبوبە، یەکجار ئەوەندەش بێ شەرف نیم، لەگەڵ یەک دەبێ پاروو نانێك پێکەوە دەخۆین، هەتا زیندووین بە یەکەوەین، کاتێك کە مردم تۆیش رزگارت دەبێ، لەدەستم رزگارت دەبێ، تەنیا جارجارەیەك وەرە فاتحەیەکم بۆ دادە)).

خۆم خستە باوەشییەوە، فرمێسکەکانم دەموچاومی خوساندبوو، ((وا مەڵێ رەحیم، خوا نەکات ئەو رۆژە بێ، خوانەکات ئیشەڵا من لەپێش تۆدا دەمرم، ئەگەر ژنت دەوێ من قسەیەکم نییە، بچۆ بیهێنە)) کەوتمەوە بیری ئیم تاج خانمی ژنی مەنسور کە ئەوەندە لەخۆبوردبو، وتم: ((هەر خۆم قۆڵت بۆ هەڵدەماڵم و ژنت بۆ دێنم، بەڵام نەك لەو ژنە پیسانە، کچی ئینسانێکی باش، ژنێکی مت و ماقوڵ)).

((وازم لێبێنە مەحبوبە، من ژنم بۆ چییە؟ هەر ئەو دانەیەم بەسە تۆو دایکم پێکەوە ناسازێن، تواناتان لێ بریوم، جا ژنێکی تریشی بۆ زیاد ببێ، هەر باس لەو قسانە مەکە، چایەك تێکە با بیخۆین، ئەمە ساردبۆتەوە)).

ئەو زەختەی کە کەوتبووە سەر گیانم لاچوو، سووك بووم، دیسانەوە نیگای میهرەبانی کەوتە بەر چاوم، دیسانەوە ئەو بزەیە کە پێم وابو لەمندا مردووە هەستمی زیندوو کردەوە، دیلی جەستەی خۆم بووم، گەنج بووم، زۆر گەنج، بیست و یەك دوو ساڵ زیاتر نەبووم، ئەگەرچی ئەزموون و ئازاری کەسێکی پەنجا ساڵم چێشتبوو، بیرم دەکردەوە کە بە مردنی کوڕەکەم منیش مردووم، مردبووم و تەنها هەناسەم تیا بوو، بەرێدا دەرۆیشتم و، نانم دەخواردو، دەخەوتم و هەڵدەستام، نەمدەزانی هەتا کەی، ژیانم ئازاراوی دەبێ؟ هیچ کات بیرم لەوە نەدەکردەوە کە هەستی سەرجێیی لەگەڵ مێردەکەم لەمندا زیندوو بێتەوە، بەڵام زیندوو بووەوە.

Scanned by CamScanner

شەو لەبەوە شەو تێپەڕیبوو، ئێمە هێشتا بەخەبەر بووین، لەلای یەکتری ڕاکشابووین و ئەو بە پێچەوانەی شەوەکانی تر کە دەهاتە لام و خێرا خەوی لێدەکەوت، ئەم جارە دەستمی خستبووە ناو دەستی خۆی و بەدەستەکەی تری جگەرەی دەکێشا، چەندە ئەم بێدەنگی و ئارامییەم پێخۆش بوو، هەردووکمان سەیری بنمیچەکەمان دەکرد، تەنیا بریقەی چاوەکانی ئەوو سووریی سەری جگەرەکەیم دەدا. هەر لەو کاتەدا کە سەیری بنمیچەکەی دەکرد دەنگی بە ئەسپایی وەکو دەنگی شنەیەکی خۆش لەژوورەکەدا دەنگی دایەوە: ((وا بیرم دەکردەوە کە خۆشت ناوێم)).

منیش هەر بەو ئارامییەوە وتم: ((تۆ منت خۆش ناوێ)).

بڕەیەکی کردو دەستمی گوشی، هەناسەکانیم لەنزیک ملمەوە هەست پێدەکرد. لەزۆری عەشق و خۆشەویستی فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ، ئاخر چۆن دەکرا خاوەنی ئەم دەموچاوە خراپ بێ؟ من هەڵەمکرد، من خراپ بووم، من تەنیا لەبیری خۆمدا بووم. چیمکردبوو کە ئەو وا بیری دەکردەوە کە من ئیتر خۆشم ناوێ؟ دەتگوت بیری منی خوێندۆتەوە، وتی: ((ئەوکاتەی کە چووین منداڵەکەت کوشت دەمگوت ڕەنگە ڕقی لەمن بێ، هەموو جارێ دەترسام، دەترسام کە دیسانەوە بە بیانووی گەرماو چوون بڕۆی و نەگەڕێیتەوە)).

وتم: ((ڕەحیم...)) و ئیتر گریانەکەم نەیهێشت قسە بکەم.

جگەرەکەی لەتەپلەکەکەی پاڵ دەستیدا کوژاندەوە، ڕووی تێکردم، سەری لەسەر دەستی چەپی دانا، بەسەر دەموچاومدا شۆڕبووەوەو لەتاریکییەکەدا جوان سەیری دەکردم. بە پەنجەی دەستی ڕاستی فرمێسکەکانمی سڕییەوەو وەکو کەسێک کە لەگەڵ منداڵێک قسە بکات وتی: ((ئەی ئەی دەگرییەی؟ ئەوە چیتە کچێ؟)).

هەنسکم دەداو ئەو قسە ئارامبەخشانەی ئەوم پێخۆشبوو، بەڵام گریانەکەم زیاتر دەکرد، ئەو ژانانەی کە لەدڵمدا بوون و کەسێکم نەبوو لای باسیان بکەم ئێستا لەفرمێسکەکانمدا دەتوانەوە، میهرەبانییەکەی ئەو قەتماغەی برینە

گۆیەکانی دڵمی هەڵدەکەندو ئارامشی پێ دەدام، ئەگەر لەوکاتەدا بمردمایەو ئەگەر خوا هەر ئەو شەوە گیانی لێ بسەندمایە گلەییەکم نەبوو، ئەگلەییم هەبوو ئەجێگەی گلەیی، ئیتر لەوە زیاتر هیچم نەدەویست، خۆ قەرزم بەلای خواوە نەبوو، وتم: ((رەحیم ئیتر مەهێڵە لەوە زیاتر ئازار بدرێم، ئیتر تاقەتم نییە، ئیتر جگە لەتۆ کەسی ترم نییە، تۆ پشت و پەنای منبە، تۆ بەفریام بگە)).

بەگاڵتەوە وتی: ((ئەو قسانە چییە؟ کچی بەسیرولمولك کەسی نییە؟ ئەگەر تۆ بێکەس بی خەڵکی تر چی بکەن، ئەم قسانە لەشوێنێکی تردا نەکەی، خەڵك پێت پێدەکەنن، هەموو کەسێك وەك مەحبوبە خانمی دەوڵەمەند نییە)).

لەو خۆ بەکەم زانینەی ئەو، لەوەی کە سەرئەنجام لەبەر دڵی من دانی بە بچووکی خۆیدا دەنا، لەوەی کە گەورەیی منی قەبووڵ کردبوو، حەزم دەکرد، دڵم بۆی دەسوتا، رقم لەخۆم بوو، لەو هەڵس وکەوتەی کە لەگەڵی کردبووم شەرمەزاربووم، دەستم لەسەر دەمی داناو وتم: ((وا مەڵێ رەحیم، ئەو قسانە مەکە، هەموو شتێکی منی، تۆ بۆ من لەتەواوی سامانەکانی دنیا بایەخت زیاترە، من لەهەر شوێنێك بی ژیانت لەگەڵ دەگوزەرێنم، من ژنی تۆم، تۆ سەروەری منی، هەر کەس پێدەکەنێ با پێبکەنێ، هەر کەس پێی خۆش نییە با پێی خۆش نەبێ، من و تۆ مان نییە، ئەوەی من هەمە هی تۆیە، من خۆم تۆم ویست، ئەگەر درکێك لەقاچت بچەقێ من دەمرم، هەرچی بی من شانازیت پێوەدەکەم، خۆم تۆم ویستووەو هەتا مردنیش لەگەڵتم، پەشیمانیش نیم)).

((بەڕاستتە مەحبوبە؟))

((تاقیم بکەرەوە ڕەحیم، تاقیم بکەرەوە)).

((وامەکە مەحبوب گیان، وامەکە لەخۆت، من تاقەتی فرمێسکەکانی تۆم نییە)).

چۆن ئەو ماچە گەرمانەتم لەبیر چوبوەوە؟ بۆنی جگەرەی دەهات، سەیری لێکردم، دەتگوت چەندین ساڵە نەمدیوە، وتی: ((مەحبوب کزبووی، جۆرێکت

لێهاتووە، ڕوومەتەکانت خڕییەکەیان نەماوە، دەموچاوت زۆر باریک بووە، چاوت زەق بووە، نیگاکانت شادنەماون)).

((ناشیرین بووم؟))

((نە، مەحبوب گیان، بووی بەژن، بووی بە خانم)).

بەیانی کەویستی بچێتە سەرکارەکەی بانگی دایکی کردو بەدەنگی بەرز بۆ ئەوەی کە من گوێم لێبێ وتی: ((دایە، مەحبوب بۆ هەر شوێنێک چوو بابڕوات، ئیتر نەبیستم کە ڕێت لێگرتووە)).

چ ڕۆژگەلێک بوون، ئەو ڕۆژانەی کە لەژانی مردنی کوڕەکەم‌و عەشقی دووبارەی مێردەکەم گێژو سەرخۆش بووم.

ڕەحیم ئیتر هیچ کات نیوەڕۆیان لەدووکان نەدەمایەوە، شەوانە سەر لەئێوارە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر مەشرووبی نەدەخوارد، پێڵاوەکانی سەرپێی نەدەخست، چاکەت‌و پانتۆڵی خاوێن‌و ڕێکوپێکی لەبەردەکرد، دایە دەهات‌و پارەی دەهێنا، من دەمخستە سەر تاقەکە، ڕەحیم دەستی لێنەدەدا، دەتگوت ئاگرەو دەستی دەسوتێنێ، دەتگوت مارێکەو پێوەی دەدا، دایکی بە خێسەوە سەیری دەکردو لەسەغڵەتیدا سەری دەلەقاند، بەرۆژدا کە ئەو لەماڵ نەبوو بۆڵەی دەهات‌و دەیگوت: ((شتێکی پێداوە خواردوویەتی)). یان ((ئێستا ئیتر کەیفی سازە بەجێی ناهێڵێ)).

دەتگوت گوێم لێنییە، ئیتر گرنگی بۆم نەبوو، کاتێک ڕەحیم گوێی بەقسەکانی نەدەدا ئیتر لەچی بترسامایە. مەگەر کەس هەر لەخۆوە شەڕی لەگەڵ دەکرد.

نا، دەبێ ڕاوەستم، دەبێ پەنجەرەکان پێوەدەم‌و، بچمە ئامێزی ئازیزێک، دەبێ بچمە ئامێزی ڕەحیمەوە.

((دایە هات، لەگەڵ ئەو چووین بۆ لالەزار، چووینە لای ژنێکی ئەرمەنی کە جلی بوکێنی خوشکەکانمی دووریبو، جلێکی جوانم پێدا بۆم بدوورێ، جلێکی تەسکی شین بەملیوانی سپی‌و قۆپچەی سەدەفی ورد، کاتێک بۆ تاقیکردنەوە جلەکەم لەبەرکرد، بە زمانە شیرینە ئەرمەنییەکەی وتی: خۆزگە هەموو

Scanned by CamScanner

مشتەرییەکانم وەک تۆ دەبوون- چەندە جلەکانت لێ جوانە- مێردەکەت دەبێ زۆری خۆش بوێی)).

((دوای ماوەیەکی زۆر بەدەنگی بەرز پێکەنیم، دایە گیان خۆشحاڵ بوو، پێڵاوی بەرزمکڕی، بۆنم کڕی، گوڵە قژۆ گوارەم کڕی، سوراوو سپیاوم کڕی‌و هەموو شەوێ دەمەو ئێوارە بۆ ئەو کاتەی کە ڕەحیم دەهاتەوە خۆم جوان دەکرد.

ئەگەر خوا مەرحەمەتی بۆ کەسێک هەبێ، ئەگەر بەهەشتێک لەسەر زەوی بێ‌و ئەگەر بەختەوەری مانایەکی هەبێ هیچ نییە جگە لەئارامش‌و عەشقی ژن‌و مێردێک لەژێر سەقفێکدا، جگە لەچاوەڕوانی ژنێک کە بەشەوقەوە کاتەکان دەژمێرێ هەتا مێردەکەی بێتەوە، جگە لەپەلەی پیاوێک کە دەڕواتەوە بۆ ماڵێک‌و بۆ لای ژنێک کە دەزانێ خۆی جوان کردووەو چاوەڕێیەو لەلای سەماوەرەکە دانیشتووە سفرەکەی ڕاخستووە، ژنێک کە بزەی جوان‌و میهرەبانی هەیە)).

مانگی یەکەمی پاییز تەواو بوو، چووینە مانگی خەزەڵوەرەوە، شەوانە ڕەحیم پارەی دەهێنایەوەو دەیخستە سەر تاقەکە، میوەی دەهێنایەوە، هەموو جارێ بەدەستی پڕەوە دەهاتەوە، دەمزانی کە وردە وردە خەریکە پیر دەبێ، باش بوبو، لەگەڵ ئەوەشدا کە دووهەمین مانگی پاییز دەستی پێکردبوو، هەوا ئەوەندە سارد نەبوو، گەڵای چنارەکان کە زەردو سوور بوون، لەژێر تیشکی خۆری پاییزدا دڵی ئینسانی خۆش دەکرد، یان لەوانەیە هەر لەبەر دڵی من وابوو، چونکە گەنج بوبومەوە، ئارام‌و هیوادار بوبومەوە.

شەوێک ڕەحیم هاتەوە ماندوو دانیشت‌و چای خواردەوە: ((بەه، بەه، مەحبوب گیان، ئەمشەو چەند جوان بووی؟))

((پێشتر جوان نەبووم؟))

((جوانتر بووی)).

منی ماچ کردو چووە سوچێکەوە دانیشت بەڵام بیری دەکردەوە، پرسیم:
((ڕەحیم گیان نان بێنم؟))

منە منی گرد.

پرسیم: ((برسیت نییە؟))

((راستییەکەی من برسیم نییە، تۆ نانەکەت بخۆ)).

((ئەگەر ئەخۆی منیش ناخۆم، بۆچی برسیت نییە، شتێک روویداوە؟))

((نە، هیچ رووینەداوە بۆ رۆژ رەشی خۆم بەداخم)).

دڵم داکەوت: ((چی بووە؟ رەحیم توخوا پێم بڵێ چی بووە؟ بۆچی پێ نالێی؟))

ئەژنۆکانم شلبون، ئیتر تاقەتی بەڵاو ئەهامەتیم نەمابوو، کەمێک بێدەنگ بوو دواتر بە منجەمنج دەستی بەقسەکردەوەو وتی: ((وەڵا یەکێك لەدارتاشە بەناوبانگەکان، لەو کەسانەی کە کاری گەورە هەڵدەبژێرن، دەرگاو پەنجەرەی ماڵە گەورەکان و ئیدارەکان دروست دەکا، کورسی و مێزیش دروست دەکات. تەنانەت بۆ خۆی دەڵێ کە دەرگاو پەنجەرەی کۆشکەکەی کوڕەکانی رەزا شایشیان پێداوم دروستی بکەم، ئیتر نازانم راست دەکات یان درۆ. هات بۆ لای من و کارەکەی منی بەدڵبوو، پێی وتم دەمەوێ هەرکارێك بکەم یەك لەسەر سێی کارەکەت بدەمێ، بەڵام نابێ خاوەنەکەی بزانێ، چونکە ئەوان دەمناسن و لەبەر ناوبانگەکەم کارم پێ دەسپێرن، ئەگەر بزانن من کارەکەم بە تۆ سپاردووە، شتەکانیان وەردەگرنەوە، تۆ پێت خۆشە یان نا؟))

بە پەلەو لەخۆشیدا وتم: ((دەی بۆ قبووڵت نەکرد، بتوتایە رازیم، بۆچی و چاوەڕوانی چیت؟))

((دەی منیش حەزم دەکرد قبووڵی بکەم، ئەگەر سێ چوار جار لەو کارانە بکەم، لەگەڵ مشتەرییەکان ئاشنابم، وردە وردە ناوبانگ دەربکەم، ئیتر خۆم بۆ خۆم کار دەکەم، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئەو کەسە دەڵێ دەبێ تۆیش سەرمایەت هەبێ، بەڵام من سەرمایەم نییە، داری دەوێ، کەرەستەی دەوێ، هەزار شتی دەوێ خۆ بەدەستی بەتاڵ ناکرێ)).

((چەند سەرمایەی دەوێ؟))

Scanned by CamScanner

بیری کردەوەو وتی: ((هەرچەندی بوێ، خۆ من هیچم نییە)).

((دەبێ بیری لێبکەینەوە، بۆ قەرزناکەی ڕەحیم؟))

تەریق بووەو سەری داخستو وتی: ((من پێم وت ئێوە پارەیەك بە قەرز بە من بدەن هەتا من ئامێرەکانم باش بکەمو کارەکانم دەست پێبکەم، دواتر کە پارەکەم وەرگرت قەرزەکەت دەدەمەوە، خۆ ئەو هەژارەش قسەیەکی نییە، قبووڵی دەکات، بەڵام وتی دەبێ شتێك لەرەهندا داینێ)).

کەوتمە بیر کردنەوە، دەبێ چی بکەین؟ کوتوپڕ بیرێك بە مێشکمدا هات: ((دەی کارێك بکە ڕەحیم، دووکانەکە بخەرە ڕەهنەوە)).

((نا کوڕە، دووکان فایدەی نییە، بچووکە، ئەوەندە بەهای نییە، کابرا قەبووڵی ناکات)).

پێم سەیر بوو، بە هەموو ئەمانەشەوە وتم: ((دەی باشە، ماڵەکە بخەرە ڕەهنەوە، چۆنە؟ بەش دەکات یان نا)).

بیری کردەوەو لەکاتێکدا کە بە پەنجەی لەسەرفەرشەکە خەتی دەکێشا وتی: ((بەڕای من باشە، تەنیا دەبێ ئەویش قبووڵی بکات، ئەگەر قبووڵی نەکرد، ناچارین هەردووکیان بخەینە ڕەهنەوە)).

((ئێستا تۆ سەرەتا پێشنیاری ماڵەکەی بۆ بکە بزانە چۆنە، من قسەیەکم نییە بۆ بەرەهندانی ماڵەکە)).

سەری بەرزکردەوە بەڵام سەیری منی نەکرد، سەیری بنمیچەکەی کردو وتی: ((نا، من حەزناکەم تۆ لەگەڵمان بێی، بۆ ئەم لاو ئەو لا شت مۆر بکەی لەگەڵ خەڵك قسەو باس بکەی ئەمە چییە ماڵ دەخەیتە ڕەهنەوە)).

((دەی بۆ هەر شوێنێك بڕۆین لەگەڵ یەکتر دەڕۆین، خۆ بە تەنیا نیم)).

((نا، باش نیە، ئەگەر حەزدەکەی ماڵەکە لەجێگەی دابنێی بهێڵە... من دەڵێم...)).

((دەی دەڵێی چی؟))

((چۆن بڵێم؟ بەڕای من... وا باشترە تۆ سەرەتاماڵەکە... بکەی بە ناوی منەوە، دواتر من دەیخەمە ڕەهنەوە)).

دڵم تەکانی خوارد، خۆشحاڵ بووم لەوەی کە سەیرم ناکا چونکە بەسەیریکەوە سەیرم کرد، هەستم بە خیانەتکرد، هەر لەسەرەتاوە بە قسەوباسەکانی قەناعەتم نەبوو، بە گوومان بووم لیی، بەڵام حەزم نەکرد بڕوا بکەم، نەمدەویست نێوانمان ناخۆش ببێتەوە، وتم: ((ئێستا چ جیاوازییەکی هەیە ڕەحیم گیان، منو تۆمان نییە، یا پێکەوە دەچین یان تەختەودارەکە بێنە ماڵەوە))

وتی: ((خۆ من ناتوانم پیرە پیاوەکەی مەحزەر بێنم بۆ ئێرە، ئەمە چییە ماڵ دەخەینە ڕەهنەوە، حەزیش ناکەم ژنەکەم بچێ بۆ ئەوێ، بەقسەکەی خۆت منو تۆمان نییە، بەیانی دەڕۆین ماڵەکە بکە بە ناوی منەوە، کارەکانی تریش خۆم ڕێکیان دەخەم)).

وتم: ((ئێستا پەلەی چیتە؟ بۆچی بەیانی؟ با منیش بیری لێ بکەمەوە...)).

لەحاڵێکدا کە هەوڵی دەدا تووڕەییەکەی بشارێتەوە وتی: ((بیری چی؟ کابرا بە پەلەیە، ئەگەر نازی بەسەردا بکەم سەدی وەکو من قوڕ دەخوات، ئەو خۆ دەست لەسەر دەست دانانێت هەتا تۆ بیرەکەت بکەیتەوە، جگە لەوانە چ بیرێك؟ مەگەر تۆ بڕوات بە من نییە)).

((بۆچی نا ڕەحیم گیان. بڕوام پێت هەیە، مەسەلە بڕوا نییە، بەڵام...))

ورده ورده دەنگی بەرزبووەوە: ((ئەی مەسەلە چییە؟ ناتەوێ ماڵەکەت بکەی بە ناوی منەوە؟ دەترسی بیخۆم بۆت؟ دەستو دڵت دەلەرزێ؟))

خاو بوومەوە، دیسانەوە دڵم بەڕوویدا داخرایەوە، دیسانەوە نیگاکانی حاڵەتی دوژمنایەتی لەخۆ گرت، بە ساردییەکەوە وتم: ((ئاخر من هێشتا گێژم، هێشتا باش نازانم باسەکە چییە؟))

((گێژی یان بڕوات بە من نییە؟ نەمگوت منت خۆش ناوێ!))

((ئەوە چ قسەیەکە ڕەحیم! ئەوە کەی پەیوەندی بە خۆشویستنەوە هەیە؟))

Scanned by CamScanner

ڕنەى چ شتێك پەیوەندی بە خۆشویستنەوە هەیە؟ خۆ من گۆڕاوم، مانگێکە بە مەیلی تۆ هەڵسوکەوت دەکەم، هەر سازێکت لێدا سەمام پێکرد، وتت مەچۆ سەرکار وتم بەسەر چاو، شەو زوو وەرەوە بۆماڵەوە وتم بەسەرچاو، وتت حەزدەکەم بۆ هەموو شوێنێك بڕۆم وتم بڕۆ، دەڵێی دەمەوێ بزانم باسەکە چییە؟ باسەکە ئەوەیە کە تۆ دڵت نایە ماڵەکە بکەی بە ناوی منەوە)).

بەسەیرێکەوە پرسیم: ((کەوایە ئەم مانگە بۆیە وات دەکرد ماڵەکە بکەم بە ناوتەوە؟))

((شێتتکردم، وا بیردەکەیتەوە کڵاوت لەسەر دەنێم- دەتخەڵەتێنم-؟))

بە ئارەزایەتییەوە وتم: ((ڕەحیم!))

((ڕەحیم، ڕەحیم نیە، ماڵەکە دەکەی بەناومەوە یان نا؟)) لەبەرئەوەی بینی من بێدەنگبووم وتی: ((تۆ ئەم ماڵەت بۆ چییە؟ منداڵت نییە، خەرجییەکەشت لەسەر منە... ئێستا چ ماڵەکە بەناوی منەوە بێت و چ بە ناوی تۆوە، دەتەوێ ماڵەکەت لەگەڵ خۆت بەری بۆ ئەو دنیا، دەتەوێ دوای خۆت خوشك و براکەت بیخۆن؟))

بە ئارامی وتم: ((ئاها... کەوایە باسەکە ئەمەیە، کەوایە تەواوی چیرۆکی دارتاشی و ماڵی دەوڵەمەندو ئیدارەو کۆشکی کوڕەکانی ڕەزا شاو هاوبەشی ڕەهن بیانوون؟ کەوایە مانگێك ددانت لەسەر جەرگت داناو مەشروبت نەخواردو خوێری گەریت نەکرد بۆئەوەی من ڕام بکەی؟ ئێستا کە کوڕەکەم نەماوە دەتەوێ ماڵەکە بکەم بە ناوتەوە ئەکا بە میرات بەر کەسێکی تر بکەوێ؟ دەتەوێ هەموو شتێکم لەچنگ دەربێنی و بیکەی بە ناوی خۆتەوە؟ نە گیانەکەم بخەوە بێتە خەوت)).

کوتوپڕ کەوتمەوە سەرخۆم، ئەو پەردەیەی کە لەبەسەرچاومدا درابوو لاچوو، ئەو هەموو گەوجییە لەمن دوور بوو، چۆن زووتر نەمزانیبوو؟ نیقابەکەی لەسەر ڕووخساری لابردو ڕووی خۆیم دی، لەحاڵێکدا کە کۆڵەمستی بەسەر فەرشەکەدا دەدا هاواریکرد: ((دەبێ ئەم ماڵە بکەیت بە ناوی منەوە، تێگەیشتی؟))

ئیهمالم کردو وتم: ((من ماڵ ناکەم بەناوی کەسەوە)).

Scanned by CamScanner

((تۆ ناتوانی، ئێستا دەیبینی، ئەگەر ماڵەکە نەکەی بە ناومەوە بۆ خۆت دەزانی چیت بەسەر دێنم)).

((ماڵەکەم بکەم بەناوی تۆوە، بۆئەوەی مەعسوومە خانم بێنی بۆ ئێرە)).

((ئەری دەیهێنم، بۆئەوەی چاوت کوێربێ، بۆئەوەی دەمنداڵی ببێ، هەتا تۆی وەجاخ کوێر لەداخا بتەقی)).

((ئەو کاتە منیش دادەنیشمو سەیرتان دەکەم)).

((ئەخێر دەچنەوە بۆ ماڵی ئاغا گیانتان، هەر ئەوەی کە بەشەقێك لەماڵەکەی دەریکردی)).

دەمارەکانی ملی لەزۆریی تووڕەییەکەی هەستابوون، دەمارە رەشە قێزەونەکەی ملی لەهەموو جارێ ئەستوورتر بوو، لاسایی دەکردمەوە: ((تۆ پشتو پەنای منبە رەحیم گیان... من جگە لەتۆ کەسی ترم نییە)).

وتم: ((رەحیم بیبڕەرەوە. دیسانەوە هاربووی!))

((هار، باوکی سەگبابتە)).

((دەمت داخە، ناوی باوکم مەهێنە)).

((من دەمم داخەم؟))

شەقازللەیەکی لێدامو بەدوای ئەودا مستەکۆڵەو شەق بەسەرمدا باری، دەتگوت تۆڵەی ئەو مانگە دەسێنێتەوە، دواتر ماندوو تووڕە دەستی لێ هەلگرتو رۆیشت لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانیشت، سووکایەتی زۆرە پێکرابوو لەگیانی خۆم وەڕز بووم، پرسی: ((ماڵەکە دەکەی بە ناومەوە یان نا؟))

((نا، نا، نا، هەر کە مەعسومە خانمت هێنا ماڵیشت بۆ دەکرێ)).

((نا ئەو ماڵم بۆ ناکرێ، ئەو دەبێتە خانمی ماڵو تۆیش دەبیتە کارەکەری منداڵەکانی، خۆ من وەجاخم کوێر نییە، تۆ وەجاخت کوێرە، من کوڕم دەوێ میراتگرم دەوێ، دایکم راستی وتووە من منداڵم دەوێ)).

لەجێگەکەم هەستام، دایکی هاتبووە ژوورەوەو بە چێژەوە سەیری دەکردین، دیسان ئاگر بەستەکە شکابوو، بەرەو لای رەحیم لامکردەوەو بە تووڕەییەوە

پێکەنیم: ((ئەوە نییە زۆر بەڕێزی؟ بلیمەتی؟ ملك و ماڵت زۆرە؟ دەترسی تاج و تەختەکەت بشێوێ، بۆیە وەلیعەهدت دەوێ، گریمان چوار کوێرو کەچەڵیشت خستەوە، کاتێك نانت نییە بیاندەیتێ هەر وا باشترە کە وەجاخت کوێربێ، چوار سابوون پەزو خوێڕی، چوار سواڵکەری سەر کۆڵان، ئەو منداڵانەی باوکیان تۆبێ و دایکیان مەعسوومە خان هەر لەوە باشترە نەبن.

ئەو منداڵانەی کە لەناو زبڵدا گەورە دەبن سەرئەنجام دیارە چییان لێ بەسەر دێت)).

دیسانەوە کوتوپڕ لەجێگەکەی دەرپەڕی و پڕ بەهێزی خۆی کێشای بەدەممدا دڵم خاو بووەوە، قیژاندی: ((مەگەر ئەمگوت دەمت داخە؟ وا دەزانی خۆت زۆر جوانی؟ لەناو ئاوێنەدا سەیری خۆتت کردووە؟ وەك سیرمە وای... پێت دەڵێم یا ئەو ماڵە دەکەی بەناومەوە یان کەلاکەکەت دەخەم- دەتکوژم-)).

پشتی دەستی لەسەر لێوم دانا، کاتێك لام برد لەخوێندا خووسابوو، دایکی بە لەحنێك کەهەوڵیدەدا بە بەزەییانە بێ وتی: ((ژنە دەست هەڵگرە، لێی گەڕێ، بۆ ئەوەندە توورەی دەکەی کە ئاوا لێتبدا؟ خۆ تۆ دەزانی مێردەکەت توورەیە، تۆ سەر ئەنجام هەر دەبێ وابکەی دەی زووتر بیکەو گیانی خۆت ڕزگار بکە)).

((ئەگەر پشتی گوێتان دیبێ، ئەو ماڵەش دەبینن)).

ڕەحیم هاواریکرد: ((نایدەی؟ ئێستا پیشانت دەدەم، ڕووتت دەکەمەوەو ئەوەندە بە برسێتی ڕاتدەگرم هەتا عەقڵت دەکەوێتەوە سەرخۆت)).

بەهەڵس وکەوتێکی توندو تورە ڕۆیشتە ژوورەکەی تر، هەرچی پارەیەك لەسەر تاقەکە بوو هەڵیگرت، دەرگای سندوقەکەمی کردەوە، باقی پارەکان و مستیلە ئەڵماسەکەی هەڵگرت، لەبەرخۆیەوە بۆڵەی دەهات: ((سەگباب، نە بەزمانی خۆش حاڵی دەبێ و نە بەمیهرەبانی و نە بە قیژەو هاوار، دەبێ باوکت بێنمە بەرچاوت)).

دایکی وتی: ((ئەمگوت؟ ئەمگوت زمانی درێژ بووە؟ ئەمگوت ئەوەندە بۆی شل مەکە سواری سەرتدەبێ، فەرموو، تازە زمانی ئەوەندە درێژبوو!....))

Scanned by CamScanner

بەدەستی ڕاستی دای بە ئەنیشکی دەستی چەپیدا هەتا درێژی زمانی من پیشانیەدا، وتم: ((ئەخانم گیان، زمانم هەبوو، هەموو کەسێ زمانی هەیە، کەس لاڵ نییە، تەنیا هەندێک کەس لەبەر ئابڕوویان ناوێرن، خانمی ئەکەن، بێ حەیایی خۆ کارێکی دژوار نییە، هێمنی دژوارە، کاری هەموو کەسێ نییە، بەڵام خۆ ئێوە لەو شتانە تێناگەن، چونکە لەسەرەتاوە هیچم نەدەگوت پێتان وابوو کە هەر دەبێ ژێر دەستەبم، خەتای خۆم بوو، خۆم کردم بەخۆم، چاوم کوێربێ نەمبی بیبکێشم، هەر لەسالی یەکەمەوە پەشیمانتان کردمەوە، زانیم کە لەناو پێغەمبەرەکاندا جرجیسم دۆزیوەتەوە، هەموویانم بەرداو بەکوڕەکەی تۆوە نووسام...)).

قسەکەی پێ بڕیم: ((ئە گیانەکەم، ئەگەر لەکوڕەکەی منت باشتر شك ببردایە نەتدەویست، لیاقەتی تۆ هەر ئەو کوڕەی من بوو...)).

ڕەحیم بێ ئەوەی کە سەرنج بداتە ئێمە لەژوورەکەی ترەوە دەرپەڕی و وتی: ((سینە بەندەکەت لەکوییە؟)).

بە سەیرێکەوە چوومە دواوە، ئەو شەوە لەبەر ئەو سینەبەندەکەم لەملکرد. سینە بەندەکە یادگاری باوکم بوو، دەستم لەسەری داناو وتم: ((ناتدەمێ)).

((ئەرێ بەخێری باوکت نایدەی)).

دەستی گرتم و بەرەو پشتەوە بایدا، ئیتر ئینسان نەبوو، بەراستی بوبو بە حەیوانێکی دڕندە، وەکو بەراز، وەکو گورگ، هەر وەکو حەیوانێکی نامۆ وابوو کە زۆرتر لەترس نەفرەتی پێوەدیار بوو، بەدەستی ڕاستی و بەزەبرەبەیەک سینەبەندەکەی لەملم بچڕاند، ڕوویکردە دایکی و وتی: ((لەبەیانییەوە ئەگەر لەم ماڵە دوو پێی چووە دەرەوە من و تۆیان وتووە)). چوو بۆ لای دارگاکەو دایخست، لایکردەوەو پێی وتم: ((هەتا بەیانی باش بیری لێبکەرەوە، بەشکم عەقڵت بێتەوە سەرخۆ، من ئەم ماڵەم دەوێ و هەر جۆرێ بووە دەیسێنم، ئێستا باشتر وایە بە زمانی خۆش بمدەیتێ)).

Scanned by CamScanner

جوره ژوورەکەی دایکییەوەو هەردووکیان لەوێ خەوتن، هەتا نیوەی شەو
ەر چراکە دانیشتم، خەوم لێنەدەکەوت، رووخسارم، دەمم، دەستم، هەموو
ریینیکی جەستەم تەنانەت پشتە ملم بەهۆی کێشانی سینەبەندەکەوە ژانی
کردو دەسووتایەوە، بەڵام ژانی سەرەکی لەدڵمدا بوو، ئەی کوا ئەو رەحیمەی
لەدووکان دەمدی؟ کەی رۆیشت؟ بۆچی رۆیشت؟ خەتای من بوو یان ئەو؟
بۆچی نەمهێشت لەگەڵ کەوکەب بمێنێتەوە؟ ئەگەر کەوکەب لەجیاتی من بوایە
چی دەکرد؟ ئایا ئەو باشتر نەبوو؟ ئایا ئەو باشتر لەزمانی ئەم پیاوە حاڵی
دەبوو؟

ماندوو بێزار بووم، فرمێسکم نەبوو، وەکو پەیکەرێك دانیشتبووم، تەنانەت
ناکرێ بڵێم بیریکم لەمێشکدا بوو، سەیری گوڵی فەرشەکەم دەکرد، سکاڵا بۆ کێ
بەرم؟ سکاڵا لای کێ بکەم؟ خۆم بەچاوی نوقاوەوە خۆم خستبووە چاڵەوە،
ئێستا دردنگبوو، قەرەبوو نەدەکرایەوە، نەمدەزانی چی بکەم، تەنیا دەمزانی کە
ئیتر تاقەتم نەماوە، نا، ئیتر بەسە، عەشق باوکمی هێنایە پێش چاوم، دڵم گڕی
گرت. دڵم لەتلەت بوو، رۆحم کوژرا، ئێستا مانای ژیان دەزانم، دەزانم کە ناکرێ
لەگەڵ ژیان گاڵتە بکرێ، ژیان یاری نییە، هەوەس نییە، ئەو شوێنەی کە من
کەوتبوومە ناوی، ئەو جەهەننەمەی کە بەسەرەوە تێی کەوتبووم ، منی برژاند
بوو. زانیم کە دەستی رۆژگار دەستی میهرەبان‌و بەسۆزی دایك نییە کە
بەسەرمدا دەیکێشێ، رووخساری دنیا روخساری بەبزەو پڕ لەمیهرو سۆزی
باوك نییە کە لەگەڵم بوو، چەرخی گەردوون ئەو یارییە نەبوو کە بیرم
لێدەکردەوە، یارییەك کە بتوانین بە زۆر داگیری بکەین‌و هەر کاتێك لێی
ماندبووین بە نوکە شەقێك لەخۆمانی دووربخەینەوە ڕاستییەکە ئەوە بوو کە
لەبەرامبەرمدا بوو، لەوە تاڵتر بوو، کە باسی لێوە بکرێ، وردە وردە لەقسەکانی
باوکم تێدەگەیشتم‌و ئێستا مانای ئەو قسانە بەچاوی خۆم دەبیبم.

نەمزانی کەی خەوتم‌و کەی هەستام، چراکە هەر ئیشی دەکرد، شەو هێشتا
وەکو قیر وا بوو، چراکەم کوژاندەوەو هەر لەوێ لەسەر فەرشەکە خەوێکی ژاناوی

هاتە سۆزاغەو هەر جارناجارێ بەخەبەر دەهاتم، دەی ڕۆژ ببەوە، ئای شەو چەن

بە سەبرو تاقەتی، ئەی کەی کۆتاییت دێ؟ هەتا کەی دیلی ئەم تاریکییە بم

کەی ئەم تاریکییە لەیەخەم دەبێتەوە؟ ئەی خەم‌و خەفەت یان ڕزگارم کەن یان

بمکوژن. خوایە ڕزگارم کە، ئەک مەرگی بەشێنەیی بەڵکو بە یەکجاری ڕزگارمکە

لەدەستی خۆم ڕزگارمکە.

ئاسمان بوو بە خوڵەمێشی‌و هێشتا هەموو شوێنێ تاریکبوو، هەستام، ع

شەوێکم تێپەڕ کردبوو، هەر لەو شوێنەی کە ڕاکشابووم هەستامەوەو دانیشتم،

ئەژنۆکانم لەباوەش گرتبوو، پاڵم بەدیوارەکەوە دابوو، لەپەنجەرەکەوە سەیری

حەوشەکەم دەکرد، لەسووچی دیوارەکە، ئەو جێگەیەی کە شوێنی ئەڵماس بوو

ئاخێکم هەڵکێشا.

دەمێ لەقادرمەکان سەردەکەوێ، لەپاڵما دادەنیشێ، گەنمەشامی دەخوا،

ترساوە لەشەڕی من و باوکی‌و دەگری، باش ڕزگاری بوو.

دەرگاکە کرایەوەو خەسووم بەسەماوەرەکەوە هاتەژوورێ، کەی دنیا ڕووناک

بووەوە؟ کەی خۆرکەوتووە؟

هەر بەو جۆرە بێدەنگ و بێ جوڵە دانیشتبووم، چاوی بە من کەوت پێی

سەیربوو، بۆ ساتێک کە سەماوەرەکەشی بەدەستەوە بوو ڕاوەستا: ((حا! ئەوە

هەتا بەیانی هەر لێرە بووی؟))

وەڵامم نەدایەوە، هاتە پێشەوەو شتومەکی لای سەماوەرەکەی کۆکردەوە،

لەپاڵمدا دانیشت‌و ئامۆژگاری دەکردم: ((ئەیەڕۆ بزانە چیت لەخۆتکردووە،

ئەوەندە تووڕەی مەکە، جارێک بۆت ڕێدەکەوێ لێتدەدات‌و تووشی شەلەلت

دەکات، هەڵس‌وکەوتی چۆتەوە سەر باوکە ڕەحمەتیەکەی، تووڕەیە، وەرەو ماڵەکە

بکە بە ناوییەوەو خۆت ڕزگار بکە، وەڵا من بۆ هەردووکتانمە)).

ڕەحیم بەدەنگێکی کڕ هاتە ژوورەوە: ((دایە هەر لەخۆتەوە سەری خۆت

مەیەشێنە ئەمە ناحاڵییە، لاچۆ بزانم، زمانی کەر باش حاڵی دەبێ)). بەسەر

سەرمەوە دەستی لەکەلەکەیناو وتی: ((ماڵەکە دەکەی بە ناومەوە یان نا؟))

وەڵامم نەدایەوە

مەگەر لەگەڵ تۆم نییە؟ وەکو سەگی ڕەش دانیشتوویتو سەیرم دەکەی))

پرسیم ماڵەکە دەکەی بەناوەمەوە یان نا؟))

سەرم بەرزکردەوە، لێوم دەکزایەوە، دەتگوت ئاوساوە،وتم: ((نا)).

شەقێکی لەقاچم هەڵدا: ((ئاخ، لەم بنیادەمە بێ چاوو ڕووە! سەیرێکە، مردووە دەبێ پارەیەکیش بدەی سەیری بکەی)). ڕوویکردە دایکی: ((دایە من دەڕۆم، کاتێ گەڕامەوە ئەم فەرشانەت کۆکردبێتەوە دەمەوێ بیانفرۆشم، پارەم پێویستە))

کەوتەڕێ بڕوا، دایکی پرسی: ((نان ناخۆی؟))

((بیدە بەمە بیخوا با هارتربێ)).

دەمزانی کە مستیلەو سینەبەندەکەمو پارەکانمی لەگیرفاندایە، هەتا ناوەڕاستی قادرمەکان چوو، بەڵام دیسان گەڕایەوەو چووە ژووری خەوەکەوە، چراکانی لەسەر تاقەکە هەڵگرتو ڕووی کردە دایکی: ((ئەمانەش دەبەم دەیانفرۆشم، پارەم پێویستە)).

دەتگوت کەسێك داوای شیکردنەوەی لێ کردووە.

من هەر لەجێگەکەی خۆم دانیشتبووم، بێدەنگ، بێ ئەوەی وشەیەك بڵێم. دایکی وتی: ((دڵت ڕاحەت بوو، ئێستا دەڕوا هەمووی دەفرۆشێو هەتا شەو نیوەی بۆ ڕابواردنی خۆی سەرف دەکات)).

شانم دایە سەری، دانیشت نانیخوا، هەستامو چوومە ژوورەکەی ترو توند دەرگاکەم داخست، تاقەتی ئەوەم نەبوو سەیری بکەم چ جای ئەوەی لەپاڵیدا دانیشمو نانبخۆم. دەموچاوم دەیەشا، لەبەر ئاوێنە بچووکەکەی سەر تاقەکە سەیری خۆمم کرد، کە چاوم بە دەموچاوی خۆم کەوت، وشك بووم، تەواوی لای ڕاستی دەموچاوم لەزللەکەی دوێنێ شەو ڕەشو شین هەڵگەڕابوو، چاوی ڕاستم باش نەدەکرایەوەو سووچی لێوم ئاوسابوو شین بوبووەوە، ترسام، پێم سەیر بوو زیندوو ماوم، پێم سەیر بوو چۆن لەژێر ئەو هەموو شەقو مشتەکۆڵەیەدا

هاتوومەتە دەرێ، هێشتا گوێی راستم لەزللەکەی ژانی دەکرد، دەنگی دایکی بەرزبووەوەو بە کینەوە وتی: ((سەماوەرەکە دەکوڵێ، دەخۆی بخۆ، ناخۆی مەخۆ)).

بینیم لەژوورەکە چووە دەرەوەو لەقادرمەکان ڕۆیشتە خوارەوە، شتێك بەمێشکمدا هات، بڕیاری خۆمدا، بەپەلە بوخچەکەم هەڵگرت و جلەکانم و هەندێك شتومەکی خۆمم تێخست، شتومەکەی خۆ جوانکردنەکەشم تێخست. چارشێوەکەم بەسەرمداداو لەقادرمەکان هاتمە خوارێ، خەسووم وەکو پڵنگی بریندار هاتە سەر رێگەکەم و دەستی لەکەلەکەی خست: ((ئەوە بۆ کوێ؟))

((دەمەوێ بڕۆم ئیتر تاقەتم نەماوە)).

((بۆ کوێ بڕۆی؟ هەروا سەرت دادەخەیت و دەڕۆی؟ مەگەر ئەم ماڵە خاوەنی نییە؟ مەگەر گوێت لێنەبوو دوێنی شەو مێردەکەت چی گووت؟))

((کام مێرد؟ من ئیتر مێردم نییە؟))

چاوەکانی دەرپەڕاند: ((چاوم رۆشن، قسەی تازە دەبیستم!))

دەمم کردەوەو ئەوەی بەدەممدا هات نەمگێڕایەوە: ((ئەو پیاوە خوێڕییە مێردی من نییە، پێم عەیبە کە بەوێڵم پیاو، بەو بڵێم مێرد)).

پێکەنی: ((گلەییت لەپیاوەتیەکەی هەیە؟))

((نا، گلەییم لەپیاوەتییەکەی نییە، لە هەڵس وکەوتی بێ شەرەفی گلەییم هەیە، لەبێ غیرەتییەکەی، تۆ نازانی من دەڵێم چی، ئەو نازانێ، فێر نەبووە، لەکێ وانە وەربگرێ؟ لەکوێ فێری وێنەکێشان ببێ ببێ؟ حەقییەتی کە نەزانێ غیرەت چییە؟ شەرەف کامەیە! منی لاواز دەخاتە ژێر لەقەوە بەڵام لەبرا چەقۆکێشەکانی مەعسومە دەترسێ، لەبەرامبەر ژندا هێز دەنوێنێ و کاتێك پیاو دێتە مەیدان لەپشت کراسەکەی دایکییەوە خۆی دەشارێتەوە، داماو دەبێ، ئارام دەبێتەوە، وەکو مەڕی لێدێ، پیاوتی ئەو تەنیا بە سمێڵ و چاکەت و پانتۆڵەکەیەتی و تەواو)).

Scanned by CamScanner

ئیتر بە خەسووم نەدەگوت ئێوە، ئیتر بەوم نەدەگوت خانم، چونکە خانم نەبوو، شیاوی ئەو ناوە نەبوو، چونکە بێ عەقڵو بێ شەرەف بوو، ئیتر نەمدەویست لەوە زیاتر چاوم بەڕووی راستییەکاندا بنوقێنم، پێویست نەبوو کە بۆ پاراستنی خۆش ناوێ کوڕەکەم دایەگەورە بەڕێز نیشان بدەم، ئیتر کوڕێکم نەبوو، یان لەوانەیە زۆریش بەساکاری بەهۆی ئەوەوە کە خۆشم تارادەیەکی زۆر وەک ئەوانم لێهاتبوو، لەوانەوە فێر بوبوم، زمانی ئەوان فێر بوبوم، باشو خراپم لەبیر چوبوەوە، پەیوەندی تەمەنو رێزم لەبیر چوبووەوە.

لەسەر قادرمەی دەرگای حەوشەکە دانیشت وتی: ((ژیانی کوڕەکەمت کۆکردۆتەوەو دەڕۆی؟))

((کام ژیان؟ کوڕەکەی تۆ ژیانی هەبوو؟ کاتێك منی هێنا تەنیا جلەکانی خۆی هەبوو، ئێستا ژیانی هەبووە؟))

بە ئارامییەوە وتی: ((بوخچەکە دادەنێی دواتر دەڕۆی)).

وتم: ((ئەی بەسەر چاو)).

ئارام گەڕامەوەو لەقادرمەکان سەرکەوتم، خەیاڵم ڕاحەت بوو، هەستاو بە بۆڵەبۆڵ چوو بە دوای کاریدا، چوومە ژوورێکەوە کە رۆژگارێك

لەئارامیو هێمنی خۆم سەرم سووڕمابو، دەرگاکەم داخست، تازە بە خۆم داهاتبوومەوە مەحبوبە چیت دەوێ لەم ماڵە بیبەی؟ دەتوانی دیسانەوە ئەم جلانە لەبەر بکەی؟ ئەم پێڵاوانە لەپێ بکەی؟ ئەم گوڵەسەرانە لەقژت بدەی؟ ئەم شتانەی ژیان لەگەڵ مرۆڤێکی وەک حەیواندا، دەتەوێ چییان لێبکەی؟ ئەمانە کە سونبولی گەنجی بەخەسار چوو و ئاواتە خنکێنراوەکانو غروری بریندارو هەستە بریندارەکانتە بۆ چیت دەوێن؟ نابوتیان بکەو لەناویان بەرە.

مقەستەکەم هەڵگرت، بوخچەکەم کردەوەو تەواوی جلەکانم بە مقەست کوتەکوتەو ئەنجن ئەنجن کرد، مقەستەکە پێڵاوەکانمی نەدەبڕی، چەقۆیەکم هەڵگرتو پێڵاوەکانیشم پێ دڕاندن، دەستمبڕا، بەڵام هەستم پێنەکرد، دڕندە ببوم، جاجمی جێگاو بانەکەم هێنا بەڵام نەمکردەوە بەڵکو بە چەقۆ لەتوپەتم

کردن. لیفەو دۆشەکەکەم دەرهێناو تەواویم لەتوپەت کردن، ئەوەندە بە چێژەوە لەتم دەکردن کە دەتگوت دەمارەکانی ڕەحیمن، دەتگوت زمانی خەسوومە، دەتگوت سنگی خۆمە، دەتگوت بەختی خنکێنراوی خۆمە، لەژێر لێوەوە بۆڵەم دەهات: ((ئەڕواحی باوکت، دەهێڵم ئەمانەت بۆ بمێنینەوە؟ هەر لەو بیرەدابە)).

دواتر بە چەقۆ کەوتمە گیانی فەرشەکان، بەسەر چۆکەوە دەڕۆیشتم و بەدەستی ڕاستەو بەتەواوی هێزمەوە تەواوی فەرشەکانم لەت وپەتکردن و چێژم دەبرد.

لەدژکردەوەی ڕەحیم، لە پێ سەیربوون و لەتوڕەیی و بێ هیوایی ئەو هەستم بە شادی دەکرد، بزەی تۆڵە لەسەر لێوم بوو، لەسەر لێوە شین و ڕەش هەڵگەڕاوەکانم، لەسەر ڕووخساری ڕەش هەڵگەڕاوم لەلێدان.

سەماوەرەکەم هەڵگرت، هێشتا گەرم بوو، ئاوەکەیم کرد بە سەر جێگەوبانەکەدا بەسەر فەرشەکاندا، خەڵوزەکانی کەوتە سەر جێگاوبانەکە، چارشێوە ڕەشەکەم هەڵگرت و قەدم کرد، دەمزانی کە خەسووم حەزی لەو چارشێوەیە، بەو چارشێوە دەنکەدەنکەی خەڵوزەکانم هەڵگرت هەتا دەستم نەسووتێ و دانەدانەیم دەخستە سەر فەرشەکان، فەرشەکان گوڵ بەگوڵی دووکەڵیان لێهەستا، چارشێوە ڕەشەکە کون کون بوو، وەستام و سەیرمکرد، چاوم بەسندوقی ئاڕایشتەکانم کەوت، بیشکێنم یان بیسوتێنم و، ڕابردوومی لەگەڵ بنێژم، بەڵام دڵم دەیگوت کڵاوەکەی ئەڵماس لەوێدایە، یادگاری ئەو بەهارە شیرینە، بیرەوەری یاخی بوونەکانتی تێدایە، شەوقەکان و حەزو ئاواتەکانی لاوێتیتی تێدایە، ئەم ئاوێنەی عیبرەتە هەڵگرە، ویستم دەرگاکەی بکەمەوەو سەیری کڵاوەکەی ئەڵماس بکەم، بەڵام ترسام، ترسام کە هەر ئەو سندوقەبێ کە باوکم قسەی لەبارەوە دەکرد، دەترسام کە ئەگەر دەرگاکەی بکەمەود چاوبەستم لێ بکات، قاچەکانم بێ هێز بن، بمێنمەوەو ببمە دیلی ناپاکی و نیتر نەتوانم خۆم ڕزگار بکەم، خۆیشم نازانم چی بوو کە کوتوپڕ سندوقەکەم لەباوەشمنا، دیسانەوە چارشێوەکەم بەسەرداداو، لەقادرمەکان

هاتمە خوارێ، دیسانەوە خەسوورم وەکو دێوێك کە دەتگوت موورت لێ هەڵپرووزاندووە ئامادەبوو و لەبەردەرگاکە دانیشت.

((دیسانەوە خۆ کەوتیتەوە ڕێ، بەراستی ڕوویەکی باشت هەیە، ئەو لێدانەی دوێنێ شەوت لەبیر نەماوە کە لەفیلیان بدایە دەخەوت. دیسانەوە ئارەزووی لێدانت کردووە؟))

وتم: ((بڕۆرە ئەو لاوە، بهێڵە با بڕۆم)).

((ناڕۆم))

((خۆ من بوخچەکەم بردەوە ژوورێ، ئێستا بهێڵە بابڕۆم)).

((ئەی ئەمە چییە لەباوەشتدا؟))

((ئەوە هی خۆمە، پەیوەندی بەتۆوە نییە)).

((هەرچی لەمماڵەدایە هی کوڕەکەمەو پەیوەندی بە منەوە هەیە)).

وتم: ((شوکور بۆ خوا کوڕەکەی تۆ هیچی لەم ماڵەدا نەهێشتۆتەوە کە هی من یان هی ئەو بێ، وتم لەسەر ڕێگەکەم لاچۆ)).

بەدەنگی ناخۆش‌و بەقیژەقیژ هاواریکرد: ((بۆ پێت شەرم نییە؟ ژنەی بێ چاوڕوو! من لاشچم تۆ چۆن ڕووتدێ بەو دەموچاوەتەوە بچیتە دەرێ؟ وەڵا کەس ناوێرێ سەیرت بکات، وابیردەکەیتەوە....)).

قسەکەم پێبڕی‌و ئارام پرسیم: ((کەوایە نا چیتە ئەو لاوە؟))

((نا)).

بەئارامی داهاتمەوەو سندوقەکەم لەسوچێکی حەوشەکە دانا، چارشێوەکەم لێکردەوەو لەناوەڕاستەوە قەدمکردو لەسەر سندوقەکەم دانا، دواتر بەرەو لای ئەو لامکردەوە، دەستی چەپم بردوو لەسەر سەرپۆشەکەیەوە قژیم کێشاو لەحاڵێکدا هەر بۆڵەم دەهات وتم: ((مەگەر بە تۆ نالێم لاچۆ؟))

بە تەواوی تواناوەمەوە قژیم ڕاکێشا، بە جۆرێك کە لەسەر قادرمەکە بەرز بووەوەو قیژاندی: ((دەستت بشکێ))، هەوڵی ئەدا بەرگری لەخۆی بکات‌و چنگ بگرێ، بەدەستی ڕاست دەستیم گرت‌و وا قەپم پێداکرد کە هەستم کرد ددانەکانم

لەگوشتەکەی رزدەچن‌و پیك دەگەنەوە. چەندە خۆش بوو، وا قیژاندی کە بۆ شەش حەوت دراوسێ بەو لاوەترەوە گوێیان لێبوو، ئیتر من خۆم بەرمدا نەك لەبەرئەوەی لەقیژەقیژەکەی بترسم، جێگەی دوو ریز لەددانەکانم لەسەر مەچەکی دەرچوبو. بەدەستی جێگەی ددانەکانی دەسڕی، هەردووکمان هاوکات سەرنجمان دایە ئەو هێزەی کە هەمبوو.جەستەی بچووك‌و وردیلانە بوو، وەکو منداڵێکی سیانزە ساڵە وابوو من ئەوەم پێ سەیربوو کە ئەو هەموو ساڵە لەو دەترسام. ئەمدەزای کە بۆچی زووتر ئەو کارەم نەکردبوو، دەستی کرد بە قیژەقیژو جنێودان. وتم: ((بێدەنگبە، بێدەنگبە...)) تاقەتی قیژەقیژەکانیم نەبوو، دەنگی وەکو چەکوش دەیدا لەسەرم، دیسانەوە وتم: ((بێدەنگ دەبێ یان نا؟))

بەدەستێك توند دەمیم گرت‌و بەدەستەکەی ترم پشتەملیم گرت، لەترسانا چاوی دەرپەڕیبوو، هەر بەو حاڵەتەو بە کێشەکێش بردم‌و لەبەشی چەپی دیواری حەوشەکەدا، هەر لەو شوێنەی کە تەرمی کوڕەکەمیان لێدانابوون بەتوندی پشتیم دابەدیوارەکەدا، حەزم دەکرد بێ ئەوەی من پێی بڵێم، خۆی بزانێ کە دەمەوێ لەپاڵ دیوارەکەدا دانیشێ، لەبەرئەوەی نەیزانی بە پێ لەپشتی قاچەکانیمدا، هەر دوو قاچی چووە پێشەوە، وەکو ماسی لەبەینی هەردوو دەستمدا خزاو، کەوت بەسەر زەویدا، بە ناڵەوە وتی: ((ئاخ ئێسقانەکانم شکا. وەی کە لەکەم، بریندار بووم، منت کوشت، یاخوا خوا بتکوژێ))، دەستی کرد بە گریان.

بەدەنگی بەرز جنێوی دەدا، بەمشت لەسینگی دەداو جنێوی دەدا، لەبەر دەمیدا هەڵتروشکام، وەکو مامۆستایەك چۆن دەرسی شاگردە تەوەزەلەکەی دادەدا، پەنجەم بەرەو لای درێژکردو وتم: ((مەگەر نەمگوت بێدەنگبە؟ نەمگوت دەنگت دەرنەیە؟ وتم یان نەموت؟))و دیسانەوە توند دەمیم گرت، بەڵام ئەم جارە بێدەنگ.

((نەگریت، وتم نابێ بگریت، دەنگ دەرنەیە)).

Scanned by CamScanner

گرێی سەرپۆشەکەیم لەژێر گەرووی ڕاگرت‌و سەریم لەدەموچاوی شین‌و ڕەش هەڵگەڕاوی خۆم نزیک کردەوەو بەدەنگێکی ئارام‌و تۆقێنەر وتم: ((دەی ئێستا باش گوێ بگرە، بزانە دەڵێم چی، من لەم دەرگایە دەڕۆمە دەرێ)). لامکردەوەو بە پەنجەی دەستی چەپم ئیشارەتم بەدەرگای حەوشەکە کرد، ((تۆ هەر لێرەدا دادەنیشی تا ئەو کوڕە بێ شەرەفە خوێنڕییەت دێتەوە، ئەگەر هەراهەرا بکەیت لەوسەری کۆڵانەکەشەوە گوێم لێبێت، بۆت دەگەڕێمەوەو، دەتخنکێنم‌و، کەلاکەکەت دەخەمە ناو حەوزەکەوە تا هەموو وا بیربکەنەوە کە خنکاوی، چاک تێگەیشتی؟))

بەنیگایەکی ترساوەوە سەری بەنیشانەی حاڵی بوون هێنایە خوارێ، لەترسی هێزی من نەیدەتوانی قسەبکات، دەتگوت هەستی بەوە کردووە کە من گاڵتەی لەگەڵ ناکەم، دەتگوت دەزانی کە من شێت بووم‌و کاری واش دەکەم، ترسی خۆشم لەترسی ئەو کەمتر نەبوو، چونکە کوتوپڕ زانیم کە بەئاسانی دەتوانم ئەو کارە بکەم‌و بەتەواوی مەیل‌و حەزمەوە بە کردەوە دەیکەم ، هەڕەشە نەبوو، بۆ ترساندن نەبوو، بەراستی ئەوەی کە وتبووم بڕوام پێی هەبوو و کردەوەکەشی بۆم دژوار نەبوو، زانیم کە بەیەک وشە لەلایەن ئەوەوە، بەبیستنی ناڵەیەک یان دیتنی دڵۆپێک فرمێسک خێرا دەیخنکێنم.

خولەکێک بێدەنگ دانیشتم‌و سەیرم کرد، چاوەڕوانی قیژەو هاوارو جوڵەیەک بووم، داوام لەخودا دەکرد کە بێدەنگ بێ‌و کار نەداتە دەستم، ئەم جارە خودا دووعاکەمی قەبووڵکرد، پیرەژن ترسابوو، بێدەنگ دانیشت، وشک بوبو، ئارام لەجێگەکەم هەستام، بەشەق لەڕانیم هەڵدا ، ڕەحیم چ مامۆستایەکی باش بوو، مامۆستای ئازارو ئەشکەنجەو، من شاگردێکی زیرەکم لێ دەرچوبو، ئایا ڕەحیمیش ئەوەندە لەلێدانی من [illegible]

ئارام چارشێوەکەم بەسەردادا، سندوقەکەم لەژێر باڵمنا، ئەگەڕامەوە سەیری حەوشە بکەم، سەیری ماڵەکەم بکەم، سەیری جێگەی بەتاڵی کوڕەکەم بکەم.

شوێنەکەیم دەزانی لەگۆڕستان بوو، دەمتوانی بچم بۆ لای، ئیگای ماڵئاوایی پێویست نەبوو، دەرگاکەم کردەوەو هاتمە دەرێ و توند دامخست و رزگارم بوو.

ئیتر دیلی ئەو نەبووم، دووعاکەی باوکم گیرابوو، هەر ئەو وەرزەبوو کە تیایدا شووم کرد، پاییز بوو.

* * * *

# وەرزی سێیەم

لەکۆڵانەکان تێپەڕ دەبووم، مردوویەك لەگۆڕستانەوە هاتبوو بەڕێدا دەڕۆیشت. زۆر ماندوبووم، هەر بیرم دەکردەوە، لەناو شەقامدا دەنگی پێی ئەسپەکان. تەگەری کەژاوەکان، دەنگەدەنگی دەست فرۆشەکان، قەرەباڵغی خەڵك. هاتوچۆی جارجاری ئۆتۆمبێل، سەرم دەیەشا، بۆ کوێ بڕۆم؟ بۆ کوێ؟ باوکە وتی هەتا ژنی ئەو بی کچی من نیت، مەیەرەوە بەم ماڵەدا، بۆ کوێ بڕۆم؟ ماڵی خوشکەکانم؟ بەم سەرو سیمایەوە؟ بڕۆمو ئابڕویان لای مێردەکانیان بەرم، بڕۆم بۆ ماڵی پوورە کیشوەر؟ دوژمنەکەی دایکم شاد بکەم؟ بڕۆم بۆ ماڵی مامم؟ بۆ لای ئامۆژنم؟ بەم حاڵەتەمەوە؟ خۆم بێ ئابڕوو بکەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ دەڕۆم بۆ ماڵی میرزا حەسەن حان، بۆ لای عیصمەت خانم، هەوێ کەی دایکم، هەرچی ددبێ بابێ. دەزانم ماڵەکەیان دووکۆڵان خوار ماڵی پوورمە، دەمزانی کە تارو ویۆلۆن فێری خەڵك دەکات، دەمزانی خەڵك لەگەڕەکدا دەیناسن، دەچووم بۆ لای ماڵی پوورمەوە، ئارامو بە پێ، پەلە بۆچی؟ لەم دنیایەدا کەس نەبوو چاوەڕوانی بم، لەبەرامبەر باخە پڕ دارەکەی ماڵی پوورمەوە تێپەڕبوومو بەحەسرەتەوە جوانیی ئاڵتونیی ڕەنگی سەرچڵی دارەکانم لەژێر خۆری پاییزدا سەیر دەکرد، دوو کۆڵانم ژماردو بەرەو لای چەپ لامدا، دیواری باخەکەی ماڵی پوورم دەتگوت لەلای راستەوە زۆر دوورو درێژ بۆتەوە، پرسیارم لەخەڵك کرد هەتا ماڵەکەم دۆزییەوە، دەرگایەکی دارین کە چەکوشێکی بە شکڵی سەری شێری هەبوو،

لەپشت دەرگاکەوە وەستام، لێرەدا چی دەکەم؟ خەریکم گێ بێ نابڕووییەکی سازدەکەم!! دەبێ بگەڕێمەوە. بەڵام بۆ کوێ؟ پردەکانم لەپشت سەرمەوە رووخاندبوو. جێگەی گەڕانەوەم نەهێشتبووەوە، ئیتر چارەیەکم نەبوو. خەم لەدڵمدا دەکوڵا هەتا گەرووم دەهاتە سەرێ، دوودڵ بووم، هەستم بەسەرمای پاییز دەکرد. بێ ئامانج بەرەو لای راستو چەپ چاوم گێڕاو پێش ئەوەی پەشیمان ببمەوە دەستم بێ ئەوەی مێشکم ئەمری کردبێ سەری شێرەکەی گرتو جارێک لەدەرگاکەیدا.

خێرا دەرگایان کردەوە، لاوێک دەرگاکەی کردەوە، چاکەتو پانتۆڵی لەبەردابوو و، کڵاوی پەهلەوی لەسەرکردبوو، بیرم کردەوە کە دەبێ هادی بێ، کوڕەکەی عیسمەت خانم، دیار بوو دەیویست لەماڵ بێتە دەرێ، رووی خۆم پێچابوو. وتم: ((سەلام)) لەحنی سڵاوەکەم ئەوەندە خەمناکو ئارام بوو کە خۆیشم پێم سەیربوو، ئەمە هەر ئەو دەنگە نەبوو کە بەیانی لەگەرووم دەهاتە دەرێ.

((سڵاو لەمنەوە، فەرمایشتێکتان هەبوو؟))

((من کارم بە عیسمەت خانمە)).

((ناوی بەڕێزتان؟))

((من...من... کچی ئاغای بەسیرولمولکم، بە عیسمەت خانم بفەرموون مەحبوبە)).

دەرگاکەی کردەوەو بە پەلە وتی: ((بمبورە، نەمناسیت، فەرموون وەرنە ژوورێ، ماڵی خۆتانە)). لەبەردەم دەرگاکە لاچوو، حەوشەیەکی خاوێنو خۆش بوو، چوومە ژوورەوە، دەرگاکەی داخستو وتی: ((ئێستا دەڕۆم بانگی دایکم دەکەم)).

چەند هەنگاوێکی هەڵگرتو لەدەرگایەکی لای چەپی بیناکە لەچاو دیارنەما، چاوم بە دەوری حەوشەکەدا گێڕا، کتوپڕ لەهاتوهاواری گۆڕەپانی شەبر گەیشتبوومە ئارامی، لەبازاڕی مسگەرەکان تێپەڕبووەو پێم نابووە

کتێبخانەیەکی چۆڵەوە، چەندە بێدەنگ، چەندە ئارام، چەندە هێمن، دەتگوت ماڵەکە، بیناکەو بەردەکان‌و خشتەکان‌و پەنجەرەکانیش هێمنن، شەرەف‌و ئارامی‌و بێدەنگیان هەیە.

حەوشەیەکی بچووک‌و خۆشبوو، پاک‌و خاوێن، تەختی حەوشەکە بە نەخشی سوور سازکرابوو، وەکو تەواوی ماڵەکان لەناوەڕاستەکەیدا حەوزێکی بچووکی تێدابوو، لەلای چەپیدا دارمێوێکی پڕ گەڵاو جوان بەداربەستێکەوەو لەپاڵ دیوارەکەدا هەڵواسرابوو، لەسووچێکی باخچەکەدا چەند بنە گوڵێکی جوانی لێبوو - بەپێچەوانەی ماڵەکەی خۆم کە ڕەحیم تەنانەت جارێکیش شتێکی وای لێ نەدەچاند- من سەد جارم پێ گوت بەڵام بەگوێیدا نەدەچوو، لەگەڵ گوڵناسی‌و جوانی نامۆ بوو، لەبەرامبەرم، لەکۆتایی هەیوانەکەدا کە پانتاییەکەی مەترێک دەبوو و بە چەند قادرمەیەک لەحەوشەکە جیا دەبووەوە، سێ دەرگای بەڕەنگی سەوزو، بە پەنجەرەی چوار گۆشەی جوان کە لەژوورەوە بە پەردەی سادەو سپی ڕازابوونەوەو سەرنجمی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا، پەردەکانیان لەناوەڕاستەوە بەستبوو، دەتگوت سەری دوو سێگۆشەی ڕێکوپێکن، هەتاو لەبەینی گەڵای مێوەکەوە تێپەڕدەبوو و ڕووناکییەکی جوان کە دەتگوت ڕۆنی لێدراوە لەگەڵ جوڵەی گەڵای دارەکە لەسەر دەرگاو پەنجەرەکە دەکەوتنە سەما، هەموو شوێنێک شۆڕدرابوو خاوێن بو، ماڵەکە ئەوەندە ئارام بوو کە ئەگەر عیسمەت خانم درەنگتر بگەڕایەتەوە من بە پێوە خەوم لێدەکەوت، بەڵام ئەو هات‌و هادیش بەدوایدا، عیسمەت خانم هەتا ئەو ڕۆژە منی نەدیبوو، هیچ کاممانی نەدیبوو، هیچ کاممان بێجگە لەباوکم، ئێمەیش ئەومان نەدیبوو، هەر نیگەرانبووم، دەمگوت بڵێی چۆنبێ، بەڵام بەدیتنی ئارام بوومەوە، باڵابەرزو کز بوو، وا هاتە بەرچاوم کە لەدایکم زۆر پیرتربێ، نازانم هی تەمەن بوو یان دژواری ڕۆژگار، لێوەکانی ناسک بوون‌و بزەیەکی شەرمنی لەسەر بوو، لووتی بارێک‌و بچووک بوو، چاوەکانی زۆر گەورە نەبوون، بەڵام قژی لەژێر سەرپۆشەکەیەوە دیاربوو ڕەش بوو، برۆی بارێکبوو بە هەڵگرتن بردبوویە سەرێ‌و، چاوەکانی کراوەتر بوون،

Scanned by CamScanner

دیار نەبوو کە لەرووی نیگەرانییەوە بێ یان تێگەیشتن، دەموچاوی سپی و شل بوو، پێستی زۆر چاوەکانی چرچ بوبون، بەکورتی و بەگشتی ڕواڵەتێکی ئارام و قامی هەبوو. ڕواڵەتێکی ئاسایی، ڕووخساری کەسێك کە پێی خۆشە خزمەت بەگەورەتری خۆی بکات، نەك لەبەر بەرژەوەندی تاکە کەسی، بەڵکو ئەو بە خۆی بەو شێوەیە دڵخۆش نەبوو، لەو مرۆڤانە بوو کە بەزەیی بە هەموو کەسێکدا دەهاتەوە، لەو مرۆڤانەی کە ناکرێ خۆشت نەوێن، هەر کە چاوی بە من کەوت سڵاوی پێش سڵاوەکەم خست، ((سەلام مەحبوبە خان، بۆچی لێرە ڕاوەستاون؟ فەرموون وەرنە ژووری، بەخێر بێن)). دەرگای ژووری میوانێکی بچووك بەڵام زۆر خاوێن کە دەستێك قەنەفەو فەرشی هەرزانی تێدابوو کرابوەوە. دیار بوو ئەوەندە ناچنە ئەو ژوورەوە، ((ببورن مەحبوبە خانم، فەرموون وەرنە ژووری. نانی بەیانیتان خواردووە؟ هادی گیان ڕاکە شتێك بێنە)).

بەدرۆ وتم: ((بەڵێ خانم، دەستت خۆشبێ، ئەهادی خان، زەحمەت مەکێشە)). خەریك بوو دەمردم لەبرسانا.

وتی: ((ئێستا پەرداخێك چایی دەخۆنەوە، شایانی ئێوەشی نییە)). بزەیەکی ئەوەندە میهرەبانی بە رووودا کردم کە لێوی خۆمم گەست نەگریم.

دەرگای ژوورەکەی کردەوە، لەژوورەکە دانیشتم، لەسەر قەنەفەیەکی لای پەنجەرەکە، پەردەکەی لایدا هەتا خۆر جوانتر بێتە ژوورەوە، تیشکی خۆرەکە کەوتە لای چەپی من، چەندەم پێخۆش بوو، دەتگوت دەستێکی گەرمە کەمیهرەبانیم پێدەداو گڕوتین دەدا بە جەستەی ساردو ماندووم. ماوەیەك هاتوچۆ بوو هەڵدەسوڕا، هادی هات، قاپێکی گەورەی مسی بەدەستەوە بوو، دایکی کە لەدوایەوە بوو تەپڵەکێکی لەبەردەممدا دانا، وتم: ((زەحمەت مەکێشن)).

((ئەو قسانە چییە! زەحمەتی چی؟ چیمان کردووە؟ نانی خەجاڵەتیە)).

هادی قاپەکەی خستە سەر مێزەکە، چاو شەکردو نان و کەرەو مرەبای بەلاڵوك.

عیسمەت خانم کە دەتگوت دەروونناسی خوێندووە وتی: ((هەتا ئێوە پارووێک نان دەخۆن من دەچمە مەتبەخ، ئێستا دێمەوە خزمەتتان)).

لەگەڵ هادی چوونە دەرێ، لەحەوشەدا سرتە سرتیان دەکرد، وا دیاربوو کە هادی خەریک بوو دەچووە دەرێ بۆ شتکڕین و خۆی ڕێیشت بۆ مەتبەخ.

هەتا عیسمەت خانم چووە دەرێ، وەکو پشیلەیەکی قەڵەوی ئەوسنی لەژێر خۆزەکە دانیشتم، سوچی چارشێوەکەم بەرداو لەحاڵێکدا کە سەیری حەوشەو گوڵەکان و خۆزەتاوی پاییزم دەکرد تێر سکی خۆم نانم خوارد.

عیسمەت خانم هات و قاپەکەی بردەوە، ئارامییەکەی ئەوان بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوو، ڕەوتی سروشتی ژیانم لەبیر چووبوەوە، عیسمەت خانم گەڕایەوەو لەپاڵ دەستمدا دانیشت، دیسانەوە ڕوخسارم توند داپۆشیبوو ئەو پێی سەیر بوو، دیار بوو پرسیاری لەخۆی دەکرد بۆچی لەویش ڕووم دادەپۆشم، دەمزانی کە هەزار پرسیاری هەیە بۆ چی لەوێم؟ مێردەکەم لەکوێیە؟ بێ شک دەیزانی، بەڵام لەوە ماقوڵتر بوو قسەی لێوەبکات، زۆر باش جێگاو شوێنی خۆی دەزانی، بەهێمنییەوە پرسی: ((ئاغاتان چۆنە؟ چۆن بوو ئەوان تەشریفییان نەهێنا؟))

بیرکردنەوەکەم شێوا، گێژ بووم، بەپەلە بێ بیرکردنەوە وتم: ((بەڵێ؟ چیت فەرموو؟))

((مێردەکەتان، مێردەکەتان چۆنە؟))

وتم: ((ئیتر مێردم نییە)). فرمێسک لەچاومزا، سەرم داخست کە ئەو نەیانبینێ، چاوەکانی خڕبوونەوە، دەمی کرابوەوە، بەسەیرێکەوە پرسی: ((ئەیەرۆ بۆچی؟ شەڕتان کردووە؟ زیز بووی؟))

هەر بەو شێوەیەی سەرم داخستبوو وتم: ((ئیتر کار لەوانەدا نەماوە)).

((بۆچی؟ مەگەر چی کردووە؟))

چارشێوەکەم لەسەر لابردو ڕووخساری شین هەڵگەڕاوو ئاوساوی خۆم نیشاندا، بەڕاستی دای بەسەر دەستی چەپیدا وتی: ((ئاخ منت بمرم، ئێستا دەڵێم هادی دوکتورت بۆ بێنێ)).

((نا، عیسمەت خانم، توخوا ئەو کارە مەکەن، پێویست بە دکتۆر ناکات، چاک دەبێتەوە، خۆ یەکەم جاری نییە)).

((جاری یەکەمت نییە؟ پێشتریش لێی داوی؟ وەی منت بمرم، ئەی بێ ئینساف چی لێکردووی! وتم: قەیناکا من خورم بەوشتانەوە گرتووە، با هادی خان بچێتەوە بۆ قوتابخانە)).

((ئەمڕۆ قوتابخانە نییە، ڕۆژی جێژنی مەولودە، هادی خەریکبوو دەچوو بۆ شوێنێکی تر، کارێکی گرنگی نییە)).

کەوایە ئەمڕۆ جێژن بوو، نەمدەزانی جێژن چیە لەتاو شیوەن، پرسیم: ((کەوایە ئەمڕۆ پشووە؟ حەسەن خانیش لەماڵەوە نییە؟))

((کاکەم چۆتە دەرێ، بەڵام بۆ نیوەڕۆ دەگەڕێتەوە، خۆزگە خێرا دەهاتەوە، با بزانم چی بکەین، ئێشت زۆرە؟))

((ڕووخسارم؟ نا، ئێرەم دەێشێ))و ئیشارەتم بۆ دڵمکردو کوتوپڕ فرمێسکەکانم وەکو کانی هەڵقوڵا، بێ ئەوەی کە بمەوەی کەس بەزەیی پێمدا بێتەوە، بێ ئەوەی رقم هەستابێ، بێ ئەوەی حەزم لەگریان بێ، دەڕژاو دەڕژاو دەڕژا، نەمدەویست لەبەردەم ئەو ژنەدا بگریم، نەمدەویست خۆم وا نیشانبدەم کە بێ دەسەڵاتم، پێم خۆش نەبوو باسی لاوازیو ڕۆژ ڕەشی خۆمی بۆ بکەم، دەترسام ئەم فرمێسکانە لەلای ئەو سووکم بکات، بەڵام بەدەست خۆم نەبوو، منێک کە کەس دەرەقەتم نەدەهات، منێک کە ئەوەندە خۆ ویست بووم سەرم لەئاسمان دەدا، ئێستا خەڵك بەزەیی پێمدا دەهاتەوە، بریا کانی فرمێسکەکانم وشك دەبوون، بریا قاچم دەشکاو نەدەهاتمە ئێرە، چ سزایەکی قورس بوو بۆ چاوێك کە دەیدی دڵێك کە دەیویست، ئێستا لێرە، لەم ماڵەدا دانیشە، لەناو ماڵی ئەم ژنە، هەوێی دایکت، لەلای ئەم ژنە کە ئاگای لە هیچ نییە دانیشە هەتا

ئەویش بە سەیرێکەوە سەیرت بکات، هەتا کوڕەکەی لەناو حەوشەدا دەستەکانی بگرێ و لەژێر چاوەوە بە بەزەییەوە سەیرت بکات، هەتا حەسەن خان بێتەوەو بیرێکت بۆ بکاتەوە، کاری خۆ کردەیە، بگری با جوان سەیرت بکەن، بەڵام، نا، عیسمەت خانم لەمن زۆرتر فرمێسکی هەڵدەڕشت، گریانەکەی نەدەبڕایەوە. وتم: ((دەزانن لەڕۆژی جێژندا چاک کاتم گرتن! تۆشم نارەحەت کرد، هەر لەبیرم نەبوو کە ئەمڕۆ ڕۆژی جێژنە، من زەحمەت کەم دەکەمەوە)).

وتی: ((نا، کوڕە ئەو قسانە چییە؟ ئێرە ماڵی خۆتانە، چۆن من دەهێڵم ئێوە بڕۆنەوە؟ بەخوا ئەگەر لەم قسانە بکەن لێتان دڵگیر دەبم، باوکتان کەم چاکەی بووە بۆمان؟... ئێستا کە کچەکەی ڕۆژێک هاتۆتە ماڵمان بێڵین بڕوا؟))

دیسانەوە فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ، بۆچی لێم نەدەگەڕا، بۆچی بەپێچەوانەی حەزی خۆم دەهاتنە خوارێ؟ بەڵام بە هەموو ئەمانەوە چەندە ئاسوودە بووم، حەزم دەکرد سەرم بخەمە سەر شانی و دەردی دڵی بۆ بکەم، چەندە ئەم ژنە دڵسۆز بوو، لەمن دوور بوو بەڵام زۆر لەمن نزیکتر بوو، وتم: ((دەزانی سەرەتا من ئەویندار بووم؟)) دەیزانی، ((دەزانی بەزۆرە ملێی خۆم بووم بە ژنی؟)) دەیزانی، براکەی خۆی ڕەحیمی بردوو چاکەت و پانتۆڵی بۆ کڕیبوو، ((دەزانی کوڕێکم لێی بوو؟)) دەیزانی، باوکم بۆی گێڕابووەوە، ((دەزانی کوڕەکەم لەناو حەوزێکدا خنکا؟)) دەیزانی، ((دەزانی جەرگ سووتاو بووم)) دەیزانی، بە فرمێسکەکانیا دەیگوت کە دەزانێ، کە تێدەگا، چونکە ئەویش کوڕێکی هەبوو.

بانگی نیوەڕۆیدا نانی هێنا، هەرچی وتم ڕاوەستە کە حەسەن خانیش بێتەوە قبووڵی نەکرد، پێی وابوو کە برسیمە، لاواز بوبوم، لەدوێنێ شەوەوە تا ئێستا هیچم نەخواردبوو، وتی: ((خۆ نانەکەی بەیانی شتێکی وانەبوو)).

دەبوایە نانم بخواردایە، دەبوایە بڕێک گیانم تێ بهاتایەتەوە، هەر لەو ژوورەدا سفرەیەکیان لەسەر زەوی داخست و لەگەڵ کوڕەکەی نانمان خوارد، هادی لەژێر چاوەوە سەیری دەکردم بەڵام هیچی نەدەگوت، با ئەویش ببینێ، با هەموو کەسێ بزانێ، دوای نان دیسانەوە بە لەگەڵ عیسمەت خانم لەسەر قەنەفەی بەر

پەنجەرەکە دانیشتم و چام خواردەوە، ئاسوودە بووم، بیرم ئاسوودەو ئارام بوو. قاچەکانم درێژ کرد، سەرم بە پشتی قەنەفەکەوە نابوو و لەهەتاوی پاییز چێژم وەردەگرت، ئیتر نیگەرانی هاتنەوەی رەحیم نەبووم، ئیتر لەرقی دایکی ددانەکانم لێك گیرنەدەکرد، تەواوی ئەمانە زۆر لەمن دوور بوون، هی رابردوو بوون، هەر لەوێ خەوم لێکەوت، نزیکەی کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بوو کە عیسمەت خانم بە دەستە میهرەبانەکانی کەبە ناوچاوانیدا دەهێنام خەبەرم بوەوە. چاومکردەوەو هەوڵمدا بیرم بکەوێتەوە کە لەکوێم، هەتاوەکە بەسەر جەستەمدا تێپەڕبوبو کەوتبووە ئەولاکەی ترمەوە، ڕەحیمە؟ دایکییەتی؟ نا، ئاه چەندە باشە ئەوە عیسمەت خانمە بەدەنگی نەرمی دایکانە پێم دەڵێ: ((مەحبوب گیان، ئازیزی دڵەکەم هەستە، حەسەن خان دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات)).

حەسەن خان لەوە گەنجتر بوو کە من بیرم لێدەکردەوە، گەرچی قژی تاڵە تاڵە سپی بوبو، باڵای ناوەندیو لووتی کەمێك گەورە بوو، لێوەکانی گەورەو سەرەوەی جەستەی ڕوو بە پێشەوە بوو، دیار نەبوو کە نوشتاوەتەوە یان کەمێك کووڕە. دەنگی گەورەو باوکانە بوو، کاتێك هاتە ژووری چارشێوەکەم لەسەرشانم کەوتبوو، هەتا ویستم چاکی کەم سڵاوی کرد، لەبەری هەستام، هێشتا دانەنیشتبوو وتی: ((خانم ئەم پیاوە چی لێکردووی؟ چۆن ئەو کارەی کردووە؟ چۆن دڵی هاتووە؟ ئەویش لەگەڵ خانمێکی بەڕێزی وەك ئێوە)).

بە خۆمم وت نابێ بگریت، بەزۆر ڕێگەم لێگرت.. بەهەموو ئەوانەوە چاوەکانم تەڕ بوون، پرسی: ((ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟ دەتەوێ من ئاشتتان بکەمەوە؟))

((نا، دەمەوێ تەڵاقی لێ بستێنم)).

ئەپێی سەیر بوو نە دژایەتیکرد.

((باوکت ئاگادارە؟))

((نەخێر، سەرەتا هاتمە ئێرە، نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام ئێستا زەحمەت کەم دەکەمو دەچم بۆ ماڵی باوکم)).

Scanned by CamScanner

بەهەر حاڵە بە هیچ جۆرێك باش نییە، باش نییە ئاوا دایکتان چاوی پێتان بکەوێ. ڕاوەستە تا ئێوارە تا باوکت بانگ بکەین بێ بۆ ئێرەو تۆ ئاوا ببینێ دواتر بزانین چی دەکات و چ بڕیارێك دەدا))

عیسمەت خانم گوتی: ((کاکەم ڕاست دەکات، ئەگەر دوای ئەو هەموو ساڵە دایکت بەو حاڵەوە چاوی پێتان بکەوێ، دوور لەگیانی دیق دەکات، دەبێ بنێرین بەدوای ئاغا گیانتدا))

باوەڕم نەدەکرد کە هەوێ، هەوێی خۆش بوێ، ئەوەی کە من لەو شەش حەوت ساڵەدا تەجرەبەم کردبوو، منی دڵڕەق بار هێنا بوو، وا بیرم دەکردەوە کە خەڵکی دنیا هەموو دڕندەو، قازانج پەرستن، وردە وردە ئوسوڵی مرۆڤایەتی کەوتەوە بیرم. حەسەن خان وتی: ((هادی، دەتوانی بە فڕکەیەك بچی بۆ ماڵی ئاغای بەسیرولمولك؟))

هادی ئامادەبوو وتی: ((بۆ ناتوانم خاڵە گیان، هەڵبەت دەتوانم)).

ئەویش بەزەیی پیامدا دەهاتەوە. دەیویست خزمەتێکم پێ بکات، دایکی بە ناڕاسی ڕوومەتی خۆی ڕنی و وتی: ((وەی خوا بمکوژێ، هادی خۆ تا ئێستا نەچۆتە ماڵی ئاغا. ئاغا قەدەغەی کردبوو کەسمان بچین بۆ ئەوێ، ئەگەر خانم بزانێ ناڕەحەتی تووش دەبێ)).

حەسەن خان بە بێتاقەتییەوە دەستێکی ڕاوەشاند: ((من دەزانم چی دەکەم)).

لەژوورەکە چووە دەرەوەو دواتر پاکەتێکی داخراوی هێنا، دایە دەست هادی و وتی: ((دەڕۆی بۆ ماڵی ئاغای بەسیرولمولك، لەدەرگادەدەیت و دەڵێی کارم بە ئاغا هەیە، نەچیتە ژوورەوە، ئەگەر زۆریشیان لێکردی هەر نەچیت، بڵێ ناتوانم بێمە ژوورەوە، تەنیا پاکەتەکە دەدەیتە دەستی خزمەتکارێك و دەڵێی بیدە دەست ئاغا. بڵێ دەبێ خێرا بیخوێنێتەوە)).

بە نیگەرانییەوە پرسیم: ((لەناو نامەکەدا چیت نوسیووە؟))

هەر بەو لەحنە هێمن‌و ئارامەیەوە وتی: ((مەترسە کچەکەم، شتی زۆرم تیا باس نەکردووە، تەنیا نووسیومە وەرن بۆ ئێرە سەبارەت بە گرفتەکەی مەحبوبە خانم قسە دەکەین، ناوی خۆشمم نوسیوە هەر ئەوەندە)).

ئەوەندەم شەرم دەکرد ئارەقم کردبوو، لەدڵی خۆمدا جنێوم بەرەحیم دەدا، سەرم بەرز کردەوەو بەهادیم وت: ((ببوورە هادی خان، بووم بە سەرئێشە بۆ ئێوە، ماندووش دەبی)).

بزەیەکی جوانی کردو بەمیهرەبانی‌و شەرمنییەکی منداڵانەوە گوتی: ((ئەبەخوا، بەگیانی دایکم ماندوو نابم، ئێستا دەڕۆم‌و خێرا دەگەڕێمەوە)).

چەندە ساکار بوو، چەندە بێ تاوان بوو، شانزە ساڵەیی، تەمەنی بێ گوناهی، تەمەنی گەشبینی، قۆناغی بێ ئاگایی، قۆناغی عەشق‌و خۆشەویستی، هەر ئەو قۆناغەی کە مرۆڤ پێی دەخزێ‌و بەمێشکەوە زەوی دەدرێ، هەر بەو جۆرەی کە من وابووم، هادی رۆیشت‌و دڵی من کەوتە لێدان، ئیتر تاقەتی دانیشتنم نەمابوو، ئەم سەرنەوسەرم دەکرد، دادەنیشتم، دەستەکانم لێك دەسوون، دوای ئەو هەموو ساڵە باوکم دێ، چاوم بە باوکم دەکەوێ، هەڵبەت ئەگەر بێ، ئەگەر بیویستایە چاوی پێم بکەوێ، حەسەن خان‌و عیسمەت خانم دڵیان دەدامەوە، دەمم وشك بوبو، جەستەم ساردبوبووەوە، عیسمەت خانم شەربەتی دایە دەستم، خۆیشی لەمن باشتر نەبوو، حەسەن خان لەسەر هەیوانەکە دانیشتبوو ئەنیشکی لەسەر ئەژنۆی دانابوو تەزبیحێکی بەدەستەوە بوو، بەنیشانەی بەداخەوە بوون سەری دەلەقاند، دەنگی دەرگاکە بەرزبووەوە، هەرسێکمان لەجێگەی خۆمان وشك بووین، حەسەن خان وتی: ((ئێوە بچنە ژوورێ هەتا من چەند قسەیەکی لەگەڵ دەکەم)).

رامکردە ژوورێ‌و لەپشت پەنجەرەکەوە بەدزییەوە سەیرم دەکردن، عیسمەت خانم دەرگاکەی کردەوە، سەرەتا باوکمم دی هاتە ژوورێ‌و هادی بەدوایەوە بوو ئیتر چاوم ئەوی نەدەدی، حەزم نەدەکرد باوکم بەو حاڵەتەوە چاوی پێم بکەوێ، ژنێکی داماوی قوڕبەسەرو تێهەڵدراو بەجێگەی ئەو کچە نازدارو شادەی کە وەکو کەو بە لەنجەوە دەچوو بە رێگەداو لەچاوەکانی غرور دەباری.

Scanned by CamScanner

بانگی کرد: ((حەسەن خان)).

باوکم کە هاتە ژوورەوە بانگی کرد: ((حەسەن خان)).
بەڵام پێویستی نەدەکرد کە بانگی ئەو بکات، حەسەن خان بەپێشوازییەوە چوو، باوکم لەگەڵ ئەوان سەرقاڵی گفتوگۆ بوو، چاوم بە رووخساری کەوت، قژەکانی لاجانگی سپی بوبو، روخساری کزترو رواڵەتی پیرتر بوبو، سمێڵی چەند تاڵێکی سپی تێکەوتبوو، کزتر بوبو بەڵام میهرەبانترو هێمن تر بوو، بەهەموو ئەمانەوە رووخساری تاڵ و داگیراوو ناڕەحەت بوو، وە لەنیگەرانییەکەی گرنگتر ئەوەبوو کە نیگەرانییەکەی زیادی دەکرد بەو سرتە سرتانەی کە دەکران، جلەکانی وەکو جاران خاوێن و رێکوپێک بوو، زنجیرە ئاڵتوونەکەی سەر جلیسقەکەیم دەدی، دەستی چەپی لەجلیسقەکەی نابوو، دەستی ڕاستیشی خستبووە ژێر چەناگەی و بەو نیگایانەی کە پڕاوپڕ بوو لەتێگەیشتن و، بە جوانی گوێی لەقسەکانی حەسەن خان دەگرت و جاری واش هەبوو سەیری عیسمەت خانمی دەکرد کە قسەکانی بە براکەی دەبڕی، لەو کاتەدا باوکم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو پرسیارێکی کرد، حەسەن خان کە پشتی لەمن بوو بە پەنجەکانی ئیشارەتی بەو ژوورەکرد کە منی تێدا بووم، خەریک بوو خۆر ئاوا دەبوو، باوکم بە پەلە دوو هەنگاوی بەرەو ژوورەکە ناو ڕاوەستا دەتگوت ئەویش لەمن باشتر نییە، بانگی کرد: ((مەحبوبە!)) چاوم پڕ بوو لەفرمێسک، هەنگاوێکی تر هاتە پێشێ: ((ئێستا بۆ نایەیتە دەرێ؟)) دەنگی ئارام و خەمناک بوو.

سەرم داخست، دەرگاکەم کردەوەو پاڵمدا بەلای ڕاستی دەرگاکەوە، لابەلا وەستابووم، لای چەپی ڕووخسارم ئەو بەشەی کە ساغ بوو لای حەوشەکەوەبوو، پەنجەکانم دەگوشی هەتا فرمێسکەکانم هەڵنەوەرێ، بە ئەسپایی وتم: ((سەلام)).

بە سەیرێکەوە سەرنجمدا کە دەنگمی بیست وتی: ((سەلام)) و هاتە پێشێ، بەرامبەرم وەستا، لاکەی تری رووخسارم لەژێر قژمدا شاردبووەوەو، رووی لەڕۆژەکە بوو، باوکم هەوڵی دەدا رووخسارم ببینێ، دەیویست دوای ئەو هەموو ساڵە رووخساری کچەکەی ببینێ و، من لەپێشاندانی ڕووخسارم دەترسام، چاوم

حەسەن خان بە ئارامی وتی: ((دەڵێن جاری یەکەمی نەبووە)).

باوکم سەیری کردم: ((ڕاست دەکەن؟ تۆیش هەر مایتەوە؟ قبوڵت کرد؟ ژیانت کرد؟))

((دەمگوت لەوانەیە ببێ ئاغا گیان)).

((باش ببێ؟ ئە گیانەکەم، ئەوە هەر لەبنەڕەتەوە خراپ بەخێوکراوە، ئەم ماوەیە لێی داوی‌و تۆیش هیچت نەگوتووە؟ لێی نەدەگەڕای؟ دەزانی چی لێکردووی؟ بەڕاستی کە چ حەیوانیکە! ئەویش لەگەڵ کچێك کە لەبەر ئەو پشتی هەموو کەس‌و هەموو شتێك کرد، لەگەڵ کچەکەی من، کچێك کە لەگوڵ ناسکتری پێ نەدەگوترا...)) قوڕگی گیرا، بۆ ساتێك فرمێسك لەچاویدا کۆبووەوە، خێرا پشتی تێکردم‌و دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن. دوای ماوەیەك درێژەیدا: ((بێ کەسی گیرهێناوە؟ کارێکی پێ دەکەم کە پەلەوەرەکانی ئاسمان بۆی بگرین، ئاخر تۆ بۆچی مایتەوە؟ بۆچی ئەم ماوەیە هیچت نەگوت؟ مەحبوبە؟ بۆچی؟))

دەنگی ئارام بوو بە پەندەوە قسەی دەکرد، وتم: ((لەبەر کوڕەکەم ئاغا گیان)).

هیچی نەگوت، بەڵام ڕەنگی سپی بوو، لەوەی کە وتبووم پەشیمان بوومەوە، دەستەکانی لەپشت نا، پشتی کووڕبوبو، سەیری زەوی دەکرد، بێدەنگبوو، عیسمەت خانم بە بێدەنگی فرمێسکی هەڵدەڕشت، باوکم وتی: ((دەزانم زۆرت ئازار کێشاوە)).

بە هەنسکدان وتم: ((ئاغا گیان هیچ کەس نازانێ، هیچ کەس)).

ڕاوەستا تا گریانەکەم تەواو ببێ، چەند جارێك دەمی کردەوە قسە بکات، لێوەکانی دەلەرزی‌و نەیدەتوانی، ئەو کات وتی: ((دەی باشە تەواو بوو، ئیتر قسەی لێوە مەکە، ئیتر خەفەت مەخۆ، خۆم دەکەومە دوای هەموو شتێك، ئێستاش هیچ نەبووە، پێڵاوەکانت لەسەر چاو، بەخێر بێی، ئەو زەرەری کرد کە ژنێکی وەك تۆی لەدەستدا، من تێناگەم چۆن گەوهەرێکی وەك تۆی نەناسی؟

ئەوەش لەرۆژڕەشی خۆیەتی، یەکێك لەرۆژڕەشی ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەوەیە ی قەدری ئەو نیعمەتەی خوا پێی داون نایزانن)).

حەسەن خان وتی: ((بەراستی راستییەکەیت وت ئاغا، کەر چۆن نرخی نوقل و نەبات دەزانێ ؟!))

چوونە ژووریێو دانیشتین، هادی چای هێنا، باوکم وتی: ((ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟))

((راستییەکەش هەر ئەوەیە، بەلام بە هەموو ئەوانەوە دیسان باش بیر بکەرەوە)).

((سالێك دوای زەماوەندەکەم خەریکبوو بیرم دەکردەوە، ئاغا گیان)).

باوکم بیری کردەوەو وتی: ((من نازانم، ئاوا تۆ بەرمەوە بۆ مالەوە؟! دایکە هەژارەکەت دیق دەکات)).

حەسەن خان وتی: ((منیش هەر رام وایە)).

باوکم رووی لەحەسەن خان کرد: ((ئیزن دەدەن مەحبوبە چەند رۆژێك لێرە بمێنێتەوە؟ هەر ئەوەندە کە رووخسارە شینەوەبووەکەی باش بێتەوە، دواتر خۆم دێم دەیبەمەوە)).

حەسەن خانو عیسمەت خانم پێکەوە وتیان: ((ئەو قسانە چییە؟ ئێرە مالی خۆیانە، تا هەر کاتێ پێی خۆشبێ با لێرەبێ)).

شەوانە عیسمەت خانم جوانترین جێگاو بانی بۆ رادەخستم، هەرچی پێویست بوو لەشانەو ئاوێنەو خاولی بۆیدەهێنام، هەموو نوێ بوون، تەنانەت رۆژێکی چووە بازاڕو کراسو ژێرکراسێکو جووتێ گۆرەوی بۆ کریم، هەرچی پێم وت پارەی لێ وەرنەگرتم، نەیدەهێشت دەست لەرەشو سپی بدەم، دەیگوت: ((تۆ لاوازبوی کچەکەم، من لەشۆردنی دەوریيەکی زیاد یان ئەوەی کە قاپێ زیاتر ناو لەچێشتەکەم بکەم ماندوو نابم، تۆ لەبیری خۆتدابە)).

شەوانە لەلام دادەنیشتو زۆری لێدەکرم لەناو جێگەکەمدا راکشێم، یەك دوو سەعات پێکەوە دەردی دلمان لای یەکتر دەکردو لەقسەکردن چێژمان وەردەگرت،

Scanned by CamScanner

جاری وا هەموو دوانیوەڕۆیان هەموومان لەگەڵ حەسەن خان لەژووری میوانەکەدا کۆدەبووینەوەو باسی هەموو شتێکمان دەکردو حەسەن خان جارجارە بە ئارامی تاری لێدەدا. لەگەڵ هادی دا سەبارەت بە قوتابخانە قسەمان دەکرد. کوڕێکی زیرەک و عەقڵ پەرست بوو حەزی لەخوێندن دەکرد. باوکم بەرپرسیارێتی خوێندنەکەی لەئەستۆ گرتبوو. بەڵێنی دابوو تا هەرکاتێ بخوێنێ خەرجییەکەی دابین بکات

شەوانە لەگەڵ عیسمەت خانم دادەنیشتین و سفرەی دڵمان دەکردەوە:

«عیسمەت خانم، ئیتر منداڵم نابێ. دەمەوێ دەواو دەرمان بخۆم. نازانم باش دەبێ یان نا»

«بۆچی باش نابێ گیانەکەم. ئینشەڵا باش دەبی. بەڵام ئەوەندە پێوەی ناڕەحەت مەبە. منداڵت بۆ چییە؟ تۆ خۆت هێشتا منداڵی. بەخوا منداڵ هەر ژانە سەرە. هەرکەسێ هەیەتی خوا بۆی بێڵێ. هەر کەسیش نیەتی و خەفەتی بۆ بخوا وەڵا بێ عەقڵە»

«عیسمەت خانم، من لەبێ عەقڵەکانم. خەفەت ناخۆم. ئیتر خەفەتی ڕابردوو ناخۆم. جەرگم سووتا. ئەتک کراوم. وەجاخم کوێرە. تەواویشی لەبەر ئەو پیاوە ناپیاوە بوو» عیسمەت خانم دەنوشتایەوە، سەری ماچ دەکردم و فرمێسکەکانمی دەسڕی»

ئەوەی کە ئەم بەیانییە سەرنجی منی ڕاکێشابوو پاک و خاوێنییەکەی و بێ دەنگی و ڕێکوپێکییەکەی بوو. ئەوەی کە منی شەیدای ئەم ژنە دڵسۆزو براوکوڕەکەی کردبوو. ئارامییەک بوو کە لەماڵی ئەوەندا هەبوو. لەسەرەتاوە ئەوەی کە کەس بەیانی زوو لەحەوشەدا قڵخەقڵخ پێڵاوەکانی لەزەوی ناخشێنێ سەیرم دەهات

ئەوەی کە کەس بەدەنگی بەرز بۆڵەی نایەت و بەقیژەقیژ یەکتر بانگ ناکەن سەرم سوڕدەما. بۆچی لێرە لەم گەڕەکە هەموو شەوێک هات و هاوارنییەو کەس مردووی کەس دەرناهێنێ؟ سەرەتا لەهەموو کەس و هەموو شتێک ڕەشبین بووم،

ڕەشبینیەیەم لەو ماڵە بەخۆڕایگەڕاوە لەگەڵ خۆم هێنابووم، هەموو جوڵەو قسەیەکم لێیان دەدایەوە، هەموو ئیشارەتێکم مانادەکرد، کەعیسمەت خانم زەردەی بۆ کوڕەکەی دەگرت پێم وابوو گاڵتە بە من دەکەن. کە هادی دەرەنگتر سڵاوی لێدەکردم، لەدڵمدا دەمگوت پێی خۆشە خێراتر بچمەوە ئەوەندە سەروڵیان نەگرم، کە حەسەن خان لەبەر چاوی مندا دەستی بەگیرفانیدا دەکردو پارەی بە عیسمەت خانم دەدا کە هادی بنێری شەکرو چاو توتن بێنێ، وا بیرم دەکردەوە کە داوای خەرجیم لێدەکات. بەڵام وردە وردە ئارام بوومەوە، خووم گرت و بۆ ژیانی ئاسایی خۆم گەڕامەوە، دیسانەوە لەگەڵ داب و نەریتی شەرافەتمەندانەی ڕابردووی خۆم ئاشنا بوومەوە، ئەو بیرکردنەوە خراپانە لەمێشکم هاتنەدەرێ

سەرەنجام توانیم بەسەر ئەو بۆ چوونانەدا زاڵبم، لەمانای ژیان تێبگەم، مانای ئەوەی کە کاتێ پیاوی ماڵەوە دەگەڕێتەوە ژنەکەی دەمەونێوارە لەترسان هەڵنەلەرزێ، میهرەبانییەکانی عیسمەت خانمو هێمنییەکانی کوڕەکەی و براکەی نەک تەنیا ڕووخساری شێزو لێوە ئاوساوەکانمیان چاک دەکردەوە، بەڵکو دڵی ماندووشمیان تیمار کرد، ئارام بوومەوە، هەندێک شەو حەسەن خان ئیزنی وەردەگرت و نەرمە نەرمە تاری بۆ لێدەداین، هەرچەند دەمزانی حەزی لەشەرابە، بەڵام هەرگیز لەوماوەیەدا کە من لەوێ بووم ئەمدی لەلای من دەمی لێبدا

ڕۆژی یەک شەممە کە چوارەمین ڕۆژ بوو، باوکم هات و چاوی پێم کەوت، ئاوساوییەکەی لێوم باش بوبوەوەو شینایییەکەی ڕووخساریشم زەرد بوبو، وتی: ((وا خەریکە چاک دەبیتەوە، زۆر باش بووی، خۆم بەیانی هەینی دێم بەدواتدا)).

وتم: ((ئاغا گیان، خانم گیان ئاگادارە؟))

((ئا، بەکەسم نەوتووە، شەوی هەینی خۆم زەینی ئامادە دەکەم)).

عیسمەت خانم لەژوورەکەدا نەبوو، سەرم داخست و بەشەرمەزارییەوە وتم:

((پێی دەڵێی کە من ئەم ماوەیە لێرە بووم؟))

((چار نییە، جگە لەمە دەتوانم چی بڵێم؟))

لەوانەیە ئەمە یەکەمو دوایین جاری بوایە باوکم ناوی عیسمەت خانمو کورەکەیو براکەی لەماڵی ئێمە بەرێ، ئەویش لەبەر من، لەبەر سەرەڕۆییەکانی منو رق ئەستوورییەکانی من، لەبەر هەڵەکەی من.

تا بەیانی ڕۆژی هەینی بۆ دایکم بەداخەوە بووم، ڕۆژی هەینی بەیانی زوو لەخەو راپەڕیم هەتا چەند کاتژمێر هەر تلم دەداو بیرم دەکردەوە. ژیانم وەکو پەردەی سینەما لەبەرچاومدا دەهاتنو دەچوونو سەرئەنجام لەئارەقدا دەخوسامو، کاتێ تاقەتم نەدەما، بەجوڵەیەکی کوتوپڕ لەسەر جێگەکەم دادەنیشتم، سەرم دەخستە ناو هەردوو دەستمو دەمگوت: ئاخ چ هەڵەیەکم کرد.

بەیانی ڕۆژی هەینی باوکم هات، من ئامادەبووم، لەدوورەوە کەژاوەکەی باوکم دەناسی، فیروزخان بەو سمێڵە زلو قژەبژبژیەوە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، دەتگوت گەچی لەقژیداوە، برێك سپی بوبو، بە وردیو تێرامانەوە سەیری دەکردم، کەژاوەکەش وەکو سایەقەکەیو ئەربابەکەی کۆن بوبو، پێم وابێ باوکیشم بیری منی خوێندەوە، بە لەحنێك کە داوای لێبووردن بکات وتی: ((ئەم کەژاوەیەش کۆن بووە، دەبێ وردە وردە لەبیری سەیارەیەکدابم)).

فیروزخان وتی: ((سەلام خانمە چکۆل)).

بەم ڕستەیە منی بردەوە بۆ دنیای شیرینی ڕابردووم، دیسانەوە خەریکبوو بگریمو بە زەحمەت لەحاڵێکدا کەسواردەبووین وتم: ((عەلەیکە سەلام، پیربووی فیروزخان!))

((خانم، ئێمەو ئەسپەکانو کەژاوەکە هەرسێکمان پیر بووین، ئیتر بەکەڵك نایەین)).

ئیشارەی بەقسەکەی باوکمو بڕیاری ئەو بۆ کڕینی سەیارە بوو، باوکم وتی: ((کەژاوەو ئەسپەکان بەڵێ، بەڵام تۆ دەبێ برێك زەحمەت بە خۆت بدەی دەست لەخواردنو خەوتن هەڵبگریو بڕۆی فێری سەیارە لێخوڕین ببی))و پێکەنی.

فرووزخان لەحاڵێکدا کە قامچی لەئەسپەکان دەدا بە پێکەنینەوە لەسەر شانەوە وتی: ((ئیتر بۆ ئێمە نابێ، ئاغا، ئێمە پیربووین تەنیا دەزانین قامچی لەئەسپەکان بدەین)).

((منیش ئەوەندەت قامچی لێدەدەم هەتا فێر دەبی)). هەرسێکمان پێکەنین، هەرسێکمان شاد بووین، هەر یەکەمان بەشێوەی خۆی، هەر یەکەمان بەبۆچوون و ئاواتی خۆی.

ئاخ دیسانەوە هەر ئەو شەقامە، هەر ئەو کۆڵانە، هەر ئەو بازاڕە چکۆلەو....و هەر ئەو دووکانە لەعنەتییەی کە بەختەوەرانە دەرگاکەی تەختەکرابوو، دواتر... دیواری باخی ماڵەکەمان و.... گەیشتین.

دڵم دەکوڵا، حاڵی خۆمم نەدەزانی، باوکم وتبووی کە خوشکەکانم و مێردەکانیان و منداڵەکانیان بۆ نانی نیوەڕۆ بێن بۆ ئەوێ، هەتا چاویان بە من بکەوێ، بەڵام هێشتا نەهاتبوون.

هەتا چوومە ژوورێ دەتگوت فریشتە چووەتە ژوورێ، دایەخانم، دەدەخانم، حاجی عەلی و تەنانەت خزمەتکارێکی نوێ کە دایکم گرتبووی، هەموو بەپێشوازمەوە هاتن، ئەی دایکم کوا؟ مەنوچێهر کوا؟

دایە گیان و دەدەخانم و خزمەتکارە گەنجەکە منیان ماچ کردو منیش سەیری پەنجەرەکانی بیناکەمدەکرد، بەبێ هۆشی وتم: ((حاجی عەلی چۆنی؟))

((ئەی خانم، پیربووین ئیتر، گوێشمان ئیتر بەتەواوەتی نابیستێ، بە تەواوی کەڕ بووە)).

دەتگوت پێشتر کەڕ نەبووە.

باوکم کە سەری قاڵ و شادبوو یان بەرواڵەت وای دەنواند، وتی: ((باشە، باشە، حاجی عەلی چێشتەکەت خەریکە دەستووتێ، بۆنی دێ)).

حاجی عەلی پێکەنی و بە شەلەشەل دوورکەوتەوە، باوکم منی لەچنگی ئەوانیتر هێنایە دەرێ و وتی: ((ئیتر بەسە، خانم گەورە لەکوێیە؟))

دایە گیانم وتی: ((لەژووری میوانە، لەبەیانییەوە هەتا ئێستا لەسەر مۆبلێک چەقیووە، هیچیان نییە لەجێگەکەی خۆیان هەستن)).

بەرەو ژوورەوە کەوتینەڕێ، سەرم بەرزکردەوەو دڵم داخورپا.. لەسەر قادرمەکان منداڵێکی کوڕ خۆی شاردبوەوەو لەوێوە بەدزییەوە سەرەتاتکێی دەکرد، هەر لەئەڵماس نەدەچوو، بەڵام هەڵس‌وکەوتی وەک ئەو وابوو، وتم:

((مەنوچێهر!))

خۆی لاداو دیسانەوە خۆی شاردەوە.

دوو قادرمە سەرکەوتم‌و لەباوەشم گرت، گەرووی گیرابوو، باوکم وتی: ((کوڕەکەم سڵاو لەخوشکت بکە، ئەمە مەحبوبە)).

مەنوچێهر وتی: ((سەلام)).

ماچم دەکردو بۆنم پێوەدەکرد، لەبەردەمیدا هەڵتروشکابووم هەتا بەقەد ئەو بم، لەبوونی ئەودا بەدوای کوڕەکەی خۆمدا دەگەڕام، لەباوەشی مندا سەری بەرزکردەوەو بە باوکمی گوت: ((نیزهەت خوشکی منە، خوجەستە خوشکی منە)).

گوشیم‌و ماچم کرد: ((منیش خوشکی تۆم، بەقوربانت بم، منیش خوشکی تۆم)).

دەرگای ژوورەکەم کردەوە، دایکم لەسەر قەنەفەیەکی مەخمەل دانیشتبوو. لەبەردەرگاکە ڕاوەستام‌و وتم: ((سەلام خانم گیان)).

دەستەکانی درێژکردو ناڵاندی: ((هاتی مەحبوب؟ هاتی؟ دەمگوت دەمرم‌و ناتبینم، وتم نایەیتەوە، نایەی تا جارێکیش بێیتە سەر گۆڕەکەم)).

چاوەکانی سوور سوور بوون، چارشێوەکەم لەسەر داکەوت‌و رامکرد، خۆم خستە باوەشییەوە بۆنی داییکی لێ دەهات، بۆنی ئارامی لێدەهات، بۆنی منداڵییەکانمی لێدەهات، سەرو دەموچاویم ماچکرد، دەستەکانیم ماچ کرد، هەر ئەو دەستانەی کە کاتی خۆی نوقورچکیان لێگرتبووم، بەڵام نەک ئەوەندە توند

Scanned by CamScanner

کە دەبوایە بیگرتایە، سەرم خستە سەر سینگی کە لەخەمی من پڕبوو، ئارام بوومەوە.

مەنوچێهر خەریکبوو گریانی دەهات، هاتە پێشێ، لەوەی کە من لەباوەشی دایکمدا بووم‌و ئەوەندە دایکانە ماچی دەکردم بەخیلی دەهات، دەستی کرد بە گریان‌و بەزەحمەت خزایە باوەشی دایکمەوەو مەودای خستە نێوانمان‌و چووە باوەشی دایکم دانیشت. دایکم فرمێسکەکانی سڕی‌و پێکەنی: ((ئەی بەخیل ئیتر بووی بە پیاو، گەورە بووی، تەریق بەرەوە)).

مەنوچێهر منی نیشانداو وتی: ((خۆ ئەو گەورەترە! ئەی ئەو بۆ تەریق نابێتەوە؟)) قسەی حیسابی وەڵامی نەبوو.

خوشکەکانم هاتن، لەگەڵ مێردەکانیان‌و منداڵەکانیان. باوک‌و دایکم پیرتر بوبون، دایکم ئەو جوانی‌و شادییەی جارانی نەما بوو، نازانم لەتێپەڕبوونی رۆژەکان بوو یان لەخەفەتی شکانی من، هەڵس‌وکەوتی باوکم ئارامترو هێمنانەتر بوبو، مێردەکەی نێزهەت پیرتر بوبو، بەڵام منداڵەکان گەورە بوبون، خوجەستە مێردی هەبوو، خزمەتکارە نوێیەکە شادو زیرەک‌و کەیف ساز بوو، رەنگە منیش لەچاوی ئەواندا سەیرو سەمەرە بووبم، دەتگوت لەجیهانێکی دیکەوە هاتووم، کاتێك کە رووم دەکردە ئەولاوە هەموو سەیریان دەکردم‌و، کاتێکیش رووم تێدەکردن خۆیان لێ گێل دەکرد، هەموو رواڵەتی بەڕێزو رێکوپێکیان هەبوو، شێوەی قسەکردنی ئارام‌و هەڵس‌وکەوتی بەتاڵ لەشەڕ ئەنگێزیان، لەوەی کە بەقیژەقیژ لەگەڵ یەکتری قسەیان نەدەکردو بە قاقا پێ نەدەکەنین هەموو ئەمانەم لا سەیر بوو، رەحیمم لەگەڵ مێردی خوشکەکانم دەهێنایە پێش چاوو هەڵمدەسەنگاندن‌و خۆم لەتەریقیدا سەر تا پێم دەبوو بە ئارەق، جارێك خوجەستە لەم ماڵەدا لێی پرسیم کە چ شتێکی ئەو کوڕەت خۆش ئەوێ؟ منیش لێی زیز بووم، ئێستا خۆم ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکردو هیچ وەڵامێکم نەبوو. نێزهەت سێ منداڵی خڕوپڕو جوانی هەبوو، هەموویان لەیەك دەچوون، دەتگوت پێکەوە دروستکراون، لەسەر یەك منداڵەکانی بوبو، یەکەم منداڵی کوڕ بوو

Scanned by CamScanner

دوانەکەی دیکەشی کچ، هێشتا مێردەکەی نیزهەت بۆ بەژنی خڕوپڕی خێزانەکەی دەمرد، خوجەستەش ببوە چ خانمێك، باڵا بەرزو قەد باریك و هێمن، خۆش قسەو جوان، هەڵس وکەوتی و وتەکانی شیرین و لەبەر دڵان بوو.

کاتێك پیانۆی لێدەدا، ئینسان حەزی دەکرد گوێی لێ رابگرێ، بۆنی خۆشی مرۆڤی سەرمەست دەکرد، کچێکی شەش مانگەی هەبوو کە وەکو بووکە شوشە نەرم و ناسك بوو، خوشکەکانم منیان ماچ کرد، بەخەفەت و دڵسۆزییەوە، من لەچاوی ئەواندا کز ببووم، نەخۆش بووم، دەبوایە بەخۆم راگەیشتمایە، نابێ خەفەت بخۆم، ئیتر هەموو شتێك کۆتایی پێ هاتبوو، رزگارم ببوو، من منداڵەکانی ئەوانم ماچ دەکردو تەریق دەبوونەوەو سەریان دەبردەوە بۆ دواوە، مێردەکەی خوجەستە بەراستی ئاغا بوو، کاتێ قسەی لەگەڵ دەکردم ئارامشی پێدەدام، بەرێزو ماقووڵ، بە میهرەبانییەوە لەلام دانیشت و بەدڵسۆزییەوە دەستی گرتم و قسەی حەکیمانەو سوکنادەری بۆ دەکردم کە تۆزێکی مابوو فرمێسکەکانم بێنە خوارەوە.

بەرەبەرە بنەماڵەکەم لەگەڵ من ئاشنا دەبوونەوە، وردە وردە دیسانەوە لەناو بنەماڵەکەمدا جێگەی خۆم دەکردەوە: نیزهەت منی کێشایە سووچێك و وتی: ((مەحبوب، دەبێ چەند دەستێك جلی جوان بکڕی)).

باوکم لەتەواوی ئەو ماوەیەدا قسەیەکی لەژیانی ژن و مێردایەتی من نەکرد، بەیانی رۆژی دواتر، دوای نانی بەیانی، باوکم دایە گیانمی بانگ کرد: ((دایە خانم، دەڕۆن بۆ لای ئەو قورمساخەو پێی دەڵێی دووشەممە دوانیوەڕۆکەی سەعاتێکی بمێنێ بۆ ئێوارە، لێرەبێ)). هەمووومان دەمانزانی قورمساخ کێیە.

سەعاتێکی بۆ رۆژئاوا مابوو دیسان دڵم کەوتە کوتەکوت، نیگەران بووم، ئەم جارە نەك لەبەر عەشق بەڵکو لەبەر نەفرەت و ترس، دیسانەوە هەناسەم لەگەرووم نەدەهاتە دەرێ، خوایا چەندە ئەم جەستەیەی من بلەرزێ؟ هەتا کەی ئەم دڵەی من تەنگبێ؟ هەتا کەی ئەم گەرووە وشك بێ؟ هەتا کەی؟ چەندە؟ ئەوەندە

سستو لاواز بووم، ئەوەندە لەرزۆکو ناو بەتاڵبووم کە هەستم دەکرد ئەگەر بایەکی توند هەڵکا لەگەڵ خۆی دەمبا.

دەمەو ئێوارە باوکم لەژووری میوانەکەدا دانیشتبو، بە منی نەگوت کە بچم بۆ لای، باشیش نەبوو، چوومە پشت دەرگاکەوە راوەستام، هەر وەکو ئەو رۆژەی کە هاتبووە خوازبێنیم، فیروز بە ئەمری باوکم لەسەر قادرمەی ژوورەکە دانیشت، حاجی عەلیش لەلای حەوزەکە وەستابوو دەستەکانی بە حورمەتەوە لەسەر یەک دانابوو، دەدەخانم هەر هاتوچۆی دەکرد، دەنگی دایە خانم بەرزبووەوە: ((فەرموو، لێرەوە)).

ئەیدەگوت بفەرموون چونکە بفەرموون هی مرۆڤە رێزدارەکانە، مرۆڤی خوێندەوار، هی زاوا بەڕێزەکان، بەڵام گوتنی وەرەش سووک بوو، ناشرین بوو، چونکە هەرچۆنێك بوایە ئەو هێشتا مێردی من بوو.

دەنگی قاچیم بیست کە لەقادرمەکان سەرکەوتو وتی: ((یالاّ))و، چووە ژووردوە.

یەکسەر لەشێوەی پێڵاو داکەندنەکەی، لەهەموو هەڵسوکەوتێکی بێزم دەهاتەوە، نەك لەو، لەخۆم کە ئەوەم ویستبوو، ئێستا بە چاوێك دەمدی کە دەبوایە شەش حەوت ساڵ لەمەوپێش وا بم دیایە، هەر ئەو رۆژەی کە هات داوای کردم، ئەو رۆژەی کە خوجەستە وتی ئەمەت دەوێ؟! پیاوێکی ئاسایی نەخوێندەوار، بەرەڵا، هیچ نەزان، خوێڕیی کە ئەم جارە چاکەتو پانتۆڵی لەبەردا بوو، دیسانەوە ملیوانە چڵکنەکەی کرابووەوە، نەك ئەوەی شەیدا بێ بەڵکو لەبەر گوێ نەدان و شپرزەیی بوو، چاکەتو پانتۆڵەکەی چڵکنو پەڵەپەڵە بوو، سەروگیانی شپرز، قژی شپرزو ئاڵۆزکاو، دەتگوت ماوەیەکی زۆرە داینەهێناوە، ریشی هاتبووەوە، لێوەکانی وشك هەڵاتوو و قڵیشاو، رووخساری خەمۆكو مۆن، تەنانەت بوونیشی لەم ماڵەدا نەدەگونجا چ بگات بەوەی کە زاوای ئەم پیاوە پیرو بەڕێزە بێ کە بەو جۆرە ئارامو هێمن دانیشتبوو سەیری سەرتاپێی دەکرد، ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرا کە برێنکیش سەرخۆش بێ، دواتر بە ئارامی سەری

Scanned by CamScanner

هەڵبڕیو سەیری دارو دیواریکرد ـ بەسەیرنکەوەو بەدەمی نیوە کراوەوە سەیری دەکرد– دەتگوت یەکەم جارە چاوی پێی بکەوێ، وەکو ئەوەی کە بڕوای نەدەکرد کە کچی ئەو ماڵە هاوسەری ئەو بێ، دەتگوت خەون دەبینێ.

باوکم ئارامو هێمنانە وتی: ((دانیشە)).

ویستی چوار مشقی لەسەر زەویەکە دانیشێ، باوکم بەدەستی دوورترین قەنەفەی شوێنی ژوورەکەی نیشاندا وتی: ((لێرە نا، لەسەر ئەوە دانیشە)).

مێژوو دووبارە بوەوە، هەردووکیان هەر ئەو هەڵسوکەوتەیان هەبوو کە لەڕۆژی خوازبێنییەکەدا لەگەڵ یەکدا هەیان بوو، ئەویش بە قسەی کردو دانیشت، بێدەنگییەك زاڵبوو، باوکم دواترو وتی: ((دەستت خۆشبێ)).

ئەو سەری داخستبوو لەحاڵێکدا خۆی بەکڵاوەکەیەوە خەریك کردبوو وتی: ((وەڵا خۆ ئێمە کارێکمان نەکردووە)).

باوکم هەر بەو ئارامییەوە وتی: ((ئەی دەتویست چی بکەی؟ کچەکەم بۆ تۆ ژنێکی خراپ بوو؟ بێ ڕێزیی لەگەڵ نواندبووی؟ چ گلەیی و سکاڵایەکت لێی هەبوو؟)) من لەو ڕواڵەتە ئارامەی باوکمدا توڕەییەکم دەدی، ئارامی دوای باهۆزم دەدی، وەکو گڕکانێك ئامادەی ئاگرو سووتان بوو، بەڵام ڕەحیم ساویلکەو بێ عەقڵ بوو، هێزی تێگەیشتنی نەبوو، پێگەکەی خۆی نەدەزانی، خاو بوو لەدیتنی ئارامی باوکمو دانەشۆرینی جۆری پرسیارەکەی بوو بە شێر. قەرزاربارێشی کردینو کوتوپڕ حاڵەتی گۆڕاو وتی: ((دەستی کچەکەی تۆ خۆشبێ! نازانی چی بەسەر دایکم هێناوە!)).

باوکم هەر بەو ئارامییە پرسی: ((بۆ وێنە چی کردووە؟)).

((چی کردووە؟ چی نەکردووە؟ تەواوی ژیانمی ئاگر تێبەرداوە، لەدایکمی داوە، ئەو پیرەژنە هەژارە لەترسانا خەریك بوو دەمرد)).

باوکم قسەکەی پێ بڕی: ((ژیانتی ئاگر تێبەرداوە؟ کام ژیانت؟ چی سوتاندووە؟ بڵێ با من پارەکەیت بدەمەوە)).

Scanned by CamScanner

ڕەحیم ترێک مەچەمەنچی کردو دوایی وتی: ((دەی، هەڵبەت جیاوازییەکەی خۆی بووە، فەرشەکان، جێگەوبانەکان و ))

باوکم وتی: ((دەی باشە ئەمە لەوانە، با قسە لەبارەی دایکتەوە بکەین، ماڵکی چەند جار لەدایکی داوە؟))

ڕەحیم وتی: ((تەنیا ئەو ڕۆژەی کە تۆراو لەماڵ هاتەدەر)).

باوکم پرسی: ((هەر تەنیا ئەو ڕۆژە؟ هەرگیز ئەمە نابێ، من دەبێ بەتوندی تەمێی بکەم، چونکە ئەگەر من لەجێگەی ئەو بوومایەو شەش حەوت ساڵ لەدەستی ئەو ژنە ئازارم بکێشایەو خوێنی جگەرم بخواردایە، هەفتەی حەوت ڕۆژ لێم دەدا، کچەکەم بۆ ئەو بێ عەقڵییەی کردوویەتی دەبێ تەمێ بکرێ، ئەمەی وت و بەرقەوە بزەیەکی کرد)).

ڕەحیم سەری هەڵبڕی و بەسەیرێکەوە سەیری کرد، تازە تێدەگەیشت کە باوکم گاڵتەی پێکردووە، ڕووخساری ئەوم لەدرزی دەرگاکەوە دەدی، ژێر چاوەکانی ئاوسابوو، بەدڵنیاییەوە ئەم دە پانزە ڕۆژە هەر مەشرووبی خواردبووەوە، تەواوی ئەم ماوەیەی لەسەرخۆشی و بێ ئاگاییدا بەسەر بردبوو، ئەویش بەشێوەی خۆی ئازاری کێشابوو، بەڵام ئیتر بەزەییم پێیدا نەدەهاتەوە، تۆزێک هەستی دڵسۆزیم نەبوو، لەو ئازارەی کە دەیکێشا چێژم وەردەگرت.

باوکم بە تووڕەییەوە وتی: ((خوێڕی، تۆ پێت عەیب نەبوو کە کچەکەی منت ئاوا لەژێر مستەکۆڵەو پێلاقەدا وردکرووە؟ هێشتا لەبەر دایکیشت سکاڵا دەکەی؟ ئاخر پیاوێکی دروست و حسابی، پیاوێکی بە ئابڕوو کە تۆزێک شەرەف و غیرەتی ببێ لەژنەکەی خۆی، لەناموسی خۆی دەدا، ژنێکی بێ بەرگری کە لەهەموو شتێکی چاوپۆشی کردووە و کەوتووەتە دوای مرۆڤێکی وەکو تۆ خوێڕی و بەرەڵا؟ بەوە دەڵێن پیاوەتی؟ تۆ پێت عەیب نەبوو ئاڵتوونەکانی ژنەکەت هەڵدەگرت و پارەکانیت وەردەگرت و هەموو شتێکیت هەڵدەگرت و دەتبرد بۆ ئارەق خواردن یان لەناو گەڕەکی قەرەچییەکان دەتکردە خەرجی ژنی لەخۆت خراپتر؟))

بەمەندە دەرگای زۆرەکەوە وشک بووم، چاوەکانم لەسەیردا دەرپەڕین، چاوەکانم بە ڕەحیمەوە هەروا بەسەیرەوە وتی: ((من؟ من؟ کێ وتوویەتی من حەوت مۆ یەکەمکی قەرەجییەکان؟ مەحبوبە درۆ دەکات)).

بەمەت لێکەو ئەوی کچەکەی من بەبێ دەستنوێژ مەبە، ئەو درۆ دەکات؟!

بەو ڕەحیمەو ئەگەر ڕابیبە من وتبووم بەدوات بکەون، من ئەم شەشە حەوت سەیە هەر ئەگەر لێت بوو، بزانم کەی پێت عەیب دەبێ، کەی کچەکەم بەوە دەگات سەیە هەر، کەی لەبەرەقخواردنەوەو نیشە ناشرینەکانت ماندوو دەبێ. تۆی هەر قەدری ئەم ژنەت نەزانی، قەدری ئەو پەرییەی کە خوا خستییە داوێنت بەڕێوە هیچ کەس لەگەڵ مێردێکی وەک تۆ خوێڕی ئەوەندە هەڵناکا کە ئەو دەیکرد.

ڕەحیم وتی: ((ئیتر چۆن قەدری بزانم؟ بیخەمە سەرسەرم و حەلواحەلوای پێ بکەم؟))

ورتە ورتە خەریک بووبێ چاوو ڕوودەبوو باوکیشم بەخێرایی و بە وریایی تێگەیشت و وتی: ((وەکو مرۆڤ قسە بکە، ئەم قسانە ئیتر زیادەن، دەبێ خێرا کچەکەم تەلاق بدەی. سێ تەلاقە، بێ ئەوەی کە بێیتەوە، تێگەیشتی؟))

ڕەنگی ڕەحیم هەڵبزرکا، من باشم دەناسی، کاتێ بەرژەوەندییەکانی دەکەوتە مەترسییەوە. کاتێک توڕە دەبوو، کاتێ دەترسا، تەواوی دژکردەوەکانیم بەباشی دەناسی.

((بۆچی تەلاقی بدەم؟ ژنمە. خۆشم دەوێ، تەلاقی نادەم)).

((خۆشتدەوێ؟! خۆشت دەوێ کە لەژێر مستەکۆڵەو شەقدا ڕەش و شینت کردۆتەوە؟ ئەگەر بمردایە چیت دەکرد؟ ها؟ بەڵایەکی وات بەسەربێنم کە فێرببی پیاوێک دەبێ چۆن لەگەڵ ژنەکەی هەڵسوکەوت بکات؟! نەک بۆئەوەی بیربکەیتەوە کە کچەکەی من دەگەڕێتەوە..نا. بەڵکو بۆئەوەی ببی بەبنیادەم، بۆئەوەی کە لەگەڵ چارەڕەشێکی تر کە کەوتە داوتەوەو هاتە ناو ئەو جەهەنەمەوە، بزانی چۆن هەڵسوکەوت بکەی)).

Scanned by CamScanner

بەفیرەوتییەوە وتی ((دەی هەموو ژن و مێردێک شەڕدەکەن، لەیەک دەتۆرێن، بیوە لەجیاتی ئەوەی ئامۆژگاری بکەن کە بگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵەکەی، ئاگرەکە توندتر دەکەنەوە. مەحبوبە منی دەوێ، من دەزانم، منیش ئەوم دەوێ و تەڵاقی نادەم)).

باوکم بانگی کردم: ((مەحبوبە وەرە ژووری بزانم)).

سەربەرز، لەجلی نوێدا کە لەگەڵ دایە گیان چووبووین کڕیبومان و بەقژی ڕازاوەوە. پێڵاوی جوان، بۆن لەخۆدراو، ئارایشتکراو، مەغروور و بێ سەرنج و بێ پۆشش چوومە ژووری. بەتایبەت دەمویست لەو ڕۆژەدا جوان و بێ عەیب بم.

دەمویست جارێکی ترو بۆ دوایین جار من بەچاوێکی گەورەتر لەخۆی سەیر بکات. ئەوەندەی پێی سەیر بوو کە دەمی کردەوە، ماوەیەک هەر سەیری دەکردم.

بەئارامی لەجێگەکەی هەستاو وتی: ((سەلام)).

وەڵامم نەدایەوە، وەک خانمێک وابووم کە لەگەڵ خزمەتکارەکەی بەرەو ڕوو دەبێتەوە، تەنیا هەستێک کە سەبارەت بەو هەبووم، هەستی خۆ بەزلزانی و تۆڵەسەندنەوە بوو، لەوەی کە ئەو ڕۆژگارێک دەستی لەجەستەم کەوتووە نەفرەتم هەبوو، لەو، لەخۆم، لەجەستەی خۆم زۆرتر لەهەمووی نەفرەتم هەبوو، هەرچی خۆم دەشۆردو جلەکۆنەکانم فڕێ دەداو جلی نوێم لەبەردەکرد، دیسانەوە ڕازی نەدەبووم، وتی: ((مەحبوب!))

((ژەهری مار)).

لەخۆیەوە فێر بوبوم، ڕۆژگارێک بوو کە من لەماڵی ئەوو لەچنگی ئەو گرفتار بووم، وەکو کۆترێکی باڵشکاو دیلی ئەوو دایکی بووم، جنێوم پێدەدرا چونکە بێ پەنا بووم و بەتاقی تەنیا بووم، هیچم نەدەگوت، ئێستا جێگەی ئەم دوو کەسە گۆڕابوو.

هەژارو داماو سەیرێکی من و باوکمی کردو لەسەر مۆبلەکە پاڵی دایەوە: ((ئاغا گیانت دەیەوێ تەڵاقت وەربگرێ)).

((ئاغا گیانم نایەوێ، من خۆم دەمەوێ)).

((بۆچی؟))

((هەراسنی که مرۆڤێکی قێزەونی! هێشتا نازانی بۆچی؟))

((خۆ تۆ منت خۆش دەویست؟))

((رۆژێك خۆشم دەویستی، بەلام ئێستا خۆشم ناوێی، منداڵبووم، عەقلم پێ نەدەشکا، ئەگەر عەقلم پێ بشکایە خوێڕییەکی وەکو تۆم هەڵنەدەبژارد))

کوتوپڕ بە جۆرێکی قورس و قایم وتی: ((کەوایە منیش تەلاقت نادەم، ئەوەندە دانیشە تا پرچەکانت وەکو ددانت سپی دەبن)).

قاچم لەرزی، لەسەر کورسییەك لەپاڵ باوکمەوە دانیشتم و سەیرمکرد، هەر لەوە دەترسام، دەمزانی وا دەڵێ، بە شەڕ کەڵك لەو قسەیە وەردەگرێ، باش دەناسی، لەجێگەکەی هەستاو پێکەنی، پێکەنینێکی قێزەون، باوکم وتی: ((دەمت داخەو دانیشە)).

ئەو دەنگی هەڵبڕی، ئێستا کە بەرگی براوەی بەدەستەوە بوو، دیسانەوە یاخی بوو، دیسانەوە بێ چاوو ڕوویی دەکرد، دەیویست قیڕەقیڕ بکات، بەبێ حەیایی و ئابڕوو بردن لەلای کارەکەرو نۆکەردا باوکم بشکێنێتەوە، هاواریکرد: ((ئیتر قسەیەکمان نییە بیکەین، ئێوە قسەی زۆر دەکەن، من ژنەکەم تەلاق نادەم، خۆشم دەوێ و تەلاقی نادەم، ئەی خەڵکینە بگەنە فریام، مەگەر ئینسافتان نییە؟ ئەم پیاوە دەیەوێ بەزۆر ژن و مێردێك لەیەك جیا بکاتەوە، نازەو نینۆك لەیەك بکات)).

گڕکانەکە تەقییەوە، دەریا شەپۆلیدا، تورەیی باوکم تەقییەوەو نەعرەتەی لێدا: ((سەگی سەگباب دەنگت بەرز مەکەرەوە، لەنەعرەتەکەت دەمترسێنی، بێ شەرەف؟ لەگەڵ کچەکەشم هەروا هەڵس وکەوتت کردووە؟ نازانی دوو قسەی دروست و حسابی بکەی؟ چیتە؟ لێرەش بێ چاووڕوویی دەکەی؟ وا بیر دەکەیتەوە کە لەترسی ئابڕوو لەگەڵ تۆی بێ شەرەف هەڵدەکا؟ تف لەقەبری باوکی سەگ بابت، هەتا لەگەڵ تۆ بە ئینسانیتەوە هەڵس و کەوت بکرێ و ماقوڵانە لەگەڵت بجوڵێتەوە، بێ چاووڕووتر دەبی، وا بیر دەکەیتەوە کە ئێمە

نازانین دەنگمان هەڵبڕین؟ بیبادەمت لەخوت ئەم دڕاوتر نەدیوە، وا بیرنەکەیتەوە من لەنابرووم دەترسم! من ئەگەر نابرووم بوایە کچەکەم بەدەستی تۆی نامەردی زۆڵ نەدەدا، لەتۆ بێ شەرەفترم ئەگەر تەلاقی کچەکەم وەرنەگرم....)).

من هەروا دانیشتبووم، وەکو پەیکەر، خزمەتکارەکان پێیان سەیر بوو چاوەڕوان بوون کە لایەنگری لەئەربابەکەیان بکەن، دایە گیان و دەدە خانم لەناو حەوشەدا خۆیان دەڕنی، دایکم چارشێوێکی رەشی بەسەرەوەبو هاتە ژوورێ و بەناڕەزاییەوە وتی: ((ئاغا!! ئاغا!!))

باوکم بۆ یەکەمجار لەژیانیدا تەشەری لێدا: ((بڕۆنە دەرێ و دەرگاکە پێوەدەن خانم)). دایکم رۆیشت و دەرگاکەی داخست.

باوکم بە ئارامی وتی: ((جوان گوێ شلکە بزانە دەڵێم چی، وا باشە کە تەلاقنامەکە مۆربکەی، بە قازانجی خۆتە، ئەگەر کردت، کردت، ئەگەر نەتکرد، یەک....)).

بە پەنجەکانی دەستی دانەدانە دەیبژارد.

((یەکەم ئەوەی کە تا نەفەقەی کچەکەم مانگ بە مانگ و لەبەرچاوی من و کچەکەم نەدەی و کاغەز وەرنەگری، کچەکەم نایەتەوە بۆ ماڵی تۆ، نەفەقەکەش دەبێ بە مەیلی ژنەکەبێ، خواو پێغەمبەر وتویانەو یاساش وا دەڵێ، کچەکەی من دەبێ کارەکەری ببێ، فەرش و جێگاوبان و کەرەسەی ژیانی ببێ، دەبێ لانی کەم ساڵی دوو جار پارەی جل و پێڵاوو چارشێوەکەی بدەی، پارەی گەرماوو دەواو دەرمان و خەرجی ماڵەوەی بدەی، ئەمە لەوانە، دووهەم دەبێ جەنابتان ئاگادار بکەم کە کچەکەم دووکان و ماڵەکەی بە ناوی منەوەیە، هەر بۆیە دەبێ ماڵیشی بۆ بگری...)).

ڕەحیم قسەکەی پێ بڕی: ((لەکوێی بێنم؟))

((ئاها. باسەکە لێرەوە دەست پێدەکات، ئیتر ئەوە شتێك نییە، بابەتی سەرەکی ماوە، دەبێ مارەییەکەی بە تەواوەتی بدەی، دەزانی کە پارەیەکی کەمیش نییە، دەزانی کە مارەیی وەکو قەرز وایەو دەبێ بیدەی، واتە ژن هەر

Scanned by CamScanner

کات بەوی دەتوانێ مارەییەکەی وەربگرێ، ئێستا چ پێش تەڵاق و چ دوای تەڵاق، حاڵی بووی؟))

ڕەحیم بەری دەستی درێژکرد: ((خۆ بەری دەست موی لێ نییە هەڵی کەنن!))

دەستی لەبەرچاوم ناشرین و زل بوو، ئایا من پێشتر کوێر بووم؟

باوکم وتی: ((بەڵام من هەڵی دەکەنم، دەڵێم ئەوەندە بەدار لەوبەری دەستەت بدەن هەتا موی لێ دەربێت، کچەکەم مارەییەکەی بە من بەخشیوە، یان مارەییەکەی دەدەی یان دەتخەمە سجنەوە هەتا ئەوەندە بمێنیتەوە تاوەکو قژەکانی جەنابیشت وەک ددانەکانت سپی بێن)).

ڕەحیم بێدەنگ بوو، پێشتر وەک بولبول قسەی دەکرد، باوکم درێژەیدا: ((بەڵام ئەگەر تەڵاقی بدەی سەرەتا مارەییەکەی دەبەخشم، دواتریش دووکانەکە دەکەم بە ناوی خۆتەوە)).

((ئەی ماڵەکە چی؟))

((تەماعت لەماڵەکە کردووە، بەڕاستی پڕ ڕوو قێزەونی، خوێڕی سەگباب!))

((من ماڵەکەم دەوێ، خۆ ناتوانم لەبیابان بژیم)).

باوکم وتی: ((بەکورتی باش بیربکەرەوە، تەنیا دووکانەکە، ئەگەریش قبووڵت نەکرد، دەنێرم بەدوای مامە پۆلیس و برا خوێڕییەکانی مەعسوومە خانم بێن، تەواوی شتەکەیان بۆ باس دەکەم، دووکان و مارەیی کچەکەیشم دەکەم بە ناوی مەعسوومە خانم، کچەکەیشم لەهەر مەحکەمەیەک پێویست بێ، شایەتی دەدا کە تۆ ئەو کچەت فریوداوە هەتا ناچاربێ بیهێنێ و جڵەوت بکەوێتە دەست برا خوێڕییەکانی، ئێستا ئیتر خۆت دەزانی)).

ئاخ کە چەندم پێخۆش بوو، دەمویست باوەش بە ئاغا گیاندا بکەم و دوو ماچی توندی بکەم، ڕاستیان وتووە کە دەبێ کار بەدەستی کارزان بسپێری.

ڕەحیم عاجز ببوو، هەژارو کەم توانا، چەقۆت لێبدایە خوێنی لێ نەدەهات، پرسی: ((دەبێ کەی تەڵاقی بدەم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟))

هەر سەعەتێ ناقی نەبانی، دێنێتە بەرماڵو لەگەڵ فیروزخان دەچێتە مەحزەر، من تەواوی کارەکانم کردووە، مۆری دەکەی، تێگەیشتی؟ سێ تەڵاقە. دوای که مۆرت کردو تەواو بوو، من ڕۆژی دواتر مارەیی‌و دووکانەکەت پێ دەبەخشمو هەر لەو مەحزەرەدا دووکانەکە دەکەم بەناوتەوە)).

چۆن بزانم دواتر پەشیمان نابیتەوە؟))

بەوەدا کە من وەکو تۆ خیانەتم بە دایکی خۆیشم نەکردووە)).

لەحاڵێ جوابی باوکم، لەقسەزانی‌و بە ئەزموونی ئەو کەیفم دەکرد، ڕەحیم پرسی: ((پارەی مەحزەرەکە کێ دەیدا!؟))

باوکم وتی: ((من))و، لەجێگەکەی هەستا تا لەژوورەکە بچێتە دەرێ.

مانای ئەو جوڵەیە ئەوەبوو کە ڕەحیمیش دەبێ بڕوا، منیش گەڕامەوە تا لەژوورەکە بچمە دەرێ، ڕەحیم وتی: ((مەحبوب!))

باوکم بەتوندی گەڕایەوەو بە توڕەیی پرسی: ((چ کارێکت پێیەتی؟))

لەوەی کە باوکم ئاوا قایم پشتیوانی لێکردم سەرتاپام نوقمی خۆشی‌و سەربەرزی بوو.

وتی: ((ئیزن بدەن دوو خولەك بەتەنیا قسەی لەگەڵ بکەم، ناهێڵن ماڵئاوایی لێبکەم؟))

باوکم دوو دڵ بوو، سەیرێکی منی کرد، دەترسا دیسانەوە فریوبخۆم، ئەویش دەیزانی کە ڕەحیم دیسانەوە دەیویست فریوم بدات، دیسانەوە بێتەوە ناودڵم، دەترسا دیسانەوە جادووم بکات، ئەم دووپیاوە هەم ڕەحیمو هەم باوکیشم پێیان وابوو کە من هێشتا دڵم ئەو ناسکییەی جارانی هەیە، هێشتا هەر ئەو کچە گوێ‌و چاوبەستراوو ساویلکەیەی جارانم کە بە نیگایەك دەکەومە داوەوە، بەڕاستی پیاوان چەندە ساویلکەن، وەکو منداڵ وان، چووم بۆ لای ڕەحیمو لەبەرامبەری وەستامو بە لەحنێکی ساردو توندو قایم وەك ئەوەی کە بێگانەیەك لەگەڵ بێگانەیەکی تر قسە بکات وتم: ((بڵێ بزانم کارت چییە؟))

باوكم لەحاڵێکدا کە لەژوورەکەوە دەچووە دەرێ وتی: ((من هەر لەو نزیکانەدام))

رووی قسەکەی زۆرتر لەرەحیم بوو هەتا من، نەك بیەوێ نازارمبدا، نەکا دیسانەوە دەستم لێ بەرزبکاتەوە، چووە دەرەوەو دەرگاکەی پێوەدا، رەحیم سەری بەرزکردەوەو سەیری کردم، بزەیەکی خەمناك لەسەر لێوەکانی نیشت، قژەکانی بەناوچاوانیدا هاتبوونە خوارێ، دەمارە رەشەکانی ملی دەرپەڕیبووە دەرێ، تەواوی هەوڵی خۆی بەکارهێنا هەتا نیگایەکی عاشق کوژ بخاتە ناوچەوانمەوە.

((چەندەی جوان بووی مەحبوب)).

بەساردی وتم: ((ئیتر کات بۆ ئەم قسانە نەماوە)).

بەهەژاریی چاوی لەهەردوولای کردو وتی: ((رۆیشتی؟ بێ ماڵئاوایی!))

وتم: ((خۆ تۆ شەوی پێشتری بە باشی ماڵئاواییت لێکردم!)). بەتەشەرەوە زیادم کرد: ((بەراست، دایکت چۆنە؟))

((ناردم بۆ ماڵی کوڕە پوورەکەم)).

((بەڕاست؟ شەش ساڵ درەنگتر بیرت کردەوە)).

((مەحبوب وەرە پەشیمان بەرەوە، بگەڕێوە سەر ماڵ و ژیانەکەت)).

وتم: ((نا، ئیتر کڵاو ناچێتە سەرم، ئیتر پشتی گوێت دەبینی من نابینی)).

((ئیتر خۆشت ناوێم مەحبوب؟))

بێدەنگ بووم، بیرم لەپرسیارەکەی کردەوە، لەدڵمدا بۆی دەگەڕام و سەرەنجام وەڵامەکەم دۆزیەوە: ((نا، خۆت نەتهێشت، دەروونت، دەرەوەتی شاردەوە)).

هەروا لەبەرامبەری ڕاوەستابووم، ساردو تووڕە ئەو بە پاڕانەوەوە سەری بەرزکردەوەو سەیری دەکردم: ((دەزانم خراپەم لەگەڵ کردووی، بەردەوام بێدەنگەت لێکردووە، کارێکت کردبوو کە من وا بیرم دەکردەوە کە ئەوەندە ئەویندارمی و ئەوەندە خۆشت دەوێم کە دڵت نایە جێم بێڵی، ئێستا دەزانم کە هەڵەم کردووە، تەوبە دەکەم مەحبوبە گیان، تەوبە دەکەم)).

بەوەیکو گاڵتە نامێزم کرد، لەوەی کە هەستی خۆبەزلزانیو سەرکەوتوویم هەموو حەزە دەکرد

((ها تۆبەی گورگ مەرگە، هەر کە گەڕامەوە، دیسانەوە بە دەردی بارکم دەڵێ دووکانەکەت دەبێتە شوێنی ژنی خراپتر لەخۆت)).

((بەڵێن دەدەم، هەڵەمکرد، بێنە دەستت ماچ کەم، تۆ خۆت وات لەمن کرد، بەخۆم دەگوت تۆ ئەماڵت هەبوو ئەدووکان ژنێکی وەکو مەحبوبە عاشقی تۆ بوو، کەوتە دوام، لەدەرگای دووکانەکەم پێی لەولاتر نەنا، کەوایە ئێستا ک... ئێستاکە...))

((ئێستا کە چی؟ ئێستاکە گلۆڵەت کەوتۆتە لێژی؟))

((تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە بیکەرەوە، بیرم دەکردەوە کە کەسی وەکو تۆم دەست دەکەوێ، لەتۆ باشتر دەبێتە نسیبم، زۆر هەژار بووی، پێم وابوو منداڵی، هیچ نازانی، خەریکم ڕاستییەکەی دەڵێم، خەتای خۆت بوو، خۆت منت وا لێکرد، دەی منیش گەنج بووم، خۆ سەد ساڵە نەبووم، بە خوا تۆش تاوانباری، ئێستا بێڵە دەستت ماچ بکەم)).

وتم: ((ڕاست دەڵێی، من تاوانبارم، زۆریش تاوانبارم، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە قسەکانمان تەواوبکەین، شەش حەوت ساڵ بوو دەمویست ئەو کارەت لەگەڵ بکەم)).

دەستی ڕاستم بەرزکردەوەو بەو پەڕی هێزەوە، وەکو هەورە تریشقە دام بە سەرو رووخساریدا، زەربەکەی ئەوەندە توند بوو کە سەری بە لای ڕاستداکەوت، قژە پەرێشانەکانی کەوتنە ئەولایو هاتنە سەر ناوچاوانی، بەری دەستی خۆم لەزبری ریشیو لەتوندی زەربەکەی کەوتە ژان، داخ بوو کەوتە کزە کز، بۆ ساتێک هەر بەو حاڵەتەوە بوو، دواتر سەری خۆی دانەواند، دەستی ڕاستمی گرتو بە ئارامی ماچی کرد، پشتی دەستم داخ بوو، ئایا فرمێسکەکانی بوو کەوتە سەر دەستم؟ بە تووڕەییەوە دەستم بردە دواوە، فرمێسک نەبوو خوێنی لووتی بەربوو کەوتە سەر دەستم، بە ئەفرەتو کینەوە پشتی دەستمم بە سوچی کراسەکە

خاوێن کردەوە سەری بەرزکردەوەو وتی: ((خوێنی منت ڕشت مەحبوب گیان، ئێستا ڕەحەت بووی دڵت فێنک بوەوە؟))

دڵم فێنک بوەبوە بەڵام وەکو پێویستا نا، ئێستا جێگەی پێنج پەنجەکەم لەسەر ڕووخسارێک دەرچوو بوو کە ئەگەر ڕۆژگارێک تەپوتۆز لەسەری بنیشتایە، نەرمنە خەفەتم دەخوارد دەمردم، ئێستا سەیری ئەو دەمارەو ئەو گەردنەم دەکرد کە ڕۆژگارێک ئاواتم بوو تەواوی بوونی خۆم بدەم بە مەرجێک کە تاقە جارێک ماچی بکەمو بمرم، لەمەرگ ناترسم؟ بەڵام ئێستا؟...

دەمم کردەوەو وتم: ((نا، ڕەحەت نەبووم، ئەگەر بمتوانیایە ئەم دەماری بێ غیرەتییەش هەڵدڕم ئەوکاتە ڕەحەت دەبووم، کاتێک دڵم فێنک دەبێتەوە کە ئەم خوێنە لەدەماری ملت بڕژێ)).

دیسانەوە مەچکی دەستمی توند گرتو پاڕایەوە: ((من ئەم پڵنگەم خۆش دەوێ مەحبوبە، ئەم پڵنگە، نەک ئەو مەڕە بێ دەستو قاچەی کە لەماڵدا هەبووم، تەڵاق مەستێنە مەحبوبە گیان، تەڵاق مەستێنە، من دەمرم)).

بە پێکەنینێکی پڕاوپڕ لەتوڕەییو سەرکەوتنەوە وتم: ((کەوایە من لەچاوی تۆدا مەڕێکی بێ دەستو قاچ بووم؟ ئەگەر ژنێک بسازێ مەڕی بێ دەستو قاچە؟))دەستم لەدەستی هێنایە دەرێو درێژەمدا: ((بەرم دە، بڕۆ گومبە)).

بەناڵەوە لەپشت سەرمەوە وتی: ((مەحبوبە گیان، چۆن دڵت دێ؟))و، کاتێک دەرگاکەم لەپشت سەرمەوە داخست وتی: ((ئەی بێ ئینساف)).

ئیتر لەتەواوی ژیانمدا عەشقی ئاوا توندو سۆزاویو، نەفرەتی ئاوا چزودارو تاڵم سەبارەت بە هیچ کەسێ هەست پێنەکردوە.

دووسبەی ئەو ڕۆژە تەڵاق درابووم، ڕەحیم ماڵەکەی چۆڵ کردبوو کلیلەی دابووە دەستی فیروز خان، وتم دەرگاکەی داخەن، تاقەتی دیتنی ئەو ماڵەم نییە، هەتا بزانم دوایی چی لێدەکەم.

باوکم لەژووری میوان دانیشتبوو، منیش کە فایلەکەم مۆرکردبوو چوومە ژوورەوە، وەکو ڕۆژی مارەبڕینەکەم سەرم بەپشتی قەنەفەکەوە نابوو قاچەکانی

تا ماوەراسمی ژوورەکە درێژکردبوو، مەچەکی دەستەکانی لەسەر دەستەی قەنەفەکە دانابوو مەری دەستیشی بەردابووەوە، بەدەستی چەپی تەزبیحی دەگێڕا، چوومە پێشێ و وتم: ((تەواو بوو ئاغا گیان، ڕزگارم بوو)).

لەلای قەنەفەکە چۆکمداداو پشتی دەستی ڕاستیم ماچ کرد، دەستێکی دڵسۆزانەی بەسەردا هێنام، ماوەیەك قژەکانمی نەوازش کردوو هاوکات بە ئارامی وتی: ((دیسانەوە بووی بە کچی خۆم)).

هەر ئەوەندە، ئیتر هەرگیز نە لەدەمی ئەو، نە لەدەمی کەسی تر هیچ وشەیەکم وەکو تەشەر نەبیست، باوکم قەدەغەی کردبوو.

((مەحبوب گیان بۆ کوێ دەڕۆی. منیش لەگەڵ خۆت بەرە))، ((مەحبوب گیان ئەمشەو لای تۆ دەخەوم))، ((دەبێ مەحبوب جلەکانم بگۆڕێ)).

مەنوچێهر وەکو قرنوو بە منەوە دەنووسا، لێم جیانەدەبووەوە، ئیتر منی ناسیبوو، لەدڵمدا جێگەی خۆی کردبووەوە، ڕادەوەستام، ڕایدەکردو دەهات باوەشی دەکرد بە قاچمدا. کاتێك دەڕۆیشتم وەك سێبەر بەدوامدا دەهات، بووبو بەکوڕی من، برام بوو، گیانی شیرینم بوو، پێدەکەنیم و بە گاڵتەوە پێم دەگوت: ((مەنوچێهر دیسانەوە....

ختوکەم دەدا، پێدەکەنی، دادەنیشتم لەدواوە بازی دەدایە سەرم، منی ماچ دەکردو بەلێوە تەڕەکانی تفاوی دەکرد، کاتێك بیرم دەکردەوە دەهات بۆ لام و پێمدا هەڵدەگەڕا)).

دەمگووت: ((لێم گەڕێ مەنوچێهر، ئەمشەو تاقەتم نییە!))

خێرا دەیزانی کە گاڵتە ناکەم، بەڕاستمە، ئارام لەپاڵمدا دادەنیشت و، لەژێر چاوەوە سەیری دەکردم و جلەکانمی دەگووشی، ئامادە بوو بۆ گریان، دەمگوت: ((مەنوچێهر گیان بڕۆ کایە بکە، ئێستاکە سەرم باش دەبێتەوە)).

دەیگوت: ((منیش سەرم دێشێ و تاقەتی کایەم نییە)).

سات بەسات سەیری دەکردم و ئەوەندەی دەپرسی: ((باش بوویتەوە دادە؟ ئێستا باش بووی دادە؟)) دەستم بە پێکەنین دەکردو لەباوەشم دەگرت.

((پەراستی منداڵێکی پێداگری!))

خۆی هەڵدەدایە باوەشمەوەو پێدەکەنی.

بوبوم بە دایکی. بوبوم بە دایەنی، مامۆستای بووم، منیش بە پێچەوانەوە لەجەستەی چکۆلەی ئەوتا رامیم وەردەگرت.

هەموو دەهاتن بۆ چاوپێکەوتنم، پوورە کیشوەرم بۆ قسە گێرانەوە سەیری سەرتاپێمی دەکرد. ئامۆژنم بزەی سەرکەوتن‌و لەهەمان کاتدا خەمناکییش بەسەر لێوییەوە بوو و. لەچاوەکانیدا تەشەرو نارەحەتی دەباری، پوورم واتە خوشکی دایکم کە کورەکەی دەتگوت مریشکی پێ کولە، لەگەڵ کچێکی لەخۆی پێ کولتر زەماوەندی کردبوو، کە لەحەسرەتی زەماوەندی بەختەوەرانەی خوجەستەو لەخەمی ئیعتیادی کورەکەی بە تریاک کە رەنگ‌و بوو لێوو ددان‌و ژیانی پوورمی رەش کردبوو، دەستووتاو دڵی سووتاوی دایکمی فێنک دەکردەوە.

هەموو هاتن، هەموو جگە لەمەنسور، مەنسورو ژنەکەی کە دەیانگوت شەش مانگە سکی پرە، من هەر گلەییم نەدەکرد، چاوەڕێش نەبووم، حەقی بوو، خراپم پێکردبوو، هەر لەبیریشم نەبوو، زستان هاتبوو و پشکنینی حیجاب کرابوو زەینی ئیمە بە هۆی ئەم رووداوە چاوەڕوان کراوەوە سەرقاڵتر لەوەبوو کە نیگەرانی ئەم سەردان‌و شتە بین، کەم تا زۆر داواکاریم هەبوو، هەموو ئەوانە پیاوی بەڕێز بوون بەڵام برێك پیرو ژن تەڵاقدراو یان ژن مردو بوون، وەیان هاوسەری پیرو پەك کەوتوویان هەبوو هەموویان بەبێ جیاوازی منداڵی گەورەو بچووکیان لەگەڵ خۆیان بۆ خوازبێنی دەهێنا، هەر خەوازبێنی کردنەکەیان بۆ من ئازاوی بوو، لەو چارەنووسەی کە بۆم هاتبووە پێشێ، لەداهاتوویەك کە لەبەردەممدا بوو، دەترسام، تەنیا دڵخۆشی من ئارامشێکی دەروونی بوو کە دیسانەوە لەماڵی باوکم هەمبوو مەنوچێهری هەشت ساڵانە بەدەستە بچووکەکانی زۆرتر لەهەر کەسێ دەیتوانی ئازارەکانم تیمار بکات.

Scanned by CamScanner

دایکەو دایە گیانم وەکو پەپوولە بەدەورمدا دەسوڕانەوە، دایکم بەبێ ڕاریژ
لەگەڵ من دەستی بە ئاودا نەدەکرد، جاری وا هەبوو دەچووم بۆ لای حەسەن
خان، بەدایکم نەدەگوت، نە ئەوەی کە لێی بشارمەوە، بەڵام نەمدەویست ئەو
هەستەی لا دروستبێ بێ ڕێزییەکم بە کەسایەتی ئەو کردبێ، دایکم دەیزانی و
دەنگی نەدەکرد، خۆی بەباشی دەیزانی کە ئەوان چ چاکەیەکیان لەگەڵ کچەکەی
کردووە، دەیپرسی: ((مەحبوب گیان، بۆ کوێ دەڕۆی؟))

((کارم هەیە))

مەنوچێهر گرووی دەگرت و دەیگوت: ((منیش دێم، منیش دێم)).

دایکم کە دەیزانی کارم هەیە یانی چی دەیگوت: ((نە گیانی دڵەکەم، ناکرێ
بڕۆی، ئەوێ خۆ جێگەی منداڵ نییە))و، بەمنی دەگوت: ((مەحبوب ئەم قاپە
مرەبایەش لەگەڵ خۆت بەرە))، ((مەحبوب ئەو باقلاوەیەش لەگەڵ خۆت بەرە)).
((مەحبوب ئەگەر چای و کەلەیەک قەندت پێبدەم لەگەڵ خۆت دەیبەی؟)) تەنانەت
جارێکی پشتێنێکی کشمیری پێدام و وتی: ((ئەوەش لەگەڵ خۆت بەرە)).

دەتگوت هێما لەگەڵ یەک قسە دەکەین: ((خانم گیان کەس چاوەڕوانیی لەمن
نییە)).

((باسی چاوەڕوانی نییە، من خۆم حەزدەکەم بیانبەی)).

لەماڵی حەسەن خان دەگەڕامەوە، کاتێک گەڕامەوە دایە خەریکبوو سفرەی
نانی نیوەڕۆی دادەخست، دایکم لەژوورەکەدا نەبوو: بێ خەیاڵ وتی: ((دوێنێ
شەو ژنەکەی ئاغا مەنسور منداڵی بووە)).

دیسانەوە پێم ناخۆش بوو، پێ ناخۆش بوونێک لەخەفەت و نارەحەتی:

((دەی، ئیشەڵا موبارەکە، چی بووە؟))

((کچی بووە، ئاغا مەنسور زۆری پێ خۆشە، کاتێک بەنیم تاج خانمیان وتووە
کچت بووە وتوویەتی هەر ئەوەم لەخوا ویستووە، ئاغا مەنسوریش....))

دایکم کە لەدەرگاکەوە هاتە ژوورێ بەو حاڵەتە دەروونییەی منی زانی وتی: ((ئەی... منداڵی بووە، بڵێین چی، چیتە دایە خانم؟ خۆ شێری پەکوێ نەگرتووە، ڕۆژێ سەد کەس منداڵیان دەبێ، ئەمیش یەکێکیانە)).

بەڵام داخی منداڵ نەبوون دیسانەوە لەدڵی مندا سەری هەڵدایەوە. دەمزانی کە هەرگیز نەمدەتوانی وەکو نیمتاج یان هەر ژنێکی تر بە ئاواتی دڵە بگەم. ئیتر هەرگیز نەمدەتوانی ببم بە دایک، خوا بە لەعنەتت بکات ڕەحیم.

دووسێ ڕۆژ دواتر دایکم وتی: ((مەحبوب گیان، نایەیت بڕۆین بۆ سەردانی نیمتاج؟))

((من نایەم)).

((ئەیڕۆ قوڕ بەسەرم، بۆ نایەی؟ ژنی ئامۆزات منداڵی بووە)).

((مەگەر مەنسور هاتووە سەردانی کچە مامەکەی بکات تا من سەردانی ژنەکەی بکەم؟ مەگەر نیمتاج خانم لەمنی پرسیوە؟))

((نیمتاجی هەژار خۆ هەر لەماڵەکەی نایەتە دەرێ. خۆی بە هەموو کەسێ دەڵێ وەڵڵا من شەرمەزارم، بەڵام سەرقاڵی پێ ڕاگەیشتن بەو ماڵەو منداڵەیە. ئاخر ئەو هەژارەش ئەخۆشی دڵی هەیە. منداڵ بوونیش زەرەری بۆی هەیە. ئەوە ئیتر خوا ڕەحمی پێ کرد....)).

دایە قسەکەی پێ بڕی: ((خانم ئەوانە هەموو قسەن. عەیبەکەی لەشوێنێکی ترەوەیە دەیەوێ کەس نەیبینێ. وەڵڵا ڕووخساری خۆ ڕووخسار نییە. حەبەی قەلەڕەشە بەدەنووک....)).

دایکم قسەکەی پێ بڕی: ((دایە خانم بیبڕەوە. حەزناکەم لەلای من ئەو قسانەی بکەی، ژنێک بەو باشیە ئازاری بۆ مێرووولەش نییە)).

وتم: ((ئێوە بڕۆن، منیش دەڕۆم بۆ ماڵی نێزەمەت. ئەمشەو مێردەکەی لەلای نییە نێزەمەت بە تەنیایە)).

دایەو مەنوچێهریش لەگەڵ دایکم ڕۆیشتن، مەنوچێهر لەخۆشی دیتنی منداڵەکان مێی بەردا دەما لەکۆڵم نەدەبوەوە، کاتێ گەڕانەوە پرسیم: ((دەی منداڵەکە چۆن بوو لەکێ دەچوو؟))

دایکم بەبێ سەرنجییەوە وتی: ((دەی منداڵ بوو ئیتر، منداڵێک کە تازە لەدایک دەبێ خۆ هیچی دیار نییە))و، لەژوورەکە چووە دەرێ.

دایە سەیریکرد هەتا چووە دەرێ و، کە دڵنیابوو دوورکەوتۆتەوە بە ئەسپایی وتی: ((کچێکی بووە وەك چەپکی گوڵ، سوورو سپی و خڕوپڕ، چاوەکانی بە گەورەیی ژێر پاڵەیەك بنیادەم هەر حەز دەکات سەیری بکات، بۆ مەنوچێهر بەری دەدا، خەریك بوو لەگەڵ خۆی دەیهێنایەوە بۆماڵەوە، ئەوەندە ماچی کردو گوشی کە منداڵەکە کەوتە گریان، دایکیشت بە پشتە دەستی توند لەمەنوچێهریدا)).

پرسیم: ((نیمتاج چی دەگوت؟))

((هیچ، ئەو هەژارە هەر سەرخۆشی نەدەهێنا، بەردەوام دەیگوت دەی منداڵە بهێڵە یاری لەگەڵ بکات، بەڵام دیاربوو کە هەر دڵی لەلای بوو)).

((ناویان ناوە چی؟))

((ئاغا مەنسور دەڵێ دەیەوێ ناوی بنێ ناهید)).

دیسانەوە نەورۆز هاتەوە، نەورۆزێك کە بۆ من چێژی ڕاستەقینەی هەبوو، هەر ئەو خۆشییەی جاران، هەر ئەو شادییەی شیرینی دروستکردن کە من لەبیرم چووبوەوە، هەر ئەو ماڵ بردنە دەرەوانە، هەر ئەو شت کڕینانەو هەر ئەو چوارشەممە سوورییەی حەوت ساڵ پێش... پێش ئەوەی کە من خۆم چارەڕەش بکەم و بەدەستی خۆم، خۆم بخەمە ئاگرەوە، نیزهەت و مێردەکەی و منداڵەکانی، خوجەستەو دکتۆرو کچەکەیان، بۆ چوارشەممە سووری هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە، دایکم، پووری گیان و مامە گیان و کچەکانی کە دانەیەکیان زەماوەندی کردبوو ئەوی تریان دەزگیراندار بوو، بۆ ماڵی خۆمان بانگهێشت کردبوو، مەنسووریش کە

بانگهێشت کرابوو دوو کوڕەکەی لەگەڵ خۆی هێنا کوڕەکەی نیمتاج خانم‌و کوڕەکەی ئەشرەفی ڕەحمەتی کردوو.

زۆر ڕەسمی‌و ماقووڵ بوو. تەنانەت بڕێکیش ساردبوو، لەگەڵ من سڵاوو چاک‌و خۆشی کرد، دەتگوت هێشتا دڵگیرە لێم، دڵی نیشابوو، ئەویش وەک خزمەکانی تر بڕێک پیرتر بوبو، وەکو جاران قۆزو جلی جوان‌و ماقووڵ‌و خۆش قسە بوو بەڵام کەم قسەتر بوبو، وشک‌و جدی، لەگەڵ کچە مامەکان‌و خوشکەکانم‌و خزمەکانی تر کردمانە هەراهەرا، بەسەر ئاگردا بازمان دەدا، مەنوچێهرم لەبارەش دەکردو دووکەسی لەسەر ئاگرەکەوە بازمان دەدا.

کچەکەی خوجەستەم لەبارەش دەکردو لەسەر ئاگرەکە بازم دەدا، دەستی دکتۆرم ڕاکێشاو ناچارمکرد کە لەسەر ئاگرەکە بازبدا، مێردەکەی نێزهەت دەترسا کە چاکەت‌و پانتۆڵەکەی بسووتێن، هەمان کات لەگەڵ کوڕەکانی مەنسور لەسەر ئاگر بازمان دەدا، قژە درێژەکانم بەسەر ڕووخسارو شانەکانمدا یاری دەکرد، ڕووخسارم بە ئاگرەکە سوور هەڵگەڕابوو، کراسێکی چیندارو، بلوزێکی گەرمم لەبەرکردبوو، راحەت‌و سەربەخۆ بووم، مەنسور لەپشت دیواری بیناکە دەستی بەسنگییەوە گرتبوو و ناڕەحەت ڕاوەستا بوو، بڵێسەی ئاگرەکە ڕووخساری ئەویشی ڕووناک کردبووەوە، بەبێ حاڵی سەیری من‌و منداڵەکان‌و خوشکەکانی‌و خوشکەکانی منی دەکردو جارجارە لەگەڵ مێردی خوشکەکانی من‌و خوشکەکانی خۆی قسەی دەکرد، لەتەواوی ئەو ماوەیەدا تەنانەت بزەیەکی نەگرت.

ماندوو و بەهەناسەبڕکێ هاتمە ئەم لاوە، مامە گیانم سەرمی لەناودەستیدا گرت‌و ماچی کرد، دەمزانی کە زۆر خۆشی دەوێم، وتی: ((کە تۆ پێدەکەنی، دەڵێی دڵی من ڕوون دەبێتەوە)).

جەژنی ئەو ساڵە لەنەورۆزەکەی من شیرینتر بوو.

نێزهەت وتی: ((مامۆژنم هەمووومانی بۆ دوای سیانزە بەدەر بانگهێشت کردووە بۆ باخی شەمیران کە نیمتاج خانمیش لەوێ بێ)).

Scanned by CamScanner

بەبێ ئاقەتییەوە وتم: ((من نایەم، لێرەوە بیخوێنی‌و بچین بۆ شەمێران بۆچی؟))

نێزهەت پێکەنی: ((دەی مەیە، خۆ شەڕ ناکەین، ئەی بۆ کوێ بڕۆین؟))

دەڕۆین بۆ باخەکەی ئاغا گیان، قەلهەک)).

ڕۆیشتین بۆ قەلهەک، دایە گیانم دایەرەی هێنابوو، ئێمە بووین‌و نێزهەت‌و خوجەستەو مێردەکانیان‌و کچە مامەکانم کە لەبەر من بۆ باخەکەی ماڵی باوکیان نەچووبوون‌و هاتبوون بۆ قەلهەک، هەموو حەزیان دەکرد لەگەڵ من بن‌و من حەزم دەکرد لەگەڵ هەموویانبم.

کچە گەورەکەی مامم وتی: ((مەحبوب، کزو باڵا بەرزتر بووی، زۆر جوان بووی)).

نێزهەت کە دەتگوت من لەلایان نیم‌و دەتگوت قسە لەشتێك دەکات، گاڵتەی بە کچەکەی مامم دەکردو وتی: ((مانای شیرینیشم زانی، هێزی تیا نییە هەناسە بکێشێ، دەست بخەیتە کەلەکەیەوە پەنجەکانت بەیەك دەگەن، من دەڵێم ئەوەندەی کە جلوبەرگ‌و جانتاو بۆن‌و پێڵاو دەکڕێ، ئەوەندەش بە خواردنەکەت ڕابگە، دەڵێی ئەو مەحبوبە قەڵەو خڕەی چەند ساڵ لەوە پێشیان بردووەو یەکێکی تریان لەجێگەیدا هێناوە)).

بەڕاستی کە ئەو مەحبوبە ڕۆیشتبوو، مردبوو.

لەگەڵ خوشکەکانم‌و کچە مامەکانم‌و منداڵەکانیان کەوتینەڕێ، پیادەڕەویمان دەکرد، پێڵاوەکانمان داناو خستمانە ئاوەوە، ئاوێکی زۆر کە فێنك‌و خۆش دەهاتە ناو باخەکەوەو لەو سەرییەوە دەچووە دەرێ، بەدارەکاندا سەردەکەوتین، سواری کەر بووین‌و نێزهەت بەو بەژنە قەڵەوەیەوە هەنکەهەنك بەدوامانداراندەکردو ئێمەش پێدەکەنین، پیاوەکان کە هەموویان چوبون بۆ پیادەڕەویی هەتا نیوەڕۆ نەگەڕانەوە، من بەزۆری هەموویان‌و لەبەر چاویان گرنم لەسەوزەکەدا، دووجار، یەکێکیان بە پێکەنینەوە بەنیەتی هاوسەرو دووەهەم جاریش بەدڵێکی گیراو بەحەسرەتی منداڵ.

Scanned by CamScanner

دوانیوەڕۆ ئەوەی کە ئەسپاتی خواردن لەهەموو جێگەیەک بڵاو کرابوەوە، کاتێ کە پیاوەکان ئەمەیەکانەیان دەکردو دەدەخانم دایرەی بەدەستەوە گرتبوو، گۆرانی دەگوت لەدار مەچۆرە سەرێ، قاچەکانت دەڕوکێ، جلەکانت قوڕاوی ئەبێ، مەنسور بە سەیارە شۆفرلێتە رەشەکەیەوە لەگەڵ منداڵەکانی پەیدابوون، هات، سڵاو و چاک و خۆشی کردو دانیشت، بەدانیشتنی ئەو هەموو بە ژن و پیاوەوە ئارام دانیشتن لەقەرەباڵغی کەوت، تورەنەبوو، نارەحەت نەبوو، بەڵام وەک نێزهەت دەیگوت، دەتگوت گۆچانی قووتداوە، خوجەستە بە ئەسپایی بەگوێی من و نێزهەتدا سرتاندی: ((ئەمە ئیتر لەکوێوە هات؟))

نێزهەت بە ئەسپایی وتی: ((هاتووە سەیارەکەیمان پێ نیشانبدا))و، بێدەنگ پێکەنی.

لەشی قەڵەوی لەکاتی پێکەنیندا دەلەرییەوەو من و خوجەستەشی خستە پێکەنین، دایکم بە تورەییەکەوە سەیرێکی کردین و هەستا کاهوەکەی لەبەردەمی مەنسور دانا، مەنسور لەسەر تەختەکەو لەسەر بەڕەکە دانیشتبوو، قاچی لەسەر قاچ دانابوو لەگەڵ دکتۆر، مێردەکەی خوجەستە قسەی دەکرد، من شەرمم لێدەکرد بەڵام ئەو سەرنجی منی نەدەدا. دەتگوت ئەویش وەکو من لەبیری رۆژ رەشی خۆیدایە، بەراستی مەنسور پیاوێکی رێکوپێک و جوان بوو، جلی جوانی لەبەردەکرد، خۆش رەفتار بوو، باش رێزی لەکەسایەتییەکان دەگرت، وەکو رۆژئاواییەکان هەڵس و کەوتی دەکرد، بەڵام لەچاوی مندا وەکو نەخشی دیوار وابوو، دەی دەمزانی کە لەمن دڵگیرە، رقی لێمە. ئایا تەنیا بۆ ئەوە هاتبوو کە گەورەیی و دەوڵەمەندی خۆی بەچاومدا بداتەوە؟

لەجێگەکەم هەستام، بانگی دایەم کردو لەگەڵ ئەو چەند هەنگاوێک دوورکەوتینەوە وتم: ((دایە گیان چێشت ماوە بیبەین بۆ سایەقەکەی ئاغا مەنسور؟ چاییشی بۆ بەرە)).

لەجێگەی دایکم کە ماندوو بوو و پێی باش بوو پشوویەکبدا، ئێستا من لەماڵەوە فەرمانڕەوا بووم، دایکم بە تەواوی حەزەوە کەیبانوویەتی بە من

...باردبوو خەیالیشی ئاسوودە بوو، دایە ڕۆیشت، من هەر لەوێ وەستام، سەیری باخەکەم دەکردو بیرم دەکردەوە، مەنوچێهر لەگەڵ منداڵەکانی تر چاوشارکێی دەکردو بەدەوری کراسەکەمدا ڕایدەکرد، دەتگوت خەوم لێکەوتووە، بیری جاران هاتبوەوە سۆراخم، دڵم کەیل بوو، لەخەمی ڕابردوو، لەخەفەتی داهاتوو، نە، ناوا نەدەکرا دەبوایە بچم بۆ قوتابخانەی ناموس و ئیمتحانم بدایەو دەرسم بخوێندایە هەتا ببم بە مامۆستا، دەبوایە خۆم سەرقاڵ بکردایە، بوونی خۆم بە هیچ نەدەزانی، دەبوایە کارێکم بکردایە هەتا بیکاری شێتی نەکردمایە، بەڵێ حەزم دەکرد ببمە مامۆستا.

دیسانەوە مەنوچێهر بەدەورمدا خولاوە، کراسەکەمی گرت و بەپێکەنینەوە لەپشتی منەوە ملی دەکێشا بۆ منداڵەکانی تر، بەبێ تاقەتییەوە دەستم لەکراسەکەم کردەوەو وتم: ((مەنوچێهر بڕۆ شوێنێکی دیکە یاری بکە، من تاقەتم نییە))و، گەڕامەوە.

هەر لەو کاتەدا بوو کە بۆ ساتێکی کورت تیشکێکم دی کە خێرا ڕۆیشت، تیشکی چاوەکانی مەنسور کە سەیری دەکردم، جدی و بەوردی، تەنیا ساتێک، یەکسەر ڕووی لەولا کرد، کاتەکەی ئەوەندە کورت بوو کە بە خۆمم دەگوت وابیرم کردۆتەوە ، بەڵام دڵم داخورپا، نەک لەعەشق بە مەنسور، بەڵکو لەترسی ئەوەی کە چ شتێک ئەمڕۆ مەنسوری هێناوەتە ئەم باخەوە، هەتا ئێوارەو کاتی گەڕانەوە هەردوکمان ناڕەحەت بووین، هەم من و هەم مەنسور، هەتا ئێوارە، وەک نێزەهەت دەیگوت دەڵێی گۆچانی قوتداوە، دانیشت و جگە لەچەند وشەیەک هیچی تری نەگوت، تەنانەت زەردەیەکیشی نەگرت، زۆر لەوەی باسی دەکەم خۆگر تر بوو، دایکم بۆنەوەی کە قسەیەکی لەگەڵ بکا، بە ئەدەبەوە پرسی: ((ناهید گیان چۆنە؟))

کوتوپڕ ڕووخساری مەنسور ڕوون بوەوە، وەکو هەتاوێک کە هەڵبێ، بزەیەکی گرت و وەڵامی دایەوە: ((باشە، زۆر باشە، زۆر منداڵێکی جوانە، دەستت ماچ دەکا)).

Scanned by CamScanner

دایکم وتی: ((منیش ڕووخساری وەك مانگی ماچ دەکەم)).

خوجەستە بەدوای قسەکەی دایکمدا وتی: ((بەڕاستی کە مانگە، من مندالی وا جوانم نەدیوە)).

دیسانەوە دەتگوت دڕك بەدلمدا دەچەقێنن. هەر لەخۆوە سەبارەت بە مەنسور تووڕە بووم. سەیرێکم کرد کە لەگەل نیگای ساردی ئەو بەرەوڕوو بوومەوە، ئەگەر چاوەکانم هێزیان بوایە وەکو تۆپ دەتەقینەوە، مەنسور بەزیرەکی تێنەگەیشت و هەروا بە ساردی سەیری دەکردم.

هاوین تێپەڕی. پاییز کۆتایی پێ هات و زستان گەیشت. لەم ماوەدا جارجار چاوم بە مەنسور دەکەوت، لەمالی مامە گیانم، لەمالی خۆمان، لەمالی نێزهەت یان کچە مامەکانم؛ بەلام ئیتر ئەو نیگا بەدزییانەوە دووپات نەبوەوەو من لەوە خۆشحال بووم. هەر ئەوە باشترە کە نەبێ، هیچ هەستێکم بەرامبەر بە مەنسور نەبوو. تەنیا خۆشیم لەو نیگایەی دەهات کە وەك تاریف کردن سەیری دەکردم، گەرچی کورتیش بوو. منیش وەکو هەر ژنێکی تر لەو نیگایانەو لەتاریفکردنی کەسێ خۆشیم دەهات و حەزم دەکرد. بەلام ئەگەر پیاوێك وا بیربکاتەوە کە ئەم چێژە بە مانای ئەوەیە کە خۆی بەدەستەوە بدا، بەڕاستی لەهەلەدایە، عەشق جارێك منی کرد بەدیل و منی لەناوبرد، دواتر دەتگوت دەماری دلمیان دڵخستووە، یان لەوانەیە گەورەتر بوبێتەوە، عاقل تر بوبوم، لەوانەیشە سروشت ئەرکی خۆی سەبارەت بە من بەجێ گەیاندبێ، ڕەوتی خۆی تێپەڕکردبێ و لێم گەڕابێ. ئاواتم ئەوە بوو کە جارێکی تر عاشق بمەوە، عاشقی کەسێك، بۆ وێنە مەنسور، هەر وەکو ئەوینداریيەکەی ترم. خۆزگە دیسانەوە نەخۆش دەکەوتم، نەخۆش و بێ ئیختیار، بەلام دەمزانی کە ئیمکانی نییە، ئیتر تەواو بووە، وەك باوکم گوتی سەرم لەبەرد درابوو، خراپیش لەبەرد درابوو.

بەفرو باران پێکەوە دەباری و شلێوەی دەکرد، من بە پالتاو و کلاوەوە، چەترم بەدەستەوە بوو هاتمەوە، پالتۆکەم داکەند، چەترەکەم دایە دەستی دایە گیان، ئەیم ناڕەحەت بوو، وەکو جاران نەبوو، دەیویست شتێك بلێ و نەیدەتوانی،

Scanned by CamScanner

لەوانە بوو دایکم پێی وتبێ کە پێم ئەڵێ، چراکانی ناو ڕێڕەوەکە دەکرا، پرسیم

((مەنوچیهر، لەکوێیە دایە خانم؟))

((چووە ژوورەکەی خۆیەوە دەرس بنوسێ)).

دایکم هات، بەدەنگێکی ئارام کە لەحاڵێکدا بەدەست ئیشارەتی دەکرد وتی

((مەحبوب گیان وەرە کارم پێتە)).

((چی بووە خانم گیان؟))

((مەنسور ئاغا عەسر هاتووە بۆ ئێرەو دەڵێ کارێکی تایبەتیم بە مەحبوب هەیە، هاتووم قسەی لەگەڵ بکەم)).

((لەگەڵ من؟))

((وا دەڵێ)).

((ئێستا لەکوێیە؟))

((لەژووری میوانە)).

((تۆیش وەرە ژووری خانم گیان)).

((نا، خۆت برۆ بزانە کاری چییە، ئیتر منت بۆچییە؟))

منیش و دایە گیانیش و دایکیشم زانیمان چی دەوێ، چاوەکانی دایکم لەچاوی دایەدا پێکەنی.

((سەلام)).

ڕووی لەپەنجەرەکەو پشتی لەدەرگاکە بوو، ئارام لایکردەوە، وشک و ڕەسمی، دەستەکانی لەپشتی نابوو.

((سڵاو لەمنەوەیە)).

((نازانی لەدەرەوە چ بەفرێک دەبارێ!))

((چۆن نازانم؟! خەریکم سەیری دەکەم)).

بزەیەکم گرت، قسەیەکی هیچم کردبوو، بەدوای باسێکدا دەگەڕام کەبێدەنگییەکە بشکێنم، بێدەنگی پڕ مەترسی بوو، ئەوی لەمن نزیکتر دەکردەوە،

Scanned by CamScanner

رووی ده‌کرایه‌وه‌و قسه‌یه‌کی ده‌کرد که من نه‌مده‌ویست گویم لێ بێ. چووم بۆ لای کووره‌که ده‌ستم له‌سه‌ر ڕاگرت. ده‌نگی قرچه‌قرچی داره‌کان ده‌هات. پرسیم:

((شتێکتان خواردووه؟))

((به‌ڵێ. هه‌موو شتێك خوراوه)).

چووم بۆ لای ده‌رگاکه‌و به‌ده‌نگی به‌رز داوای چاییم کرد: ((ئێستا چایه‌کی تر بخۆن، نه‌ه‌کی نییه. من خه‌ریکه له‌سه‌رما ڕه‌ق ده‌بمه‌وه، چا له‌م هه‌وا سارده‌دا جێی خۆیه‌تی)).

وتی: ((هه‌رچی ئێوه ئه‌مر بکه‌ن به قسه‌تان ده‌که‌م)).

چاوم له‌چاوی بڕی. ساردو جددی بوو، به‌ڵام قسه‌کانی زۆر مانادار بوون. به هه‌ڵپیه‌که‌وه وتم: ((ئێستا بۆ به پێوه‌ن؟ فه‌رموون دانیشن)).

کورسییه‌که‌م ڕاکێشایه لای کووره‌که‌وه‌و دانیشتم. ئه‌ویش له‌نیوان سه‌یرو نیگه‌رانی مندا کورسییه‌که‌ی تری ڕاکێشایه ئه‌ولای کووره‌که‌وه‌و دانیشت. دایه چای هێناو ته‌عارفیکرد. خۆشحاڵ بووم. هه‌رچی ژووره‌که قه‌ره‌باڵغتر بوایه من ئاسووده‌تر ده‌بووم. ئیتر تاقه‌تی یاری له‌یل‌و مه‌جنونم نه‌بوو. ئیتر تاقه‌تی منداڵبازاڕیم نه‌بوو. دایه مێزێکی بچووکی هه‌ڵگرت‌و له‌پاڵ ده‌ستماندا دایناو ڕۆیشت. ده‌مزانی له‌پشت ده‌رگاکه‌وه سه‌یرمان ده‌کات. به‌ڵام خێرا له‌بیر خۆم برده‌وه، چونکه مه‌نسور یه‌کسه‌ر چووه سه‌ر قسه‌وباسه‌که‌ی. ((مه‌حبوب هاتووم قسه‌ت له‌گه‌ڵ بکه‌م. ئیتر کاتی ئه‌وه هاتووه)).

له‌هه‌ڵدابووم. ویستم له‌جێگه‌که‌م هه‌ستم. په‌رداخه چاکه‌م له‌سه‌ر مێزه‌که داناو وتم: ((ده‌ی. باخانم گیانیش بانگ بکه‌م)).

به‌ره‌و لام نوشتایه‌وه مه‌چه‌کی ده‌ستی گرتم‌و ناچاریکردم که دانیشم. به‌ڵام ده‌ستی به‌رنه‌دام: ((وتم ته‌نیا له‌گه‌ڵ تۆ)).

ده‌ستی من له‌سه‌ر ڕانی له‌ژێر ده‌ستیدا بوو. ده‌تگوت نێزهه‌ت ده‌ستی گرتووم، ده‌تگوت خوجه‌سته ده‌ستی گرتووم. به‌ڵام دیم که ڕووخساری سوور بۆته‌وه. ده‌ستی نه‌ده‌گوشیم. ته‌نیا سه‌ری داخست. بۆ ساتێ سه‌یری ده‌ستمانی کردو

دواتر دەستی لابرد. ماوەیەک بێدەنگی زاڵبوو، ئیتر هەوڵم نەدا بێدەنگییەکەی بشکێنم. ئەو قسەی خۆی کردبوو. قاچی لەسەر قاچی داناو دەستەکانی لەسەر سنگی هەڵپێکاو سەیری گڕی ئاگری کوورەکەی کرد.

مەحبوبە من هێشتا دەمەوێ لەگەڵ تۆ زەماوەند بکەم)).

جەستەم لەرزی. رووخساری ژنێکی ئازار دیتوو هاتە بەرچاوم کە بەر هەموو ئازاری و دڵفراوانییەوە دەموچاوی ئاوڵە لەناوی بردبوو. کە کچێکی شیرەخۆرەی هەبوو. کە سەرپەرشتی کوڕەکەی خۆی و کوڕی هەوێکەی دەکات، سەبارەت بە مەنسور توورە بووم. خۆم وەک کەوکەب دەهاتە بەرچاو، مەنسوور تەنانەت تکاشی لەمن نەکردبوو. دەنگی کەمێک پیاو ماقوڵانەبوو. وەکو ئەوەی کە من هەر هی ئەو بم. دەتگوت چاوەڕێی ئەم پێشنیارە بوومو بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاواتە هەر کاتم ژماردووە. وتم: ((منیش هێشتا ئامادەنیم ببمە ژنی تۆ)).

لەجێگەکەی هەستاو دیسانەوە رووی کردە پەنجەرەکەو سەیری بەفرەکەی دەکرد کە دەهاتە خوارێ. دەستەکانی لەگیرفانیدا بوو، ماوەیەک بێدەنگ بوو و دواتر زۆر بەهێمنی وەکو باوکێک کە منداڵەکەی هاندەدا لەجۆگەلەیەک بپەڕێتەوە. وتی: ((دەبێ. دەبێ ببێ)).

دەمم لەسەیردا کرابووەوە. وتم: ((مەنسور، تۆ ژنێکی ئاوا باشت هەیە، من خۆ نەمدیوە بەڵام بیستوومە. میهرەبان، ماقووڵ، تێگەیشتوو، قسەی زۆرم سەبارەت بە خانمیی ئەو بیستووە. خەریکە منداڵی هەوێکەی، کوڕەکەی تۆ وەکو چەپکی گوڵ بەخێو دەکات، جگەلەوەی هێشتا ساڵێک نابێ کە ژنەکەت منداڵی بووە. تۆ هاتووی بۆ خوازبێنی من؟))

دەستی لەسەر ئاوچاوانی دانا، دەتگوت ژانێکی هەیە، دەتگوت شەرمەزارە، وتی: ((وا بیردەکەیتەوە من ئەو شتانە نازانم، خۆم ئەو شتانە نازانم؟ سەد جار بەنیم تاجم وتووە، هەر لەو ڕۆژەوە کە بیستوویەتی تۆ تەڵاقت وەرگرتووە، وتی دەبێ مەحبوبە بهێنی، وتی ئەگەر تۆ نەچی بۆ خوازبێنی من خۆم دەچم، بەڵام من قبووڵم نەکرد، سکی پڕ بوو، نەیدەویست ئازاری بدەم، بەڵام ئێستا خەریکە

Scanned by CamScanner

منداڵەکەی لەشەر دەبڕێتەوە، ئەو دەیەوێ، ئەو ناچاری کردووم، لەسەر ئەشرەفیش ئەو قسەوباسە هاتە پێش، ئەو جارەیان من نەمدەویست، بەڵام ئێستا دەمەوێ، بەراستی تۆم دەوێ مەحبوبە)).

ڕوویکردە من، هاتە پێشێ و دەستی لەسەر پشتی کورسییەکەی من نا، ئەوەندە نوشتایەوە کە وتم ئێستا ماچم دەکاو لەبەرخۆمەوە وتم ئەگەر ئەو کارە بکات خێرا یان زوورەکە بەجێ دێڵم وەیان دەدەم بە ناودەمیدا، بەڵام منی ماچ نەکرد، تەنیا وتی: ((مەحبوبە، من تۆم دەوێ، هەر لەسەرەتاشەوە دەمویستی، دەبێ ببیە ژنم، خۆشت زۆر باش ئەوە دەزانی، تەنیا پێم بڵێ کەی؟))

((هیچ کات))

((بۆچی؟))

((بۆ ئەوەی تۆ ژنت هەیە، ژنێکی باشت هەیە، منیش جارێک عاشق بووم، شێت بووم، شوومکرد کە هەڵەم کرد، ئیتر ناتوانم کەسم خۆش بوێت مەنسور، نەک لەبەرئەوەی کە هێشتا لەبیری ئەو ناپیاوەبم، نا هەرگیز وانییە، تەنیا ئیتر ئەو تاقەتەم نەماوە، ئەو حەزو ئاواتە لەدڵمدا نییە، ئیتر ناتوانم لەگەڵ کەس بم، ئیتر لەهەرچی شوو عیشق و عاشقییە بێزارم، ئەگەر هەوەس بوو جارێک بەسە، لەوانەیە لەبەختی ڕەشی من بووبێ کە ڕەحیمی دارتاشی خوێڕی ببینم و بە سەیرکردنێک ئەویندارى بم، وەکو سەگی پێ سوتاو دوای کەوم، بەڵام مەنسور کە تۆ دەبینم بەو ئارامی و، بەو ئاغایەتییەو، بەو هەموو عەزەمەتەوە، هەر دەڵێی برامی، پێت ناخۆش نەبێ، بەڵام من تۆم ناوێ، کەوایە بۆچی ژنەکەت ئازار بدەم، من خۆم تامەکەییم چەشتووە، دەزانم ئەگەر ژن پیاوێکی خۆش بوێ و ئەو پیاوە حەز لەژنێکی تر بکات یانی چی، چ حاڵەتێک بەسەر ئینساندا دێ، چ تامێکی هەیە، ئەوە باش دەزانم، جگە لەوانەش دەزانم کە نیم تاج خانم چەندەی تۆ خۆش دەوێ، بۆچی دڵی بشکێنم؟ بەخوا گوناحە)).

مەنسور دانیشت و بە لەحنێکی زۆر هێمن و میهرەبان وتی: ((دەزانم کە عاشقی من نیت، چاوەڕوانی ئەوەشم نییە، بەڵام تۆ خراپ تێگەیشتووی، تۆ وا

برت دەكردەوە كە ژیانی ژن‌و مێردایەتی مانای عیشقی كوێرانەو عیشقی كوێرانە مانای بەختەوەری هەتاهەتاییە، دواتر دیت كە رەحیم ئەو بتە نەبوو كە تۆ بۆ خۆتت دروست كردبوو، هەر بۆیە لەهەموو شتێ بێزار بووی، بەلام وانییە مەحبوبە. بەختەوەریی لەعەشقی كوێر وەكو جنۆكە لە بسم الله رادەكات. جارێك هەلەت كردووە. ئیتر مەیكە، بهێڵە ئەم جارە خۆشەویستی كەم كەم لەدڵتدا جێگەی بێتەوە. من چاوەڕوانی ئەوەم لەتۆ نییە كە وەك ڕەحیم خۆشت بوێم. بەلام بهێڵە خەمەكانت سارێژ بكەم، بهێڵە ببمە هاوسەرت، خۆشەویستی بەدوادا دێ. عەشق وەكو شەرابە مەحبوبە، دەبێ بهێڵی چەندین ساڵ بمێنێتەوەو پێ بگات دواتر تامی خۆی دەدۆزێتەوە، هەتا بتگرێ(مەستت بكات)، ئەگەر وا نەبێ پیاوی توند زوو نارەق دەكات، ئەو هەلەم پێ بدە، لەوانەیە بتوانم بختەوەرت بكەم)).

((ڕاست دەڵێی مەنسور، چ پیاوێكی توند بوو كە كوشتمی، دەمگوت خوایە بۆچی سزام دەدەی؟ چ گوناهێكم لەدەرگاكەتدا كردووە تاوانەكەی دەدەمەوە؟ كە رەحیمم دەوێ‌و مەنسور بەو هەموو باشیانەوە لەدڵمدا جێگەی نابێتەوە؟ بۆچی؟!....))

قسەكەی پێ بڕیم: ((مەیخە ئەستۆی خواو پێغەمبەر مەحبوبە، چ هۆكارێك هەیە كە خوا لەگەڵ كچێكی پازدە تا شازدە ساڵە بكەوێتە ڕقەوە؟ تۆڵەی لێ بستێنێتەوە؟ ئەوە كاری شەیتانە، زۆری سروشتە، نهێنی مانەوەیە كە داوێنی كچەكەی بەسێرولمولك دەگرێ‌و دەیبا بۆ دووكانی دارتاشی‌و دەیكا بە شێت‌و شەیدای گەنجێكی دارتاشی ڕۆژڕەش، ئەمەم دواتر زانی، سەرەتا كاتێك تۆ بویتە ژنی هەر ئەو كاتە زۆرم پێی ناخۆش بوو، ئەو زەربەی كە لەغرورو كەسایەتیم كە تۆ خستبوتە ژێر پێ درا، بە خۆمم گوت سەیركە منی بە كێ فرۆشتووە؟ بەلام دواتر ئامۆژگاری خۆمم كرد وتم، دەبێ لەچاوی مەجنونەوە سەیری لەیلا بكرێ، تف لە تۆ ئەی سروشتی دڵ ڕەق، ڕۆیشتم‌و نیم تاجم هێنا، دایكم وتی مەكە مەنسور، وا لەخۆت مەكە، وتم خانم گیان من مەحبوبەم

بەربەست و نەکرا، ئێستا کە نەکراوە تەنیا لەبەر دڵی تۆ ژن دێنم، ئیتر بۆ ئێوە چ جیاوازییەکی هەیە کێ بێ؟ جوانە یان ناشرین؟ دەتگوت رقیشم لەخۆم هەستاوە، چیرۆکەکەی دوورو درێژە، دایکم وتی خوا بەلەعنەتت بکات مەحبوبە، وتم خانم گیان دوعای لێ مەکە، وتی: دوعای لێ نەکەم هەتا ئاهی تۆ زۆرتر داوێنی من بگرێ، خوا بە لەعنەتی بکا کە منی قوڕبەسەرکرد، ئێستا دیسانەوە دوعای لێبکە!..))

وتم: ((مەنسور ئیتر بەسە)).

((نا، تازە سەرەتاکەیەتی، تۆ چارەڕەش بووی، نەبووی؟ تۆ دەڵێی هەرچی هەوڵ دەدەی ناتوانی کەست خۆش بوێ، دەی وەرە ببە بە ژنی من، لانی کەم من دڵخۆش بکە، وەرە لەرێی خوادا خێرێك بکە، مەحبوبە من تۆ دێنم، چ بتەوێ چ نەتەوێ، ئەو جارەش هەڵەم کرد، گەنج بووم، بێ عەقڵ بووم، خۆم کردبوو بە قارەمان، دەبوایە هەر ئەو کاتە کە وتت نامەوێی بەزۆر بم بردیتایەو، مارەم بکردیتایە، بەو جۆرە بە قازانجی هەردوو لامان دەبوو)).

ئەگەر بڵێم، کە لەقسەکردن، لەتاریف دانەکەی حەزم نەکردووە، درۆم کردووە، لەجێگەکەم هەستام.

وتی: ((بۆ کوێ؟))

((دەچم چا دێنم)).

((دانیشە ئەم شەو ئەوەندەم چا خوارد مردم، من دەمەوێ تۆ ببیتە ژنم، کاتێك سەیرت دەکەم پێم سەیرە، ئەم چەند ساڵە چەند گۆڕاوی، ئەم ڕەنج و ئازارانە لەجیاتی ئەوەی کە پیرت بکات، کووڕت بکات و بتشکێنێتەوە، جوانتری کردووی، ڕێکوپێك تر بوویت و خۆت نازانی، ئەو قەڵەوییەی کاتی لاوێتیت نەماوە، کزترو بەرزتر بووی، نیگات جوانتر بووە، ڕووخسارت ژنانەو شیرین بووە، هەڵس وکەوتت ئارام تر بووە، لەخۆڕانییە من لەمنداڵییەوە ئاواتم ئەوە بووە ببیتە ژنم)).

وتم: ((ئەی ئیم تاج خانم؟))

((ئاها، باسی ئەو جیایە، ئێمە بە پێچەوانەی تازە بووك و زاواكان شەوی یەكەمی زەماوەندەكەمان تەنیا دانیشتین و قسەمانكرد))، ئەو وتی: ((من زۆر ئازارم كێشاوە، ئەوەندە تانەو تەشەریان لێداوم مەگەر خوا بزانێ، لەوەی كە خوشكە بچووكەكانم مێردیان كردو من مامەوە، لەوەی كە كەس بۆ خوازبێنی من لەدەرگای ماڵەكەمانی نەدابوو، لەتەواوی ئەمانە ئازارم دەكێشا، ئەوكاتە لەگەڵ خوای خۆم رازو نیازم دەكرد، داوام لەخوا كرد كە مێردێكی ناسیاو بەرێزم تووش بكات. تەنیا ئەگەر بكرێ هەر ناوی مێردبێ، من دەزانم لەتۆ گەورەترم، دەموچاو ئاولاویم، هیچ چاوەڕوانییەكم لەتۆ نییە، تەنیا مێردم بە، تەنانەت ئەگەر شەوانەش نەیەی بۆ لام گرنگ نییە، من رازیم، هەر ئەوەندە بڵێن كە نیم تاج مێردێكی باشی دەست كەوتووە، بۆ من بەسە، هەر لەم شەوەدەوەموخەیەری ژن بێنی، ژنێكی گەنجی جوان و ساغ، دەبێ بشیهێنی، نابێ لەپێناومندا بسووتێنی، تەنیا بەڵێنم بدەرێ كە رێزی من بپارێزی، كە تەشەرم لێ نەدەیت و نەهێڵی كەسی تر بەچاوی سووك سەیرم بكات، هەر ئەوەندەو بەس)).

((لەو كاتە بەدواوە من لەگوڵ ئاسكترم پێ نەوتووە، خۆی پێداگری كردو رۆیشت ئەشرەفی بەزۆر بۆ هێنام، دەیگوت دەزانم بۆ پیاوی گەنجی وەكو تۆ ژیان لەگەڵ من دژوارە، من لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەشرەف شەرتم كرد، سەرەتا قسەم لەگەڵ بڕییەوە، بەڵام هەر لەیەك دوو مانگی سەرەتادا لەژێرەوە بەڵێنی ندەدا))، دەیگوت: ((بۆچی نیم تاج خانمی گەورەبێ و من خانمی بچووك؟! بۆچی شەوێك دەچیتە ژوورەكەی ئەوو شەوێك دێیتە ژووری من؟ بۆچی تەڵاقی نادەی؟)) من دەم گوت: ((تۆ تەڵاق دەدەم بەڵام نیم تاج تەڵاق نادەم، ئەم ژنە پەرییە)).

دوای تەڵاق سەندنەكەی تۆ نیم تاج بە منی وت: ((دەزانم مەحبوبەت خۆش دەوێ، برۆ بیهێنە)).

وتم: ((دیسانەوە بەدوای ژانەسەردا دەگەڕێی؟))

وتی: ((نا، ئەو لەگەڵ ئەشرەف زەوی و ئاسمانیان جیاوازە، لەخوێنی تۆیە، باوك و دایكی دیارەو منداڵیشی...)).

مەنسور قسەكەی خۆی بڕی، بەپێكەنینەوە قسەكانیم تەواوكرد: ((منداڵداریش نابێ، ها؟ هەر ئەوەی گوت؟ نەیگوت ئەگەر كچێكی منداڵ بێنی سبەینێ سكی پڕ دەبێ و ژنەكەت لەبەرچاو دەكەوێ؟ هەر ئەوەی نەگوت؟))

((بەڵێ هەر ئەوەی وت، وتی بنیادەمێكی وەك تۆ خیانەتت پێ ناكا، منداڵەكانی من لەبەرچاوت ناخا هەتا منداڵەكانی خۆی ئازیز بكات، وتی تۆ هەر دەبێ ژنێك بێنیو مەحبوبە لەهەموو كەسێ باشترە، ڕاست دەكات مەحبوبە، تۆ تەنیا ڕێز لەنیم تاج بگرە، با ئەو خانمی ماڵەوەبێ، با ئەو دڵی بە خانمی گەورە بوونی خۆی خۆشبێ، تۆ خاوەنی دڵی منی)).

بەدڵ ئێشاوی وتم: ((باشتر وابوو كەسەرەتا لەگەڵ ئاغا گیانم قسەبكەی)).

((قسە بكەم دیسانەوە سوكم كەی؟ دیسانەوی بڵێی نامەوێ؟ لەپانزە ساڵیدا یاخی بووی، سەربەخۆ بووی، ئێستا دەبێ لەگەڵ ئاغا گیانت قسەبكەم؟ ئیتر گوێ بە قسەت نادەم، من تۆم دەوێ مەحبوبە، تۆ كارت بە نیم تاجەوە هەر نەبێ، ئەوە دوایی دانێ بۆ من)).

((خۆ من هێشتا نەمگوتووە بەڵێ تۆ شەرتو مەرج دادەنێی؟))

((دەڵێی، دەبێ بڵێی، باش بیری خۆت بكەرەوە)).

سەرم هەڵبڕی، وەكو ئەو كاتەی كە لەناو باخەكەی مامە گیان بووینو بە توڕەییەوە وتم: ((تانەم لێدەدەی؟ پانزە ساڵییەكەم بە ڕوودا دەدەیتەوە؟ ئاغا گیانم تەشەری لێ نەداوم تۆ چ كارەی؟ من منداڵم نابێ، زۆر لەوە كەیفت سازە؟ منت لەبەر ڕۆحم ناوێ، دەتەوێ ناشرینی نیم تاج قەرەبوو بكەمەوە، بۆئەوەی كە ئەو زێڕ بێ و من تەنەكە)).

باش دەمزانی كە نابێ ئاوا قسەبكەم، دەمزانی كە زۆر خراپ دەنگم بەرزكردۆتەوە، وەكو دایكی ڕەحیم دەقیژێنم؟، قسەی چزودار دەكەم، بەڵام بەدەست خۆم نەبوو، عەسەبیو شێواو بووم، بە هەموو ئەمانەوە تەنیا توڕەیی

نەبوو کە ڕقی هەستاندم، تەنیا خەمو خەفەت نەبوو، گەرچی لەو بەلایەی کە بەسەر خۆمم هێنابوو ئازارم دەکێشا، لەوەی کە خۆم عەیبدار کردبوو، لەوەی کە منداڵم نەدەبوو، لەوەی کە خوا سزای دەدام بەتەنگ دەهاتم، بەڵام تەنیا ئەوە نەبوو، من لەو شەش حەوت ساڵەدا لەپاڵ ڕەحیمی دارتاشو وانەکانم چاک فێر بوبوم. شاگردێکی باش بووم، وانەی تووڕەیی، بێ حەیاییو، شەڕوئاشوب فێر بوبوم. بە ئاسانی تووڕە دەبوومو هێمنیو ئارامی جارانم نەمابوو. منیش وەکو مێردەکەی پێشترم لەتایبەتمەندی باش بەتاڵ بووم، بە قەد ئەو هاتبوومە خوارێ، چاوم دەنوقاندو دەمم دەکردەوە.

مەنسور بە سەیرێکەوە سەیری دەکردم، دەتگوت باوەڕ بەو هەڵسوکەوتەی من ناکات، دیم کە لەچاوەکانیدا تیشکی خەفەت درەوشایەوە، دیم کە چەناگەی لەچەناگەی خۆم دەچوو، لەخەفەتدا دەلەرزێ، هەر وەک چەناگەی من کە لەخەفەتدا دەلەرزێ، سەیری کردمو دواتر ئارام، زۆر ئارام وتی: ((ئەگەر پێت خۆشە وا بیربکەرەوە)).

کوتوپڕ حەزم دەکرد کە جارێکی تر ئەو داواکارییەی بڵێ، بەڵام ئەیگوت تەنیا گوتی: ((باش بیری لێ بکەرەوە)) و ڕۆیشت.

باوکم خۆشحاڵبوو، دایکم خۆشحاڵ بوو، مامو ئامۆژنم خۆشحاڵبوون، نەمدەزانی چی بکەم، لەدڵمدا بەدوای عەشقی مەنسوردا دەگەڕام کە نەبوو. تەنانەت خۆشەویستیو شتێکی تێدانەبوو کە بەرەو لای ئەو ڕامکێشێ. چونکە دڵم نەمابوو، ساردی سارد، بەردی بەرد، ڕۆژی سەد جار دەمگوت دەڕۆم دەڵێم نا، نامەوێ، ئەمە چ تاوانێکی بێ چێژە؟ من خۆ ئەوم ناوێ بۆچی دڵی نیم تاج بنێشێنم؟ بۆچی ئازاری بدەم، بەڵام نیگای چاوەڕوانی دایکم دەدەی، چاوانی ئاواتخوازی باوکم دەدی، بێدەنگی پڕ لەپاڕانەوەی ئەوان منی ناچار دەکرد. نەمدەویست دیسانەوە ناڕەحەتیان بکەم.

هەرکاتێ باسی مەنسوریان دەکرد دایکم چاوەکانی تروسکەی دەهات، باوکم زەردەی دەگرت، دەمزانی کە ئاغا گیان داوای لەدایکم کردووە کە لەم بارەیەوە

Scanned by CamScanner

قسەم لەگەڵ ئەکات. بەمجانە زۆر گوشارەوە. باوکم لەوە ئاگاتر بوو کە من ناچار بە زەماوەندی زۆرەملێ بکات. لەوە دەترسا کە دیسانەوە بشکێمەوە. لەڕۆحی ناسکی من دەترسا، من خۆم باشم دەزانی کە دەرەنگ یان زوو دەبێ زەماوەند بکەم. بەڵام لەگەڵ کێ؟ بەدڵنیاییەوە ئیتر شانسێکی وام بۆ زەماوەندکردن نەبوو. هیچ پیاوێکی گەنج ئامادە نەبوو لەگەڵ بێوەژنێک کە منداڵیشی نابێ زەماوەند بکات

هەموو ئەمانە نەک تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە شووم بەرەحیە کردبوو. بەڵکو بۆئەوش بوو کە لەگەڵ ڕوقیە چووم بۆ باشووری شارو بەشێکم لەجەستەی خۆم لێکردەوەو فڕێمدا، بە پەلەمریشکێک هۆمای بەختەوەری خۆمم لەدەروونەوە کوشت. باش دەمزانی کە ئیتر عەشقێکی وا شێتانە ئاگرم ناداو هیوادارتربووم کە ئەو نەفرەتە تاڵە هەرگیز دووپات نەبێتەوە.

ئێستا ئەوەی کە وا شێتانە دەمویست بەدەستم هێنابوو. ئەوەی وا ترساندبوومی‌و پشتم لێکردبوو تێپەڕم کردبوو. دەمزانی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری من لەم ژیانەدا بەیەکجاریی. لەدووپات بوونەوەی هەستان لەبەیانی‌و خەوتن لەشەو، لەبێکاری بەدرێژایی ڕۆژو گریان بەنیوە شەو. لەهەستی پڕوپووچ بوون‌و لەئاواتی مردن، زەماوەندێکی دووبارەیە. گەرچی بوبوم بە ژنێکی ساردو بێ هەست، بە هەموو ئەمانەوە دەمزانی ئارامشم ببێ. لەژیانی خۆمدا بەدوای ئامانجێکەوەم، لەوە شادو خۆشحاڵ بووم کە دایک‌و باوکی دڵشکاوم ڕازی دەکەم‌و بەچاوی عەقڵ دەمدی کە باشتر لەمەنسور هیچ پیاوێکی تر بۆ من نییە. ئەم جارە دەمویست بە عەقڵ‌و مەنتیق بڕیار بدەم، بەڕای دایک‌و باوکم. داوایان لەمن دەکرد ک ماباقی تەمەنم خانمە بچکۆل بم، چارێکی ترم نەبوو. هەرچی بوو لەتەنیایی باشتر بوو، ئەم ئەزموونەم بە بەهایەکی قورس بەدەست هێنابوو. مەنسورم راسپارد کە: ((دەبمە ژنت)). سێ دانگ لەباخی شەمیرانی کرد بە مارەیە، بەڵام بەداخەوە، کەس باسی جێژنی زەماوەندی نەکرد، نەدەکرا جێژن بگرن، لەبەر نیم تاج، پێی ناخۆش بوو.

Scanned by CamScanner

ئەمە ئیتر لەتاقەتی ئەو بەدەربوو، شەوێک لەگەڵ مامەو ئامۆژنم، خوشکەکانو براکان، کچە مامەکانو کوڕەمامەکان لەگەڵ هاوسەرەکانو منداڵەکانیانو، پوورەکانم بە تەنیایی هاتن بۆ ماڵمان، وەکو میوانییەک، خۆیشم لەگەڵ دایە میوانداریم کرد، دانیشتینو قسەمان کردو پێکەنین، چاو شیرینیمان خواردو مەلایەکیان هێنا مارەیکردم، دیسانەوە ئاواتی جێژنی زەماوەند لەسەر دڵم مایەوە، مەنسور منی برد بۆ شەمێران بۆ ماڵەکەی خۆی، بینایەکی گەورەی ناو باخەکە لەبەشی باکووری باخەکە هی نیمتاجو منداڵەکانی بوو، منی بردە بەشی باشووری باخەکە، بینایەکی نوێی بچکۆلانە بەدوو سێ ژوور کە نزیکەی سەد مەتر لەبیناکەی تر دوور بوو.

ئەم مەودایە بە حەوزێکی پڕ لەئاوو، داری بەروو چەند باخچەیەک لەپێش بیناکەی باکوورو باخچەیەک لەبەرامبەر بینا باشوورییەکە، پڕ بوبوەوە، ئەو بینایەی باشووریان بۆ ئەشرەف خانم ساز کردبوو، ئەوێ بوو بە ماڵی من.

نیمتاج لەماڵ نەبوو، لەگەڵ منداڵەکانی مانگێک چوو بوو بۆ زیارەت، رۆیشتبوو بۆ مەشهەد، دەمزانی بۆچی ڕۆیشتووە، ماڵەکەی بۆ ئێمە جێ هێشتبوو، دەمزانی ئەمشەو کە مەنسور دڵی خۆشە لەدڵی نیمتاج دا چ غەوغایەکە.

لەماڵە بچووکەکەدا هیچ کەموکوورییەک نەبوو، یان باوکم جیازیی لەگەڵ ناردبووم، یان مەنسور دابینی کردبوو، لەگەڵ ماڵەکەی پێشووم زەوی تا ئاسمان جیاوازیی هەبوو، مەنسور میهرەبان بوو، عاشقم بوو، ئەو حاڵەتی خۆشویستنەی ڕابردوومی بیردەبردمەوە، ڕێزم لێدەگرت، دڵم بۆی دەسوتا بەڵام سەبارەت بەو سارد بوومو هەوڵم دەدا بەو نهێنییە نەزانێ.

جێگاوبانی جوانیان لەسەر تەختی فەنەری ڕاخستبوو، لەپاڵ پەنجەرەکە وەستا بوومو سەیرم لەبیناکەی نیمتاج دەکرد، بەشی سەرەکی ئەم ماڵە ئەو بینایە بوو، مەنسور لەسەر تەختەکە دانیشتبوو سەیری دەکردم.

Scanned by CamScanner

((دەمزانی مەحبوب، تەنیا قژە پەرێشانەکانی سەر شانت نییە کە منی شێت کردووە، تەنیا روخسارت نییە کە ئەوەندە جوانە، دەڵێی سەرخۆش‌و خوماری، بوێتە سۆڵی من)).

پێکەنیم وتم: ((کاتێك لەناو خەڵکدای ئەوەندە عاشق نیت، ساردو مۆنی، هیچ کەس بڕوا ناکات کە مەنسور ئەو قسانەش بزانێ، ڕۆژی چوار شەممە سوورێت لەبیرە؟ ئەوەندە وشك‌و جدی‌و ڕووناخۆش بووی کە حەزم دەکرد لێت بپرسم بیر لەچی بیردەکەیتەوە، بۆچی لەو دنیایەی دەوروبەرت دووری؟ چ بیرێك وا سەرقاڵی کردووی کە لەژیان‌و بەشداری لەخۆشی خەڵك بێ ئاگابی!))

وتی: ((بەڕاست؟ دەتویست بزانی؟ هەر ئەو کاتەی کە لەسەر ئاگرەکە بازت بەداو ڕووخسارت سوور هەڵگەڕابوو، هەر ئەو کاتەی کە سەرنجت لەمن نەدەدا، سەیرم دەکردی‌و ئەم شیعرەم بۆ دەگوتی:

زوڵفی پەرێشانی داهێناو لێو بە پێکەنین‌و سەرمەست

کراسی دادڕاو غەزەڵخوێن‌و جام لە دەست

وە دەمزانی کە منت لەدڵەوە خۆشدەوێ‌و، لەوانەیە خۆت هێشتا نەتزانیبێ)).

بەنازەوە پێکەنیم:((ئەو قسەیە چییە؟ ئەو شەوە من هەر لەبیری تۆدا نەبووم)).

((ئەی بۆچی سەرنجت نەدەدام؟ بۆچی هەموویانت ڕاکێشا تا لەسەر ئاگرەکە بازبدەن جگە لەمن؟ بۆچی خوجەستەو نێزهەت گاڵتەیان لەگەڵ دەکردم بەڵام تۆ ئیهمالت دەکردم؟ ئەگەر لەگەڵ کەسانی تر مەیلت هەبوو ئیتر لەیلی بۆچی جامەکەی منی شکاند؟))

بزەی دەگرت‌و ئارام قسەی دەکرد، دەنگی قورس‌و قایم‌و پیاوانەو لەهەمان حاڵدا ئارام بەخش بوو.

حەزم دەکرد ئەو قسە بکات‌و من گوێی لێبگرم، ئەو، بەو ئارامی‌و هێمنییەوە، شیعری حافز بخوێنێتەوەو منیش گوێی لێبگرم، حەزم دەکرد کە ئاگری ناو کوورەکە هەرگیز نەکوژێتەوە، قسەکانی میهرەبانۆ هێمن بوو و باسی زانیاری

قووڵو تنگەبشتوویی ئەوی دەکرد، ڕۆحی ماندووی من کە تینووی دلسۆزیو خۆشەویستی بوو، بە وتە شیرینەکانی ئەو ئارام دەبووەوە، نیگای قووڵو میهرەبانیی مەلهەمێك بوو کە زامە کۆنەکانی دڵمی ساڕێژ دەکرد، دەمزانی کە دەتوانم پشتی پێ ببەستم، دەمزانی کە پشتیوانم دەبێ، پیاوێك بوو کە ڕێزی لەهاوسەرەکەی خۆی دەگرت

ئاری بۆ لێدەدام، تەنیا بۆ منو بۆ دڵی خۆی، ڕۆژەکانی ژیان ئارامو بێ پەلە وەکو جۆگەلەیەکی سەرولێژ دەخزیو تێپەڕدەبوو، چرای ماڵەکەی نیم تاج تەنیا مانگێك کوژاوە بوو

ڕۆژێك کە نیم تاج لەگەڵ منداڵەکانی خۆیو کوڕەکەی ئەشرەف لەزیارەتی مەشهەد گەڕانەوە، کاتژمێر دەی بەیانی بوو، من ڕاحەتو ئارام لەپاڵ مەنسور خەوتبووم، دەنگی هاتوچۆو قیژو واژی منداڵەکان بەخەبەری هێنایین، مەنسور لەجێگەکەی دەرپەڕیو لەپشت پەنجەرەکەوە چاوی بە منداڵەکان کەوت، ڕۆژێك زووتر گەڕابوونەوە، بەخێرایی جلی لەبەرکردو لەوکاتەدا کە خۆی ڕێکوپێك دەکر وتی: ((جلەکانت لەبەرکە مەحبوبە، خێراکە، خانم هاتەوە، دەبێ بڕۆین بۆ لای)).

لەتەختەکە بازم دایە خوارێ، بەدەوری خۆمدا سوڕامەوە، دەرگای مەعرەزەکەم کردەوە هەتا جلێکی باش پەیدا بکەم، قژم دابێنم، هەتا بڕۆم دەستو دەموچاوم بشۆم، بەڵام خانم خانم وتنی مەنسور شێتی کردم، ئەوەی کە دەیگوت دەبێ بڕۆین بۆ لای ناڕەحەتی دەکردم، خۆ گەوج نەبووم، باش دەمزانی کە ئەرکی من چییە، کەوایە خۆزگە مەنسور ئەوەندە ئەمری نەدەکردو هەوڵی لەگەڵ نەدەدام، بە هەموو ئەمانەوە زەردەم دەگرت، ئێستا خەریك بوو پێڵاوەکانم لەپێدەکرد، ((بەسەر چاو مەنسور گیان، ئێستا ئامادە دەبم)). هەر لەو حاڵەدا توڕەیی لەدەروونمدا دەکوڵا، حەزم دەکرد تەواوی ئەو ژیانە ئاگر تێبەردەم.

خۆم جوان نەکرد، نەمدەویست زۆر بەخۆم رابگەم، پێویست نەبوو، ئا پێویستییەکم بە خۆ دەرخستن بوو، کاتێك کە ڕەقیب لاوازییەکەی خۆی دەزانی،

کاتێ کە شکستی خواردبوو، مەنسور دیسانەوە وتی: ((قژەکانت کۆکەرەوە مەحبوب گیان، با ئەوەندە پەریشان نەبێ)).

تێنەدەگەیشتم، ئەگەر بەراستی ئەوەندەی کە دەڵێ تۆم خۆش دەوێ، ئەی بۆچی هەوڵی ئەوەیە کە دڵی نیم تاج بەدەست بێنێ؟ دەمم کردەوەو وتم: ((بەسەرچاو مەنسور گیان))و بەدەمییەوە پێکەنیم.

خەریکی قژەکانم بووم کە کلفەت(کارەکەر)ەکەی نیم تاج هەواڵیدا کە خانم دێن بۆ ئێرە، چوون دەموچاویان بشۆن چەند خولەکێکی تر دێن.

تازە قژەکانم بەستبوو کە دەرگاکە کرایەوەو، خانمێک بەچارشێوێکی نوێی سپی گوڵدارەوە هاتە ژوورەوە، لەجۆری دەموچاو داپۆشینەکەی تێگەیشتم کە نیم تاجە.

تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوو، ئەگەرچی چاوەکانی گەورەو جوان بوو بەڵام دیسانەوە پەڵەپەڵە ئاوڵەی پێوە دیار بوو.

((سەلام)).

دەنگی شادو بەپێکەنین بوو، تۆقەکەم کە بە پەلە لەقژم دابوو کرایەوەو قژەکانم بڵاوبوونەوە، ئەگەر مەنسور ئەوەندە پێداگری نەکردایە لەوانەبوو تۆقەکەم توندتر لەقژم بدەم، یان لەجیاتی تۆقەیەک چوار تۆقەم لێدەدا.

وتم: ((ئاخ، من دەمویست بێمە خزمەتتان)).

سەیری سەرتاپامی کرد: ((چ جیاوازییەکی هەیە؟ تازە تۆ تازە بووکیشی، ئەرکی منە)).

لەقسەکانیدا تەنانەت تۆزێک تانەوتەشەری تێدا نەبوو، جۆرێک قسەی دەکرد کە دوژمنەکەیشی نەرم دەبوو، مەنسورم لەبیر بردەوە، ((فەرموون با بچین بۆ ژووری میوان، قوڕ بەسەرم کوورەکەش هەڵنەکراوە)).

((نا، نا، کاتت ناگرم، دێم بۆ ژووری دانیشتن، هەر لەوێ لەژێر قورسییەکە خۆشترە)).

((فەرموون پێڵاوەکانت لەسەر چاو)).

لای ئەمن بەرزتر بوو، کەمێکی مابوو بە قەد مەنسور بێ، لەژێر قورسییەی دانیشتن، ئاگری قورسییەکە سارد بوبوەوە، کوورەکەم هەڵکرد، نیگاکانی لەسەر پشتەو قژەکانەو سەرتاپێیم هەست پێکرد، وتم: ((ئێستا دێمە خزمەتتان، ئەبێ ببورن))

کارەکەرەکەم چایەکەی ئامادەکردبوو هێنای، شیرینیو هەندێک شتی تریشی هێنا

لەژێر چاوەوە سەیری منو ئەوی کردو ڕۆیشت، کوورەکە گەرم بوو، مەنسور چوو بۆ لای منداڵەکان، دیسانەوە هەر ئەو ڕواڵەتە جدییەی بە خۆیەوە گرتبوو کە دەنگوت گۆچانی قووتداوە، لەسەر لایەکی لێفەکە دانیشتمو تەعاروفم کرد: ((زۆر بەخێربێن خانم گەورە)). بە بەکارهێنانی ئەو نازناوە نیشانمدا کە ئەو لەمن گەورەترەو خانمی گەورەی ماڵە.

پێدەنگ سەیری دەکردمو وتی: ((بەڕاستی کە جوانی)). دواتر بەستەیەکی لەژێر چارشێوەکەی هێنایە دەرێو دایە دەستم: ((ئەوەم بۆ هێناوی، دیاری مەشهەدە)).

نەبات بوو و گوڵێکی زەعفەران.

((زەحمەتتان کێشا، دەستتان خۆش بێ)).

دواتر سندوقێکی چکۆلانەی خستە سەر سینییە مسەکەی سەر قورسییەکە، ((دەبوایە زووتر بهاتمایەتە خزمەتتان، بۆ موبارەك بایی، بەڵام ئیتر لەسەفەر بووم، ئەمە دیارییەکە لەلایەن منەوە، وەری گرن)).

سندووقەکەم کردەوە، سینەبەند(ملوانکە)ێکی ئاڵتوون بوو، وەکو بەرتیل وابوو، نیشانەی شکست بوو، دیاریی حوکمڕانێکی لاواز بوو بۆ سوڵتانێکی سەرکەوتوو، دڵم بۆی سووتا، بە ئەسپایی و لەژێر لێوەوە وتم: ((پێویست نەبوو، بەڕاستی پێویست نەبوو)).

کوتوپڕ ماڵەکە پڕ بوو لەقیژو واژی منداڵان، کوڕەکان، کوڕەکەی خۆی، کوڕەکەی ئەشرەفی خوا لێخۆشبوو، هەردوکیان خاوێن، هەردوکیان وەك یەك،

Scanned by CamScanner

هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەم دوو منداڵەدا نەبوو، کەوتمە گومانەوە، بەرگی پەرمەندە بەدەستی کێ بوو؟ من یان ئەو؟ بە زۆری من کارەکرەکەی ناردو ویستی ناهید بێنێ، کوڕەکانم ماچ کرد، هەردووکیان لەحاڵەتی هاریشدا بە ئەدەب بوون.

بەناشکرا خانمێک کە ئەرکی دایکایەتی ئەوانی لەئەستۆ بوو بەراستی لایەق بوو، ناهیدیان هێناو خستیانە باوەشمەوە، دڵم بێ هێز بوو، حەزم دەکرد هی من بێ، منداڵی من بێ، لەباوەشی مندا نامۆیی دەکرد، تەنیا خۆی بۆ سەر قورسییەکە دەکێشاو هەوڵی دەدا هەموو شتێک دەستکاری بکاو بیهێنێ بۆ خۆی، ئەوەندە جوان بوو، ئەوەندە لەدڵەوە نزیک بوو، داوای هەر شتێکی بکردایە بەدەستی دەهێنا، کوڕەکان ماندووبوون‌و رۆیشتن، ناهید خەوت، لێفەکەم بەسەریدادا تا سەرمای نەبێ، ناسک‌و جوان بوو. نازانم چی بوو کە حەزم کرد لەگەڵ ئیم تاج دەردی دڵ بکەم، وتم: ((خۆزگەم بە خۆتان)).

پێی سەیر بوو: ((خۆزگە بە من؟))

((بەڵێ، بەم منداڵە جوانانەی کە تۆ هەتن)).

چارەکانی حاڵەتێکی خەمباری بە خۆیەوە گرت‌و بێدەنگ بوو، دواتر بە ئەسپایی چارشێوەکەی لەسەری لابردو وتی: ((دەی سەیریکە با خەفەت نەخۆی)).

تەکانێکم خوارد، ئاوڵە چی لێکردبوو، لەتەواوی دەموچاوی هەتا بن گوێی جێگەیەکی ساغ نەبوو، لەهەمووی خراپتر قژەکانی بوو، دەتوانی دانە دانە بیبژێری، ئەو هەژارە خەنەیشی لێدابوو، بەو هیوایەی کە پڕتر ببێتەوە.

ئێستا باش دەمزانی کە مەنسور بۆچی دەیگوت قژەکانم لەپشتەوە ببەستم، هەستم بە شەرم کرد، هەستم کرد بنیادەمێکی ناجسنم، لەقژە درێژو پڕەکانم تەریق بوومەوە، کەوتمە ژێر کاریگەی کەسایەتی بەهێزو میهرەبانی ئەو، ئەو لەمەلس‌وکەوتدا زۆر لەمن بەرزتر بوو، پێم وابوو کە دەبێ رێزی لێ بگیرێ.

کوتوپڕ خۆشم ویست، نەتدەتوانی تێبگەی کە لەکاتی ساغیدا جوان بووە یان ناشرین، تەنیا لێوە گەورەو لەرووەکانی تا رادەیەک لەزیانی توشبوون بە ئاوڵە

بە دوور بوون. بزەیەکی نەرمو خەفەتباری کردو پرسی: ((دیسانەوە خۆزگە بە خۆم؟))

بێ ئیرادە وتم: ((منیش ساغ نیم، منداڵم نابێ))و، چاوم پڕ بوو لەئاو.

((دەزانم)). بێدەنگ بوو، هاوکات لەحاڵێکدا کە سەری داخستبوو بە ئەسپایی وتی: ((هاتووم تکایەکت لێبکەم، کارێك مەکە کە من لەبەرچاوی مەنسور بخەی، چونکە من زۆر جوان نیم بۆ ئەو، بەتایبەتی کە ئێستا تۆ دەبینم، من منداڵم هەیە. بەوە رازی مەبن منداڵەکانی من بێ باوك بن، دەربەدەرمان مەکەن، تەنیا ئەوەندە))

هەرچەند ناشرین بوو، توانای نەبوو، داماو بوو، لەحاڵێکدا کە دەپاڕایەوە، ئەوەندە کەسایەتیەکی بەرزی هەبوو کە شێتی دەبووم، وتم: ((من هەڵە دەکەم ئەگەر کاری وا بکەم، هەر لەسەرەتاوە دەمزانی کە ئێوە منداڵتان هەیە، ئەگەریش ئاغا بیەوێ لەحەقی تۆدا کەموکوڕی بکات، من ناهێڵم، سەرەتا من دەرکات دواتر هەرچی پێ خۆش بوو بیکات)).

لەقووڵایی دڵمەوە دەمگوت، بەخەیاڵ نەبوو، تەنانەت لەلای ئەو ئێزنم بە خۆم نەدەدا، بە مێردەکەم بڵێم مەنسور، نەمدەویست کە بزانێ ئەوەندە یەکمان خۆش دەوێ، نەمدەویست ئازاری بدەم، وتی: ((وا بیرنەکەیتەوە کە من بە مەنسورم وتووە کە دوو شەو جارێ لەلای من بێ! من هەر ئەوەندە کە مێردێکم هەبێ ناوی بەسەرمەوە بێ، هەر ئەوەندە کە خوا ئەو منداڵانەی بە من داوە، هەر ئەوەندەی کە ئیتر دوژمنەکانم پێم شادنابێ، ئیتر چاوەڕوانییەکی ترم نییە، تەنیا ڕێزگرتنێكو هیچی تر، تەنیا ناوی بەسەرمەوەبێ، هۆشی بە منداڵەکانمەوە بێ)).

وتم: ((من رازی نابم دڕك بەپێی منداڵەکانتدا بچێ خانم، بەپێی هیچ منداڵێکتدا، من خۆم کوڕێکم هەبوو)). فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ، بەخۆمم وت: ((ئەی ژەهری مار، دیسانەوە کەوتیتەوە جوکە جوك؟ دیسانەوە نەتوانی بەسەر خۆتدا زاڵبی؟ دیسانەوە...)).

بەڵام ئەم برینە کۆنە دەرمان نەدەکرا، هیچ کات دەرمان نەدەکرا.

شەرمەزار بوو وتی: ((ببورن نارەحەتم کردن، بەم بەیانییە....)).

((ئێوە نارەحەتتان نەکردم، خۆم ئەم نارەحەتییەم بۆ خۆم دروستکرد، ئەم بڕنزمشەیەم بە بەهای گیانم کڕی، ڕۆژنییە نەڵێم چ هەڵەیەک بوو کردم)).

لەجێگەکەی هەستا، سەری ماچ کردمو بە لەحنێکی میهرەبان وتی: ((زۆر کەس حەزیان دەکرد لەجێی تۆ بوونایە، یەکێکیان خودی من))و، چارشێوەکەی بە سەرداداو ڕۆیشت.

بە تەنیا لەلای قورسییەکە دانیشتمو لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرێم دەکرد، لەیاری چارەنووس سەیرم دەهات، ئێمە سێ کەسی سێگۆشەیەکی گاڵتەجارو خەفەتبارمان پێکهێنابوو، هەموو شتێکمان هەبوو هیچمان نەبوو، نیم تاج منداڵی دەویستو ئەوەی کە ناوی شووی بەسەرەوە بێ، ئەوەی دوایی لای گرنگ نەبوو، مەنسور ژنێکی گەنجو جوانی دەویست کە قەرەبووی رووخساری ناولاری ژنەکەی بکاتەوەو، منیش ئیتر هەر باس ناکرێ، مێردم هەبوو نەم بوو، منداڵم هەبوو نەم بوو، بوونم لەو ماڵەدا پێویست بوو بوونو نەبوونم لەژیانیاندا کاریگەریی نەبوو، دوژمن بووین کە هەر دووکمان وەک یەک بووینو ناچاربووین لەری ترمان تەحەمول بکەین، بە بوونی ئەمانە لەلای یەک بەختەوەرو لەبوونی یەکتری ئازارمان دەکێشا، ئەمە چارەنوسێک بوو کە بۆ خۆم دروستم کردبوو، ئەمە بەشێک بوو کە لەدەرەنجامی سەرکەشی من بۆ مەنسورو نیم تاج تۆمار کرابوو.

لەسەرمای زستان، لەسوچێک کە ئێمە هەمان بوو، لەماڵە بچکۆلەکەی لەرسەری باخەکە، ئێمە گەرم بووینو، من بەهۆی بوونی کارەکەرو نۆکەرو باخەوانەوە کارێکی وام نەبوو بیکەم، هەر کارم نەبوو، دەرگایەک لەباکورەوە بۆ خانووەکەی من دەکرایەوە، پێش ئەوەی بکرێ بە دەرگا هەیوان بوو، لەبەهاردا گوڵە کاغەزیو توریەکانو، لەهاویندا ئینجانەی پڕ لەگوڵ یاسەمینمان لەچەند جێگەیەکی دادەنا، لەناو خانووەکەدا بەرپێیەکی بازنەیی لێبوو، کە فەرشێکی

بچکۆلانەم لێ ڕاخستبوو، لەلای دەرگاکە مێزێکی نەخشداری لێبوو کە ئاوێنەیەکم لەسەر دانابوو، هەموو جارێ ئینجانەیەکم پڕ دەکرد لەگوڵو لەسەری دادەنا.

لەبەشی چەپ، ڕێک بەرامبەری ئاوێنەکە، جێگەی هەڵواسینی جلێك بەدیوارەکەوە داکوترابوو، هەروەها لەوێدا دەرگایەك بۆ ژووری میوان دەکرایەوە. ژوورەکان پڕبوون لەفەرش‌و قەنەفەو قورس‌و ئەو تابلۆی وێنانەی کە مەنسور حەزی لێدەکردو کڕیبوونی،ماڵەکەمان شێوازێکی عارفانەی هەبوو، بە هەموو ئەمانەوە من خەفەتباربووم، وەکو ڕۆحی سەر لێشێواو لەناو ئەم بینایەدا دەگەڕام‌و ئاواتم ئەوە بوو تەواوی ژیانم لەگەڵ منداڵێکی کوڕ بگوزەرێنمەوە، کوڕێك کە کڵاوی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر بکات‌و لەلای حەوزی ئاوەکەوە یاری بکات.

مەنسور عاشقی وێنە کێشان بوون، عاشقی تار بوو، عاشقی کتێب بوو جارجارەش بڕێکی دەخواردەوە، لەبەشی چەپی بیناکە دوو ژووری لەناویەکدا هەبوو کە بەدەرگایەکی درێژ لێك جیادەکرانەوە، ژووری خەوەکەمان پەنجەرەیەکی ڕوو لەباخەکەی تێدابوو، ژووری دانیشتنەکەشمان کە لەپشتی ئەودا بوو لەرۆژهەڵاتەوە ڕووناکی وەردەگرت کوورەیەکی دیواری لێبوو کە دواتر کرا بەکوورەی نەوتی، من ئەم ژوورەم زۆر خۆش دەویست، ژوورێکی کەمێك گەورە بوو، لەپاڵ پەنجەرەکە مێزێکی گەورەم لێ دانابوو، دوو قەنەفەی گەورەم لە هەردوو لای کوورەکە دانابوو، کە لەبەرامبەر هەر یەکێکیاندا مێزێکی بچکۆلانە هەبوو بەو سەرمێزانەی کە خۆم چنیبووم ڕازاندبوومەوە.

بە هەموو ئەمانەوە، زستانان لەبەرامبەری کوورەکە قورسییەکی بچکۆلانەشم دادەنا، قورسییەکی خاوێن‌و جوان بوو، کە هەر کەس سەیری بکردایە پێی سەیر بوو. بە هۆی ئەوەی کە کتێبخانەکەی مەنسور لەماڵی نیم تاج بوو کە نیم تاج خۆیشی کتێبی دەخوێندەوە، ئەو کتێبانەشی کە بۆ خوێندنەوە لەگەڵ خۆی دەیهێنان ئەو شەوانەی کە لەلای من دەماوەیەوە، لەبەشی سەرەوەی ژوورەکەو

بەرامبەر پەنجەرەکە لەقەفەسێکدا هەڵچنرابوون، کتێبی زۆر پڕ بایەخ کە ئینسانی هۆشیاری بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا.

زستانان کە بەفری شەمێران هەموو شوێنێکی سپی پۆش دەکردو، دیسانەوە کلوکلو بەفر لەئاسمانەوە دەهاتە خوارێ، کاتێك نۆبەی من دەهات مەنسور لەلام بێ کە شەو ناشەوێك بوو، چام بۆ لێ دەنا، بەدەستی خۆم ئەو چێشتەی کە حەزی لێبوو لەچێشتخانەکەی پشت خانووەکە بۆم ئامادەدەکرد، ئەو شیرینیانەی کە خۆم دروستم دەکردن‌و ئێستا بە هۆی بێکاری‌و تەنیابوونەوە، لەدروستکردنی شیرینی لێهاتوو و شارەزا بوبوم، لەسەر قورسییەکە لەسەر کەشەفەیەك دام دەنا، جلی جوانم لەبەردەکرد، بۆنم لەخۆم دەدا، قژەکانم هەتا پشتێنم بڵاودەکردەوە تا ئەو بێت، دەهات‌و دادەنیشت، ئیتر تووڕە نەبوو، ئیتر مۆن نەبوو، لەدەرگاکە کە دەهاتە ژوورەوە نەرم دەبووەوە، شەیدا دەبوو بانگی دەکرد: ((مەحبوب گیان))و، من لەبەخیلیدا دەمردم کە ئایا ئاوا بانگی نیم تاجیش دەکات؟ هەر ئاوا بەو شێوەیە؟ پێی دەڵێ گیان؟ لەبەرچاوی مندا پێی دەگوت خانم، بەڵام لەلای ئەویش بە منی دەگوت خانم، خۆم لەو بەخیلییە بێ جێیە سەیرم دەهات، من خۆ بۆ مەنسور نەمردبووم، ئەی بۆچی تەواوی بوونی ئەوم دەویست؟ دڵ‌و ڕۆحیم پێکەوە دەویست؟ دەمویست تەنیا بۆ خۆم بێ، تەنیا نازی من بکێشێ، دیسانەوە خووی ژنانە لەمندا زیندوو بوبوەوە، وەکو هەموو ژنێك، یان لەوانەیە بڵێم زۆرتر لەهەر ژنێك حەزم دەکرد هەموو شتێکی باش هی خۆم بێ.

دادەنیشت‌و سەیری دەکردم، نانی ئیواری دەخوارد، کتێبی دەخوێندەوەو، دیسانەوە سەیری دەکردم کە بەڕێگەدا دەڕۆیشتم، کە ئیشم دەکرد، کە قاپەکانم دادەنا و لام دەبرد، پێدەکەنیم یان دڵگیر دەبووم، دەیگوت: ((قەد قژت نەبڕیتەوە مەحبوبە، با بەسەر شانتدا بێتە خوارێ))و، هەرکات بانگی دەکردم: ((مەحبوب گیان)). دەکەوتمە یادی ڕەحیم‌و پەنجەی پەشیمانیم دەگەست.

Scanned by CamScanner

ئەگەر ئاوام لەخۆم نەکردایە، ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە هەڵەیەم نەکردایە، ئێستا خانمە چکۆڵ نەدەبووم، ئەزۆک نەدەبووم، ئێستا منداڵی مەنسورم لەباوەشدا دەبوو. گەرچی منداڵەکانی ئەویش وەکو منداڵی خۆم وابوون، بەڵام لەنێوان بانگی من و بانگی گەردوون، لەزەوییەوە تا ئاسمان جیاوازی هەبوو.

هەر ڕۆژێ کە نۆبەی نیم تاج دەهات بە خۆمم دەگوت خۆت بویتە هۆکاری ئەوەی کە نیم تاج بهێنێ و. هەر ڕۆژێ کە دەبوە نۆبەی من دڵم لەشادیی دیدارو داگیرکردن و قسەکردن لەگەڵ ئەو پڕ دەبوو، بەخۆمم دەگوت ئەم هەستە هی عەشق نییە. لەبەر مەیلی خۆ بەزلزانی بەسەر نیم تاجە، بەڵام هێزێك لەدەروونمدا هاواری دەکرد، گەوهەرێکی گران بەهات لەدەستداوە، بۆ خۆت هاوبەشت تاشیوەو ئێستا سزادەدرێی، من ئەو سزایەم قبووڵکرد.

*　　*　　*　　*

مەنسور دەهات بۆ لای من و تاری بۆ لێدەدام.

((مەنسور گیان بە سووك لێیبدە، نیم تاج گوێی لێدەبێ، ناڕەحەت دەبێ)).

دەمویست لەپاڵمدا دانیشێ: ((مەنسور گیان پەردەکە دادەرەوە، نیم تاج دەمانبینێ. گوناحە)).

ڕۆژانە کە مەنسور دەچوو بەدوای کاری خۆیدا منداڵەکان ڕاکەراك دەهاتن بۆ لای من، ئەوەندە خۆیان شیرین دەکردو قسە خۆش بوون کە هەر شتێ خۆش بووایە لەماڵەکەدا بۆم دەهێنان، هاوینان مەنوچێهریش پەیوەست دەبوو بەم خێڵەوە، من دەنگی قیژەقیژو هەراو هوریای منداڵانم پێ خۆش بوو، بە حەسرەتەوە سەیرم دەکردن، بێ ئیرادە کیسەکیسە گەنمەشامیم دەکڕی و هەموو منداڵەکان دەیانزانی کە ئەگەر حەزیان لەگەنمەشامی بێ دەبێ بێن بۆ لای من، منداڵ وشیارن، ئەوان باش دەیانزانی کە من شێتی ئەوانم و زۆرم خۆش دەوێن. ئەمری چێشت لێنان بە نیم تاج بوو، وەرگرتن و دەرکردنی کارەکەرو نۆکەر لەدەستی نیم تاج دا بوو، بار هێنانی منداڵەکان بەنیم تاج بوو.

Scanned by CamScanner

کاتێک منداڵەکان دەهاتن بۆ لام ناهیدیش خەپە خەپ دەکەوتە دوایان، ئەو بەشەی خانووەکە کە نیم تاجی لێبوو هی ئەو بوو، دوو قاتو زۆر گەورە، لەماڵەکەی من خۆشتر بوو، چونکە نیم تاج منداڵی هەبوو من نەمبوو، من زۆر جار دەچووم بۆ ئەوێ، نیم تاج کەمتر دەهات بۆ لای من، نەک لەبەر ناجسنی بەڵکو گرفتاریی زۆر بوو، ئەو لەماڵدا تەنیا سەرپۆشی بەسەردا دەداو دەموچاوی نەدەشاردەوە، کارەکەرەکەی نیم تاج کە نیم تاجی گەورە کردبوو ئەوی زۆر خۆش دەویست، کە چاوی بە من دەکەوت پێی ناخۆش بوو، لەو ماڵەدا ئەو تەنیا کەسێک بوو کە منی خۆش نەدەویست، جاری وا هەبوو دەرسم بە منداڵەکان دەگوت، لەگەڵ ناهید یاریم دەکرد کە ئەوکات خەریک بوو ددانی دەردەهات‌و حەزی دەکرد گاز لەدەستم بگرێ، منداڵەکان گەورە دەبوون‌و گەورەکان پیر دەبوون‌و پیرەکان، وەکو باوکم...

تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا، منداڵەکان بۆ هەڵگرتنی دەچوونە سەر کۆڵی یەکترو دەستیان پێی نەدەگەیشت، خانم گیانم بوو، دڵم داخورپا، دەمزانی کە ئاغا گیانم نەخۆشە، زۆرجار دەچووم بۆ سەردانی، بەڵام لەو رۆژەدا دایکم بەدەنگی گیراوەوە وتی کە باوکم منی دەوێ، کچەکەی دەوێ، کاتێک کە بەسەیارە شۆفرلێتەکەی مەنسور گەیشتینە ئەوێ، هەموو لەوێ بوون، باوکم یەک بەیەکی منداڵەکانی دەویست‌و قسەی لەگەڵ دەکردن، هەر یەکەیان چاو بەگریان لەژوورەکەی دەهاتنە دەرێ.

باوکم منی بانگ کردو وتی: ((هاتی کچەکەم؟))

لەپاڵ تەختەکەی ئەژنۆم دادا: ((بەڵێ ئاغا گیان، چۆنی باشی؟))

((خراپ رۆڵە گیان، زۆر خراپم)).

دیسانەوە چەناگەم دەلەرزی، کەی فرمێسک لەکۆڵم دەبێتەوە؟ نەمدەزانی، وتم: ((ئاغا گیان...))

وتی: ((مەگری کچەکەم، مەرگ حەقە)).

((ئاااخ، نا، من خۆ ناگریم....)).

مەنسور لەپاڵ تەختەکەدا دانیشت، چاوەکانی ئەویش سور هەڵگەڕابوو، دەستی باوکمی گرت: ((سەلام مامە گیان)).

((سەرچاوم کورەکەم، مەحبوب دەدەمە دەستی تۆ، خەیاڵم راحەتە کە تۆ سەرپەرشتی دەکەی، دەزانی کاتێ کە لەگەڵ مەحبوب زەماوەندت کرد چەندە سەر بەرزت کردم؟))

مەنسور زەردەیەکی خەمناکی گرت: ((ئەو قسانە مەکەن مامە گیان)).

((نا، نا، تەعارف مەکە، گوێ شلکە مەحبوبە، من ئەو ماڵەی پێشوو بۆم کڕیبویت و، بۆ تەلاق وەرگرتنەکەت کردبووت بەناومەوە، فرۆشتم، کارێکی خراپم کردووە؟))

دیمەنی کورەکەم لەژێر پەرۆ سپییەکە، پەنای دیوارەکە هاتە بەرچاوم، خۆزگە دەمتوانی ئەو پارچە زەویەی دەرەوەی ماڵەکە ببڕم و لەگەڵ خۆم ببهێنم، ئەو کاتە دەمخستە ناو سندووقە بچووکەکەمەوە.

وتم: ((نا ئاغا گیان، کارێکی باشت کردووە)).

باوکم کە لەلایەن منەوە بە تەواوەتی وەکیل بوو، وتی: ((لەجیاتی ئەوە پارچە زەوییەکم لەقلهەک بۆ کڕیوی، لەلای باخەکەی خۆمان، هەڵبەت بڕێك پارەی خۆیشم خستۆتە سەر، چوار سەد تا پێنج سەد مەتر زیاتر نییە، بەڵام هەر باشە، دەمویست بزانم رازیت؟))

((من هەمیشە لەتۆ رازیم ئاغا گیان)).

((مەحبوب مەهێڵە مەنوچێهر خەفەت بخوا، بە خوشکەکانی تریشم وتووە، مەنوچێهر دەبێ بخوێنێ، دەبێ بۆ هەر شوێنێك کە پێویست بێ بڕوا، بێ پارەی مەکەن. هەڵبەت لەبەشەکەی خۆی، بەڵام دەبێ بچێتە باشترین خوێندنگاکان، من تۆ دەکەمە بەرپرسی ئەو، سەرەتا قسەی تۆ جا دواتر رای دایکت، لەوانەیە بیەوێ بچێت بۆ هەندەران و دایکت لەبەر سۆزی دایکایەتی رازی نەبێ، بەڵام دەبێ تۆ لەپشتی راوەستی، هەر کارێکی باش کە بیەوێ بیکات موختار بێ، هەر

کارێک کە بیبێ هۆی پێشکەوتنی با بیکات، تۆ بەرپرسی ئەوی، تۆ جێ نشینی منی لەم بابەتەدا تێگەیشتی))

تێگەیشتبووم کە دەبێ مەنوچێهر وەک کوڕم سەیر بکەم. وەکو کوڕێک کە ئیتر نەبوو. بەلام گریان بەیدەمێشت. لێم نەدەگەڕا کە هەناسە هەڵکێشم‌و قسەی لەگەل بکەم. مەنسور وتی: ((مامە گیان منیشت قبوولە؟ من لەلایەن مەحبوبەوە بەڵێنت پێدەدەم. خەیالت راحەتبێ)).

باوکم وتی: ((عەمرت درێژ بێ کوڕەکەم. خەیالی من ڕاحەتە)). بێدەنگ بوو ئەوجار وەسیەتی کرد. ئەوەی لەداراییو سامانەکەی پەیوەندی بە من‌و مەنوچێهرەوە بوو دانەدانە شیبیکردەوە. گەرچی پێشتر تۆمار کرابوو. ئەوجار وتی: ((مەحبوب گیان دەزانم کە جارجار دەچی بۆ لای عیسمەت خانم. بەلام داوات لێدەکەم کە جارجار سەری بدەی. یارمەتی خۆیو کوڕەکەی بدە. کەسی نییە)).

((هەڵبەت کە دەچم ئاغا گیان. ئەگەر ئێوەش نەتانوتایە هەر دەچووم)).

پێکەنیو دەستی بەسەرمدا هێناو وتی: ((هێشتاش هەر قۆشمەی. ئێستا هەستە بڕۆ. دەمەوێ بخەوم)).

فرمێسکەکانم لێم نەدەگەڕا.

((هەستە کچم. ئەو کارانە چییە دەیکەی؟ من خۆ هێشتا زیندووم)).

لەجێگەکەم هەستام. دیمەنی شەوەکانی شیعری حافز. شەوی لەدایک بوونی مەنوچێهر. ڕۆژی ماردبڕینەکەم. ماڵی حەسەن خان. ڕۆژێک کە ڕەحیم بۆ تەلاقدانم هاتبووە ماڵی ئێمەو هاوارەکانی باوکم هەموو بە بەرچاومدا دەهاتن‌و دەچوون. لەهەموویان زیاتر جنێوەکانی ڕەحیم دەکەوتەوە یادم. ئەو جنێوانەی کە بەمنی دەدا. وەکو سەگباب‌و باوەحیز. کە جنێوی بەم پیاوە بێ ئازارو شەریفە دەدا. یەکسەر حەزم دەکرد لێرەبێ‌و لەدەماری ملی بدەم. داهاتمەوە هێشتا دەستم لەناو دەستی باوکمدا بوو، پرسیم: ((ئاغا گیان؟....)) دیسانەوە

گەرووم گیرا، هەناسەیەکی قوڵم کێشاو وتم: ((ئاغا گیان.....منت.....
بەخشیوە؟))

بریا لاڵ بوومایەو نەمپرسیایە، فرمێسک لەچاوەکانیدا کۆبوەوە، دەستی منی رووڕەشی گووشی، بردیە سەرێ و پشتی دەستمی ماچ کرد.

دیسانەوە ژیان لەسەر رەوتی بەردەوامی خۆی دەچووە پێش، دیسانەوە بەهارو پاییزو زستان و هاوین، من شێت بووم، منداڵم دەویست و نەدەکرا، بۆچی دەبوو ئاواتی شتێکم هەبوایە کە نەدەکرا، چووم بەدوای چارەسەری خۆمدا، دەواو دەرمانیماڵەوە دەستی پێکرد، هەر کەسێ هەر چییەکی وت بەقسەم کرد، کەسانی نەخوێندەوار، پیرەژنەکان، جادو، هیچ کام سوودی نەبوو، خۆیشم هەر لەسەرەتاوە دەمزانی، خۆم لەهەموو کەسێ باشتر دەمزانی کە چیم لەخۆم کردووە. دەترسام بچمە لای دکتۆری خوێندەوار، پێشتر وەڵامەکەیانم دەزانی، بە هەموو ئەمانەوە بە مەنسورم دەگوت کە بەشێوەی بەردەوام دەچم بەدوای ساغ بوونەوەمدا، پێکەنی و وتی: ((چ کارێکی باش دەکەی مەحبوب گیان)).

بەڵام زۆر لەوە نەدەچوو حەز بکات، هەستم دەکرد کە جیاوازییەکی لا دروست ناکا، ئەو قسانەی تەنیا لەبەر دڵی من دەکرد، ئەو منداڵی هەبوو، کەموکووڕی نەبوو، ئەوەم باش دەزانی و تووڕە بووم، نیمتاج دەیزانی کە بەدوای منداڵ بوونەوەم نیگەرانی لەچاوی دەباری، داوای یارمەتیم لەمێردەکەی خوجەستە کرد، منی بەچەند هاوکارێکی پسپۆڕی خۆی ناساند، دەڕۆیشتم و بەتەنیا لەژووری چاوەڕوانیدا دادەنیشتم، بۆنی دەرمان بەلووتمدا دەهات و هیواداری دەکردم، هەروەک ئەو رۆژەی کە چوو بووم بە خۆشی و شادی منداڵەکەم لەبار بەرم بۆ ئەمەش خەریک بوو لەخۆشیدا دڵم لەگەرووومەوە بێتە دەرێ، دکتۆرەکان میهرەبان و بە ئەدەب بوون، سەرەتا هەموویان بزەیان دەگرت، گەشبین بوون، دەیانگوت کە بۆ خانمێکی وەک تۆ گەنج جێگای هیوا هەیە، بەڵام دوای ماوەیەک، کاتێک کە پشکنینیان بۆ کردم، کاتێک کە دەواو دەرمانەکانم بەکارهێناو کەڵکم لێ وەرنەگرت، بزە لەڕووخساریان پاک بوەوە مۆن و جدی

بوون، سەریان بەداخەوە دەجوڵاندو منجەمنجیان دەکرد، من سەیری دەمیانم دەکرد، دەتگوت چاوەڕێی وەڵامی باشم لێیان.

دەتگوت مەحکومێکم چاوەڕێی دوایین قسەکانی دادوەرم، ئەمری بەخشش یان مەرگ، ئەوان کە لەحاڵەتی من تێدەگەیشتن پشتیان تێدەکردم بۆئەوەی کە چاویان لێم نەبێ. بەئارامی پێیان دەگوتم کە نائومێد نەبم، خوا گەورەیە، کە ئەگەر بتەوی هەموو شتێکت بۆ دەکرێ، دیسانەوە دکتۆرێکی ترو قۆناغێکی دوورو درێژی دەواو دەرمانو دیسانەوە هەر ئەو وەڵامە.

ئەوەندە تێکچوبوم، کە بە تەواوەتی دەستم لەهەموو شتێك شتبوو، ئەخۆشکەوتبوم، دڵناسك بوبوم، بەڵام تەنیا بۆ مەنسور، لەبەرامبەر ئەوانی تردا ڕێگەم لەخۆم دەگرت، ڕێزی نیم تاجم ڕادەگرت، خۆم دەگرتو تەنیا شەوانە لەلای مەنسور فرمێسکم هەڵدەڕشت، ڕۆژگارم لێ تاڵ کردبوو، لەوە دەترسام کە زۆرتر پەنا بۆ نیم تاج بەرێ، سەرەنجام ڕووم لەنێزهەت کرد: ((نێزهەت خەریکم لەخەفەتدا دەمرم)).

خەمناك سەیری دەکردم: ((وامەکە مەحبوب، وامەکە لەخۆت)).

دەنگم بەرزبوەوە: ((چی بکەم؟ بەدەست خۆم نییە، بەخیلیم بە نیم تاج دێ، حەزدەکەم مەنسور ئازاربکێشێو ئەوەندە خۆشیی نەبێ، دەمەوێ مەنسور هەر تەنیا هی من بێ، تەنیا لەگەڵ من ژیان بکا....)).

نێزهەت قسەکەی پێ بڕیمو بە ئامۆژگارییەوە وتی: ((مەحبوبە پێت ناخۆش نەبێ، تۆ توونە مەزاج بووی، شەڕانیو ئاژاوەگێڕ بووی، بەدوای ژانە سەردا دەگەڕێی، هەر دەڵێی لەگەڵ ئارامی ناسازێی، وەکو خەسووتت لێهاتووە، وەکو دایکی ڕەحیم.... ئاغا گیانو خانم گیان ئێمەیان وا بارنەهێناوە، ئەم هەڵسوکەوتە لەتۆ ناوەشێتەوە. قسەی زۆر دەکەی، بەدوای بیانوودا دەگەڕێی تا ئاوانی خۆت بهێنی بەسەر خەڵکدا، حەزدەکەی بنیادەمە هەژارەکان ئازار بدەی، بەخیلیشت بە نیم تاجی بێ چارە دێ، کە هەموو ڕۆژێك چاوی بە تۆ

دەکەوێ ئەویش ئازار دەکێشێ، ئەم بەڵایە خەتای خۆت بوو، نابێ بیخەیتە ئەستۆی کەسی تر، کارێک بووە خۆت کردووەتە)).

ڕاستی دەگوت، دروست ئەو قسانەی دەکرد کە من پێشتر سەد جار خۆم بە خۆم گوتبوو، بەناڵەوە پرسیم: ((ئەی چی بکەم نێزهەت؟ تۆ پێم بڵێ چی بکەم؟))

((بڕۆ بۆ سەفەر، یەک دوو مانگ لەتاران دوور بکەوەرەوە، لەماڵو ژیانت دووربکەوەرەوە، بڕۆ بۆ مەشهەد، بڕۆ بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا، بەشکەم دووعات گیرابێ، بڕۆ با بڕێک سووک ببیت، تا تۆیش قەدری مەنسور زۆرتر بزانیو ئەویش هەروەها قەدری تۆ زۆرتر بزانێ)).

بزەیەکی تاڵم گرت: ((وا بیر ناکەمەوە کە بوونو نەبوونی من بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی هەبێ!))

نێزهەت مۆرەیەکی لێکردم.

مەنسور بە سەیرێکەوە پرسی: ((دوو مانگ؟...)).

((ئەرێ مەنسور، دەبێ دوو مانگ بڕۆم، دەبێ ئارام ببمەوە)).

بە بزەیەکی میهرەبانەوە سەیریکردم: ((تۆ؟ تۆ ئارام دەبیتەوە؟ من بڕواناکەم، من لەتۆ تووڕەترم نەدیووە، ئارام نابیتەوە))و، پێکەنیو درێژەیدا: ((هەر ئەمەیە کە من دەسووتێنێ)).

لەگەڵ دایە گیان کەوتینەڕێ، تەنیا کەسێک بوو کە بەدەردی منی دەزانیو شەریکی خەمم بوو، تەنیا کەسێ بوو کە کوڕەکەی منی بینیبوو، لەماڵێکی پاکو خاوێندا کە خزمێکی دایکم بوون نیشتەجێ بووین، هەموو ڕۆژێ کاری من بوبو بە بۆ حەرەم چوون، بە چەندین کاتژمێر دادەنیشتمو سەیری زیارەتەکەیم دەکرد، دەتگوت منو زیارەتەکە پەیوەندیمان لەگەڵ یەك هەیە، دەتگوت بە سەیرکردن دەردی دڵم هەڵدەڕێژمو ئارام دەبوومەوە، مانگی یەکەم هەموو ڕۆژو شەوێ داوای چاك بوونەوەم لەخوداو ئیمام ڕەزا دەکرد.

((تەنیا کوڕێك، تەنیا دانەیە)).

هەموو رۆژێ یەك نكا، وەكو ئەوەی كە زكر نكەم، هەموو ڕۆژێ بەیانی دەمگوت: ((دایە گیان، دوێنێ شەو خەوی كۆترم دی))

((خێرە رۆڵە گیان، منداڵت دەبێ))

((دایە گیان خەونم بە حەوزەوە دیووە كە ئاوێكی پاكو خاوێنی تێدابوو))

((ئینشەڵا خێرە، چارەسەر دەبی رۆڵە گیان، ئاو رۆشناییە)).

((دایە گیان، خەونم بە ئاغایەكی نورانییەوە دیوە، ئاوێنەیەكی پێ داوم)).

((بەه بەه، ئەوەئیمام ڕەزا شیفات دەدا)).

دواتر وردە وردە چاوم لەسەر ڕاستییەكان كرایەوە، ڕاستییەكەم وەرگرت. بەلام بەشێنەیی، دەتگوت كەسێك بە مەنتقی فەیلەسوفانە منی ئارام كردوەتەوە. دەتگوت كەسێ بە ئامۆژگاری حەكیمانە دڵداریم دەداتەوە، تەسكینیم دەدا. دەترسام ئەم ئارامشە كاتیی بێ، ئەو ئاوەی كە كوتوپڕ بەسەر ئاگری جەستەمدا ڕژابوو دەترسام بەگەڕانەوەم بۆ تاران و بەدوركەوتنەوە لەئیمام ڕەزا وەكو بڵقێكی سەرئاو بتەقێ، بڵێسەی دەروونم دیسانەوە بەرزبێتەوەو بمسوتێنێ، ڕۆژگارم ڕەش بكا، بڕوام بەخۆم نەبوو، لەهەستی زۆری خۆم دەترسام، لەمانگی نورەمدا هەموو شەوێ دوعام دەكرد: ((ئەی ئیمام ڕەزا دڵم ئارام بكەرەوە، خۆ ئەوەت بۆ دەكرێ، خۆ ئەوە گرفت نییە، دڵی دیوانەی من سارد بكەرەوە، یان بە مردن ساردم بكەرەوە، یان ئاگری دڵم سارد بكەرەوە)).

ئیتر نەدەگریام، نەدەپاڕامەوە، بە تەسلیمو ڕەزایەكی عارفانە گەیشتبووم. داماوی خۆم بێ دەسەلاتیم قبووڵكردبوو، كاتی گەڕانەوە ئارەزووی دیتنی مەنسورم دەكرد.

بە تاران و شەمیران گەیشتم، هەموو هاتنە بەپێشوازییەمەوە، منداڵەكان كە بە خۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی دیارییان دەكرد، ناهید كە ڕۆژ بەڕۆژ جوانتر دەبوو، "نیم تاج" شەرمەزار پێدەكەنی و، دەیگوت جێگەت زۆر خاڵی بووە، مەنسور لەماڵ نەبوو، وەكو هەمیشە ساردو جدی هاتە ژوورێ، دەتگوت لەبیری چۆتەوە كە من لەسەفەر بووم، سەرەتا سلاوی لە"نیم تاج" كرد، وەلامی سلاوی

منداڵەکانی دایەوەو دواتر ڕوویکردە من کە زۆر جددی و ئارام دانیشتبووم، وتی: ((بەخێر بێیتەوە. خۆش گوزەرا؟))

ئازانم بۆچی کەوتمە یادی شەوی چوارشەممەی سوور، بەیادی:

ئەگەر لەگەڵ خەڵکی هەیبوایە مەیلێ

بۆچ شوشەی مەیەکەی شکاندم لەیلێ؟

هەر بەحاڵەتی جددی وەڵامم دایەوە: ((بەخۆشی نێوە، خراپ نەبوو)).

لەژێر ڕووناکی چراکە دەمدی کە قژی تاڵ تاڵە سپی تێکەوتووە، وردە وردە قژەکانی بەرچاوی تەنك ببو، قەڵەوتر ببو، منداڵەکان هەموو ساغ و شاد بوون. کوڕەکەی ئەشرەف هەر وەکو جاران نا ئارام بوو، لەژێر مێزەکەوە قاچی بەپێی براکەیدا دەنا.

ڕووبەندەکەی قژی ئاهیدی ڕادەکێشاو دەیگریاند، هەموو، تەنانەت نیم تاجیش، شادو جوان و قەڵەوتر بوبون، لەجاران، دەتگوت لەنەبوونی من خۆشیان دیوە، بزەیەکی ئارام لەسەر لێوم نیشت، مەنسور سەیرێکی کردم کە تروسکەیەکی سەیری تێدا بوو، تەنیا ساتێك، دواتر هەر ئەو نیگا ساردو وشکەی کە دەرخەری مەوداو گەورەیی سەرپەرشتی بنەماڵەی پیاوەدیار بوو جێگەکەی گرتەوە، باش دەمزانی کە لەژێر ئەم ڕواڵەتە وشك و ساردەدا ئاگری بەیەکگەیشتن بڵێسە دەستێنێ، ئاگرێك کە هەر چوومە ژوورەکەی خۆمەوە ئەم پیاوە ساردو وشکە، نەرم و شەیدا دەکات.

کاتێك شەوباشم لێکردن و چوومەوە بۆ بیناکەی خۆم، مەنسور ئەوەندە سەرقاڵی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو کە تەنانەت وەڵامی منیشی نەدایەوە، لەژوورەکەم ئارام لەسەر قەنەفەکە پاڵم دابوەوە، کراسی کرێشەی خەتخەتی شینم لەبەرکردبوو، قژەکانم لەسەر شانم پەرێشان بوون، سینەبەندی ئەشرەفی کە مەنسور پێی دابووم لەملمدا بوو، من ئەو سینە بەندەم زۆر خۆش دەویست نەك بۆنەوەی کە گرانبەها بوو، بەڵکو بۆنەوەی کە دیاری مەنسور بوو.

ئارام لەدەرگاکە هاتە ژووری‌و دەرگای ژوورەکەی پێوەدا، لەسەیرکردنی منداڵ واقی ورما بوو، دەتگوت سەیری پەیکەرێکی چینی دەکات‌و تاریفی دەدات. هەر سەیری منی دەکرد، دەستم درێژ کرد، گوێڕایەڵ‌و شاد هاتە پێشەوەو باوەشی کردەوە، تەنیا وتی: ((ئیتر هەتا من زیندووبم نابێ بەبێ من بچی بۆ سەفەر)).

پێکەنیم، چراکە داگیرسابوو، لەسەر مێزێك کە لەجێگەی قورسییەکە دامنابوو دانیشت‌و تاری لێدەداو وردە وردە دەیخواردەوە، وتم: ((مەنسور، ناهید کچێکی جوان دەبێ)).

قومێکی خواردەوەو بێ خەیاڵ وەڵامی دایەوە: ((ئەرێ، وەك دایکی دەبێ، پێش ئەوەی ئاوڵە بگرێ ژنێکی جوان بوو، ناهید لەدایکی دەچێ)).

وتم: ((ئێ))و، لەبەخیلیدا داخم لێ دەهات.

گەرم بوبو، قسەی زۆری دەکرد: ((خۆ ئەو هەژارە ناشرین نەبووە، ئاوڵە وای لێکردووە، تا سەر شانی یەکپارچە ئاوڵەیە)).

کەوایە جەستەی ساغ بوو، بەشەکانی دواتری جەستەی جوان بوو، هەروا بوو، بەو بەژن‌و باڵا بەرزو رێکەیەوە کە هەیبوو، بەو پێستە سپییەیەوە، کاتێك کە دەڕۆیشت لەنجەی دەکرد.

هەڵس‌وکەوتی‌و، بەڕێدا رۆیشتنی وەکو شازادەکان بوو، هەر کەسێ لەپشتەوە بیدیایە حەزی دەکرد رواڵەتی ئەم ژنە جوانە ببینێ، کەوایە جوانە، وتم: ((پێم وابێ قەڵەو بووە)).

بێ سەرنجدان، بەساردو لەوانەیشە بڵێم بێ هۆگرییەك وتی: ((ئاخر دیسانەوە سکی پڕە)).

زەربەکەی لەسەرم درا، بەخیلی‌و تووڕەیی لەدەروونمدا زیندوو بوەوە، ئەو هەموو دوعاو پاڕانەوەیە، ئەو هەموو ئارامشی‌و سۆفییانەیە، بوو بە دوکەڵ‌و چوو بە هەوادا، دیسانەوە تایبەتمەندی ژنانە لەدەروونمدا کوڵا، مەیل بە پاوانخوازی، مەیل بە یەکەم بوون، بێ مەیل بەوەی کە پیاوی ژیانی خۆم دابەش بکەم.

Scanned by CamScanner

لەچاوەڕوانی ئەوەدا کە ئەو دڵەی لەسنگی مێردەکەمدا لێدەدا تەنیا بۆ من لێبدا، چاوەڕوانییەکی ساکار کە لەرۆژی یەکەمەوە لەمن قەدەغە کرابوو

میوەکەم خواردبوو لەبەهەشت دەرکرابووم. چ چاوەڕوانییەکم هەبوو؟ بۆچی خۆم فریو دەدا؟ بۆچی نەدەمویست باوەڕبکەم کە مەنسور ئەویشی لەگەڵ، وەکو ژنێك بووە کە بۆ یەکەمجار مەچەکی هاوسەرەکەی خۆی لەکاتی ئەنجامدانی خیانەتێکدا بگری بەڵام هەوڵم دەدا خۆم ئارام نیشان بدەم. ئیتر نەدەمویست کڵاو لەسەر خۆم بنێم.

((چەند مانگە؟))

((سێ مانگی تەواوکردووە)).

کەوایە ئەوکاتەی کە من هاتوچۆی دکتۆرم دەکرد مەنسور لەلای ئەو گاڵتەی بە من دەکرد، هەر ئەو شەوو رۆژانەی وا من لەمەشهەد لەخوا دەپاڕامەوە نیم تاج بێزووی دەکردو نازی بەسەر مەنسوردا دەکرد. گاڵتەیان پێکردووم. مێشکم کوڵا، وتم: ((موبارەکە)).

لەزۆریی ناڕەحەتیو بەخیلی دەنگم گڕ بوبو، مەنسور تێنەدەگەیشت یان سەر خۆی نەدەهێنا. لەجێگەکەم هەستام کە لەژوورەکە بچمە دەرێ، مەنسور وتی:

((مەحبوب وەرە لەلام دانیشە)).

((سەرم دێشێ مەنسور، دەچم دەخەوم)).

عاشقانە سەیریکردمو بە تەشەرەوە وتی: ((ئەویش ئەمشەو کە من لێرەم؟))

هەستی دەکرد کە تووڕەمو باش دەیزانی بۆچی، خۆیشم زۆرتر لەو ئەو بەخیلییەم پێ سەیر بوو، ئایا خووی ژنانەی من بوو، یان وردە وردە پێبەندی مەنسور دەبووم؟ ئایا وردە وردە هۆگری بووم؟ بەڵێ دیسانەوە عاشق دەبوومەوە، ئەم جارە هێمنو نەرمە نەرمە، خەریك بوو شەرابەکە پێدەگەیشت. بۆنەوەبوو کە دیسانەوە بەخیل بوبوم.

هەر لەخۆوە نەبوو کە شەوانە بەهیوای ئەو دادەنیشتمو رۆژانە بە شەوقی ئەو

Scanned by CamScanner

ئەمدەتوانی بۆ خۆیشم دانی پیدابنێم، دەترسام، دەترسام، کە عاشقیم و ئەمزانیبێ کە بووم، هێشتا جەستەم گەنج بوو، لەگەڵ ڕۆحی ماندووم شەڕم ئەکرد، لەجەستەی خۆیشم دەترسام، چونکە دەمزانی کە بەسەرمدا سەرکەوتووە، دڵم دیسانەوە گەرم بوبووەوەو منی - کە ئاواتم ئەوەبوو تەرکی دنیا بکەم و سوچێکی چۆڵ دەستەبەر بکەم- لەگەڵ خۆی دەبردەوە ناو خۆشییەکان و شیرینییەکانی ژیان، بەڵام ئەم جارە ئارام و بە ئەسپایی، عاقڵانەو لەپێش داڕێژراو، ئایا هەندێك لەدوعاکانم گیرابوون؟ بەرەو لای دەرگاکە گەڕامەوە، مەنسور پاڕایەوە: ((مەحبوبە پشتم لێ هەڵمەکە))

وتم: ((یەك شەو خۆ نابێتە هەزار شەو ڕەحیم گیان))و، دەست بەجێ زمانی خۆم گەست.

وەکو ئەوە وابوو کە کارەبا بیگرێ، سەیری کردم، منیش سەیرم کرد، دواتر تارەکەی بە ئەرزدادا، لەدڵمدا وتم شکا، هاتە پێشێ و شانەکانمی گرت و وتی ((سەیری من بکە، جوان سەیرم بکە، من مەنسورم، ڕەحیم نیم، ئەوەنیم کە دەتەوێ، ئەوەم کە گرفتاری بووی، هەر ئەوەی کە لەدەستی هەڵدێی)).

شانمی بەرداو دەستی کرد بە هەنگاونان، دەستێکی نا بە لێواری دەرگاکەوەو بە دەستەکەی تری ناوچاوانی خۆی دەگوشی، لاسایی منی دەکردەوە "مەنسور گیان چراکە بکوژێنەرەوە، تار لێ مەدە، پەردەکە دادەرەوە، ئەو کارە مەکە، پێمەکەنە، بمرە، نیم تاج گوێی لێ دەبێ... ئەمانە بیانوون مەحبوبە، هەموو ئەمانە بیانوون، منت ناوێ، من دەزانم، بەڵام چی بکەم کە تۆیش بەقەد نیوەی من کە تۆم خۆش دەوێ، تۆیش منت خۆش بوێ؟ ئیتر ئەمە نازانم، حەزدەکەم هەرچیم هەیە بیبەخشم هەتا تۆ عاشقی من ببی، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە منت جواب کرد حەسرەتی ڕەحیم گیانی تۆم خوارد هەتا ئەمڕۆ، من وەك خۆت دەڵێی بەم هەموو سامانەمەوە حەسرەتی ئەوەم بوو کە لەجێگەی ئەوبم، بڵێ مەحبوبە، بڵێ چی بکەم کە منت بوێ؟ بەخێلی خەریکە لەناوم دەبا)).

تووڕە بوو دەنگی دەلەرزی، بەڵام نەیدەبۆڕاند، جنێوی نەدەدا، لێی نەدەدام، شەڕکردنەکەشی هێمنانە بوو، بەڵام منیش ئەوەندە ئارام نەبووم، تووڕە بووم، چونکە لەماڵی ڕەحیم فێری دڕندەیی بوبوم، کاتێ دەویست کە ئارام ببمەوە، وتم: ((هەڵەم کرد مەنسور، ئەو ناوە لەدەمم دەرچوو، حەوت ساڵ ژیانم لەگەڵ کردووە، نەك بەخۆشی، بەڵام هەموو ڕۆژێ بانگم کردووە، بە ناچاریی، خووم پێوەگرتبوو، ئێستاش نەك لەبەر هۆگربوونی، بەڵکو لەبەر خووگرتنەکەی ناوەکەی بەسەر زمانمدا هات، تۆ بەخیلی؟ من بڵێم چی؟ من بنیادەم نیم؟ من دڵم نییە؟ مەگەر من ناسنم؟ تۆ من لەبەرچاو ئەگری؟ ژنەکەت سکی پڕە، من دەربەدەر بەدوای دکتۆرەوە بووم تۆ لەگەڵ ئەو سەرقاڵ بووی، من دەیبینم و هیچ ناڵێم. نەك ئەوەی گلەییم ببێ، نەك ئەوەی کە ئەو ژنێکی خراپ بێت، تەنیا لەڕۆژ ڕەشی منە، بەدەست خۆم نییە، ئازار دەکێشم، هەتا کەی بسووتێم و بسازێم؟ ناتوانم تۆ لەلای ئەوو لەژوورەکەی ئەودا ببینم، سەیرکە بزانە من چیم مەنسور؟ پووشکەیەك لەناو بادا، من چیم هەیە؟ منداڵەکانی تۆم خۆش دەوێ، مەنوچێهرم خۆش دەوێ، بەڵام خۆم هیچم نیە، هیچ کەس هی من نییە، بوون و نەبوونی من چ جیاوازییەکی هەیە، هەموو ڕۆژێ لەخۆم دەپرسم، مەحبوبە لێرە چی دەکەی؟ لەناو ئەم ماڵەدا وەکو ئێسکی ناو برین چی دەکەی؟ بەخۆم دەڵێم من بۆ سەرقاڵم، بەڕاستی کە ناوێکی باشیان بۆت داناوە، هەر مەحبوبەی شەوانەی، بەڵام دیسانەوە دەنگی پێی تۆم گوێ لێ دەبێ دڵم دەلەرزێ، دیسانەوە چاوەڕێتم، لەدیتنی تارێك کە شەوانە لێی دەدەی، لەدیتنی کتێبەکانت، کڵاوەکەت، گۆچانەکەت، کراسەکەت کە لەسەر تەختەکە کەوتووە دەکەومەوە یادت و دڵم ئارام دەگرێ، هەوڵ دەدەم خۆم بەو نیوەی بوونت کە هی منە ڕازی و خۆشحاڵ بکەم، ڕۆژگارێك ڕەحیمم شێتانە خۆش دەویست، بەڵام ئێستا لەوو، لەخۆم و لەدنیا بێزارم، لەبەر ئەو هەڵبژاردنە خراپە هیچ کات خۆم نابەخشم، بەڵام نازانم لەوانەیە ناوی ڕەحیم بۆ من مەزهەری عەشق بێ، مانای خۆشەویستی بدات، لەوانەیە بە تۆ بڵێم ڕەحیم گیان واتە تۆم خۆش دەوێ،

یانی جگە لەتو هیچ کەس و هیچ شتێکم نییە. من وەکو نیم تاج نیم. ئەوە منم کە تەنیا تۆم هەیە، هۆگرتمو لەناخی دڵەوە خۆشم دەوێی، درۆ ناکەم. ئیتر ئەو هەستە داخەی رابردوو لەمندا زیندوو نابێتەوە، بریا وا دەبوو، بەڵام نابێ، بە هەموو ئەمانەوە ئەگەر بەزەوقی تۆ خەوتن و ئەگەر شەوانە تۆ لەخەودا دیتن عەشق نییە، ئەی چییە؟ مۆڵەتم بەرێ، دەردی من بزانە، خۆزگە دەمتوانی ئەو جۆرەی کە ساڵێک رەحیمم خۆش دەویست تۆیشم خۆش بوێ، هەروا کەرِوکوێر، هەروا چاوو گوێ بەستراو، هەروا... هەروا درِندەو هەوسار بچرِاو، بەڵام خۆ ئەوە عەشق نەبوو، هەوەس بوو، مەنسور هەوەس بوو کە وەکو هەورە تریشقە لێیداو سوتاندی)).

مەنسور مات و سەرسورِماو سەیری دەکردمو منیش گێژو حۆل سەیرم دەکرد، تازە دەمزانی چیم وتووە، چیم کردووە، تازە فەلسەفەی شەش حەوت ساڵ ئازارکێشانی خۆمم بۆ روون دەکردەوەو، ئارام وەکو کەسێک کە لەخەودا قسە دەکات وتم: ((ئەرێ مەنسور تازە تێدەگەم، بەراستی کە هەوەس بوو)).

مەنسور رۆیشت و ئارام لەسەر مۆبلێک دانیشت، ئۆقرەی گرتبوو، سەری لەسەر بەری دەستی و ئەنیشکی لەسەر رانی دانا، کراس و پانتۆڵ و جلیسقەی لەبەردا بوو، شەریف بوو، کەسایەتی هەبوو، خۆشم دەویست، زۆر لەرادەبەدەر خۆشم دەویست، ئارامو خەمۆک وتی: ((بەڵام من تۆم وا خۆش دەوێ، هەروا شێتانە، خوا بتگرێ مەحبوبە، سەیرکە چیت لەخۆت و من کرد؟ وا ئەزانی من بێ تۆ خۆشیمە؟ لەگەڵ تۆ خۆشیمە؟ لەم جۆرە ژیانە رازیم؟....)) بەدەستی راستی ئاماژەیەکی بۆ خانووەکە کردو درێژەیدا: ((رۆژی سەدجار دەڵێم خۆزگە مەحبوبە سکی پرِ دەبوو، خۆزگە ئەم منداڵانە هی ئەو دەبوون، شەوانە چاوەکانم لێک دەنێمو، لەبوونی نیم تاجدا بەدوای تۆدا دەگەرِێم، وائەزانی ئاسانە؟ من، مرۆڤێک کە خۆی بە رۆشنبیر دەزانێ دوو ژنی ببێ؟ لەگەڵ دانەیەکیان میوانداری بکەمو لەگەڵ ئەوی تریان بچم بۆ گەرِان؟ برِۆم بۆ میوانیی، برِۆم بۆ کافە، لەژنی جیاواز منداڵی جیاوازم ببێ؟ هەموو ئەمانە تۆ بەسەرت هێنام، تۆ منیشت

قوربەسەر کرد مەحبوبە. بەڵام نازانم بەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەرتهێنام بەو هەڵس‌وکەوتە توندوتیژەت نازانم بۆچی ئەوەندەم خۆش دەوێی. دەڵێی نیجازەی مارت پێیە. دەبینم کە باش لەگەڵ نیم تاج هەڵدەکەی، خانمیی دەکەی، حەزم دەکرد نیم تاج لەگەڵ تۆ هەڵی نەکردایە، تەڵاقم دەداو ڕزگارم دەبوو، بەڵام چی بکەم کە هەژارە، بێ ئازارە، لەبەر عەشق و هۆگری ژیانی لەگەڵ ناکەم، بەڵکو دڵم بۆی دەسوتێ. ئەویش چاوەڕوانی خۆشەویستی لەمن نییە، من خۆیشم ئازار دەکێشم، تەحەممولی ژنێك كە لەبەر بەزەیی پێداهاتنەوە لەگەڵیدا بیت ئازارێکی کەم نییە، کەوایە تۆیش ئازارم مەدە، قوربەسەرترم مەکە)).

بێدەنگ بوو لەجێگەکەی هەستا، دەستی بە هەنگاونان کرد، سەرنجی چواردەوری هەر نەدەدا، قاچی لەتارەکە کەوت دەنگی بەرز بووەوە، تەنانەت دانەنەوی تارەکە بەرز بکاتەوە، لەناو بیرکردنەوەدا بوو، وەکو ئەوەی نەزانێ لەکوێوە دەست پێ بکات، سەرئەنجام ڕووی تێکردەو درێژەیدا: ((لەبیرتە چەندە بێ ڕەحمانە بە منت گوت نامەوێی؟ کە شاگرد دارتاشێکت لەمن بە باشترزانی؟ دەزانی چیت بەسەر ڕوژم هێنا؟ نا، تۆ هەر لەبیری خۆتدا بووی، تەنیا تۆ گرنگ بویت‌و خواستەکانت، حەزم دەکرد ئیختیارت بە من بوایە، نەمدەزانی بۆچی ئەم حەزمم دەوێ؟ بۆئەوەی کە لەژێر پێلاقەدا وردت کەم یان لەئامێزت بگرم؟ دەزانی کە ئەو ڕۆژە سواری ئەسپ بووم‌و تا ئێوارە غارمدا؟ کاتێك کە ڕووخسارم لەفرمێسکدا تەڕبوو خۆیشم پێم سەیر بوو؟ دەزانی حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە بۆماڵەوە؟ چووم بۆ سەردانی شا عەبدولعەزیم‌و دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە، دەمویست لەشوێنێك بم کەس نەمناسێ، کەس پرسیارم لێ نەکات‌و نەڵێ وەڵامم بدەرەوە. ژانم، ژانی غروری بریندارم، دەردی عەشقی بێ بەزەیی تۆ ئارام ئارام بنیشێتەوە، دەزانی کە دوو مانگی پاییزی ئەو ساڵە لەباخی شەمێران بەسەرم برد؟ ڕۆژانە خۆم لەمەست دەکرد هەتا کەس پرسیاری هیچم لێنەکات، تا چاوم بە نیگای خەمگرتووی بارکم نەکەوێ. شەوانە دەگەڕامەوە بۆ شەمێران، ئەو هەمووە ڕێگەیە دەهاتم‌و دادەنیشتم‌و تارم لێدەدا، باوکی نیم تاج کە دەیدی

Scanned by CamScanner

چرای ماڵەکەی ئێمە دەگرێ لەباخی خۆیانەوە دەهات بۆ لامو دادەنیشتین ڕادەنیشتین و قسەمان دەکرد. یان من دەچووم بۆ ماڵی ئەوان. پیاوێکی باش بوو، پرسیاری لێ نەدەکردم کە ناڕەحەتیم چییە. چ ژانێکم لەدڵدایە. بەڵام قسەی عارفانەی بۆ دەکردم. فەلسەفەی دەگوت. دەیگوت:

بڕوات ئەم ڕۆژگارە تاڵتر لەژەهرە

جارێکی تر ڕۆژگارێکی وەک شەکر دێ

منیش پێدەکەنیم دەمگوت: ئەرێ دەکرێ. بەڵام بە چەرمە سەری

وردە وردە لەقسەکردن لەگەڵی ئۆقرەم دەگرت. دیسانەوە خۆم گرتەوە. ئەوتر باسی چارەڕەشییە چارەسەر نەکراوەکانی بۆ کردم. دەیویست دەردەکەی من ئارام بکاتەوە. دەیویست بەزمانی حاڵیم بکات کە دەردی تۆ دەرد نییە. ئەوە دەردە، ئەوە خەفەتە، کە کچێکی جوان وەکو مانگ لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا تاوڵە بگرێ. کە باوک و دایکی ڕۆژی سەدجار ئاواتی مردن بۆ ئەو خۆیان بخوازن. ئەمە دەردە، ئەوی تر هەمووی ناشوکرییە. نیم تاج ڕووی لەمن نەدەشاردەوە، هەر بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە من خوازبێنی بکەم. دەهات و دەڕۆیشت و بە بەزەییەوە سەیری دەکردم. دڵی بۆ من دەسوتاو نەیدەزانی کە من چییمە، کوتوپڕ نازانم چی بوو داوای نیم تاجم لەباوکی کرد. لەوانەیە لەدڵدا وتبێتم کە من خۆم بەختەوەر نەبووم کەوایە باکەسێکی تر بەختەوەر بکەم. لەوانەیشە ویستبێتم تۆڵە لەتۆ بستێنمەوە، تۆڵە لەخۆم بکەمەوە. لەزەوی و ئاسمان ڕقم هەستابوو، چاوم لێکناو بڕیارمدا. ئەدژایەتی کردنەکانی باوکەو ئەدوعاو نزاکانی دایکم هیچ کامەیان کاریگەریی نەبوو. ئاخر خوێنی تۆ لەدەمارەکانی مندا بوو بەڵام حاڵی منیش لەهی تۆ باشتر نەبوو. نازانی کە شەوانە لەپاڵ نیم .تاجدا بووم لەبەخیلی ئەوەی کە تۆ لەپاڵ ئەو خوێڕییە دارتاشە خەوتووی چەندجار هەتا بەیانی لەخەو ڕادەچڵەکیم و ئازارم دەکێشا

خوا بتگرێ مەحبوبە، بۆچی دەبێ هۆی ئەوەی کە ئەوانەت بۆ بگێڕمەوە دەتەوێ وردم کەی؟))

Scanned by CamScanner

چووە سەر موبلەکەو چاوی لەزەوی بڕی، لەپاڵیدا چۆکم دادا تا سەیری چاوەکانی بکەم. سەری بەرز نەکردەوە،پرسیم: ((مەنسور لەمن زیزی؟)) وەڵامی نەدامەوە، دەستمکرد بەگریان‌و وتم: ((لەگەڵ تۆ دەردی دڵم کرد هەتا سووك بم، بهێڵە دەردی دڵ بکەم، مەنسور گیان، بهێڵە کە جارناجارێ دەردی دڵ بکەم ئەگینا دیق دەکەم)). هەنسکم دەداو دەمپرسی: ((سەیرم ناکەی؟))

((نا، نامەوێ فرمێسکەکانت ببینم)).

لەحاڵێکدا کە فرمێسك لەچاوم دەکەوتە خوارێ، زەردەیەکم گرت‌و وتم: ((ئێستا چی؟ ئێستا خۆ پێدەکەنم)).

بە دەممەوە پێکەنی: ((ناڵێم ئیجازەی مارت پێیە؟))

خەونم دەدی کە ڕام دەکرد، لەکۆڵانی ماڵی خۆمانەوە هەتا ژێر گوزەر ڕامدەکرد، چارشێو بە سەرمەوە بوو نەبوو، فرمێسك بەچاومەوە بوو نەبوو، کەس سەیری دەکردم نەدەکردم، بە هەناسە بڕکێ گەیشتمە دووکانەکەی ڕەحیم، هەوا لێڵ‌و تاریك بوو، شنەیەکی ئارام دەهات، دەتگوت بەهارە، بۆنی گوڵ دەهات، بۆنی مەحبوبەی شەو، ڕەحیم لەسێبەرەکە ڕاوەستا بوو، پشتی لەمن بوو، بە خۆم گوت خوا شوکور، هەموو ئەوانە خەون بوون، من خۆ هێشتا لەگەڵ ڕەحیم زەواجم نەکردووە، ئەوەی کە ڕووی دابوو هەمووی خەونی ئاڵۆز بوو، خەونی ئاڵۆزی تۆقێنەر، ڕەحیم لێرە ڕاوەستاوە، هەژارو بێ تاوان، بێ ئاگا لەهەموو شتێ، بە ئەسپایی بە سووکی ئاهێك، بە پاڕانەوە بانگم کرد: ((ڕەحیم...)). دەنگم وەکو هەناسەیەك کە بێتەدەرەوەو بە قووڵی هەڵکێشرابێ.

ئارام گەڕایەوەو هات بۆ لام، ڕەحیم نەبوو، مەنسور بوو، هاتە پێشێ‌و دەستی بەرەو لام درێژکردو بە مەیلەوە وتی: ((هاتی کەوکەب؟ وەرە)).

لەخەو ڕاچڵەکیم‌و ڕاستییەکەیم دی، هەموو شتێك هەروا بوو کە من دیبووم، هەر بەو جۆرەی بوو کە قەبووڵم کردبوو، مەنسورم قەبوڵ کرد، هەڵ‌ومەرجی خۆمم قبوڵ کرد، سکپڕی نیم تاجم قبوڵکرد، ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە من کەوکەب بووم، کە وردە وردە دڵبەستراو هۆگری مەسنور دەبووم، کە ئەمە

چارەنوسێك بوو لەناو چاوم نوسرابوو، کە باشترو زۆرتر لەم ژیانەم بۆ داین نەدەبوو.

کارەکەرەکەی نیم تاج هاتو بە هۆی ئەوەی کە دەیزانی منیش دەزانم، لەبەر ناجسنی خۆی داوای مزگێنی سکپڕی نیم تاجی لێکردم، پارەم پێدا، مزگێنیم پێدا.

مزگێنی ئەوەی کە بەختەوەریی هەوێکەمیان پێ ڕاگەیاند بووم، چێشتی "ڕشتە"م بۆ نیم تاج لێنا، دوو.. سێ شتی تریشم بۆ لێنا، چاوەڕێبووم تا نیم تاج کوڕێکی تریشی بوو. ناهید بوو بە نووری چاوی مەنسور.

ماڵەکەی باوکمان فرۆشتو دوو.. سێ ساڵی دواتر مەنوچێهر چوو بۆ هەندەران، بۆ دایکم ماڵێکمان لەیەکێك لەشەقامەکانی سەرتری باکووری شار کڕی تا لەگەڵ دایە خانم کە ئێستا پیرتر بوبو، لێی دانیشن و ژیان بکەن. دوای مەنوچێهر کوڕە گەورەکەی مەنسور چوو بۆ هەندەران، ئەو ڕۆیشت بۆ بەریتانیا، کوڕەکەی ئەشرەف خانم وەك دایکی وابوو، یاخی بوو، دەرسێکی وای نەدەخوێند، تەواوی سەروەتو سامانی خۆیو دایکی بە بادا، هەمیشە هەر ژانەسەری سازدەکردو ئێستاش هەروایە.

مەنسور بەدەستییەوە دەیناڵاندو ئەو هەر لاشی گرنگ نەبوو، دەیدی کە باوکی نیگەرانی داهاتووی ئەو بوو و، ئەو هەر بە بای خەیاڵیشیدا نەدەهات، دواتر نیم تاج نەخۆشی دڵی گرت، حاڵی ڕۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو، هەرچی ئەو حاڵی خراپتر دەبوو منداڵەکان زۆرتر لەدەوری من کۆدەبوونەوە، وەکو جوجك وابوون کە دەیانویست خۆیان بخەنە ژێر پەڕو باڵی منەوە، نیم تاج خانم منی بانگ کردو منداڵەکانی دایە دەستمو وتی: ((ناهید، مەحبوبە خانم، هۆشت بە ناهیدەوە بێ، ئەو سیانەی تر پیاون دەتوانن بەرەی خۆیان لە ئاو دەرکێشن، بەڵام ناهید گەنجە، چەند ساڵی تر کاتی زەماوەندکردنیەتی، بێ دایك.....)).

وتم: ((نیم تاج خانم ئەو قسانە چییە دەیکەی؟ ئێوە خۆ هێشتا هیچتان نییە)).

((ئەخۆشی تەعارفی ناوێ، گوێ بە قسەکانم بدە، پێم لەسەر گژڕ دەلەرزێ، لەبەر ناهید.... کاتی زەماوەندەکەی وەکو دایکبە بۆی)).

وتم: ((ئەگەر ڕاستییەکەیت دەوێ، حەز دەکەم ناهید ببێتە ژنی مەنوچێهر، نازانم ئێوە ڕازین یان نا؟

مەنوچێهر لەئەورووپا باش دەرسی دەخوێند، گەنج بوو، لەوێنەکانیدا وا دیاربوو کە جوانە، دەستی بەدەمی دەگات، دەمزانی کە نیم تاج لەگەڵ ئەم زەماوەندە بێ مەیل نییە، گەرچی ناهیدیش لەمەنوچێهر کەمتر نەبوو، جوان، قۆز، خوێندەوارو بەجوانی بە فەرەنسی قسەی دەکرد، وێنەکێشێکی باشیش بوو، وەرزشی دەکرد، مەنسور تەواوی ئاواەکانی ئەو بوو، جگە لەمانەو گرنگتر لەمانەش کچێکی عاقڵ و تێگەیشتوو و میهرەبان بوو، بیری لەقسە دەکردەوە جا قسەی دەکرد، هەڵس‌وکەوتی جوان بوو، خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ من هەبوو، بێ ئەوەی کە دایکی ئازار بدات)).

نیم تاج بێدەنگ بوو بیری کردەوە، پرسیم: ((ئێوە رازین خانم؟))

((ئەگەر خۆی بیەوێ، ئەگەر خۆی بیەوێ)). دواتر دەستی بە شێوەی پاڕانەوە گرت وتی: ((تەنیا بە زۆر نا، مەحبوبە، بە زۆر نا، ڕێنموونی بکە بەڵام بۆ هیچ کارێك زۆری لێ مەکە، ئەوەم لەتۆ دەوێ چونکە دەزانم هەرچی تۆ بتەوێت مەنسوریش دەیەوێ، ڕای تۆ ڕای ئەوە، دەترسم خوانەخواستە لەبەر دڵی تۆ بە زۆر بەو بڵێ کە دەبێ ببیتە ژنی مەنوچێهر، ئاخر مەنسور تۆی زۆر خۆش دەوێ، نایەوێ ناڕەحەت بی)).

پێکەنیم و وتم: ((یەکەم ئەوەی کە ناهید لەو کچانە نییە کە زۆر قەنبووڵ بکات، دواتریش باوی ئەو شتانە نەماوە، دووهەمیش مەنسور نە تۆی خۆش دەوێ و نەمنیش، تا ئەو جێگەیەی من دەزانم، مەنسور لەتەواوی دنیا تەنیا ئافرەتێکی خۆش دەوێ، یەك ئافرەت دەپەرستێ، ئەویش ناهیدە، ئێوە خەیاڵتان ئاسوودە بێ)). زەردەیەکی گرت و ئۆقرەی گرت.

دیسانەوە من بووم بە سەرپەرشتیاری.

Scanned by CamScanner

من بووم‌و مەنسور، من بووم‌و منداڵەکان‌و ئەو ماڵە گەورەیە، هێشتا حەسرەتی منداڵم هەبوو، بەڵام ئێستا مەنسوورم هەبوو، بەتەواوی، ئیتر پێویست نەبوو لەگەڵ کەسدا بەشی بکەم، منداڵەکان دوای مردنی دایکیان منیان بەرنەدەدا، دەتگوت دەترسن کە منیش لەدەست بدەن، ناهید کە لەقوتابخانە دەهاتەوە، ناهید کە لەمیوانی دەگەڕایەوە، خوازبێنی دەهات، رایدەکرد بە دوامداو دەیدۆزیمەوە، قسەی بۆ دەکردم، لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور دەکەوتە دوام، دواتر کە ماندوو دەبوو دەیقیژاند: ((ئاە، بەسە ئیتر، دانیشن، دەمەوێ چوار وشەی جددیتان لەگەڵ بڵێم، ماندوو بووم ئەوەندە کەوتمە دواتان)).

دەمگوت: ((ئەی تا ئێستا گاڵتەت دەکرد؟))و، دەم بەپێکەنین هەر کارێکم هەبوایە لێی دەگەڕام‌و دادەنیشتم، هەرگیز هەر لەخۆوە عەیبم لەداواکاریەکانی نەدەدۆزییەوە.

ڕای خۆمم دەگوت، باشەکانیانم دەگوت، خراپەکانیانم دەگوت، دواتر دەمگوت: ((ئێستا بڕۆ لەگەڵ باوکت دانیشەو بڕیار بدە)).

ئەو نەیدەزانی کە لەدڵی مندا چ غەوغایەکەو، کاتێ وەڵامی ((نا))یانی پێ دەدایەوە دڵم ئۆقرەی دەگرت.

مەنوچێهر لەسەفەر گەڕایەوەو ئێمە هەموومان چووین بۆ سەردانی، شەو هەموو خزمەکان لەماڵی دایکم بووین، ناهید نزیکەی بیست ساڵی بوو، بلوسێکی کرێمی لەبەر کردبوو و ئارایشتێکی بێڕەنگ‌و جوانی کردبوو و، قژەکانی لەسەر شانی بڵاو کرد بوەوە، کاتێك سەیرم کرد شوکرم بۆ ئاوڵە دەکرد کە دەم‌وچاوی دایکی وا لێکردبوو. باشدەمزانی کە ئەگەر ئیم تاج ئاوڵەی نەگرتایە، من هەر شانسم نەدەبوو، سەیری ڕوخساری ناهیدم دەکردو کەیفم دەکرد، مەنوچێهر منی ڕاکێشایە سووچێکەوە: ((ئەمە کێیە دادە؟))

((ناهیدە ئیتر)).

((ئێ، هەر ئەو کچە گرینۆکە؟))

Scanned by CamScanner

((قسەی قۆڕ مەکە، نازدار بوو بەڵام گرینۆک نەبوو، خوازبێنییەکانی دەرگاکەیان لەگرێژنە بردووە)).

((کەوایە هەتا ئەیانبردووە داوایکە بۆم ئیتر)).

ڕۆژی شت دیاریکردن من بووم بە دایکی بووک، ((مارەییەکەی دەبێ ئەوەندە بێ، زەماوەندەکەی دەبێ ئاوابێ، دەبێ بەشە باخەکەی قەڵهەکی مەنوچێهر بەناوی ئەمەوە بێ)).

نێزهەت بە نیوە گاڵتەو نیوە ڕاستییەوە گوتی: ((ئەیەڕۆ خوشکێ، تۆ لایەنی بووکی یان زاوا؟))و، بەزۆر پێکەنی.

ناهید بە ئەسپایی بەگوێمدا وتی: ((من ئەو بڕوایەم نییە کە مارەیی ئینسان بەختەوەر دەکات)). منیش بڕوام پێ نەبوو بەڵام بەرپرسی بووم.

ڕووم کردە نێزهەتو وتم: ((من لایەنی هەردووکیان دەگرم خوشکێ، ئەگەر ناهید کچی خۆم بوایە ئەوا، وام نەدەگوتو بەخۆڕایی دەمدا بە گەنجێکی وەکو مەنوچێهر، کچێکی وەکو ناهید ڕێزی لەوە زۆرترە کە لەسەر مارەیی باس بکرێ، بەڵام من ئێستا لەسەرمەو ئەرکی منە ئەو کارە بکەم، بەرپرسیارێتییەکەی لەسەر شانی منە، هەر کارێك دەکەم دەڵێم کە ئەگەر دایکی زیندوو بوایە لەمن باشتر دەبوو، لەوانەیە دایکی هێشتا ڕازی نەبێ، لەوانەیە، کەموکوڕییەکم لەبەرامبەریدا نواندبێ، ئێستا ئەگەر ئێوە ناتانەوێ مەنوچێهر ملکەکەی خۆی بکات بە ناوییەوە، من زەوییەکەی خۆم لەقەڵهەك دەکەم بە ناوییەوە)).

هەموو بێدەنگ بوون، مەنسور بەدەممەوە پێکەنی، ناهید لەپاڵ دەستمدا دانیشتبوو، خودا دەزانێ کە چەندە ئاواتم بوو کە ئەو کچی منو مەنسور بوایە. خودا دەزانێ کە چەندە بۆ ڕابردوو بەداخەوە بووم.

ناهید زەماوەندی کردو ڕۆیشت، من مامەوەو مەنسورو کوڕە بچووکەکەی مەنسور لەلام بوو، پشتو پەنام بوو، بە منی وت: ((مەحبوبە، چووی بۆ ماڵی حەسەن خان؟ هادی لەکوێیە؟ چی دەکات؟))

هادی خان بوبو بە بەڕێوەبەری گشتی.

ژیانی خۆشی نیمە حەوت ساڵی تر درێژەی کێشا، من خاوەن بنەماڵەیەکی بچووك‌و گەرم بووم، بەختەوەرو ڕازی بووم، وردە وردە ڕابردووم لەبیر کردبوو، بەڵام سروشت نەیهێشت ئاوی خۆش لەگەرووم بڕواتە خوارێ، هەموو شتێك بەناخێکەوە دەستی پێکرد، مەنسور لەخەو ڕاچڵەکی‌و کەلەکەی گرتبوو: ((ئاخ!))

پەشۆکام‌و پرسیم: ((چی بووە؟))

((هیچ نییە پێم وابێ سەرمام بووە)).

بەڵام سەرمای نەبوبو، شێرپەنجە بوو، تازە دەرکەوتبوو، من پەشۆکاوو پەرێشان بووم، نەمدەزانی چی بکەم، تازە قەدریم دەزانی، بایەخی زیندوو بوونیم لەژیانمدا دەرك پێدەکرد، هەرچی لاوازترو کزتر دەبوو زۆرتر خۆشم دەمویست، هەموو دکتۆرێکمان گێڕا، سوودی نەبوو، ویستم کە بۆ دەرمان بینێرم بۆ هەندەران وتیان بێ فایدەیە، درەنگ بوبو، دەمدی کە بێ هێزو لاواز لەجێگەدا کەوتووە، هەر پێست‌و ئێسکەکەی مابووەوە، ڕەنگی زەرد بوبو، دیسانەوە دەمویست، دەکەوتمەوە بیری ژیانی ڕابردووم کە لەپاڵ ئەودا کە چەندە خۆش بوو، دەکەوتمەوە بیری نیگاکانی کە بە دزییەوە لەسێزدە بەدەر سەیری دەکردم. دەمویست هاوار بکەم، ژیانی ئارام‌و شیرینم وەکو ئاو لەنێوان پەنجەکانمەوە دەخزی‌و بە فیڕۆ دەچوو، هەوڵم دەدا کە بیپارێزم، هێزم نەبوو، نەمدەویست لەدەستی بدەم، ئەوە ئیتر ئینساف نەبوو، نەمدەزانی شەو چییەو ڕۆژ چییە، خەریك بوو شێت دەبووم، لەهەر دەرگایەکم دەدا، ئەمە عەشق بوو؟ ئەگەر نەبوو ئەی چی بوو؟ دەیگوت: ((مەحبوبە، بەجێم مەهێڵە، لەلام دانیشەو قسەم بۆ بکە، قژەکانت پەرێشان بکە کە تەمەنێك پەرێشانی کردبووم، جلی نوێ لەبەربکە تا چاوم بە دیتنت روون بێتەوە، با تێر بەدڵی خۆم سەیرت بکەم،

Scanned by CamScanner

((حەزدەکەم بەڵام ناکری، چارە چییە! خۆ لەدەستی خۆمدا نیە؟ خۆشم بڕوا ناکەم، نامەوێ قبووڵی بکەم)).

مێردەکەی خوجەستە بەردەوام دەهات بۆ سەردانی، دادەنیشت و سەبارەت بە هەموو شتێ قسەی دەکرد، مەنسور هێشتا خۆش مەشرەب بوو، تا کاتێ کە نێشی نەبوو، هەر ئەو مەنسورە بە لەحنێکی نیوە شۆخی و نیوە جددی وتی: ((ئاغا دکتور، گەردنمان ئازاد بکەن، زۆر زەحمەتمان دان))و، بە پێکەنینێکی بێ هێزەوە زیادی کرد: ((لەنێمە رازی بێ هەتا ئاگری جەهەننەم ببێتە گوڵستان بۆمان)).

دکتۆریش بەنیگەرانییەوە پێکەنی و وتی: ((ئێوە إنشاءالله بەهەشتین ئاغا، بەهەشت بە تەواوی حۆرییەکانییەوە دەربەست هی تۆیە، یەکێك دەبێ لەبیری ئێمەدابێ)).

مەنسور منی نیشانداو وتی: وەڵا نازانم چ زۆرێکیان کردووە کە لەم بەهەشتە بمکێشنە دەرەوە:

یار لەگەڵ ئێمەیە چ پێویستییەکمان بە زۆر خوازییە
دەوڵەتی قسەوباس لەگەڵ ئەو مونیسی گیانە بۆ ئێمە بەسە

لەرزوو تای هەبوو، حاڵی باش نەبوو، ئازاری دەکێشا، لەئارەقدا خووسا، دەستی لەدەستمدا بوو بەقسەی فەیلەسوفانە دڵی دەدامەوە: وتم: ((مەنسور خودا دەزانێ کە چەندە پەشیمانم، بریا ئەو ڕۆژە تۆ منت بە لێدان دەبردو مارەت دەکردم)).

بەزەحمەت بزەیەکی گرت و وەڵامی دایەوە: ((مرۆڤ دەبێ زۆر بێ زەوق بێ ئەوجا لەتۆ بدات)).

دڵم پڕبوو لەخوێن، مەنسور بڕێك وەستاو وتی: ((نیگەرانی کوڕەکەمم مەحبوبە، من بمرم چی بەسەر دێ؟))

دڵم هاتە ژان بەڵام وتم: ((ئەی من چ کارەم؟ حیساب بۆ من ناکەی؟ مەگەر من لەجێگەی دایکی نیم؟ مەگەر تا ئێستا زەحمەتم پێوە نەکێشاوە؟ گەورەم

نەکردووە؟ مەگەر کەموکورتییەکم لەبەرامبەریدا نواندووە؟ وا بیرنەکەیتەوە تەنیا لەبەر تۆ بووە، خۆیشم خۆشم دەوێ، کاتێ لەلام دادەنیشێ، دەڵێی کوڕی خۆمە، سەعاتێک درەنگ بێتەوە شێت دەبم))

((دەزانم مەحبوبە، بەڵام تۆ هێشتا گەنجی، دەبێ مێرد بکەیتەوە، منیش دژایەتییەکم نییە، گەرچی بەخیلیم....))

قسەکەم پێ بڕی، لەجێگەکەم هەستامو قورئانەکەم لەسەر تاقەکە هەڵگرت، لەلای دانیشتمو پرسیم: ((مەنسور تۆ بڕوات بە قورئان هەیە؟))

((ئەی چۆن؟))

((دەی ئابەم قورئانە قسەم دەخۆم کە من دوای تۆ هیچ کات شوونەکەمەوە، خەیاڵت ڕەحەت بێ، وە هەر بەم قورئانە قسەم وەک دایکێك دەبم لەگەڵ کوڕەکەت، هەم لەبەر تۆو هەم لەبەر دڵی خۆیشم، شوکری خوا بکە کە من منداڵم نەبوو، ڕازیبە کە کوڕەکەت هی من بێ، خوا ئەوی لەجیاتی کوڕەکەی خۆم بە من داوە)).

ئاخێکی بەحەسرەتەوە هەڵکێشاو چاوەکانی لێکنا، لاواز بوبو، وتی: ((خوا دەزانێ کە چەندە ئاواتم بوو کە ئەم کوڕە لەتۆ بوایە، هەموویان لەتۆ بوونایە)).

وتم: ((سزای من هەر ئەمەیە، بەڵام من بە پێچەوانەوە منداڵەکانی تۆم دزی))و، پێکەنیم.

پێکەنی: ((خوا بتگرێ مەحبوبە)).

((گرتومی ئیتر گرتومی، لەوەزیاتر چۆن بمگرێ؟))

داهاتمەوەو ناوچاوان و لێوە ئاگرینەکانیم ماچ کرد.

وتیان بۆ سەلامەتی خێرو خێرات بکەن، هەر شتێ کە لەلات ئازیزە بیفرۆشەو پارەکەی بدە بە چەند کەسێکی هەژارو دەست کورت. ڕۆیشتم سینەبەندە ئەشرەفییەکەی کە خۆی بەدیاری پێی دابووم بیهێنم بیفرۆشم، هەموو وتیان حەیفە، ئەمە مەفرۆشە، بڕۆ بزانە چەند دەکات، بەقەد پارەکەی یارمەتی هەژارو نەدار بدە.

Scanned by CamScanner

وتم لەخۆی حەیفتر نییە، فرۆشتمو پارەکەییم کردە سەدەقەی سەری، فایدەی نەبوو، هەرچییەکم کرد ناکامی نەبوو، دەستی لەدەستی مندا بوو، هەر سەیری منی دەکرد، لەگیان کێشاندا هەر بانگی منی دەکرد هەتا مرد، تەنیا بووم، کوتوپڕ پشتو پەناکەمم لەدەست چوو، تازە دەمزانی مانای بێ کەسی چییەو هەوڵم دەدا کە نەهێڵم کوڕە تازە لاوەکەی ئەو هەستەی هەبێ، بە دڵسۆزییەوە بۆ دوایین منداڵی پیاوێک کە ژیانی منی دیسانەوە بینا کردەوە دایکایەتیم دەکرد، دڵم بەمردنی ئەو ئاگری گرتبوو، پێش ئەوەی بکوڵێم، برژام، سووتام، مەنسور هەموو کەسم بوو، کەسێك بوو کە بە ئومێدی ئەو رۆژم دەست پێدەکردو شەوانە دەخەوتم، بە ئومێدی ئەو هەناسەم هەڵدەکێشاو دەژیام، ئەو هۆگرییەی کە بۆ ئەو پەیدام کردبوو وردە وردە لەدەڵمدا ریشەی داکوتا بوو ئێستا هەڵکێشانی و فڕێدانی ئەو ڕیشەیە لەگەڵ مردنم یەکێك بوو.

ئەگەرچی مەنوچێهرو ناهید هەرگیز نەیاندەهێشت بە تەنیا بمێنمەوەو بە تەنیا بژیم، بەڵام هەمیشە جێگای ئەو لەدڵمدا چۆڵ بوو، هێشتا تارەکەی لەسوچێکی ژوورەکەمدا هەڵواسراوەو شەوانە سەیری دەکەم، کاتێك دەکەومەوە بیری رابردوو، سەیری ئەو تارە دەکەم، هەر دەڵێی بە دەستییەوەیەتیو ئارام ئارام تار لێدەدا.

پێدەکەنێو دەڵێ خوا بتگرێ مەحبوبە، سەیرکردنی میهرەبانییەو سوکنایی دڵ دەداتەوە، بیرکردنەوە لەبیرەوەرییەکانی ئارامیم پێ دەدات.

پووریێ گیان بێدەنگ بوو، شەو داهات، چراکانی حەوشە بەهۆی سەرمای زستانەوە ڕووناکییەکی تەمومژاویان بڵاو دەکردەوە، هیچ کامیان لەبیری هەڵکردنی چراکە نەبوون، هیچ کامیان خوازیاری رووناکایی زۆر نەبوون، پووریێ گیان فرمێسکەکانی سڕیو، سودابەش فرمێسکەکانی خۆی پاك کردەوەو داهاتەوەو پشتە دەستی پووریێ گیانی ماچ کرد، ئەم دەستە پیرو چرچو لۆچە کە بە مستیلەیەکی یاقیقی جوان ڕازاندبوویەوە، ئەم دەستە بچکۆلانانە کە سەردەمانێك ماچ کردنی ئاواتی گەنجان بووە.

پووریّ گیان وتی: ((رۆژگاریّك وابیرم دەكردەوە كە هیٚشتا دوعاكەی باوكم گیرا نەبووە. ئەوەی كە دوعای كرد ببیە عیبرەت بۆ خەڵك. ئەمشەو تێگەیشتم كە هەڵەم كردووە. من بووم بە عیبرەتی خەڵك سودابە. عیبرەت بۆ تۆ كە ئازیزی دڵمی. لەخۆم دەچی. هەر دەڵێی خودی منی. حەز دەكەم زۆر ئاگات لەخۆت بێ سودابە گیان. حەزدەكەم بزانی كە: "شەوێك شەراب بخۆیتەوە چ بایەخێكی هەیە. كە بەیانییەكەی خوماربی")).

پووریّ گیان بێدەنگ بوو كەوتە بیركردنەوە. كوتوپڕ كەوتە بیری قاچ ئێشەكەی و ناڵاندی: ((مردم بەدەست ئەم ژانەوە)). دواتر سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی: ((خوایە بەسە ئیتر. خوایە با نەبمە سەد ساڵ. بمبەرەوە بۆ لای خۆت)).

دەرگای سندووقەكەی داخستو كلیلەكەی كردەوە ملی.

دەرگای كۆڵانەكە كرایەوەو سەیارەكەی مەنوچێهر هاتە ژووریّ. لەگەڵ كوڕو كچە لاوەكەی لە "ئیسكی" دەگەڕانەوە. پووریّ گیان لەجێگەكەی هەستا تا پێش ئەوەی كە منداڵەكان بە خۆشحاڵییەوە بێنە ژوورەوەو. چاویان بە فرمێسكەكانی بكەویّو. نارەحەت بن. پێش ئەوەی مەنوچێهر كە ڕیشی هاتبووەوەو. تاڵە سپی تێكەوتبوو و. رووخساری شەریفو میهرەبانتر كردبوو و. كەسایەتییەكی زۆرتری پیّ بەخشیبوو. بێتە ژوورەوەو لەخەمی خوشكەكەی كە وەك دایك سەیری دەكرد نارەحەت بیّ. بە گۆچانەكەی بچێتە ژوورەكەی خۆیەوە.

سودابەوتی: ((بەڵام ئەوەی من جیاوازی هەیە. پووریّ گیان. ئەمن كچی پازدە ساڵەمو نە ئەو....))

باقی قسەكەی خۆی خواردەوە. پووریّ گیان هەر بەو جۆرە كە ڕاوەستا بوو زەردەیەكی میهرەبانی كردو باقی قسەكەی تەواوكرد: ((بەڵیّ نە تۆ كچێكی بازدە ساڵەیتو نە ئەو شاگرد دارتاش. بەڵام جیهانی ئێوەش بەجۆرێكی تر جیاوازی هەیە. ئەگەر وابیّ. ئەگەر دوو كەس لەگەڵ یەكتری نەیەنەوە. بە هەر جۆرو شێوازێك بێت. ئەوە دەتوانیّ ژیان ناخۆش بكات. رۆژڕەشی خۆ جۆرێك نیە سودابە. شێوازی جۆراوجۆری هەیە)).

Scanned by CamScanner

پووریَ گیان کەوتەرِیَ، سودابە کەوتبووە ناو بیرکردنەوەو، هەوڵی دەدا بڕیاربدا بەڵام کارێکی ئاسان نەبوو، شەرابی شەوانەی دەخواستو لەخوماریی کازیوە دەترسا، لەوانەیە ئەمە سروشت بووبێ کە رۆیشتووە بۆنەوەی تێپەرِی، ئایا مێژوو جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە؟!!

پووریَ گیان دەڕۆیشتو سودابە بەحیرەتو تەحسینی ئەو بەژنە کۆمارەیەوەی سەیری دەکرد، بەزەحمەت دەیتوانی ئەو گەنجە، بەژن رێکە، بەجلی رازاوەو قژی پڕو پەرێشان، بەدڵی شەیداو هەڵس‌وکەوتی شەیدایانە بێنێتە پێش چاوی خۆی، بە هەموو ئەمانەوە بەهۆی ئەوەی کە لەپووری دەچوو و، چوبووەوە سەر ئەو شانازی دەکرد، هەستی دەکرد کە ئەم ژنە پیرو دڵشکاوە کە باسی خەمی رۆژگار دەکات دەپەرستیَو لەناخی دڵەوە خۆشی دەویَ، گەنجینەیەك لەئەزموونەکان بوو کە دەڕۆیشتو سودابە نەیدەزانی کە پووریَ گیان زستانی ساڵی داهاتوو نابینیَ.

## کۆتایی

## نیسفەهان- بەهاری-٧٣

kaziwei xumar

N:Peruin




لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
07701574293

نرخ (6000) دینار

Scanned by CamScanner